# تیرۆری ئابووری

**هۆشمەند رەفیق**

**2020، هەولێر**

❖ ناوی کتێب: تیرۆری ئابووری
❖ نووسەر: هۆشمەند ڕەفیق ئیبراهیم
❖ نەخشسازی بەرگ: د.ئەکرەم فەرەیدون
❖ نەخشەسازی ناوەوە : ئاسۆ حسن احمد
❖ چاپی یەکەم: 2020
❖ تیراژ: 1000 دانە
❖ نرخ:(5000) پێنج هەزار دینار
❖ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(344) ساڵی 2020ی پێدراوە.

# ناوەڕۆک


پێشەکی........................................................................................ 7
کشتوکاڵ شاڕێگەی داهاتی نەتەوەییە................................................ 9
گرنگی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.................................. 22
بێڕێزی بەرامبەر بەرهەمی خۆماڵی.................................................... 26
پشتبەستن بە کەرەستەی خاوی خۆماڵی و خۆبژێویی.......................... 29
لە هەرێمێکی بەکاربەرەوە بەرەو وڵاتێکی بەرهەمهێن.......................... 32
دەزگای چاودێریکردنی بەرهەمە خۆماڵی و بیانییەکان........................ 36
با چاو لە خەڵکی ئەرجەنتین بکەین...................................................... 40
چۆن ژێرخانێکی ئابووری بەهێز دروست بکەین؟ .................................. 42
پرۆسەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان......................................... 50
هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی..................................... 64
سیستمی سەرمایەداری بە پێی قۆناغبەندییەکانی مێژوو........................ 81
وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی......................................................... 88
توندوتیژی ئابووری دژ بە خانمان...................................................... 91
سەربەخۆبوونی ئافرەت لەرووی ئابوورییەوە....................................... 97
رۆڵی ئافرەت لە کایە ئابوورییەکاندا.................................................. 100
تیرۆری ئابووری سەرچاوەی تیرۆری جیهانە....................................... 102
کاریگەری میدیای ئابووری لەسەر هاوڵاتیان........................................ 111
رۆڵی میدیای ئابووری لە هاندانی هاوردەکردنی خواردەمەنی.......... 115
هەژانی خۆڕسک لە بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی دارایی کوردستان.. 135
چاکسازی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان......................................... 140
چاکسازی لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو........................................... 142
کەرتی تایبەت و دەربازبوون لە قەیرانی بێمووچەیی............................ 145
قەیرانەکان و رەنگدانەوەی لەسەر چالاکییە ئابوورییەکان................... 150

دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردن و ............................................ 154
نرخی زەوی لە کوردستان لە وڵاتانی ئەوروپا بەرزترە!................. 159
نرخی زەوی لە هەڵکشاندایە.................................................................. 164
شەڕی ئەنتی گەندەڵی و دەستەی دەستپاکی کوردستان.................. 167
بەرنامەی تواناسازی و پێدانی قەرزی خوێندن................................. 170
بانکەکانی قەرز پێدان و پەرەسەندنی ئابووری کورستان................ 174
قەرزی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدانی کوردستان................................. 176
قەرزی خوێندن لە کارنامەی کاندیدانی پەرلەمان تێری..................... 184
رکابەری کۆمپانیاکان لە نێوان نرخ و کوالیتیدا.................................. 186
رەهەندی ئابووری مارکێتە مۆدێرنەکان............................................ 189
دیاردەی هەڵاوسان و لێکەوتە ئابوورییەکانی لەسەر کۆمەڵگە.......... 194
کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵاوسان لە بازاڕدا............................. 217
ئابووری کوردستان لەنێوان گەشەکردن و هەڵاوسانی بازاڕدا......... 220
بازاڕی کوردستان لە نێوان هەڵاوسان و قۆرخکارییدا........................ 223
دووالیزمیەتی ویژدانی بازرگانەکانی کوردستان............................... 229
بازرگانیکردن بە کڕیار..................................................................... 233
بزنسی مۆدێرن.................................................................................. 236
رەهەندی بزنس لە کوردستان........................................................... 241
بەرپرسیارێتی بەکاربەر لە کڕینی کاڵای ماوە بەسەرچوو............. 243
هەڵکشانی نرخ لە مانگی رەمەزاندا.................................................... 246
پارەی زەکات بۆچی بەکاربهێنرێت؟.................................................... 248
پەراوێزخستنی بەکاربەر لە پڕۆسەی بەرهەمهێناندا......................... 252
سیاسەتی کەمکردنەوەی نرخ............................................................. 256
سکهەڵگووشین.................................................................................. 261
هەڵبەزو دابەزی بەهای دۆلارو کاریگەری لەسەر بازاڕ...................... 263
رەفتاری فرۆشیار لە بازاڕدا............................................................... 267
کاراکتەری رێکلامە بازرگانییەکان...................................................... 270

پاشەکەوتکردنی زێڕ........................................................................ 273
کڕین و فرۆشتنی ئۆنلاین.................................................................. 275
رکابەریکردنی کاڵای بیانی................................................................. 279
کاڵای بەرخۆر................................................................................... 281
کاڵای فرۆشراو وەرناگیرێتەوە!............................................................ 285
داشکاندنی نرخی کاڵا لە مۆڵەکان.......................................................... 287
ئابووری خەڵک لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا.......................................... 290
بەرزبوونەوەی داهات و لێکترازانی شیرازەی خێزان.................................. 293
داهاتی تاک و هەڵکشانی خواستی بەکاربەر............................................. 297
کاڵا مەرگهێنەرەکان و بەفیڕۆدانی داهاتی نەتەوەیی................................. 301
بەفیڕۆدانی داهاتی نەتەوەیی لە رێگەی تیرۆری سپییەوە.............................. 306
لە خواردنگەکان سامانی نەتەوەیی بەفیڕۆ دەڕوات..................................... 311
پاشەگەردانی کەرتی گواستنەوەی کوردستان............................................. 313
کەرتی تایبەت..................................................................................... 318
لەمپەرەکانی بەردەم گەشەکردنی کەرتی تایبەت لە کوردستان....... 320
زانکۆو کەرتی تایبەت.......................................................................... 331
کارگە بازرگانییە بەرهەمهێنەکان........................................................... 334
سێکتەری گەشتیاری وەک سەرچاوەی داهاتی نەتەوەیی................................ 336
مۆدێلێکی نوێی گەشتیاری.................................................................... 341
گەشتیکردنیش بووە بە قیست................................................................ 344
بازاڕی دراوی کاغەزی دارایی............................................................... 346
خەرجی بانگەشەی کاندیدەکان.............................................................. 351
نەخشەڕێگەیەک بۆ کەڵک وەرگرتن لە سەرمایەی مرۆیی............................... 357
کارگە حکومییەکان و کەمبوونەوەی رێژەی بێکاری....................................... 378
لێکەوتەکانی بێکاری داپۆشراو لەسەر کەسێتی بەرهەمهێن............................ 386
زمان و بەدەستهێنانی دەرفەتی کار........................................................ 390
گەڕان بە دوای وزەی جێگرەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا................................ 393

کاریگەرییەکانی نەوت لەسەر ئابووری کوردستان............................. 398
داهاتی نەوتی عێراق و بەکارهێنانی لە خزمەتی سەربازیدا............... 423
ئابووری مەعریفی لە پۆست کۆرۆنادا.................................................. 430

## پێشەکی

لە کاتی کەرەنتینەکردنمان لەسەردەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهان و هەرێمی کوردستان، بە دەرفەتمزانی کۆی ئەو وتارە ئابووریانەی لە ئەرشیفی خۆمدا هەڵمگرتبوون کاری لەسەر بکەم، ئەم کتێبە کۆکراوەی پوختەی بەشێکی وتارەکانمە لە بواری ئابووری کە بۆ ساڵانی 2003 ئەو کاتانەی قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی ئابووری لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر بووم تا دەگاتە سەرەتای ساڵی 2020، ئەو وتارانە لە دوو توێی ئەو کتێبەدا کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان بڵاوکراونەتەوە، زێتر تیشک دەخەنە سەر دیاردە ئابوورییەکانی کۆمەڵگاو فەلسەفەو سیاسەتی ئابووری حکومەت و نا هۆشیاری تاک لە بارەی ئابووریدا، هەروەها بە دیوێکی دیکە دەکرێت بڵێن قسە لەسەر هۆکاری سەرهەڵدان و نەخشەرێگەی چارەسەری قەیران و دیاردە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان کراوەو رەخنە لە ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی دەگیرێت و لەسەرووی هەموو ئەوانەشدا رەخنەکان ئاڕاستەی تاک لە کۆمەڵگا دەکرێت تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بە خۆداچوونەوەی گشتی بکرێت بۆ ئەوەی ئابووریەکی بەهێز بێتەکایەوە، لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژوو ئابووری کوردستان تیرۆر دەکرێت، ناشکرێ و ناشێ ئێمەش خۆمان بە دەستی خۆمان جارێکی دیکە تیرۆری ئابووری خۆمان بکەین. هیواداریین وەک چۆن ئێستا کەرتە ئابوورییەکان بوونەتە جێگەی مشتومڕی

ناوەندی بڕیار، ئاواش بە کردار ئەو خەونانەی هەمان بووە لە نوسینەکاندا بێتەدی و ریفۆرم لە هەموو ئاستەکان بکرێت، بە جۆرێک ئەوەی چۆن لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا حکومەت و کەرتی تایبەت و هاوڵاتی و دامەزراوە میدیاییەکانی کوردستان بە یەک تیم بەرەنگاری ئەو ڤایرۆسە بوونەوە، ئاوهاش هەڵمەتێکی هەمەلانە بۆ بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و بایەخدان بە کەرتە ئابوورییەکان بکەن، لە هەمان کاتدا پێویستە لەسەر خەڵک وەک چۆن گوێڕایەڵی ڕێنماییە تەندروستییەکانی پزیشکان دەبوون، ئاوهاش ڕێنماییەکانی ئابووریناسان جێبەجێبکەن،چونکە ڕێنمایی پزیشک تەنها سوودی بۆ یەک کەس هەیە و هەڵەکەشی یەک کەس دەکوژێت، بەڵام کێشەی ئابووری کاتێک سەرهەڵدەدات ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە یا بە هەڵە پلانی چارەسەری پەیڕەو بکرێت، ئەوا کۆمەڵگایەک دەکوژێت. بۆیە بەسەرهەڵدانی دیاردەی قەیرانی دارایی کە دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی دیاردەی بێکاری و هەژاری و تەنانەت هەڵاوسان و داکشانەوەش، دواتر دیاردەی دیکەی کۆمەڵایەتی قێزەوەنی لێدەکەوێتەوە، بۆیە شوێنەواری قەیرانی دارایی کاریگەری زۆر زیاتری هەیە لەسەر کۆمەڵگەو ڕێژەی مردن فرەترە بە بەراورد بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا.بە ئومێدی ئەوەی، ئەو کتێبە کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردستان لە بواری ئابووری پڕ بکاتەوە، کە تا ئێستا کتێبخانەی کوردستان لەو پسپۆڕییە هەژارە.

**هۆشمەند ڕەفیق**

21**ی ئاداری** 2020

## کشتوکاڵ شاڕێگەی داهاتی نەتەوەییە

بەهۆی شیاوی زەوییە بەپیتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ کشتوکاڵ، تاکە رێگە ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ بە کەرتی نەوتی سەر زەوی (کشتوکاڵ) بدات، چالاککردن و بەگەڕخستن و پاڵپشتیکردنی ئەم کەرتە هۆکارێکی گرینگە بۆ بەرزکردنەوەی سەرجەمی داهاتی نەتەوەیی و بە هێزکردنی ئابووری خۆماڵی، لەبەرئەوەی نرخی نەوت لە بازاڕی وزەی جیهانی رۆژانە لە هەڵبەزو دابەزدایەو جێگەی ئەوە نییە ئابووری هەرێمی کوردستان پشتی پێ بەستێت، نەمازە ئابووری نەتەوەیەک کە هێشتا نەبۆتە دەوڵەتی سەربەخۆو لە هەموو لایەک بە مینی کەرەستە و کالاَی ماوەبەسەرچوو دەورە دراوەو ژێرخانێکی لەرزۆکی هەیە، بۆیە ناکرێت بۆ هەمیشە ئابوورییەکی بەرخۆری هەبێت و بودجەی سالآنە بە رێژەی فرە پشت بە فرۆشی نەوت ببەستێت، ئەمە جگە لەوەی دەبێت زانکۆکانی کوردستان گرنگی زۆر بە بابەتی ئابووری کشتوکاڵی بدەن، تەنانەت زانکۆی تایبەت بە زانستە کشتوکاڵییەکان و بەشی زانستی تایبەت بە ئابووری کشتوکاڵی بکرێتەوەو، نەخشەرێگەی دوورمەودای هەبێت و، هاوئاهەنگ لەگەڵ کەرتی تایبەت کاری لەسەر بکرێت.

کشتوکاڵ زانستە یان هونەرێکە بۆ چاندنی زەوی، واتە بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و سەوزەو میوە...هتد. لەگەڵ پەروەردەکردنی ئاژەڵ و پەلەوەرو سامانی ماسی و گیانەوەرەئاوییەکان ...هتد، لە کێڵگەیەکی دیاریکراودا.

کشتوکاڵیش وەک هەر زانستێکی دیکە پشت بە کۆمەڵێک بنەمای زانستەکانی دیکە دەبەستێت، وەکو بایلۆجی و کیمیاو رووەک و ئاژەڵ و ئەندازەو ئامارو ئابووری... هتد. هەروەها لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت (رووەکی، ئاژەڵی، ماسی).

ئابووریی کشتوکاڵی پەیوەندی بەتینی لەگەڵ ئابووری گشتی هەیە، هەمان ئامانجی ئابووری گشتی هەیە، واتە لە بنەڕەتدا ئابووری کشتوکاڵی بە پلە یەک ئامانجی زانینی چالاکی خاوەن پیشە کشتوکاڵییەکان و خۆشگوزەرانییانە، لەهەمان کاتدا هەوڵ دەدات چارەسەر بۆ کێشە کشتوکاڵییەکان بدۆزێتەوە. گرنگی کشتوکاڵ لەوەدایە سەرچاوەی سەرەکی خواردنی مرۆڤە، هەروەها نیوەی هێزی کار لەسەر ئاستی جیهان لەم کەرتەدا کار دەکەن، بەڵام گرنگییەکەی دوو لایەنی هەیە:

- ئابووری: کەرەستەی خاوە بۆ پیشەسازی، سەرچاوەی دراوی قورس (دراوی بیانی)، ئابووری تەواوکاری دروست دەکات کە پێداویستییە ناوخۆییەکانی بازاڕ پڕ دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵ بە ساڵ ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی زیاد دەبێت و لەسەرووی هەشت ملیارەوە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانی پێداویستییە خۆراکییەکان هەموو دانیشتوان پڕ بکاتەوە.
- کۆمەڵایەتی: ئاستی گوزەرانی خەڵک باش دەکات و دەبێتە هۆی پاراستنی دابەشکردنی دانیشتوان. کەواتە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی خەڵک و ئابوورییەوە هەیە.

ئابووری هەرێمی کوردستان پاشکۆی ئابووری عێراقی عەرەبی و وڵاتانی دەوروبەرو بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵاو کەرەستەی ماوەبەسەرچوو و توشبوو بە "نەخۆشی هۆڵەندی"یە، بەهۆی

پشتبەستنی 90% بە داهاتی نەوت، کەچی هێشتا هەندێک کەس باس لەوە دەکەن کوردستان بەهۆی فرۆشتنی راستەوخۆی بەرهەمی نەوت و غاز، حکومەت بەرەو ئابووری سەربەخۆ دەبات، لەکاتێکدا بێئاگان لەوەی ئەمە داهاتی سەربەخۆیە لە رێگەی فرۆشی سامانە سروشتییەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ عێراق، **بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە ئەی ئەگەر نەوت نەما چی بکەین؟! ئەگەر تاکە سەرچاوەی داهات وشک بوو چی**؟ باشە ئەی ئەگەر نرخی لە بازار لە ئەندازە بەدەر دابەزی چی؟

هەرچەندە سیاسەتی فرۆشی نەوت بە رێگەی راستەوخۆ دروستە و هەمووان پشتگیری دەکەین، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو رێگەیەوە دوو ئامانجی پێکاوە: بەرهەمی ناوخۆیی خۆمان نەکەوێتە دەست دوژمنانمان تا لە دژمان بەکاریبهێنن، هەروەها سەرنجراکێشانی ولاتانی زلهێز بۆ لای خۆی بەمەبەستی پشتگیریکردن لە دۆزەکەمان و، بەکارهێنانی کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانی بواری وزە تا بەرژەوەندییەکانیان لە کوردستان بپارێزن و گەلی کوردیش لە مەترسییەکان بپارێزن، بەڵام مانای ئەوە نییە حکومەت تەنها بیر لە یەک سەرچاوەی داهات بکاتەوە، بەڵکو سەرباری ئەوە دەبێت کەڵک لە ئەزموونی وڵاتانی خاوەن نەوتی وەربگرێت، لە سەروویانەوە هۆڵەنداو وڵاتانی کەنداوی عەرەبی.

ئێستا هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق کاریگەری و شوێنەواری دەوڵەتی رەیعی (Retrieval states) بەسەریەوەیە، بەشێوەیەک خەرجییەکانی قەبارەیەکی گەورەیە لەبەرامبەر وەبەرهێنان و پشتیش بەسەرچاوەی دیکەی داهات

وەک کشـــتوکاڵ و پیشەســـازی و بـــاج و گەشـــتیاری...هتد نابەستێت، دامودەزگاکانی بەرهەمی ناوخۆیی لاوازەو نزیکە لە سفرە، ڕێژەی هەناردەکردنی هێندە لاوازە شیاوی باس نییە و هەنـــاردەکردنی بە ڕێـــژەی 90% فرۆشـــی نەوتە و پشـــت بە هەناردەکردنی نەوت دەبەستێت بۆ داهات و خەرجیەکانی، کە هەندێکیان قەرزی دەرەکی و ئەوەی دیکەی قەرزی ناوخۆییە و تاکی کۆمەڵگە بەشداری لاوازە لە داهاتی نەتەوەیی.

ئەمەش وایکـــــردووە ئەگەر کوردســـــتان هەنگـــــاو بەرەو سەربەخۆیی بنێت زۆرتر نزیک دەبێتەوە لە دەوڵەتێکی ڕەیعی و فەلسـەفەی ئابوورییەکەشـی هەر ڕەیعـی دەبێـت، بـۆیە دەبێـت هەرچی زووە فەلسەفە ئابوورییەکەی خۆی لە عێراقی عەرەبی جیا بکاتەوەو سیاسەتێکی دیکە و نەخشەڕێگایەکی ستراتیژی و سیستمێکی کارگێڕی هاوچەرخی ئابووری پەیڕەو بکات، چونکە دەوڵەت بە قەرز بەڕێوە ناچێت، کاتێک بەهای بەرمیلی نەوت دابەزێت بچێت قەرزی دەرەکی بکات و یەدەگی دراو دەربهێنێت لە بانکی ناوەندی، بۆ نموونە عێراق بە درێژایی مێژوو لە جەنگ بووە، لە ساڵی 1980 بەدواوە 42 ملیار دۆلار قەرزار بووە، لە ســاڵی 1992 بـۆ 140 ملیـار دۆلار بەرز بـۆتەوە، ئێســتا 120 ملیـــــار دۆلار قەرزارە، ئەمە جـــــگە لە 200 ملیـــــار دۆلاری قەرەبووی کۆیت کە ساڵانە لە بودجە بە ڕێژەی 5% دەبێت بیداتەوە، بۆیە قەبارەی قەرزەکانی عێراق هێندە زۆرە بوونەتە ئاستەنگ لە بەردەم گەشەی ئابووری. هەرێمی کوردستانیش لە عێراق باشتر نییە و قەرزی ناوخۆو دەرەکی لەسەرە، بەهۆی ئەوەی بەرهەمـی نـاوخۆیی لە ئاسـتێکی زۆر لاوازەو نـزیکە لە

سفر، ڕێژەی ئاستی هەڵاوسان ساڵانە بەرز دەبێتەوەو، ڕێژەی بێکاری زیاد دەبێت، کەرتی تایبەت ڕۆڵی زۆر لاوازە یان لە ئاستێکی زۆر نزمە لە چالاکییە ئابوورییەکان و گەشەپێدانی ئابووری کوردستان، چونکە لە ناوخۆ حکومەت بەهۆی بازاڕی ئازاد ناتوانێت دەستوەربداتە بازاڕو بڕیاری لەسەر بدات، بەهۆی ئەوەی تێچووی کاڵاکان کە لە دەرەوە هاوردە دەکرێن لە دەسەڵاتی حکومەت نییە کە بڕیاری پێویستی لەبارەوە بدات، ئەوەتا وڵاتانی وەک دانیمارک و سویسراو ئوسترالیا لە داهاتی نەتەوەییدا پشت بە بەرهەمی کشتوکاڵی دەبەستن. وڵاتانی نیمچە ڕەیعیش کە 15% تا 30% پشت بە سەرچاوەی داهاتی دەرەکی دەبەستن، وەک لوبنان، سوریا، میسر، یەمەن ...هتد، لە کوردستان هەموو شتێکمان هەیە بۆ چاو لە وڵاتانی بەرهەمێن نەکەین، ئەوەتا ئیسرائیل جگە لە گەنم و برنج، 95%ی پێداویستییە خۆراکییەکانی لەناوخۆدا بەرهەم دەهێنێت، لەکاتێکدا ڕووبەرەکەی هێندەی پارێزگای سلێمانی نییە و زیاتر لە 8 ملیۆن کەسی تێدا دەژیت، نیوەی خاکەکەی بیابانە و تەنها 20%ی شیاوی کشتوکاڵکردنەو، ڕێژەی ئاوی لە کوردستان کەمترە. خاکی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستانیش زۆر لەوە زیاتر شیاوی وەبەرهێنانە لە کەرتی کشتوکاڵ.

پێش 150 ساڵ وڵاتانی کەنەدا، ئوستراليا، نیوزلەندا بوونیان نەبوو کەچی ئێستا لە ریزی وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانن، ژاپۆن زەوییەکەی سنووردارەو، 80% چیاییە و بە کەڵکی کشتوکاڵ و لەوەڕگا نایەت، کەچی دووەم گەورە وڵاتی دەوڵەمەندو بە هێزی ئابووری جیهانە.

سەرباری ئەوەی کوردستان زەوی کشتوکاڵی بە پیتی هەیە و لانکەی مێژووە لە کشتوکاڵدا، بەڵام ساڵانە بە بەهای 20 ملیار دۆلار کاڵاو کەرەستە هاورده دەکات لە دەرەوە، لە ساڵانی 2006-2014 داهاتی نەوتی عێراق 551 ملیارو 800 ملیۆن دۆلار بووە، کەچی ساڵانە 51% داهاتی نەتەوەیی دەچێتە دەرەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکان.

پێویستە هەرێمی کوردستان چاو لە وڵاتانی بەرهەمهێن یان هیچ نەبێت نیمچە رەیعی بکات بۆ بەدەستهێنانی داهاتی نەتەوەیی، بە جۆرێک سەرمایەی ناوخۆیی بخاتەگەڕو سەرمایەی بیانی رابکێشێت و ئەو سەرمایەی ئێستا لە لایەن سەرمایەدارانی ناوخۆی لە دەرەوە خراوەتەگەڕ یان لە بانکە جیهانییەکان ساڵانە سووی دەچێتە سەر و، ئەو پارەیە مردووە بۆ کوردستان بگەڕێنرێتەوە باشترە تا لە کەرتی کشتوکاڵدا وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، بە جۆرێک هەموو کەرتە ئابوورییەکان لەسەرروویانەوە کەرتە ئابوورییە گەورەکانی وەک کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی بەشداری بکەن لە داهاتی نەتەوەیی هاوشێوەی وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان کە هەناردەی کاڵاکانیان رێژەی زۆر لە بازرگانی دەرەکی پێکهێناوە. لە کوردستانیش دەبێت بە زەمینەسازی و هاندانی حکومەت بۆ کەرتی تایبەت لە ماوەیەکی نزیکدا بەپێی نەخشەڕێگەیەکی زوڵاڵ و یاسای هەموارکراوی وەبەرهێنان، کەرتی کشتوکاڵ بکرێتە سەرچاوەی یەکەمی داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستان تا بەرهەمی ناوخۆیی بپارێزێت رکابەری بەرهەمی بیانی بە یاساو بە کردار بکات.

کەرتی کشتوکاڵ ڕۆڵی کارا دەبینێت لە گەشەپێدانی ئابووری، بەشێوەیەک دەبێتە هۆی سەرچاوەی کاڵای خۆراکی و وڵات لە مەترسی ئاسایشی خۆراک دوور دەخاتەوەو، کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و قەیرانە داراییەکان کەم دەکاتەوەو، ڕێگری دەکات لە دەستتێوەردانی دەرەکی و ساخکردنەوەی بازاڕی ناوخۆیی بە بەرهەمی بیانی. هەروەها دەبێتە سەرچاوەی دەستی کرێکار بۆ کەرتەکانی دیکە، بەجۆرێک بەرهەمە خاوەکان دەبنە کەرەستە بۆ کەرتی پیشەسازی و بازرگانی و دواتر ئەو دوو کەرتە کار دەکات و وادەکات ڕێژەی بێکاری کەم بێتەوە بە هۆی کارکردنی کرێکار لە کەرتە ئابوورییەکانی دیکەی پەیوەست بە کەرتی کشتوکاڵ، بەهۆی ئەوەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان دەبنە کەرەستەی خاو بۆ پیشەسازییە خۆراکییەکان، هەروەها کشتوکاڵ هاوبەشی لە داهاتی نەتەوەیی دەکات و بە جۆرێک لە ئابووری بەرخۆری پشتبەستوو بە نەوتی ژێر زەوی، پشت بە نەوتی سەرزەوی ببەستێت، کە بۆ هەمیشە لە بن نەهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بازرگانی دەرەکی وا دەکات تەرازووی بازرگانی لە لاسەنگی بپارێزێ بەهۆی هەناردەکردنەوە.

چالاکی کشتوکاڵی بە هەر سێ لقە سەرەکییەکەی (ڕووەکی، ئاژەڵی، ماسی و گیانەوەرە ئاوییەکان) بە یەکێک لە چالاکییە سەرەکییەکانی ئابووری دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان، هەرچی هەرێمی کوردستانە بە لانکەی سەرهەڵدانی چالاکی کشتوکاڵی دادەنرێت باشترین نموونەش گوندی (چەرمۆ)ی سەر بە

پارێزگـای کەرکـوکە. لەو روانـگەیەوە دەردەکەوێـت کە خـاک و ئاوو هەوای کوردستان لەبارە بۆ چالاکی کشتوکاڵی.

لەو رووەوە کە کەرتــی تــایبەت رۆڵــی کــارا دەگێڕێــت لە پێشخستنی وڵات لە هەموو بوارەکانداو بە بزوێنەری سەرەکی چالاکییە ئابوورییەکان دادەنرێت، دەبێت لە کەرتی کشتوکاڵیش رۆڵی خۆی بگێڕێت، پێویستە لە کەرتی تایبەتدا وەبەرهێنان لە کەرتــی کشــتوکاڵی بکرێـت. لەبەرئەوەی ئەو کەرتە ســتوونێکی سەرەکییە بۆ پەیداکردنی داهاتی نەتەوەیی و دابینکردنی خۆراک و سـەقامگیری ئاسایشـی نەتەوەیی، بە هەرسێ لقی بەرهەمـی ئــاژەڵی و بەرهەمــی رووەکــی و تەنــانەت بەرهەمــی ماســی و گیانەوەرە ئاوییەکان کە کاریگەری زۆری هەیە لە گەشـەپێدانی ئــابووری وڵات بە گشــتی و بەرزکــردنەوەی داهــاتی تــاک بەتایبەتی.

لە قەبـارەی بەرهەمـی بەرهەمەکـان روون دەبێـتەوە کە چەنـدە گـرنگە بـایەخ بە بەرهەمـی کشـتوکاڵی بـدەین بـۆئەوەی داهـاتی نەتەوەیی نەچێتە دەرەوە، بۆ نموونە لە سـاڵی 2013دا لەسـەر ئاسـتی عێـراق جگە لە هەرێمی کوردسـتان بـڕی بەرهەمهێنـانی گۆشـتی مریشـکی زینـدوو لە کەرتـی تـایبەت 120 هەزار تەن بووەو لە کەرتی حکومەت بڕی 20 هەزار تۆن بووە. لە سـاڵی 2013دا لەســەر ئاســتی عێـراق جـگە لە هەرێمــی کوردســتان داهاتی هێلکە لە کەرتی تایبەت نزیکەی 95 ملیۆن دینار بووە، لە کەرتی حکومەت سفر بووە، هەرچی داهاتی بەخێوکردنی ماڵەوە بـووە بـڕی زیـاتر لە 41 ملیـۆن دینـار بـووە. بەپێـی راپـۆرتێکی وەزارەتـی کشـتوکاڵی هەرێمـی کوردسـتان کە لە سـاڵی 2015

بڵاوکراوەتەوە، لە ماوەی شەش مانگدا نزیکەی 40 تەن گۆشتی مریشــک بەرهەم هــاتووەو زیــاتر لە 226 تەن شــیر بەرهەم هـاتووەو زیـاتر لە سێ ملیـۆن هـێلکە بەرهەم هـاتووە. هەر لەو شەش مانگەدا زیاتر لە 17 هەزار تەن هێلکەی خواردن هـاوردە کراوەو، نزیکەی 40 هەزار تەن شیرەمەنی و زیاتر لە 3 هەزار تـۆن گۆشـتی ماســی و، نـزیکەی 7 هەزار بەرخ و زیـاتر لە 3 هەزار گوێـلک هـاوردە کـراوە، لە شــەش مـانگی یەکەمـی سـاڵی 2016دا ڕێژەی بەرهەمی ناوخۆی مریشک بەرز بۆتەوە بۆ 42 تـۆن و هـێلکە بـۆ زیـاتر لە 155 ملیـۆن هـێلکە بەرز بـۆتەوە، هەرچی بەرهەمـی هاوردەکراویشـە لە شـیرەمەنییەکان ژمـارەکە نزیکە لە ساڵی 2015، بەڵام بڕی هاوردەکراوی هێلکە بۆ زیاتر لە 23 هەزار تەن و گۆشـتی ماسـی بـۆ زیـاتر لە 5 هەزار تەن بەرز بـۆتەوەو ژمــارەی بەرخ کەم بـۆتەوە بـۆ 1440 بەرخ و ژمارەی گوێلک بەرز بۆتەوە بۆ نزیکەی 29 هەزار.

روون دەبێـــــتەوە کە جـــــگە لە خــــوری مەڕو پێســــتە و جوجکە(جــوجەڵە) کە بە قەبــارەیەکی زۆر کەم، هیچــی دیــکە هەنــاردە نەکـراوە، چـونکە بەرهەمــی نـاوخۆیی هەم لە ئاسـت پێداویستی ناوخۆیی نییە، هەمیش توانای هەناردەکردنی نییە کە بتوانێت رکابەری بەرهەمـی بیـانی بکات لە ڕووی نـرخەوە نەک کوالێتی، هەموو جۆرەکانی دیکەی بەرهەمـی کشـتوکاڵ ئاوهـایە. بۆیە دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە ئایا سـاڵانە پێداویسـتی نـاوخۆیی بـۆ بەرهەمـی کشـتوکاڵی چەنـدە ئینجـا وەزارەتـی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و بازرگـانی بـۆردێکی بـاڵا بە هەمـاهەنگی دەسـتەی وەبەرهێنــان دروســت بــکەن تــا هەرچــی پــڕۆژەی گرنگــی

وەبەرهێنان هەیە بۆ ئەو دوو کەرتە بخرێتە کار، بۆ نموونە بە پشتبەستن بە ئاماری بەرهەمی شیر لە ساڵی 2015 کە 449 تەن شیر ساڵانە بەکاردەهێنرێت، کە ئەو ڕێژەیەش ساڵانە بەرەو بەرزبوونەوە دەچن، بۆیە پێویستە لە ئێستاوە پڕۆژەی بەرهەمی شیری خواردن بخرێتە پلانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی تایبەت، لەکاتێکدا بەرهەمی ساڵانەی شیری ئاژەڵان 226 هەزارو 128 تۆنە لە هەرێمی کوردستان کەوایە پێداویستی ناوخۆیی پڕ ناکاتەوە، چونکە ئێمە پێویستی ساڵانەمان بۆ شیر 449 هەزار تەنە. ئەگەر دوو پڕۆژەی هەبێت بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی شیر ئەوا ساڵانە 180 هەزار تەن شیر دەخەنە بازاڕەوە. بە گشتی حکومەت دەتوانێت پلانێکی ستراتیژی دابنێت بە هەماهەنگی کەرتی تایبەت سەرەتا لە پڕۆژەی بچوک و مامناوەندی دەست پێبکرێت بە بەشداری جوتیارو بەرهەمهێن و دەرچووانی کۆلێژە زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکانی کوردستان، دواتر بکرێتە پڕۆژەی گەورە، چونکە کەرتی کشتوکاڵی لە چالاکی ئابووریدا پێویستی بە ماوەی درێژو پشوو درێژی هەیە تا بەرهەمەکەی بچنێتەوە، جیاواز لە کەرتەکانی نیشتەجێکردن و بازرگانی...هتد، ئەوەش وایکردووە لە ساڵی 2006ەوە کەمترین قەبارەی سەرمایەگوزاری لە کەرتی کشتوکاڵ بکرێت چ لەسەر ئاستی کەرتی گشتی، چ لەسەر ئاستی کەرتی تایبەت تەنانەت کەرتێکی پەراوێز خراوە لەگەڵ ئەوەشدا شادەماری کەرتەکانی دیکەیە.

**ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت:**

1.پێـــدانی قەرزی کشـــتوکاڵی بەو کەســـانەی ئارەزوویـــان دامەزراندنی پڕۆژەی کشتوکاڵییە لە ئاستێکی زۆر نزمە یان هەر نەبووە.

2.هــانی وەبەرهێــنەری نــاوخۆیی و بیــانی نەدراوە پــڕۆژەی سامانی ئاژەڵی ئەنجام بدات یان ئاسانکاری کەمکراوەو زۆریش لەمپەری کارگێڕی خراوەتە بەردەم.

3. چارەسەری نەخۆشییەکان و رێنمـایی بۆ بەرهەمهێنەرەکانی سامانی ئاژەڵی لە ئاستێکی دواکەوتوودایە.

4. بەکارهێنــانی لەوەڕگەکــان بەشــێوەیەکی رەمەکــی دوور لە پلانی ستراتیژی.

5. بێپلانی لە پڕۆژەکانی پەلەوەری، لەکاتێکدا دەبێت گرنگی پێ بـدریت بە ئامـانجی زیـادکردنی گۆشـتی سـپی لە چوارچێـوەی پلانی هەمەلایەنە بەپێی وەرزەکانی ساڵ.

6. بــایەخ نەدان بە پــڕۆژەی ســامانی ماســی و گیــانەوەرە ئاوییەکــان لەبەرامــبەر ئەوەی ئاســتی خواســتی گشــتی بــۆ بەکاربەردنی گۆشتی ماسی بەرز بۆتەوەو ساڵانە بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە کلتوورییەوە بەرز دەبێتەوە.

7. بایەخ نەدان بە هەنگەوانی و ئاسانکاری نەردن بۆ دابینکردنی ئامرازەکانی بەخێوکردنی هەنگ.

سەرباری ئەوە، وایکردووە کاریگەری نەرێنی بخاتە سەر کەرتی کشتوکاڵی و بازاڕی کوردستان بەم شێوەیە:

1. نەتـوانراوە لەمـپەر بخـرێتە بەردەم هـاوردەکردنی بەرهەمە ئاژەڵییەکـان بەتـایبەت بەرهەمـی گۆشـتی سـوور بە هەمـوو جۆرەکـانی، لە ئەنجـامی زۆری خواسـت و کەمـی خسـتنەڕووی بەرهەمـی خۆمـاڵی، ئەوەش ڕێـگەی لەبەردەم بازرگانـان خـۆش کـرد هەمـوو جـۆرە گۆشـتێک لە ئاسـتی کـوالێتی نـزم بە نرخـی هەرزان هاوردەی کوردستان بکەن.

2. بـۆتە هـۆی کەمبـوونەوەی بەرهەمهێنـان و بەرهەمـداری بەروبوومی ئاژەڵی و ڕووەکی ناوخۆیی.

3. بۆتە هـۆی ئەوەی بەرووبـومی کشـتوکاڵی وڵاتـانی دراوسـێ بازاڕەکانی کوردستان داگیر بکات.

4. بۆتە هۆی ئەوەی بەرهەمهێنەری ناوخۆیی پەراوێز بخرێت و پشت بە بەرهەمهێنەری دەرەکی ببەسترێت.

5. بـۆتە هـۆی ئەوەی بـودجەی پێویسـت لەلایەن حکـومەت تەرخـان نەکرێـت بـۆ پشـتگیری کەرتـی تـایبەتی کشـتوکاڵی و ئابووری کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان.

6. پەرلەمـانی کوردسـتان تـا ئێسـتا یاسـاو ڕێنمـایی تـایبەتی دەرنەکـردووە بـۆ پاراسـتنی مـافی بەرهەمهێن جگە لە یاسـای هەموارکراوی عێراق نەبێت.

7. وایکـرد ئاسایشـی خـۆراک بکەوێتە مەترسییەوەو نەتوانرێت سیاسـەتی خۆبژێـوی پەیـڕەو بکرێـت تەنـانەت لە هەر دۆخێکـدا خـاڵە سنوورییەکانی ئێـران، تورکیـا، عێراقـی عەرەبـی دابخرێـت، هەرێمـی کوردسـتان ڕووبەڕووی گەورەتـرین کێشـەی نـاوخۆیی دەبێتەوە کە گەورەتـر لە قەیرانـی دارایـی ئێسـتای کوردسـتان و هێرشـەکانی ڕابردووی عێراق بە درێژایی مێژوو، هێرشـی داعش،

حەشدی شەعبی، ئابلۆقەی ئابووری ساڵانی 1992-2014، بۆیە ئێستا دەرفەتێکی زێڕینە کە حکومەت قۆڵی لێهەڵماڵێت و زەمینەسازی بابەتی و خودی هەیە.

**چارەسەرییەکان:**

1. ئاسانکاری حکومەت لە پێدانی زەوی و بەخشینی باج بەتایبەت لە باجی گومرکی هێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.
2. راکێشانی سەرمایەی بیانی و هاندانی وەبەرهێنەری بیانی تا سەرمایەگوزاری لە بواری سامانی ئاژەڵی و ماسی و بەروبوومی رووەکی ئەنجام بدات.
3. دەرکردنی یاسای تایبەت بە پاراستنی مافی وەبەرهێنەری بیانی و ناوخۆیی لە کەرتی کشتوکاڵیدا.
4. قەدەغەکردنی ئەو بەرهەمانەی لە ناوخۆ توانای خۆبژێوی هەیە.
5. هاوشانی کەرتی تایبەت، حکومەت بودجەی ساڵانە بۆ کەرتی کشتوکاڵی تەرخان بکات.
6. ئاسانکاری بۆ کردنەوەی بانکی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت بۆ پێدانی قەرزی کشتوکاڵی بکرێت.

***لە ژمارە(20)ی بەهاری 2017ی گۆڤاری (سامان) بڵاوکراوەتەوە**

## گرنگی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان

کەرتی کشتوکاڵ وەک گرنگترین و گەورەترین و دێرینترین کەرت لە کەرتە ئابوورییەکان، بایەخی زۆری هەیە لە چالاکییە ئابوورییەکاندا، ئەمە نەک لەئێستادا، بەڵکو لە رابردوو و داهاتووشدا هەر گرنگە، چونکە ئەو کەرتە بەندە بە ئاسایشی خۆراک لە هەر وڵاتێکدا، بۆیە چەندە بابەخ بە کەرتی کشتوکاڵی بدرێت هێشتا کەمە، لەبەرئەوەی هەموو وڵاتە بە هێزەکان سەرباری ئەوەی بایەخی زۆر بە کەرتی دیکەی وەک پیشەسازی و تەکنۆلۆژیاو گەشتیاری دەدەن، بەڵام کەرتی کشتوکاڵ پەراوێز ناخەن، بەهۆی ئەوەی تێگەیشتنیان هەیە لەو بارەیەوە، ئەگەر کەرتی کشتوکاڵ پەراوێز بخەن، ئەوا داهاتوویان رووبەڕووی مەترسی دەبێتەوەو ئاسایشی نیشتیمانیان دەکەوێتە مەترسی و لەرزۆک دەبێت، لەو روانگەوە شادەماری ئابوورییەکی بەهێز بۆ دەوڵەتێکی بەهێز، کەرتێکی کشتوکاڵی بەهێزە، کە بە نەوتی سەر زەوی ناسراوەو سەرچاوەکەی هەمیشەییە و هیچ کات کۆتایی نایەت، بەڵام هەرچی سەرچاوەی نەوتە کۆتایی دێت و ئاییندەیەکی رۆشنی نییە، وەلێ کەرتی کشتوکاڵ لە ئێستای هەرێمی کوردستان و داهاتوودا بایەخی خۆی هەیە و بۆ ئابوورییەکی بەهێز کە پلانی ستراتیژی سیاسی و نەتەوەییمان دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بەهێزە، ئەگەر دەوڵەتێکی بەهێزمان بوێت و پشت بە دەوڵەتی دیکە نەبەستین و سەر بە خۆمان بین، لە رووی ئابوورییەوە پێویستە بایەخ بە سێکتەری کشتوکاڵی بە هەموو بەشەکانی بدەین.

لەئێستادا ساڵانە بە ڕێژەی 90%ی کەلوپەل و بەرهەمی کشتوکاڵی بەپێی داتا فەرمییەکان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاوردەی دەکرێت و، بڕە پارەیەکی زەبەلاح لە داهاتی نەتەوەیی دەچێتە گیرفانی جوتیاری وڵاتانی تورکیاو ئێران تەنانەت جوتیاری وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی، لە کاتێکدا زەوی و خاکی هەرێمی کوردستان بەپیتەو کەشوهەواکەی لەبارە بۆ کشتوکاڵکردن و دەتوانرێت پێداویستییە ناوخۆییەکان بە بەرهەمی خۆماڵی پڕبکرێتەوە لە چوار وەرزی ساڵدا، ئەگەر لەلایەن حکومەتەوە زەمینەسازی بکرێت و هانی جوتیاران و بەرهەمهێنەران بدرێت بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵدا، دەتوانرێت یاسای وەبەرهێنانی ساڵی 2006 هەموار بکرێتەوە، بەجۆرێک لە بەرژەوەندی وەبەرهێنەری کشتوکاڵیدا بێت، لە رابردوودا لە کۆی زیاتر لە 51 ملیار دۆلاری وەبەرهێنان لە کۆی گشتی زیاتر لە 800 پڕۆژە ڕێژەی زۆر لە کەرتەکانی خانووبەرەو بازرگانی بووە، لەکاتێکدا ئەگەر لە کەرتی کشتوکاڵ بوایە، دۆخەکە بە جۆرێکی دیکە دەبوو، ئەو دۆخەی لە دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە داخستنی دەروازە سنوورییەکان هاتە ئاراوە، ئەگەر بەرهەمی ناوخۆییمان پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی پڕ بکردایەتەوە ئەوکات دەروازەکانیش دابخرابوایە کێشە دروست نەدەبو.

لەو سونگەیەوە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک لە هێڵە گشتییەکانی تەوەرەی ئابووری و داراییدا راگەیانراو بە راشکاوی و بە گرنگییەوە باسی کەرتی کشتوکاڵ کردووە بەم

شێوەیە: "کشتوکاڵ بوارێکی سەرەکی گرنگیدانمان دەبێت و کار دەکەیـــن بـــۆ پێشخســـتنی ئەم کەرتە بە ئـــامرازو مەکـــائینی پێشـکەوتوو و فراوانکردنـی جـۆریی و چەنـدیی بەرهەم بەپێـی بنەمـا زانسـتییەکان، کـار دەکەیـن بـۆ بەکارهێنـانی سـەرچاوە ئاوییەکـان و دروسـتکردنی بەنـداوە وەرزی و هەمیشـەییەکان گلـدانەوەی ئـاوی پێویسـت بـۆ بـواری کشـتوکاڵ و زیـادکردنی رووبەری ســـەوزایی لە هەریـــم، جەخـــت لەســـەر پاراســـتنی بەرهەمی خۆماڵی و پشتیوانی جوتیارانی هەرێم دەکەینەوەو کار دەکەیـن بۆ رەخسـاندنی بـازاڕی گونجـاوی نـاوەوەو دەرەوە بۆ بەرهەمەکانیـــان".بەپێی ئەو تەوەرە بێـــت کە حکـــومەت درکـــی پێکـــردووەو بە زانســـتیانە داڕێـــژراوەو هەنگـــاوی کـــرداری بـــۆ بهاوێژرێت ئەمە مـایەی خۆشـحاڵییە، واتە ئەگەر کابینەی نۆیەم لە مـاوەی سـاڵانی کابینەکەیـدا لە داهـاتوو بە رێـژەی 50% کە لەو تەوەرەی باسـی کـردووەو بە کـرداری کـاری لەسـەر بکـات، ئەوا دۆخی کەرتی کشتوکاڵ هەنگاوی باش دەبڕێت، بە جۆرێک سـەقفی پەرەپێدانی کەرتـی کشـتوکاڵ لە کوردسـتان بەراورد بە رابـردوو زۆر پێشـەوە دەچێت و ژێرخـانی ئـابووری هەنگـاوی باش دەبڕێت، بەڵام ئەم ئەرکە تەنها لەسـەر ئەستۆی حکومەت نیـیە، بەڵکـو دەبێـت کەرتـی تـایبەتیش رۆڵـی خـۆی بگێڕێـت لە رێـگەی وەبەرهێنـانەوە، ئەوەش بە زەمینەسـازی و ئاسـانکاری لەلایەن حکـــومەتەوە دەکرێـــت، واتە دەبێـــت کـــاری رۆتـــین و ئاستەنگەکانی بەردەم وەبەرهێنان بۆ کەرتـی تـایبەت لە کەرتـی کشتوکاڵی نەهێڵدرێت و، تەنانەت ئەگەر بکرێت هاندانی داراییش

بکرێت لە پێدانی قەرزی کشتوکاڵی و بەخشش‌ی دارایی و لێبوردنی باج و پێدانی زەوی ...هتد.هیوادارم کابینەی نوێیەمی حکومەتی کوردستان لە ماوەی چوار ساڵی کارکردنیدا هەنگاوی کرداری بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ بهاوێژێت، ئەو کەرتەی داهاتووی دەوڵەتی کوردستانی لەسەر بەندە، بێ بوونی کەرتێکی کشتوکاڵی بەهێز، ئابوورییەکی بەهێز دروست ناکرێت و، ئەستەمە باس لە هەرێمێکی بەهێز بکەین کە ئاسایشێکی ئابووری و نەتەوەیی بەهێزی نەبێت.

***لە ژمارە (سفر)ی تشرینی یەکەمی 2019ی گۆڤاری (پایتەخت) بڵاوکراوەتەوە.**

## بێڕێزی بەرامبەر بەرهەمی خۆماڵی

بەکــاربەر لە هەرێمــی کوردســـتان بەراورد بە بەکــاربەری وڵاتـانی دیکە ئەوەنـدەی ڕێز لە کاڵاو بەرهەمـی بیانی دەگرێت، ئەوەنـــدە ڕێـــز لە بەرهەمـــی نـــاوخۆیی ناگرێـــت، ئەمەش لە بازاڕەکانی کوردستاندا بە ڕوونی دەبینرێت، کە کڕیار پێشـوازی لەو کاڵایە ناکات لە ناوخۆ بەرهەم دەهێنرێت، هەر ئەوەش بـووە هـۆی ئەوەی زۆر لە کارگە پیشەسـازییە ناوخۆییەکان دابخـرێن بە هۆی بێبازاڕیی و کەمفرۆشی بەرهەمەکانیان، لە لایەکی دیکە کـۆچکردنی لادێنشـینە جوتیارەکـان بـۆ شـارەکان و گـۆڕینی پیشـــەکەیان بـــۆ پیشـــەیەکی ئاســـانترو داهـــات زیـــاتر بە مانـدووبوونێکی کەمتـر، باشـترین بەڵـگەش داخسـتنی کـارگەی قوتووبەنـــدی ئـــاوی تەمـــاتەی هەریـــر بـــوو، کە دوای ئەوەی بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان کرا تـاکو ببێتە هـۆی جێگـرەوەی بەرهەمە هاوشێوە هاوردەکراوەکان، بەکاربەری وڵاتـان ئامـادەن بە نرخی زیاتر بەرهەمی ناوخۆ بکڕن لەبەرامبەر هەرزانی نرخی کـاڵای بیـانی، هەرچەنـدە کـاڵا بیـانییەکەش باشـتر بێت و نرخـی نزمتریش بێت، بۆئەوەی هـانی جوتیـارو کـارگە بەرهەمهێنەکـانی خۆیـان بـدەن قوربـانی بە خۆیـان دەدەن، لە وڵاتـی ئـێمە ئەو هۆشـیارییە کەمە و کڕیـار پێشـوازی لە بەرهەمە نـاوخۆییەکە ناکـات، لە لایەک خـۆی ئەو هۆشـیارییەی نییە، لە لایەکـی دیـکە دەزگاکـــانی ڕاگەیانـــدن لە پشـــت کـــاڵکردنەوەی ئەو هەســـتەن، بەوەی ئەوەنـدەی بە کـاڵا بیانییەکـان لە ڕێکلامەکـان هەڵـدەڵێن، دوو ئەوەندەش بە ناڕاستەوخۆ بێڕێزی لە بەرامـبەر بەرهەمـی

ناوخۆیی دەکەن، ئەگەر پێش داخستنی کارگەی قوتووبەندی ئاوی تەماتەی هەریر ریکلامی باش بکرایە بۆ بەرهەمەکە بەدڵنیاییەوە سەرکەوتنی باشی بەدەست دەهێناو هەنگاویکی دیکە دەبوو، بۆئەوەی پڕۆژەکانی کوردستان لە پڕۆژەی بەکاربردنەوە بچنە چوارچێوەی پڕۆژەی تەواوکاری بەرهەمهێنان.

ئەگەر حکومەتی هەریمی کوردستان لەو پلانە ستراتیژی و نەخشەڕێیەی سالانە دایدەڕێژێت بۆ چارەکردنی گرفتەکانی کورتهێنانی بەرهەمی ناوخۆیی بەتایبەت لە بواری کشتوکاڵیدا سەرکەوتوو نەبێت، دەکرێت بەکاربەری کوردستان ئەو هەستەی هەبێت تا هانی بەرهەمهێن بدات، پێشوازی زیاتر لە بەرهەمە کشتوکاڵییە ناوخۆییەکە بکات و بە نرخی بەرز بیکڕێت، ئەوەش وا دەکات جوتیار بایەخی زیاتر بە کیڵگەکەی بدات و بەرهەمی زیاتر بخاتە بازاڕەوە بە کوالیتی باشترو ئاستبەرز، چونکە بەدڵنیاییەوە کوالیتی بەرهەمی کشتوکاڵی ناوخۆیی زۆر بەرزترە لە هی ولاتانی بیانی، بەڵام تا ئێستاش بەکاربەر تەماتەو باینجان و خەیارو هەنارو سەوزەو پاقلەی بیانی بە نرخی بەرزتر دەکڕێت و، بەرهەمەکانی لە شێوەی میوەو سەوزەی ناوخۆیی لە لایەن فرۆشیاران بە نرخی کەمتر دەفرۆشرێت، کەچی خواستی زۆر کەمی لە سەرە، ئەوەش وا دەکات بەرهەمهێن زیانی پێبکەوێت لەبەرامبەر ئەو هەموو ماندووبوون و خەرجی و تێچووەی خەرجیکردووە، راستە لە چەند ساڵی رابردوودا حکومەت بەرنامە و پلانی بۆ ئەو بوارە

وەک پێویست نەبووە، بەڵکو لە هەندێ حاڵەت ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ شکستخواردنی کەرتی کشتوکاڵ و پاشەکشەکردنی بەرهەمی خۆماڵی لەبەرامبەر بەرهەمی بیانی، بەوەی زۆر لە جوتیارانی گوندەکانی لە شارەکان بە کارمەندی حکومەت لە دامەزراوە جیاوازەکان بە مووچەی باش دامەزراندو هەموو خەڵکی کوردستانی کردە بەکاربەر، ئەمە جگە لەوەی دەرگای بازاڕەکانی کوردستانی بە ڕووی کاڵای بیانی واڵا کرد بێ ئەوەی هیچ بەربەستێک لە بەردەمی دابنێت و بە باجێکی زۆر کەم هاوردەی کوردستان دەکرێت، کە ئێستاش بۆتە دیاردەو ناتوانێت بنەبڕی بکات، ئێستا کاتی هاتووە بەکاربەری کوردستان پشتگیری حکومەت بکەن بۆئەوەی هانی بەرهەمهێنی ناوخۆیی بدرێت لە هەموو کەرتەکان تاکو لە ناوخۆی کوردستان کاڵاکان بەرهەم بهێنرێت و پێداویستییەکانی بەکاربەر لە بازاڕەکاندا پڕبکاتەوە، ئەوەی زیادیش بوو هەناردەی دەرەوە بکرێت.

***لە ژمارە(** 3728**) لە** 2011/3/18 **لە ڕۆژنامەی (خەبات) بڵاوبۆتەوە**

## پشتبەستن بە کەرەستەی خاوی خۆماڵی و خۆبژێویی

بەهۆی ئەوەی پێش راپەڕین بەشێکی زۆر لە گوندەکانی کوردستان بەزۆر چۆڵکران و رووخێندران، دواتر شەڕی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان دروست بوو، کەرتی پیشەسازی بەرەو هەرەسهێنان رۆیشت، هەرچەندە ئەو کەرتە وەک پێویست چالاک نەبوو، لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق کارگە زەبەلاحەکانی لە کوردستان نەدەکردووە، بەڵام بەراورد بە ئێستا باشتر بوو، چونکە بەرهەمی کەرەستەی خاوی ناوخۆیی لە کارگە پیشەسازییەکانی ناوخۆ بەکاردەهێنرا، بۆ بەکاربەری ناوخۆییش و ئەوەی دیکە هەناردەی دەرەوە دەکرا، بۆ نموونە گەنم و جۆ لە خوارووی عێراقیش خورما، تەنانەت بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمە شیری و ئاژەڵییەکانیش، بەڵام لە ئێستادا هەناردەی هەرێمی کوردستان نزیکە لە سفر، بەڵکو رێژەی زۆر لە هەموو جۆرەکان لە دەرەوە هاوردە دەکرێت بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیشەوە، ئەمەش لە دەرەنجامی هەرەسی کارگە ناوخۆییەکان و لەهەمان کاتدا تێچووی بەرزی کاڵاو کەرەستەکاندا لە بەرهەمهێنان بەراورد بە نرخی کاڵای هاوردەکراو، لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە بەهۆی ئەوەی حکومەتی کوردستان بەرەو ئابووری بەرخۆر (الاقتصاد الريعي) رۆیشتووەو کەرتەکانی دیکە زۆر فەرامۆش کردووە، تەنانەت ئەو پێشینەیەی بە جوتیار یان بەرهەمهێنی کشتوکاڵی و پیشەسازی زۆر کەمە و نابێتە هۆی ئەوەی بتوانن لە ناوخۆ کەرەستە ناوخۆییەکان بکەنە پیشەسازی گۆڕین و گواستنەوەو

لەقوتوونـان ...هتـد. بـۆ نمـوونە لەئێسـتادا هەنگـوینی رەسـەنی کـوردی هەنـاردەی دەرەوە دەکرێـت، لەبەرامـبەردا هەنگـوی کوالێتی نزمی ئێرانی و تورکی و سعودی هـاوردە دەکرێت، یـان گەنم و جۆ هەناردە دەکرێت کەچی بە نرخێکی بەرزتر بە ئارد هـاوردە دەکرێت، یـاخود بەرهەمە ئاژەڵییەکـانی وەک خـوری و پێسـت هەنـاردەی دەرەوە دەکـرێن، کەچـی دوای ئەوەی ئەو کەرەسـتە خـاوە بـۆ بـواری دیـکە بەکاردەهێنرێـت، واتە لە کەرەستەی خاوەوە دەکرێتە کەرەستەی تەواو بە نرخی بەرزتر هـاوردە دەکرێتەوە، یان وردە ئاسن و بەرد هەنـاردەی دەرەوە دەکرێـت چ بە نهێنـی چ بە ئاشـکرا دواتـر لە کـارگە پیشەسـازییەکانی تورکیـاو ئێـران جـارێکی دیـکە هـاوردەی کوردستان دەکرێتەوە بە شێوەی کاشی و بەردی حەلان و ئەو کەرەسـتانەی لە بەرد وەردەگیرێـت، ئەمەش وا دەکـات کەرتـی پیشەسـازی بەرەو دارِمـانتر بەرێـت بەهـۆی کەمبـوونەوەی سەرچاوەکانی کەرەستەی سەرەتایی، هەروەها داهاتی نەتەوەیی دەچێتە دەرەوە بۆ بەرژەوەنـدی خـاوەن کۆمپانیـاو بازرگانـانی وڵاتـانی دراوسـێ، ئەمە سـەرباری ئەوەی هەلـی کـار کەمتـر دەکـاتەوەو سـوورِی سـەرمایە لە بـازارِی پیشەسـازی بەرەو سـوورِی متبـوون دەبـات، ئەگەر ئەو کەرەسـتە خـاوانەی کە هەنـاردە دەکـرێن و دواتـر بە نرخـی بەرزتـر لە دەرەوە هـاوردە دەکرێنەوە لە ناوخۆ کاری لەسەر بکرێت، رێژەی بێکاری کەمتر دەکاتەوەو بودجەی گشتی هەرێمی کوردستانیش پشت بە فرە سەرچاوەی داهـات دەبەسـتێت، لە شـێوەی وەرگرتنـی بـاج لەو

کارگـانە، بەڵام دەبێـت حکـومەت بە هەمـوو شـێوەیەک رێگـری بکـات لەم دیـاردەو سـاڵانەش بـودجەی زیـاتر تەرخـان بکـات، بـۆئەوەی کـارگەی پیشەسـازی زیـاتر دابمەزرێت کە لەئێسـتادا لەوپەڕی پاشـەگەردانیدایە، هەرچەنـدە بـاس لە ژمـارەی زۆری کارگەی حکومی و کەرتـی تـایبەت دەکرێت، بەڵام بۆچی دەبێت هۆتێلێکی لوبنانی یان تورکی کەرەوزو تەماتەو پەتاتە و گوشتی سـوورو گۆشـتی مریشـک و هـێلکەو ...هتـد لە وڵاتـانی خۆیـان بهێـنن، ئەمە بـارگرانی دەخـاتە سـەر کڕیـار یـان بەکـاربەری کوردستان، کە دواجار تاکی کوردی بەتەواوی دەکاتە بەرخۆرو پشـت بە بەرهەمـی نـاوخۆیی نابەسـتێت و، کوردسـتان بەرەو هەرێمـی بەکـاربەر دەکـات و بەو کەرەسـتە خـاوەی هەشـیەتی ناتوانێـت خۆبژێـوی بکـات و ئاسایشـی نەتەوەیـی دەکەوێـتە مەترسییەوە، لە هەر بارێکدا نرخی هەر بەرمیلێک نەوت دابەزێت کـاریگەری لەسـەر کەمبـوونەوەی بـودجەی گشـتی دەکـات و کورتهێنان دروست دەکات و، بانکەکان بە خاڵی دەمێنن و بەرەو مایەپووچی دەچن.

***لە ژمارە (1) بەهاری 2014ی گۆڤاری (کۆزان) بڵاوکراوەتەوە**

## له هەرێمێکی بەکاربەرەوە بەرەو وڵاتێکی بەرهەمهێن

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی رابردوودا، بە قۆناغێکی هەستیاری ئابووری و سیاسی تێپەڕ دەبێت، کە لە هەموو لایەکەوە هەژموونی ئابووری و سیاسی وڵاتانی تورکیاو ئێران و سورياو عێراقی لەسەر بووە، بۆیە نەیتوانیوە وەک پێویست هەنگاو بهاوێژێت بۆئەوەی سیاسەت و سیستمێکی ئابووری سەربەخۆی هەبێت، بەڵکو لەم ماوەیەداو تا ئێستاش هەر بە پاشکۆیەتی ئابووری ماوەتەوە، ئەمەش کاریگەری درێژخایەنی لەسەر هەموو کایە ئابوورییەکان کردووەو شوێنەواری نەرێنی داناوە، بەجۆرێک گشت کەرتە ئابوورییەکانی بەرەو پووکانەوە بردووە، کە بەچەندین ساڵی داهاتوو بە بودجەی زەبەلاحیشەوە بووژاندنەوەی قورسە، ئەوەش مانای ئەوە نییە دەستەوەوەستان بین، بەڵکو دەبێت کوردستان لە هەرێمێکی بەکاربەرەوە بەرەو وڵاتێکی سەربەخۆی بەرهەمهێن ببردرێت.

بەشێکی هۆکارە سەرەکییەکەی کورتهێنانی بەرهەمی خۆماڵی بەتایبەت بەروبوومی کشتوکاڵی دەگەڕێتەوە بۆ بێ پلانی حەوت کابینەی رابردووی حکومەتی کوردستان بەهۆی ئەوەی بودجەی کەمی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ تەرخان کردووەو، کەسانی ناپسپۆڕو نالێهاتووی کردۆتە سەرپەرشتیاری کەیسەکانی پلانە ستراتیژییەکانی نێو لاپەڕە سپییەکان و، بەهۆی ململانێی نێوخۆیی پارتە سیاسییەکان جوتیاری بەرهەمهێن گوازراوەتەوە نێو شارو کراون بە کارمەندی حکومەت و،

چوونە نێو بازنەی بێکاری شاراوەو لەشکری بەکاربەران، ئەوە وایکرد کادیری بەرهەمهێن لە گوندەکان کەم ببنەوەو بەروبوومی گوندەکان هەناردەی شارەکان نەکرێت، بەڵکو لەپێناو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بەکاربەران لە دەرەوەی کوردستان هاوردە کران، بەجۆرێک ساڵانە بە ڕێژەی 90%ی پێداویستییەکانی کشتوکاڵ و کەرەستەی بیناسازی و جلوبەرگ و خواردەمەنی لە وڵاتانی تورکیاو ئێران و سوریا هاوردە کراون، تەنانەت بەم سیاسەتەشەوە هێشتا بەرپرسان شانازی بە قەبارە گەورەکەی بازرگانی نێوان ئەو وڵاتانە دەکەن کە بە شێوەی دراوی قورس داهاتی نەتەوەیی دەچێتە گیرفانی بازرگانانی بیانی.

بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان، ڕێژەی بەرهەمهێنانی بەراورد بە ڕێژەی پێداویستییەکان کەمترە، تەنانەت لە هەندێ کاڵاو کەرەستەدا هەر شیاوی باسکردن نییە، بە جۆرێک ڕێژەی بەرهەمی خۆماڵی نزیکە لە سفر، چونکە کاتێ حکومەت بەرهەمی خۆماڵی نەبێت ناتوانێت کۆنترۆڵی بازاڕ بکات و چاودێری لەسەر نرخ و کوالێتی کاڵاو کەرەستە دابنێت، ئەوکاتە کۆمپانیا بازرگانییە هاوردەکارەکان کۆنترۆڵی بازاڕیان لە دەستەو یاری بە کڕیارو بازاڕ دەکەن، بە ئارەزووی خۆیان هەڵبەزودابەز بە نرخ دەکەن، بۆیە ڕێژەی هەڵاوسان لە کوردستان هێندە بەرزە دوورە لە هەموو تیۆرە ئابوورییەکان و دۆخی بازاڕی وڵاتانی دەوروبەرو جیهان.

تا ساڵی 2012 ڕێژەی هەڵاوسان لە هەرێمی کوردستان 39%
بووە، ئەگەر بەپێی زانستی ئابووری لێکدانەوەی بۆ بکەیت عەقڵ
پەسندی ناکات، چونکە ڕێژەی هەڵاوسانی سروشتی لە وڵاتانی
پێشکەوتوو 3% تێپەڕ ناکات، ئەوەی لە کوردستان هەیە بارێکی
ناسروشتییە، لە دەرەنجامی کەمی بەرهەمی ناوخۆیی پەیدا
بووەو ڕێژەی هاوردەکردن هێندە بەرزە لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا
بەراورد ناکرێت، بەڵکو هەموو کەرتە ئابوورییەکان پشتگوێ
خراون جگە لە کەرتی سامانە سروشتییەکان نەبێت، بەمەش
دەتوانین بڵێین کوردستان هەرێمی بەکاربەرە لە هەموو
کەرەستەو کاڵاو بەروبوومەکاندا و ئاستی نرخ لە بازاڕدا
کەوتۆتە دەست بەرهەمهێنی بیانی، ئەگەر پەیوەندییە
سیاسییەکانی نێوان هەرێم و ئەو وڵاتانە گرژی تێبکەوێت، ئەوا
کوردستان ڕوبەڕووی قەیرانێکی ئابووری پڕ مەترسی
دەبێتەوەو، ئاسایشی خۆراک لاسەنگ دەبێت کە دواجار
ئاسایشی نەتەوەیی لەرزۆک دەکات.

بێ پلانی هەردوو حکومەتی عێراق و کوردستان بۆ پەرەپێدانی
بەرهەمی ناوخۆیی و ڕاهێنانی هاوڵاتیان لەسەر بەکاربردن و
بێ ئاگاییکردن لە بەرهەمهێناندا، شوێنەواری لەسەر میدیا
داناوە، تەنانەت بەهۆی ڕێکلامی میدیاوە تاک لە کۆمەڵگە
ڕاهاتووە هەستی نیشتمانی نەمێنێت بە تەمبەڵی کاڵای
دروستکراوی کارگەی وڵاتانی بیانی بەکاربهێنێت، جاری وا هەیە
لە ڕێگەی ڕێکلامەکانەوە لەپێناو کرییەکی کەم، ڕەواج بە
بەرهەمی بیانی زیاتر دەدرێت بەراورد بە بەروبوومی ناوخۆیی،

لەئێستادا حکومەت و میدیاش تاک را دەهێنن تەنها ماسی بخوات، نەک ماسی لە ئاودا بگرێت نەوەک تەنها بە مووچەکەی لە حکومەت وەریدەگرێت ماسی پێ بکڕێت و پارەکەش بچێتە دەرەوەی کوردستان.

دەبێت نەخشە ڕێگەی حکومەت بگۆڕدرێت، تاکی کورد لە بەکاربەرەوە بکاتە بەرهەمهێن و کوردستانیش بکاتە وڵاتێکی بەرهەمهێن، بەڵکو تەنها لە بواری پیشەسازی نەوت و غاز بەرهەمهێنان نەکات، بەڵکو هاوشانی پیشەسازی نەوت و غاز وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و بانک و پیشەسازی بچووک بکات، تا بەرهەمداری تاک ڕێژەکەی بەرز بێتەوە، لەبەرامبەردا ڕێژەی هەناردەکردن زیاتر بێت لە هاوردەکردن، ئەوەش وا دەکات ڕێژەی هەڵاوسانی بە ئاڕاستەی سروشتی خۆی بڕوات و کۆمەڵگەش لە بەکاربەرەوە بەرەو بەرهەمهێن بچێت، تاکی کوردیش فێری دروستکردنی قولابی ماسیگرتن دەبن.

***لە ڕێکەوتی** 2013/12/6 **لە ڕۆژنامەی (بازاڕ) بڵاوبۆتەوە.**

## دەزگای چاودێریکردنی بەرهەمە خۆماڵی و بیانییەکان

لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان چەندین دامەزراوەو فەرمانگە و دەزگای فەرمی تایبەت بە کۆنترۆڵی جۆریی و چاودێری بازرگانی هەیە، بەڵام هێشتا وەک پێویست کارا نین و بازاڕی هەرێمی کوردستان تەژییە لە بەرهەمی کوالێتی ئاست نزم و ماوە بەسەرچووی بیانی، تەنانەت بازاڕی کوردستان بۆتە بازاڕێک بەرهەم و کەلوپەلی کوالێتی خراپ و هەرزانی بیانی هاوردەکراوی زۆرینەی وڵاتانی تیا ساغ دەکرێتەوە، بەجۆرێک ئەو بەرهەمانە جگە لە بەکاربەری کوردستان هیچ بەکاربەری دیکەی وڵاتانی دیکە ئامادە نین بیکڕن، ئەگەر سەیری بەرهەمی ناوخۆییش بکرێت لەگەڵ ئەوەی لە ئاستێکی نزمدایە و ناتوانێت خواستی ناوخۆیی پڕ بکاتەوە، کەچی ئەویش هێشتا لە کوالێتییەوە لە ئاستی پێویست و ستانداردی جیهانیدا نییە و نرخیشی هەر بەرزە، تەنانەت لە نرخ و کوالێتییەکەشیدا ناتوانێت رکابەری بەرهەمی بیانی بکات، چونکە ئەو بەرهەمەی بە کوالێتی نزمیش دێتە کوردستان بە نرخی زۆر نزمتر دەخرێتە بازاڕەوە، بەرهەمهێنەری کوردستانیش بە هۆی ئەوەی کەرەستەی خاوو دەستی کار، تەنانەت ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە دەرەوە هاوردە دەکات بۆیە تێچووی بەرهەمەکانیان زۆر لەسەر دەکەوێت، بەمەش ناتوانن کێبڕکێی بەرهەمی بیانی بکەن. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە دەبێت لەسەر هەموو کەرەستە و بەرهەمێکی بیانی و خۆماڵی زانیاری تەواوی بە زمانی کوردی و ئینگلیزی لەسەر بنووسرێت، بەڵام

لەگەڵ ئەو هەموو دەزگا زۆرە پەیوەندیدارە پاشەگەردانی پێوە دیارە، کە دواجار جگە لە بەکاربەری کوردستان هیچ کەسی دیکە زیانمەند نییە و قازانج لە سەرووی هەموو شتێکیانەوەیە، لەکاتێکدا دەبێت بەرژەوەندی و تەندروستی بەکاربەر لەسەرووی قازانجەکانیانەوە بێت، بەجۆرێک هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاکاری پیشەگەریی لە ریزبەندی یەکەمی کارکردنیان بێت.

بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕ لە بەرهەمی خراپ و تەنانەت بەرهەمی ئاستبەرزیش، پێویستە دەزگایەکی تایبەتی زۆر بەهێز لە کارمەندی لێهاتووی پرۆفیشناڵ دروست بکرێت، کە راستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، بۆئەوەی کۆنترۆڵی هەموو جۆرە بەرهەمێک بکرێت کە لە دەرەوە هاوردە دەکرێت، پێش ئەوەی بخرێتە بازاڕ زانیاری تەواو لەسەر بەرهەمەکە بە زمانی کوردی بە لەزگەیەک لێ بدرێت، ئەوەش لە هەموو وڵاتێک هەیە، ئەمە بەوە دەکرێت کە بە یاسا یان بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بسەپێنرێت بەسەر هەموو کۆمپانیا بازرگانییە هاوردەکارەکاندا، لە هەر سەرپێچییەکیشدا سزا بسەپێنرێت، بەهەمان شێوە یاساو بڕیارەکان لەسەر کارگە بەرهەمهێنەرە ناوخۆییەکان جێبەجێ بکرێت، پاشتر هۆشیاری لەنێو کارگە ناخۆییەکان تەنانەت جووتیاری گوندەکانیش بڵاو بکرێتەوە تا ئەم کار بکەن، لە ماوەیەکی کەمدا ئەو بڕیارانە دەبنە فەرهەنگ و ئەوسا پێویست بەوە ناکات بە زۆر جێبەجێ بکرێت، بۆ نموونە ئێستا لەسەر هەر دانەیەکی میوەی سێوو

مۆز ...هتد هاوردەکراو لەسەری نووسراوە بەرهەمی چ وڵاتێکە، لە بەرهەمەکانی دیکەش هەر وایە، جگە لەوەی زانیاری تەواوی لەسەر نووسراوە، کەچی حکومەتی کوردستان پلانی ستراتیژی بۆ زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ دادەڕێژێت و بودجەی زەبەلاح بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکات، لە پێشینەی کشتوکاڵی و پیشەسازی بۆ هاندانی بەرهەمهێنەری ناوخۆیی تا بەرهەمی خۆماڵی زیاتر بکات، بەڵام نەبوونی چاودێری وا کە نەهێڵێت بەرهەمی ناوخۆ بەبێ زانیاری بخرێتە بازاڕەکانەوە، وایکردووە بازاڕی بەرهەمە ناوخۆییەکان لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا لاواز بێت و نەزانرێت بەرهەمی چ وڵاتێکە، هەرچەندە رۆشنبیری بەکاربەریش نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی بەرهەمی خۆماڵی بە باشتر بزانێت پارەی زیاتری پێ بدات، چونکە متمانەی بە بەرهەمی خۆماڵی نییە، کاتێکیش لەسەر بەرهەمەکە بنووسرێت دروستکراوی هەرێمی کوردستانە لەوانەیە بەهۆی گومانەکەیەوە خواستی لەسەر کەم بێتەوەو بەرەو بەرهەمە بیانییەکە بچێت.
دەبێت حکومەتی کوردستان لەسەر ئاستێکی باڵا پەلە بکات لە دامەزراندنی دەزگای تایبەت بە چاودێریکردنی بەرهەمە خۆماڵی و بیانییەکان، دەبێت هەریەک لە وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی و تەندروستی و دەستەی وەبەرهێنان هەماهەنگی ئەو دەزگایە بکەن تا کارەکانی بەسەرکەوتوویی بەڕێوە ببات بۆ بەرژوەندی بەکاربەرو ئابووری هەرێمی کوردستان، چونکە لە ئاییندەدا نابێت هەرێمی کوردستان ببێتە بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی هاوردەکراوی بیانی، بەڵکو

نـزیکەی پێـنج هەزار کارگەشـی هەیە لە ڕێگەی ئەو کارگـانەوە دەتوانێت بەرهەمی خۆمـاڵی زیـاتر بکـات و چاودێرییەکـان چڕتـر بکـاتەوە، ئەرکـی ئەو دەزگـایە زیـاتر کـۆنترۆڵکردنی بەرهەمەکـان بێت بەپێی ستانداردی جیهانی، کە مەرجەکانی ناوی بازرگانی و هێمـای جیـاکەرەوەو بەرواری بەرهەمهێنـان و ماوەبەسـەرچوو شـــوێنی بەرهەمهێنـــانی بە زمانەکـــانی کـــوردی و ئینگلیـــزی بسـەپێنێت بەسـەر کـارگەو کۆمپانیـا ناوخۆییەکـان، ئەوەی دیـکە زانیـــاری بە زمـــانی کـــوردی لەســـەر هەمـــوو کەرەســـتە و کۆمپانیاکـــان بـــدات، ئەمە ســـەرباری دڵنیـــابوونەوە لەســـەر ئاســـتبەرزی کـــوالێتییەکەی و شـــیاوبوونی بـــۆ تەندروســـتی بەکاربەری کوردستان.

***لە ژمارە (56)ی شوباتی 2014 لە گۆڤاری (تاوی کۆمەڵایەتی) بڵاوبۆتەوە**

# با چاو لە خەڵکی ئەرجەنتین بکەین

بەهۆی نەبوونی یاسایەک کە مافی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان بپارێزێت، لە ئێستادا هەرچی وردە فرۆشیاری ناوخۆیی و گەورە بازرگانی بیانی هەیە بە هەموو جۆرێک مافی بەکاربەر پێشێل دەکات، ئەمە وایکردووە هەرێمی کوردستان ببێتە گەورەترین بازاڕی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ساغکردنەوەی کاڵاو کەرەستەی کوالیتی نزم و ماوە بەسەرچوو، لەبەرامبەردا بەکاربەری کوردستان ئاستی رۆشنبیری کڕین و بەکاربردنی هێندە نزمە تەنها بە رووالەت و کەرەستە و کاڵای رووکەشی هەڵدەخەڵتێت، بەجۆرێک بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی داهات و گۆڕینی رەفتاری بەکاربەر وای لێهاتووە بە هەموو مەرجەکانی فرۆشیار رازی دەبێت، لە نزمی کوالیتی و ئاستبەرزی نرخییەوە بیگرە، تا دەگاتە ماوەبەسەرچوونی و پیسی ...هتد، لەلایەکی دیکە خواستی کڕینی زۆر بەرز بۆتەوە کە هەڵاوسانێکی ئابووری وای دروستکردووە، بێ ئەوەی کڕیار هەستی پێکات خۆی دروستکەری ئەم بەرزکردنەوەی نرخەیە، راستە بازاڕی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی ناجێگیرو فەوزادایە و هیچ سیستمێک نییە پێی بەڕێوەبچێت، بەڵام ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی سیستمێکی تەندروست بۆ بازاڕ دروست بکات، بەکاربەرە، دواتر حکومەت و ویژدانی بازرگانە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە.

له وڵاتی ئەرجەنتین بازرگان و بەرهەمهێنەران نرخی هێلکەیان بەرز کردەوە بە جۆرێک زیاتر لە 25% زیاد کرا، بەکاربەری ئەو وڵاتە هێندە زیرەک و رۆشنبیر بوون هێلکەیان نەکڕی، لەکاتێکدا کێڵگەکانی هەڵهێنەری پەلەوەر رۆژانە بەرهەمی هێلکەیان زیاتر دەکردو لە بازاڕیش وەکو خۆی دەمانەوەو نەدەفرۆشران، بەرهەمهێنەران بەم هەڵوێستەی کڕیاران سەرسام بوون، بەڵام بڕیاریان نەدا نرخ نزم بکەنەوە، بەڵکو وا بیریان کردووە بەکاربەران ناتوانن بێ خواردنی هێلکە بژین و ماوەیەکیتر پەشیمان دەبنەوە، کەچی هێلکەخۆرەکان لەسەر بڕیاری خۆیان پەشیمان نەبوونەوە، بەمەش بازرگانان زیانێکی زۆریان پێگەیشت لە بازاڕو هەندێکیان مایەپووچ بوون، دواجار نرخی هێلکە نزم کرایەوە بەجۆرێک بەراورد بە پێشتر 75% نرخیان دابەزاند. بۆئەوەی چیتر بازرگانە بێویژدانەکانی کوردستان لەسەر گیرفان و تەندروستی خەڵکی دەوڵەمەندتر نەبن و رۆژانە یاری بە بازاڕ نەکەن و هەڵاوسانی ئابووری دروست نەکەن، پێویستە کڕیاری کوردستان لەگەڵ هەر گرانییەکی کاڵاو جلوبەرگ و کەرەستەو خواردەمەنیدا، مان بگرن لە کڕینی ئەو شمەکە تا نرخ بەرز نەبێتەوە، ئەمەش پێویستی بە رۆشنبیری زیاتر هەیە، بەتایبەت میدیای کوردستان فەرهەنگی کڕین و فرۆشتن بڵاو بکەنەوە تا فریو نەدرێن لە رێکلامکردن و کڕینی کاڵاو شتومەک.

***لە ژمارە(142)ی تشرینی دووەمی 2013 رۆژنامەی (بازرگانی سەردەم) بڵاوکراوەتەوە**

## چۆن ژێرخانێکی ئابووری بەهێز دروست بکەین؟

پێش ئەوەی باس لە رایەڵە گرینگەکانی بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری بکەین دەبێت بزانین ئایا ژێرخان چییەو ژێرخانی ئابووری لە چی پێکدێت. ژێرخانی ئابووری بریتییە لە:

1.رێگاوبان و پرد:

لە شێوەی رێگەی سەرەکی و لاوەکی لە وڵات، کە شارە گەورەکان و قەزاو ناحیە و گوندەکان بەیەکەوە ببەسترێتەوەو، رێگاکان بە کوالێتی بەرزو فراوان دروست کرابن و توانای مانەوەیان هەبێت بۆ ماوەیەکی درێژو، رەنگدانەوەی خراپ لەسەر هاتوچۆ دروست نەکات، ئەمەش بە شادەماری ئابووری هەموو وڵاتێک دادەنرێت. پڕۆژەکانی رێگاوبانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی کاری لەسەر کراوەو ئاسانکاری کراوە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نەبووەو رێگا سەرەکییەکانی نێوان شارە گەورەکان تا ئێستا بە رێگەی مەرگ ناودەبرێت و، ساڵانە سەدان کەس تووشی رووداوی هاتوچۆ دەبن و دەبێتە هۆی مردن و کەمئەندامبوونی دەیانی دیکە.

2. ئامرازەکانی گواستنەوەو هاتووچۆ:

لە هەرێمی کوردستان لە ئامرازەکانی هاتوچۆ هێشتا زۆر لە دواوەن، تەنها لە بواری فڕۆکەخانە نەبێت کە لە ئاستێکی باشدایە، کەچی تەنها بۆ گواستنەوەی دەرەکی بەکاردەهێنرێت و هێشتا نەخراوەتە خزمەتی گواستنەوەی ناوخۆیی، هێشتا بۆ گواستنەوە ئۆتۆمبێلی کەسی بەکاردەهێنرێت و شەمەندەفەرو

میترۆ کە کارئاسانی زۆر بۆ بواری ئابووری دەکەن بوونی نییە، تەنانەت ماستەرپلانی ڕێگاکەشی بوونی نییە.

3. کارەباو وزە:

بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ژێرخانی وڵات دادەنرێت، لە هەرێمی کوردستان هێشتا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا پشت بە نەوت دەبەسترێت و کەرتی تایبەت ڕۆڵی سەرەکی هەیە تیایدا، هێشتا مۆلیدەی گەڕەکەکان سەرچاوەی سەرەکی وزەی کارەبای ماڵانن، تەنانەت کارگە و کۆمپانیاکانیش پشت بە مۆلیدەی خۆیان دەبەستن، کەوایە قسەکردن لەسەر ژێرخانی کارەبا زیاتری دەوێت و پێویستی بەوەیە حکومەت بە جدی کاری بۆ بکات.

4. بەنداو، تۆڕی ئاوی خواردنەوەو ئاودان و ئاوەڕۆ:

لە هەرێمی کوردستان دوو بەنداو هەیە، بۆ ژێرخانێکی ئابووری بەهێز پێویستمان بە دەیان بەنداوی دیکەیە و لە ئەرزی واقیعدا ڕێگری نییە بۆ دروستکردنی، هەروەها بۆ ئاوەڕۆو پاشماوەکان لە ئاستێکی لاوازداین و کار بۆ ئەوە نەکراوە لە هەرێمی کوردستان یەک سیستمی ئاوەڕۆ هەبێت، ئەوەش بەکاربهێنرێتەوە بۆ بەرهەمێنانی کارەبا یان شتی دیکە.

5. دامەزراوەی باڵا بۆ گەشەپێدانی ئابووری:

لەگەڵ ئەوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئەنجومەنی باڵای ئابووری لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام ئەوانە یەکێکیان کۆکردنەوەی داهات و دابەشکردنێتی لە شێوەی خەرجی، ئەوەی دیکە لە کۆمەڵێ کەسی پلە باڵای ناپسپۆڕی ئابووری پێکهاتووە،

ناکرێت چاوەڕوانیان لێ بکەیت ژێرخانێکی ئابووری دروست بکەن، لە دانانی یاساو رێساو رێنمایی لەپێناو گەشەی ئابووری تاک و کۆمەڵگە و هەنگاونان بۆ ژیانێکی خۆشگوزەرانی ئابووری.

6. نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی، دەرمانخانە، دامەزراوی کوالیتی کۆنترۆڵی دەرمانی حکومی.

7. باڵەخانەی قوتابخانەو باخچەی ساوایان و کەمپی زانکۆکان و، سیستمێکی سەردەمیانەی بواری فێرکردن و فێربوون لە گشت قۆناغەکانی خوێندن.

8. دامەزراوەی یاسادانان و دادەوەری کە پارێزەری هاوڵاتی بێت و، هەموو کەسێک بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و سیاسی و شارو ئینتیمای حیزبی جێبەجێی بکەن، کەس لە سەرووی یاساوە نەبێت.

9. سەرچاوەی سروشتی لە شێوەی کشتوکاڵ، وزە ...هتد.

بوونی ژێرخانێکی ئابووری بەهێز، پێویستی بە نەخشەرێگەی ستراتیژی لەنێوان 10-20 ساڵ بەرەو سەرە، تا لەنێو ئەو پلانە دوورمەودایەدا روانگەی گەشەپێدان و دروستکردنی ژێرخان بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەو سونگەیەوە هەرێمی کوردستان سەرباری هەموو ئەو ئاستەنگانەی لەبەردەمیدا بووە بە ئابلۆوقە ئابووری و سیاسییەکانیشەوە دەیتوانی ژێرخانێکی بەهێز دروست بکات، هەرچەندە کاری لەسەر کراوە، بەڵام لە ئاست خواستی خەڵکدا نەبووە، لەم ماوەیەدا بەراورد بەو داهاتەی لەبەردەستدا بووە، دەکرا هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ

بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر لەپێناو پڕکردنەوەی پێداویستییە گشتییەکانی کۆمەڵگە، چونکە رووداوە خێراکانی جیهان و ناوچەکە لە روانگەی پێشکەوتنە خێراکانی بواری تەکنۆلۆژیا، وایکردووە حکومەت تەنها بۆ ژێرخانی ئابووری بیر لە رێگاوبان و تەلارو پرۆژەی زەبەلاح و نەخۆشخانە و قوتابخانە و فرۆکەخانە ...هتد نەکاتەوە، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەدا دەبێت بیر لە ژێرخانێکی کارگێڕی سەردەمیانە بکاتەوە کە لەگەڵ تەکنۆلۆژیای سەردەم بگونجێت، بۆئەوەی بە کەمترین کات و تێچوو زۆرترین خزمەتگوزاری بگەیەنێتە کۆمەڵگە، ئەمەش بە سیستمێکی کارگێڕی هاوچەرخ بە سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا دێتە ئاراوە، کە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت.

ئەگەر خوێندنەوەیەکی زانستیانە بکرێت بۆ کاراکتەرە سەرەکییەکانی ناوەندی بڕیار لەنێو دامەزراوە گشتییەکاندا، دەبینین سەرچاوەی سەرەکی ئیفلیجبوونی دامەزراوەکان لە نەبوونی بەرهەمی کەم و تەنانەت لەناوبردنی هۆکارەکەی سامانی مرۆیی بووە، نەک سامانی سروشتی و نەبوونی بودجەی پێویست.

## تاکی کورد تاکێکی وەبەرهێنە یان بەکاربەر؟

تاکی کورد بە گشتی بەکاربەرە، ئەگەر ئەمە بۆ بەساڵاچووان و منداڵان تاڕادەیەک گونجاو بێت، بۆ گەنجان شوورەییە، چونکە ئێستاو داهاتووی وڵات لەسەر شانی گەنجانە، دوای راپەڕین نەوەیەک پەروەردە بووە، خاڵییە لە هەستی بەرپرسیارێتی و نیشتمانی، هەستی نیشتمانی ئەوە نییە، بڕۆیتە بەرەکانی جەنگ

خوێن ببەخشیت و شەهید بیت، ئەمە پیرۆزە، لەپاڵ ئەمەدا دەبێت بخوێنیت و بڕوانامەی بەرز بەدەست بهێنیت و سوودبەخش بیت بۆ کوردستان و، کار بکەیت بۆ ژێرخانێکی ئابووری بەهێز، نەک بڕوانامەت هەبێت و خزمەتی پێ نەکەیت، کەسانێک هەن بڕوانامەیان نییە وەک پینەدۆز یان ئاسنگەر ...هتد، کەچی دوو ئەوەندەی کەسی خاوەن بڕوانامەی بەرز بە کردار خزمەتیان بە کوردستان کردووە.
دەبێت سیستمی پەروەردە تاکێک بەرهەم بهێنێت نەک فێری ماسیگرتنی بکات، بەڵکو فێری ئەوەی بکات قولابی ماسیگرتنەکەش خۆی دروستی بکات، نەک لە وڵاتان بۆی هاوردە بکرێت، کەچی تاکی کورد تەنها فێری ماسی خواردن دەکرێت، ئەمەش بەرهەمی ئەو پەروەردە چەوتەیە کە ئاوێزانی کلتوور بووە، پەروەردەیەک کە دیاردەی گەندەڵی بردۆتە هەموو ماڵێک، لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک هەر وڵاتێکی دیکە گەندەڵی دیاردە بووە، بەڵام لە دوای ساڵی 2005ەوە هاتنی پشکی بودجەی کوردستان لە بەغدا دیاردەی گەندەڵی بۆتە کلتوور، ئێستا گەندەڵی چۆتە خوێنی هەموو کەسێک و رەگی بڵاو بۆتەوە، وایکردووە تاکی ئێمە ببێتە بەکاربەر. دەزگا پەیوەندیدارەکان لە حکومەت سەرقاڵی ئەوەن چۆن چارەسەری ئەو نەخۆشییە کوشندەیە بکەن، دەرمانێک نییە بەرەنگاری کلتووری تەمبەڵی بێتەوە، مەگەر بە پەروەردەیەک کە دیسان 28 ساڵی دیکەی دەوێت بۆ چارەکردن، ئەو کاتە تاکی بەرهەمهێن لەدایک دەبێت و

کۆمەڵگەی بەرهەمهێن دێتە کایەوە، بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی ئابووری بەهێز دەبێت، لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێ بکەین بۆ بونیادنانەوەی تاک، واتە ژێرخان بەبێ بوونی سەرخان دروست نابێت.

## کلتووری گەندەڵی و ژێرخانی ئابووری

بەڕێوەبردن زانستە دواتر هونەرە ئینجا پیشەیە، ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەگوزەرێت، سیستمی بەڕێوەبردنەکەی هی سەدەکانی رابردووە، تەنانەت لە هەندێ وڵاتی دواکەوتووش پەیڕەو ناکرێت، بۆیە کاتێک سیستمی بەڕێوەبردنت دواکەوتوو بێت، چۆن دەکرێ کارگێڕییەکی لێهاتوو دروست بکەیت؟ دانانی بەرپرسانی کارگێڕی لە کوردستان لەسەر بنەمای حیزبیە و لەنێو حیزبەکانیشدا لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی و بەرژەوەندی ئابوورییە، بۆیە دانانی کەسەکان لەسەر بنەمای کارامەیی و لێهاتوویی نییە، بەجۆرێک بۆ کاندیدکردنی هەر پۆستێک ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسانی نزیک خۆیان کاندید دەکەن، لە دوارۆژی بڕیاردان لەسەر دانانی ئەو کەسە لەو پۆستە، خراپترینی نێو خراپەکان دیاری دەکرێت، هۆکاری دەستنیشانکردنی کەسانی لاوازیش بۆ پۆستەکان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو کەسە لاوازانە زیاترو خێراتر دەچنە ژێر باری داواو خواستە نایاساییەکانی ئەو کەسانەی بڕیار لەسەر پۆستەکان دەدەن، زۆرینەی پۆستە کارگێڕییەکانی کوردستان لە بەرپرسی هۆبەیەکەوە تا دەگاتە وەزیرێک لەسەر ئەو بنەمایە دیاری دەکرێت، ئایا دەکرێ لەو دۆخەدا کوردستان

کارگێڕییەکی کارامەی هەبێت هەم سیستمی دواکەوتوو، هەم بەرپرسی ناکارامە، ئەمە هەموو ئاست و کەسەکان ناگرێتەوە، بەڵام زۆرینەی ئاوایە.

ئەگەر بمانەوێت کارگێڕییەکی لێهاتوو لەسەر ئاستی گشتی دامەزراوەکانی حکومەت دروست بکەین، دەبێت سەرەتا سیستمی کارگێڕی بگۆڕین، پاشان بە کەمترین کارمەند زۆرترین کار بکەین، شێوازی بەرپرسیاریێتی بگۆڕدرێت بۆ خزمەتکاری، چونکە سادەترین پێناسەی کارگێڕی خزمەتکردنی ئەوانی دیکەیە کە دەکاتە خەڵک، کەوایە ئەگەر بەرپرس خۆی بە خزمەتکار زانی و مووچەکەی لەگەڵ کارمەندەکانی جیاوازی ئەوتۆی نەبێت، مەگەر بە ساڵانی خزمەت و بڕوانامە بێت، ئەوا کارەکان بە تیم بەڕێوە دەچن، پاشان کارامەیی کارمەندان زیاد بکرێت لە رێگەی مەشقکردن و راهێنانەوە لەلایەن کەسانی شارەزا، مەرج نییە بنێردرێنە دەرەوە، بەڵکو دەکرێت تەنها یەک کەسی شارەزای بیانی بهێنرێت بۆ سەدان کەس، بە کەمترین تێچوو، زۆرترین کەڵک بە دامەزراوەکانی حکومەت دەکرێت، خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە دەستی هێزە سیاسییەکان دەربهێنرێت لەنێو دەزگاکان، چونکە هەر کەسێک ئاستی لاوازو ناکارامە بێت، ئەوان پشتگری دەکەن لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان، بۆیە ئەو کاتە لەنێو هەر دەزگایەک سزاو پاداشت نەما، ئەو دەزگا حکومییە ئاستەنگی دێتە بەردەم و لە کۆتایی ناکارا دەبێت و رۆڵ خۆی نابینێت و نەخۆشی گەندەڵی دەچێتە ناو هەموو جومگەکانیەوە، ئەو گەندەڵییەش تەنها بەرپرسە باڵاکان

نـاگرێتەوە، بەڵکـو کارمەنـدەکانیش دەگـرێتەوە، بەشـێکی زۆری کارمەند لە دەزگاکانی حکومەت پێش قەیرانی داراییش هەمـوو ڕۆژەکـانی هەفتە دەوامیـان نەکـردووە، یـان دەوامیـان کـردووە، بەڵام بەرهەمیـان نەبووە، کە بە زمـانی ئـابووری پێـی دەوترێت "بێکاری شـاراوە"، مـووچە وەردەگرن و دەوامیش دەکەن، بەڵام زۆرینەی کاتەکانیـان لە کافتریـای دەزگـاکەن، یـان لە ژوورێکدا کۆبـوونەتەوە، بە گـروپ بـاس لە گەنـدەڵی و کەموکوڕییەکـان دەکەن و ڕەخنەیـــان لە حکـــومەت هەیە یـــان لەنێـــو تـــۆڕە کۆمەڵاتییەکـان خەریکی کۆمێنت و شـێرو لایکن، دەوام کۆتـایی دێـت کەسـیان بـۆ چـرکەیەکیش کاریـان نەکـردووەو مـووچەش وەردەگـرن، ئەمـانە وەک سـەرخان دەبـنە بنەمـایەک بـۆئەوەی ژێرخـانی ئـابووری دروسـت نەکرێت، چـونکە کـارکردن لەسـەر ژێرخان بە ڕۆژێک و دووان ئەنجام نادرێت، پێویستی بە پلان و ستراتیژە، ئینجـا جێبەجێکـردن بەپێـی ئەو داهـاتەی لەبەردەسـتە، ئەمەش کەســـی شـــارەزاو لێهـــاتوو، خزمەتکـــار، دڵســـۆز، نیشتمانپەروەری کرداری نەک زارەکی و قسە.

***لە ژمارە (28)ی هاوینی 2019، گۆڤاری (سامان) بڵاوکراوەتەوە**

## پرۆسەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان

سەبارەت بە پرۆسەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن گۆڤاری(وەبەرهێنان) چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەکرا، کە لە ژمارە(8)ی زستانی 2019 بڵاوکراوەتەوە ئەمەی خوارەوە پوختەی پرسیارو وەڵامەکانە، کە بەپێی ئەو زانیارییە هەمە وەڵاممداتەوە.

*** چی وایکرد دوای رووخانی رژێمی بەعس بەتایبەت پاش ساڵی 2007 زۆرترین رێژەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق؟**

- زەمینەسازی بۆ وەبەرهێنان لە هەر وڵاتێکدا پەیوەستە بە سەقامگیری سیاسی و بوونی ئاسایش و ئارامی، ئەو وڵاتەی نائارام بێت و ئاسایش تیایدا بەرقەرار نەبێت، وەبەرهێنەر ئامادە نییە سەرمایەگوزاری تیا بکات و سەرمایەکەی بخاتە مەترسییەوە، لەبەرئەوەی سەرمایە ترسنۆکەو هیچ سەرمایەدارێکیش سەرکێشی ناکات لە شوێنێک کە نەزانێ کۆمپانیاکەی پارێزراو نییە، لەو روانگەیەوە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵانی 2003ەوە تا ئێستاش بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق تەنانەت لەو کاتەی دەوڵەتی تیرۆریستی داعش پەلاماری کوردستانی دا هێشتا ئارامتر بوو، بۆیە هەم سەرمایەدارە ناوخۆییەکانی کوردستان و هەمیش سەرمایەدارانی عەرەب لە ناوچەکانی دیکەی عێراق تەنانەت هەندێ وڵاتی دیکەی عەرەبی وەک لوبنان و ئیمارات و ئوردن و میسرو وڵاتانی هەرێمایەتی وەک ئێران و تورکیا، لەبری ئەوەی

سەرمایەکانیان لە شارەکانی بەغداو بەسرەو موسڵ بخەنەگەڕ، دەهاتنە کوردستان.

*** زۆرجار گلەیی دەکرێت گوایە سەرمایەگوزاری لە پارێزگای هەولێر بەراورد بە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان زیاتر بووە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- راستە، بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، یەکەم، پارێزگای هەولێر بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە سەقامگیری سیاسی و ئارامی و ئاسایشی تێدا بووە، بۆ نموونە پارێزگای دهۆک هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا کاریگەری هەبووە، هەروەها پارێزگای سلێمانی ناسەقامگیری سیاسی و بوونی خۆپیشاندانەکان و ناکۆکی لایەنە سیاسییەکان وایکرد سەرمایەدرانی بیانی و ناوخۆیی لەو پارێزگایە کەمتر وەبەرهێنان بکەن، ئەوەی هەشە هاتنە شاری هەولێر. دووەم، پارێزگای هەولێر رووبەری ناو سەنتەری شارەکەی فراوانترەو زەوی بەرفراوانی هەیە، وەبەرهێنان زیاتر لە کەرتی خانووبەرە کراوە لەسەر ئاستی کوردستان، بەهۆی ئەوەی ئەو شارە پایتەختی سیاسی و ئابووری هەرێمی کوردستانە زۆرترین ئاوارەی ناوچەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق و تەنانەت پارچەکانی دیکەی کوردستانیش روویان لە هەولێر کردووە. سێیەم، هەولێر بۆتە تونێلی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان تاران و ئەنقەرەو شارەکانی دیکەی عێراق.

*** هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت لە رووی ئابوورییەوە بەهێز بێت؟**

– حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک دامەزراوەی فەرمی بە تەنها ناتوانێت ئابوورییەکی بەهێز دروست بکات، دەبێت کەرتی تایبەت رۆڵی خۆی بگێڕێت، واتە دەبێت پەرلەمان بە یاسا زەمینەسازی بکات و ئاسانکاری بکات بۆ لەدایکبوونی کەرتێکی تایبەتی نیشتمانی و کوردستانی و بە مۆراڵ، هەروەها حکومەتیش وەک دامەزراوەیەکی جێبەجێکار یاساکان وەک خۆی بۆ هەموو سەرمایەدارێک پەیڕەو بکات و ژینگەیەکی شیاوو یەکسان و دادپەروەرانە بێنێتە کایەوە، کە هەموو کەسێکی خاوەن سەرمایە چ بیانی یان خۆماڵی هەلی کارکردنی هەبێت لە بازاڕدا، نەک ئاستەنگ و پاساوهێنانەوە بۆئەوەی کەسانێکی سیاسی خاوەن هێز لەبەرامبەر ئاسانکارییەکان بکرێتە خاوەن پشک لە پڕۆژەکان، ئەمانە لەمپەری گەورەن لەبەردەم گەشەی ئابووری کوردستان، چونکە سەرمایەگوزاری لە کەرتی خانووبەرەو بازرگانی لە هاوردەکردنی کالاّو کەرەستەی تورکی و ئێرانی و چینی و وڵاتی دیکە نابێتە هۆی گەشەی ئابووری کوردستان، بەڵکو دەبێت پشت بە کەرەستەی ناوخۆیی ببەسترێت، ئەمەش دەبێت سەرەتا سیستمێکی ئابووری تایبەت بە هەرێمی کوردستان هەبێت، کە دیسان هەرێمی کوردستان سەر بە بەغدایە و ناتوانێت سیستمی تایبەتی ئابووری هەبێت، هەروەها تا ئێستا دەستووری تایبەت بە هەرێمی کوردستان نییە کە لە نێو دەستوورەکەدا فەلسەفە

و سیستمی ئابووری کوردستان دیاری بکات، بەڵام ڕێگەی دیکەی ئاسانتر هەیە تا دەستوورمان دەبێت و لە بەغدا جیا دەبینەوە، لەبری هاوردەکردنی کاڵای بیانی با کارگەیەکی بەرهەمهێنان یان لقی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی جیهانی جا وڵاتانی عەرەبی بێت یان هەرێمایەتی یاخود وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکانی رۆژئاوا بێت بهێننە کوردستان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئابوورییەکی بەهێزو بەشداری دەکەن لە بەکارخستنی گەنجانی کوردستان و چی دیکەش داهاتی نەتەوەیی کوردستان ناچێتە دەرەوە بۆ گیرفانی جوتیارو خاوەن کۆمپانیاکانی وڵاتان، واتە ئەو پارەیە لە بازاڕی کوردستان دەستاودەستی پێ دەکرێت و سەرمایەگوزاری لە هەموو کەرتە ئابوورییەکان کەڵکی لێ وەربگیرێت و، لە دۆخی لەم جۆرەی ئێستای کوردستان تێیکەوتووە روبەڕووی قەیرانی دارایی نەبێتەوە، لە رابردوودا زیاتر لە 60%ی داهاتی هەرێمی کوردستان چۆتە دەرەوە، تەرازووی بازرگانی لاسەنگە و، ڕێژەی زۆرینەی کەرەستە و کاڵاکانمان بە بەرهەمی کشتوکاڵیشەوە لە دەرەوە هاوردە دەکرێت، هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە چەند بەروبوومێکی دیاریکراو بە ڕێژەی پاش سفر دەنێردرێتە دەرەوەی کوردستان و، هەندێکیش لە بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵی دەنێرێتە ناوچەکانی خوارووی عێراق ئەوەش لە وەرزێکی دیاریکراودا، بە گشتی ئابووری بەهێز بەوە دەبێت کەمترین پێداویستی لە دەرەوە هاوردە بکەیت و پشت بە بەرهەمی خۆماڵی ببەستیت، باشترین ڕێگەش هێنانی کارگەی

هەمەجۆرە ئەوەش لە ڕێگەی کەرتی تایبەت دەبێت، هەروەها دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانەش بدرێت بە کەرتی تایبەت و چالاکییە ئابوورییەکان بە گشتی بسپێردرێت بە کەرتی تایبەت و حکومەتیش تەنها چاودێر بێت، نەک هاوبەش و پشکی هەبێت، ئەو کەرتی تایبەتەی ئێستا هەیە، ناکرێت ناوی بنێین کەرتی تایبەت، چونکە هەموو ئەوانەی کۆمپانیایان هەیە کەسێک لەناو حکومەت یان لە نێو هێزە سیاسییەکان پشکیان لە کۆمپانیاکان هەیە، بەوەش حکومەت ناتوانێت چاودێری کەرتی تایبەت بکات، پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو، لە کوردستان لە پشت هەموو بازرگانەکان سیاسییەکی بەهێز هەیە، بەڵام لە ئەوروپا لە پشت هەر سیاسییەک بازرگانێکی بەهێز هەیە.

*** هۆکاری چی بوو هەرێمی کوردستان نەیتوانی بەرگەی قەیرانی دارایی بگرێت؟**

- هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو هەموو هێلکەکانی لەناو یەک سەبەتە دانابوو، ئەوەش سەبەتەی کەرتی وزە بوو، بۆئەوەی هەر قەیرانێک کە دروست دەبێت هۆکارەکەی دەرەکی بێت یان ناوخۆیی، حکومەت لەرزۆک نەکات، دەبێت هێلکەکان دابەش بکەیتە سەر سەبەتەی هەموو کەرتە ئابوورییەکان، لە لایەکی دیکە حکومەت لەبەرئەوەی کێشەی هەبووە لەگەڵ بەغداو هیچ یەدەگی نەبووەو لە کۆی ئەو قەرزانەی عێراق وەریدەگرێت پشکی هەرێمی کوردستان نادات، ئەوەش وایکرد هەرێمی کوردستان نەتوانێت بەرگەی قەیرانەکان بگرێت، چۆن بەرگە دەگرێت، حکومەتێک سەرچاوەی سەرەکی داهاتەکەی ئەو

پشکەی بێت لە بەغداوە بێت و، پلانی نەبێت بۆئەوەی داهاتی ناوخۆیی زیاد بکات نەک لە ڕێگەی باج و رسومات، بەڵکو لە ڕێگەی کەمکردنەوەی خەرجییە ناسەرەکییەکان و بەگەڕخستنی کەرتە ئابوورییەکانی دیکە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت، لە ساڵی 2005ەوە تا 2014 کەمترین ڕێژەی بودجە لە کەرتی تایبەت و حکومەت بە ڕێژەی 3% بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان کراوە، ئەو وڵاتانەی بەرهەمی ناوخۆییان هەیە درەنگتر قەیرانەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر خەڵک دروست دەکات.

*** پێشکەوتنە خێراکانی بواری ئابووری تا چەند زیانی پێگەیاندین؟**

- کامە پێشکەوتنی ئابووری، پێشکەوتنی ئابووری بە دروستکردنی تەلاری بەرزو ڤیلاو مۆڵ و مارکێت و ڕێستورانت و جلی جوان و هاوردەکردنی کەرەستەی خانووبەرەی بیانی نابێت، ئەگەر پرسیارەکە ئەوەیە لە دوای ساڵی 2005ەوە پشکی هەرێمی کوردستان تا 2014 لە بودجەی عێراق لەنێوان 10-13% بۆ هەرێمی کوردستان هاتووەو مووچەی کارمەندانی حکومەتی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاد بوو، کە بە یاسا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو بڕیارە سەقەتە درا بێ ئەوەی دیراسەی ئابووری بکرێت لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵک، بەڵام نەیانزانی بەرزکردنەوەی مووچە، بەرزبوونەوەی ئاستی گشتی نرخ لە بازاڕ بە دوای خۆی دەهێنێت و هەڵاوسان دروست دەکات، ئەو پارە زۆرە بەو

قەبارەیە هاتە بازاڕ کاریگەری نەرێنی خستە سەر بازاڕی کوردستان و خەڵکی لە بەرهەمهێنەوە کردە بەکاربەر.

**٭ داهاتی تاک بەراورد بە ئاستی گشتی نرخ ناهاوسەنگییەکی بەرچاوی هەیە، چی بکرێت تا هاوسەنگی بگەڕێتەوە؟**

– هۆکاری سەرەکی ئەمە نەبوونی سیاسەتی دارایی و نەختینەییە لەسەر ئاستی عێراق ئەو ناهاوسەنگییە روویداوە، کەسانی نەشارەزا لە ناوەندی بڕیار بوونەتە هۆی ئەمە، سیاسەتەکانی عێراق رەنگدانەوەی لەسەر کوردستانیش هەیە و بازاڕی کوردستان و عێراق پەیوەستە بە یەک سیاسەت، چارەسەری ئەو دۆخەش تەنها بە بوونی فەلسەفەی ئابووری دەوڵەت دەبێت ئایا سیستمی بازاڕی ئازاد یان هەر سیستمێکی دیکەی ئابووری پەیڕەو دەکات، عێراق لە رووی تیۆری جۆرە سیستمێکە و لە پراکتیک جۆری دیکە، بۆیە لە عێراقێکدا مافی ئیدارەی بدات، چۆن دەکرێت هاوسەنگی بگەڕێتەوە بۆ بازاڕ، هەرێمی کوردستانیش هەتا سەربەخۆ نەبێت لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە ناتەوانێت پلانێکی دوور مەودا دابنێت بۆ هاوسەنگی بازاڕ، بەتایبەت ئێمە بۆ هەموو شتێک پشت بە بازاڕی دەرەکی دەبەستین، تاکو زۆرینەی بەرهەمەکانمان ناوخۆیی نەبن، حکومەت ناتوانێت دەست بخاتە بازاڕەوە، واتە دەبێت سیستمی ئابووری تێکەڵاو پەیڕەو بکات، پاشان چاودێری بازاڕ بێت لە دۆخیکیشدا ناهاوسەنگی هەبێت دەستتێوەردان بکات لەپێناو پاراستنی مافی بەکاربەر، هەرچەندە زۆرجار تاک پێیوایە بە زیادکردنی مووچەکەی بازاڕ هاوسەنگی بۆ

دەگەڕێتەوەو مووچەکە لەئاست نرخی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان دەبێت، بەڵام ئەوە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، چونکە چەندە داهاتی تاک بەرز بێتەوە، خواستی لەبەرامبەر کاڵاو پێداویستییەکانی زیاد دەکات، بەمەش گۆڕانکاری لە کێرڤی خواست ڕوودەدات بە بەرزبوونەوەی ئاستی گشتی نرخ، ئەوەش دیسان دەمانباتەوە خاڵی سفرو لە بازنەیەک دەخولێنەوە، بۆیە دەبێت بە زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی و چاودێری بازاڕ ئەو هاوسەنگییە بگەڕێتەوە، ئەو ژینگە سیاسی و ئابوورییە ئێستای عێراق و کوردستان تێیکەوتووە ئەمە جارێ مەحاڵە بەو خێراییە بێتەدی.

*** ئاستی سەرکەوتنی پرۆسەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

- ئەگەر خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی بۆ بکەین، ئامانجی خۆی نەپێکاوە، ڕەنگە لە ڕووی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتییەوە، لەسەر ئاستی گروپ و تاک ئامانجی خۆی پێکابێت، بەڵام ئەو قەبارە زۆرەی وەبەرهێنان لە ساڵانی 2006 تا 2018 ئایا بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ڕادەی دیاردەی بێکاری و هەژاری و هەڵاوسان یان گەشەی ئابووری بە مانا زانستییەکە یان بووە هۆی ئەوەی بارگرانی بەکارخستن لەسەر حکومەت کەم بکاتەوە، بەرێژەیەک لە هەندێ سێکتەر کار کراوە، بەڵام لە ئاست خواستی خەڵکی کوردستان و پێداویستییە سەرەکییەکانی ئابووری کوردستان نەبووە، بەڵام بۆ قۆناغێک کە سەرەتای کاری وەبەرهێنان بوو، شتێکی باش بۆئەوەی سەرنجی

وەبەرهێـنەری بیـانی رابکێشـرێت بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، هەرچەندە رێژەیەک کەم سەرمایەی بیانی هاتۆتە کوردستان.

*** چـی بکرێـت تـا کەرتـی وەبەرهێنـان لە گشـت کەرتە ئابوورییەکان کارا بکرێت؟**

- دوای هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان، دەبێت حکومەت ئەولەویەت بە کەرتە سـەرەکییە ئابوورییەکانی وەک کشـتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری بدات، واتە هانی وەبەرهێنەری بیانی و ناوخۆیی بدات زیاتر وەبەرهێنان لەو کەرتە سەرەکییانە بکەن، چ بە یاسا ئاسانکارییان بۆ بکات یان لێخۆشبوونیان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن یان زەوییان پێ بدات، یان قەرزی درێژخایەنیان بۆ پەیدا بکات لە بانکە گەورە جیهانییەکان، یاخود هەر شتێکی دیکە کە رێـگە خـۆش دەکـات بـۆ وەبەرهێنـان لەو کەرتـانە، دەبێـت حکومەت هاوسەنگی رابگرێت لەنێوان گشت کەرتە ئابوورییەکان تاکو وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، ئەوەی ئێستا هەیە بازرگانییە کە بە مـاوەیەکی خێـرا سـەرمایەردار قـازانجێکی زۆری دەسـت دەکەوێت و کەمترین کەڵکی ئابووری بۆ کوردستان هەیە.

*** رەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنەری بیانی تا چەند کەڵکی بە گەشەی ئابووری کوردستان گەیاندووە؟**

- بەپێـی ئامـاری دەسـتەی وەبەرهێنـان رێـژەیەک لە سـەرمایەگوزاری بیـانی لە کەرتە ئابوورییەکـان لە هەرێمـی کوردستان کراوە، بەڵام جێی دڵخۆشی نییە، چونکە رەنگدانەوەی لەسـەر گەشـەی ئـابووری هەرێمـی کوردسـتان نەبـووە، بەو رێـژەیەی کە دڵمـان پێخـۆش بکـات، ئەو وەبەرهێنـانەی کـراوە

زیاتر لە بواری کەرتی خانووبەرە بووە بە ڕێژەی نزیکەی 80%، لەکاتێکدا کاریگەری کەمبووە لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی کرێچی و دیاردەی بێکاری و هەژاری و بەرزکردنەوەی داهاتی تاک، چونکە زۆرینەی پڕۆژەکان لەسەر زەوییە کشتوکاڵییە بەرهەمهێنەرەکانەوە کراوە بۆ پڕۆژەی بەکاربردنی خانووبەرەو نابنە سەرچاوەی داهاتی حکومەت لە دانی باج و رسومات، بەڵکو زۆرینەی کۆمپانیاکان خۆیان لە باجدان دەدزنەوە.

*** نەبوونی سیستمێکی بانکی پێشکەوتوو تا چەند زیانی بە پڕۆسەی وەبەرهێنان لە کوردستان گەیاندووە؟**

– سەرباری ئەوەی هەرێمی کوردستان بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق و هەندێ وڵاتی دیکەی هەرێمایەتی یەکێکە لە هەرێمە ئارامەکان و سەقامگیری تێدایە، بەڵام نەتوانراوە کەڵک لە سیستمی بانکی پێشکەووتوی جیهانی وەربگیردرێت، نەک هەر سیستمی پێشکەوتوو نییە، بەڵکو متمانە بەو سیستمە کۆنەش نییە، خەڵکی کوردستان وەک تاک متمانەی نە بە بانکی حکومی هەیە، نە بانکی کەرتی تایبەت، هێشتا لە کوردستان کلتووری پاشەکەوتکردنی پارە لە بانکەکان نییە، تا خەڵک فێری پاشەکەوتکردنی پارە نەکرێت لە بانکەکان، چۆن بتوانین سیستمی پێشکەوتوو دابنرێت، دەبێت متمانە بگەڕێنرێتەوە بۆ بانکە حکومییەکان، دواتر بانکەکانی کەرتی تایبەت تا ئەو قەبارە زۆرەی پارەی خەڵک لە قاسەی ماڵەکان و کۆمپانیاکاندا هەیە بهێنرێنە بانکەکان، دەبێت پارەی تاکی کورستان، لە

سەرمایەداران و بازرگانان و سیاسییەکان لە بانکەکانی دەرەوە بهێنرێتەوە بانکەکانی کوردستان، تا ببێتە چیایەک بۆ ئابووری کوردستان، لە بازاڕی کوردستان ئاڵوگۆڕی پێبکرێت، وەبەرهێنانی پێ بکرێت، بەمە ئابووری کوردستان لە قەیرانی دارایی رزگاری دەبێت، لەو کاتەدا وەبەرهێنەری بیانی متمانە بە بانکەکانی کوردستان دەکات و سەرمایەگوزاریش لەو کەرتە دەست پێدەکات و رەنگدانەوەی ئەرێنی دەخاتە سەر کۆی پرۆسەی وەبەرهێنان لە گشت کەرتە ئابوورییەکان، چونکە نەبوونی سیستمێکی بانکی پێشکەوتوو پرۆسەی وەبەرهێنان بە تایبەت سەرمایەگوزاری بیانی لە هەرێمی کوردستان وەک چۆن لاوازی کردووە ئاوا رەنگە پەکی بخات.

*** ئامارو داتاکانی کەرتی وەبەرهێنان چیمان پێدەڵێن لە کوردستان؟**

- ئەگەر سەیری هێڵکاری پرۆژەکانی وەبەرهێنان بکەین لەسەر ئاستی ساڵەکان و پارێزگاکان و لە هەموو گرنگتر لەسەر ئاستی کەرتەکاندا، جیاوازیەکی بەرچاو دەبینرێت، ئەنجامدانی وەبەرهێنان چ لەکەرتی تایبەت یان گشتی لەسەر بنەمای زانستی و پێداویستی واقیعی ئابووری هەرێمی کوردستان نەکراوە، بەڵکو هێندەی پەیوەندی بە لایەنی میزاجیەوە بووە بە شێوەیەکی رەمەکی ئەوەندە، پەیوەندی بە پلانی ستراتیژیەوە نەبووە، ئەمەش وایکردووە رەنگدانەوەی کەمی هەبێت لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان هەبێت و بەشداریەکی کەمیشی لە کۆی گشتی داهاتی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان

بکـــات، نموونەشـــمان ڕاگرتنـــی بەشـــێکی پڕۆژەکـــان و ڕادەستکردنەوەی بەشێکی دیکەی پڕۆژەکان و بەشێکی دیکەش کەیســـەکانیان لە دادگاکـــانە، پڕۆســـەی وەبەرهێنـــان هێنـــدەی خزمەتـی تـاکە کەسـی و گروپـی کـردووە، بە چـارەگی ئەوەش خزمەتی کۆمەڵگە و تاکی کوردستانی نەکردووە.

*** کەرتی وەبەرهێنان تا چەند ڕۆڵی هەبووە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە کوردستان؟**

- ئەگەر ســەیری داتاکـانی پڕۆژەکـانی وەبەرهێنـان لە ســاڵی 2006ەوە تاکو ئێستا بکەین، لەگەڵ ئەوەی بەهـۆی هێرشـەکانی داعـش بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان و نزمبـوونەوەی بەهـای نەوت لە بازاڕەکـانی وزەی جیهـانی و بڕینـی بەشـە بـودجەی کوردســتان لەلایەن حکــومەتی ناوەنــدی بەغــدا ڕەنگــدانەوەی هەبــووە لەســـەر کەمبــونەوەی پڕۆژەکـانی وەبەرهێنـان، بەڵام ئەگەر بە تێکـڕای ڕێـژەی کارمەنـدانی پڕۆژەکـان وەربگـرین زۆرینەی سـەرمایەدارە بیانییەکـان زۆرتـرین کرێکـاری کـارامەو ناکارامەیـان لە وڵاتـی خۆیـان هێنـاوە، ئەوەی دیـکەش کرێکـاری ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق تیایدا کاریـان کـردووەو کەمترین ڕێژەی کرێکاری ناوخۆیی بووە، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕەنگە دەرچووی زانکۆکـانی کوردسـتان پسـپۆڕییەکەیان لەگەڵ بـازاڕی کـار نەگونجێت، یـان لێهـاتوویی زمانەکـانی بێگانەیـان نییە، یـان بەو بـڕە پـارەی وەک کرێـی دەدرێـت ڕازی نـابن، بە گشـتی ئەو داتایـانە ئەوەمـان پێدەڵێن ئەو پڕۆژانەی ئەنجام دراون وەک پێویست ڕەنگدانەوەی

نەبــووە لەســـەر کەمکــردنەوەی ڕێــژەی دیــاردەی بێکــاری لە هەرێمـی کوردسـتان، ئەگەر بەراوردی ئەو ڕێژەیە بکەیـن لەگەڵ وڵاتـانی دەوروبەر ئەوا هەرێمـی کوردسـتان باشـترە، بەڵام ئێمە خەونـــی زیاترمـــان هەیە، دەبــوایە بەپێـــی ئەو ژمـــارە زۆرەی پڕۆژەکان(هەرچەنـــدە پڕۆژەکـــان لە بـــواری خـــانووبەرەو گەشـــتیاری بـــووە) و ژمـــارەی خەیـــاڵی کۆمپانیـــا خۆمـــاڵی و بیانییەکان ڕێژەی بێکاری کەمتر بوایە.

*** چ بکرێت باشـە تـاکو پڕۆژەکـانی وەبەرهێنـان ڕەنگدانەوەیان هەبێـت لەســـەر کەمکــردنەوەی ڕێــژەی دیــاردەی بێکــاری لە هەرێمی کوردستان؟**

- دەبێـت یاسـای وەبەرهێنـان هەمـوار بکـرێتەوە، هەرچەنـدە بـۆ قۆناغێک ئەو یاسایە باش بوو، بەڵام بۆ ئێستا دەبێت گۆڕانکاری بەسـەر بێت تـا لە گەڵ واقیعـی نوێدا بگونجێت، دواتـر دەسـتەی وەبەرهێنان ژینگەیەکی شیاو بۆ وەبەرهێنان لە کەرتە ئابوورییە بەرهەمهێنەرەکان برەخسێنێت، بەتایبەت لە کەرتەکانی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و گەشـتیاری، چـونکە ئەو کەرتـانە پێویسـتیان بە زۆرتــرین کرێکــار دەبێــت لە هەمــوو پســپۆڕییەکان، کرێکــاری کــارامە بێـت یـان ئاسـایی، هەروەهـا بە یاسـا ڕێگـری بکـات لە بەگەڕخستنی کرێکاری بیانی و گوشار بخـاتە سـەر کۆمپانیاکـان بۆئەوەی زۆرترین کارمەندیان لە خەڵکی کوردستان بێت.

*** وەبەرهێنـان لە کەرتـی نەوت و وزە تـا چەنـد خزمەتـی بە ئابووری کوردستان گەیاندووەو، توانیویەتی هەرێمێکی بەهێز دروست بکات کە زیاتر بەرگەی قەیرانەکان بگرێت؟**

- ئەگەر سـەیری سیاسـەتی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان بکەیـن، وەک فەلسـەفە پلانـی سـتراتیژی حکـومەتی کوردسـتان، بـۆ ئـابوورییەکی بەهێـز لە دوارۆژدا سیاسـەتێکی تـارادەیەک سـەرکەوتووە، بەڵام بـێ کەموکـوڕی نیـیە، بەتـایبەت لە رووی کـارگێڕییەوە زووڵاڵ نیـیە و تـا ئێسـتا نەتـوانراوە قەنـاعەت بە پسپۆڕان و نوخبەی کوردستان بکرێت بەڕێوەبردنی ئەو کەیسـە بێ کەموکوڕییە!، بەڵام وەبەرهێنـان لەو کەرتە نەیتوانیـوە بەقەد ئەوەی چاوڕێ دەکرا خـزمەت بە کەرتە ئابوورییەکـانی دیـکە و تەنـانەت کۆمەڵگەی کوردسـتانی بکـات، لەبەرئەوەی پشتبەسـتنی 90% بە داهاتی نەوت وایکرد قەیرانی دارایی رووبدات، ئەمەش پێشبینیکراو بوو، هەر وڵاتێک بەو رێژەیـە پشـتی بە سـەرچاوەی داهاتی یەک کەرت بەست، وەک هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتە نەوتیانەی لێدێت لە کاتی نزمبوونەوەی نرخی نەوت یان نەمـانی نەوت لەو وڵاتەدا، وەبەرهێنان لەو کەرتە هەرێمی کوردستانی لە ئابووریەکی بەرهەمهێنەوە بەرەو ئابوورییەکی بەرخۆر بردووەو جینۆسایدی شادەماری ئـابووری کوردسـتان کـردووە، بەتـایبەت کەرتـی کشـتوکاڵ کە نەوتـی سـەر زەوی پێـدەوترێت و سەرچاوەی ئاسایشی نەتەوەییەو ستوونی بەهێزی سەربەخۆیی ئـابووری و سـەرچاوەی هەمیشـەیی داهـاتی کوردسـتانە، لە رێگەی ئەو کەرتەوە ئابووریەکی بەهێزدروست دەکات.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی

بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپاو بەتایبەت لە بەریتانیا پێش وڵاتانی دیکە بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، لە دۆخێکی جیاوازداو بەپێی پڕۆسەیەکی مێژوویی لە وڵاتانی دیکەش بڵاو بۆوە، ئەو مێژووەش کە بە شۆڕشی پیشەسازی تیایدا سەریهەڵداوە لە ساڵی1830، لەو ماوەیەدا گۆڕانێکی بەپەلە و رادەی چالاکی پیشەسازی و داهێنان ئێجگار زۆر بووە، بۆیە بەم مێژووە دەناسرێتەوە، ئەگینا بۆ رۆژێک و دووان سەریهەڵنەداوە، بەڵکو 150ساڵی خایاندووە، ئەو شۆڕشە ئەوروپای بۆ قۆناغێکی نوێ گواستەوەو سەرجەم بوارەکانی دیکەی ژیانی لە بنەڕەتەوە گۆڕی و، وەرچەرخانێکی دینامیکی بوو کە تاکو ئێستاش شانازی پێوە دەکەن و پریشکی بۆ وڵاتانی دیکە هاوێشت و مرۆڤایەتی کەوتە دۆخێکی نوێ و جیاوازەوە.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا

1. جەنگی خاچپەرستەکان:

جەنگی خاچپەرستەکان کە لە سەدەی دوانزەیەمی زایینی دەستیپێکرد، ئامانجێکی ئابووری لە پشتەوە بوو، بۆیە پێشەسازی ئەوروپی بۆ پێشەوە برد، کە بووە هۆی زیادبوونی سامان، پێشەوەچوونی بازرگانی، پێشەوەچوونی پیشەسازی چەک و تەقەمەنی و ئاسن و مس.

2. دۆزینەوەی جوگرافیاکان و فراوانبوونی بازرگانی ناوخۆو دەرەوە:
أ. کریستۆڤەر کۆلۆمبس (1415-1506)ی ئیتالی لە ساڵی 1492کیشوەری ئەمریکای دۆزییەوە.
ب. ئەمیریکۆ ڤسپۆشی (1404-1512)ی ئیتالی چەندین شوێنی دۆزییەوەو سەری لە ئەمریکا داوە ناوی ئەمریکا لەوەوە هاتووە.
جـ- ڤاسکۆدی گاما (1404-1544)ی پورتوگالی لە ساڵی 1498، ریگای هیندستانی دۆزییەوە، واتە (رأس الرجاء صالح) لە هیندستانەوە بۆ رۆژهەڵاتی ئاسیا.
د- (ماجەلان فێردیناند)ی پوتوگالی یەکەم کەس بوو بە دەوری جیهان گەڕاوەو زۆر شوێنی دۆزییەوە، ئەمانە بوونە هۆی فراوانی ریگای بازرگانی و ریگای دەریایی ئاسانتر.
3. زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و دروستبوونی شاری گەورە:
لە سەدەی هەژدەیەم ژمارەی دانیشتوان ئێجگار زۆر زیادی کرد، بەڕادەیەک دە بەرامبەری ژماری پێشوو، ئەمە لە ئەنجامی کۆچکردنی دێهاتییەکان بۆ شارو زیادبوونی سروشت.
4. زۆربوونی سەرمایە:
بەهۆی زیادبوونی زۆری بازرگانیکردنی ئەوروپییەکان، سەرمایەیەکی زۆریان راکێشایە وڵاتەکانیان، وایکرد دەیان پڕۆژە دروست بکەن و کارگە لە وڵاتانیان زیاد بکەن.
5. نەمانی دەربەگایەتی و خاوەن موڵکە زۆرەکان:

بازرگانـان رۆڵـی بەرچاویـان هەبـوو لە نەهێشـتنی دەربەگـایەتی وەک سیســـتمێکی ئـــابووری کـــۆمەڵایەتی، چـــونکە بەهـــۆی بازرگانیکردن ئابووری داخراو نەماو بەهای شمەک بەرز بۆوەو دەرەبەگایەتی کز بوو، جیا لەوە زۆربەی بازرگانـان کۆنە کۆیلە و جوتیـاری وابەسـتەبوون کە رقیـان لە خـاوەن مـوڵکی زۆرو دەرەبەگ دەبۆوە.

6. دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی:

پادشـاکانی ئەوروپـا هەوڵیـان دەدا خۆیـان لە دەسـت پیـاوانی کڵێسە رزگار بکەن، بۆ ئەمەش بەرژەوەندیان لەگەڵ بازرگانـان یەکیدەگرتەوە، بـۆیە هەوڵیانـدا پیـاوانی ئـایینی دوور بـخەنەوەو دەوڵەتــی نەتەوەیــی دروســت بــکەن، کە لەوەوپــێش دەوڵەتــی مەزهەبی و ئایینی هەبوو، بۆئەوەی دەوڵەت کاروباری بەڕێوە ببات پێویستی بە پارە هەبوو، باجی لە خەڵک دەستاندو هـانی خەڵکــی دەدا تــاکو زۆرتــرین پــارە پەیــدا بــکەن، بەتــایبەت پیشەسـازی و پـارەگۆڕینەوەو بازرگـانی تـا بـاجی زیاتریـان لـێ بسەنێت. لە کۆتایی سەدەی پانزەیەم دەیان دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوون، ئەم دەوڵەتانە هانی پێشەوەچوونی پیشەسازی و بازرگانیان دەدا.

7. بڵاوبوونەوەی هزری سیاسی و ئایینی نوێ:

بڵاوبـوونەوەی هـزری سیاسـی و چەنـد پەیڕەوێکـی ئـایینی ئەم خاڵانەی لێکەوتەوە:

أ- بۆچـوونی نـوێ بـووە هـۆی دابەشـکردنەوەی زەوی وزارو نەمانی رژێمی دەرەبەگایەتی.

ب- سیاسەتی چەوساندنەوەی ئایینی بووە هۆی کۆچکردنی کۆمەڵە چەوساوەکان، وەکو ساڵانی 1292 موسڵمانان لە ئیسپانیا دەرپەڕێنران، هەروەها (هیگۆنۆثەکان) لە ئەنجامی چەوسانەوەی ئایینی کاسۆلیکی بۆ ئینگلتەرا هەڵاتن.
جـ- بڵاوبوونەوەی بیری نوێی ئابووری کە پیاوانی سیاسی پشتگیریان دەکرد، وەک دەستبەسەرداگرتنی دەستبڵاوی و پاشەکەوت.
د- تەوژمی نوێی هزری دروست بوو، داوای جیاکردنەوەی کلێسایان لە دەوڵەت دەکرد، (مارتن لۆسەر) لە ساڵی 1517 دەستیکرد بە چاکسازی و ڕێگەی بۆ سەرمایەداری خۆش کرد.
8. بڵاوبوونەوەی کارگە دەستییەکان:
شارەکان و کۆچکردنی لادێنشینەکان بۆ ئەو کارگانە، ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ تەقینەوەی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپادا.
9. داهێنانە نوێیەکان:
وەک داهێنانەکانی گالیلۆ (1564-1642)، وکلیرا (1571-1630)، نیوتن (1642-1717)، ڕۆسۆ (1712-1717)، سروشتییەکان و پیشەسازی ئاوریشم و ڕستن و چنین.
10. شۆڕشی فەرەنسی:
شۆڕشی فەرەنسی لە (1789/7/14) وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە فەرەنسا هەڵگیرسا، بووە هۆی جاڕدانی مافی مرۆڤ لە ساڵی 1791 کە دان بە ئازادی مرۆڤ و کارکردن و گواستنەوە بنێت، لە1794/2/18 کۆیلەکان

رزگـــارکران و بەرەو شـــارەکان کۆچیـــان کـــرد، ئەمە وایکـــرد شۆڕشـــی پیشەســـازی لە مندالّـــدانی شۆڕشـــی فەرەنســـا هەڵبگیرسێت و تەکانێکی زۆر بە پیشەسازی بدات.

ئەم چەنـد هۆکـاره بـوونه هـۆی سـەرهەڵدانی پیشەسـازی لە ئەوروپا کە ڕێگەیان خۆش کرد، بەڵام سەرهەڵدانی شۆڕش لە بەریتانیا پێش وڵاتانی دیکەی ئەوروپا دەکەوێتەوە، لەبەر چەند خاڵێک کە ئەمانەن:

1. کەمی کرێ و بوونی کاری هەرزان:

بەهـۆی ئەوەی لە ئینگلتەرا خەڵک زووتـر لە گوندەوە بۆ شـار کـۆچی کـرد، لە دەرەنجامـدا کرێکـار زۆر بـوو، منـداڵی تەمەن بچـوک و ژنـی بەسـاڵاچوو بە نرخـی هەرزان کاریـان دەکـرد، ئەمەش وایکــرد ســەرمایەدارەکان پــڕۆژەی نــوێ بــکەنەوەو سەرمایەکانیان لە پڕۆژەی بەرهەمهێنانـدا بخەنە کـارو قـازانجی زیاتر بکەن و بووە هۆی زۆری کارگە لە ئینگلتەرا.

2. زۆربوونی سەرمایەی ئینگلتەرا:

سەرمایەیەکی زۆریان هەبوو لە کارگەکاندا بەکاریان دەخست و یەکەمین بانکیـان لە سـاڵی 1694 دامەزرانـدو بۆڕسـە (بـازاڕی پارە)ی لەندەنیان دروست کرد.

3. جێگیری و هێمنی و ئارامی سیاسی:

هیچ وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا وەک ئینگلتەرا ئەو ئارامبەخشـەی بەخۆی نەدیبوو، کە بێ شەڕو دوور لە ئاژاوە بوو، وێڕای ئەوە وڵاتێکی لێبوردەی ئایینی و کۆمەڵایەتی بوو، ئەمەش دوای ئەو

جەنگانەی تووشی بوو، بۆیە رووی کردە بایەخدان بە بواری ئابووری.

4. شۆڕشی کشتوکاڵی پێش وڵاتانی دیکە سەریهەڵدابوو.

5. زۆری کەرەستەی خاو:

بەهۆی زۆری داهاتی سروشتی کانزاو سووتەمەنی و خەڵوز، بوونی خەڵوز لە نزیک کانە ئاسنەکانەوە، بووە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی، لە پێشدا دارو تەختە وەک سووتەمەنی لە کارگەکاندا بەکاردەهێنران، ئەمەش ناخۆش و گران بوون، بەڵام خەڵوز بەهۆی زۆری گەرمییەکەی و گونجانی لەگەڵ ئامێرەکاندا هۆکار بوون بۆ پێشکەوتنی پیشەسازیدا.

6. شوێنگەی جوگرافی و بارودۆخی ئاووهەوا:

بارودۆخی ئینگلتەرا بۆ بەرهەمهێنانی لۆکە لەباربوو، جیا لەوەش پیشەسازی رستن و چنین رۆڵێکی کارای هەبوو، کە تاکو ئێستاش بایەخی خۆی هەیە.

7. سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی داهێنان:

حکومەتی ئینگلتەرا بایەخی باشی بە زانایان و داهێنەران دەدا، لە یاساکانی وڵات مافەکانیانی فەراهەم کردو هەردوو زانکۆی (کلاسکۆ) و (ئەدنبەرە) بایەخیان بە زانستە تیۆری و پراکتیکییەکان دەدا.

8. فراوانی و کرانەوەی بازرگانی دەرەکی:

لە سەدەی (17) و (18)دا بازرگانی دەرەکی ئینگلتەرا پێشەوە چوو، بەهۆی کرانەوەی رێگای (رأس رجاء صالح) و پێشبڕکێی فەرەنساو ئیسپانیای دەکرد.

## سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی

ئەو شۆڕشــە بـریتییە لە زنجیـرەیەک گۆڕانکـاری لە ئەوروپـاو بەتـایبەتی ئینگلـتەرا لە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی هەژدەیەم یـان نێـوان سـاڵانی 1760 تـا 1830 روویـدا، چـونکە ئەو مـاوەیە گۆڕانێکی بە پەلەی تیا روویدا، کە ئامرازەکانی کارکردنی گۆڕی بۆ ئـامێری میکـانیکی نـوێ و هـۆی گواسـتنەوەی خێراتـر کـردو، هۆیەکـانی بەرهەمهێنـانی پێشـەوە بـرد، سـەرەڕای بەکارهێنـانی ئـامێری نـوێ لە کشـتوکاڵدا، ئـامێری هەڵمـیش برِبـڕەی پشـتی شۆڕشـی پیشەسـازی بـوو، ئەم شۆڕشـە پرۆسـەیەکی مێژوویـی بوو، لە هەموو وڵاتـان بەیەکەوە سـەری هەڵنەدا، بەپێی واقیـع و سـەردەم لە دوای یەکتـر سـەریهەڵداو 150 سـاڵی خایانـد، ئەو شۆڕشە گشتگیر بووەو تاکو ئێستا بەردەوامە و بە تەکنۆلۆژیای نـوێی سـەردەم و شۆڕشـە پیشەسـازییەکان دەناسـرێت، چـونکە رۆژ دوای رۆژ، داهێنانی نوێترو شۆڕشی نوێتر بەرپا دەکات.

## قۆناغەکانی شۆڕشی پیشەسازی

قۆنـاغی یەکەم: لە نیـوەی سـەدەی هەژدەیەم کاتێـک لە ئینگـتەڕا کۆمەڵگـایەکی تەواو کشـتوکاڵی بـوو، شۆڕشـی پیشەسـازی لە رسـتن و چنـین و ئاسـن پیشـەی هەڵمیـیەوە دەسـتیپێکرد، لەم قۆنـاغەدا داهێنـانی یەکەم مـاکینەی هەڵـم بوو، خەڵوزی کـوک لە جیاتی دارو تەختە بەکاردەهێنرا.

قۆنــاغی دووەم: لە دەیەکــانی ناوەڕاســتی ســەدەی نـۆزدەیەم دەستیپێکرد، بەم شـیوەیە جیـا دەکرێتەوە لە قۆناغەکانیتر وەک گەشــەکردنی خێرایــی پیشەســازی رێگــای ئاســن، داهێنــانی

تەکنیکەکانی بەرهەمهێنانی فراوانی (پۆلا) و پەیدابوونی بەلەمی ماتۆڕی، بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا لە کشتوکاڵدا.

قۆناغی سێیەم: کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم تایبەتمەندییە رەسەنەکانی بریتین لە گەشەی بەدەستهاتوو لە بواری ئۆتۆمبێل و پیشەسازی کارەباو تەلەفۆن.

قۆناغی چوارەم: هاوکاتە لەگەڵ دووەم جەنگی جیهانی لە سالانی (1939-1945)، گەشەیەکی بەرچاوە لەبواری دروستکردنی فڕۆکە و پیشەسازی پلاستیکدا.

قۆناغی پێنجەم: کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەک، تایبەتمەندییەکان بەم شێوەیەیە:

1. سوودوەرگرتن لە وزەی ئەتۆمی.
2. دروستکردنی سەتەلایت.
3. دەرکەوتنی مانگی دەستکرد، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت.
4. خۆبەخۆبوونی زۆربەی پیشەسازییەکان.

**گرنگترین داهێنانەکانی شۆڕشی پیشەسازی**

بە کورتی چەند داهێنانێکی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی ئاماژە پێ دەکەین:

1. پیشەسازی رستن و چنین ساڵی 1733 سەریهەڵدا.
2. لە سەدەی هەژدەیەم پیشەسازی ئاسن و خەڵوزو پۆلا سەریانهەڵدا.
3. (ئەبراهام داربی) ساڵی 1735 بەردی خەڵوزی لە جیاتی خەڵوز بۆ ئاسنسازی بەکارهێنا.
4. پیشەسازی (مس) ساڵی 1842 لە ئوسترالیا سەریهەڵدا.

5. زێڕ ساڵی 1851 دۆزرایەوە.

6. "جۆن کەی" ساڵی 1763 داهێنانی مەکۆکی باڵدار (نوولی فڕیو)ی بۆ خێرایی رستن و چنین بەکارهێنا.

7. ئامێری هەڵم لە سەدەی (17) پەیدابوو.

8. "ئارک رایت" ساڵی 1767 بگێڕی چنینی بۆ پێشخستنی پیشەسازی رستن و چنین داهێنا.

9. "جیمس وات" ساڵی 1764 وزەی هەڵمی وەک هێزی جوڵێنەر لە جێگەی ئاو بەکارهێنا.

10. "جیممس هرگریفز" ساڵی 1770 ئامێری نوێی بە ناوی (جینی) داهێنا کە ئاو شیلەیەکی لێکدراو دەتوانێ سەرپەرشتی (8) تەشی بکات.

11. "رۆبێرت ڤۆلتن" ساڵی 1807 توانی کەشتی دروست بکات.

12. ساڵی 1825 یەکەم شەمەندەفەر دروست کرا.

13. ساڵی 1838 یەکەم کەشتی هەڵمی دروست کرا.

14. ساڵی 1814 کۆمپانیای (تایمس)ی لەندەنی بۆ یەکەمجار جوڵێنەری هەڵمی بەکارهێنا، بۆ کارپێکردنی چاپخانە.

15. "گراهام بێڵ" ساڵی 1876 تەلەفۆنی دروست کرد.

16. "بلیز باسکال" ساڵی 1639 حاسیبەی دروست کرد.

17. "جۆن مارکۆنی" ساڵی 1532 رادیۆی داهێنا.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەک، دەیان ئامێرو مەکینەیتر داهێنران، وەک رادیۆو تەلەڤزیۆن، کۆمپیوتەر، ڤیدیۆ، سەتەلات و ئینتەرنێت، هێلیکۆپتەرو موشەک و مانگی دەستکرد ...هتد.

## ئەنجامەکانی شۆڕشی پیشەسازی

1. گرنگترین ئەنجام ئامێری هەڵمی جێگای ئامرازی دەستی گرتەوە، واتە هێزی میکانیکی جێگای وزەی مرۆڤ و ئاژەڵی گرتەوە.
2. لە مەیدانی مادەی سەرەکیدا مادەی نائۆرگانیکی وەک ئاسن و خەڵوزو نەوت هاوشان لەگەڵ مادەی ئەندامی بەکارهێنرا، وەک پێستی ئاژەڵ و خوری و پەینی سروشتی.
3. ئاسانبوونی رێگای هاتووچۆی نێودەوڵەتی.
4. دابەشکردنەوەی سامان و هەژموونی سیاسی لەنێوان وڵاتاندا.
5. بازرگانی دەرەکی ئازاد بە شێوەی فراوان پێشەوەچوو گەشەی سەند.
6. بەرزبوونەوەی رادەی ژیان و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان.
7. لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی داهاتی نەتەوەیی زیادی کردو خاوەن کارگەکان سامانێکی زۆریان لەسەریەک داناو تا بوونە بۆرجوازی.
8. دروستبوونی شاری گەورەو زیادبوونی دانیشتوان و بچووکبوونی گوندەکان، ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەم بە رادەیەکی زۆر زیادی کرد، گەر نمونەیەک بهێنینەوە لەسەر دانیشتوانی ئینگلتەرا و فەرەنسا بەم شێوەیە:

| ناوی وڵات | ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی زیادبوون |
|---|---|---|---|---|---|
| فەرەنسا | 1870 | 27 ملیۆن | 1880 | 36 ملیۆن | 9 ملیۆن |
| ئینگلتەرا | 870 | 24 ملیۆن | 1880 | 31 ملیۆن | 17 ملیۆن |

9. دیارترین ئەنجامی راستەوخۆ لە شۆڕشی پیشەسازی رێکخستنەوەی نوێی کارگەکان بوون بەپێی ئەو رژێمە، کارگەکان لە یەک شوێن کۆکرانەوە وەک ناوچە شاخاوییەکان و نزیک کانەکانی خەڵوز لە پیشەسازی ناوماڵەوە گواستراوەوە بۆ پیشەسازی گەورەی سەرمایەداری کە سەدان کرێکار کاریان تیا دەکرد، ئەم نەخشەیە ڕوونی دەکاتەوە:

| کارگە | ساڵ | ژمارەی کرێکار |
|---|---|---|
| کارگەی لۆکە | 1830 | 175 کرێکار |
| کارگەی ئاوریشم | 1830 | 93 کرێکار |
| کارگەی خوری | 1830 | 45 کرێکار |
| کارگەی ئاسن | 1830 | 1500 - 2000 کرێکار |

بۆیە دەیان شوێن پیشەسازی گەورەی وەکو (لاشکشابرو بۆرکشابر... هتد) لە ئینگلتەراو (ساکسۆنی، نافراس و لۆرین ... هتد) لە ئەڵمانیا دروست بوون، دواتر بۆ پێشکەوتن لەم شوێنانە لە ساڵی 1925 یاسای کلایتۆن و کارتل و شارمان هاتنە دروست بوون.

10. زیادبوونی دەسەڵاتی چینی بەڕێوەبەرو هەڵسوڕێنەرەکانی کـــارگە و دەروازەیەک بـــوو شۆڕشـــی پیشەســـازی بـــۆ سەرمایەداری.

11. دروستبوونی ناکۆکی و ململانێی گەرمی نێوان کرێکاران و خاوەنکارەکـــــان، بەهـــــۆی ئەوەی کرێکارەکـــــان لەلایەن خاوەنکـــارانەوە دەچەوســـێنرانەوە، بەهـــۆی زۆری کـــاتژمێری کارکردن بێت یان بە کرێی هەرزان و شوێنیان ناخۆش بێت... هتد. بۆیە لە دەرەنجامی پێشێلکردنی مافەکانی چینی پرۆلیتاریاو چەوساندنەوەیان دەیان سەندیکای کرێکاری دروست بوون بۆ بەرگریکردن لە کرێکاران، چونکە ئەو کرێکارانە هێزی بازووی خۆیـان بەکاردەهێنـاو سـتەمیان لـێ دەکـرا، بەڵام لە سـەردەمی ئێستای دونیای جیهانگیریدا چینی کۆگنیتاریا جێگای پرۆلیتاریای گرتـــۆتەوە، واتە ئەوانەی کرێکـــاری هـــزری و کـــارکەرانی تەکنۆلۆژیای نوێ و روناکبیران و شارەزایانی جیهانی مۆدێرینی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت دەگرێتەوە، بەڵام لە کرۆکدا یەک شتن.

12. بەرهەمهێنانی لە هەموو بوارەکاندا زیادی کرد.

13. هێزەکـانی بەرهەمهێنـانی بە رادەیەکـی بەرچـاو گەشـەی کردووە.

14. پەیوەندی شارستانێتەکانی وەک ئیسلامی و رۆژئاوایی و کۆنفۆشیۆسی و ژاپۆنی و هیندۆسی و سلاڤی و ئارثۆدۆکسی و ئەمریکـــای لاتینـــی و ئەفەریقـــایی، پێشـــەوە بـــردن و لێکـــی نزیککردنەوە، تەنانەت جیهانی کردە گوندێکی بچووک.

**لایەنە نەرێنییەکانی شۆڕشی پیشەسازی**

1. پیسکردنی ژینگە بەهۆی دوکەڵی کارخانە و کۆمپانیاکان و جەنجاڵی شارەکان.

2. کەمبوونەوەی کرێی کرێکاران.

3. بەکارهێنانی کرێکاری ئافرەت و منداڵ بە کرێی کەم لە کارخانەدا.

4. پەیدابوونی داگیرکاری کۆن و نوێ و ئیمپرالیزم و ئێستاش تاک جەمسەری زلهێزی بە ناو جیهانگیری واتە سەرمایەداری لیبرالیزم.

5. دروستبوونی ئاستەنگ و ئاریشەی ئابووری وەک: هەڵاوسان، داکشانەوە.

6. زۆربوونی هەژاری و خراپبوونی باری کرێکاران.

7. بەکارهێنانی رەفتاری توندوتیژی خاوەن کارگەکان.

8. نزمبوونەوەی ئاستی رەوشتی مرۆڤ و بەها مرۆییەکان.

9. زیادبوونی گیانی پەلاماردان و فراوانخوازی دەوڵەتان.

10. کەرەستەخوازی و دراوخوازی و پێشبڕکێی دەسکەوتی زۆرترین قازانج و گەشەبوونی سیستەمی سەرمایەداری و موڵکیەتی تایبەت.

11. بڵاوبوونەوەی چەندان جۆر نەخۆشی ...هتد.

12. چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، ئەوانەی هەموو کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی لە دەست بێت ئەوانی دی دەچەوسێنتەوە.

بەهۆی بازرگانی دەرەکی ئەورووپاو جەنگە یەک لەدوای یەکەکان و پێشــوەچوونی ڕێگاوبــان و بەتــایبەت جەنگەکــانی نــاپلیۆن و دامەزرانـدنی کۆمپانیـا پیشەسـازییەکان لە وڵاتانـدا، پیشەسـازی بڵاوبۆوە پێشەوە چوو بەپێی پرۆسە و کردەیەکی مێژووی هەر وڵاتێک بەبێ شوێنگە و قەبارەی خۆی پشکی بەرکەوت و توانی سـوود لەو شۆڕشـە وەربگرێت، بەڵام تـا درەنگانێک نەگەیشـتە عێـراق هەرچەنـدیش عێـراق وڵاتێکـی پیشەسـازی نیـیە، بەڵام هەندێ پیشەسازی گۆڕینی تیایە، بەڵکو وڵاتێکی کشتوکاڵییە، لە کوردستانیشدا دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی 1957 ئەوکاتەی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دامەزرا.

پیشەسـازی کوردسـتان زۆر دواکەوتووە لە چاو وڵاتـانی دیکە، ئەمە وێڕای نەبوونی قەوارەو ستەملێکردنی لەلایەن دوژمنانەوە، دەبینــین چ دەرەبەگ و ســەرمایەداری کــورد ئامــادە نەبــوون خزمەتــی گەلەکەیــان بــکەن، چــونکە ئەگەر دەرەبەگــی کــورد بەراورد بکەیــن لەگەل لــۆردودک و مــارکیزی ئەورووپــا، ئەوە نەیـانتوانیوە میلەتەکەیـان گەشـە پێ بـدەن، ئەوان لە سـەدەکانی رابــردوو تەلاری ڤارســای و خوێنــدنگەی ئۆکســفۆرم و پــردی سۆربۆنیان دروست کردووە، کەچی زۆربەی دەرەبەگی کورد بەهــۆی هەســتی ئــایینی و مەزهەبــی ســونی هەزاران لاوی کوردیــان بە کوشــت داوە بــۆ ســوڵتان مــورادی چــوارەمی عوسمانی و دیاری جلی موراد خانیان وەرگرتووەو، ئێستا بە شــانازییەوە لەبەری دەکەن، ســەرمایەداری بەهــۆی شۆڕشــی زانیـاری و تەکنۆلۆژیـاوە تـوانی سـەرکەوتووانە گەشـە بەهێزی

بەرهەمهێنی بدات و، هێزی خۆی ئامادە بکات و کۆنترۆڵی بازاڕی سەرچاوە مادده خاوو سروشتییەکان بکات و، نەتەوەیەکی گەورەی پێشکەش کرد لە گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی تەکنۆلۆژیاوە کە بەشێوەیەکی بەردەوام گۆڕانکاری روو لە زیادبووندایە، دەرەنجامی پێشکەوتنی زانستی و زانیاری بووە، زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی رۆژئاوا گرنگی تەواویان بە بواری پیشەسازی داوە، توانیویانە لەم رێگایەوە پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنن، چونکە زۆر نەهێشتنی بێکاری لە کۆمەڵگادا هۆکارێک بووە بۆ بەرەو پێشچوونی رەوشی کۆمەڵایەتی، زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی بە دواکەوتوو ناسراون، هۆکارەکەی نەبوونی سەرچاوەیەکی سەربەخۆی ئابووری هۆشیارییە، چونکە لەم وڵاتانە زیاتر خەریکی کێشەی ناوخۆییەکان و چەندان کاری بێ سوودن، لاوانی ئەم وڵاتە لە بەردەم بێکاری و گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان تووشی هەرەسی عەقڵی بوونە، دوورن لە هەموو جۆرە داهێنان و ئەفراندنێک نەخاسمە کوردستان کە پاشکۆی پاشکۆکراوی وڵاتە دواکەوتووەکانە، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دوژمنانی خەفەیان کردووە، نەمازە لە بواری ئابووریدا لە چ کەرتی کشتوکاڵ چ پیشەسازی و کانزایی نەیارانمان بەروبوومەکەیان بردووەو نەهامەتیان بۆمان جێهێشتووە. وێڕای ئەو دواکەوتوویەی کە دوژمنان هۆکاری سەرەکی بوونە، لە دوای راپەڕینی 1991

هۆکــارێکی دیــکەی لاوەکــی ســەرمایەدارەکانی خۆمــانن، کە ئــابووری کوردســتانیان خســتۆتە پەراوێــزەوەو پشــتگوێیان خســتووەو هاوکــاری حکومەتیــان نەکــردووە بــۆ فراژووکردنــی ئــابووری کوردســـتان، تـــا ســـەرمایەکانیان بـــخەنەگەڕ بـــۆ وەبەرهێنانی سەرمایەکانیان تا گەشە بە ئابووری کوردستان بدەن کە شارێگای سەرکەوتنی ئەزموونەکانە.

دەخـوازین سـەرمایەدارە گەورەکـان بە هاوکـاری حکـومەت لە نزیک گوندەکان کارگە و ناوچەی پیشەسازی دروست بکەن، کە دەبێتە هۆی پەرەسەندن و فراژووبوون ئابووری کوردستان و هەمدیس دەبێتە هۆی:

1. ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و فراژوبوونی کەرتی کشتوکاڵی گوندەکان، هاوکات کەرتی پیشەسازیش تەکانێکی دی بەخۆی دەدات و بۆ پێشەوە دەچێت.

2. چـــڕی دانیشـــتوانی شـــارەکان کەم دەبێـــتەوەو کێشـــەی خانووبەرە نامێنێت.

3. دەبێتە هۆی نەمانی دیاردەی بێکاری و کرێکاران لە ناوچە پیشەسازییەکان کۆدەبنەوە.

4. ســـوود لە زۆربەی داهـــاتە سروشـــتییەکانی کوردســـتان وەردەگیرێت، واتە بەفیڕۆ ناچێت.

هەروەها هەوڵ بدرێت گرنگی بە بانکەکان و وەگەڕ بخرێنەوە، چونــکە وەگەڕخستنەوەی بانکەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ گەشەپێدانی ئابووری کوردستان و بوونی بازاڕی ئازاد وێڕای ئەوە حکومەت رێگە بۆ خاوەن سەرمایەکان ئاسان و هەموار

بکات، کە بانکی تایبەت دروست بکات، سەرمایەکان بخەنە ناو بانکەکانیان تا بە (سوو)یەکی کەم بدەنە خەڵک بۆ وەبەرهێنانی ئابووری، لە دەرئەنجامدا بازاڕەکان بەگەڕدەکەونەوە ژێرخانی ئابووری کوردستان بەرەو پێشەوە دەچێ، جیا لەوەش لە وڵاتانی ئێمە بانکەکان لە جێگای ئەوەی پارەیان پاشەکەوت بکەن کەچی بەبەردەوامی (سحب) دەکەنەوە.

## سەرچاوەکان

1. مەنۆچیهر موسینی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی.
2. فواد تاهر صادق،هۆشیاری ئابووری.
3. د. محمد فاضل قەفتان، ڕژێمە ئابوورییەکان و کۆمەڵگای تەکنەلۆژیای نوێ.

***لە ژمارە (4) هاوینی 2003 لە گۆڤاری (ئابووری سیاسی) بڵاوبۆتەوە**

## سیستمی سەرمایەداری بە پێی قۆناغبەندییەکانی مێژوو

سـەرمایەداری سیسـتمێکی ئـابووری کـۆمەڵایەتییە، وەکـو سیستمەکانی دیکەی نێو دیرۆکی ئابووری بەپێی ڕووداوەکان بە چەندین قۆنـاغ تێـپەڕ دەبێت، لە هەر کاتێکدا لەگەڵ واقیـع خـۆی دەگونجێنێت و لە فۆرم و چەشـنێکیتر تێـزە فیکرییەکـانی خـۆی دادەڕێژێـت و کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی فریـو دەدات و، هەوڵـی کارکردنە بۆ خزمەتکردن بە چینی دەستڕۆیشتوو باڵا لە بوارە سیاسی و ئابوورییەکانداو هەلی قایلکردنی چینی نـزم دەدات تـا بەم ڕژێـمە ڕازیـبن، تەنـانەت لەسـایەیدا بچەوسـێنرێتەوە ئیـدی تەپڵی بۆ لێ بدەن و سوپاسی باڵادەست و هەژموونی خوێنمژان بکرێت.

ئەم سیسـتمە لەسـەر پرەنسـیپی چەوسـانەوە دەڕوات و پـایەی لەسـەر خاوەنـداریێتی تـایبەت و هۆیەکـانی بەرهەمهێنـان و چەوساندنەوەی مـرۆڤ واتە ئاسـت نـزم دامەزراوە، هەروەهـا لە دوو چـین پێکـدێت (پرۆلیتاریـا، سـەرمایەدار یـان بـۆرژوازی)، سـەرەتا لەم سیسـتمەدا قەوارەی سیاسـی نەتەوەکـان و پارێزگاری پێویستییەکی دیرۆکی بوون، بەڵام دوای چەسپاندن و پەرەسـەندنی ئەم سیسـتمە ئاڕاسـتەی خـۆی گـۆڕی بـۆئەوەی پێشـێلی سـنووری وڵاتـان بکـات و، نەتەوەکـان بچەوسـێنێتەوە، وەک چـۆن لە سیاسـەتدا دیموکراسـییەکانی ئیمـڕۆ دەبـنە دیکتاتۆرو تاکڕەوی داهاتوو، بۆیە سـەرمایەداری دەیـان نـاکۆکی نـاوخۆی هەیە بەتـایبەت نێـوان کـارو سـارمایە، کەچـی نەخۆشـییەکی کوشـندەی ئەم سیسـتمەیە بە درێژایـی مێـژوو

نەیتوانیوە چارەسەری بۆ بکات یان کێشەکانی تری بەپێی قۆناغەکان هەڵوەشێنێتەوە، ئیمڕۆش کێشەی تری فرەی هەیە.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی رژێمی سەرمایەداری**

1. گەشەکردن و سەرهەڵدانی بیرو هزری نیشتمانی نەتەوەیی.
2. سەرهەڵدانی شۆڕشە پیشەسازییەکان لە ساڵی 1830 بە دواوە کە زیاتر لە 150 ساڵی خایاند و ئەمڕۆش شۆڕشی تەکنۆلۆژی پێ دەڵێن.
3. هەرەسهێنانی ئابووری داخراوو سیستمی دەرەبەگایەتی.
4. دروستبوونی سیستمی مانیفاکتۆرە (کاری دەستی) و کەڵەکەبوونی سەرمایە.
5. پەیدابوونی پارە بۆ مامەڵەکردن و ئاڵوگۆڕکردن.
6. شمەک سەریهەڵدا ئەمەش پێناسەی سیستمی سەرمایەدارییە لە بچووکترین دەرزی تا دەگاتە گەورەترین کۆمپانیاو ....هتد.

**تایبەتمەندییەکانی رژێمی سەرمایەداری**

1. موڵکیەتی تایبەت.
2. بازاڕی ئازادو رەهاو بێ سنوورو شێوازێکی لیبڕاڵی.
3. هەوڵدان بۆ زۆرترین قازانج و کەمترین تێچوو و زۆرکردنی سەرمایە.
4. هەوڵدان بۆ کەڵەکەبوونی سەرمایە.
5. دروستبوونی دوو چین: پڕۆلیتاریا، بۆرجوازی.
6. پەیدابوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی ئایینی و پەرەسەندنی دەوڵەتی عەلمانی.

**قۆناغەکانی سەرمایەداری**

1. سـەرمایەداری بازرگـانی: هەنـدێجار بەم قۆنـاغە دەڵـێن (لیبڕالیزمـی زیـادەڕۆ)، بـۆیە ئەو قۆنـاغە سـاڵی 1450 کە لەم ماوەیەدا پورتۆگالییەکان لە ئەوروپا زەویان داگیر کردو کردیانە (کۆلۆنیـالا)، سـاڵی 1767 گۆڕانکـاری پڕبـایەخ روویـدا، ئەویـش دۆزینـەوەی کیشـوەری ئەمریکـاو دەرکەوتنـی کتێبـی (سـامانی نەتەوەکان)ی ئادەم سمیث و دەیان بیریاری تری ئابووری بوو. ئەم قۆناغە خەڵکی زیاتر خەریکی بازرگانی بوون بۆ زۆرکردنی سەرمایەکانیان، بۆ ئەمەش دۆزینەوەی جوگرافیاکان هاوکارێکی گرنگ بوو بە پەرەپێدانی ئەم قۆنـاغە و پێشـوەچوونی. هەر لەم سەردەمەدا سیستمی کۆلۆنیـال دروست بوو تـا وای لێهات ئەو سیسـتمە دوای ئەوەی هەڵەی زۆر بـوو زۆریـنەی خەڵـک بێزارییان دەربڕی، هات بەرگی خۆی گۆڕی بەپێی واقیع ئەوسا گۆڕانی گرنگ هاتنە کایەوە.

2. سەرمایەداری و پیشەسازی: لەم قۆناغەدا سیستمی کـارگە و مانیفـاکتۆرە سـەریانهەڵداو بـوونە هۆکـارێکی راسـتەوخۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی، واتە شۆڕشی پیشەسازی لە منداڵدانی سیستمی مانیفاکتۆرە سەریهەڵدا، ئەم شۆڕشـە ئامێری دەستی نەهێشـت و ئامێری هەڵمـی هێنـایە کـایەوەو تـاکو ببێتە مۆتیڤێک بۆ زۆربوونی سەرمایە و کارگەی گەورە لەم رێگەیەوە قازانجی زۆر بکەن ئەم شۆڕشـە تەکنیکییە گەورەیە بووە هـۆی میکانیزمێک بۆ زۆرکردنی بەرهەم و لەو سەردەمەدا شۆڕشێکی هزری سەریهەڵدا لە ئەوروپادا ناسراو بە (رۆشنگەری) لە سـاڵی

1784 که لەسـەر بۆچوونی (بـوێرە عەقڵـی خـۆت بەکـار بهێنە) راوەســتاوە. دواتــر لیبــڕالیەت و عیلمــانیەت و مــۆدێرنیزم کە (دیکتارت) دەیگوت: "مـن بیـر دەکەمەوە کەواتە مـن هـەم"، ئەمـانە بـوونە هـۆی جـوڵانی فیکـری ئابووریناسـان و داهێنـانی فیکـری نوێ بۆ زیادبوونی سەرمایە.

3. سەرمایەداری پێشکەوتوو (پێشبڕکێ): لەم قۆناغەدا پڕۆسـەی بەپیشەسازیبوون بڵاو بووەو سەرجەم وڵاتانی ئەوروپاو دواتر ویــــلایەتە یەکگرتووەکــــان و ژاپــــۆنی گــــرتەوە، پڕۆســــەی بەرهەمهێنـانی گـۆڕانی پیشـەیی بەسـەرداهات و ئـامێر گەیشـتە لــووتکە و وڵاتــان لە بــواری پیشەســازی و داهێنــانی نوێــدا لەپێشــبڕکێدابوون کە کـامە وڵات پێشـکەوتووترە تـاکو دەسـت بەسەر ئەوانیتردا بگرێت.

4. سیسـتمی سـەرمایەداری (پاوانکـار، ئاڕاسـتەکراو، قۆرخکـار، لیبڕالیزمـی سنووردار): ئەم قۆنـاغە لە دوای سـییەکانی سـەدەی بیسـتەم پەیدابوو بەتـایبەت قەیرانـی سـاڵانی (1929–1932) کە بووە هۆی بێ بازاڕی گەورە، بۆیە هەندێ لە ئابووریناسـان بە ســــەرمایەداری ئیمپڕالیــــزمیش نــــاوی دەبەن کە لە وشــــەی (ئیمپریۆ)ی لاتینیەوە هاتووە، واتە ئیمپڕاتۆر کە باڵاترین قۆنـاغی سـەرمایەداریە یـان بەرزتـرین پلـەیە، کە وڵاتە زلهێزەکـان وڵاتـی دواکەوتووەکانیان داگیر دەکرد بۆ داهاتە خاوەکانیان.

5. سەرمایەداری پۆست ئیمپڕالیزم، جیهانگیری، لیبڕالیزمی تازە، دوای داگیرکردن:

هەندێجار پێی دەڵێن (ئیمپڕالیزمی باڵا)، هەندێ دەڵێن دوای دارمانی بلۆکی رۆژهەلات و نەمانی دژە سەرمایەدارەکان، یان هەندێ دەڵێن لە دوای ساڵی 1991 سەریهەڵداوە، سەرکردەیەکی ئەمەریکی وتی: ئیمرۆ بەدواوە جیهان لەسەر یەک سیستم بەڕێوەدەچێت کە سیستمی نوێی جیهانە، بۆیە ئەو قۆناغە مانای ئەوە دەدات ئیمپڕیالیزم دوا قۆناغی سەرمایەداری نییە، بەڵکو قۆناغێکە لە قۆناغەکانی سەرمایەداری، دەوڵەت رۆڵی کەم دەبێتەوەو کۆمپانیا فرە رەگەزەکان رۆڵیان باشتر دەبێت و بازاڕەکانی جیهان ئازاد دەبن و، سنووری وڵاتان بوونی نامێنێت و هیچ بایەخی نییە، بۆیە بەئەمریکاییکردن یان سەپاندنی دەسەلاتی هەیمەنەی سەرمایەداری رۆژئاوایی لە سەرووی هەموویانەوە ئەمەریکا بە سەر کاروباری جیهان لە بواری ئابووری و دەسەلاتی یاسا جیهانییەکان و کلتووری وسەربەستی بازرگانی و ...هتد.

**جیهانگیری**

ئەگەر پێناسەی جیهانگیری بکەین، واتای گواستنەوەی خاوەنداریێتی لە کەرتی تایبەت یان رازیکردن یان وازهێنانی دەوڵەتی نیشتمانییە، لە چەند بەرژەوەندو دەسەلاتی خۆی بۆ بەرژەوەندی گشتی جیهان، تا جیهان بەڕێوەببەن.

لە پرەنسیپەکانی جیهانگیری: ئابووری، بازاڕی ئازاد، دەستتێوەرنەدانی دەوڵەت لە بواری ئابووریدا، بوونی کۆمەڵێ یاسای جیهانی بۆ هەموو وڵات و کۆمپانیایەک لە جیهاندا، پێویستی بە دامەزراندنی رێکخراوی بازرگانی جیهانی هەیە،

بۆیە ئەوەی یاسای پێویست لەسەر هەموو لایەک پەیڕەو بکات کەوایە لە هەموو جیهان نرخ هەبێت.
روهمی دەڵێت: "لە ئابووریدا دوو هێز بەڕێوەی دەبات بازاڕی جیهانی و کۆمپانیا فرە رەگەزەکان". بۆیە لە ئەدەبیاتی پۆست ئیمپریالیزمدا دەسەڵاتە باڵادەستەکان تواناییان لە بواری ئابووری و سیاسی زۆرە، فکری ئایدۆلۆژیای فەرهەنگ نزمیان خستۆتە نێو تێزە فکریەکانەوە، کە دژەکانی فکری سەرمایەداری کاتێ رەخنە دەگرن دەڵێن بێکاری و برسێتی و شڵەژانی ئابووری و نەهامەتی و خاوەنداریەتی تایبەتی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە دەرهاوێشتەکانی سیستمی سەرمایەدارییە.
هارۆڵد جیمس دەڵێ: "جیهانگیری بە واتای ئازادی گواستنەوەی کاڵاو سەرمایە و هێزی کار"، دەبینین کۆمپانیا زەبەلاحەکان سێ چارەکی داهاتی جیهان بۆ خۆیان دەبەن لەژێر ناوی جیهانگیری، چ بە هێز بێت یان بە شاڵاوی راگەیاندن. ئەگەر دوێنێ سەرمایەداری دەیویست بە زەبرو زەنگ و هێزی باڵادەست خۆی بەسەر وڵاتان بسەپێنێت، لێرە سەرمایەدارە گەورەکان (پۆست بۆرژوازییەکان) چینی ژێر دەستە (پرۆلیتاریا – کۆگنیتاریا) قایل دەکات سیستمی سەرمایەداری بازرگانی بە هەموو کێشەکانیەوە ئەلتەرناتیڤی نییە و باشترین سیستمی ئەم سەردەمەیە، بۆیە جارێ بە ناوی سەرمایەداری بازرگانی و رۆژی کۆڵۆنیزم و ئیمپریالیزم و پۆست ئیمپریالیزم ...هتد، جیهان داگیر دەکەن و سامانە سروشتییەکانی بۆ خۆیان دەبەن، ئەگەر بە ئاسانیش دەستیان نەکەوێت، نەخشەی بۆ دادەڕێژن و

به زەبری هێز پاساوی بۆ دەدۆزنەوە بێ ئەوەی حساب بۆ پاسەوانی مافی وڵاتان و ئازادییەکانیان بکرێت و، خەڵکی سڤیل و هەژاریش بە برسێتی دەهێڵێتەوەو خوێنیان دەمژن. ئەو سیستمە سەدەو نیویکە بەردەوامە و بە چەندین قۆناغدا تێپەڕ بووە، رۆژبەڕۆژ لەژێر ناویتر رەنگە ناشیرینەکانی لەسەر خۆی لادەدات، خەوش و نەنگی ئەو سیستمە لەوەدایە تاکو ئێستا نەیتوانیوە هەرەس بە هەژاری و برسێتی بهێنێت، بەڵکو رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێت و بازنەی هەلی کار تەسک کردۆتەوەو کۆمپانیا سەرمایەدارە پیشەسازییە گەورەکان ژینگە پیس دەکەن، ئەمە وێڕای ئەوەی باس لە ئازادی و دیموکراسی و سەربەستی و دادپەروەری دەکات، ئەگەرچی لەگەڵ ئامانجی خۆی نەگونجێت و ببێتە ئاستەنگ لەمپەر ئەوا بە تیرۆریست و دواکەوتوو و ئاژاوەگێڕو سەلەفیەت و دەیان ناوو ناتۆرەی بۆ دەدۆزنەوە، هەروەها تاکو ئێستا دەستکاری سنووری وڵاتان دەکات و پارچە پارچەیان دەکات و کێشەیان بۆ دروست دەکات و هەژاری بەردەوامی پێدەدات، بۆیە مرۆڤایەتی گەیشتۆتە قەناعەت ئەگەرچی سەرمایەداری لەپێش سیستمی خۆیدا پێشکەوتووترە، بەڵام لە خزمەت زۆرینەی کۆمەڵگادا نییە و دەبێت چاکسازی جەوهەری تیابکرێت.

*لە ژمارە (1606) 2004/10/30 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە.

## وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی

پرۆسەی وەبەرهێنان تەنها کەرتە ئابوورییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو سەرمایەی مرۆییش دەگرێتەوە، چونکە وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی شادەماری بەگەڕخستنی کەرتە ئابوورییەکانە لە برەوپێدانی ژێرخان و سەرخانی هەر وڵاتێک، کە دواجار لە گەشەپێدان و هەڵکشانی کایە گرنگەکانی ژیانی ئەو وڵاتە رەنگدەداتەوە، چونکە بایەخدان بە رێکخستنی سەرچاوە مرۆییەکان کار دەکاتە سەر پێشکەوتنی دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی وڵات.

لەپێناو راییکردنی کاروبارەکانی هاوڵاتیانی کوردستان لە فەرمانگە حکومییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری کردووە بۆ پەرەپێدانی توانای مرۆیی و مەعریفی کارمەندانی، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدات لە رێگەی کۆڕو سمینارەکانی نێو فەرمانگەکان و سازکردنی خولی وەرزی و ناردنە دەرەوەی بەشێک لەو کارمەندانە بۆ بەشداریکردنیان لە خولەکانی راهێنان بە شێوازی پێشکەوتووی ستانداردی جیهانی، تا ئیدارەیەکی کارامە و پڕۆفیشناڵ لە کوردستان لەسەر دەستی ئەو کارمەندە راهێنراوانە بێتە ئاراوە، بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەرزتر تا بەو بڕوانامەیە بتوانن ئاستی فەرمانگەکەیان بەرزتر بکەنەوە، ئەوەش خۆی لە رەخساندنی خوێندن لە زانکۆو قوتابخانەکان بووە، بە مۆڵەپێدان بەو کارمەندەی کە ئارەزووی خوێندنی بەرزتری هەبێت و بڕوانامەی بەرزتر وەربگرێت، ئەوەش تارادایەکی زۆر سەرکەوتوو بوو، زۆرێک لە کارمەندانی

حکومەت بە دەرفەتیان زانی و، ئێستا بەشێکی زۆریان یان لە پرۆسەی خوێندن بەردەوامن یان خوێندنیان تەواو کردووەو کەڵکێکی زۆریان بە دامەزراوەکانی حکومەت گەیاندووەو بۆ خۆشیان لە ڕێگەی بڕوانامەکەیانەوە مووچەکەیان زیاتر بووەو، خۆیان بوونەتە سەرمایەیەکی مەعریفی و ئاستی بیرکردنەوەو زانیارییان بەرز بۆتەوەو، بە هەگبەیەکی پڕ لە زانیاری و زانستەوە لە فەرمانگەکەی خۆیان کار دەکەن و لە خزمەتی خەڵک و هاوڵاتیانی کوردستاندان، بەشێکی دیکەش لەو کارمەندانە مۆڵەتیان وەرگرتووە بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی وڵات.

حکومەت لەپاڵ وەبەرهێنانی ئابووری و سەرجەم کەرتەکانی دیکە، کار دەکات بۆ بووژانەوەو پەرەپێدانی ژێرخان و سەرخانی کوردستان، وەبەرهێنان لە بواری سەرمایەی مەعریفی مرۆیی دەکات، واتە پاڵپشتی کارمەندان دەکات بە پێدانی خەرجییەکانی خوێندن لە دەرەوەی وڵات و، ئەوانەی ناوەوەش مۆڵەتی بە مووچەیان پێدەدات تا خوێندنەکەیان تەواو دەکەن، پاشان بێنەوە لە دەزگا حکومییەکەی خۆیان درێژە بە خزمەت بدەن، تەرخانکردنی بودجەیەکی زۆر لە ئاستێکی باڵای حکومەت ڕەهەندگەلی زۆری هەیە، مانای ئەوە دەبەخشێت حکومەت دەیەوێت شانبەشانی بونیادنانەوەی ئابووری وڵات و بەرزکردنەوەی تەلارو دروستکردنی کارخانەو ڕێگەوبان، سەرلەنوێ بونیادی کەسایەتی تاکی کوردی بکاتەوە، بە ڕەخساندنی دەلیڤەی زیاتر بۆ ئەو کارمەندو کەسانەی

دەیانەوێت پشکداربن لە ئاوەدانکردنەوەی زیاتری کوردستان و هێزی کارامەیی خۆیان بە زانیاری تازەتر برەو پێبدەن و کاراتربن.

لە سایەی ئەو سیاسەتە ژیرانەیە ئەمڕۆ لە کوردستان بە هەزاران فەرمانبەری حکومەت کە کارمەندی دامەزراوە جیاوازەکانن، بڕوانامەی بەرزتریان بەدەستهێناوەو زۆرێکیش لەوانە بوونەتە یەکەم و قوتابییە هەرە سەرکەوتووەکانی زانکۆکان، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەو قوتابییە پاڵپشتییەکی دارایی هەبووە بۆ تەواوکردنی خوێندن کە سوودی لە مووچەی بە مۆڵەت وەرگرتووەو گرفتی دارایی کەمتر بووە، دووەمیان بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر وا دەکات مووچەکەی کارمەندەکە بەرز بێتەوەو پلەی وەزیفیشی پێ بەرز دەبێتەوە، تەنانەت جاری وا هەیە دەبێتە هۆی وەرگرتنی پۆست لەو فەرمانگەیەی خزمەتی تیا دەکات.

***لە ژمارە** (3624) 2010/11/12 **لە رۆژنامەی** (**خەبات**) **بڵاو کراوەتەوە.**

## توندوتیژی ئابووری دژ بە خانمان

سەربەخۆنەبوونی ئافرەت لە بواری ئابووریدا، کاریگەرترین هەنگاوی توندوتیژی نواندنە دژ بە ئافرەت، واتە سەربەخۆیی ئابووری بۆ ئافرەت خاڵی وەرچەرخانە لە دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان.

بەهۆی ئەوەی لە هەرێمی کوردستان رێژەی نیوان هەردوو رەگەزی نێرو مێ زۆر لەیەکەوە نزیکە، بەڵام لە رووی بێکارییەکەوە رێژەکە ناهاوسەنگە و رێژەی بێکاری لە نێو ئافرەتاندا سێ هێندەی پیاوانە، کەوایە دەرفەتی کار بۆ رەگەزی نێر زیاترەو ئازادی کارکردن لەنێو پیاوان زیاتر لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی، کەوابوو ئافرەتان سەرچاوەی داهاتیان پاشکۆی پیاوانە، دەشێ بێبەش بکرێن لە خەرجییەکانی رۆژانە و دابینکردنی پێداویستییەکانیان بەپێی ئارەزووەکانیان دواجار توندوتیژی ئابووری لێدەکەوێتەوە، بەهۆی ئەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤ زۆرن و بێسنوورو تازە دەبنەوە، بەرامبەر تەرخانکردنی بڕێک لە داهاتی پیاو سنووردارن بۆ ئافرەت.

هەموو هەڵسوکەوتێک بە توندوتیژی دادەنرێت کە مانای توندوتیژی و چاوسوورکردنەوەو سەرزەنشتکردن و بریندارکردن و ئازاردان لەخۆبگرێت. جاڕنامەی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە ساڵی1993دا لەلایەن نەتەو یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەم شێوەیە پێناسە دەکات: هەر کردارێکی توندوتیژی کە لەسەر

بنەمای ڕەگەز ئەنجام بدرێت و ئازاری جەستەیی و دەروونی و سێکسی لێ بکەوێتەوە، یان لەوانە بێت پێی بگەیەنێت وەک هەڕەشەلێکردن و ناچارکردنی بە ئەنجامدانی هەندێ کار، یان زەوتکردنی ئازادییەکانی لە بواری گشتی، یان تایبەتیدا.

ستراتیژیی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا لە ساڵانی 2012 تا 2016 کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانەوە داڕێژراوە، لە 17 ئامانج پێکدێت، لە ئامانجی ژمارە 5 باس لە دەستەبەرکردنی یەکسانی دەکات لەنێوان هەردوو ڕەگەزو تواناداركرنی ژنان و کچان لە ڕێگای 9 میکانیزم، لە میکانیزمی ژمارە 7 باسی مافی ژن دەکات لە بەدەستهێنانی دەرامەتی ئابووری و، مافی لە بەدەستهێنانی مافی موڵکداری زەوی و موڵک و دارایی دیکە و، خزمەتگوزاری بانکی و، میرات و دەرامەتی سروشتی، بەپێی یاسا نیشتمانییەکان.

توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان بریتییە لە کەمکردنەوەی توانای ئابووری ئافرەتان و دوورخستنەوەیان لە بڕیارە ئابوورییەکانی خێزان، لە ڕێگای ناچارکردنیان بە کارکردن و دوورخستنەوەیان لە کارکردن و، دەستگرتن بەسەر هەموو یان بەشێکی مووچەو کرێ و داهاتی ئابووری ئافرەتان و، بێبەشکردنیان لە مارەیی و میرات و موڵکداری و، ناچارکردنی بە قەرزکردن و بەکارهێنانی کارتی دارایی و بەکارهێنانی ناویان لە مۆڵەتی کاری بازرگانی و دارایی لە بەرژەوەندی کەسانی دیکە بەبێ بەرانبەر. لەم جۆرە توندوتیژیدا ئەو ژنانەی کە لە

دەرەوە کار دەکەن هەرچەندە شان بە شانی پیاوان کار دەکەن بەڵام:

1. حەقدەستەکانیان کەمە.
2. زۆرجار لەلایەن بەڕێوەبەر یان هاوکاران چ لە لایەنی جەستەیی یان دەروونی توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت و دەچەوسێنرێنەوە.
3. لەماڵەوە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە یان کەسوکاریان بە توندترین شێوە دەچەوسێنرێنەوە.

**جۆرەکانی توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان**

- بێبەشکردنی ژن لە کارکردن و لە بەدەستهێنانی داهات.
- ناچارکرنی بە کارێک کە خۆی ئارەزووی ناکات.
- رێگرتن لە بەردەوامبوون لە کارکردن.
- پێنەدانی کرێ و مووچەی تەواو.
- دابین نەکردنی خەرجی ژیانی پێویست و پڕنەکردنەوەی پێداویستییەکانی ژن.
- دەستگرتن بەسەر مووچە و کرێیەکەی یان نەدانی ئازادی تەواو لەسەر خەرجکردنی داهاتەکەی.
- دەستگرتن بەسەر موڵک و ماڵی ژن.
- ناچارکردن بە تنازولکردن لە میرات.
- دەستبەسەراگرتنی مارەیی ژن بە بێ رەزامەندی خۆی.
- بەڕێوەبەرێک لە دەزگایەک گوشار دەخاتە سەر فەرمانبەری ئافرەت و گێچەڵی پێدەکات ئەویش بە ناچاری کار دەکات.

- بێبەشکردنی کچ لە مێردکردن بەهۆی دانانی مەرجی مارەیی زۆر، یان بەهۆی سوودمەندبوونی خێزان لە مووچەی کچ یان کارپێکردنی لە ماڵەوە لە بەرژەوەندی خۆیان.
- بە شوودانی کچ بە زۆرەملێ لە تەمەنێکی بچووک بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر مارەییەکەی.
- دەستگرتن بەسەر کارتی دارایی و مامەڵەپێکردنی بە بێ رەزامەندی ژن.
- دەستگرتن بەسەر موڵکی هەتیو (دایک و باوک مردوو) لە لایەن کەسە نزیکەکانیان بە بیانووی تەمەن بچووکیان.
- خراپ بەکارهێنانی بریکارنامە تایبەت بە موڵک و ماڵ و چۆنێتی کارپێکردنیان.
- بەکارهێنانی ناوی ژن بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی کاری بازرگانی و پێنەدانی پشکی ژن لەم کارە.
- ناچارکردنی ژن بۆ قەرزکردن لە بانک و دامەزراوە داراییەکان.
- ناچارکردنی بە کڕین بە شێوەی قیست لە بەرژەوەندی یەکێک لە ئەندامانی خێزان.
- ژنان سەرباری ئەوەی لە ماڵ بە درێژایی کاتەکانیان کار دەکەن، لەبەرامبەردا هیچ وەرناگرن و لە دەرەوەش کار دەکەن، جا پیشەی فەرمانبەری یان مامۆستا یان لە کۆمپانیایەک بن، هەندێجار لە گوندەکان جگە لە کاری ماڵ، کاری دەرەوەش دەکەن لە بواری مەڕو ماڵات و ئاژەڵداری و تەنانەت کشتوکاڵکردن ...هتد.

هەرچەنــــده گرێبەســـــتی هاوســــەرگیری وەک گرێبەســـــتە کلاسیکییەکە نەماوەو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەجۆرێک لە بـری دەسـەڵاتداریەتی و زاڵبـوونی پیـاو بەسـەر ئـافرەت، ئێسـتا لەسەر بنەمای رێککەوتن و هاوسـەنگی و دابەشکردنی کارەکان بە شــیوەی هاوبەشــی ژیــان لە هەمــوو روویەکەوە، چــونکە سـەرباری ئەوەی هێشتا توندوتیژییە ئابوورییەکان بەردەوامـن، بەڵام بەهـــۆی ســـەربەخۆبوونی ئـــافرەت لە بەدەســـتهێنانی ســـەرچاوەی داهـــات، دۆخەکە گۆڕانکـــای بەســـەرهاتووە، بەڵام دەکرێت رێگاچارەکان لە چەند خاڵێک کۆبکەینەوە:

1. زیادکردنی مادەیەک لە یاسای باری کەسیی لەپێناو پاراستنی مافی ئابووری ژن.
2. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری توندوتیژی ئـابوووری دژ بە ژن لە میدیاکان.
3. رەخســاندنی ژینگەیەکــی شــیاوی یەکســان بــۆ کــارکردنی ئافرەتـــان وەک (نووســـینگەی شـــوفێری، شـــوێنی فرۆشـــتنی جلــوبەرگ و پێداویســـتەکانی ژنـــان، وێنەگـــری، پەڕاوگەکـــان، کافتریای زانکۆکان... هتد).
4. زانایانی ئایینی لە گوتارەکانیان تیشک بخەنە سەر توندوتیژی ئابووری دژ بە ژنان و پێدانی مافی ئابووری.
5. زیـــادکردنی هـــزری ناتونـــدوتیژی ئـــابووری ئافرەتـــان لە پڕۆگرامی خوێندن.
6. دامەزرانــدنی دامەزراوەی تـــایبەت بە راهێنـــان و فێرکردنـــی مـــامەڵەی ئابووریـــانەی شـــیاو بـــۆ خێـــزانە تازەکـــان لە

(بەڕێــوەبەرایەتی بەرەنگــاربوونەوەی دژ بە ئافرەتـــان)، وەک مەرجێک بۆ مارەبڕین، تیایدا مامۆستایان و کەسانی بەئەزموون راهێنـان بە دەسـتگیراندارەکان یـان تـازە هاوسـەرەکان بـکەن و فێـــری چـــۆنێتی بەدەســـتهێنانی داهــــات و خەرجکـــردن و بەڕێـوەبردنی مـــاڵ بکـــرێن، بەمەرجێـک هاوســەنگی هەردوولا هەبێـت و هـزری ناتونـدوتیژی ئـابووری لە مێشـکیان چەکەرە بکات. هەرچەندە خەرجکردنی مووچە و دەرماڵەی تەواو بۆ ئەو ژنـانەی مۆڵەتی منداڵبـوون و دایکـایەتی وەردەگرن بە درێژایـی مۆڵەتەکەیان لە کەرتی حکومەت لە ساڵێک زیاتر نییە، بەڵام ئەمە هەنگاوێکی باشەو پێویستە لەسـەر ئاسـتی تـاک و گشـتی هـزری ناتونـدوتیژی ئـابووری بەرامـبەر ئافرەتـان ببێـتە کلتـوور نەک دیاردە.

## سەرچاوە


1.ريحاني الزهرة، العنف الأسرى ضد المرأة وعلاقته بالاضطرابات السيكوسوماتية(دراسة مقارنة بين النساء المعنفات وغير المعنفات - رسالة الماجستير فى علم النفس، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، جامعة محمد خيضر-بسكرة- 2010.

2. العنف ضد المرأة فى العراق الأشكاليات والخيارات.

3.بەڕێوەبەرایەتی توندوتدوتیژی دژ بە ئافرەتان 2019.

4.ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان، ستراتیژیی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا (2012-2016)چاپخانەی شەهاب- هەولێر2012.


*** لە سـیمپۆزیۆمی (شـکۆی خێـزان) پێشـکەش کـرا، کە لەلایەن کـۆلێژی زانسـتە ئیسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر ڕێکخرابوو، لە ساڵی 2020.**

## سەربەخۆبوونی ئافرەت لەرووی ئابوورییەوە

لەگــەڵ ئــەوەی ئافرەتــان بەراورد بە رابــردوو چــاوکراوەتر بوونەتــەوەو ئاشــنایەتی زۆریــان لەبــارەی مافەکانیــان پەیــدا کردووە، هەروەها زانیاری باشیان لەسـەر مافە ئابوورییەکانیان پەیدا کردووە، بەهۆی ئـەوەی تێگەیشتوون لەوەی پێشێلکردنی مــافە ئابوورییەکانیــان بــۆتە هــۆی ئەوەی مافەکــانی دیکەیــان لێزەوت بکرێت، بۆیە لەئێستادا خەبات بۆ بەدەستهێنانی مـافە ئابوورییەکانیان دەکەن.

ئـافرەتی ژێـر هەمیشـە بیـر لەوە دەکـاتەوە سـەرچاوەی داهـاتی ســەربەخۆ بێــت، تــا بتوانێــت لەو رێــگەوە پێداویســتییەکانی بە سـەربەخۆیی دابـین بکـات، بەبـێ ئەوەی داوا لە بـاوک یـان بـرا یـاخود هاوسـەری بکـات بۆئەوەی خەرجـی مانگـانەی بکـات، کە زۆرینەی کێشەکانی هاوسەران و خانەوادەکان بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێــتەوە، بەڵام بە ســـەربەخۆبوونی ســـەرچاوەی داهـــاتی ئــافرەت ئەمە کەمتــر دەبێــتەوە، ئەو ســەربەخۆبوونەش مانــای ئەوەیە ئافرەت کـار دەکات لە دەرەوە چ لە کۆمپانیاکانی کەرتـی تایبەت یان دامودەزگاکانی حکومەت. سـەربەخۆنەبوونی ئـافرەت لە بـواری ئابووریـدا، کـاریگەرترین هەنگاوی توندوتیژی نواندنە دژ بە ئـافرەت، واتە سـەربەخۆیی ئـابووری بـۆ ئـافرەت خـاڵی وەرچەرخــانە لە دووركەوتــنەوە لە تونـدوتیژی ئـابووری دژ بە ئافرەتــان و گەڕانــەوەی مافــە زەوتکراوەکانیــان، چــونکە لە بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایـی سـەربەخۆ، پشـت ئەسـتوورتر دەبن لە دەنگ هەڵبڕینـی دژ بە توندوتیژی بەرامبەریـان و رازی

نەبــوون بەو دۆخە خــراپەی تێــی دەکەون، بە جورێــک لە هەر دۆخێکدا توندوتیژییان بەرامبەر بکرێت، ئەو دۆخە قبوڵ ناکەن و دەتــوانن لە رێــگەی ســەرچاوەی دارایــی ســەربەخۆوە خۆیــان بەڕێوە بەرن.

## چۆن ئافرەت پشکدار بێت لە داهاتی خێزان

کــارکردنی ئــافرەت لە کوردســتاندا پرســێکی گــرنگە، چــونکە دەمانەوێت هەنگاو بەرەو ئابووری بازاڕ بنێین، کاتێک سیستمی ئابووریـت گۆڕانکـاری بەسـەردا دێـت و بتەوێـت هاوشـان بێـت لەگەڵ ئەوروپاو رۆژئاوا، دەبێت گۆڕانکاری لە بازاڕی کاریش دروســت بێــت، بەوەی هەر نابێــت لە بــازنەی سیســتمی کــۆنی ئابووری بخولێنەوە، لەبەرئەوەی ئابووری کوردستان پێویستی بە وزەو تواناو لێهاتوویی ئەقڵی و جەستەیی ئافرەت هەیە، لەو روانگەیەوە ئافرەت ئەرکی قورستر دەبێت، چونکە هەم لە ماڵ و هەمــیش لە دەرەوە کــار دەکــات، شــێواز ژیــان ئێســتا گــۆڕاوە، پیــاویش لە مــاڵ کــار دەکــات و دەبێــت ئەوەی کــار نەکــات، لە ئایندە کار بکات، واتە بەڕێوەبردنی ماڵ دەبێت هاوبەش بێت. هەرچەندە زۆر بۆچوون هەنە پێیانوایە ئافرەت تەنها دەتوانێت لە مــاڵەوە کــار بکــات و لە دەرەوە ســەرکەتوو نییە، بەڵام ئەمە هەڵەیە، بەڵکو هەمــوو ئەو ئافرەتــانەی لە دەرەوە کــار دەکەن لە بەڕێــوەبردنی مــاڵیش زۆر ســەرکەوتووترن، بەهــۆی ئەوەی ئەزموونی کارکردنی دەرەوە دەگوازێتەوە ماڵەوە، هەم ماڵداری و هەمیش لە پەرەوەردەکردن.

کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی داهاتی تاک و داهاتی خێزان و داهاتی نەتەوەیی لەسەر ئاستی وڵات، جگە لە باشترکردنی گوزەرانی خێزان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و گەشەپێدانی ئابووری وڵات، وا دەکات سەربەرستی و سەربەرزی ئافرەت زیاتر بێت و پشت بە خۆی ببەستێت، نەک چاوی لە پیاوەکەی بێت مانگانە خێری پێ بکات. پێویستە هەلی کار لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بڕەخسێنرێت، بەتایبەت کەرتی تایبەت مووچەی ڕەگەزی مێ زیاتر بکات، تا بارگرانی لەسەر حکومەت کەمتر بێت، چونکە ئێستا لە کوردستان 45% خێزانەکان پشت بە مووچەی حکومەت دەبەستن، لە ئەگەری دواکەتنیش ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە، بەڵام لە کەرتی تایبەت مووچە لە کاتی خۆی دەدرێت، هەروەها پێویستە میدیاش هۆشیاری بڵاو بکەنەوە لە هاندانی ئافرەت بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت، چونکە کارکردنی ئافرەت لە کەرتی تایبەت بەهۆی پاشەگەردانی فەرهەنگ و دابونەریتەوە لەئێستادا لە ئاستێکی نزمدایە، ئەگەر ڕێژەکە بەرز بێتەوە وا دەکات ڕێژەی بێکاری و هەژاری کەم دەبێتەوەو ئاستی ژیانی خێزان باشتر دەبێت و، گەشەی ئابووری کوردستان و داهاتی نەتەوەیی بەرەو هەڵکشان دەچێت و، پێشکەوتن دێتە کایەوە.

سەرنج: ئەو بابەتە پوختکراوەتەوە کە لە هەردوو ژمارەی خوارەوەی گۆڤاری گوڵان بڵاوکراوبویەوە

**※لە ژمارە** (1019) 3/3/ 2015 **لە گۆڤاری** (**گوڵان**) **بڵاوکراوەتەوە.**

**※لە ژمارە** (1251) 1/12/ 2020 **لە گۆڤاری** (**گوڵان**) **بڵاوکراوەتەوە.**

## رۆڵی ئافرەت لە کایە ئابوورییەکاندا

بەشـــداری کـــارای ئەقڵـــی و جەســـتەیی ئـــافرەت لە کـــایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکاندا رۆڵی خۆی هەیە بەتایبەت لە کایە ئابوورییەکاندا، چونکە هیچ کۆمەڵگەیەک پێشکەوتن بەخۆوە نابینێت ئەگەر بەشداری راستەقینەی ئافرەتی تێدا نەبێت، ئەگەر ئافرەت بەشداری لە پڕۆسەی بەرهەمهێناندا نەکـات، داهێنـان لەو وڵات و کـۆمەڵگەیە دروسـت نابێـت، واتـا داهێنان لە کۆمەڵگە بەندە بەشداری ئەقڵی ئافرەت لە پڕۆسـەی هاوبەشـــــی داهێنانکـــــاری و تـــــازەگەری و پەرەپێـــــدان و گەشەسەندندا.

ئەگەر لە روانگە ئابووریەکەوە بڕوانینە رۆڵی ئافرەت کە هەم لە رووی ئەقڵی و جەستەییەوە خوێنی تازەیان پێیە، هەمیش هزری نوێی لە مێشکیان چەکەرە دەکات و، دەتوانن لە هەر بەرهەم و کارێک و هاتنە دونیای شتێکی دیکە رۆڵی کارا ببینن، وەک چۆن لە هاتنە دونیای منداڵێک لەگەڵ رەگەزی نێردا منداڵێک دەهێننە ئەم جیهانە کە دواجار مرۆڤێکی بەرهەمهێن دروست دەکەن بۆ خزمەتکردن لە هەموو بوارەکانی ژیان، بۆیە ئافرەت وەکچۆن لە کـــۆمەڵگە پێشـــکەوتووەکان ئـــازادی هەیە و بە ئـــازادی بیـــر دەکـــاتەوەو بە ئەقڵێکـــی ئـــازادیش هاوبەشـــی لە پڕۆســـەی پێشخســـتنی کـــۆمەڵگە دەکـــات، نەک بە دانـــانی رێـــژەی کۆتـــا لە بەشداری پێکردنی لە کایەی سیاسی و کارگێڕیدا، چونکە ئاستی زیرەکی ئافرەت هیچی لە پیاو کەمتر نییە، بەتایبەت لە کایەی ئابووریـــدا، بگـــرە زۆر زیرەکتـــرو ژیرانەتـــر مـــامەڵەکە لەگەڵ

دۆخەکە دەکات، واتە پرسی ماڵداری بە شێوە ئابوورییەکە و بیرکردنەوە بۆ گەشەپێدان لە ماڵەوە بیگرە تا دەگاتە وڵات، ئاستی دیزاینی بیرکردنەوەی زۆر جوانترو راستگۆیانەتر نەخشەڕێژ دەکات، کە رەنگە پلانەکەی لە پیاو دوور مەوداتر بێت.
بەکارهێنانی ئەقڵی و جەستەیی ئافرەت بۆ جیهانبینییەکی تازەترو ئاییندەیەکی خۆشگوزەرانی ئابووری راستگۆیانەترو دڵسۆزترەو بەڵێنەکانیشی بەوپەڕی متمانە دەباتە سەر، لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ئافرەت هاوشانی پیاو لە پڕۆسەی بەرهەمهێنان و پێشوەبردنی ئابووری وڵات بەشدارە، بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو کە ئافرەت بەشداری ناکات لە پڕۆسەی بەرهەمهێنان تەنانەت دوای دەرچوونیشیان لە زانکۆکان راستەوخۆ دەبنە کابانی ماڵ و شوو دەکەن وەک کاڵای خۆشگوزەرانی بەکاردەهێنرێن، یا لە کەرتی گشتی حکومەت دادەمەزرێن ئەویش رۆڵیان پێنادرێت، ئەگەر هەشبێت تەنها بۆ دیکۆرە، ئەگەر کوردستان دەوێت چاو لە وڵاتانی پێشکەوتوو بکات دەبێت پێگەی ئافرەت بەرزتر بکات، رۆڵی پێ بدات و گۆڕانکاری لە کلتووری کۆمەڵایەتی رووبدات.

***لە نیسانی 2015 لە گۆڤاری (گوڵان) بڵاوکراوەتەوە.**

## تیرۆری ئابووری سەرچاوەی تیرۆری جیهانە

چەمکی تیرۆر، ڕەهەندی جیاوازی هەیە و پێناسەکردنیشی جۆراوجۆرە، بە دیدی کەسێکی مارکسی و سەرمایەداری و ئاییندارو دیموکراسیخوازو ئازایخواز جیاوازە، هەر ئەو فرە ڕوانگەیەشە پێناسەکەی دژوار کردووە، بەڵام هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە گوزارشتە لە ترساندن، تۆقاندن، کوشتن، هەڕەشەکردن، برسیکردن، سەپاندنی هەژموونی فکری و سیاسی و سەربازی، ئابووری بەسەر کەسێک یان کۆمەڵگەیەکدا. تیرۆر ڕەگێکی مێژوویی هەیە، جا تیرۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، هزری، ئایینی، مەزهەبی، فەرهەنگی، دەروونی، نەتەوەیی ...هتد بێت، تیرۆر سنووری نییە، دەوڵەتی نییە، ئایینی نییە. دیاردەی تیرۆری ئابوورییە، کە دیاردەیەکی زۆر ترسناکە و دەرهاوێشتەی گەورەی بۆ لەناوبردنی کۆمەڵگەکان هەیە. تیرۆری ئابووری بەراورد بە تیرۆری سیاسی و ئایینی کەمتر ناسراوە، لەکاتێکدا لە پشت هەموو تیرورە سیاسی و ئایینییەکان ئامانجی ئابووری هەبووە.

تیرۆری ئابووری، بریتییە لە پڕۆسە یان سیاسەتی ئابووری یان نائابووری، توندوتیژە یان ناتوندوتیژ، ئامانجی دامەزراوەو چالاکییەکی ئابووری دیاریکراوە لە دەوڵەت یان کۆمپانیا یاخود بازاڕێکدا، بە ئامانجی ترساندن یان بێزارکردنی مرۆڤ یان دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان و، داڕمان و مایەپوچکردنی ئابووری کە شوێنەواری ماددی و دەروونی دابنێت لە ڕوانگەی

نەرێنییەوە. لەوبارەیەوە پەیمانگەی ئاشتی و بازرگانی جیهانی تێچوی تیرۆری دابەش کردووە بۆ دوو جۆر:
1. تێچووی راستەوخۆ، وەک کوژراوو بریندارو دارمانی تەلارو باڵەخانە و خاپوورکردنی ژێرخان.
2. تیچـــووی ناڕاســـتەوخۆ، کـــاریگەری زۆر زیـــاترە لەســـەر ئابووری و درێژخایەنە و تێچووەکەی ئاڵۆزەو هەژمارکردنی کە تەواوی چـــالاکییە ئابوورییەکـــان دەگـــرێتەوە بە گشـــت سێکتەرەکانەوە. وەک دوای ئەنجامدانی تاوانەکە تێچوی گەڕان بە دوای تاوانبارو ڕێوشوێنی پلانە ئەمنیەکان و تەرخانکردنی بودجەی زیاتر...هتد. بەهۆی تیرۆری ئابووری سالانە جیهان 53 ملیار دۆلار زیانی بەردەکەوێت. تەنها لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا پرۆســەی بەرەنگـاربوونەوەی تیـرۆر ســالانە هەر تاکێـک 40 دۆلاری تێدەچێت.
شوێنەواری تاوانی تیرۆری ئابووری تێچووی زۆرە لە رووی ئابوورییەوە، جگە لە تاوانی یاسایی، چونکە تێچوونی ئەگەر بە لایەنـــی دارایـــی هەژمـــار بکرێـــت زۆر بەرزە، وەک خەرجـــی دەزگاکانی ئاسایش و باڵەخانەو...هتد. تاوانی تیرۆری ئابووری تێچوی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی هەیە. زۆرجار بە ئابووری شاراوە دەڵێن ئابووری ژێر زەوی یان ئابووری نافەرمی، یاخود ئـابووری دەرەوەی سیستم یـان ئـابووری رەش، بەو چـالاکییە ئابوورییە دەوترێت کە لە کەرتە ئابوورییەکاندا ئەنجام دەدرێت بـێ ئەوەی داهـات و خەرجییەکـانی ئاشـکرابن و لە ژمێریـاری ئابووری نیشتمانیدا تۆمار بکرێن، وەک بەرهەمهێنان و داهاتی

(تلیاک، قاچاغی، خواردنەوە کهولییەکان، نەوت، جگەرەی قەدەغەکراوە، دزی ماددەی خاو، کەلوپەلی مۆزەخانە، لەشفرۆشی یانەکانی شەوانە...هتد)، بۆ نموونە داهاتی مافیاکان لە بازاڕی رەش لە هەندێ وڵات 50% داهاتی نیشتمانی پێکدێنێت و ساڵانە قەبارەکەی دەگاتە 110 ملیار دۆلار، لەکاتێکدا چوارچێوەی داهاتی نیشتمانی تۆمار ناکرێت، بۆیە بە ئابووری شاراوە ناوزەد دەکرێت، ئەم دیاردەیە لە کوردستان و عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت.

لە ئاکامی کێبرکێی خۆپڕچەککردن لە هەر خولەکێکدا لەسەر ئاستی جیهان بەتایبەت وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساڵانە 550 ملیار دۆلار خەرج دەکرێ، 400 هەزار زانا بەو کارەوە سەرقاڵن کە دەکاتە 40% مێشکەکان لە جیهان. ئاکامی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی، جەنگە یەک لە دوای یەکەکان لە جیهان بەدوای هاتووە کە خەرجییەکانی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانەکەیان هێندە زۆرە، داهاتی ساڵانە ناتوانێت بێتە ژێر بار. وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێشەوەی کێبرکێیەکەن لەم ساڵانەی دواییدا رێژەکەی 25% دەبێت. وڵاتێکی وەک عێراق لە ساڵانی 2005-2016 بە بڕی 22 ملیار دۆلار چەک و تەقەمەنی تەنها لە ئەمەریکا کڕیوە. لە عێراق ساڵی 2006ەوە تا 2015 زیاتر لە 75 ملیار دۆلار بۆ ئاسایش و بەرگری و هێزە چەکدارەکان تەنها لە بودجە تەرخان کراوە. لە ساڵانی 1980 تا 1990 عێراق نزیکەی 200 ملیار دۆلاری بۆ کڕینی چەک خەرج کردووە، لەکاتێکدا لە سەرتای

سـاڵانی 1931وه تـا 1990 کـۆی داهـاتی نەوتـی عێـرق 196 ملیـار دۆلار بـووە. بە مەزنـدەی پسـپۆڕان بەهـۆی سەرکێشـی سوپاوە زیانەکانی داهاتی نەتەوەیی زیاتر لە 400 ملیار دۆلار بووه. ئێستا عێراق زیاتر نزیکەی 400 ملیار دۆلار قەرزارە بە قەرزی جەنگی کوێتیشـەوە، لەسـەردەمی فەرمانڕەوایەتی نوری مـالیکی تەنهـا لە واژووکردنـی دوو گرێبەسـتی چەککڕینـدا 165 ملیــار دۆلار کە بە شــێوەی قیســت دەدرێــت بە کۆمپانیاکــانی رووســیاو ئەمەریکـا بەفیـڕۆ داوە. سـەبارەت بە شـۆردنەوەی پارەش، تاوانی سپی یان ئابووری سێبەر، یەکێکە لە دیاردەکانی تیـرۆری ئـابووری هـاوچەرخ و قەبـارەکەی تەنهـا لە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاســت بە 300 ملیــار دۆلار دەخەمڵێنرێـت، لەلایەن مافیــاو دەستڕۆیشتووەکانەوە ئەنجام دەدرێت. قەبارەی ئەو موڵکەی کە تاوانباران لە جیهان هەیانە لە رێگەی شۆردنەوەی پارەوە 1.6 تریلیـۆن دۆلارە کە یەکسـانە بە 2.7% کـۆی بەرهەمـی نـاوخۆی جیهانی، تەنها لە سعودیە لە ساڵی 2009 زیاتر لە 1230، ساڵی 2010 زیـاتر لە 1368 سـاڵی 2011 زیـاتر لە 1500 حـاڵەتی شۆردنەوەی پارە هەبووە. ئەو دیاردەیە لەوەوە سـەرهەڵدەدات کە زۆربەی ئەو کەسانەی بە رێگەی نایاسایی پارە پەیدا دەکەن و دواتــر لەرێــگەی کۆمپانیــا بیانییەکــانەوە دەینێــرنە دەرەوەی وڵات. بەپێـی ئامــاری نەتەوە یەکگرتووەکــان ســاڵانە قەبــارەی ششتنەوەی پارە لە وڵاتانی پیشەسازی تەنها لە بازرگانی تلیاک دەگاتە 120 تا 500 ملیار دۆلار.

**شوێنەواری ئابووری تیرۆر**

تیرۆری ئابووری شوێنەواری ئێجگار زۆری لەسەر ئابووری کوردستان داناوەو لە هەموو کایەکانی ژیان رەگی داکووتاوەو، شادەماری ئابووری تووشی شێرپەنجە کردووە، ئەمە پیلانی پڕۆگرامکراوی وڵاتانی دراوسێ و دەستی وڵاتە زلهێزەکانیشی لەگەڵدایە کە هەمیشە بە ژێردەستەیی چاومان لە رەحمەتی ئەوان بێت، لە شوێنەوارەکانی ئەم تیرۆرە:

1. کاریگەری دەخاتە سەر پڕۆسەی وەبەرهێنان و کەمبوونەوەی خواستی گشتی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بە مەزندەی پسپۆڕان داعش زیاتر لە 300 ملیار دۆلار زیانی بە ئابووری عێراق گەیاندووە، ئەمە سەرباری ئەوەی دووبارە نۆژەنکردنەوەی قەبارەیەکی گەورەی بودجەی پێویستە.

2. کاریگەری دەخاتەسەر بازاڕو گەشەی ئابووری وەک ئەوەی لە ساڵی 2001 هەردوو تاوەری بازرگانی ئەمەریکی لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی ئەلقاعیدەوە کرایە ئامانج، کە ئابووری ئەمەریکای بەرەو بێبازاڕی بردو تێکڕای گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی بەرەو نزمبوونە گەیاندە 0.07% و تێکڕای بێکاری گەیشتە 4.9% و هەناردەی دەرکی گەیشتە 9،9% و کورتهێنانی بودجەی گەیشتە 80 ملیار دۆلارو زیانی بۆ باڵەخانەکان گەیشتە 30%.

3. بەهۆی تیرۆری ئابووری ساڵانە 180 ملیار دۆلار زیان بە کەرتی بازرگانی جیهان دەکەوێت.

4. بۆردومانەکانی ئەمەریکا بۆ سەر بنکە سەربازییەکەی سوریا 90 ملیۆن دۆلاری تێچووە، بەجۆرێک نرخی هەر یەکێک لەو موشەکانە کە ئاراستەی سوریای کردووە، یەک ملیۆن و 500 هەزار دۆلارە، بەوەش ئەمەریکا لە رێگەی ئەو 59 موشەکەوە لە ماوەی 9 خولەکدا، 90 ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە، ئەمەش بەشێکە لە تیرۆری ئابووری ئەمەریکاو سووریا.

5. هەژموونی پێنج گەورە کۆمپانیای فرە رەگەز لە کۆی 60 هەزار کۆمپانیا بەسەر جیهان کە 80% بازرگانی کالای نێودەوڵەتی دەکات و، داهاتەکەی 94% GDP وڵاتانی جیهانی سێیەمە و 149% GDP ئەمریکایە.

6. بەهۆی تیرۆری ئابوورییەوە زیاتر لە 105 ملیار کەس بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن کە تێکڕای داهاتی رۆژانەیان یەک دۆلارە، لەو ژمارەش یەک ملیار کەس لە وڵاتانی دواکەوتوون، هەروەها سێ ملیار کەس بێکارن یان بێکاری شاراوەن لەسەر ئاستی جیهان.

7. هەژموونی کۆمپانیا زەبەلاحەکان وایکردووە بازاڕی وڵاتانی دواکەوتوو بە کالای بەکاربردن داپشۆێت، کوردستانیش بازاڕەکەی تەنها بۆ ساغکردنەوەی کالای کوالیێتی نزم و ماوەبەسەرچووە نەک هاوردەکردنی کەرەستەو ئامێری بەرهەمهێنان، کە ببێتە میکانزمێک بۆ ئاسانکاری لە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان.

8. بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا تا ئابووریان جێگیر نەبێت و سەرمایەی مرۆیی و دارایی بگوازرێتەوە رۆژئاوا.
9. لە ئەنجامی پڕۆسەکانی ئەنفالی ساڵی 1988 بۆ سەر گوندەکانی کوردستان (1730) گوند وێران کراوە لەلایەن بەعس، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی تیرۆری ئابووری هەرێمی کوردستان، کە زیاتر لە 99% خەڵکی ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون و زیانی ئابووریان بەرکەوتووەو زۆرینەی ئەوانەی بوونەتە قوربانی تەمەنیان لەنێوان هێزی کاردایە و رێژەی 37.64% کۆی گشتی قوربانیانە. ئەگەر کۆی گشتی زیانە ئابوورییەکانی کوردستان کۆبکرێتە دەبێت زیانی تیرۆری ئابووری کوردستان لەسەر دەستی بەعس چەند بووبێت؟
10. زیانی هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان هێندە زۆرن لە ئەژمار نایەن، شوێنەواری خراپی لەسەر ئابووری کرودستان داناوە، بۆ نموونە لە 2013 تێکڕای داهاتی مانگانەی خێزان لە کوردستان ملیۆنێک و 979 هەزار دینار بووە، ئێستا بۆ 770 هەزار دینار دابەزیوە. ئەگەر ساڵی 2013 تێکڕای خەرجی خێزانەکان لە مانگێکدا ملیۆنێک و 263 هەزارو 800 دینار بوو بەڵام ئێستا بۆتە ٨٤٢ هەزار دینار، تا 2014 تەنها 3%ی دانیشتوانی کوردستان لەژێر هێڵی هەژارییەوە بوون، بەڵام لە 2016 بۆتە 13% و رێژەی بێکاری 6% بوو، بەڵام ئێستا بۆتە 14%. پێشتر لە ماوەی 10 رۆژدا زیاتر لە 800

ملیۆن دۆلار دەچووە بازاڕ، بەڵام ئێستا 50 رۆژ جارێک 450 ملیۆن دۆلار دەچێتە بازاڕ، ئەگەر دوکاندارێک پێش 2014 رۆژانە 100 هەزاری دەستکەوتبێت، ئێستا 10%بۆ 25%ی ئەو داهاتەی دەست دەکەوێت، بۆیە گەشەی بازاڕ کەمی کردووەو بێکاری زۆر بووە. لە دوو ساڵی رابردوودا گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی پاشەکشەی گەورەی کردووە، بۆ نموونە لە 10 ساڵی رابردوودا بایی 47 ملیار دۆلار وەبەرهێنان کرابوو، بەڵام لەو دوو ساڵەدا 20 ملیار دۆلار وەبەرهێنان پاشەکشەی کردووەو تەنها 27 ملیار دۆلار ماوەتەوە.

11. چوونە دەرەوەی ملیاران دۆلاری خەڵکی کوردستان بۆ گیرفانی جوتیارو بەرهەمهێن و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی دیکە.

**سیاسەتی ئابووی بۆ خۆپاراستن لە تیرۆری ئابووری**

1. کاراکردنی سیاسەتی گەشەپێدانی ئابووری و دارایی و دراو بەئامانجی بەرزکردنەوەی توانستی بەرهەمداری.

2. چارەکردنی دیاردەی هەژاری و هەنگاونان بۆ خۆشگوزەرانی ئابووری خەڵک.

3. دیراسەکردنی میکانزمی دابەشکردنی داهات بە یەکسانی ودادگەری.

4. پەرەپێدان و ئاوەدانکردنی ناوچە جیاوازەکان بەبێ یەکسانی.

5. رەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ کارکردن و پێدانی بەرپرسیارێتی لەسەر ئاستی گشتی دەوڵەت.

6. بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی (دارایی، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، پەروەردەیی...هتد) بەتایبەت کاراکردنی چاودێری دارایی و دەزگای ئەستۆپاکی.

7. قەرەبووکردنەوی ئەو کەرتانەی تیرۆر کاریگەری کردونەتە سەر لە ناوچە جیاوازەکان.

8. وەبەرهێنان لە کەرتە ئابوورییەکانی (کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی، گەشتیاری) بە دامەزراندنی پڕۆژەی گەورەو راکێشانی سەرمایەی بیانی.

**سەرچاوە**


1.د. سعد بن على الشهراني، العامل الاقتصادي في الظاهرة الإرهابية، عدد(3162 ) المجلة العربية للدراسات الأمنية والتدريب، المجلد 30، العدد 59)،2014.

2..گۆران مصطفى محمد، کاریگەرییە ئابووریەکانی پڕۆسەکانی جینۆسایدی گەلی کورد لە گەرمیان قەزای کەلار وەک نمونە، نامەی دبلۆمی باڵا لە ئابووری، بەشی ئابوری کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، 2009 .

3.شوان بەرزنجی، بابەتێک لە رۆژنامەی باس سەبارەت بە کاریگەرییەکان قەیران لەسەر بازاڕ .

4.David Gold Economics of Terrorism, Professor of Economics.

5.Article Economic Cost by Dr. Hafiz A. Pasha

6.GLOBAL TERRORISM INDEX 2015, MEASURING AND UNDERSTANDING, THE IMPACT OF TERRORISM, Institute for Economics and Peace.



**٭لە ژمارە (3)ی حوزەیرانی 2017 لە گۆڤاری (هاوسەنگ) بڵاوکراوەتەوە.**

# کاریگەری میدیای ئابووری لەسەر هاوڵاتیان

میدیا رۆڵـی کـارای هەیە لە یەکلاکـردنەوەی قەیـرانە سیاسـی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، تەنانەت بۆتە یەکێک لە دەســەڵاتە گرنگەکــانی دەوڵەت، ئەگەر پێشــتر بە دەســەڵاتی چوارەم ناوبرابێت، لەئێستادا لە وڵاتانی پێشکەوتووی دیموکراتی و مەدەنیدا بۆتە دەسـەڵاتی دووەم، بەتـایبەت لە داکۆکیکردن لە تاکی کۆمەڵگە بە هەموو رەگەزە جیاوازەکانەوە.

وەک چۆن لە دونیای جیهانگیریدا هەمـوو شـتێک رێرەوی خۆی بۆ پسپۆری گۆریوەو زانست و لێکۆڵینەوەکان بۆ شتی بچووک گۆران، تـاکو تایبەتمەندی تیـا وەربگیرێت، ئاوهـاش میـدیا بەرەو پسپۆری رۆیشتووە، میدیای پسـپۆر دابەش بـووە بۆ بوارەکـانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئـابووری و وەرزشـی و هونەری...هتد، ئەوەی ئـێمەش دەمانەوێـت جەختـی لەســەر بکەیـنەوە میـدیای ئابوورییە، کە لە ئێستای جیهانی سەرمایەداریدا، بایەخی تەواوی پێدەدرێت، هەم بۆ سـەرمایەدارو هەمیش بۆ بەکـاربەر گـرنگە، ئەمەش لە ئەنجـامی دەرکەوتنـی خـوێنەری جۆریی پەیـدا بـووە، چــونکە خــوێنەری ئێســتا هەمــوو بابەتێــک نــاخوێنێتەوە تــا بەدواداچــونی بــۆ بکــات، بەڵکــو هەریەک لە پســپۆری خــۆی دەخـوێنێتەوە، ئەگەرچـی میـدیای ئـابووری وەک هەر میـدیایەکی دیکە ئاراستەی چینێکی دیاری کراوە، بەڵام بە شـێوەیەکی دیکە پەیوەستە بە ژیـانی تەواوی کـۆمەڵگە و کـاریگەری خـۆی هەیە، چونکە ناکرێت ژیان لە ئابووری جیا بکرێتەوە.

هەرچەندە میدیای کوردستان بەراورد بە چەند ساڵی رابردوو پێشوەچونی بەخۆوە بینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا میدیای ئابووری بە مانا راستەقینەکەی وەک دەزگایەکی پسپۆڕی دیار بوونی نییە، جگە لە هەندێ رۆژنامەو گۆڤاری وەرزی نەبێت، ئەوەی دیکە لە رادیۆو تەلەڤزیۆن هەر بوونی نییە، ئەگەر هەشبێت بەناو لە تەلەڤزیۆنی لۆکاڵی سەربە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بێت، ئەوا ناکرێت ناوی میدیای ئابووری لێ بنرێت بە شێوە زانستییەکەی، بەڵکو زیاتر رێکلام بۆ کاڵاو کەرەستەی تایبەتی کۆمپانیایەکی دیاریکراو دەکات و ئەرکی میدیا جێبەجێ ناکات، بەڵکو رەواج بۆ فرۆشی کاڵا هاوردەکراوەکانی بیانی دەکات، ئەگەر ناوی میدیای ئابووریشی لێ بنێین ئەوا دەبینین رۆژانە سوکایەتی بە بەرهەمی ناوخۆیی و رەواجدان بە بەرهەمی بیانی دەکات، لە رێگەی نمایشە نازانستییەکانی شانۆکارە کەمئەزموونەکانی نێو کەناڵە لۆکاڵییەکان، لەکاتێکدا ئەگەر رێکلامیش دەکرێت بۆ هەر کاڵایەک نابێت لەسەر حسابی کاڵای ناوخۆیی بێت، چونکە کاریگەری زۆر دەکاتە سەر دەروونی هاوڵاتیان و وا دەکات رەفتاری بەکاربردنی خۆیان بگۆڕن بۆ کاڵای بیانی و بەرهەمی ناوخۆییش لە بازاڕ بمێنێتەوە، هەر ئەو کاریگەرییەش وایکردووە لەئێستادا بەرهەمی خۆماڵی بەرەو پاشەکشە بڕوات و ساڵانە 35%ی پێویستییە ناوخۆییەکان پڕ بکاتەوە کورتهێنانەکەشی 65% لە دەرەوە هاوردە بکرێت، ئەوە تەنها لە بەروبوومی کشتوکاڵی سەوزەو میوە، لە بەرهەمەکانی دیکەش بە رێژەی 99% لە دەرەوە

بهێنرێـت، بەهـۆی ئەوەی ئەو میـدیایەی هەیە هەر نـاوێکی لـێ بنرێـت ئەوە تەنهـا بـۆ قـازانجی رێکـلام کـاری کـردووە، نەک بەرژەوندی گشتی و دواجار کاریگەری لەسەر ئەقڵیەتی خەڵک و جـۆری رەفتارکردنیـان کـردووە، ئەوەش شـوێنەواری لەسـەر هەمـوو تاکێـک دانـاوە کە هەمیشـە کـاڵای بیـانی لە خۆمـاڵی پـێ باشتر بێت.

بەهـۆی ئەو پێشـکەوتنانەی هەرێمـی کوردسـتان لە هەمـوو رووبەکەوە بەخۆوەی دەبینێت، بەتـایبەت هەنگاوە سـەرەتاکانی پەرەپێدانی ئـابووری لە کوردسـتان، کە ژمـارەیەکی زۆر پـرۆژە لەلایەن کۆمپانیـا بیـانی و ناوخۆییەکـان ئەنجـام دەدرێـت و بە سـەرمایەی بیـانی و خۆمـاڵی، هەمـوو سـێکتەرە ئابوورییەکـان جوڵەیـان تێکەوتـووەو رۆژ بە رۆژ ئەو گەشـەکردنە بەرەو هەڵکشان دەچێت و، هەرێمی کوردستان دەبێتە ناوچەکی گرنگی ئابووری ناوچەکە و وەبەرهێنان لە هەموو سێکتەرەکان ئەنجام دەدرێـت، خەریـکە حکـومەتی کوردسـتان بۆرسـەی کـاغەزە داراییەکان لە هەولێر دەکاتەوە لەگەڵ ژماریەکی زۆر لە ناوچەی بازرگانی و پیشەسازی، ئەمانە پێویستیان بە پێشخستنی میدیای ئـابووری هەیە بەتـایبەت کـردنەوەی چەنـدین دەزگـای میـدیای ئـابووری لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان، بە رۆژنـامەو گۆڤـارو تەلەڤزیـۆن و رادیـۆو مـاڵپەڕی ئەلیکترۆنـی، تـا لە رێگەیەکـی پرۆفیشـناڵییەوە بـایەخ بە هەواڵ و پێشـکەوتنە ئابوورییەکـان بدرێت و، تـاکی کوردی زیـاتر لە رێگەی شیکردنەوە زانسـتییە ئابوورییەکـانەوە هۆشـیار بـکەنەوە، لەلایەکـی دیـکە بـۆئەوەی

میدیای پسپۆڕی ئابووری ڕێچکەی زانستیانە وەربگرێت، پێویستە لە زانکۆکان لەپاڵ بەشی ڕاگەیاندن یان لە کۆلێژەکانی کارگێڕی و ئابووری بەشی زانستی میدیای ئابووری بکرێتەوەو، کادیرەکانی ئەو بەشە سەرپەرشتی دەزگا ڕاگەیاندنە ئابوورییەکان بکەن، بۆئەوەی کاریگەی میدیای ئابووری لەسەر تاکی کوردی، کاریگەری ئەرێنی دابنێت و، سوودی بۆ تاک و کۆمەڵگەی ئابووری هەبێت، واتە سوودێکی دوولایەنە بێت، هۆشیاری بڵاوبکاتەوەو داکۆکی لە تاک بکات، ڕێگەی ڕاستیش بە بازرگان و سەرمایەدارو وەبەرهێنەر بدات تا بەرهەمی کوالێتی ئاست بەرز پێشکەش بە بەکاربەر بکات، لەبەرئەوەی میدیای ئابووری لەمڕۆی جیهاندا بایەخی خۆی هەیە و سەرتاپای ژیانی مرۆڤایەتی داگیر کردووە، ئەگەر ڕۆڵەکەی بە ئەرێنی نەگێڕێت کۆمەڵگە بەرەو داڕمان و نەخۆشی و ناتەندروستی دەبات و لەناوی دەبات.

***لە ژمارە(124)ی کانوونی دووەمی 2013 ڕۆژنامەی (بازرگانی سەردەم) بڵاوکراوەتەوە.**

## ڕۆڵی میدیای ئابووری لە هاندانی هاوردەکردنی خواردەمەنی

ئەم نووسینە پوختەی توێژینەوەیەکی زانستی مەیدانییە، ئەو پرسیارانەمان وروژاندووە تاکو بگەینە ئەنجامێکی دروست وەک: بەڕێوەبەرایەتی دەزگاکانی راگەیاندنی ئابووری تا چەند کاریگەرییان لەسەر خەڵک هەیە، لە هاندانیان بۆ بەکاربردنی بەرهەمی خۆماڵی و بەرهەمی هاوردەکراوی بیانی؟ تا چەند میدیا هۆشیاری بڵاوکردۆتەوە بۆ زیادکردنی بەرهەمی جوتیاران و پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی؟ چ ئامرازێکی راگەیاندن رۆڵی نەرێنی بینیوە لە رەواجدانی بەرهەمی هاوردەکراو؟ جەماوەر تا چەند لە میدیای کوردستان رازین؟

راگەیاندن لەمڕۆدا رۆڵی کاریگەر دەبینێت لەسەر سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵگە بە گشتی، کار دەکات بۆ ئاشکراکردنی راستییەکان و گۆڕینی بڕیاری سیاسی و ئابووری ...هتد، یەکێک لە رایەڵە گرنگەکانیشی راگەیاندنی ئابوورییە کە خزمەت بە کەرتە ئابوورییەکانی جیهان دەکات. بەڕێوەبەرایەتی دەزگا راگەیاندنە ئابوورییەکان رۆڵی ئەرێنی دەبینن لە هاندانی پەرەپێدانی بەروبوومی ناوخۆیی بۆ گەشەپیدانی کەرتە ئابوورییەکان بەتایبەت کەرتی کشتوکاڵی کە سەرچاوەی سەرەکی پیشەسازی خۆراک و کەرتەکانی دیکەیە، بەڵام لە کوردستان ئەو دەزگایانە رۆڵی نەرێنی دەبینن و هانی بازرگانان دەدەن تا بەرهەمی بیانی بە رێژەی بەرز هاوردە بکەن و رێگەی ناڕاست نیشانی بەکاربەر دەدەن بۆ بەکارهێنانی بەرهەمی بیانی

هـــاوردەکراو، بە ڕێکـــلامە نازانســـتییەکانیان، لەکاتێکـــدا ئەرکـــی سەرەکی دەزگاکانی راگەیاندنی ئابووری ئەوەیە هۆشیاری بڵاو بکەنەوە لەنێو بەکاربەران بە کوالێتی کاڵاو نرخ و لایەنە نەرێنی و ئەرێنییەکانیەوە، میدیا یەکێکە ئامرازە بە هێزەکانی پەیوەندی و گەیانـــدن و زۆرتـــرین کـــاریگەری لەســـەر بوارەکـــانی ژیـــان بەتـــایبەت بـــواری ئـــابووری و دارایـــی و کـــارگێڕی و ژمێریـــاری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا میدیا پەیوەندی راستەوخۆی بە چالاکییە ئابوورییەکان هەیە بەتایبەت چالاکی بازاڕو بازرگانی جیهانی.

بەهۆی پێشکەوتن و توانای ئامرازەکانی راگەیاندن لە پرۆسـەی ژیانـــدا بەتـــایبەت لە چـــالاکییە ئابوورییەکانـــدا بـــوتە هـــۆی گەشـەپێدانی کۆمەڵگە و دروستکردنی واقیعێکی نوێی ئـابووری لە دروستکردنی دەرفەتـی کـارو ئاسـانکاری کـڕین و فرۆشـتن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە کۆمەڵگەدا.

ئامرازەکانی راگەیاندن، بە جیاوازی جۆرەکانییەوە، رۆڵی ئەرێنی و نەرێنـی دەگێـڕن لە ژیـانی کـۆمەڵگە، چەکێکـی دوو ســەرەیە دەتوانرێت بە باش و بە خـراپ بەکاربهێنرێت بۆ ئاڕاستەکردنی کـــۆمەڵگە. لەئێستاشـــدا چـــۆن ژیـــان بەرەو پســـپۆڕی دەڕوات ئاوهـــاش راگەیانـــدن بەرەو پســـپۆڕی دەڕوات، راگەیانـــدنیش ئـاوێنەی رەنگدانەوەی رووداوەکـانی ژیـانی گەلان و نەتەوەکـانە لە بوارە جیاوازەکانی ژیان، راگەیاندن بە خەسڵەتە گشتییەکەی رۆڵێکـــی گرنـــگ دەگێڕێـــت، وەکچـــۆن راگەیانـــدنی پســـپۆڕ بە خەسڵەتە تـایبەتەییەکەیەکەوە رۆڵـی کـارا دەبینێت لە رەوڕەوەی پێشـــکەوتنەکان و گۆڕانکارییەکـــان کە جیهـــان رۆژانە بەخـــۆوە

دەیبینێت، ئەو بایەخەی راگەیاندن وای لێهاتووە ببێتە پردێک لەنێوان خۆی و زانستەکانی دیکەدا، بۆیە زۆر توێژینەوە ئەنجام دراوە لەسەر توێژینەوی راگەیاندن کە زانستە جیاوازەکانی دیکەدا سوودیان لێوەرگرتووە، وەک راگەیاندنی ئابووری، راگەیاندنی سیاسی، راگەیاندنی ئایینی، راگەیاندنی ژینگەیی، راگەیاندنی کۆمەڵایەتی، و راگەیاندنی وەرزشی، وەکچۆن لە زانستەکانی دیکە بەرەو پسپۆڕی رۆیشتوون و رۆژ بەرۆژ هەموو پیشەیەک بەرەو پرۆفیشناڵی و پسپۆڕی دەڕوات، ئاواهاش راگەیاندن بە هەموو ئامرازەکانییەوە بەرەو پسپۆڕی رۆیشتووە، بۆیە راگەیاندکارەکانیش ئیستا هەر یەکێک خۆی تەرخان کردووە بۆ بابەتێکی دیاریکراو، تەنها کاری راگەیاندنی پسپۆڕو پڕۆفیشناڵ دەکەن و دابەشبوونە بۆ سەر رۆژنامەنوسی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی ...هتد، لە بواری میدیای گشتیش راگەیاندکاری ئابووری، راگەیاندکاری سیاسی...هتد، پێشکەوتنە گشتییەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. زۆری هۆکاریش بوونەتە سەرهەڵدانی میدیای پسپۆڕی ئابووری لەوانە دەرکەوتنی خوێنەری جۆریی، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی فێرکردن و رۆشنبیری و راگەیاندنی پسپۆڕی تایبەتە بە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە، هەرچەندە شێوەی پەخشکردنەکەی گشتگیرە، بەڵام هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە موتابەعەی ناکەن، بەهۆی ئەوەی زمانی نووسین و قسەکردن و وتنی جیاوازەو ئاوێتەی زاراوەی تایبەتە، بۆیە خەڵکی گشتی تێی ناگەن. ئەگەرچی پەیامی راگەیاندنی تایبەتمەند

هەمیشە پشت بە توێژینەوەو خوێندنی پسپۆڕو ورد دەبەستێت و ئاڕاستەی بۆ توێژێکی دیاریکراو یان جەماوەرێکی ناسراوە، بەڵام پێویستە بابەتی بێت، چونکە ئامانج لێی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و مەعریفە و رۆشنبیرییە بە پشتبەستن بە راستی و زانیاری لە بوارێکی دیاریکراو، راگەیاندنی تایبەتمەند دەروازەیەکی گونجاوە بۆ پەرەپێدانی مێشک، چونکە پێشوازی و پەسندکردنی لەو بابەتەی باس دەکرێت لە ئامرازەکانی راگەیاندن بەشێوەیەک دەچێتە قوڵایی بابەتەکە و کارلێکی زۆری تیا دەکرێت و راگەیاندنی پسپۆڕی نیشانەیەکە لە نیشانەکانی گواستنەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغی کلاسیکییە و بۆ قۆناغی پێشکەوتنی گەورە، هەروەها گواستنەوەی مومارەسەی راگەیاندنە لە شێوەیەکی کلاسیکیەوە بۆ هاوچەرخ و، دەرفەتێک دروست دەکات لە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەو گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونەکان و وادەکات داهێنان لەو بوارە بکات کە کاری تیا دەکات.

راگەیاندنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان ئەگەرچی مێژوویەکی کۆنی نییە، هەرچەندە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بۆ سالانی 1898ی زاینی دەگەڕێتەوە کە بۆ یەکەمجار مقداد مەدحەت بەدرخان رۆژنامەی (کوردستان)ی بڵاوکردۆتەوە، دواتر رۆژنامە و گۆڤاری دیکە هاتوونەتە مەیدان، بەپێی قۆناغە یەک لەدوای یەکەکان تا دوای راپەرینی ساڵی 1991ی هەرێمی کوردستان لێرەو لەوێ رۆژنامەو گۆڤارو تەلەڤزیۆن و رادیۆ پەیدابوون، بەشێکیان بەرنامە و

لاپەڕەو کاتەکانیـان بـۆ هەواڵـی تـایبەت بە ئـابووری تەرخـان کـردووە، بەڵام دەزگـایەکی تـایبەتی سـەربەخۆی پسـپۆڕی ئابووری نەبووە.

لەگەڵ ئەوەی بـواری راگەیانـدن وەرچەرخـانی بەخـۆوە بینیـوە لەسـەر هەمـوو ئاسـتەکانداو ئاسـتی بازرگـانی و ئـابووریش لە بەرزبوونەوەدایە، کەچی هەنگاوەکان بۆ برەودان بە راگەیاندنی ئابووری لە ئاستی پێویستدا نەبووە، کە دەزگایەکی راگەیاندنی تایبەتمەندی ئابووری هەبێت هەم بۆ ریکلامکردن بۆ رەوجدانی کـاڵاو دۆزیـنەوەی هەلـی کـار، هەروەهـا بەهەنـد وەرنەگرتنـی کۆمپانیاکـان و حکـومەت لە دامەزرانـدنی دەزگـای تـایبەت بە بـواری راگەیانـدنی ئـابووری ئەمەش وایکـردووە پەیوەنـدییەکی بەهێز لەنێوان کۆمپانیاکـانی کەرتـی تـایبەت و گشـتی و بـازاڕو بازرگانەکان لەگەڵ خەڵک وەک پێویست نەبێت، لەلایەکی دیکە دەزگـای پرۆفیشـناڵی تایبەتمەندی راگەیاندنی ئـابووری نییە تـا ببێـتە پـردی پەیوەنـدی لە بەیەککگەیانـدنی کڕیـارو فرۆشـیارو ناســاندنی کۆمپانیــا بەرهەمهێنەکــان و جــۆرو کــوالێتی بەرهەمەکانیان بە خەڵک.

**بەرهەمی خۆماڵی وەڵامگۆی پێداویستییە ناوخۆییەکان نییە**

لەدوای راپەڕینـی سـاڵی 1991 هەر سـێ پارێزگـای هەولێـر، سلێمانی و دهۆک لە حکومەتی عێراق جیابوونەوەو ئیدارەیەکی سـەربەخۆیان پێکەوەنـا، لەو سـاتەوە بەهـۆی کـرانەوەی هەردوو سـنووری ئێـران و تورکیـا ئـاڵوگۆڕی تـاکلایەنەی بازرگـانی ســەریهەڵداو هەمــوو جــۆرە کــاڵاو کەرەســتەو بەرهەمــی

خواردەمەنی بە ڕێژەیەکی زۆر هاوردە دەکرا، ئەگەرچی ئەوکات داهـاتی هەرێمـی کوردسـتان پشـتی دەبەسـت بە بـاجی گـومرکی سـنوورەکان و دەبـووە سـەرچاوەی داهـاتی موچەخـۆرانی حکـومەت و خەرجکـردنی لە خزمەتگـوزارییە گشـتییەکان، ئەمە جـگە لەوەی ژێرخـانی ئـابووری کوردسـتان لەنـاوچوو بـوو. لە دوای سـاڵی 2003 و کـرانەوەی زیـاتری کوردسـتان بە رووی وڵاتان ئاڵوگۆڕییەکان گەشەیان سەندو ئەو بەرهەمە ناوخۆییەی پێشوو ئەگەرچی رێژەی کەمبوو ئەوا کێرڤی بەرەو خـوارتر لێژ بـۆوەو رێـژەکەی دابەزی، لەبەرامـبەردا رێـژەی هـاوردەکراو رووی لە هەڵکشـان کـرد، ئەمە تەنهـا بەروبـوومی خـواردەمەنی کشتوکاڵی نەگرتەوە، بەڵکو سەرتاپای کەلوپەلەکانی گرتەوە.

رووبەری هەرێمـی کوردسـتان نـزیکەی 90 هەزار کیلـۆمەترە دووجایە، کە دەکاتە 20% سەرجەمی رووبەری عێراق، ژمارەی دانیشتوانی پێنج ملیۆن کەسە، لەبەرئەوەی هاوڵاتیـانی هەرێمـی کوردسـتان زۆریـنەی کـاڵاو خـواردەمەنی و بەرهەمـی بیـانی هاوردەکراو بەکاردەهێنن، بۆیە ساڵ لە دوای ساڵ ئەو رێژەیە لەبەرزبـوونەوەدایە، کلتـووری بەکارهێنـانی بەرهەمـی بیـانی وایکـردووە بەرهەمـی نـاوخۆیی لە کشـتوکاڵی بە هەردوو جۆرەکەیەوە روو لە کەمبوونەوە بکات، ئەمە جگە لە پیشەسازی خۆراک، لە ئاکامدا زیانی بە هەناردەکردن گەیاندووەو بازرگانی تـاک لایەنە سـەرهەڵداوەو بازرگانـان تەنهـا بازرگـانی کـاڵای هـاوردەکراو دەکەن و، هاوسـەنگی ئـاڵوێری بازرگـانی تێکداوەو

ئێستا بەرهەمی ناوخۆیی ناتوانێت پێداویستییە ناوخۆییەکان پڕ بکاتەوە.

ئـابووری هەرێمـی کوردسـتان هەرچەنـدە پاشـکۆی عێـراق و وڵاتـانی دەوروبەریەتـی، بەڵام لە زۆر رووەوە لەگەڵ باشـووری عێـراق جیـاوازی هەیە، هەرێمـی کوردسـتان لە دوای سـاڵی 1991ەوە ئـابوورییەکەی جیـاواز بـووە، بەڵام بەهـۆی هۆکـارە سیاسـییە نـاوخۆیی و دەرکییەکـانەوە نەیتـوانی پێشـکەوتنی بەرچـاو بەخـۆوە ببینێـت، بـۆیە دوای سـاڵی 2003 هەنگـاوی حکومەتی هەرێم بۆ گەشـەپێدانی ئابووری رووی لە گەشانەوە کرد، ئەگەرچی ئەو پەرەپێدانە لە ئاست خواستەکانی هاوڵاتیاندا نییە، بەڵام بەراورد بە ناوەڕاست و باشووری عێراق پێشکەوتنی زۆر روویان داوە لەسەر هەموو ئاستی کەرتە ئابوورییەکان.

هەرێمـی کوردسـتان بەهـۆی ئەو بـارودۆخەی تیایـدا دروسـت بـــووەو پاشـــکۆبونی ئـــابوورییەکەوە لاســـەنگی لە کەرتە ئابوورییەکـــانی هەیە بەوەی تەنهـــا پشـــت بە داهـــاتی نەوت دەبەسـتێت بـۆ داهـاتی سـاڵانەی هەرێـم لە بەشـی 17%ی حکـومەتی عێـراق، لەگەڵ ئەوەی لە سـاڵانی رابـردوودا کەرتـی کشـتوکاڵ بەشـدارییەکی کـاری هەبـوو لە پێکهێنـانی داهـاتی نەتەوەیـی ئەو هەرێمە، کەچـی ئێسـتا بـایەخی پێنادرێت بەهـۆی هـاوردەکردنی کـاڵای کشـتوکاڵی، ئەمە جـگە لەوەی بە خـراپ زەویـیە کشـتوکاڵییەکان بەکاردەهێنرێـت بـۆ مەبەسـتی دیـکەی بازرگـــانی، لەکاتێکـــدا حکـــومەت و هـــاوڵاتیش هەســـت بەو

مەترسییەی پەیوەستبوونیان بە بازرگانی دەرەکی و سیاسەتی کرانەوەی دەروازەی کوردستان بەڕووی هاوردەکردن ناکەن.
ئابووری هەرێمی کوردستان وەک بەشێکی ئابووری عێراق تەنها پاڵپشتی بە بەرهەمی نەوت دەبەستێت و کەرتەکانی دیکەی ئابووری فەرامۆش کردوون، هەرچەندە لە ساڵی 2003 تا 2008 قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت لە ئابووری عێراق بە هۆی گۆڕانکارییەکان، بەتایبەتی لە فەلسەفەی ئابووری حکومەتی عێراق بە پەیڕەوکردنی میکانیزمی بازاڕ. ئابووری عێراق بە ڕێژەیەکی زۆر بایەخی بە نەوت داوەو کەرتی نەوت ڕێژەی 92%ی داگیر کردووە بە پلەی یەکەم لە داهاتی عێراق تەنها ناردەنی نەوتە و هەموو شتێک هاوردە دەکات، ئەوەش ڕەگەزێکی نەرێنی ئابووری عێراقە، پاشان کەرتی کشتوکاڵ دێت بە ڕێژەی 5% دێت، کەرتی پیشەسازی 2% و کەرتی کارەبا 0،5% و ئەوانی دیکە 1%. GDPی عێراق لە کەرتی کشتوکاڵ ڕێژەکە کەمە، هەرچەندە ئاووهەواو زەوی بەپیتی بەرچاوی کشتوکاڵی هەیە.
GDP بۆ ئابووری هەر وڵاتێک بە نیشانەیەکی گرنگی ئابووری لە چالاکی ئابووری دادەنرێت، بۆ هەر وڵاتێک کە بیەوێت ڕەوتی پێشکەوتنی دیار بێت بەشێوەیەکی تایبەت لە وەرگرتنی نرخی تایبەت لە قەبارەی چالاکی ڕاستەقینە بۆ ئەو ئابوورییە، ئەوا GDPنیشانەی ئەو پێشکەوتنە دەردەخات، لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستان کەرتی کشتوکاڵ نەبۆتە سەرچاوەی سەرجەمی داهاتی، نیوەی ڕووبەری هەرێمی کوردستان زەوییەکانی بەپیتن

بــۆ کشـــتوکاڵ بە هەمــوو جــۆرە کشـــتوکاڵییەکان بەرهەمــی بەروبوومی زستانەی لە گەنم وجۆو نیسک، هی هاوینەش برنج و توتن و لۆکە و کونجی و تەماو خەیارو گەنمە شامی وکاڵەک و....هتد، لەگەڵ هەموو جۆرەکانی میوە جگە لە بەرهەمی سامانی ئاژەڵی هەیە.

ئـابووری هەرێمـی کوردسـتان لە رووی بەرهەمهێنـانەوە هەر لە کۆنەوە تا ئەم سەردەمە بەم شێوەی ئێستا لە قەیراندا نەبووە، ئەویش قەیرانی بێ بەرهەمی و نەبوونی بەرهەمی ناوخۆییە، بۆ ســـەرجەم کەرتە ئابوورییەکـــان ئەگەر ئـــابووری هەرێمـــی کوردســـتان بە ئـــابووری وڵاتـــان بەراورد بکەیـــن، بنەماکـــانی گەشـەپێدانی بە تەواوی دانەمەزراوە لە سـەرجەم کەرتەکانـدا لە نزمترین ئاستدایە جگە لە کەرتی بازرگانی کە لایەنی هاوردەمان بەسەر کەرتەکانی دیکەدا زۆر زاڵە. بودجەی هەرێمی کوردستان سـاڵانە 60%ی بـۆ بـواری بەکـاربردن و 40% بـۆ سـەرجەم کەرتە سەرەکییەکانی ئابووری تەرخان کراوە، ئەمەش یەکێکە لە لایەنە نەرێنییەکـانی ئەو بـودجەیە کە سـەرچاوەکەی لە 17%ی بودجەی حکومەتی بەغداوەیە، چونکە ریژەی زۆری ئەو داهـاتە بۆ لایەنی بەکاربردن دەڕوات.

**کاریگەری میدیای ئابووری لەسەر بەکارهێنانی بەرهەمی بیانی**

کۆمپانیـــاو دامەزراوە بازرگانییەکـــان بـــۆ ســـاغکردنەوەو رەواجـدان بە کاڵاکانیـان، تـا زۆرتـرین رێـژەی بگـاتە دەسـتی بەکـاربەرو بەرزتـرین قـازانج بکەن بە فرۆشـتنی ژمـارەیەکی لە ئەنـدازە بەدەر لە بازاڕەکانـدا، دێـن رێکـلام بـڵاو دەکەنەوە بە

چەندین جۆرو شێواز، بەڵام لەمڕۆی دونیای پێشکەوتنەکاندا ریکلام و پڕۆپاگەندە بۆ کاڵای بەرهەمهێنراو تاکە ئامراز کەناڵە تەلەڤزیۆنییە ناوخۆییەکان و ئاسمانییەکانە، چونکە کاریگەری دەروونی راستەوخۆی زیاتر لە بەکاربەر دەکات، بۆیە کۆمپانیاکان رۆژانە بە سیناریۆو شانۆی هەمەجۆر ریکلام بۆ کاڵاکانیان دەکەن، بۆ کاراکتەری نمایشکردنی کاڵاکانیش لەسەر ئاستی جیهان کۆمپانیا زەبەلاحەکان گرێبەست لەگەڵ هونەرمەندو کەسایەتی بەناوبانگ دەکەن تا ریکلامیان بۆ بکات، لەبەرئەوەی پڕوپاگەندەکردن لە رێگەی ئەو کەسایەتییانەوە وا دەکات بەکاربەر خواستی کڕینیان زیاتر بێت و بەو هۆیەوە فرۆشی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان زۆرتر دەبێت، ئەگەر هونەرمەند، وەرزشوان، سیاسەتوان، یان کەسایەتییەکی بەناوبانگ لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکانەوە دەربکەوێت بۆ کاڵایەکی دیاریکراو، فرۆشی ئەو کاڵایە رێژەی بەرز دەبێتەوە، بە مەرجێک ریکلام بۆ کاڵای دیکە نەکات لە هەمان جۆردا، چونکە ئەوکاتە کڕیار متمانەی بە کەسایەتییەکە و کوالیتی نایابی ئەو کاڵایە نامێنێت کە ریکلامی بۆ دەکات، ئەمە جگە لەوەی ناکرێت تەنها یەک کەسایەتی ریکلام بۆ جۆرێک لە کەلوپەل بکات کە هەموو یەک شت بێت تەنها نرخ و کوالیتییان جیاواز بێت، ئەوکات کڕیار سەری لێدەشێوێت لە باشی و خراپی کاڵاکان. پێویستە کۆمپانیاکان بۆئەوەی بەرهەمە هاوردەکانیان یان کاڵا بەرهەمهێنراوەکانیان پڕفرۆشتر بێت و رێژەی کڕیاری کاڵاکانیان بەرز بکەنەوەو قازانجی زیاتر بکەن، ستایلی

ڕێکلامەکانیـــان لە میـــدیاکان بـــکەنە ســـتانداردی جیهـــانی و ڕاســـتگۆبن لە بەرانـــبەر بەکـــاربەرو، کەســـانێکی ناســـراوو خۆشەویستی نێو جەماوەر بەکاربهێنن بۆ ڕێکلامکردن، تاکو سەرنجی بەکاربەر ڕابکێشن.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئابووری دەتوانن ڕۆڵی گرنگ ببینن لە هۆشیارکردنەوەی بەکاربەری ناوخۆیی بە ڕەوجدانی بەرهەمی خۆماڵی و ئاگادارکرنەوەیان بە مەترسییەکانی هاوردەکردن و نزمـی کـوالیتی بەروبـوومی بیـانی و ڕەهەنـدی مەترسـییە ئابوورییەکانی بەرزی ڕێژەی هاوردەکردن بۆ کوردستان، بەڵام ئەو ڕۆڵەی ئیستا دەیبینن خراپە و ئابووری هەرێمی بەرەو پاشکۆی وڵاتانی دەوروبەرو بەکاربردن بردووەو، بازاڕەکانی کردۆتە بازاڕی ساغکردنەوەی بەروبوومی بیانی.

بە وتەی شـارەزیانی ئـابووری هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق هاوردەکردنی ئەو ڕێژە زۆرەی بەروبوومی بیانی بۆ ناو هەرێم و عێـــراق مەترســـی زۆری هەیە و یەکێـــک لەوانە دەڵێـــت: "هاوردەکردنی ئەو ڕێژە بەرزەی ئێستا بۆ عێراق دەبێتە هۆی ڕاوەستانی هەزاران کارگە و بێکاربوونی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە کرێکار، ڕێـژەی زۆری قەبـارەی هـاوردەکردن دەبێـتە هـۆی پووکـانەوەو زیانگەیانـدن بە بەرهەمهێنـی نـاوخۆیی و پیشەسازی خۆماڵی، ئەمەش لە ئاکامی پەیڕەونەکردنی یاسای بازرگانی جیهانی لە ئاڵوێری بازرگانی نێوان وڵاتان".

هـــاوردەکردن ڕەگەزێکـــی ڕکـــابەری گەورەی بەروبـــوومی نـاوخۆییە، لەهەمـان کاتـدا دەبێـتە هـۆی کەمکـردنەوەی چـالاکی

پیشەسازی و کشتوکاڵی ئابووری گشتی لە کوردستان، کاریگەری نەرێنی کۆمەڵایەتی و تەندروستی هەیە بەتایبەت لە کەرتی کشتوکاڵی، چونکە تێچوونی هاوردەکردن بەرزترە لە بەرهەمهێنانی بەروبوومی ناوخۆیی، بەڵام ئێستا بەهۆی هاوردەکردنی کاڵای کوالێتی نزمی بیانی وایکردووە نرخی کاڵای هاوردەکراو هەرزانتر بێت بەراورد بە بەرهەمی ناوخۆیی، بۆیە کاری کردۆتە سەر پیشەسازی ناوخۆیی، ئەوەش وایکردووە ئاراستەی بازرگانی رێژەکەی بەرز بێتەوە بۆ کاڵای هاوردەکراوی بەکاربردن و لەئەنجامدا عێراق 180 ملیار دۆلار بەهۆی هاوردەکردنەوە زیانی بەرکەوتووە.

**یاساکانی هاوردەکردن لە هەرێمی کوردستان**

هەموو وڵاتێک یاساو رێسای تایبەت بەخۆی هەیە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ئەمە وێڕای پەیڕەکردنی یاسای بازرگانی نێودەوڵەتی، عێراق و هەرێمی کوردستانیش یاسای تایبەت بەو بوارەو رێنمایی فەرمییان دەرکردووە، هەرچەندە دەقە یاساییەکان بەهۆی قەیرانی سیاسی و ئابوورییەوە لە جێبەجێکردندا سستی دەنوێنێت لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، بەڵام لێرەدا ئاماژە بە هەندێ خاڵی گرنگی تایبەتی هاوردەکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی دەدەین:

یاسای ژمارە (14)ی 2010 وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان لە مادەی یەکەم خاڵی 15 هاتووە: "چاودێری هونەری لەسەر هاوردەو هەناردەو بەدواداچوون بۆ

بەرهەمـــی پیشەســـازی و نـــاوخۆیی لەگەڵ موســـافاتی باوەڕپێکراوی جیهای بگونجێت دەکرێت".

هەمـان مـادە لە خـاڵی (9)دا هـاتووە: وەزارەت هەڵدەسـتێ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پشتیوانی و هاندانی جوتیـاران و لێکـۆڵینەوەو چـۆنێتی بەکارهێنـانی بەرهەمـی کشـــتوکاڵی وەک کەرەســـتەی کەرتەکـــانی پیشەســـازی و بەروبـوومی پیشەسـازی خۆمـاڵی بـۆ بەکارهێنـانی نـاوخۆیی و هەناردەکردنی بۆ دەرەوەو گۆڕانکاریکردنی.

لە یاســای ژمــارە (4)ی ســاڵی 2006 یاســای وەبەرهێنــان لە هەرێمـی کوردسـتان لە مـادەی دووەمـی بـواری وەبەرهێنانـدا لە خـاڵی (2)دا هـاتووە: "بـایەخ بە وەبەرهێنـان دەدرێـت لە کەرتـی کشتوکاڵ بە هەردوو لایەنییەوە رووەکی و ئاژەڵی، دارسـتان و ئەو خزمەتگوزارییەی پێوە بەندە".

لە یاســای ژمــارە (4)ی ســاڵی 2008 پاراســتنی پەرەپێـدانی بەروبـوومی کشـتوکاڵی لە هەرێمـی کوردسـتان لە مـادەی (2)ی خـــاڵی (5)دا هـــاتووە: "هانـــدانی پیشەســـازی گۆڕانکـــاری و تەواوکـاری بەمەبەسـتی پشتبەسـتن بە بەرهەمـی کشـتوکاڵی خۆماڵی ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە".

لە هەمـان یاسـاو لە خـاڵی (7) هـاتووە: "رێکخسـتنی پڕۆسـەی بـازاڕگەری نـاوخۆو دەرەکـی بەپێـی نەخشـەیەکی بەرنـامە بۆدارێژراو لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی بازرگـانی و پیشەســازی لەبــارەی رێکخســتن و کــۆنترۆڵکردنی هێنــانەدی بەرووبومی هاوشێوەی ناو هەرێمی کوردستان".

له یاسای ژماره (1)ی ساڵی 2010 پاراستنی بەروبوومی عێراقیدا له مادەی (1)ی خاڵی (5)دا هاتووه: "ڕێگه له هاوردەکردنی بەردەوامبووی هاوشێوەی بەروبوومی کشتوکاڵی ناوخۆیی دەگرێت تا نەبێته هۆی خنکاندنی بازاڕەکان، چونکه هیچ پاساو بۆ زیادکردنی ڕێژەی هاوردەکردنی لەو شێوەیه نییه".

له لایەکی دیکه له پڕۆژه یاسای پێشکەشکراوی تایبەت به ڕێکخستنی هاوردەو هەناردەی هەرێمی کوردستان ساڵی 2010 له مادەی (3)دا هاتووه: "کار دەکرێت بۆ پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی به هەردوو بەشەکەی ڕووەکی و ئاژەڵی و هەر سێ بەشی پیشەسازی گشتی و تایبەت و تێکەڵاو".

یاسای ژماره (9)ی 2010 پەرلەمانی کوردستان که بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژماره (1) 2010ی یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر له ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەرکراوه، له مادەی (2)ی خاڵی (3)دا هاتووه: "هەموو کارێک قەدەغه دەکرێت پێچەوانەی یاساو ڕێساکانی هاوردەکردن و بەرهەمهێنان و بازارگەری کالا بێت و کەڵکی کەم بێت که ببێته هۆی زیانگەیاندن به بەکاربەر."

ئەگەر سەیری هەموو ئەو یاسا پەسندکراوانه و پڕۆژه یاساکان بکەین، ڕوون دەبێتەوه پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و عێراق درەنگوەخت ئەو یاسانانەیان دەرکردووه بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی بەرهەمی خۆماڵی و ڕێگرتنی هاوردەکردنی بەروبوومی بیانی، هەرچەنده ئەو یاسایانه وەک

پێویست جێبەجێ ناکرێن لەلایەن دەسەڵاتی راپەڕاندنەوە، لەلایەکی دیکە دەزگاکانی بەڕێوەبردنی راگەیاندنی ئابووری پێشێلیان دەکەن، لە کاتی رێکلامکردن و رەواجدان بە بەروبوومی بیانی هاوردەکراوو هانی بەکاربەر دەدەن بۆ کڕین و بەکاربردنی زیاتر.

**بەروبوومی بەکاربراوی هاوردەو خۆماڵی**

لەبارەی بەروبوومی بەکاربراوی هاوردەو خۆماڵی لە ساڵانی 2007 تا 2010 کە 42 جۆرە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی وەزارەتی کشتوکاڵ پۆلێن کراوە، لە هەر چوار ساڵ بەروبوومی بەکارهێنراو لەلایەن بەکاربەری هەرێمی کوردستانەوە لە هەر سێ پارێزگاکە و ئیدارەی گەرمیان، ساڵ بە ساڵ بەروبوومی بیانی هاوردە کراوە رێژەکەی رووی لە هەڵکشان کردووەو بەکاربەر زیاتری بەکارهێنراوە، لە ساڵی 2007 رێژەی بەروبوومی بەکاربراوی هاوردەکراو 56.6% و لە ساڵی 2008 ئەو رێژەیە بەرز بۆتەوە بۆ 62.6%، لە ساڵی 2009 بۆتە 65.3%، لە ساڵی 2010 بۆتە 73%.

ئەگەر رێژەی بەروبوومی بەکاربراوی ناوخۆیی وەربگرین، لە ساڵی 2007 رێژەی 43.3% بووە، لە ساڵی 2008 رێژەی 37% بووە، لە ساڵی 2009 رێژەی 34% بووەو، لە ساڵی 2010 رێژەی 27% بووە، رێژەی بەکاربردنی بەروبوومی ناوخۆیی خۆماڵی لەم چوار ساڵەدا کێرڤی لە نزمبوونەوەدا بووە، ئەگەر رێژەی هەر چوار ساڵی بەگشتی بەراورد بکەین لە

هاوردەکردن و خۆماڵی، ڕێژەی هاوردەکردن دەبێتە 64.3% و ڕێـژەی خۆمـاڵی دەبێـتە 35.5%، بەمەش بە ڕێـژەی 29.3% بەروبوومی هاوردەکراو بەرزترە لە بەروبوومی خۆماڵی، ئەگەر ئەو ڕێژەیە بەردەوام کەم بێتەوە ئەوا کەرتی کشتوکاڵ بەرەو پووکـانەوەی زیـاتر دەچێت و ئاسایشـی خـۆراکی کوردسـتان ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە.

**کاریگەرە نەرێنییەکان**

ڕێژەی 71% ئەو کەسانەی وەک عەینە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردسـتان وەرمـانگرتووە لە بەڕێـوەبردنی دەزگـا ڕاگەیانـدنە ئابوورییەکـان نـاڕازین، 29% ڕازیـن، هەروەهـا 95% پێیـانوایە ئەو دەزگایانە کاریگەرییان نەبووە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێو بەکاربەران لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمی جوتیاراندا، 65%شـیان بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری لەسـەر بـازاڕ موتـابەعەی ڕاگەیاندنەکان دەکەن، 50% پێیانوایە بەرهەمی نوێ و نەناسراو لە ڕاگەیانـدنەکان بـایەخی پێـدەدرێت و 3% بەرهەمـی کـوالێتی بەرز، هەروەهـا 37% پێیـانوایە کەمـی پسـپۆڕی میـدیاکاری ئابووری بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت دەزگایەکی سەربەخۆیی ڕاگەیاندنی ئابووری لە هەموو جۆرەکانی نووسراوو بیستراوو بینراو دروست بکرێت.

لەبارەی ڕۆڵی ئەو دەزگایانە لە بایەخدان بە هەواڵی ئابوورییەوە گۆڤـارو ڕۆژنامەکـان لە ریزبەنـدی یەکەمـدان بە ڕێـژەی 45%، لەبارەی بەرپرسیارێتی حکومەتیش 47% پێیـانوایە بەرپرسیارە لە کەمبـوونەوەی ڕێـژەی بەرهەمـی خۆمـاڵی و، 52% پێیـانوایە

بەرپرسیارە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەرهەمی هاوردەکراوی بیانی، لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا 50% پێیانوایە حکومەت ئاسانکاری بۆ بازرگانان دەکات لە هاوردەکردنی کاڵای بیانی.
لەبارەی هۆکاری کەمبوونەوەی ڕێژەی بەکاربردنی بەرهەمی خۆماڵی، 35% پێیانوایە کاریگەری ڕیکلامی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە ئابوورییەکان وایکردووە ئەو ڕێژەیە بەرەو نزمبوونەوە بچێت، لە وەڵامی بڕیاری کڕینی کاڵاشدا، 26% پێیانوایە ڕیکلامی کاراکتەرە بەناوبانگە شانۆییەکان کاریگەری ناڕاستەوخۆی هەیە و، 32% گرنگینەدانی بەرهەمهێنەری ناوخۆی بە ڕیکلام بە هۆکار دەزانن.

**ئەنجام**

لە توێژینەوەکەدا ئەو ئەنجامانەی خوارەوەمان بۆ دەرکەوت:

1.ڕاگەیاندنی ئابووری پسپۆڕ تەنها ئاڕاستەی توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا دەکرێت، بەوەی بابەت و هەواڵ و پرسە ئابوورییەکان بەهۆی ئاڵۆزی زاراوەکانەوە هەموو کەس تێناگات، جگە لە جەماوەرێکی ناسراو.

2. ڕاگەیاندنی ئابووری پسپۆڕ لە بوارە جۆراجۆرەکانی مەعریفە و چالاکی کەرتە ئابوورییەکان بایەخی زۆری هەیە.

3. بەڕێوەبردنی دەزگا ڕاگەیاندنە ئابوورییەکان جگە لەوەی ئەرکێکی پڕۆفیشناڵی گرنگی میدیاییە، لە هەمووی گرنگتر پێویستی بە زانیاری ئەکادیمی و زانستی هەیە، تا ئەو زانستە تیۆرییە ببێتە پاڵشتێک بۆ ئەزموونی زیاتر لە سەرکەوتنی

بەڕێـــوەبردنی دەزگـــایەک کە ڕووبەڕووی جەمـــاوەرێکی زۆر دەبێتەوە.

4. لە دوای سـاڵی 1991ەوە ژمـارەی دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن لە هەرێمـــی کوردســـتان بەرزبـــۆتەوە بەتـــایبەت لە دوای ســـاڵی 2003ەوە تـا 2010 گەیشـتۆتە (678) دەزگـای ڕاگەیانـدن بە هەمـوو جۆرەکـانییەوە، لەنێـو ئەو ڕاگەیاندنانەشـدا تەنهـا حەوت گۆڤـارو شـەش ڕۆژنـامەی پسـپۆڕی ئـابووری هەیە، زۆرتـرین ژمارەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش ژمارەی گۆڤارەکانە.

5. قەبـارەی بازرگـانی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و ئێـران و تورکیا لە ماوەی ساڵانی 2010-2011 گەیشتۆتە شـەش ملیـار دۆلار، لە سـاڵی 1991 تـا ئێسـتا سـاڵ بەسـاڵ زیـادی کـردووەو ئەو ئاڵوگۆڕییە بازرگانییە تەنها تاکلایەنە بووە (هاوردەکردن).

6. پەیوەنـدی نێـوان دەزگاکـانی ڕاگەیانـدنی ئـابووری و ڕێـژەی بەرهەمـی هـاوردەکراوی بیـانی ڕاسـتەوانەیە و، لەگەڵ بەرهەمـی بەکاربراوی خۆماڵیش پەیوەندییەکی پێچەوانەیە.

7. لە وەڵامـــی پرســـیارە کراوەکـــانی فـــۆڕمی ڕاپرســـییەکەدا، زۆرینەیـان پێیـانوایە دەبێت ڕاگەیانـدنی ئـابووری ڕۆڵـی میـانگیر ببینێـــت لەنێـــوان حکـــومەت و هاوڵاتیـــان و بازرگـــان و پیشـــەوەرەکانداو، خـــاڵە نەرێنـــی و ئەرێنییەکـــان دیاربخـــات و چارەیـان بـۆ بـدۆزێتەوە، لە ڕێـگەی بەرنـامەو لاپەڕەی گۆڤـارو ڕۆژنـامەو ڕێپۆرتاژەکانیـان لەگەڵ پسـپۆڕانی ئابووریداو دەنگـی هەموو لایەک بەیەکتر بگەیەنێت.

**راسپاردە**

1.هەماهەنگیکردن لەنێوان بەڕێوەبەریەتی دەزگاکای راگەیاندنی ئـــابووری و هەردوو وەزارەتـــی بازرگـــانی و پیشەســـازی و کشتوکاڵ و ئاودێری، تاکو کار بکرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی هاولاتیـــان و بازرگانـــان و جوتیـــاران و پیشـــەوەران، لە لایەنە نەرێنـــی و ئەرێنییەکـــانی هـــاوردەکردنی بەرهەمـــی بیـــانی و بەکاربردنی بەرهەمی خۆماڵی ئاگادار بکرێنەوە.

2. بەڕێوەبەرایەتی دەزگاکانی راگەیاندنی ئابووری، بەرنامەو دۆسیەی تایبەت بە وشیارکردنەوەی بەکاربەرو جوتیار بڵاو بکەنەوە.

3. پەرلەمانی کوردستان بە یاسا رێگری لە رێکلامکردن بۆ بەرهەمی بیانی بکات، بەرنامەیەکی تۆکمە لەلایەن وەزارەتی رۆشـــنبیری دابڕێژرێـــت لە بایەخـــدانی بەرهەمـــی خۆمـــاڵی لە راگەیاندنەکاندا.

4. پاڵپشتی بەرهەمهێنەری ناوخۆیی بکرێت لە رووی مادی و مەعـــنەویەوە تـــا لە کـــاتی وەرزی پێگەیشـــتنی بەرهەمەکەی بەربەستی زیاتر هەبێت لە هاتنی بەرهەمی هاوردەی بیانی بە خستنە سەری باجی زیاتر.

5. بایەخدان بە کارگە پیشەسازییەکانی خۆراک.

6. بەڕێوەبەرایەتی دەزگاکانی راگەیاندن پڕۆژەیەکی هاوبەش دابنـێن وەک هەســتی نەتەوەیـی رێکـلام و، جارِدانەکانیـان بە خۆڕایی بۆ بەرهەمی ناوخۆیی بێت لە هەموو جۆرە دەزگاکانداو بۆ بەرهەمی بیانیش رێکلام سانسۆر بکرێت.

7. وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵ بکرێت و توێژینەوەی زیاتر بکرێت لەسەر رەوشی بازاڕو خواستی بەکاربەر، ئەمە جگە لەوەی ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەر لە بواری کشتوکاڵ بە هەردوو لایەنی رووەکی و ئاژەڵی بکرێت لەگەڵ کەرتی پیشەسازی بەتایبەت پیشەسازی خۆراک، هانی وەبەرهێنەری ناوخۆیی و بیانی بدرێت و زەمینەی لەبار بە یاسا سازبکرێت تا روبەڕووی زیاتری کەم خۆراکی بەرزبوونەوەی زیاتری هاوردەکردن نەبینیەوە.

8. نەهێشتنی باج لە سەر پرۆژە ناوخۆییە بەرهەمهێنەرەکانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و ئاسانکاری لە سووتەمەنی و کارەباو گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان بۆ بکرێت و لە رووی مادیشەوە قەرزو بەخششیان پێبدرێت.

9. دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی دەزگاکانی راگەیاندنی ئابووری پسپۆڕ بە هەموو جۆرەکانی (رۆژنامە، گۆڤار، تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی و ئاسمانی، رادیۆ، ماڵپەڕی ئینتەرنێت) و، بایەخدان بە هەواڵی ئابووری و پێشکەوتنە ئابوورییەکان تاکو هانی وەبەرهێنانی راستەقینەی بەرهەمی ناوخۆیی بدەن.

10. کردنەوەی بەشی زانستی راگەیاندنی ئابووری لە زانکۆکانی کوردستان بۆئەوەی میدیاکاری پرۆفیشناڵ دروست بێت.

***لە ژمارەی (14)ی پایزی 2015 و ژمارە (15)ی زستانی 2016ی گۆڤاری (سامان) بڵاوکراوەتەوە**

## هەژانی خۆڕسک لە بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی دارایی کوردستان

هەرێمی کوردستان بۆ تێپەڕبوون لەو قۆناغەی قەیراناوییە دارایییەی تێیکەوتووە، پێویستی بە لە دایکبوونی هەژانێکی خۆڕسکە، لە منداڵدانی هەموو قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکاندا، کە بوونەتە هۆی دروستبوونی دیاردەی ئاسایی و نامۆیی دوور لە رێساو یاساو فەلسەفە ئابوورییە باوە جیهانییەکان، ئەوەش بە دارشتنەوەی پلانێکی دوورمەودای ستراتیژی هەیە کە سەرجەم دامەزراوەکان هاوبەشی تێدا بکەن.

سەرباری ئەوەی هەرێمی کوردستان زیاتر لە چارەگە سەدەیەکە حکومەتی خۆبەڕێوەبەری هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی نیوەی ئەم مێژووە لە خۆبەڕێوەبردنێکی دیفاکتۆدا بووەو چەندین ئابلۆقەی ئابووری و سیاسی لەسەر بووە، بۆیە نەیتوانی فەلسەفەیەکی ئابووری دروست دابڕێژێت، لەئەنجامدا ئەو دۆخەی درێژە پێداوەو کاری بە سیستمی رازیکردنی دڵی دەنگدەر کردووە، بەبێ ئەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی بە دوای خۆیدا بهێنێت، هەموو ئەمانەش لە ئاکامی کێبرکێی سیاسی و حزبی بووە لەسەر شانی هاوڵاتیان، ئەو دۆخە درێژەی هەبووە تا گەیشتە قۆناغی دوای 2003 و چەسپاندنی فیدراڵی هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراق، بەڵام دیسان دۆخەکە بە هۆکاری ئەوەی بەشێک بووە لە عێراق و ئابوورییەکی پاشکۆیەتی لەگەڵ بەغدا هەبووە، نەیتوانیوە سیستم یان فەلسەفەیەکی جیاواز لە عێراق بخوازێت، سەرەنجام دۆخی ئەمڕۆی قەیرانی دارایی لێکەوتەوە،

لەگەڵ ئەوشەدا هەرێمی کوردستان بە سوودوەرگرتن لە یاسای وەبەرهێنـانی سـاڵی 2006 لەم مـاوەیەدا تـوانی لە دەرەوەی حکـومەت گەشـەی ئـابووری بێنێـتە کـایەوە بەتـایبەت لە سێکتەرەکانی نیشتەجێکردن و بازرگانی وەبەرهێنان بکات، بەڵام ئایـا هەمـوو کۆمپانیـا نـاوخۆیی و بیانییەکـان لە کوردسـتان توانیویـانە گەرای کەرتـی تـایبەت لە چوار پارێزگا دابنـێن؟ ئایا ئێمە کەرتـی تایبەتمـان هەیە تـا بتـوانین بڵـێن دەبێت ئەو کەرتە ببێتە فریادڕەسـی حکومەت و هاوڵاتیـان لەم قەیـرانە داراییەدا؟ ئەگەر بە رێژەیـی قسـە بکەیـن دەتـوانین بڵـێن تـا ئێسـتا کەرتـی تایبەت لە کوردستان نییە، بەڵکو ئەوەی دەکرێ لە بازاڕ کاری ئـازادە، لە بـازاڕی بـێ سیسـتمی ئابووریـدا، ئەو بـازاڕەی هـیچ پێـوەرێکی ئـابووری لەسـەر پەیـڕەو ناکرێـت! نـازانرێ بـازاڕی رکابەری تەواوەو قۆرخکارییە، رکابەری ناتەواوە...هتد، تا ئێستا بـازاڕی کوردسـتان بـزوێنەری سـەرەکی بـودجەی حکـومەت و خەرجییە گشـتییەکانێتی، نەک کەرتـی تـایبەت، تـا ئێسـتا زیـاتر لە چـارەکی ژمـارەی دانیشـتوانی کوردسـتان کە لە تەمەنـی کارکردنـدان سـەرچاوەی داهاتیـان لە حکـومەتەوەیە، ئەوەتـا لە دروسـتبونی ئەو قەیـرانەدا یـان هەر کاتێـک بـوجەی گشـتی سـاڵانەی حکـومەت دواکەوتبێـت لە پەسـندکردنی ئەوا بـازاڕ روبەڕووی بێبـازاڕی بـۆتەوە، ئێسـتاش لەم قەیـرانەدا دەبینـین کەرتـی تـایبەت رۆڵـی لە بـازاڕ نیـیە، چـونکە بە وشـکبوونی سـەرچاوەی داهـاتی حکـومەت و کەمبـوونەوەی خەرجیـیە گشتیەکانی بازاڕ روبەڕووی داکشانەوە بۆتەوە، لەو روانگەیەوە

بۆمان دەرکەوتووە ئەو کەرتی تایبەتەی گوایە بوونی هەیە، کە لە کۆمپانیاکان پێکدێن، زۆرینەیان لە حکومەت قەرزیان وەرگرتووە بە بیانووی پاڵپشتی و سەرکەوتنیان لە پڕۆژەکان، یان وەک بەخشش برە پارەیان وەرگرتووە، واتە لەم چەند ساڵەی رابردوودا لەسەر سفرەی حکومەت تیکەی گەورەیان لێداوەو خوێنی هاوڵاتیانیان لە بودجەی گشتی مژیوە، ئەمڕۆ کار گەیشتە ئەوەی حکومەت سەرچاوەکانی داهاتی لێ ببڕێ بارگرانییەکی گەورەی کەوتۆتە سەر شان لە جەنگی داعش و، بوونی ئاوارەی ناوچەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق و پارچەکانی دیکەی کوردستان و، دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕی وزەی جیهانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ وڵاتێک قەرزی دەرەکی پێ نادات تا بتوانێت روبەڕوی ئەو قەیرانانە بێتەوە، لەلایەن بەغداشەوە وەکچۆن بودجەکەی بڕاوەو لە قەرزی دەرەکی و یەدەکی ناوخۆیی بێبەش کراوە، کەچی کەرتی تایبەتیش وەک بای بانان خۆیانی لێ دەرباز کردووە (ئەگەر ئەو 23 هەزار کۆمپانیایە بوونیان هەبێت).

لەبەرئەوەی شادەماری چالاکییە ئابوورییەکان لە گشت کەرتەکاندا لە بازاڕی ئازاد، بزوێنەری سەرەکی کەرتی تایبەتە، بۆیە لەو وڵاتانەی سیستمی ئابووریان بازاڕی ئازادە ستوونی ئابووری وڵاتەکەیان کەرتی تایبەتە، چونکە ئەوان تێگەیشتوون حکومەت ناتوانێت ئەو هەموو بارگرانییە بخاتە ئەستۆی خۆی و دەست بخاتە هەموو کایەکانی ژیانی تاک، بەتایبەت کایەی ئابووری کە بنەڕەت و دڵی ژیانی کۆمەڵگەیە و بە سەرخان و

ژێرخـانەوە بەسـتراوەتەوە، بـۆیە حکومەتەکـان نـایەن هەرچـی خزمەتگوزاری هەیە بیخەنە ئەستۆی خۆیان، چونکە تێگەیشتنی ئەوان بۆ فەرمانڕەوایەتی ئەوەیە کە ئامرازێکن بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان، جا چ بزووتنەوەو پارتێکی سیاسی توانای باشتری هەبێت، دەچێتە رکابەری لە پرۆسـەیەکی دیموکراسیدا دەچێتە سـەر عەرشـی فەرمـانڕەوایەتی بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ دەبێتە خزمەتکاری هـاوڵاتی، ئەگەر نەیتوانی بەڵێنەکانی بەرێتە سـەر، ئەوا تـاکی بە دەنگـدان لەسـەر کورسـی دەهێنـرێتە خـوارەوەو جێگـرەوی دیـکە دیـاری دەکەن، بـۆیە هەمـوو ئەو حکـومەتە دیموکراسـیانەی جیهـان بـارگرانی زۆر نـاخەنە سـەر شـانی حکـومەت، چـونکە دەزانـن ئەو هەمـوو ئەرکە بەرپرسـیارێتی دەوێت لە کاتی جێبەجێکردن، نەک بەڵێنی بێ کردارو بێ پەروا بـوون لە ئاسـت ئەرکەکـان بەرامبەر هاوڵاتیـان، لەو سـونگەیەوە دێن ئەرکی کەرتی تایبەت زیاد دەکەن زەمینەسازی دەکەن.

لە کوردسـتان، بـۆئەوەی ئەو قەیـرانەی ئێسـتا دەبێـت نەخشـەرێگەی تـازە دابڕێژرێت بۆئەوەی کـار لەسـەر سـێکتەرە ئاڵتوونییەکـان بکرێـت، بـۆ بەدەسـتهێنانی سـەرچاوەی داهـاتی جۆراوجـۆر، نەک تەنهـا پشـت بە نەوت ببەسـترێت، واتە نابێـت حکومەت هەموو تۆپەکان بخاتە یەک سـەبەتەوە، بەڵکو جگە لە نەوت سـەرچاوەی دیکەش هەیە پشـتی پێ ببەسـتێ، بەتـایبەت، سێکتەری کشتوکاڵی کە بە نەوتی سەرزەوی هەژمـار دەکرێ و کەرەسـتەی خاویشـە بـۆ کەرتـی پیشەسـازی و بازرگـانی کە دەبێتە بنەمـایە بۆئەوەی ژێرخـانی ئابووری کوردسـتان بەهێز

بکات و لە مەترسی ئاسایشی خۆراکیش رزگارمان بکات، دوای ئەویش سێکتەرێکی دیکەش ئاڵتونی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، کەش و هەواو جوگرافیای لەبارە، ئەویش کەرتی گەشتیارییە، دەکرێ وەک سەرچاوەیەکی داهات پشتی پێبەسترێت لەنێو ئەو کەرتەشدا وردی بکەینەوە لە گەشتیاری ئایینی، گەشتیاری پزیشکی سروشتی، گەشتیاری شوێنەواری مێژوویی، گەشتیاری...هتد.هەموو ئەوانە بە یەکەوە ئەگەر حکومەت زەمینەسازی بۆ بکات، لە رێگەی نەخشەرێگەیەکی تایبەتەوە، لە چوارچێوەی ئەو ریفۆرمە کارگێڕی و داریيەوە، دەتوانرێت گەرای راستەقینەی کەرتی تایبەت دروست بکرێت، بەمەش هەم ئەرکی حکومەت سوک دەبێت، هەمیش رۆڵی راستەقینەی کەرتی تایبەت دەگەڕێتەوەو چیتر بازاڕی کوردستان لە بوونی هەر دیاردەو کێشەی داراییدا، بەخێرایی رەنگدانەوەی لەسەر ژیانی خەڵک و بازاڕ دانانێت، بەڵکو دەتوانرێت بە سیاسەتێکی ئابووری باو بە زوویی چارەسەر بکات، هەنوکە کاتی هەژانێکی خۆڕسکە، بە یەکەوە، یەک ئامانج، یەک هیوا، دەبێت برینەکان قووڵ نەکەینەوە، زامەکان سارێژ بکەین، هەموومان ببینە پزیشک بۆئەوەی نەشتەرگەری ئەو قەیرانە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەین، تا کەرتی تایبەتێکی تەندروستمان هەبێت لە ئابوورییەکی بەهێزدا.

*لە ژمارە (5006) 2016/4/3 رۆژنامەی (**خەبات**) بڵاوکراوەتەوە

## چاكسازی لە حكومەتی هەرێمی كوردستان

ئەگەر حكومەتی هەرێمی كوردستان بەوپەڕی رژدییەوە كار بكات بۆ گەشەكردنی ئابووری كوردستان، دەبێت سەرەتا لە كەمكردنەوەی رێژەی گەندەڵی دەست پێ بكەن، هەنگاوی یەكەمیش دەبێت لە رێگەی هۆشیارییەوە بێت و، سەرەتا دەبێت لە پایەی سەرەوەی پەیژەی حكومەت دەستپێبكرێت، بەجۆرێك یاسا بە شێوەی دادپەروەری و یەكسانی بۆ هەموو كەسێك وەكیەك بێت، ئینجا كار لەسەر نەهێشتنی گەندەڵی (سیاسی، كارگێڕی، ئابووری) بكرێت بە هەردوو جۆری گەورەو بچووكەوە، چونكە گەندەڵی گەورە لەلایەن پلە باڵاكانی دەرەوەی حكومەت دەكرێت كە هێزو دەسەڵاتیان زیاترە لە تیمی حكومەت، لەبەرئەوەی ئەگەر سیاسییەك پۆستێكی باڵای حكومەتی هەبێت و لە هەمان كاتدا بازرگان بێت ئەوا روبەڕووی پێكدادانی بەرژەوەندی دەبێتەوەو دواجار تاوانی ئابووری بە شێوەی رێكخراو ئەنجام دەدات، بەجۆرێك دەبێت سەرۆك وەزیران و تیمەكەی ئەزموونی وڵاتانێك وەربگرن كە لەگەڵ واقیعی كوردستان نزیكە، بۆنموونە دەكرێت ئەزموونی سەنگافورە، نێجیریا، تەنزانیا، بولگاریا، هیندستان...هتد، هەنگاوە سەرەتاییەكانی گەشەكردنی ئابووری هەر وڵاتێك بەرەنگاربوونەوەی كرداری و راستەقینەی دیاردەی گەندەڵییە لە سەرتاپای جومگەكانی دەوڵەت، بۆیە تا كار لەسەر ئەو دیاردەیە نەكرێت كە لە كۆمەڵگاكەمان بۆتە فەرهەنگ، مەحاڵە پێشكەوتنی

ئـابووری دروســت بێـت، چـونکە گەشــەی ئـابووری تەنهـا بە جلـوبەرگی جـوان و ئۆتـۆمبێلی مۆدێـل بەرزو ڤـێلاو خـانووی کـوالێتی بەرز نییـە، بەڵکـو بە ژێرخـانێکی بەهێـزە، ئەویـش بەوە دەکرێت کە کارنامە پوخت و کورتەکەی سەرۆک وەزیران کە لە کـاتی سـوێندخواردنی خوێنـدییەوە، لە سـاڵی یەکەمـی کـابینەکە هەنگاوی پراکتیکی بۆ بهاوێژێت، وەک نەهێشتنی قۆرخکاری و رەخسـاندنی کێبرکێـی بازرگـانی و دەرفەتـی کـار بـۆ هەمـووان، لەپاڵ گرنگیدان بە کەرتـی نەوت هەنگـاوی کردەیـی بۆ گرنگیـدان بە کەرتــــی کشــــتوکاڵ دەســــتپێبکرێت، چــــونکە ســــەرچاوەی کەرەستەی خاوە بۆ کەرتەکانی دیکەو دەبێتە هـۆی بەهێزبوونی ئاسایشـی خـۆراک و هەنگاونـان بـۆ ئـابوورییەکی سـەربەخۆ، کە پشــت بە عێـراق و وڵاتـانی دەوروبەر نەبەسـترێت، ئەوەش بە دامەزرانــدنی پــڕۆژەی وەبەرهێنــانی کشــتوکاڵی و کــارگەی هەمەجــۆری دروســتکردنی خــۆراک و کەرەســتەو کەلــوپەلی بیناسـازی و جلـوبەرگ دەیـان بەرهەمـی دیـکە کە ببـنە هـۆی پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکان و دەرفەتی کار لە کەرتی تــایبەتی راســتەقینە دروســت بکــات، نەک بەنــاو ئەو کەرتــی تـایبەتەی کە هەیە، ئەمە کەرتـی کلیپتۆکراسییە و دەبێت کۆتـایی پێ بێت و هیوا بۆ خەڵک بگەڕێنرێتەوە.

**※لـە ژمـارە (5829) لـە 2019/9/17 لـە رۆژنامـەی (خـەبات) وەک دیمانـە بڵاوکراوەتەوە.**

## چاكسازی له یاسای خانەنشینی یەكگرتوو

لەئێستادا هەرێمی كوردستان پێویستی بە یاسایەكی یەكگرتووی دادپەروەری خانەنشینی هەیە، تا لە سایەی ئەو یاسایەدا سیستمێكی خانەنشینی سەردەمیانە دابنێت هەموو لایەك تێیدا سوودمەندبن و چیتر داهاتی هەرێمی كوردستان بە فیڕۆ نەڕوات، چونكە لە ماوەی هەشت كابینەی رابردوودا بەهۆی ئەو دۆخە ناجێگیرەو ململانێییە سیاسییە لایەنە سیاسییەكانی كوردستان هەبووە كە هەر یەكێك ویستوویەتی لە كێكی حكومەت پشكی هەبێت كە خانەنشینیش یەكێك بووە لە بەشێكی كێكە و هەموولایەك تێیدا بەشداربوونە، بۆیە ئەگەر ئەو پڕۆژە یاسایەی ئێستا لەلایەن حكومەتی كوردستانەوە كاری لەسەر دەكرێت، لەلایەن پسپۆڕانی ئابووری و یاساییەوە كە هیچ پۆستێكی حكومییان نەبێت بنووسرێتەوەو ئامادە بكرێت، رەنگە دادپەروەری زێتر تێدا بێت، لەوەی كەسانێك پۆستیان هەبێت بینووسنەوە، لەبەرئەوەی ئەوەی هەموویان بەرژەوەندی خۆیان لەبەرچاو دەگرن بۆ كاتی خانەنشینی، بۆیە كالا بە بالای خۆیان دەدوورن، لە هەمان كاتدا یاسای خانشینی یەكگرتوو لە هەرێمی كوردستان ئەگەر پەسند بكرێت و بخرێتە بواری جێبەجێكردنەوە ئەوە هەنگاوێكی باشە و رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر كەمكردنەوەی خەرجییەكانی حكومەت و مافی خانەنشینیانی شایستە نافەوتێت، بە مەرجێك ئەو یاسایە ئەو خالانە لەخۆبگرێت و ئەوكاتە ناوی لێدەنرێت چاكسازی لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو:

1.بڕی مووچەی خانەنشینی هەموو ئەو کەسانەی بەبێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان خزمەتیان هەبووبێت و مووچەی خانشینیان بۆ بڕواتەوە لەلایەن پارتە سیاسییەکانی کوردستان.
2.بڕینی مووچەی هەموو ئەو سەرۆک جاش و پلەدارانەی حزبی بەعس کە بە پلەی باڵا یان هەر پلەیەکی دیکە بە بیانووی کارکردن بۆ شۆڕش بۆیان بڕاوەتەوە، بۆ ئەوەش هەموو خەڵکی کوردستان شایەدی ئەوە دەدەن جا چ کورد یا عەرەب یا هەر نەتەوەیەکی دیکە بوون و هەندێکیان لە کۆچی دواییان کردووە بۆیان کراوە بە شەهیدانە کە لە لیستی مووچەی شەهیدانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان شاهێدە.
3.هەڵوەشانەوەی مووچەی خانەنشینی هەموو ئەو کەسانەی کە بە بێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان خزمەتی وەزیفیان کردبێت چ لە سلکی سەربازی یان مەدەنی، کە ئەوە بەشێکی زۆری داهاتی کوردستانی هەدەر داوە.
4.دادپەروەری لە مووچەی خانەنشینی هەبێت، بەجۆرێک بەپێی بڕوانامەو سالانی خزمەتی وەزیفی بێت ئەو بڕەی دیاری دەکرێت، بۆ ئەمەش دەکرێ سوود لە یاسای خانەنشینی عێراقی فیدراڵ یان وڵاتانی دیکەی دەوروبەر وەربگیردرێت بە گونجاندن لەگەڵ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمی کوردستان کە هەر کەسێک خانەنشین دەبێت ڕەچاوی گوزەرانی بکرێ.

5.مــــووچەی خانەنشـــینی هەمـــوو پـــلە باڵاکـــان بەگشـــتی کەمبکرێتەوەو نزیک بکرێتەوە لەگەڵ مووچەی چین و توێژەکانی دیکە کە بە ماندووبوون و خزمەت بەپێی یاسا خانەنشین دەبن.

6.لە یاساکەدا ئاماژە بەوە بکرێت، لە هیچ دۆخێکدا نابێت دەست بۆ مووچەی خانەنشینان ببرێت و بکرێتە خەرجی حکومەت.

*لە ژمارەی (5929) 2020/2/10 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوبۆتەوە

## کەرتی تایبەت و دەربازبوون لە قەیرانی بێمووچەیی

قەیرانـی دارایـی هەرێمـی کوردسـتان رۆژ بە رۆژ قـووڵتر دەبێـتەوە، بانکەکـان خـاڵی دەبـن لە پـارەی کـاش، پڕۆژەکـان تووشـی ئیفلیجـی دەبـن، کۆمپانیاکـان بەرەو مـایەپوچی دەچـن، رێـژەی بێکـاری زیـاتر دەبێـت، جـوڵەی بـازاڕ بەرەو سسـتی رۆیشـتووە، وەبەرهێنـان لە هەمـوو کەرتەکـان راوەسـتاوە، بەجورێک خەریکە لەو هەرێمەی کە ئومێد وابوو ببێتە دوبەی و ئیسـتەنبول و بەیـروت، کەچـی ئێسـتا ژیـان کەوتـۆتە سـۆڕی متبوونەوە، چونکە ماوەیەکی زۆرە بەهۆی ململانێیەکانی نێوان هەولێـرو بەغـدا روبەڕووی ئەو دۆخە دژوارە بـۆتەوە، لەو چوارچێوەیە دوو مانـگ جارێـک یـا کـەمتر مـووچە دەدرێـت بە کارمەنـدانی حکـومەت، کە سـەرچاوەی مـووچەکەش داهـاتی نـاوخۆیی هەرێمـی کوردسـتانە لە هەمـوو جـۆرە داهاتەکـان لە (داهاتی کارەبا، ئاو، داهـاتی پڕۆژە سـەرمایەگوزاریەکان، بـاجی گـومرک، فرۆشـتنی نەوت، پیێبژاردنـی سـەرپێچییەکانی هـاتوچۆ، بـاجی دەرامەت و خانووبەرەو...هتـد، داهاتەکـانیش بەهـۆی نەبـوونی سیسـتمێکی سـتاندارد شـەفاف نـین، چـۆنێتی کـۆکردنەوەی لەسـەر سیسـتەمێکی تەقلیـدی کـۆنە، ئەوەش وایکـردووە نەتوانرێـت پێشـبینییەکانی مانگـانەی داهاتەکـان بزانرێـت، بەجۆرێـک هەنـدێکی لە کـۆکردنەوەی بـوونی نیـیە، لەکاتێکدا بەهۆی قەیرانەکانەوە دیسان شوێنەواری نەرێنی چۆتە سـەر داهاتەکانیشـەوە، چـونکە جـوڵەی بـازاڕو بازرگـانی و وبەرهێنـان راوەسـتاوە ئەمەش وا دەکـات باجەکـان بە هەمـوو

شێوەکان بەرەو کەمبوونەوە بچن، بۆ نموونە باجی خانووبەرەو زەوی ئێستا سستبووە ئەوەش وا دەکات باج کەمتر بچێتە خەزێنەی حکومەت، هەروەها لە کرێی کارەبای مانگانە و باجە گومرکییەکانیش بە هەمان شێوە کاتێ بازرگانی کاڵاو کەرەستە کەمتر یان هەر هاوردەی نەکات بێگومان گومرک نادات بە حکومەت، بۆیە باجەکانیش روویان لە داکشانەوە کردووە، لەو بارەدا داهاتی مانگانەی حکومەت سەرباری کەمبوونەوە، ئەوا بەشێکی دیار نامێنێت و ئەوەی دیکە بەجۆرێک کۆدەکرێتەوە کە تا دەگاتە خەزێنەی حکومەت ئەویش رێژەی زۆر کەم بێت، ئەوەش وا دەکات حکومەت نەتوانێت بە داهاتی ناوخۆیی بتوانێت مووچەی کارمەندانی خۆی بدات، چونکە رێژەکەی ئێجگار زۆرە بەراورد بە کەرتی تایبەت، لەحاڵێکدا رێژەی کارمەندانی کەرتی تایبەت زۆرتر بدات، ئەو قەیرانە کەمتر کاریگەری لەسەر حکومەتی کوردستان دەکرد، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە کەرتی تایبەت غیابە لە هەرێمی کوردستان و رۆڵێکی لاوازی هەیە، لە بەگەڕخستنی دەرچووانی زانکۆکان.

ئەگەرچی کاراکردنی کەرتی تایبەت بە قسەو بە نوسین هەبووە، بەڵام بە پراکتیک رەنگدانەوەی نەبوەو تەنانەت لە هەرێمی کوردستان کەرتی تایبەتی کارا نیەو زۆر سست و لاوازەو ئەوەشی هەیە ئەرکە ئاکاری و نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی جێبەجێ نەکردووە، بەڵکو زیاتر بەدوای زۆرترین قازانجە بە کەمترین تێچوو، نەک لە رووی ئابوورییەوە، ئەوەش وایکردووە پڕۆژەی ستراتیژی ئەنجام نەدرێت، ئەگەر هەشبێت جێگەی باس

نییه، زیتر ئەو کۆمپانیایانە کاری بازرگانی هاوردەکردن دەکەن، هەرچەندە لە ماوەی هەشت ساڵی رابرووردا تا ئێستا زیاتر لە 39 ملیار دۆلار وەبەرهێنان کراوەو زیاتر 662 پڕۆژە ئەنجام دراوە کە زۆرینەیان یەکەی نیشتەجێبوون بووە بۆ خواپێداوەو کەسانی دەوڵەمەندو بەرپرسی پلە باڵاو ئۆفیسی کۆمپانیا بازرگانییەکان، بە رێژەی 4% یشی بەلای پڕۆژەی ستراتیژی نەڕۆیشتوە کە لە ئاییندەدا ببێتە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان ئاسایشی خۆراکی خۆی بپارێزی و قازانجەکەی بۆ ناوخۆ بێت و بچێتە سندوقی داهاتی نیشتیمانی، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە سوودی کرێکاری بیانی و بازرگان و وڵاتانی بیانی بووە، بەجۆرێک کار بۆ ئەوە نەکراوە دەرفەتی کار لە کەرتی تایبەت بدۆزێتەوە بۆ بێکاری ناوخۆیی، بەڵکو ئەوەی هەشە مەرجی قورسی بۆ دانراوەو بە کرێی کەمتر کرێکار لە دەرەوە هاوردەکراوە بێ ئاگا لەوەی ئەو کرێکارانە لەسەر زیادبوونی دانیشتوانی خەڵک دەژین و دەبنە هۆی گرانی زیاترو بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاو کرێی خانووبەرەو قەرەباڵغی هاتوچۆو تەنانەت رووداو کردەی مەترسی کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر کایە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت.
لە هەرێمی کوردستان ژمارەی کرێکار لە کەرتی تایبەت 213 هەزارەو لە کەرتی گشتی یەک ملیۆن و نزیکەی 400 هەزار کارمەندە، رێژەکەی ئێجگار زۆرترە، بەراورد بە کەرتی تایبەت، ئەوەش وایکردووە لە کاتی بوونی هەر قەیرانێکی بودجە لە درەنگ پەسند کرد یان کەمبوونەوەدا کاریگەری راستەوخۆ

لەسـەر بـازاڕو ژیـانی گشـتی دابنێـت، چـونکە تـاکە جـوڵێنەری بـازاڕو زیـاتر بـونی پـڕۆژە هەمەجۆرەکـان و چالاکییەکـانی کـۆمەڵگە سـەرچاوەکەی بـودجەی گشـتی عێـراقە، کە سـەرچاوەکەی داهـاتی نەوتەو لە رێگەی خەرجییە گشـتیەکانی بودجەوە دەچێتە بازاڕو گیرفانی کارمەندی حکومەت، بۆیە هەر کاتێک درەنگ بوجە پەسند بکرێت یان وەک ئێستا لە بەغداوە بـودجەی کوردسـتان نانێردرێـت، ئەوا کـاریگەری دەکـاتە سـەر خەڵک و بازاڕ، بەڵام ئەگەر ژمارەی کارمەندانی کەرتی تایبەت زیاتر بێت، لە کەرتی گشتی ئەوا کاریگەرییەکەی کەمتر دەبێت، بەجۆرێـک لە دۆخـی قەیرانـی سیاسـی لەو شـێوەی هەرێمـی کوردسـتان ئەو کـاتە کارمەنـدی کەرتـی تـایبەت روبەڕووی قەیرانـی لەو جـۆرە نـابێتەوە، مەگەر لە حـاڵەتی مـایەپوچبوون نەبێت، ئەوەش بە یاسا مافی پارێزراو دەبێت، لەگەڵ ئەوەشـەدا دەچێتە بازنەی بێکاری بۆ ماوەیەکی کاتی، لە هەمان کات وەک ئەوەی ئێسـتا هەرێمی کوردسـتان تووشـی ئەو قەیـرانە دارایـیە بـۆتەوە ئەوکـاتە ئەو کێشـە دروسـت نابێـت، ئەگەر هەشـبێت، کاریگەریەکەی کەمتر دەبێت.بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم بیر لەو بـابەتە گـرنگە بکەنەوە، چـونکە هـیچ وڵاتێـک ئـابوورییەکەی پـێش ناکەوێت، بەبێ کەرتێکی ئـابووری بەهێـز، کە دواجـار بە خێرایی گەشـەی ئـابووری ئەو وڵاتە پەرە پێ دەدات، ئەوەش بە دروستکردنی مۆڵ و سوپەرمارکێت و تەلاری بەرزو بەنزیخـانە و هۆتێل و خـواردنگە نـایەتەدی، بەڵکـو بە پـڕۆژەی سـتراتیژی بەرهەمداری دەبێت کە پارە لە هەرێمی کوردستان زیادو داهاتی

تـاک بەرزبکـاتەوە، نەک ئـابووری هەرێمـی کوردسـتان بەرەو ئـابوورییەکی بەرخـۆرو بەکـاربەر بەرێت کە تـاکە سـەرچاوەی داهـاتی نەوت بێـت، بەجۆرێـک دەبێـت حکـومەت کـار بکـات بە یاساو بە کردار کەرتی تایبەت پێشبخات بۆئەوەی دەرفەتـی کـار بـۆ گەنجـان بڕەخسـێنێت، تـا چیتـر پشـت بە مـووچەی حکـومەت نەبەسـتن، چـونکە هەنـوکە هەرێمـی کوردسـتان پێویسـتی بە ئـــابوورییەک هەیە کە شوناســـی نەتەوەیـــی هەبێـــت، نەک کەرەسـتەی خـاو لە دەرەوە هـاوردە بکـات و کۆمپانیـا تـورکی و ئێـران و چینـی و کۆرییەکـان کـاڵاو کەرەسـتە کـوالیتی نـزم و ماوەبەسـەرچووەکانیان لە بـازاڕی کوردسـتان سـاغ بـکەنەوەو دواجـار تـاکی کـورد بە مـاوەیەکی درێژخـایەن تووشـی دەیـان نەخۆشـی ژەهـراوی چارەسـەرنەکراو بـکەنەوە، ئینجـا ئەوکـات ناتوانرێت، پێداچونەوە بە پلانە سەقەتەکان بکرێتەوەو پلانی نوێ دابڕێـژرێتەوە، بەڵکـو لەو حـاڵەتەدا باشـترین چارەسـەر شـان بەشـانی کەرتـی تـایبەت هـانی گەنجـان بـدرێت پڕۆژەی بچـووک دروست بکەن، نەک ئەوەی ئێستا ئەو بڕە پارەیەی لە وەزارەتـی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەدرێت بە گەنجان بە نـاوی قەرزی بچـووک کە جـگە لە بازرگـانی بچـووک بـۆ هانـدانی خەڵـک بـۆ بەکاربردن و زیاتر بوونی هاوردەکردنی کاڵای بیانی چیتر نییە.

*لە ژمارە (38) هاوینی 2014 گۆڤاری (ئابووری سیاسی) بڵاوکراوەتەوە.

## قەیرانەکان و رەنگدانەوەی لەسەر چالاکییە ئابوورییەکان

لە هەر ولاتێکدا سەقامگیری و ئاسایش لەئارادا بێت، ئەوا پرۆسەی وەبەرهێنانی کەرتە ئابوورییەکان روو لە هەلکشان دەکات و گەشەی ئابووری بەرەو قۆناغێکی دیکە هەنگاو دەنێت و هاوشان لەگەلیدا بازار بووژانەوە بە خۆی دەبینێت و جولەی بازرگانی خێراتر دەکات، بەلام ئەگەر ئەو ولاتە تەژی بێت لە کێشەو قەیران ئەوا پێچەوانە دەبێتەوە، لەگەل ئەوەی دەولەتی عێراق لە مێژووی دروستبوونیەوە تا ئێستا جەستەی خوێنی لێدەچۆڕێت و شانۆی سیاسی پڕی بووە لە ململانێی سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەیی و قەلەمڕەوی، لەسەروی هەمووشیەوە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و مەزهەبی سەردەمی رژێمی پێشوو، نەمازە جەنگە یەک لە دوای یەکە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سەدام حسێن نەهیشت ئەو عێراق بە ئارامی ببینرێت، بۆیە رۆژ بە رۆژ عێراق بە رێژەی 75%، بەرەو پووکانەوەو خاپورکردنی ژێرخان بۆتەوە هەرچی داهاتی سالانی سییەکانیشە تا جەنگی کەنداو بۆ مەبەستی جەنگەکان و سوپا خەرج کراوە جگە لە رێژەیەکی ئێجگار کەم نەبێت بۆ مووچەی هاولاتیان خەرج کراوە، ئەوانەش وایکردووە قەیرانە سیاسییەکان لە عێراق هەمیشە لەتەشەنەکردندابن و وەبەرهێنان لە کەرتە ئابوورییەکان روو لە کزی بکات و هەندێ سالیش هەر نەبێت و تەواوی جومگەکانی دەزگاکانی دەولەتیش گەندەلی دایپۆشێت، لەو روانگەیەوە هەرگیز سەرمایەداری بیانی و ناوخۆیی ئامادەیی تیا نابێت وەبەرهێنان بکات و پرۆژەی هەمەچەشن

دروست بکات، دوای ساڵی 2003 یش قەیرانەکان درێژەیان کێشا، لە قەیرانی جەنگ و چەوساندنەوەی نەتەوەییەوە گواسترایەوە بۆ قەیرانی مەزهەبی و پاشان جارێکی دیکە ئەو قەیرانە لەلایەن مەزهەبێکی دیکەی زۆرینەی عێراقەوە زەق کرایەوە بۆ چەوساندنەوەی ئەوانی دیکە، بەمەش رەنگدانەوەی نەرێنی خستەسەر چالاکییە ئابوورییەکان، ئەگەر ئەو قەیرانە رەنگدانەوەی تەواوی لەسەر بواری بازرگانی و وەبەرهێنان و بازاڕ دانان بێت لەسەر ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، ئەوا رەنگدانەوەی کەمتری هەبووە لەسەر چالاکییە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا کاریگەری هەر نەبووەو هەرێمی کوردستان بە عێراقەکەی دیکە ناودەبرێت، هەموو ئەو چالاکییە ئابووریانەی لە رۆژی پەسندکردنی یاسای ژمارە 4ی ساڵی 2006ی تایبەت بە وەبەرهێنان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و جێبەجێکردنی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وێڕای هەموو کەموکوڕییەکان گۆڕانکاریەکی بەرچاوی هەبووە لە ئەرزی واقیعی کوردستان، چونکە لەم ماوەیەدا نزیکەی 25 ملیار دۆلار سەرمایەگوزاری لە کەرتە ئابوورییەکان کراوە، هەروەها قەبارەی بازرگانی تەنها هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا گەیشتۆتە نزیکەی 18 ملیار دۆلار، ئەمە جگە لەوەی 16 هەزار کۆمپانیای خۆماڵی و بیانی کار دەکەن و 50 گرێبەستی لە بواری نەوت و گاز لە نێوان حکومەت و کۆمپانیاکانی بواری وزەی جیهانی کراوە، لە لایەکی دیکە ساڵانە سەدان ئۆتۆمبێل بە

مۆدێلی جیاواز هاوردە دەکرێت و بژێوی هاوڵاتیان باش بووە، تەنانەت بە هۆی جوڵەی بازرگانی و گەشەی ئابوورییەوە نرخی زەوی و خانوو بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینی، هاوشان لەگەڵیدا بە هۆی سەردانی گەشتیاری ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و کۆچی خانەوادە عەرەبەکان بۆ کوردستان کە شوێنێکی ئارام و لەبارە بۆ گوزەران و بازرگانی وایکردووە هەڵاوسانی لە بازاڕیش بێتە کایەوە، بەڵام قەیرانەکانی نێوان بەغداو هەولێر هاتۆتەکایەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر چالاکییە ئابوورییەکان بازاڕ هەبووە، ئەم جارە شوێنەواری تەواوی لەسەر بازاڕی هەرێمی کوردستان و تەنانەت سەرمایەگوزاری پڕۆژە ستراتیژییەکانیش داناوە، لەئێستادا بازاڕی سەرلەبەری کەلوپەلەکان سستە، نرخی زەوی و خانووبەرە بەرێژەی 20% دابەزیوەو کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل سست بووە، هاوڵاتیان چاوەڕوانی تەقینەوەی ئەگەرەکان دەکەن، جوڵەی بازرگانی لە پاشەکشەدایە، کۆمپانیاکان پڕۆژەکانیان راگرتووەو هەندێکی جێ هێڵراوە، سەرمایەداری بیانی بە هۆی ترسی لە ئایندەی عێراق و تەشەنەسەندنی ململانێکان و هاتنە ئارای تەنگژەی سیاسی دیکە سەرمایەکانیان ناخەنەگەڕ، بەگشتی چالاکییەکان ئابوورییەکان بەگشتی سستبوونە و ڕەنگە لە داهاتووشدا قەیرانەکان چارە نەکرێن ئەوە پەکیان بکەوێت و جارێکی دیکە بگەڕێنەوە دواوە، بۆیە تا ئەو عێراقەی لەسەر قەیران بەڕێوە دەبرێت نەبێتە سێ هەرێمی سەربەخۆ، کە خۆیان سەرچاوە سروشتییەکانیان

بەڕێوە ببەن و داهاتی خۆیان بۆ دانیشتوانی هەرێمەکانیان بە یەکسانی دابەش بکرێت، ئەوا هەرگێز بەبێ ململانێ و خوێناوی نابینرێت و پرۆسەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی ژێرخان و سەرخان هەرگیز سەرکەوتوو نابێت و رەنگدانەوەی خراپ لەسەر چالاکییە ئابوورییەکانیش دادەنێت، کە دواجار زیانی سەرەکی تاکی عێراقی دەیدات بەتایبەت تاکی کۆمەڵگەی کوردەواری، چونکە هەرێمی کوردستان بەراورد بە ناوچەکانی دیکەو تەنانەت بە وڵاتانی ئێران و تورکیاو سوریاو هەندێ وڵاتی عەرەبیش سەقامگیری و ئارامی سیاسی و ئابووری زیاتری بەخۆوە گرتووە، ئەوەش وایکردووە گەشەی بەرچاو بە خۆوە ببینێت، بەڵام دۆخەکە بەم شێوەیە بڕوات ئەوا پێچەوانە دەبێتەوە.

**لە ژمارە** (43) **گۆڤاری** (**تاوی کۆمەڵایەتی**) **کانوونی دووەمی** 2013 **بڵاوبۆتەوە.**

## دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێکردن و چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون

لەگەڵ ئەوەی حکـــومەتی هەرێمـــی کوردســـتان ســـاڵانە بـــودجەیەکی زەبەلاح بـــۆ چـــارەکردنی قەیرانـــی نیشـــتەجێبوون تەرخـــان دەکـــات، کەرتـــی تـــایبەتیش پـــڕۆژەی نیشـــتەجێبوون دروست دەکات، ئەو پلانەی دانراوە هێشتا بە تەواوی ئامانجی خۆی نەپێکاوەو قەیـرانەکەش قـووڵتر بـۆتەوە، بەڵام ئایا ئەگەر پلانە ستراتیژییەکانیش بێتە واری جێبەجێکردن هێشتا کێشـەی نیشتەجێبوون چارە دەبن.

حکـومەتی کوردســتان سیاســەتی نیشــتەجێکردن سیاســەتێکی نادروست بووە، ئەگەرچی ئەرکی ئەمە لە چوارچێوەی پلانەکەدا خرابووە ئەستۆی کەرتی تایبەت و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشـــتەجێکردن، بـــۆیە لە ســـاڵی 2006ەوە کەرتـــی تـــایبەت بە ڕێـژەی 80% وەبەرهێنـانی لە کەرتـی نیشـتەجێکردن کـردووە، بەڵام کاریگەری ئەوتۆی نەبووە لەسـەر کەمکردنەوەی قەیرانـی کرێچێتی، بە جۆرێک دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمـی کوردسـتان لە کـۆی 567 پـڕۆژە لە مـاوەی حەوت سـاڵدا 166 پـڕۆژەی نیشـتەجیبوون ئەنجام داوە کە 85 لە هەولێرو 40 لە دهـۆک و 45 لە ســـــلێمانی کە کـــــۆی گشـــــتی 167 هەزار یەکەی نیشـتەجێبونە، لە کـۆی سـەرمایەی وەبەرهێنـانیش نـزیکەی 29 ملیـــار دۆلار ئەوا نـــزیکەی 14 ملیـــار دۆلار بـــۆ پڕۆژەکـــانی نیشـتەجێبوون تەرخـان کـراوە، بە گـوێرەی قسـەی بەرپرسـانی وەبەرهێنـانی کوردسـتانیش پێشـبینی دەکرێـت زیـاتر لە هەزار

یەکەی نیشتەجێبوون لە هەرسێ پارێزگاکەی کوردستان لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە دروست بکرێت بۆ خەڵکی کرێچی و کەمدەرامەت، بە ئامانجی کەمکردنەوەی کێشەی کرێچێتی حکومەتی هەرێم زیاتر لە 120 هەزار زەوی دابەش کردووە بەسەر کارمەندانی حکومەت، کەچی ڕێژەی کرێچێتی لە هەڵکشاندایە، لەکاتێکدا دەبوایە بە هەماهەنگی حکومەتی هەرێم بیتوانیبایە لەم ماوەیەدا هەر هیچ نەبێت ڕێژەی کرێچێتی کەم بکردایەتەوە، چونکە ساڵانە ئەگەرچی ڕێژەیەکی کەم لە بودجەی گشتی بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێکردن تەرخان دەکرێت، بەڵام ئەو کاریگەرەی نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت لە ڕێگەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنەوە بە هاوکاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان سەدان خانووی دروست کردووە بۆ خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەمداهاتەکان، بەڵام نەبۆتە هۆی کەمکردنەوەی قەیرانەکە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سیاسەتێکی یەکگرتوو لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان لە حکومەت نەبووەو بە یاسا ئەو پرسە ڕێک نەخراوە کە دەبوایە پەرلەمانی کوردستان یاسای وەبەرهێنانی خانووبەرەو نیشتەجێکردن و یاسای دروستکردن و پلانی تەلارسازی و چەند یاسایەکی دیکەی پەیوەست بەو قەیرانە دەربکردایە، ئەمە جگە لە دەزگایەکی یەکگرتووی تایبەت بۆ بنەبڕکردن و کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێکردن.

ئەگەر بەراوردێک بە هەڵکشانی ڕێژەی دانیشتوان بکەین لە عێراق وەک هۆکارێک بۆ زیادبوونی ڕێژەی کرێچێتی کە

هەرێمی کوردستانیش لەو چواندنە بەدەر نییە، ساڵی 1997 ژمارەی دانیشتوانی عێراق 22 ملیۆن بوو، کە دوو ملیۆن نیو خێزان بوو، بەڵام دوو ملیۆن خێزان خاوەن خانوو بوون، کەوایە نیو ملیۆن خێزان لە کرێچیتیدا بوو، بەڵام ژمارەی دانیشتوان ساڵی 2006 بۆتە 29 ملیۆن کەس و ژمارەی خێزانەکان بۆتە چوار ملیۆن خێزان، لەم نێوەندەدا دوو ملیۆن و نیو خێزان خاوەن خانووی خۆیان بوون، کەوایە یەک ملیۆن و نیو خێزان پێویستیان بە خانوو بووە، ئەگەر پارێزگای سلێمانی بە نموونەی کوردستان وەربگرین 18% خێزانەکانی پارێزگای سلێمانی خاوەنی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان نین و 11% لە خانووی کرێدایە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئێستا ژمارەی دانیشتوان نزیکەی پێنج ملیۆن کەسە، رێژەی کرێچی زیاد دەبێت ئەگەر پلانەکە زانستییانە و واقیعی نەبێت.

کەوایە، ساڵ بە ساڵ کرێچێتی زیاد دەبێت تەنها ئەمە بە شیکردنەوەی هەڵشکانی رێژەی دانیشتوان کە هەرێمی کوردستانیش بەپێی دوا پلانی ستراتیژی وەزارەتی پلانانداان لە ساڵی 2015 پێویستی بە 250 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەبوە بۆ رزگاربوون لە قەیرانی نیشتەجێبوون، بەڵام ئەو نەخشەڕێگەیە ئامانجی خۆی نەپێکاوە، چونکە پشتی تەنها بەیەک گۆڕاو بەستاوە، لەکاتێکدا بەپێی پلانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2006 دەبوایە بە دروستکردنی 135 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون کێشەکە چارە بکرێت، کەچی تا ئەو کاتە زیاتر لە 150 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستکران کەچی قەیرانەکە

قـوولْتریش بـوویەوە. جـگە لە زیـادبوونی ڕێـژەی سروشـتی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان، ساڵانە ڕێژەی هاتنی کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و عەرەبی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە هەڵکشاندایە، ڕێژەی هاوسـەرگیری ساڵ لەدوای ساڵ لەزیـادبوونەو هەنـووکە شـێوازی ژیـان گـۆڕاوە وەک سـاڵانی پێشوو خەڵک بەکۆمەڵ ناژین و خانەوادەو خانووی خۆی هەیە، لەسـەرووی ئەمـانە بـوونی سـەنتەرو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنـــی و کونســـوڵخانە و ئۆفیســـی کۆمپانیـــا بیـــانی و ناوخۆییەکانیش کاریگەری کردۆتە سـەر کەمبوونی بەکرێگرتنی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی کرێ. بە گوێرەی یاسای ژمارە حەوتی ســـاڵی 2008 و هەمـــوارکراوی ســـاڵی 2011 پەرلەمـــانی کوردســـتان ســـاڵانە بـــودجەیەکی تـــایبەت لە بـــودجەی گشـــتی هەرێمـــی کوردســـتان بـــۆ دروســـتکردنی شـــوقە بـــۆ خـــانەوادە کەمـداهات و کرێچییەکـان تەرخـان دەکـات، ئەمەش لە ڕێـگەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنەوە دێتە جێبەجێکردن، بۆ ئەم مەبەستە ساڵی 2011 بڕی 49 ملیار دینار بۆ 1312 شـوقە لە سەرتاسـەری کوردسـتان تەرخـان کـردووەو لە سـاڵی 2012 بڕی 200 ملیار دینارو لە ساڵی 2013 بڕی 250 ملیـار دینـار بـۆ دروسـتکردنی 10 هەزار شـوقە تەرخـان کـراوە، بەڵام ئەو پڕۆژانە هێشتا دابەش نەکراون، تەنانەت لە پارێزگای دهۆک بەردی بناغەشی بۆ دانەنراوەو ئەو بودجەیەی لە هەردوو ساڵی دواییش تەرخان کراوە هێشتا کاری لەسـەر نەکراوە، هەورەهـا ئەو قەیـرانە عێراقیشـی گرتـۆتەوە، بـۆیە لە لایەن وەزارەتـی

ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی عێراقیش لە ساڵی 2009 زیاتر لە 25 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروست کراوە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروودا کە نزیکەی 5 هەزار شوقەی نیشتەجێبوون و 12 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونیش لەلایەن کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانەوە دروست کراون، ژمارەی دانیشتوانی عێراق 32 ملیۆن کەسە، لەو ژمارەیەدا نزیکەی پێنج ملیۆن کەس لە هەرێمی کوردستان دەژی، بە گشتی ڕێژەی شارنشین 71% و ڕێژەی گوندنشین و شارەدێنشینەکان 29%، لەو ژمارەیەدا ناوچەکانی خواروو ناوەڕاست یەک ملیۆن خێزان لە کرێچێتیدان و لە هەرێمی کوردستانیش تەنها ئەوانەی ناوی خۆیان تۆمار کردووە زیاتر لە 60 هەزار کرێچی دەبێت، بەڵام بەپێی ئامارێکی نافەرمی زیاتر لە 200 هەزار کرێچی هەیە.

داڕشتنی پلانی پێشوەختە بۆ چارەسەری قەیرانی نیشتەجێبوون ئەوا لە هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دیکەش کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام پلانەکە ئامانجی خۆی ناپێکێت،بۆیە هەم لەسەر ئاستی عێراق و هەم لەسەر ئاستی کوردستان دابەشکردنی زەوی نابێتە هۆی کەمکردنەوەی قەیرانەکە، بەڵکو پێدانی پێشینەی خانووبەرە کاریگەری زیاتر هەیە، بەڵام بە مەرجێک ئەمە کەرتی تایبەت بیکات باشترە لەوەی حکومەت جێبەجێی بکات، چونکە لە چەند ساڵی ئاییندەدا شوێنەوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بە خراپ دەشکێتەوەو کار دەگاتە سەر بودجەی گشتی کوردستان.

*__لە ژمارە__ (103) __لە__ 2013/9/29 __لە ڕۆژنامەی__ (__بازاڕ__) __بڵاوبۆتەوە.__

## نرخی زەوی لە کوردستان لە وڵاتانی ئەوروپا بەرزترە

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامانجی کەمکردنەوەو زاڵبوون بەسەر قەیرانی نیشتەجێبوون لە چەند ساڵی رابردوودا پلانی ئەوە بووە کە هەر کۆمپانیایەک وەبەرهێنان لە کەرتی نیشتەجێبوون بکات ئەوا بە نرخێکی زۆر کەم زەوی زۆری پێدەداو خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاوو کارەباو هاتوچۆشی بۆ ئەو زەوییە دابین دەکرد، پاش ئەو قۆناغە سندوقی نیشتەجێبوونی هێنا کایەوە کە بەشێکی تێچووی یەکەکانی نیشتەجێبونی دەدا بە هاوڵاتیانی کەمدەرامەت بە رادەیەک لە نێوان 30% تا 50% ئەمە بە بڕیارەکانی ژمارە (45) و (46)ی ساڵی 2008ی لەلایەن سەرۆک وەزیرانی کوردستانەوە بۆ هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی یەکەیەک لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون دەکڕن، کە نیوەی پارەکەیان بۆ دابین بکرێت بە وەرگرتنەوەی لە ماوەی دە ساڵ دەبێت، ئەم پڕۆسەیە تا ئێستا بەردەوام نیە.

سالآنی 2001-2002 سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری جیهانی بوو، کە لە منداڵدانی قەیرانی خانووبەرەو زەوی لە ئەمەریکا لەدایکبوو، بە هۆی ئەوەی کەمی خستنەڕوو و زۆری خواست لەسەر خانوو نرخی بەرز بووەوە، ئەو کاتە حکومەتی ئەمەریکا بۆ چارسەری خێرا بانکی قەرزی خانووبەرەی زیادکردو قەرزی دا بە هاوڵاتیان بە بێ ئەوەی بیر لە شوێنەوارە دوورمەوداکانی بکاتەوە، بانکە قەرزدەرەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان قەرزیان دەدا بەبێ ئەوەی رەچاوەی ئەوە

بکەن قەرز وەرگر دەتوانێت قەرزەکە بداتەوە یا نا، بەڵکو لە رێگەی بریکاری فرۆشتن قەرزی فریودەریان دەدا بە شێوەی قیست بە خەڵک کە پێشەکی لەگەڵدابوو بە قیستی جێگیر کە بە قسەی خۆیان شێوەیەی قیستەکە کەم بوو، بەڵام دواتر قیستەکان زیادی دەکرد بە هۆی سووی زیادەوە، لەو کاتەدا بانکە قەرزدەرەکان ئەو قەرزانەیان دەفرۆشتەوە بە کۆمپانیا ناوخۆییەکانی ئەمەریکا تا وای لێهات بوو کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا لە شێوەی جامبازی (مضاربة) لە بۆڕسەدا، ئەم حاڵەتە لە هەرێمی کوردستان روویدا، بەڵام بە جۆرێکی دیکە چونکە هەرێمی کوردستان خاوەن سەرمایەکی کەمەو سیستمێکی بانکی پێشکەوتووی نییە تا هاوشێوەی ئەمەریکا بێت، بەجۆرێک لە سایەی یاسای وەبەرهێنانەوە کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکان کەوتنە دروستکردنی پڕۆژەی نیشتەجێکردن و بە شێوەی قیست ئەفرۆشرایەوە خەڵک، هەندێجار هێشتا کۆمپانیاکە دەستی بە پڕۆژەکە نەکردبوو کەچی یەکەکانی فرۆشرابوون، هاوشان بازرگان و سەرمایەدارەکانیش جامبازیان بە کڕین و فرۆشتنەوە دەکرد کە تا ئێستاش بەردەوامە، ئەمەش وایکرد خەڵکی کەمدەرامەت باجەکەی بدات و نەتوانن بیکڕن، ئەگەر کڕیان بە قیستی بەرز بیکڕن، چونکە سەرەتا بە قیستی کەم و پێشەکی کەم بوو دواتر زیاتر دەرکرا بە پاساوی جۆراوجۆر، لەگەڵ ئەوەشدا کوالێتییکەشی خراپ بوو، کەچی نرخی بەرزو ماوەیەکی زۆری پێدەچوو تا تەواو دەبوو، بەوەش کڕیار هەم قەرزار بوو، هەمیش کرێی خانووی

دەدا و هەمــیش قیســتی کۆمپانیاشــی دەدا و ئەوەش ببــووە بارگرانی، لەبارەی نرخی زەویشـەوە بەهەمان شێوەیە زیاتر لە شـێوەی دەسـتاو دەسـتکردنی کـڕین و فرۆشـتنی جامبـازییەوە نـرخەکەی هەڵکشـا تـا گەیشـتە بەرزتـرین نـرخ، ئەگەر تەماشـای لـێکەوتە ئابوورییەکـانی ئەمەریکا بکەیـن، دوای چەنـد سـاڵێک لە سـاڵی 2008 بە تەواوی شـوێنەوارەکانی دەرکەوت کە بەشـێکی زۆری قەرز وەرگرەکــان نەیــانتوانی قەرزەکانیــان بــدەنەوە، ئەمەش وایکرد کۆمپانیاکان نەتوانن ئەرکەکانیان جێبەجی بکەن و داوای هاوکارییــان دەکــرد و زۆر لە کۆمپانیــا زەبەلاحەکــان مایەپوچی خۆیان راگەیاند، ئەو قەیرانە درێژ بووەوە بۆ بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان کە ئابووریان پەیوەست بـوو بە ئـابووری ئەمەریکــاوە، بــۆیە قەیرانــی ســیولەی نەختینەیــی بە تونــدی سەریهەڵدا لە وڵاتانی بەریتانیا، ئەڵمانیـا، ژاپـۆن و وڵاتـانی دیکە، لە دەرەنجامـدا بـووە هـۆی دابەزینـی نرخـی خـانووبەرەو زەوی بەتــایبەت خــانووبەرەی ئەمەریکــاو ژمــارەیەکی زۆر لە گەورە کۆمپانیاکــانی پەیوەســت بەم بــوارە مــایەپوچ بــوون، بە شــیکردنەوەیەکی بەراوردکــاری لە نێــوان قەیرانــی ئــابووری جیهانی کە تا چەند ئەم لێکچوونە لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتـان هەیە، تـاڕادەیەک ئەو لێکچـوونە هەیە تەنهـا لە دابەزینـی نرخــی خــانووبەرەو زەوی هەرچەنــدە هێشــتا لــێکەوتە ئابوورییەکـانی بە تەواوی بەدیـار نەکەوتـوون کە رەنـگە دوای چەنـد سـاڵێکی دیـکە خۆیـان نیشـان بـدەن کە دەبینرێت هەنـوکە

نرخی خانووبەرەو زەوی لە ئاستێکی جێگریدایە دوای ئەوەی بە قۆناغێکی تێپەڕی نرخەکەی لە رادەبەدەر بوو.
دابەشکردنی هەزاران پارچە زەوی بەبێ پلان بەسەر هاولاتیانی چینی مامناوەندو بەرپرسانی حکومەت و بەخشینی زەوی لە بری خەبات و خوێن بەهێزو لایەنە سیاسییەکان و کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان وایکرد جامبازی بە نرخی زەوی خانووبەرە بکرێت، بە جۆرێک نرخی پارچەیەک زەوی و خانوویەک لە ئاستی گشتی نرخی ولاتانی پێشکەتوو تێپەڕاند، باس لە ولاتانی دراوسێ وەک تورکیاو سوریاو ئێران هەر مەکە، تەنانەت بە هۆی نەبوونی یاسایەکی رێکخراو بۆ کڕین و فرۆشتنی زەوی، نووسینگەکانی کڕین و فرۆشتنی زەوی و جامبازو بازرگانان بە ئارەزووی خۆیان یارییان بە نرخ دەکرد، بەبێ ئەوەی لەمپەری یاسایی و کۆمەلایەتی لەبەردەمیان بێت، تا وای لێهاتبوو وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێکردن ببێتە باشترین بازرگانی کە لە ماوەیەکی کەمدا زۆرترین قازانج بکرێت، ئەمەش لەئاکامی بەردەوامی هەلکشانی نرخ کە تا ئێستاش بەردەوامە، لە نێو هەموو شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش، هەولێر لەو گرانییەدا لە ریزی پێشەوەی ولاتانە لە رووی نرخی خانووبەرەو زەوی کە بۆ هەر مەترێک زەوی لە پێنج هەزار دۆلارەوە گەیشتە دە هەزار دۆلار، ئەمە لە تۆکیۆی پایتەختی ژاپۆنیش ئەو نرخە نەدەبینرا، بەراورد بە ئاستی داهاتی تاک لە هەرێمی کوردستان و ولاتانی ئەوروپا بەهای زەوی و خانووبەرە جیاوازیەکی ئێجگار زۆری هەیە، چونکە تێکڕای

داهــاتی ســاڵانەی تــاک لە کوردســتان ئەو کــاتە لە پێــنج هەزار دۆلار تێــپەڕ نەدەکــرد، کەچــی تێکــڕای کرێــی مانگــانەی خــانوو گەیشــتبووە 750 هەزار دینــار، هەرچەنــدە وەزیــری پلانــدانانی عێــراق ئامــاژەی بەوەکــرد کە 2.6% هەڵاوســان بــۆ هەڵکشــانی نرخــی زەوی خــانووبەرە دەگەڕێــتەوە، بەڵام بەپێــی تــۆژینەوە زانســـــتییەکان بەرزبــــوونەوەی زەوی و خـــــانووبەرەو لە دوا بەرزبوونەوەیدا گەیشتە 150%.

*ژمارە (104) لە 2013/10/6 ڕۆژنامەی (بازاڕ) بڵاوکراوەتەوە.

## نرخی زەوی لە هەڵکشاندایە

لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان ساڵانە ڕێژەی ئاستی نرخی هەموو شتێک ڕوو لە هەڵکشاندایە و هەر کەلوپەل و کاڵایەک بە ڕێژەیەک نرخی بەرز دەبێتەوە، بەهۆی قەیرانە ئابوورییەکان و گرفتە سروشتییە ژینگەییەکان و تەنگژە سیاسییەکان و سەرهەڵدانی وشکەساڵی و بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوییەوە، بەڵام لە عێراق و هەرێمی کوردستان جگە لەوانە، زۆر هۆکاری دیکە هەن بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئاستی هەموو شتێک بەتایبەت نرخی زەوی، جا ئاستی ئەو نرخە لە شارو شارۆچکەیەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە، ئێستا لە هەردوو شاری هەولێرو سلێمانی نرخی زەوی ئێجگار زۆر بەرز بۆتەوە، هەرچەندە نرخی زەوی لە سلێمانی، جگە لەوانە هۆکاری هەرە گرنگی بەرتەسکی ڕووبەری جوگرافیای چەقی شاری سلێمانییە کە زەوی کەمە و ناتوانرێت دابەش بکرێت بەسەر هاوڵاتیاندا، بەڵام شاری هەولێر جگە لەوەی ئێستا بۆتە مەڵبەندێکی بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاری و سەنتەری نوسینگە و بارەگای هەموو پارتە سیاسییەکان و نوێنەرایەتی وڵاتان و سەدان کۆمپانیای بازرگانی و ناحکومی، ئەوا ژمارەیەکی زۆریش لە هاوڵاتی شاروشارۆچکەکانی دیکەی عێراق و کوردستان بۆ نیشتەجێبوون ڕوو لەو شارە دەکەن، چونکە شوێنێکی ئارام و هەلی کاری زیاتری تیایە، بەڵام زۆر هۆکاری دیکە هەن دەبنە

هۆی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی لە کوردستان بەتایبەتی لە هەولێر، ئەوانەیش ئەمانەن:

1.هاتنی ژمارەیەک خێزانی عەرەبی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و کڕینی زەوی و بەناوکردنیان بە نرخی گرانتر لە گەڕەکەکانی شارو هەندێ گەڕەک زۆرینەی بۆتە نەتەوەی عەرەب، تەنها لە شاری سلێمانی 9 هەزار خێزانی عەرەب هەن، ئەمە جگە لە هەولێرو دهۆک بە دڵنیاییەوە لە هەولێر سێ ئەوەندەی سلێمانی دەبێت.

2.بەکرێگرتنی خانوو لەلایەن ئەو عەرەبانەوە بە نرخێکی بەرزتر لە کرێچییە کوردەکان و پێدانی پێشەکی زۆر.

3. هەر ئەو عەرەبانەی بە ئارەزووی خۆیان و هەندێکیش لە ترسی تیرۆرو باکگراوندی بەعسیبوونیان هاتوونەتە کوردستان خانوو بە نرخێکی بەرز دەکرن، پاشان بە فەرمی دەیکەن بە ناوی خۆیانەوە.

4. نەبوونی پڕۆژەیەی ستراتیژی لەلایەن حکومەتی کوردستان بۆ چارەکردنی کێشەی کرێچێتی کە لە دیاردەوە بۆتە قەیران و ماوەی چەندین ساڵە ڕێژەکەی زیاتر دەبێت، بە دوایین زانیاری نزیکە 40 هەزار کرێچی تەنها لە شاری هەولێر هەیە، ئەگەرچی پڕۆژەکانی حکومەت تەنها خەیاڵی نووسینی نێو نووسراوە فەرمییەکانە و تا ئێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێکردن.

5. بازرگانیکردنی سەرمایەداران بە شوقە و یەکەکانی نیشتەجێبوون و زەوییەوە، وایکردووە یاری بە نرخی زەوی بکەن و هەر کاتژمێرێک نرخێکی لەسەر دابنێن، زۆرجار زەوی

بەکۆمەڵ دەکڕن و پاش ماوەیەک بە نرخی بەرزتر دەیفرۆشنەوە.

6. دابەشنەکردنی زەوی لەلایەن حکومەت بەسەر هاوڵاتیان، بەڵکو زەوی بۆ خەڵکانێک بووە کە نیشتەجێی کوردستان نەبوون و خەڵکی شارێکی دیکە وەریگرتووە بەتایبەت پایتەخت، زۆرینەی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت خەڵکی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و بەشێک لە گەورە بەرپرسانی عەرەبی عێراقی دەیان پارچە زەوی فراوانیان وەرگرتووە.

7.کەمبوونی زەوی کشتوکاڵی و خستنە موساتەحەوە بە ناوی پرۆژەی وەبەرهێنان لەکاتێکدا بۆ بازرگانیکردن بەکارهاتووە، ئەمەش وایکردووە پارچە زەوی ئیفرازکراو نەمێنێت.

8. هەندێ کەس فێربوونە لە جیاتی ئەوەی پارەکانیان لە بانک دابنێن کە سوودی دەچێتە سەر یان لە ماڵ بێت و زەکاتی دەچێتەسەر، زەوی دەکڕن و پاش ماوەیەک بە چەندی هەزار دۆلار قازانج دەیفرۆشنەوە ئەوانەی پێویستیان بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونە.

***لە** 2011/10/20 **لە رۆژنامەی (بازاڕ) بڵاوکراوەتەوە.**

# شەڕی ئەنتی گەندەڵی و دەستەی دەستپاکی کوردستان

چەند ساڵێکە لێرەو لەویَ لە دەزگا فەرمی و ناحکومی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، پرسی دژە گەندەڵی کارگێڕی و دارایی دەوروژێنرێت و کۆڕو سمینارو وۆرکشۆپ و مێزگردی تەلەڤزیۆنی سازدەکەن، ئەمە جگە لەوەی گروپی فشار دروست دەکرێت و لەلایەن رۆژنامەوە وگۆڤارو رادیۆو تەلەڤزیۆنییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە پەنجە دەخرێتە سەر لایەنە لاوازەکانی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، دوای ئەوەی لێژنەی نەزاهە لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان پێکهێنرا، پاشان پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهە لە ئەنجوومەنی وەزیران پەسندکراو لە پەرلەمان بڕیار لەسەر ئەو دەستەیە دراو تا هاوشانی دەزگای نەزاهەی عێراق کە لە ساڵی 2004 دامەزراوە دەست بە کارەکانی بکات، لەکاتێکدا بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بە بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەولەویاتی ئەجێندای سەرەکیان شەڕی بەرەنگاربوونەوەو لەبەینبردنی گەندەڵی کارگێڕی و داراییە لە کوردستان، بە دڵنیاییەوە ئەو جەنگەی حکومەت بە هاوکاری دەستەی نەزاهە دەیکات شەڕێکە لە شەڕی تیرۆر قورسترو گرانترە، چونکە هەر دەوڵەتێک بیەوێت ببێتە دەوڵەتی یاساو دیموکراتی، دەبێت یاسا تیایدا سەروەر بێت و تاکی کۆمەڵگە مافە سیاسی و مەدەنییەکانی پارێزراو بێت و هەموو ئازادییەکانی مەیسەر کرابێت و

کـۆمەڵگەش دادپەروەری و یەکسـانی کـۆمەڵایەتی تیـا فەراهەم بێت، دەوڵەتی موئەسەساتیش بەپێی قۆناغەکانی سەردەم دەبێت هەوڵ بـدات بـۆ پەرەپێـدانی ئـابووری وڵات، تـا ئەو وڵاتە دووچـاری گەنـدەڵی و دارِمـانی ئـابووری نەبێتەوە، کە دواجـار دەوڵەتێکـی نەخۆشـی لـێ نەیەتـەکـایەوە، لەبەرئەوەی هـیچ دەوڵەتێک بە بێ ئابوورییەکی گەشەکردوو و پتەو ناتوانێت ببێتە دەوڵەتێکی بەهێز، هەر لەژێر رۆشنایی ئەو بیرۆکەیەش یەکێتی ئەوروپا هەڵسا بە دروستکردنی (گریکۆ)، کە کۆمەڵە دەوڵەتێکن کـار دەکەن بـۆ دژایەتیکردنـی گەنـدەڵی لە سـەرتاپای دەوڵەتە ئەندامەکانیان، ئەگەرچی تا ئێستا وەک پێویست ئامانجی خۆیان نەپێکـاوە، بەڵام تەکانی باشیان هاوێشتووە لە بنەبرِکردنـی ئەو دیـاردەیە، عێـراقیش دوای پرِۆسـەی ئـازادی کـاری لەسـەر کـردووە، هەرچەنـدە تـا ئەمرِۆ ئاکـامی باشـی نەبـووە، تەنهـا لە میـدیاکان جاروبـار گەنـدەڵی هەنـدێ لایەن و کاربەدەسـتان رادەگەیەنێت، بەڵام هەماهەنگی باشیان نەبووە لەگەڵ دەسـەڵاتی دادوەری بـۆ بەسـزاگەیاندنی تاوانبـاران، ئەوەش بـۆ چەنـد هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی و قۆناغی شانۆی سیاسی ئەمرِۆی عێراق دەگەرِێتەوە، لەگەڵ ئەوانەشـدا نابێت دەسـتەی نەزاهەی کوردستان، دەستەوەستان بوەستێت، بە بیانووی جۆراجۆرەوە، بەڵکو دەبێت دەسەڵاتی تەواوی پێ بدرێت بە یەک چاو سـەیری هەموو لایەک بکات و دواجـار برِیاری خـۆی بدات بە هاوکـاری دەسـەڵاتی دادوەری لە هەرێمـی کوردسـتان، چـونکە ئەوکـات دەتوانرێت یاسا لەسەر هەموو تاکێک پەیرِەو بکرێت، گرینگترین

ئیش كە ئەو دەستەیە بیكات بۆ بەرەنگاربوونەوەو دژایەتیكردنی گەندەڵی، بە ڕێنماییكردن و ئامۆژگاری و بڵاوكردنەوەی سزاكان و هۆشیارییە، لە سەر ئاستە جیاجیاكانی هەرێم بەتایبەت میدیا، چونكە ستوونی سەرەكی كارەكانیان و سەرچاوەی بە شێک لە لێكۆڵینەوەكانیـــان لە شـــەفافبوونی میـــدیاوە دەســـت دەكەوێـــت، بەوەی بەپێـی یاسـا سـەرچاوەی زانیـاری پـارێزراو بێـت و ئەو دەستەیەش پشت بە زانیاری و دیكۆمێتی راستەقینە ببەستێت، ئەمەش وا دەكـــات هەنگاوێـــک لە كەمكـــردنەوەی گەنـــدەڵی بە شێوەیەكی گشتی برۆینە پێشەوە.

*لە 2011/3/11 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوبۆتەوە.

## بەرنامەی تواناسازی و پێدانی قەرزی خوێندن

پرۆسـەی نـاردنە دەرەوەی گەنجـانی کوردسـتان، ئەگەرچـی دەگەڕێـتەوە بـۆ سـاڵانی حەفتاکـان لە سـەردەمی ڕاگەیانـدنی بەیاننامەی یانزەی ئادار، بەڵام لە سەردەمی دوای ئازادی عێراق ئەو پرۆسەیە کاراتر بوو، هەرچەندە بەپێی پسپۆڕی دەگمەن و پێویسـتی زانکۆکـانی کوردسـتان سـاڵانە ژمـارەیەکی بەرچـاو دەچـوونەوە دەرەوە لە زانکـۆ جیهانییەکـان بـۆ تەواوکردنـی خوێندنی بـاڵا، بەڵام هەمـوو ئەوانە بەقەد بەرنـامەی تواناسـازی ڕەنگـدانەوەی نەبـووە، چـونکە لەسـەر ئاسـتێکی بـاڵا لە سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان و پەرلەمـان و ئەنجـوومەنی وەزیـران و وەزارەتـی خوێندنی باڵاو تـوێژینەوەی زانسـتی زۆر بـایەخی پـێ دراوەو سـاڵانەش لە بـودجەی گشـتی هەرێمـی کوردسـتان 120 ملیـار دینـاری بـۆ تەرخـان کـرا، بەرنـامەی تواناسـازی لەگەڵ ئەوەی ئامـانج لێـی وەبەرهێنـانی مرۆیـی و بەرزکـردنەوەی توانـای زانسـتی و ئەکـادیمی زانکۆکـانی کوردسـتان و دروسـتکردنی کـادیری بەتوانـایە بـۆ زانکـۆ تـازە دامەزراوەکـان و تێکەڵکردنـی کلتـووری ڕۆژئـاوا بە کلتـووری کوردستانی و وەرگرتنی ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتووەکان تا لە کوردسـتان بخـرێتە بـواری کـردەنییەوە، ئەوا هێشـتا بـێ کەموکوڕیش نییە، چونکە لە سێ ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئاستی گشت وەزارەتەکان سێ قۆناغ ڕاگەیەنراوەو ناوی 4218 کاندید دەرچووە لە ماستەرو دکتۆرا کە لە هەرسێ قۆناغدا 240 ملیار دینـار لەلایەن پەرلەمـان پەسـند کـراوە تـا حکـومەت بـۆ

خەرجییەکانی ئەو کاندیدانەی خوێندنی باڵا خەرجی بکات، ئەمە جگە لەو کەسانەی مەرجی پێدانی مووچەی بنەڕەتی بەتەواوی دەیانگرێتەوەو هاوسەرەکانیان بە هاوڕێی لەگەڵ خۆیان دەبەن و دەرماڵەی هاوڕێیەتی یان مووچەی فەرمانبەریەتی وەردەگرێت، کە لە قۆناغی یەکەم 1594 کەس و قۆناغی دووەم 1032 کەس و قۆناغی سێیەم 1592کەسن، پێشبینی دەکرێت لە قۆناغی چوارەمیش زیاتر لە دوو هەزار کەس ناویان دەربچێت، بۆ ئەو دوو هەزار کەسەش ئەمساڵ 120 ملیار دینار تەرخان کراوەو بەیاسا لە پەرلەمان چەسپێنراوە، هەرچەندە وا ساڵیش تەواو بوو هێشتا ناوەکان رانەگەیەنراوەو ئەو بڕە پارەیە لە خەزینەی حکومەت دەخەوێت، بەڵام بەپێی لێدوانی وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کابینەی حەوتەمی حکومەتی کوردستان لە سێ قۆناغی رابردووی بەرنامەی تواناسازی 4351 کاندید وەرگیراون، لەوانەش 2200 کاندید سەفەریان کردووەو ئێستا لە کۆرسی زمان و ئەکادیمیدان، لەنێو ئەو ژمارەیەشدا 1474 کاندید بۆ ماستەر دەخوێنن و 727 کاندیدەکەی دیکەش بۆ دکتۆرا دەخوێنن، بەپێی روونکردنەوەکانی وەزیری خوێندنی باڵا لە هەر سێ قۆناغی رابردوودا تا ئێستا نزیکەی 50%ی کاندیدەکان سەفەریان نەکردووە کە دەکاتە 2151 کاندید لە کوردستان ماونەتەوە، کە ئاماژەی بە هۆکاری سەفەرنەکردنیانی نەکرد، تەرخانکردنی 240 ملیار دینارەکە بەپێی ئەو قسانە دەبێت ئێستا 120 ملیار دینار لە خەزێنەی حکومەت مابێتەوەو 120 ملیار دیناری

ئەمساڵیش کە دیسان لە خەزینە دەمێنێتەوە کە پارەیەکی زۆر دەکات، دەکرێت ئەو بڕە پارەیە سوودی لێ وەربگیرێت و لۆدی سەر حکومەتیش کەمتر بکرێتەوەو پارەکە بگەڕێتەوە بۆ حکومەتیش، ئەوە هەمان ئامانجی حکومەت دەپێکێت لە وەبەرهێنانی سەرمایەی مرۆیی و گەشەپێدانی زانستی و ئەکادیمی زانکۆکانی کوردستان، بەوەی ئەو بڕە پارەیەی دەیدات بە کەسێک لە کاندیدای بەرنامەی تواناسازی، ئەوا بیدات بە کەسێکی دیکە ئارەزووی خوێندنی هەیە لە دەرەوەی وڵات، بەڵام ئەو کەسە چانسی لە بەرنامەکە نەبووە، بەهۆی کەمی خاڵەکان و نەبوونی مەرجی نمرەی بەکالۆریۆس و هەندێ مەرجی دیکە کە لە کوردستان دەکرێتە لەمپەر لەبەردەم هێنانەدی خەونی گەنجە کەمدەرامەتەکانی کورستان، چونکە کەسانی دەوڵەمەندو سەرمایەدار ئەگەر سوود لە بەرنامە کەش وەرنەگرن ئەوا بە پارەی خۆیان دەخوێنن لە دەرەوە، بەڵام کەسانی کەمدەرامەت و هەژار ناتوانن ئەو خەونە بهێننەدی، بۆیە پێشنیار دەکەین قەرزی خوێندن بەو کەسانە بدرێت کە ئارەزووی خوێندنیان هەیە و پارەکەش بۆ حکومەت دواجار دەگەڕێتەوەو گرفتی کەمتریش روبەرووی حکومەت دەبێتەوە، دەکرێت ئەو قەرزەش لەسەر ئەو بڕە تەرخانکراوە بێت کە بۆ بەرنامەی تواناسازی دانراوەو لە خەزێنەی حکومەت ماوەتەوە، لەبەرئەوەی لە کۆی 4351 کاندیدا 2200 کاندیدا ئێستا دەخوێنن و پارەیان بۆ خەرج کراوە لە بڕی 360 ملیار دینارەکە، ئەگەر ئەو بڕە دابەشی گشت کاندیدەکانی هەرسێ

قۆنـاغ بكەیـت و بە تێكڕایـی بـۆ هەر قۆناغێـك 1450 كاندیـدا وەربگرێـت بـۆ هەریەكێـك لەوانە نـزیكەی 83 ملیـۆن دینـاری بەردەكەوێـت كە دەكـاتە نـزیكەی 7 دەفـتەر دۆلار، ئەوەی تـا ئێســتا لەبەر چــاو مــاوەتەوە كە لە پشــكی ئەو كاندیــدانەی سەفەریان نەكردووە نزیكەی 180 ملیار دینار دەمێنێتەوە، ئینجا ئێمە نالێین بۆ هەر كەسێك ئارەزووی خوێندنی هەیە لە دەرەوە بـڕی 7 دەفـتەر دۆلاری پـێ بـدرێت، بەڵكو دوو دەفـتەر دۆلاری زیـاتری پێنەدرێـت، پاشـان بیگەڕێنێـتەوە، ئەمەش بیرۆكەیەكـی باشە بۆئەوەی خەرجی بەكاربردنی حكومەتیش كەم بێتەوە.

**لە ژمارە** (4133) 2012/8/7 **لە رۆژنامەی** (**خەبات**) **بڵاوبۆتەوە.**

## بانکەکانی قەرز پێدان و پەرەسەندنی ئابووری کورستان

بوونی بانک بە هەموو جۆرەکانییەوە لە هەموو وڵاتیک دەبێتە هـۆی پەرەسـەندنی بـواری ئـابووری ئەو وڵاتە، ئەگەرچـی پەیدابوونی بانک لە دوای هاتنە کایەی پێشکەوتنە جیهانییەکان هاتۆتە ئاراوە، بۆ ئەم مەبەستەش بانک دامەزراوەیەکی ئابووری و ژمێریاری لەپێناو راییکردنی کاروبارە بازرگانییە ناوخۆیی و دەرەکییەکـان و کاروبـاری رۆژانەی حکـومەت و هاوڵاتیـان و فەرمانبەران و خەرجی داهاتەکانی حکومەت باشترین ئامراز بـووە کە ببێـتە جـێگەی دڵنیـایی خەڵـک. بایەخپێـدانیش بەم دامەزراوەیە کە بەشێکی گرنگی کەرتی ئابووریە گرنگیدانە بە ئـابووری وڵات،حکـومەتی کوردسـتان، یەکێـک لە رایەڵەکـانی گەشەپێدانی ئابووری هەرێمی بەستۆتەوە بوونی بانک بەهەموو جۆرەکانییەوە، بەدیدی ئێمەش بانکی قەرز پێدان یەکێک لەو هۆکارو رێگا ئەرێنیانەی دەبێتە هـۆی بووژانەوەی ئـابووری هەرێـم و بەرزکـردنەوەی داهـاتی تـاک و خۆشـگوزەرانی هاوڵاتیـان، بەتـایبەت گـوزەرانی داهـات داریکراوەکـان، لەبەرئەوەی ئەوانەی داهاتیان کەمە و توانای کڕینی شمەک و خزمەتگوزاری نرخ بەرزیان نییە، دەتوانن لە بانکی قەرز پێدان بـڕە قەرزێـک وەربگـرن و مانگـانە یـان وەرزانە و سـاڵانە لە بەشێکی داریکراوەکەیان یا مووچەکەیان پاشەکەوت بکەن و بیدەنەوە بە بانکی قەرزپێدان بەم جۆرە بازاڕی فرۆشتن جوڵەی تیدا دەکەویت و ئاڵوێری دراو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگـوازرێتەوەو ئـابووری بەرەو گەشـەپیدان دەچێـت، ئەگەر

کەسیک فەرمانبەر بێت و توانای کڕینی ئۆتۆمبێلی نەبێت و لە بانکێکی قەرزپێدان بڕە پارەیەک قەرز بکات و ئوتۆمبیلەکە بکڕێت هەروەها سەدان کەسی دیکەی وەک ئەمیش ئەوە بازاڕی ئۆتۆمبێل جوڵەی تیا دەکەوێت و حکومەتیش لە ڕێگای ئەو باجەی لە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل وەریدەگرێت، داهاتی زیاد دەبیت، هەروەها لە کڕینی پێداویستییەکانی ئۆتۆمبێل و بەنزین و شتی دیکەش بە هەمان شێوە. لەلایەکی دیکە گەنجێک تازە خێزان پێکدەهێنێت و خانوویەک بەهۆی قەرزوەرگرتن لە بانکی قەرزپێدانەوە دەستەبەر دەکات، ئەویش جوڵەیەکی دیکە دەخاتە بازاڕ و پەرەسەندنی ئابووری هەرێم، هەم حکومەت باج وەردەگریت و هەمیش کەسانی دیکە بەهۆیەوە سوودمەند دەبن، ئەمە جگە لەوەی کەسانێک هەنە دەیانەوێت بەشداری بکەن لە پڕۆسەی بونیادنانەوەو گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی پڕۆسەی وەبەرهێناندا دێن پارە قەرز دەکەن بۆ پڕۆژەی بەرهەمداری بچووک، دواجار بەپێی کات پڕۆژەکەیان گەورەتر دەبێت و بازاڕی کوردستان چالاک دەکەن و ئابووری پەرە پێ دەدەن، ئەگەریش ئەو پڕۆژانە هاوکاری زیاتر بکرێت رەنگە لە ئاییندەدا بتوانن بەرهەمەکانیان بنێرنە بازاڕەکانی دەرەوەی هەرێمیش ئەوەش خاڵێکی دیکەی ئەرێنی بانکی قەرزپێدانە کە ڕۆڵی هەیە لە بەرزکردنەوەی داهاتی تاک و دامەزراوە ئابوورییە بەرهەمهێنەرو خزمەتگوزارییەکاندا چ لە ئاستی کەرتی گشتی و چ لەسەر ئاستی کەرتی تایبەت.

***لە ساڵی 2011 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە**

# قەرزی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدانی کوردستان

یاسای قەرزکردنی نێودەوڵەتی بەناوی یاسای هێنانی پارە (راکێشانی مایە) لە رێگەی قەرزەوە بۆ هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکراوە، ئایا بۆ کوردستان دەستکەوتێکی گرنگە یان زیانی هەیە؟ ئایا ئەگەر قەبارەی قەرزەکە بە چ جۆرە دراوێک بێت لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان دایە، ئایا قەرزەکە بۆ چ بوارێک بەکاربهێنرێت باشترە؟ لە هەمووی ئەوانە گرنگتر ئەگەر قەرزەکە نەکرێت ئەلتەرناتیڤ چییە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە ئابوورییەی کوردستان تێیکەوتووە، چ بکرێت بۆئەوەی رووبەڕوی داڕووخان و داتەپینی ئابووری نەبێت؟.

دوو جۆر مەبەستی سەرەکی قەرزکردنی نێودەوڵەتی هەیە یەکیان قەرز بە مەبەستی وەبەرهێنانە: ئەم جۆرە قەرزەش دەکرێت بە دوو جۆرەوە. جۆری یەکەم بۆ وەبەرهێنانە لە ژێرخانی ئابووریدا وەکو دروستکردنی رێگەوبان و بەنداوو و وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەو...هتد. وا دیارە ئەو قەرزەی کە جۆری دووەم قەرزکردنی حکومەت بۆ مەبەستی خەرجکردنە: بۆ نموونە رەنگە دەوڵەت بەهەر هۆیەکەوە بێت، تووشی قەیرانی دارایی بووبێت و داهاتی لە تێکڕای خەرجی کەمتر بێت، بۆیە پەنا دەبات بۆ قەرزکردن و مەبەستی سەرەکیش خۆلادانە لە سەرهەڵدانی ناڕەزایی کۆمەڵایەتی نەخوازراو. لە لایەکیترەوە رەنگە وڵاتێک قەرز بکات بۆ راستکردنەوەی کورتهێنانی هاوکێشەی پێدانی بازرگانی. ئەمەش لە بارێکدا پێویست دەکات

کە هاوردەی وڵات لە هەناردەی زیاتر بێت. مەرج نییە هەر ئەو لاسەنگی هاوکێشەیە دروست بوو، وڵات پێویست بکات قەرز بۆ راستکردنەوەی بکات. قەرز بۆ ئەم مەبەستە پێویست دەکات کاتێک دراوی وڵات بەپێی پێوەرێکی تایبەتی، نەک یاساکانی بازاڕی ئازاد، دیاری کرابێت.سەرچاوەکانی قەرزکردنی بەمشێوەیە چەندین جۆر لەوانە سەرچاوە ناوخۆییەکان: حکومەتەکان دەتوانن لە دانیشتووانی وڵاتەکانی خۆیان (هاوڵاتی و کۆمپانیاکان) قەرز بکەن. زۆربەی جار وڵاتان سەنەدی قەرزکردن دەردەکەن و لە بازاڕدا بە هاوڵاتیان و کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی خۆیانی دەفرۆشن. باشی ئەم جۆرە قەرزکردنە ئەوەیە کە قەرزەکە بە دراوی ناوخۆ دەدرێتەوەو پێویستی بە دراوی بێگانە نییە، بۆیە قورسایی ناخاتە سەر داهاتی هەناردەکردنی وڵات، ئەم شێوە قەرزە دانیشتووانی وڵات فێری پاشەکەوتکردن دەکات، لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی کەرتی دارایی و بانکی وڵات بەوەی هاوڵاتیان پاشەکەوتەکانیان لە بازاڕی داراییدا بەکار دەهێنن، هەروەها سەرچاوە دەرەکییەکان: وەک:

تاکلایەنەکان: ئەم سەرچاوە بانکە ناوەندییەکانی وڵاتانی بێگانە دەگرێتەوە، واتە حکومەتەکانی وڵاتان بە شێوەی راستەوخۆ لە رێگەی بانکە ناوەندییەکانیانەوە قەرز دەدەن بە وڵاتانی بەناو دۆستی خۆیان.

فرەلایەنەکان: نموونەی ئەم لایەنانە بانکی جیهان و سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی و پرۆگرامی گەشەکردنی

نەتەوەیەکگرتووەکـــــان و بـــــانکە ناوچەییەکـــــانە. قەرز لەم سەرچاوانەوە بە مەرجی ئابووری و دارایی دەدرێت. زۆربەی جار ئەو مەرجانە یەکسانن بە راستەوخۆ دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتی قەرزکەردا.
سەرچاوە بازرگانییەکان: ئەم سەرچاوەیە بانک و کۆمپانیا بازرگانیەکان دەگرێتەوە. بەپێچەوانەی سەرچاوەکانی دیکەوە، نرخی سوودی قەرز لەم سەرچاوانە بەپێی بازاڕ دیاری دەکرێت. لە هەمان کاتدا ئەم قەرزانە ماوەی بەخشینیان نییە و هیچ بەشێکیان بە کۆمەکی ئابووری هەژمار ناکرێن. بارودۆخی دارایی و وەبەرهێنانی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان بە شێوەیەکە ئەگەری ئامادەبوونی ئەو بانکانە بۆ پێدانی قەرز بە وڵاتانی وەک هەرێمی کوردستان زۆر لەئارادا ببێت. ئەم بابەتەش لەکاتێکدا دەورووژێنرێت کە بە گشتی لێکچوانێکی زۆر نزیک هەیە لە نێوان بارودۆخی ئابووری و دارایی جیهانی ئێستاو ئەو بارودۆخەی کۆتایی هەفتاکانی سەدەی رابوردوو کە بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی قەرزی وڵاتە گەشەکەرەکان. لێکچووانەکەش هەیە واتە ماوەیەکی درێژە کە نرخی نەوت زۆر بەرزەو وڵاتانی هەناردەی نەوت بەتایبەت وڵاتانی کەنداوو سعودیە سامانێکی دارایی زۆریان لا کۆبۆتەوە توانای خەرجکردنیان نییە. بەو هۆیەوە، زۆربەی سامانە داراییەکانیان لە بانکە بازرگانێکانی ئەوروپاو ئەمریکادا دانراون. بە واتایەکی دیکە، پارەیەکی زۆر لەبەردەستی بانکەکاندا هەیە کە دەیانەوێت بە قەرزی بدەن، هەروەها وڵاتانی گەشەکردوو لە ساڵی 2008

ەوە دووچـــاری قەیرانێکـــی ئـــابووری و دارایـــی زۆر قـــووڵ بوونەتەوە کە تا ئێستاش بەردەوامە. ئەو قەیرانەش وایکردووە بـــواری وەبەرهێنـــانی ئەو پـــارەیەی لای بـــانکە بازرگانێکـــان ماوەتەوە زۆر کەم بێتەوە. بۆیە تاکە جۆرە وڵاتێک کە مابێتەوە بـۆ قەرزوەرگـرتن و قەرزپێـدان وڵاتـانی گەشـەنەکردووی وەک کوردستانن. ڕێژەی سوود لە چەشنی کۆتاییەکانی هەفتاکان و سەرەتاکانی هەشتاکانی سەدەی رابوردوودا زۆر نزمە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی گەشەنەکردوو فریو بخۆن و وابزانن قەرزدانەوە زۆر ئاسان دەبێت و لە پاشـەڕۆژدا کەم لەسـەریان دەکەوێت. هەروەها لە چەشنی وڵاتە گەشەکەرەکانی هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشوو، حکومەتی کوردستان بە قەیرانێکی ئـــابووری و داراییـــدا تێـــپەڕ دەبێـــت. بەشـــێکی ئەم قەیـــرانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاگرتنی بەشـە بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی بەغداوە، بەڵام بەشێکی گرنگی دەگەڕێتەوە بۆ خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری کوردستان و خەرجی حکومەت، بۆیە حکومەتی کوردستان لە شـەڕێکی دەستەویەخەی مان و نەماندایە و ئێستا لە کاتێکی زۆر لێبڕاویدا سەرچاوە داراییەکانی لێ وشک کراوە.

هـــیچ یەکێـــک لە یاســـاو ڕێســـاکان و سیســـتمە ئـــابوورییە جیهانییەکـان لە کەموکـوڕی بەدەر نـین، لە سیسـتمی ئـابووری پۆسـت سـەرمایەدارییەوە بیگـرە تـا دەگـاتە سیسـتمی ئـابووری ئیسـلامی، لە هەمـووی گرنگتـر ئەوەی ئایـا هەرێمـی کوردسـتان پەیڕەوی چ سیستمێکی ئابووری دەکات، کە وادیارە بە کردارو

بە رووکەش دیەوێت پەیڕەوی سیستمی سەرمایەداری ئابووری بازاڕ بکات کە شوێنکەوتەی وڵاتانی ئەوروپاو رۆژئاوایە، کە رەنگە لە پەیڕەوکردنی ئەو سیستمە وەک خۆی یان گونجاندنی لەگەڵ واقیعی کوردستان و عێراق روبەڕووی رەخنە بێت، وەلێ جگە لە پەیڕەوکردنی ئەو سیستمە ئەلتەرناتیڤی دیکەی نییە، بۆیە پەیڕەوکردنی سیستمێک هاوشێوەی جیهانی و گونجاندنی لەگەڵ دۆخی ئابووری کوردستان شتێکی باشە، ئەوەش بێ ئاستەنگ نابێت لەسەر ئاستی جەماوەری و دەرەکی دا، لەو روانگەشەوە ناکرێت تۆ زەمینەسازی بکەیت بۆ پەیڕەوکردنی سیستمێکی ئابووری جیهانی لە شێوەی ئابووری بازاڕ، کەچی لە بابەتی قەرزکردنی نێودەوڵەوتی پەیڕەوی سیستمی ئابووری ئیسلامی بکەیت کە جگە لە هەندێ بانکی وڵاتانی عەرەبی تەنها بە رووالەت هیچ وڵاتی دیکە جێبەجێی ناکەن، لەسەر بنەمای ئەو فەلسەفەیەدا هەرێمی کوردستان دەبێت لە دەرکردنی یاساکان و جێبەجێکردنیشیدا خۆی یەکلایی بکاتەوە ئایا دەوڵەتێکی بە ناوی ئایینی دەبێت هاوشێوەی ئێران و سعودیەو ئەفغانستان...هتد، یان دەوڵەتێکی عەلمانی لە بۆتەی کوردایەتیدا کە سوود لە بنەماکانی سیکۆلارو ئایین وەربگرێت، بۆئەوەی دەوڵەتێک بێت هەموو سیستمە سیاسی و ئابوورییەکان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی خۆی بەکاربهێت، ئەگەر ئەو رێچکەیەی گرت، دەبێت هەموو رێگەیەک بەکاربهێنێت، هەموو سیستمێک تاقی بکاتەوە لەپێناو گەشەپێدانی ژێرخان و سەرخانی ئابووری کوردستان، واتە لە هەموو دەرگاکان بدات، بۆئەوەی یەکێک لەو دەرگایانە

کەڵکی بۆ کوردستان هەبێت، یەکێک لەو دەرگایانەی کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئابووری کوردستان و دەربازبوون لەو قەیرانە ئابووری و سیاسییەی تێکەوتووە، قەرزکردنی نێودەوڵەتی، یان هێنانی سەرمایەی بیانییە بۆ کوردستان، لەپێناو بوژانەوەو پێشخستنی کەرتە ئابوورییەکان و وەبەرهێنان لە پرۆسەی ئابووریدا، کە ئێستا کەوتووینەتە گۆمێکی چەقبەستوو، هەموو دەرگاکان داخراون، جگە لە دەرگای قەرزکردنی دەرەکی، مەبەستمان قەرزکردنەکە بۆ کاتێکی سنووردار بۆ وەبەرهێنان و هاوشان لەگەڵیدا بۆ خەرجکردن، واتە تەنها بۆ مووچەی کارمەندان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکان نا، چونکە ئەگەر ئەو دیاردەیە درێژەی بکێشێت کە لە پەرلەمانیشدا بەیاسایی کراوە، ئەوا مەترسییەکی گەورەی هەیە. بۆ هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ کە تا ئێستا لەسەر ئاستی ناوخۆشدا کێشەی بۆ دروست دەکرێت، دەستکەوتێکی گرنگ نییە، کە وڵاتێک یان کۆمپانیایە متمانەی بە هەرێمی کوردستان هەبێت قەرزی پێ بدات بە بێ سوود یان بە سوودەیەکی کەم؟ لەو دۆخەدا دەبێت بڵێین بەڵێ، هەمووان پاڵپشتی بکەین، چونکە ئەو کاودانەی تێیکەوتوین ئەگەر بمانەوێت لێی دەربازبین ئەوە رێگە راستەکەیە، واتە ئەگەرچی زیانی خۆشی هەیە و ئاییندەیەکی رۆشنی نییە، بەڵام دەبێت حکومەت کاتێک قەرزەکە دەکات دەبێت شیکردنەوەی بۆ هەموو دۆخێک کردبێت، بەجۆرێک دەبێت پرسی بە شارەزایانی ئابووری کردبێت لە وەها قەرزێکدا، بە واتایەکی دیکە دەبێت بزانێت قەرز لە چ وڵات و کۆمپانیاو بانێک دەکات و ئەگەر

دانەوەی چـۆن دەبێـت، بە چ ڕێـگەیەک دەبێـت، ئایـا لە درەنـگ دانەوەی یـــــان لە ئەگەری نەتــــوانینی حکــــومەت بە ئەرکە داراییەکانی بۆ بانکە قەرز لێوەرگیراوەکە چ باجێکی سیاسی و ئابووری دەکەوێتە سەر؟ ئایا مەبەست و سەرچاوەو جۆرەکانی قەرزکردنەکە چییە؟ ئەگەر قەرزەکە بەمەبەستی وەبەرهێنان بێت لە ژێرخانی ئابووریدا وەکو دروستکردنی ڕێگەوبان و بەنداو بەرهەمهێنانی وزەو سامانە سروشتییەکان و گەشەپێدانی کەرتە ئابوورییەکانی لە شێوەی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری ...هتد. ئەگەر قەرزکردنەکە بۆ مەبەستی خەرجکردن حکومەتی کوردســـــتان لە ئێســـــتادا ڕووبەڕوی قەیرانــــی دارایــــی بۆتەوە.قەرزکردنی نێودەوڵەتی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە پاڵپشــتی یاســای قەرزکردنــی نێـودەوڵەتی لەلایەن پەرلەمــانی کوردســتان پەسـند کـراوە، لەو کـاتەدا کە کوردســتان لەبەردەم جەنگێکی نەخوازراوی تیرۆردایە، لەگەڵ هەموو کەموکوڕی و زیانەکانی، ئەوا باشترین میکانیزمە بۆ ڕاکێشانی بانکە بەناوبانگە جیهانییەکـان و بەرژەوەنـدی وڵاتـان بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، ئەگەر ئەو قەرزکـردنەش ڕاکێشـانی سـەرمایەی بیـانی بێـت لە ڕێـــگەی کەرتـــی بـــانکییەوە، بـــۆ گەشـــەپێدانی ئـــابووری و ڕزگـــارکردنی هاوڵاتیـــان و بـــازاڕی کوردســـتان لەنێـــو ئەو کەشتییەی کە خەریکە نقوبێت، کارێکی ئەقڵانییەوەو ئایندەیەکی باشی دەبێت، چونکە ئەگەر ئەو میکانیزمە نەگرێتەبەر هەرێمی کوردســـتان ڕوبەڕووی قەیرانێکـــی هێنـــدە گەورەی ئـــابووری دەبێتەوە کە هەموو کەرتە ئابوورییەکان بەتایبەت کەرتی زەوی

و خـــانووبەرەو.... هتــد بەرەو داڕوخـــان دەڕوات و دیـــاردەی هەڵاوسـانی ئـابووری سـەرهەڵدەدات لە منداڵـدانی ئەو قەیـرانە ئابوورییەدا کە دیسان هەرێمی کوردستان سووڕی ئابووری لە شـێوەی سـاڵانی 1994-1995 دەبێـت، ئەوکـاتەش زەمەنێکـی زۆری دەوێت بۆ چارەسەرکردن و قوربانی زۆریشی دەوێت.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە، بە چ دراوێک قەرز بکرێت کە بڕەکەی پێنج ملیـار دۆلارە؟ هەرچەنـدە لە یاسـاکە هـاتووە کە جگە لە دۆلار لێژنە سێ کەسیەکەی ئەنجومەنی وەزیران دەتوانن هەر جۆرە دراوێکیتـر بە قەرز وەربگـرن بە مەرجێـک بەهـاکەی لە 5 ملیـار دۆلار زیاتر نەبێت بەپێی نرخەکەی لەو ڕۆژەدا، تەنانەت دەتوانن ئەو قەرزە لە کـاغەزی دارایـی بـازاڕە نـاوخۆیی و دەرەکییەکـان وەربگرن، ئەگەر قەرزەکە بە دۆلار بێت کاریگەری لەسەر ژیـانی خەڵـک و بـازاڕ دەکـات، چـونکە ئێسـتا ڕۆژ بە ڕۆژ بەهـای دۆلار لەبەرامبەر بەهای دیناری عێراقی لە هەڵشکان و داکشاندایە و لە هەردوو دۆخ دا زیـان بە داهـات سـنووردارەکان دەگەیەنێـت لە شـێوەی مووچەخـۆرانی حکومەت و کەرتـی تـایبەت، ئەوەش وا دەکـات لە ئەگەری بەرزبـوونەوەی کێرڤـی بەهـای دۆلار ئاسـتی گشــتی نرخــی کــاڵاو کەرەســتەکان بەرز بێــتەوەو لە ئەگەری نزمبوونەوەشـــدا لە هەرێمـــی کوردســـتان نـــرخ وەک خـــۆی دەمێنێتەوە، بۆیە ئەگەر قەرزە پێنج ملیار دۆلارییەکەی بە دۆلار بێت، ئەوە وا دەکات بڕێکی زۆری دۆلار بێتە بازاڕو لە بەرامبەر دینار بەهای نزم بێتەوە.

***لە ژمارە (4826)ی ڕۆژنامەی (خەبات) لە 2015/6/18 بڵاوبۆتەوە.**

## قەرزی خوێندن لە کارنامەی کاندیدانی پەرلەمان تێری

لە هەموو بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتــایبەت هەرێمــی کوردســتان زۆریــنەی دروشــمەکان و ئەو کارنامەی دایدەڕێژن و بە خەڵکی دەفرۆشنەوە ناخرێنە بواری کردنییەوە، بەجۆرێک کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بە دروشم دەنگدەر هەڵدەخەڵەتێنرێت بە بەرنامەی جۆراوجۆر دواتر لەناو پەرلەمان کاتێک دەبێتە پڕۆژە یاسا ناهێڵن ببێتە یاساو دژی دەوەســــتنەوە، دوور نەڕۆیـــن بەشـــێکی زۆری کاندیـــدی پەرلەمانتێری باس لە ژینگە پارێزی و دروستکردنی باخچەو پارکی هاوچەرخ دەکەن ئەگەر خەڵک متمانەیان پێ بدات بچنە پەرلەمانی کوردستان بە چاوتروکانێک سەرتاپای کوردستان سەوز دەکەن، کەچی لە کاتی بانگەشەکەدا پێشێلی ژینگە دەکەن، بە هەڵواسینی پۆستەرەکانیان بەشێوەیەکی ناشارستانی و دارو دیواری هەموو کوچەو کۆلان و دەزگاکانی حکومەتیش پیس دەکەن، شەوانە تا درەنگانی شەو شەقامە سەرەکییەکان دەگرن، پاشماوەی تێدا فڕێ دەدەن، ژاوەژاوی دەنگی بەرز لە کۆلانەکان دروست دەکەن، شەڕ دەکەن و خەڵک بریندار دەبێت، درەختی شەقامە سەرەکییەکان بەهۆی لافیتەکانیانەوە دەشکێنرێت...هتد.

لە هەمووی سەمەرەتر بانگەشەی بەرنامەکانیانە لەلایەن هەندێ لیستەکانەوە کە لە زاری کاندیدەکانیانەوە باس دەکرێت و زۆر بە دەنگی بەرزو بە جدییەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، ئەویش پێــدانی قەرزی خوێنــدنە بەو قوتابیــانەی دەیانەوێــت بــۆ تەواوکردنی خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆرا بچنە

دەرەوەی کوردســـتان بخـــوێنن، واتە هەر کەســـێک بیەوێـــت بخوێنێـــت دەتوانێـــت لە حکـــومەت قەرز وەربگرێـــت و دوای تەواوبوونی لە خوێندن ئەو قەرزە بداتەوە بە حکومەت، کە ئەمە بارگرانی لەسەر بودجەی گشتی حکومەت کەمتر دەکاتەوە، وەک ئەوەی لە رابردوودا ساڵانە زیاتر لە 120 ملیار دینار تەنها بە ئاشکرا جگە لە نهێنی بۆ پرۆژەی بەناو تواناسازی خەرج دەکرا، واتە ئەو بـڕە بـودجە زەبەلاحەی تواناســازی دەگەڕێـتەوە بـۆ حکـومەت و دەتوانرێـت لە پـڕۆژەی دیـکەی خزمەتگـوزاری و وەبەرهێنـان لە شـارۆچکە و گونـدە دوورە دەسـتەکان خەرجـی بکـات، کەچـی سـەیرو سـەمەرەکە لەوەدایە کـاتێ ئەو پـڕۆژەیە لەلایەن خەڵـــکەوە پێشـــکەش پەرلەکـــان دەکرێـــت ئەوا دژی دەوەستنەوە. بیرم دێت ژمارەیەک هاوڕێم کە بڕوانامەی زانستە سیاسییەکانیان هەیە پڕۆژەی قەرزی خوێندنیاندایە پەرلەمان کە پڕۆژەیەکـی زۆر بەسـوودە بـۆ حکـومەت و گەنجـان هەیە، هەر لەســەرەتاوە هەنـدێ پەرلەمـــانتێری ســـەر بە هەردوو پـــارتی فەرمانڕەوا دژی وەستانەوە، کەچی لە بانگەشـەکانی هەڵبژاردنـدا کاندیدەکانی ئەو حیزبە کردبویانە دروشمی بریقەدار.

***لە 2013/9/6 لە هەفتەنامەی (بانگ) بڵاوبۆتەوە.**

## ڕکابەری کۆمپانیاکان لە نێوان نرخ و کوالێتیدا

ساڵانە ژمارەی کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەی بوارە جۆراوجۆرەکانی کارکردندا ژمارەیان روو لە هەڵکشان دەکات، بە هەزاران کۆمپانیا لە کوردستان تۆمار کراون، هەریەک لەوانە بە ئامانجی جیاواز دامەزراوە، بەشێکیش لەوانە جگە لە ئامانجە سەرەکییەکەی قازانجی مادی ئەوا خزمەت دەکەن بە بازاڕی کوردستان و لایەنە هەمەچەشنەکانی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی، جا کارکردنیان و بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانە وایکردووە بەشێکیان لە یەک بواری هاوشێوە کار بکەن لە بازاڕدا، بەمەش ناچارن کێبڕکێی یەکتر بکەن بۆئەوەی رەواجی کارو بەرهەمەکانیان لە بازاڕ برەو پێ بدەن، ئەگینا مایەپووچ دەبن و کۆمپانیاکەیان هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەرچی بازاڕی کوردستان بازاڕێکی رکابەری تەواو نییە، بەڵکو زۆرتر لە بازاڕی کێبڕکێی قۆرخکارییەوە نزیکە، ئەمەش وایکردووە هەندێک لەو کۆمپانیاکان رکابەریان نەبێت لە فرۆشتنی بەرهەمەکانیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە نرخی بەرزو بە کوالێتی خراپ وئاست نزم، بەکاربەرو هاوڵاتی هەرێمی کوردستانیش بەهۆی نەبوونی جێگرەوەی دیکە بە ناچاری دەیکڕێت، لەکاتێکدا دەکرێت حکومەت کاودانێک بڕەخسێنێت لە بازاڕی کوردستان بە دامەزراندنی کۆمپانیای دیکە و رێگەخۆشکردن بۆ سەرمایەداری دیکە تا بێنە بازاڕو

سەرمایەکانیان بخەنەگەڕ بۆ بەرژەوەندی گشتی و کێبڕکێ پەیدابێت لەسەر نرخ و کوالێتی خزمەتگوزاری و بەرهەمەکان.
ئێستا لە بازاڕی هەرێمی کوردستان کۆمپانیا بازرگانییەکان رکابەریان نییە لە هاوردەکردنی کالاو خزمەتگوزاری ئەو بەرهەمەی لە بازاڕ دەیفرۆشن، ئەگەر هەشبێت لەسەر ئاستێکی زۆر کەمە و کێبڕکێ لەسەر نرخ دەکەن، بەتایبەت ئەو کۆمپانیا بازرگانیانەی خواردەمەنی و کەرەستەو بەرهەمی بیانی هاوردە دەکەن، بۆئەوەی زۆرترین رێژە لە بازاڕەکان ساغ بکەنەوە دەچن خراپترین و نزمترین جۆری کالاو کەرەستە دەهێنن و بە کەمترین نرخ دەیفرۆشنەوە، هەندێجاریش بە نرخی بەرز دیفرۆشنەوە، بەشێکی دیکەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانیش کە کارگەکانیان لە کوردستانە کەرەستەی خاوی ماوەبەسەرچوو لە دەرەوەی هەرێم هاوردە دەکەن و لێرە دەیخەنە قوتو یان نایلۆن بە نرخی مارکەو کوالێتی باش دەرخواردی بەکاربەری دەدەن، بۆ نموونە کۆمپانیاکانی دروستکردنی سپیاتی وەک (ماست، پەنیر، قەیماغ) ژمارە هێندە زۆر بووە لە یەک کۆمپانیادا چەندین جۆری ماست بەرهەم دەهێنن کە هەمووی بەشیری قوتووی ئێکسپایەر دروست دەکرێت و کێبڕکێی بەرهەمی سپیاتی کۆمپانیای دیکەی پێدەکرێت بە نرخی کەمتر لە بازاڕ، یان بەرهەمی ئاوی تەماتەو ئاوی بوتڵ و برنج ...هتد. پێویستە حکومەت چاوێک بە کاری کۆمپانیا بازرگانییەکانی کوردستاندا بخشێنێتەوەو چاودێری بازرگانی توندوتۆڵتر بکات ولە دامەزراندنی کۆمپانیای بازرگانی و بەرهەمهێناندا مەرجی

توندوتۆڵتر دابنرێت و کەشێکی ئازادترو لەبار برەخسێنێت بۆ کێبرکێ لە بازاڕدا، بەو مانایەی نا هیچ بۆ بازاڕی ئازاد نەهێڵدرێتەوە، بەڵکو گرتنەبەری ئەو سیاسەتە بۆ بەرژەوەندی گشتی بێت، چونکە ئەوەی حکومەت رووبەڕووی قەیران و شڵەژان و لەرزین دەکات کاری بێسەروبەری کۆمپانیاکانی بازرگانی و مژینی خوێنی هاوڵاتیانی کوردستانە، ئەگەر ئەو گرفتە نەما جومگەکانی حکومەت پتەو راگیر دەبن، پێویستە کۆمپانیاکانیش خۆیان رکابەری لەسەر دیزاینی مارکەی بازرگانی و کوالێتی بەرهەم و کەرەستەکەکانیان بکەن، ئینجا کێبڕکێ لەسەر کەمترین نرخ بکەن لە بازاڕ تا زۆرترین فرۆشیان هەبێت زیاترین قازانج بکەن و لە کۆتایشدا کەڵکی گشتی بە کۆمەڵگە ببەخشن.

*** لە 2012/3/4 لە رۆژنامەی (بازاڕ) بڵاوبۆتەوە.**

## ڕەهەندی ئابووری مارکێتە مۆدێرنەکان

کــرانەوەی ســنوورەکانی عێــراق بە گشــتی و هەرێمــی کوردســتان بەتــایبەتی بە رووی وڵاتــان و، نەمــانی لەمــپەرە بازرگـانییە نێودەوڵەتییەکـان کە لە رابـردوودا بەهـۆی ئـابلۆقەی ئـابووری سـەر عێراق ئاسـتەنگی زۆر هەبـوو، هەروەهـا هـاتنی کۆمپانیا بیانییەکـان بـۆ کوردسـتان و ئاسـانکاری بـۆ پڕۆژەکـانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی لە سایەی ئەو ئارامی و ئاسایشـەی کە لە هەرێمی کوردسـتان هەیە، رێگەی خۆش کـرد بۆ دروسـتکردنی بازاڕی هاوچەرخ و مارکێت و مۆڵی بازرگـانی، ئەمەش لەلایەک وەک چاولێکەری لەنێوان بازرگانـان لە لاسـاییکردنەوەی وڵاتـان و کێبڕکــێ بــۆ بەدەســتهێنانی زۆرتــرین قــازنج لە رێــگەی سـەرمایەکی کەم بە خێراتـرین کـات، لەلایەکـی دیکە پێشـکەوتنە ئابوورییەکان و بەرزبوونەوەی رێژەی دانیشـتوان و زیـادبوونی خواســت لەســەر پێداویســتییە هەنوکەییەکــانی ژیــان وایکــرد ژمارەی مۆڵە زەبەلاحە هاوچەرخەکان و مینـی مارکێتەکانی نێو کـۆچەو کۆلانەکـانی شـار روو لە هەڵکشـان بـکەن، ئەمە وێـڕای ئەوە بــوونی بــازاڕە هاوچەرخەکــان بــۆتە ئەمــری واقیــع، لە کەمکردنەوەی قەرەباڵغی جەنجاڵییەکانی نێو بازاڕە گشتییەکان و ئاســانکاری بـۆ کارمەنـدانی حکـومەت لە دوای دەوامـی فەرمـی بتــوانن بــۆ کڕینــی پێداویســتیەکانی رۆژانەیــان لە کــاڵای خواردەمەنی و کەلوپەلی ناوماڵ و کەرەستەی دیکە روو بکەنە ئەو بازاڕانە.

ئەو بـــازاڕە هاوچەرخـــانە لەگەڵ ئەوەی جـــوانی بە شـــارەکان دەبەخشـێت و دیـاردەیەکی شارسـتانییە، بەڵام هـانی کـۆمەڵگە دەدات لە کـــۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێـــنەوە بەرەو کـــۆمەڵگەیەکی بەکاربەر بڕوات و بیر لە هەڵگرتنی بەشێک لە داهاتی مانگانەی نەکـاتەوە یـان بەشـێک لە داهـاتەکەی لە بـواری وەبەرهێنـان تەرخان نەکات، لەلایەکی دیکە وا دەکات داهاتی تاکی کوردی بە شێوەی دراوی قورس بچێتە دەرەوەی کوردستان بۆ بازاڕی وڵاتـان و سـەر ژمـارە حسـابی کۆمپانیـا بەرهەمهێنە زەبەلاحە سـاختەکارەکان، ئەو کۆمپانیایـانەی تەنهـا بەرهەمەکانیـان بە کوالێتی نزم و بە نرخی کەمتر بۆ بازاڕەکانی کوردستان بەرهەم دەهێـنن، واتە هانـدانی خەڵـک بە کڕینـی کەرەسـتەی ناومـاڵ و جوانکاری و جلوبەرگی دوایین مۆدێل و کاڵای خواردەمەنی زیاد لە پێویست. هەروەها ئەو بازاڕانە نەبوونەتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە نێو گەنجاندا، چونکە زۆربەی کارمەندەکانیان بیـانین و لە دەرەوە هێنـراون. ئەگەر سـەیری تـابلۆی بـازاڕو مۆڵەکانیش بکەین ناونیشـانی تابلۆکانیان بیانی و بوونەتەهۆی دواکەوتنی زمانی کوردی و  بە هێزکردنی زمانەکانی عەرەبی و تـورکی و فارسـی و ئینگلیـزی و کارمەنـدەکانیش بە زمـانی کـوردی قسـە نـاکەن، ئەوە نەکەن لە فرۆشـگەکان، بەڵکـو لە خواردنگەو هۆتێل و شوێنە گشتییەکانیش بە زمانی بێگانە قسە دەکرێت، ئەو مۆڵانە زۆر کەم بایەخ بە کاڵای بەرهەمی خۆماڵی کشتوکاڵی دەدەن، تا شوتی تورکی و سەوزەی سوری و ئێرانی و تەماتەو خەیاری وڵاتانی دەوروبەر هەبێت، بەرهەمی ناوخۆیی

نافرۆشن. ئەنفالکردن و تیرۆری مۆدێرنی ئابووری کوردستان و خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت و داهات نزمەکان بۆتە پیشەی هەمیشەییان، هەروەها هانی گەنجانی کوردستان دەدەن بۆ جلوبەرگی ستایلی ئەوروپی و تورکی ئێرانی و عەرەبی و پەراوێزخستنی جلوبەرگی خۆماڵ بۆ پەیداکردنی قازانج و فریوی کڕیار دەدەن بە ریکلام و پێنەدانی زانیاری تەواو بە بەکاربەر لە سەر کاڵاو کەرستەکانیان، فێڵکردن لە داشکاندنی فرۆشتنی کاڵاو کەلوپەکانیان، لە سەرووی هەموو ئەوانەوە سەدان پارچە زەوی نێو شارەکانیان بەناو وەبەرهێنان داگیرکردووە لەسەر حسابی خەڵکی شارەکان و پرۆژە ستراتیژییە وەبەرهێنەرەکان، ئەگەر لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆژە بازرگانییەکانیشەوە سەیر بکەین دەبینین دانیشتوانی گەڕەکەکان بێزارو هەراسان دەکەن تا دەگاتە کاتی کردنەوەی مۆڵەکان و فرۆشتنی کاڵانیان، بە دەنگی مۆلیدە بەرزەکانیان و شکاندنی شەقام و فڕێدانی پاشماوەی کاڵاکان و پیسکردنی گەڕەکان و جەنجاڵی دروستکردنی شەقامەکان راوەستانی ئۆتۆمبێل لەبەردەم ماڵی دراوسێیەکانیان، چونکە زۆربەی ئەو مۆڵانە گەراجی راوەستانی ئۆتۆمبێلیان نییە، ئەگەر هەشبێت دەبێت ئۆتۆمبێل بە کرێی رابگریت، هەروەها لەبەرئەوەی سپلیت و بەفرگرەی زۆریان هەیە گرفت بۆ کارەبای ماڵان دروست دەکەن و لەسەر خزمەتگوزاری گشتی کارەبای ماڵەکان زۆرترین رێژەی کارەبا دەبەن.

ئەوانەی باسـمان کـرد خـاڵی نەرێنـی ئەو مـۆڵانە بـوو، بەڵام دەکرێت ئامـاژە بە لایەنـی ئەرێنـی و سـوودی گشـتی خەڵکیش بـدەین، چـونکە بـوونەتە هـۆی جـوانکردنی شـارو نەهێشـتنی قەرەباڵغی ناو بازاڕی گشتی شارەکان و کەمکردنەوەی کات بۆ فەرمانبەرانی حکومەت بەتایبەت لە کاتی شەودا ئاسانکاری بۆ کڕیار دەکات، لەبەرئەوەی شەوانە بازاڕ لە بازاڕی گشتی نییە، هەروەها هەموو جۆرە کاڵاو کەرەستەیەک لەنێو مۆڵەکان دەست دەکەوێت بەبێ ماندوبوون و پێویست بەوە ناکات زۆر بگەڕێت بە دوای پێداویسـتییەکان، نـرخ لەسـەر هەمـوو کـاڵایەک نووسراوەو بە یەک جار بۆت هەژمار دەکرێت، لە رووی گەرمی و ساردییەوە باشترە لە فرۆشگەکانی بازاڕی گشتی کە زۆربەی کاڵاکانیـان لەبەردەم فرۆشـگەکە فـڕێ دەدەن لەبەر خـۆر بەبـێ ئەوەی رەچاوی تەندروستی بەکاربەر بکەن. لە ئێستادا زۆربەی خاوەن سـەرمایە و بازرگانـان لە هەڵـپەی دروسـتکردنی بـازاڕو مـۆڵی گەورەن لەنێـو شـارەکاندا بەتـایبەت لە هەولێـر، رۆژانە لەناکــاو دەبینیــت تەلاری مۆڵێــک بەرز بــۆتەوەو رێکلامــی هەرزانترین نرخ و باشترین کوالێتی ئەوروپیشی بۆ دەکات، کە تەماشـا دەکەیـت تەنهـا لە رۆژی کـردنەوە قەربـاڵغەو کڕیـار بە شومارەوە سەردانی دەکەن، بەڵام لە رۆژانی پاشـتر بـازاڕی کز دەبێـت و تەنهـا کڕیـاری بیـانی لە عەرەبـی خـوارووی عێـراق سەردانی دەکەن، ئەو خانەوادە عەرەبانەش هەندێکیان تەنها بۆ گەشت هاتوون بەشێکی زۆریشی خانوو و ئۆتۆمبێلیان کڕیوە و بـــوونەتە دانیشـــتوی کوردســـتان و رۆژانە ژمارەیـــان لە

هەڵکشـاندایە سـەردەمێک دێـت ئەوان لەنێـو کوردسـتان داوای حوکمی خوبەڕێوەبردن دەکەن.

کردنەوەی سـوپەرمارکێت و مـۆڵە زەبەلاحەکـان بەپێی پلانێکی زانستیانەی ئابووری بێت سەرکەوتنی زیاتر بەدەست دەهێنێت، لەوەی بەبێ بەرنامە و پلانی چەوت بکرێنەوە، هەرچەندە لە نێو زانسـتی ئابووریـدا داینەمـۆی جـوڵەی بـازاڕو هۆکـارێکن بـۆ چالاککردنی ئـابووری وڵات بەوەی دەتوانن کڕیار بۆ بەرهەمی کۆمپانیاکـان بدۆزنەوەو ببنە تەواوکەری گەشـەپێدانی ئـابووری، بەڵام ئەوەش بە خسـتنەڕوو فرۆشـتنی بەرهەمـی نـاوخۆیی دەکرێـت، نەک بەرهەمـی دەرەکـی، چـونکە کاتێـک بەکـاربەر بەرهەمـی خۆمـاڵی دەکڕێـت پـارەکەی دەگەڕێـتەوە بـازاڕی کوردسـتان و سـووڕ دەخـوات، ئەوەش بـازاڕ چـالاک دەکـات و گەشـە بە ئـابووری وڵات دەدات و داهـاتی تـاک بەرز دەکـاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو پارەیە ڕۆیشتە دەرەوە بە پێچەوانەوە ئـابووری بەرەو داکشـانەوە دەبـات و هەڵاوسـانی نـرخ دروسـت دەکـات و ڕێژەی بێکاری بەرز دەکاتەوەو هێڵی هەژاری بەرزتر دەبێتەوەو خـاوەن مـۆڵ و گەورە بازرگانەکـان لە بـازاڕ زیـانی گەورەیـان پێـدەکەوێت، بەمەش ڕەهەنـدی ئـابووری هەرێمـی کوردسـتان، ڕەهەندێکی لێڵ و مەترسیداری هەیە، باشـترە کەرتی تـایبەت بە هەماهەنگی حکومەت ڕێگە چارەی بۆ بدۆزنەوە، بەبێ جەدوای ئابووری هیچ پڕۆژەیەک یان مۆڵ و بازاڕی هاوچەرخ نەکەنەوە.

* **لە ژمارە** (19) 2011/9/25 **لە ڕۆژنامەی** (**بازاڕ**) **بڵاوکراوتەوە.**

## دیاردەی هەڵاوسان و لێکەوتە ئابوورییەکانی لەسەر کۆمەڵگە

هەڵاوسان وەک ئابووریناسی ئەمەریکی "فریدمان" دەڵێت: زیادەیەکی لە رادەبەدەری دەرکردنی نەختینەیە، یان زیادبوونی خواستی گشتییە، بە تێکڕای بەرزبوونەوەی رێژەی گەشەی خستنەڕووی راستەقینە لە کاڵاو خزمەتگوزاری لە رووی رووکەشییەوە جوڵەیەکی هەڵکشاوی بە دوای یەکە لە ئاستی گشتی نرخەکان، بە واتایەکی دیکە واتای بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخە، بەهۆی زیادبوونی قەبارەی خەرجی خواست بەراورد بە قەبارەی بەرهەمی خراوەڕوو. "کاردنێر ئاکلی" دەڵێت: هەڵاوسان بریتییە لە بەرزبوونەوەی بەردەوامی هەستپێکراو لە ئاستی گشتی نرخەکان.

بەرزبوونەوەی نرخ لە بۆنەکان لە ماوەیەکی کاتیدا پاشان بگەڕێتەوە ئاستی پێشووی، پێی ناوترێت هەڵاوسان.

بەرزبوونەوەی هەڵکشانی بەردەوامی ئاستی نرخە لە ئابووریدا لە ئاکامی نزمبوونەوەی بەهای پارە کە لە دوور رەگەزی سەرەکی بەدیار دەدەکەوێت:

1. بەرزبوونەوەی ئاستی گشتی نرخەکان.

2. بەرزبوونەوەی بەردەوام لە نرخەکان، واتە بەرزبوونەوەی تەنها یەک کاڵا ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو کاڵا سەرەکییەکان دەگرێتەوە، کە رێژەیەکی زۆر لە بودجەی بەکاربەر پێکدەهێنێت، هەرچەندە دیاریدەکی دینامیکییە مەترسییەکەی ئەوەیە بەردەوام بێت، جیاوازی ئەوەیە بۆ ماوەیەکی کاتی نرخ بەرز بێتەوە وەک لە تەنگژە سیاسییەکانی جەنگ و شۆڕش و قەیرانی جیهانی کە

دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ وەک نرخی سووتەمەنی و کرێ، کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمی پیشەسازی، بەڵام بەرزبوونەوەی نرخ بەپێی کات بەردەوام بێت. هەڵاوسانی نەختینەیی تەنها نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ، بەڵکو قەیرانی ئابووری جیهانی لەخۆدەگرێت کە دەبێتە هۆی بێکاری و قەیرانی نیشتەجێبوون و بەرزبوونەوەی نرخ و کرێی گواستنەوەو نزمبوونەوەی بەهای دراوی نیشتمانی لە بازاڕی دراوی جیهانی و راوەستانی گەشەکردن و ناجێگیری، لەلایەکی دیکە پێشبینیکردن بۆ بەرزبوونەوەی کاڵاو زەوی وا دەکات نرخ بەرز بێتەوەو خواست لەسەری زیاد بێت یان کەم بێتەوە، بۆنموونە لە ئێران پێشبینی دەکرا ئەمەریکا هێرشی بکاتە سەر، بەهای تومەن دابەزی و بەهای دۆلار بەرز بووەوە، چونکە هاوڵاتیان هەموو تومەنەکانیان خستە بازاڕەو دۆلاریان پێدەکڕی.

**تێکڕای هەڵاوسان**

ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەیە لە نرخی بەکاربەران بەراورد بە نرخەکانی ساڵی پێشتر. تێکڕای هەڵاوسان بەم شێوەیە پێوانە دەکرێت:

$$\text{ژمارەی پێوانەیی کۆکراوەی سادە} = \frac{\text{کۆی نرخەکانی ئەمساڵ} - \text{کۆی نرخەکانی ساڵی بنەڕەت}}{\text{کۆی نرخەکانی ساڵی بنەڕەت}} * 100$$

بەپێی خەملاندنی ساڵی 2011 تێکڕای هەڵاوسانی جیهانی 4.9٪ بەڵام وڵاتانی پێشکەوتوو 3٪، وڵاتانی پاشکەوتوو 6.3٪.

به گشتی هەڵاوسان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لەنێوان 0% بۆ 4%، بەڵام لە وڵاتانی پاشکەوتوو لەنێوان 5% بۆ 10%.

**جۆرەکانی هەڵاوسان**

1.هەڵاوسانی خشۆک: ئەو جۆرە بە زیادبوونێکی سادەی نرخ و پەسند لە بەرزبوونەوەی نرخ دادەنرێت، لە پلە بە پلەی بەرزبوونەوی نرخ دەست پێدەکات، کاتێک خواست زیاد دەبێت و بەرهەمی خراوەڕوو جێگیرە، ئەو جۆرە لە وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوو کە هۆکارەکانی بەرهەمهێنیان پێشکەوتووەو دەتوانن وەڵامی پێداویستییەکانی خواستی بەکاربەر بدەنەوە یان پڕبکەنەوە، بۆیە زۆر کاریگەری نییە بەراورد بە وڵاتانی دواکەتووی بەکاربەر، بۆیە خاوەن داهاتە سنووردارەکان ماوەیەک بە شێوازی جۆراجۆر بەرگری لە هەڵاوسان دەکەن، بە شێوەیەکی سروشتی بەرزبوونەوەی نرخ بە هێواشی ساڵانە 2%یە پاشان بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبێت و لەلایەن تاکەکانەوە پەسند کراوە، ئەو جۆرە لە ئابوورییە پیشەسازییەکان روودەدات تا ببێتە هۆی هاندانی گەشەپێدانی ئابووری، چونکە نزمبوونەوەی نرخ، ئابووری بەرەو دواوە دەبات.

2.هەڵاوسانی خێرا: بەوە دەناسرێت لە زیادبوونێکی بەردەوام و خێرادایە و دوو بەرامبەرە لە ئاستی نرخدا، تێکڕای هەڵاوسان لەو جۆرەدا دەگاتە 5% ساڵانە.

3.هەڵاوسانی شاراوە: لەم جۆرەدا نرخ بەرز نابێتەوە بەهۆی بوونی سیاسەت و ئاستەنگی حکومەت، کە رێگرە لە

بەرزبوونەوە، ئەو ئاستەنگە بزرە هانی بەرزبوونەوەیەکی زۆر بەرز بە خێراییەکی گەورە دەدات، لە ئەنجامدا دەستتێخستنی حکومەتی تێدەکەوێت بەهۆی چاودێری لەسەری بە دانانی نرخ یان بەهۆی سیستمی کۆبۆن کە سالانی 1980- 1988 لە عێراق هەبوو وەک ئۆرزدی. لەو ولاتانەدا روودەدات کە پلانی ناوەندی هەیە و سیاسەتی دەستخستنە چالاکییە ئابوورییەکان هەیە کە کاریگەریان لەسەر هێزی خواست و خستنەڕوو هەیە، ئەمە جگە لەوەی دەوڵەت سیاسەتی پاڵپشتی بۆ نرخ و دیاریکردنی نرخی ئالۆیری و بۆ سنووردان لە بەرزبوونەوەی تێچووی هەندێ رەگەزی بەرهەمهێنانی هاوردەکراو، لەلایەکی دیکە پاڵپشتی دەزگاکانی بەرهەمهێنان و کەمکردنەوەی رسومی گومرکی دەکات.

4.هەڵاوسانی سەرکێش: بە شێوەیەکی زۆر نرخ هەڵدەکشێت و تاک متمانەی بە بەکارهێنانی دراو نامێنێت وەک سەرچاوەیەکی بەها، بەرزبوونەوەکە بە دوای یەکە و ناوەستێت و کاریگەری کەمەرشکێنی بۆ سەر ئابووری هەیە، دەبێتە هۆی لاوازی توانای هێزی پارە بۆ کڕینی کالاو دراوی نیشتمانی دووچاری پووکانەوە دەبێت، لەو کاتەدا پارە زیاتر بۆ کەرتەکانی جامبازی و خانووبەرە بەکاردێت و پاشەکەوتی نەتەوەیی کەم دەبێتەوە، ئەوەش لە کاتی جەنگ و تەنگژە سیاسییەکان روودەدات وەک جەنگی عێراق – ئەمەریکاو، قەیرانی نێوان بەغداو هەولێر، یاخود لە ئەڵمانیا لە 1922-1923،هەنگاریا 1944-1945، شەڕی ناوخۆی کوردستان لە سالانی 1994-1995، مانگانە

نرخ بە ڕێژەی 50% بەرز دەبێتەوە. زیانی بۆ ئابووری هەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی پاشەکەوتی نەختینەیی بەهای لەدەست بدات، جوڵەیەکی بێ سنوور لە کرێ و نرخ ڕوودەدات، باشترین بژارە ئەوەیە حکــومەت دراوی تـــازە دەربکـــات و ئەوی دیـــکە ڕەت بکاتەوە.

5.هەڵاوســـانی خولـــدار: لە ئاکـــامی ڕوودانـــی گۆڕانکـــاری لە خستنەڕووی گشتی و خواستی گشتی ڕوودەدات کە پەیوەستە بە خولی ئابووری.

6.هەڵاوسـانی ئاشـکرا یـان کـراوە: لە ئەنجـامی بەرزبـوونەوەی بەردەوامـــی نـــرخ ڕوودەدات بەبـــێ ئەوەی حکــومەت دەســـتی تێبخـــات، ئەمەش لە ئاکـــامی زیـــادبوونی خواســـتە بەراورد بە گۆڕانکـــــاری بە ڕێژەیەکـــــی زۆر لە خســــــتنەڕووی کـــــاڵاو خزمەتگـــوزاری، بەمەش بەرزبـــوونەوەی کـــرێ و خەرجـــی بەرهەمهێنـــانی نەرم بە دوای خۆیـــدا دەهێنێـــت. پـــێچەوانەی هەڵاوسـانی شـاراوەیە، لەو جـۆرەدا بەردەوامـی بەرزبـوونەوەی نرخ ڕوودەدات لە ئەنجامی وەڵامگۆی زێدە خواست بەبێ دەست تێخستنی سروشتی لە لایەن حکومەتەوە.

7.هەڵاوســـانی وەســـتاو: کاتێـــک ڕێـــژەی هەڵاوســـان لە 10% بەرزتـر دەبێتەوە، وەک ئەوەی لە هیندسـتان لە سـاڵانی 1973-1974-1979 ڕوویدا، ڕێژەی نرخ بۆ 26% بەرز بووەوە.

8.هەڵاوسانی ئاسایی: لەم شێوەیەدا خواستی گشتی زیاد بێت و لەگەڵیدا تێکڕای بەرهەمهێنـان بەرز دەبێتەوەو کـاریگەری ناکـاتە سـەر بەرزبـوونەوەی نـرخ، بە زیـادبوونی ژمـارەی دانیشـتوان

پێداویستییەکانیان زیاد دەبێت، بەمەش حکومەت هەوڵ دەدات بۆ تەمویلی لایەنی خەرجی لە خەرجی گشتی، دراوی زیادە دەردەکات، ئەمەش نرخ بەرز دەکاتەوە.

9.هەڵاوسانی جوڵاو: سیستمی سەرمایەداری تەنگژەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگوازێتەوە.

10.هەڵاوسانی دیاردەی جوگرافی و سروشت: بەهۆی ڕوودانی دیاردەی جوگرافی و سروشتی دروست دەبێت و بەردەوامی نییە، وەک زەویلەرزە، تسۆنامی و لافاو...هتد.

11.هەڵاوسانی ڕاستەقینە: زیادە لە خواست و بەرهەمهێنان ڕوو نادات، بەڵکو لە ئەنجامی زیادبوونی خواست بەرامبەر زیادبوونی نرخ ڕوودات.

12.هەڵاوسانی کالا: لە کەرتەکانی پیشەسازی بەکاربردن ڕوودات، کە خەرجی بەرهەمهێنانی کالای وەبەرهێنان لەسەر پاشەکەوت زیاد دەبێت.

13.هەڵاوسانی سەرمایەداری: لە کەرتی پیشەسازی وەبەرهێنان ڕوودات بە زیادبوونی بەهای کالای وەبەرهێنان لە خەرجی بەرهەمهێنانیدا.

## تایبەتمەندی و مۆرکی هەڵاوسان

1.ئاکامی هۆکارە ئابوورییە جۆراجۆرەکان ڕوودەدات، کە لەنێوان خۆیاندا دژیەکن، هەڵاوسان دیاردەیەکی دژوارو فرە ڕەهەندە لە یەک کاتدا.

2.ئەنجامی ناهاوسەنگی پەیوەندی نرخە لە نێوان نرخی کالاو خزمەتگوزاری لەلایەک و لەلایەن نرخی رەگەزەکانی بەرهەمهێنان (ئاستی قازانج، کرێ، تێچووی بەرهەمهێن) لەلایەکی دیکە.

3.نزمبوونەوەی بەهای دراو بەرامبەر نرخی کالاو خزمەتگوزاری کە نزمبوونەوەی هێزی کڕینی ناودەنرێت، ناکرێت تەنها هەڵاوسان لە بەرزبوونەوەی نرخ کۆ بکەینەوە، بەڵکو بەشێکە لە قەیرانی ئابووری جیهانی هەنووکەیی، بە هەموو وڵاتێکدا تیپەڕ دەبێت، وەک هۆکاری بێکاری، قەیرانی نیشتەجێبوون و بەرزبوونەوەی کرێی گواستنەوە، نزمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی بەپیت و کارەسات و دزی و شەڕو نزمبوونەوەی نەختینەی ناوخۆیی لە بازاڕی دراو، راوەستانی گەشەکردن و خاوی، ناجێگیری و گەندەڵی ئەوانەش کۆمەڵگە بەرەو بەکاربردن دەبەن ئەمەش مانای وایە هەڵاوسانە.

**بیردۆزە ئابوورییەکان و هەڵاوسان**

أ.ئابووریناسە کلاسیکییەکان

ئابووریناسە کلاسیکییەکان هەڵاوسانی نەختینەیی بۆ بنەڕەتی دیاردەی نەختینەیی دەگەڕێنەوە، ئەمەش بە بەرزبوونەوەی تێکڕای خواست لە ئەنجامی زیادبوونی بڕی دراو لە ئابووری دادەنرێت، دوای ئەویش ئاستی گشتی نرخەکان بەرز دەبێتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی جێگیربوونی قەبارەی بەرهەمهێنان و خێرایی سووڕانەوەی دراو، بۆیە کە پارە زۆر بێت خواست زۆر دەبێت، بەمەش نرخ بەرز دەبێتەوە.

ب.قوتابخانەی سویدی

تەنها جەخت لەسەر دیاریکردنی پەیوەندی نێوان خواستی گشتی و و خستنەڕوی ناکاتەوە، بەڵکو وایدەبینێت ئەو پەیوەندییە تەنها ناوەستێتە سەر ئاستی داهات وەک روانگەی تیۆری کینزی بۆی دەچێت، بەڵکو دەوەستێتە سەر پەیوەندی نێوان پلانی وەبەرهێنان و پلانی پاشەکەوت. لەگەڵ بەردەوامبوونی هەڵاوسانی نەختینەیی و بوونی بەرزی تێکڕای بێکاری ئەوا دیاردەی هەڵاوسانی بازاڕی روودەدات، ئەگەر سەرمایەدارو خەڵک بە گشتی زیاتر روویان لە بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەو زەوی و سوپەرمارکێت کردو سەرمایەکانیان بۆ وەبەرهێنان نەخستەگەڕو بەشەکەی دیکەیان لە بانک پاشەکەوت نەکرد، ئەوا هەڵاوسان دروست دەبێت.

جـقوتابخانەی شیکاگۆ

دیاردەی هەڵاوسانی بێبازاڕی بۆ ئابووریناسانی ئەم قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە، لەسەرووی هەموویانەوە میلتۆن فریدمان، بۆ تیۆری بڕی نەختینەیی پێیانوابوو پەیوەندی لە ماوەی درێژی نێوان هەڵاوسان و بێکاری نییە، بەڵکو هەڵاوسان دیاردەیەکی نەختینەیی رووتە و دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی پارە بە بڕێکی زیاتر لە گەشەی بڕی بەرهەمهێنان، یان دەگڕێتەوە بۆ زیادبوونێکی روون لە ناوەندی نەسیبییەکەی بەرهەمهێنان لە بری پارەی ئاڵوێرکراو.

د.هاوڕاو جیاوازەکان: ئابووریناسانی هزری نەختینەیی دەڵێن، چارەکردنی دیاردەی هەڵاوسان لەمپەر لەبەردەم پرۆسەی

پەرەپێدان دروست دەکات، ئەمەش بە سیاسەتێکی نەختینەیی و دارایی زیرەکانە دەکرێت، تا ئامانجی هاوسەنگی لەنێوان بڕی پارەو قەبارەی بەرهەم لە ڕێگەی گۆڕینی بڕواپێدانی بانکی و هەڵمژینی زیادەی خواست بکرێت.

هـ-پەیکەرناسەکان

لەبەرامبەر ئاڕاستەی ئابووریناسە نەختینەییەکان کە جەختیان لەسەر لایەنی نەختینەیی کردبووە لە دیاردەی هەڵاوساندا، بەڵام ئاڕاستەیەکی دیکە هەیە هەڵاوسان بە دیاردەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دادەنێت و، دەیگەڕێنێتەوە بۆ ناهاوسەنگی پەیکەری لە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان، بەم ئابووریناسانەش دەوترێت ئاڕاستەی پەیکەرییەکان، "شۆلتز" یەکەم کەس بوو بایەخی شیکردنەوەی پەیکەری بۆ هەڵاوسان دیاری کرد، کە بوونی تێکچوونی پەیکەری روون کردەوە، کە لە ئەنجامی کورتهێنانی خستنەڕوو و لەگەڵ گۆڕانکاری لە خستنەڕوو بە لەبەرچاوگرتنی نەرمی دەزگاکانی بەرهەمهێنان، ئەوەشی زیاد کرد بۆ ئەو تێکچوونە بەهۆی بوونی بێکاری و نزیکبوونەوە لە ئاستی بەرکارخستنی باڵا نییە.

پەیکەرییەکان پێیانوابوو لە پشت زیادبوونی خواست، بەڕێوەبردنێکی نەختینەیی و دارایی خراپ هەیە لە حکومەت، کە چەندین ناهاوسەنگی دەگرێتەوە وەک سروشتی پەیکەری بۆ پسپۆڕی لە بەرهەمهێنانی کەرەستەی خاوی سەرەتایی، چەقبەستویی دامودەزگای دارایی حکومەت، نەرمی خستنەڕوی بەروبوومی خواردەمەنی، لەگەڵ سروشتی پڕۆسەی پەرەپێدان.

بـــۆیە ئابووریناســـە پەیکەرییەکـــان بە پێویســـتیان زانـــی ئەو ناهاوسـەنگییە پەیکەرییانە چارە بکرێن، بۆئەوی زاڵبن بەسـەر دیاردەی هەڵاوسـان، ئەو هەڵاوسـانە زیـاتر وڵاتـانی پاشکەوتوو تووشـــی دەبـــن، ئەمەش لە ئەنجـــامی پڕۆســـەی گەشـــەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دێتە کایەوە، کە گۆڕانکاری پەیکەری لە جوڵەی ئابووری نەتەوەیی روودەدات و، لەگەڵیدا گۆڕانکاری لە پەیـکەری خواسـت و خسـتنەڕوی گشـتی روودەدات، ئەمەش بە هۆی زیادە لە خواستە نەک زیادە لە تێچوون.

و.بیردۆزی کینزی

ئەو بیـــردۆزە گشـــتییەی بەگەڕخســـت تـــا هەمـــوو ئاســـتەکانی بەگەڕخستن چارە بکـات، وەک بێکـاری، هەڵاوسـان، کە پێیوابـوو هەمـوو هەڵـبەزو دابەزەکـان لە هەنـاوی خواسـتی گشـتی کـارا سەریهەڵداوە، چونکە کاتێک خواست لاواز بێت بێکـاری دروسـت دەبێت، بەڵام ئەگەر خواسـت زیـاد بێت ئەوا هەڵاوسـان دروسـت دەکات.

ز.هەڵاوســـان لە بیـــردۆزی چەنـــدەکی دراو:ئەو بیـــردۆزە لە ئەنجـامی ئەو هەوڵانە هـات بـۆ دیـاریکردنی پەیوەنـدی لەنێـوان چەندەکی پـارەی ئـاڵوێکراوو ئاسـتی گشـتی نـرخ، نـاوەڕۆکی ئەو بیـــردۆزە مانـــای گۆڕانکـــاری لە چەنـــدەکی پـــارە دەبێـــتە هـــۆی بەرزبوونەوەی نرخ بە هەمان رێژە، بۆیە هەڵاوسـان روودەدات ئەگەر چەنـدەکی پـارە زیـاتر بێـت بە تێکـڕای زیـاتر لە رێـژەی گەشەی بەرهەمی نەتەوەیی.

**هۆكارەكانی سەرهەڵدانی هەڵاوسان**

1.هەڵاوسانی نەختینەیی

زیـادبوونی بەهـای سـوودی نەختینەیـی و بەهـای بەرهەمـداری راسـتەقینەیە كە یەكـێكە لە هۆكـارە سـەرەكییەكان، وەک كینـز دەڵێ "گەشـەپێدانی ئـابووری لە دەوڵەت ئەو كـاتە روودەدات كە بەهـای سـوو نزیـک بێـتەوە لە سـفر". لێرەدا دراوی نەختینەیـی بەهای خۆی لەدەست دەدات.

2.هەڵاوسانی پاڵپێوەنراو بە تێچوون

زێدەبوونی بڕی پارە بەراورد بە بڕی كاڵاو خزمەتگوزارییەكـان زیـــادبوونی نرخـــی ســـووتەمەنی و كرێـــی كرێكـــار، واتە دروسـتبوونی ئەو جـۆرە هەڵاوسـانە بەهـۆی بەرزبـوونەوەی تێچـــوونی بەكـــاربردنە لە كۆمپانیـــا پیشەســـازی و ناپیشەسازییەكانە، وەک هاوبەشـی بەڕێوەبردنی كۆمپانیاكـان لە بەرزكردنەوەی موچە و كرێی كارمەندان، نەمـازە ئەو كەسـانەی لە شـوێنی بەرهەمهێنـان كـار دەكەن و داوای بەرزبـوونەوەی كرێ دەكەن.

3. هەڵاوسانی راكێشراو بە خواست: پشت بە یاسای خواست و خســتنەڕوو دەبەســتێت، بە زیــادبوونی قەبــارەی خواســتی نەختینەیـــی بەراورد بە خســـتنەڕووی جێگیـــر لە كـــاڵاو خزمەتگوزاری، بە بەرزبوونەوەی خواستی گشتی بەرهەمهێنـان زیاد نابێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ. لە حـاڵەتی بەگەڕخســتنی تەواو زیــادبوونی خواســتی كــارا لەگەڵیــدا خسـتنەڕوو زیـاد نابێـت، مـرونەی خسـتنەڕوو سـفرە، بەمەش

بەرزبـــوونەوەی لەناکـــاوی نـــرخ روودەدات، کەوایە لێـــرەدا هەڵاوسان بەهۆی بوونی زێدە لە خواست روودەدات کە توانـاو هێـزی بەرهەمهێنـان کەمتـرە، بە واتـایەکی دیـکە لە ئەنجـامی زیادبوونی خواست لە کاڵای بەکاربردن و کەمبوونی خستنەڕوو روودات، کە بۆشایی هەڵاوسان روودەدات.

4.هەڵاوسانی هاوردەکردن

زیـادبوونی نرخـی کـاڵاو خزمەتگـوزارییە دەرەکییەکـان بەتـایبەت لەو وڵاتـانەی پشـت بە بەرهەمـی بیـانی دەبەسـتن وەک هەرێمـی کوردستان.

5.هەڵاوسانی پەیکەربەندی

بەهۆی دروستبوونی لاسەنگی لە بـازاڕو قۆرخکردنی کۆمپانیـاو بازرگانە زەبەلاحەکان بەسـەر بەرهەمهێنـان و فرۆشـتن، ئەمەش لەو وڵاتانە زیاتر تەشـەنە سـەندووە کە سیسـتمی سـەرمایەداری پێڕۆ دەکەن.

6.چەماوەی فلیپس

پەیوەنـدییەکی پـێچەوانە لەنێـوان تێکـڕای هەڵاوسـان و تێکـڕای بێکـاری هەیە، "ئیدمۆنـد فلیـپس" مامۆسـتای ئـابووری لە زانکـۆی کۆلۆمبیـا، یەکـێکە لە ئابووریناســە بەناوبـانگە هاوچەرخەکـان، تیۆری تێکڕای سروشتی بێکاری دانا، پاش تـۆژینەوەی لەبـارەی بێکـاری و کرێـی نەختینەیـی لە بەریتانیـا، پەیوەنـدی پـێچەوانەی لەنێـوان بێکـاری و گـۆڕانکـاری لە کرێـی نەختینەیـی دۆزیـیەوە، لەگەڵ زیادبوونی بێکاری فشاری کرێکاران بۆ زیـادبوونی کـرێ کەمتر دەبێتەوە، کەوایە بەرزبوونەوەی بێکاری، لاوازی خواست

لەسەر کاڵا بە دوای خۆی دەهێنێت، لاوازی خواستیش ئاماژەیە بۆ لاوازی پەرەپێدانی ئابووری، بەڵام هەر کاتێک خواستی گشتی زیاد بێت کەوایە بەرهەمهێن کار دەکات بۆ زیادبوونی قەبارەی بەرهەمهێنان و رەگەزەکانی بەرهەمهێنان زیاتر بەگەڕدەخات و رێژەی بێکاری کەمتر دەبێتەوەو کرێی کرێکار بەرز دەبێتەوە، ئەوەش تێچوونی بەرهەمهێنان بەرز دەکاتەوەو بە دوای خۆیشیدا نرخی کاڵاو خزمەتگوزاری بەرز دەکاتەوە.

7.خەرجییەکان و زیادکردنی موچەی کارمەندانی دەوڵەت

لە سەرەتای دانانی سیستمی تازەی مووچە بەپێی هەردوو یاسای ژمارە 22 و 23 ساڵی 2008 کە هێندە نادادگەری و نایەکسانی تێدابوو، تا ئێستا شوێنەواری خراپی لەسەر ژیانی هاوڵاتیان و بازاڕ جێهێشتووەو چارەسەر ناکرێت و، بازاڕی عێراقی بەرەو هەڵتەکان بردو ئاستی گشتی نرخی لە بازاڕ بەرز کردەوە، بەجۆرێک هەڵاوسانی بە رێژەی زیاتر 200% بەرز کردەوە، ئەمەش ساڵ بە ساڵ دوو هێندە بەرزی دەکاتەوە، بەهۆی بەرزی موچەی پلە تایبەتەکانەوە کاریگەری تەنها لە مووچە نزمەکان کردووە لەگەڵ کەمداهات و هەژاران، ساڵانەش لە ئەنجامی بیرۆکەی نائابووریانە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵک، یان تەنها چینێک لە کارمەندانی حکومەت بە ناوی جیاوازە وەک دەرماڵەی ترسناکی و مەترسی ژیان دیسان کاریگەری لە بازاڕ کردووە، بۆنموونە لە ماوەی رابردوودا زیادکردنی موچەی هێزەکانی ناوخۆی کاریگەری نەرێنی لەسەر بازاڕ کردو ئاستی گشتی نرخی بەرز کردەوە.

8.بڵاوبوونەوەی دیاردەی کڕین و فرۆشتن و فەرامۆشکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان وەک ئەوەی ئێستا لە بواری کەرتی نیشتەجێکردن و زەوی زار لە کوردستان هەیە،هەرچەندە ماوەیەکە نرخەکەی تاڕادەیەک داکشاوە.

9.پێدانی قەرزی خانووبەرە.

10.بەگەڕخستنی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکان لە کەرتی گشتی و بڵاوبوونەوەی بێکاری شاراوە.

11.هەڵاوسانی بێبازاڕی: لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا وڵاتانی سەرمایەداری بەتایبەت ئەمەریکاو وڵات پێشەسازییەکان تێکڕای هەڵاوسان و بێکاری و داکشانەوەی ئابووری پێکەوە روویدا، بەهۆی ئەوەی نرخی سووتەمەنی بەرز بووەوە، بۆیە تێچوونیان بۆ کەرەستەی پیشەسازی زیادی کردو ئەوانیش نرخی کەلەوپەلەکانیان بەرز کردەوە.

12.هەڵاوسانی کۆمەڵایەتی: بەرزبوونەوەی نرخی چارەسەری پزیشک و دەرمان، دڵنیایی، گۆڕانکاری لە سیستمی خانەنشینی و سیستمی دڵنیایی کۆمەڵایەتی، سیستمی جێگیری کار بۆ کارمەندانی حکومەت، نرخی کارەبا، ئاو، سووتەمەنی، خزمەتگوزاری گەیاندن.

13.هەندێ هۆکاری دەرەکی بەرزبوونەوەی نرخی کەرەستەی خاو، بۆنموونە نەوت کە کاریگەری لەسەر تەرازووی پێدان، پاشان لەسەر جێگیری دراوی ناوخۆیی دەکات.

14.ئابلۆقەی ئابووری لەلایەن دەوڵەتێکی دەرەکی بسەپێنرێت بەسەر دەوڵەتێکی دیکە وەک سزای سیاسی، تا لە رێگەی

ئـابوورييەوە ئەو دەوڵەتە بڕووخێنرێـت، وەک عێـراق لە سـاڵی 1991 لەلایەن ئەمەریکـاو کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی و، هەرێمـی کوردستان دوو ئابلوقە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی حکومەتی بەغدا، هەروەها کوبا، ئێستاش ئێران کە ئاستی گشتی نرخ رۆژ بە رۆژ لە بەرزبوونەوەدایە و دراوی تومەن بەهـای خۆی دەست داوە، لەو کـاتەدا رێگـری لە هەنـاردەو هـاوردە دەکرێـت لە هەمـوو جۆرەکانی کەرەستە و کاڵا بۆ ئەو وڵاتە، ئەمەش بەرزبوونەوەی نرخ و نزمبوونەوەی بەهـای دراوی نیشـتمانی بە دوای دێت، بە رێژەیەک عەقڵ پەسندی نەکات.

**شوێنەوارو رەنگدانەوەی هەڵاوسان**

أ. شوێنەواری ئابووری

1.کاریگەری لەسەر دابەشکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی هەیە:

لە بەرژەوەنـدی بازرگـان و سـەرمایەدارە داهـات گۆڕاوەکـان و کۆمپانیـا زەلاحەکـانە، چینـی هەژارو داهـات دیـاریکراو هێـزی کڕینیان نەمێنێت بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخ.

2.کاریگەری لەسەر دابەشکردنەوەی سامانی نەتەوەیی هەیە:

لە بەرژەوەندی ئەوانەی سـامانی راسـتەقینەیان وەک ئۆتۆمبێل و خانوو، نەک چینی خاوەن سامانی نەختینەیی وەک پارەو پشک و قەواڵە، لەمەدا خـــاوەن ســـەرمایەکان رووەکەنە بـــواری بەکاربردن و هەمـوو رەگەزەکـانی بەرهەمـداری بەرەو جامبـازی دەچێت لەسـەر حسـابی وەبەرهێنـان وەک ئەو دیـاردەیەی ئێسـتا لە کوردستان هەیە.

3.کاریگەری لە بەرزبوونەوەی رێژەی پڕۆسەی وەبەرهێنان:

دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتی بەرهەمهێنەرەکان، ئەوەش هانیان دەدات وەبەرهێنان بکەن لەهەمان کاتدا بەرهەمهێنەران روو دەکەنەوە زیادبوونی کڕینی کەرەستەی سەرەتایی و کاڵای بەرهەمداری پێویست بۆ رایکردنی کارەکانیان.

4.کاریگەری لەسەر هەردوو تەرازووی پارەدان و بازرگانی:

بەرزبوونەوەی نرخی کاڵای خۆماڵی هانی کڕیار دەدات کاڵای بیانی بە هەزرانتر بکڕێت و، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی رێژەی هەناردەکردن و بەرزبوونەوەی رێژەی کاڵای هاوردە، بەمەش لاسەنگی لە تەرازووی بازرگانی و پارەدان دروست دەبێت، پەیوەندی پێچەوانە لەنێوان لە هەڵاوسان و بەهای پارە یان هێزی کڕینی پارەدا هەیە.

5.سوودی بۆ قەرزارو زیانی بۆ خاوەن قەرز هەیە: بۆنموونە کەسێک $2000 قەرز بداتە یەکێکی دیکە، ئەگەر بیداتەوە بە بێ زیادەو کەم بۆی دەگەڕێنێتەوە، بەڵام ئەگەر بەو بڕە پارە لەو کاتەدا بەراورد بە نرخی هەنووکەیی خانوویەک یان ئۆتۆمبێلێکی بکڕیایە رەنگە دوو ئۆتۆمبێل یان دوو خانووی بکڕیایە.

6.زیانی بۆ ئەو کەسانە هەیە پارە پاشەکەوت دەکەن، چونکە ئەو بڕە پارەیەی پاشەکەوت دەکەن لە کاتی هەڵاوساندا هێزی کڕینی نامێنێت. زیادبوونی تێکڕای هەڵاوسان دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی توانای کێبرکێ لە بەروبوومی نیشتمانی لە بازاڕی نێودەوڵەتیدا، دواجار دەبێتە زیادبوونی پێدان بەرامبەر نزمبوونەوەی داهاتی پارەدان پاشان کورتهێنان لە تەرازووی بازرگانی روودەدات.

7.دەبێتە هۆی زیادبوونی نرخی سوو پاشتر زیادبوونی قازانج کەمبـــوونەوەی قـــازانجیش بە نزمبـــوونەوەی نرخـــی ســـوو روودەدات.
8.کـــاریگەری دەکـــاتە ســـەر بـــودجەی گشـــتی، ئامرازەکـــانی چـارەکردنیش بە پێـی سیسـتمی ئـابووری لە وڵاتـان دەکرێـت، جەختکـردن لەسـر سیاسـەتی نەختینەیـی وەک سیاسـەتی نـرخ داشـــکاندن، پرۆســـەی بـــازاڕی کـــراوە، هەمـــوارکردنی رێـــژەی یەدەکی یاسایی، ئامرازی سیاسەتی دارایی سەپاندنی باج بەسەر دەوڵەمەندو بەخشینی هەژارانیش.
9.کاریگەری دەخاتە سەر تێکچونی پرۆسـەی بەکاربردنی پـارە، چـونکە ئەگەر تێکـڕای هەڵاوسـان سـاڵانە لە سـفرەوە بـۆ 10% زیادبێت ئەوا نرخی سوی راستەقینە لەسەر دراو لە سفرەوە بۆ 10% نزم دەبێتەوە، بۆیە تاکەکان هەوڵ دەدەن دوور بکەنەوە لە مەترسـی و دڵ لە دڵ دەدەن بـۆ بانکەکـان بەتـایبەت خـاوەن ســـەرمایەکان و لە بـــواری وەبەرهێنـــان رادەکەن، بەهـــۆی لەدەسـتدانی بـڕواو متمـانە بە دراوی نیشـتمانی لە دەرەنجـامی نزمبـــوونەوەی بەهـــای راســـتەقینە و نزمبـــوونەویە قەبـــارەی وەدەستهاتووی سەرمایەی وەبەرهێنراو.
10.بە هـۆی کورتهێنـانەوە حکومەت ناچـار دەکـات پەنـا بەرێـتە قەرزی دەرەکـی بـۆ پڕکـردنەوەی کورتهێنـان لە بـودجەی گشـتی دەوڵەت.

ب. شوێنەواری کۆمەڵایەتی

دەبێتە هـۆی پەیـدابوونی چینـایەتی و بڵاوبـوونەوەی بەرتیـل، لە ئەنجــامی خراپــی بــارودۆخی کارمەنــدانی حکــومەت روودات، دەبێتە هۆی ئەو پارە بکەنە ئاڵتون یان کەرسـەتەی درێژخـایەن بکرێن.

**لایەنە ئەرێنییەکانی هەڵاوسان**

لە کــاتی هەوڵاســاندا توانــای وەبەرهێنــان لە کەرتــی تــایبەت و گشتی دروست دەبێت لەگەڵیشیدا بڕی بەرهەمهێنان و قەبارەی فرۆشــتن زیــاد بێــت، کە دەبێــتە هــۆی بــووژانەوەی ئــابووری و گەشــەی ئــابووری، بەمەش هەلــی کــارو بەکارهێنــانی دەرامەتە ناوخۆییە بەکارنەهێنراوەکان زیاد دەبێت، لەگەڵ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و وەبەرهێنانی بیانی باشتر دەبێت و پشتبەستن بە توانــای دەرکــی کەمتــر دەبێــتەوە پاشــکۆیەتی ئــابووری کەم دەبێـتەوە، چـونکە نزمبـوونەوەی نـرخ دەبێـتە هـۆی بێبـازاڕی و داکشــانەوەی ئــابووری، بەڵام هەنــدێ شــارەزای ئــابووری رای پێچەوانەیان هەیە.

**هەڵاوسان لە بازاڕەکانی عێراق و کوردستان**

ئێسـتا عێـراق ڕێـژەی هەڵاوسـانی 7.6% بەهـۆی هـاوردەکردنی زۆری خواردەمەنی و کەرەستەی جۆراجۆرو بێبەرهەمە، بازاڕی دراوی کاغەزیشــی بەردەوام لە پرۆســەی جامبــازی بەراورد بە ســاڵی 2000 تێکـڕای بەرزبـوونەوەی نـرخ 140%یە، لەنێـوان ســاڵانی 1987 و 1995 هەڵاوســان بەهــۆی چــاپکردنی دراوی

عێراقـی گەیشـتە 315%، عێـراق لەنێـو 22 وڵاتـی عەرەبیـدا زۆرتـرین ڕێـژەی تێکـڕای هەڵاوسـانی تۆمـار کـردووەو لە سـەر ئاسـتی جیهـان لە کـۆی 221 وڵات 80 مـین وڵاتە، لە سـاڵانی 2003 تـا 2012 ڕێـژەکە بەرزتـر بـۆتەوە بەپێـی ئامـاری سـاڵی 2006 بەشـی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکـان گەیشـتۆتە 64% زۆریـنەی کەرەسـتە و خـانووبەرەو زەویـدا، دوای جەنگـی ئێـران – عێـراق پاشـان کوێـت، پـارەیەکی زۆری چـاپی دینـاری عێراقـی دەرکـرد و بەهـای دینـاری عێراقـی نەمـا، دوای 2003 ئەو پرۆسـەیە بەردەوام بـوو بە گـۆڕینی پـارەی دینـاری سویسـری کە دیسـان پـارەی خـراوەڕوو زیـاتر بـوو بەراورد بە کـاڵا، پاڵپشـتی حکومەت بە کـاڵای سـەرەکی و دوای ئەوەی عێراق پەیوەنـدی کـرد بە سـندوقی دراوی نێودەوڵەتی و زۆررینەی داهـاتی خـانەوادەی عێـراق لەسـەر نەوتە، گەنـدەڵی و بەفیرۆدانی دارایی گشتی دەوڵەت، نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهـاتی عێراقـی کە دبێـت مـانگـانە هەر تاکێـک زیـاتر لە 2000$ بێـت کەچـی 22% دانیشـتووانی عێـراق لە ژێـر هێڵـی هەژارییـە، سیاسەتی قۆرخکاری و نەبوونی یاسای نەهێشتنی قۆرخکاری و کـۆنترۆڵکردنی کـایەی بازرگـانی و گشـت کەرتە ئابوورییەکـان لەلایەن دەسـەڵاتدارانەوە، کە نـرخ بە ئـارەزووی خۆیـان دیـاری دەکەن، کەمبـوونەوەی داهـاتی نـاوخۆیی لە کـاڵای و کەرەسـتەی پیشەسـازی و کشـتوکاڵی لە بـازاڕی نـاوخۆیی و پشتبەسـتن بە کاڵای هاوردەکراو بەهۆی فەرامۆشکردنی کەرتـی پیشەسـازی و کشتوکاڵی و بەرزبوونەوەی نرخی تێچوونی گواستنەوە.

ئەو دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێش گەمارۆی ئابووری سەر عێراق لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە هەڵاوسانەکە جیاواز بووە، بەڵام دوای 2003 دەگەڕێتەوە بۆ:

1.زۆربوونی خەرجییەکانی حکومەت لەبری موچەی کارمەندان.

2.خەرجی وەبەرهێنان بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان لە دروستکردنی بەربەست و بەنداوو فراوانکردن و دروستکردنی ریگەوبان و نەخۆشخانە...هتد.

3.قەرزی خانووبەرە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی کەرەستەی بیناسازی و نرخی زەوی.

4.دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە دەزگاکانی حکومەت بەبێ پلان و بەرنامە.

5.بایەخدانی سەرمایەداران بە پڕۆژەی بەکاربردن وەک سوپەرمارکێت و مۆڵ و هۆتێل و شاری یاری و ریستورانت و بەنزینخانە...هتد، بەمەش هەڵاوسانی نرخ دروست دەکات.

نرخی زەوی تەنها لە سالانی 1994 تا 2005 لە 33% بۆ 75% بەرز بۆتەوە، بۆ 2012 ئەگەر ریژەکە بەراورد بکەیت لەسەر ئاستی گشتی هەموو شارەکان لە 200% زیاترە.

**چارەسەرکردنی دیاردەی هەڵاوسان**

1.کەمکردنەوەی خەرجی گشتی حکومەت لە بواری خزمەتگوزاری و زیادکردنی بۆ وەبەرهێنان.

2.چاودێریکردنی نرخ لە بازاڕ.

3.کەمکردنەوەی بڕی نەختینەی پارەی نیشتمانی و بچوکردنەوەی یەکەی دراو تا بەهای بەرز بێتەوە.

4.سەپاندنی باج و بەرزکردنەوەی نرخی سپاردەکان.
5.دارِشتنی سیاسەتێکی دارایی و نەختینەیی گونجاو.
6 کاراکردنی کەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی.
7 دەرکردنی یاسای قەدەغەکردنی قۆرخکاری.

**دەرەنجام**

1.بەرزبوونەوەی ئاستی نرخ دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی داهاتی راستەقینە و نزمبوونەوەی ئاستی بژێوی هاولاتیانی داهات سنووردارە جێگیرەکان.
2.بەهۆی ئەوەی رێژەیەکی زۆر کالاو کەرەستەی بەکاربردنی هەرێمی کوردستان هاوردەکراوی بیانییە، بۆیە بازارِە جیهانییەکان نرخ دیاری دەکەن.
3.زیادبوونی پارەو موچەی هاولاتیان وایکردەوە نرخ بەرز بێتەوە.
4.دووالیزمی سیاسەتی دارایی و نەختینەی لەبەرامبەر یەکتر، نەختینە زۆر دەخاتە بازارو ئەوەی دیکە کەم دەبێتەوە.
5.دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی بەهای دراوی نیشتمانی، بە چەشنێک ئەو دراوە وەزیفەکەی خۆی وەک پێوانەی بەهاو پاراستنی سامان و هاندان بۆ پاشەکەوتکردن، کاریگەری نەرێنی لەسەر پرِۆسەی بەرهەمهێنان دەکات.
6.نزمبوونەوەی بەهای دراوی نیشتمانی لەبەرامبەر دراوی بیانی دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییە ئابووری و نەختییەنیەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوەداو شوێنەواری خراپیش لەسەر تەرازووی پێدان جێدەهێڵێت.

7.دەبێتە هۆی زیادبوونی تێکڕای پاڵپشتی بە قەرزی دەرەکی و قووڵبوونەوەی پاشکۆیەتی بۆ بازاڕی جیهانی و دەکەوێتە نێو هەژموونی قۆرخکاری بیانی.

8.لە زۆرینەی دۆخەکاندا ئاکامە کۆمەڵایەتییەکەی لە ئاکامە ئابوورییەکەی مەترسی زیاترە، ئەمە جگە لە مەترسی سەقامگیری سیاسی، مەترسی کۆمەڵایەتیش کارەسات بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، لە ئەنجامی دووبارە دابەشکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی بۆ بەرژەوەندی چینە دەوڵەمەندەکان لە کۆمەڵگەدا بە هۆی میکانیزمی هەڵاوسانەوە.

**سەرچاوەکان**


1.دومينيک سالاتور- يوجين ديوليو، ترجمة فؤاد صالح، مبادىء الإقتصاد، طبع اكاديميا انترناشيونال، بيروت،2001.

2.محمد سلمان محمد، التضخم دراسة فى واقيع الإقليم، مجلة الاقتصاد السياسي، رقم 9، سنة 2005.

3.يونس علی احمد، هەڵاوسان ..هۆکارو دەرەنجام، گۆڤاری ئابوری سیاسی، ژمارە 27، ساڵی 2010.

4.صلاح الدين کاکۆ خۆشناو، فەرهەنگی ئابووری، لە بڵاوکراوەی ئەکادیمای کوردی، چاپی هەولێر،2010.

5.رحمن حسن على الموسوى، التضخم الاقتصادي فى العراق أسباب ومعالجات، مجلة القادسية للعلوم الإدارية والاقتصادية، المجلد(9) العدد(1)، مجلة علمية دورية فصلية محكمة تصدر عن كلية الإدارة والاقتصاد جامعة القادسية، السنة 2007.

6.البنك المركزي العراقي المحافظة على مستويات التضخم المالي،http://www.iraqhurr.or

7. آزاد شقلاوى، اسبابها، آثارها والحلول المقترحة لها .. ظاهرة التضخم في الاقتصاد العراقي،http://www.alitthad.com

8.صالح السلطان، كيف يفهم بعض الفقهاء سبل معالجة التضخم؟http://www.alriyadh.com

9.ارتفاع التضخم فى العراق طبيعي و منسجم مع واقع الاقتصاد، http://www.aknews.com

10.إرتفاع معدلات التضصخم في العراق الى مستويات قياسية، http://www.ina-iraq.net

11.الاقتصاد البرلمانية: نسبه التضخم فى العراق غير مقبولة، http://www.uragency.net

12.فلاح خلف الربيعي، تفسير ظاهرة التضخم فى الاقتصاد العراقي، http://www.iier.org
13.التضخم وتاثيره على النمو الاقتصادي، وكالة الصحافة الاقتصادية http://www.bpaiq.net
14.دراسة اقتصادية لمعالجة التضخم النقدي فى العراق وأسلوب الاجتماعي إلى ما قبل الحروب الصدامية والحصار، .http://www.nassarz.net
15.THE ECONOMY OF SOUTHERN Printed by Nova Science Publisher, Inc, New York, 2008. Almas Heshati,
16. HENRY HAZLITT, WHAT YOU SHOULD KNOW ABOUT INFLATION, 1964.
17. HENRY HAZLITT, The inflation Crisis How to Resolve It, Printed by Arlington House- Publisher, New York , 1978.
18. Katsuhito Iwai, Theoretical Analysis of inflation and unemployment, printed by Yale University, 1981 .
19. Robert J.Gordn, MACROECOMOMICS, 2009,
20. H.L. AHUJA, Macroeconomics Theory and Policy, Printed on ENVIROMENT FRIENDOLY ECF PAPER.Pvt.Ltd, 2010.
21. Paul Dalziel, A Keynesian Theory of Monetary Inflation Without Government, Department of Economics and Marketing, Lincoln University, CANTERBURY,1996.

**٭له ژماره (35) پایزی 2013 له گۆڤاری(ئابووری سیاسی) بڵاوبۆتەوه.**

## کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵاوسان لە بازاڕدا

زانستی ئابووری پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ زانستەکانی دیکە هەیە، بەتایبەت کۆمەڵناسی، چونکە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی رۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، هەر قەیران و لێکەوتێکی ئابووری لە هەڵبەزو دابەزی نرخەوە تا دەگاتە چالاکییە هەمەجۆرەکانی دیکەی کەرتە ئابوورییەکان بە کۆمەڵگەوە پەیوەستە، رەفتاری تاک و نەریتەکان و کلتوورو فەرهەنگیش کارتێکەرن لەسەر پرۆسەی ئابووری، بۆیە لەنێو چالاکییە ئابوورییەکاندا گرنگترینیان کە بە شێوەیەکی ئاشکرا رەنگدانەوەی هەبێت لەسەر کۆمەڵگە، بزاوتی بازاڕە لە هەڵبەزو دابەزی نرخدا، بەتایبەت هەڵکشانی ئاستی گشتی نرخەکان، کە بە هۆکاری زۆری خواست و کەمی خراوەڕوی بەرهەم دێتە کایەوە، یان بەهۆی بوونی دراوێکی بێشومار لە بازاڕ روودەدات و دواجار دەبێتە هەڵاوسان، بەڵام لە هەموو جۆرەکانی هەڵاوسان کاریگەرتر، هەڵاوسانی سەرکێشە، چونکە لەو جۆرەدا تێکڕای رێژەی ئاستی گشتی نرخەکان رۆژانە بە شێوەیەکی لە ئەندازە بەدەر بەرز دەبێتەوەو هێزی کڕینی بەکاربەر سست دەکات و، ناتوانێت بەو داهاتەی لەبەردەستیدایە ئەو کاڵاو بەرهەمەی خواستی لەسەرە لە بازاڕ بیکڕێت، بەتایبەت داهات دیاریکراوەکان لە گشت جۆری مووچەخۆرانی حکومەت، لەبەرئەوەی دراوی نیشتمانی هێزی کڕینی نامێنیت بەراورد بە دۆلارو یۆرۆ، ئەمەش لە ئەنجامی سیاسەتی نادروستی ئابووری حکومەتەکان سەرهەڵدەدات. دیاردەی هەڵاوسان و

بەرزبـوونەوەی نـرخ بـۆتە کێشـەیەکی جیهـانی و نەخۆشـییەکی کوشندەی گەلانی جیهان کە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە ئەو قەیـرانە دەگـوازرێتەوە، لە کـاتێکەوە بـۆ کـاتێکی دیـکە جیـاوازە، جاری وا هەیە زۆرینەی وڵاتانی گرتۆتەوە، بەڵام هەندێجاریش بەهۆی واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وڵاتـێکەوە جیـاوازە. لە ئاکـامی ئەو دیـاردەیەدا کە ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگە هەیە و شوێنەواری کۆمەڵایەتی دادەنێت، وەک سـەرهەڵدانی گەنـدەڵی لە هەمـوو کـایە کۆمەڵایەتییەکـان، دزی، بەرتیـل، کوشـتن، شـەڕی کـۆمەڵایەتی، لەشفرۆشـی، کـاری نایاسایی، فرتوفێڵ، تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو خانەوادەکـان، جیـابوونەوەی هاوسـەران، دوورکەوتـنەوەی پەیوەنـدییە خێزانییەکـان، توشـبوونی قەرز، سـوالکردن، پەیـدابوونی بـازاڕی ڕەش، تـاوان، هەمـوو ئەوانە وا دەکەن کـۆمەڵگە بەرەو ئاقـارێکی دیـکە بـڕوات و متمـانە نەمێنێـت و ڕەفتاری تاک گۆڕانکاری ریشـەیی بەرەو خراپە بەرێت، چونکە هەمـوو ئەو دیـاردانە لە منداڵـدانی دیـاردەی هەڵاوسـانی ئـابوورییەوە لەدایک دەبن و بۆ هەمـوو کـایە کۆمەڵایەتییەکـان تەشـەنە دەسـێنێت، بـۆیە شـوێنەواری کـۆمەڵایەتی دیـاردەی هەڵاوسـان کـاریگەری زۆر زیـاترو خراپتـرە لە شـوێنەوارە ئابوورییەکـان، بەهـۆی ئەوەی شـوێنەواری ئـابووری جـگە لە زیـانی مـاددی چـی دیـکەی لێنـاکەوێتەوەو دەشـتوانرێت چارەسـەری زانسـتی بـۆ بـدۆزرێتەوە، بەڵام شـوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکە بەهۆی کوشندەیی کاریگەرییەکەی ناتوانرێت بە

سانایی چارە بکرێت، بۆ نموونە بەهۆی هەڵاوسانی ئاستی گشتی نرخی کاڵاو بەرهەمەکان لە بازاڕ کەسانێک دووچاری دزی یان تاوانی کوشتن یاخود لەشفرۆشی دەبنەوە، چونکە ناتوانن رۆژانە نانی خانەوادەکەیان پەیدا بکەن، ئەگەر ئەو ئیشە ناشەرعییە نەکەن ئەوا منداڵەکانیان و خۆیان لەبرسا دەمرن، جاری واش هەیە لە ئەگەری سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە کەسانێک هەن قەرز دەکەن و ناتوانن بیدەنەوە، ئەوەش سەردەکێشێت بۆ دیاردەی خراپتر، یان خۆتەسلیمکردن بە خاوەن قەرز بە هەموو شتێک یاخود راکردنی یا کوشتنی خاوەن قەرزەکە، یان بە پێچەوانەوە قەرزار نەتوانێت قەرزەکەی بداتەوە ئەگەرچی بڕەکەشی کەم بێت، ئەوا خاوەن قەرز لە ئەنجامی دەمارگیرییەوە کوشتوویەتی.

پێویستە حکومەت سیاسەتێکی نەخشەڕێژکراوی ستراتیژی دابنێت لە کاتی سەرهەڵدانی دیاردەی هەڵاوسانی ئابووری، بە شێوەیەک کۆنترۆڵی بازاڕ بکات کە تەنها چاودێری بکات و دەست نەخاتە چالاکییە ئابوورییەکان و سزای بازرگان و فرۆشیارەکان بدات، لەلایەکی دیکە دۆخێکی وا بخولقێنێت کە بەرهەمهێنەرو کۆمپانیا بازرگانییەکان لەنێوان خۆیاندا کێبرکێ بکەن بۆ کەمکردنەوەی نرخ کە لە بەرژەوەندی گشتی خەڵک، لە هەمووی گرنگتر بایەخدان بە بەرهەمی ناوخۆیی و خۆبەڕێوەبردنی بەروبوومی خۆماڵی و کەمتر پشت بە بەرهەمی بیانی ببەستریت، بەمەش هاوسەنگی بۆ بازاڕ دەگەڕێتەوە.

***لە ژمارە(42) گۆڤاری (تاوی کۆمەلایەتی) لە کانوونی یەکەمی 2012 بلاوبۆتەوە.**

## ئابووری کوردستان لەنێوان گەشەکردن و هەڵاوسانی بازاڕدا

هەرچەنـدە بێسـەروبەری زۆر لە سیسـتمی پەیڕەوکردنـی ئابووری عێراق و کوردستاندایە، ئێستا بۆشاییەکی زۆر لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت هەیە، لە لایەک حکومەت بانگەشەی بوونی بـازاڕی ئـازاد دەکـات، لە لایەکـی دیکە هاوڵاتیـان دەیانەوێـت لە هەمـوو شـتێک دەسـت بخـاتە بـازاڕەوە، بـۆیە بـازاڕی هەرێمـی کوردسـتان فەوزایەکـی زۆری پێـوە دیـارە، بە پاسـاوی پەیڕەوکردنی سیستمی بازاڕی ئازاد حکومەت خۆی لێ ناکات بە خـاوەن، ئەمەش وایکـردووە هەر کەسـێک لە فرۆشـیارو بازرگانـان و سـەرمایەدارە نـاوخۆیی و بیانییەکـان بە ئـارەزووی خۆیـان ئەو بـازاڕ بەڕێـوە بـبەن، تەنـانەت هەنـدێجار ئەو بـازاڕ یاری پێ دەکرێت بە دەرکردنی یاسایەکی پەرلەمـانی کوردسـتان یـان ئەنجـوومەنی نـوێنەرانی عێـراق یـان بڕیـارێکی حکـومەت بەغداو هەولێر، ئەمەش رەنگدانەوە لەسـەر گەشـەی ئـابووری و ئاستی بەرزی و نزمی نرخ و داکشـانەوەو هەڵاوسـانی ئـابووری دادەنێت. یاریکردنی بازرگـان و خـاوەن سـەرمایەکان بە بـازاڕی زەوی و خانووبەرە گەیشتۆتە رادەیەک ئیدی هاوڵاتیان و چینـی هەژارو مامناوەندی قبوڵی نەکەن و دەنگیان بەرز بێتەوە، چونکە ئەو یـارییە بە نـرخ کـاریگەری کـردۆتە سـەر ئاسـتی گشـتی نرخەکان لە بازاڕو پەیوەندییەکی راستەوانەی دروست کردووە، چـونکە بە هـۆی بەرزبـوونەوەی نرخـی زەوی و خـانوو نرخـی کەلوپەلی بیناسـازی و ناومـاڵ و خـواردەمەنی وشـکەو سـەوزەو میـوەش بەرز بـۆتەوە، لایەنە پەیوەندیـدارەکانیش لە حکـومەتی

کوردستـــتان بە هــۆی جێبەجێکردنــی یاســـای وەبەرهێنـــانی کوردستان کە ئەو یاسایە خاوەن ماڵ دەکات بە بێگانە پشکی شێریان بەرکەوتووە لەو یارییە و دروستبوونی هەڵاوسان لە بازاڕەکانی کوردستان، هەرچەندە لێدوانی بەرپرسان لەبارەی گەشـەی ئـابووریی ئەوەیە کە سـەرمایەی وەبەرهێنـان بـەرەو هەڵکشان دەچێت، لەکاتێکدا بێئاگا لەوەی ئەوە وەبەرهێنانە تەنها کەرتــی نیشـــتەجێکردنی گرتــۆتەوەو لە روانـــگەی زانســـتی ئابووریشـــەوە نـاچێتە خـانەی وەبەرهێنـان، چـونکە جـگە لە بەهەدەردانــی زەویــیە کشـتوکاڵییەکان و بە فیرۆدانــی پـارەی خەڵکی کوردستان و تەرخانکردنی بەشێک لە بودجەی گشتی و هـاوردەکردنی پێداویسـتییەکانی بینانسـازی و کرێکـاری بیـانی چیدی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا تا هەنوکە کێشـەی نیشتەجێبوونی چارە نەکردووە، بەڵکو ژمارەیەک کەسی دەوڵەمەنتر کردووە لەسەر گیرفانی خەڵکی هەژار، ئەمە جگە لەوەی بەرزبوونەوەی نرخـی زەوی و خـانووبەرە گرفتێکـی ئـابووری دروسـت، ئەوا گرفتــی کۆمەڵایەتیشــی هێنـاوەتە کـایەوە، هەروەهــا کەرتــی کشتوکاڵی تووشـی ئیفلیجی کردووە، لەکاتێکدا کڕیار لە بازاڕ موچەکەی هێزی کڕینی نییە بۆ کاڵاو کەرەستە پێویستەکان و داهاتی تاکە کەس بەراورد بە نرخی گشتی لە بازاڕ بۆ بژێوی ژیـان لە ئاسـتێکی نزمـدایە، بەمەش خەڵکـی لە خۆشـگوزەرانی ناژین، تەنها رێژەیەکی زۆر کەمی دەستڕۆیشتوو نەبێت.

عێراق و کوردستان هـەردەم گرینگی بە کـەرتی نـەوت دەدەن و لەهەمــان کاتــدا کەرتەکــانی دیـکەش فەرامــۆش کراوە،ئــەوەش

کۆمەڵگەی عێراقی بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر بردووە، چونکە ناکرێت گەشەی ئابووری تەنها پەیوەست بکرێن بە داهاتی نەوت، ئەگەر سەیری گەشەکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان بکەین، خۆی لە تەلارە بەرزە مۆدێرەکان و ئۆتۆمبێلی دوا مۆدێل و سوپەرمارکێتە پڕ لە کاڵاو کەرەستەی بیانی ماوە بەسەرچوو کوالێتی نزمەکان و زیادبونی ژمارەی بەنزینخانە مۆبایلەکانە.

*لە ژمارە (39)ی رۆژنامەی (بازاڕ) لە 2012/3/4 بڵاوکراوەتەوە.

## بازاڕی کوردستان لە نێوان هەڵاوسان و قۆرخکارییدا

لەگەڵ ئەوەی بازاڕی هەرێمی کوردستان پاشکۆی بازاڕی عێراق و بازاڕەکانی تورکیاو ئێران و جیهانە، کەچی لە دۆخێکی بێ سەروبەردایە و هیچ سیستمێکی ئابووری پەیڕەو ناکات، هەرچەندە لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان جەخت لە پەیڕەوکردنی سیستمی سەرمایەداری بازاڕی ئازاد دەکاتەوەو بەرپرسانی کوردستان و شارەزایانی ئابووریش ئارەزووی بازاڕی ئازاد دەکەن، ئەوەش بە هەژموونی قۆرخکردنەوە، دۆخێکی وای خولقاندووە ڕۆژ بە ڕۆژ لە سایەی ئەو بازاڕە هەڵاوسان دروست بێت و کاریگەری نەرێنی لەسەر گوزەرانی داهات سنووردارەکان دابنێت.

هەڵاوسان دیاردەیەکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهانییە و فرە ڕەهەندە، هەندێجار درێژەکێشانی شوێنەواری نەرێنی لەسەر سەروەری وڵاتان دادەنێت و دەبێتە هۆی ڕووخانی حکومەت و دەوڵەتەکان و شۆڕش و ڕاپەرین بەدوای خۆیدا دەهێنێت، نەخۆشییەکە دوای سەرهەڵدان پارە پەیدا بووە، چونکە لە سەدەکانی کۆن زیاتر ئاڵوگۆڕی بازرگانی شت بە شت بوو یان ئاڵتون پێوانەی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی بووە، بۆیە ئەو دیاردەیە بوونی نەبووە. هەڵاوسان واتای بەرزبوونەوەی تێکڕای ئاستی گشتی نرخەکانە بە بەردەوامی، کە لە ئەنجامی زۆری قەبارەی خواست لەبەرامبەر کەمی قەبارەی خراوەڕوو دێتەکایەوە، یان دەرکردنی ڕێژەیەکی لە زۆری پارە دەگەیەنێت لە وڵاتدا، وەلێ بەرزبوونەوەی کاتی نرخ لە کاتی بۆنەو

جەژنەکان یان لە کاتی تەنگژە سیاسی و سروشتییەکان ناکرێت بە هەڵاوسـان دابنرێـت، چـونکە هەڵاوسـان لە دوو رەگەزی سەرەکی پێکدێت، دەبێت بەرزبوونەوەی نرخەکان بەردەوام بێت و ئاستی هەموو نرخێکیش بەیەکەوە بەرز ببنەوە، نەک تەنها یەک یان دوو جۆر نرخ بەرز ببنەوە، بەڵکو ئەوە گرانی چەند جۆرێکی دیاریکراوی کاڵایە، لەبەرئەوەی لە بۆنەکان تەنها جلوبەرگ و پێداویستی جەژن بەرز دەکرێنەوە پاش جەژن نرخ دەچێتەوە جێگەی خۆی، بەڵام ئەو گرانییەی لە بۆنەکان لە کوردستان و عێراق روودەدات، دیاردەیەکی ناوازەیە و نزیکە لە هەڵاوسان، چونکە زۆرینەی کاڵاو خزمەتگوزارییە ناوخۆیی و بیانییەکان روو لە هەڵکشان دەکەن، تێکڕای بەرزبوونەوەی نرخیش لە زۆرە، بە رێژەی 100% بۆ 200% نرخەکان بەرز دەبنەوە، تەنانەت بە بیانووی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنیش کرێی تەکسی بەرز دەکرێتەوە، کە تێکڕای بەرزبوونەوەکە دەگاتە 233%، ئەگەرچی بەشێکی دیاردەی بەرزکردنەوەی نرخ لە بازاڕەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەکاربەر لە کاتی بۆنەکاندا، بەڵام دیسان دەبینرێت فرۆشیار لە رۆژانی پێش جەژن کاڵای تازە دەخاتە بازاڕەوە، بۆیە بە کۆمەڵ کڕیار روو دەکەنە بازاڕەوە ئەوەش وا دەکات نرخ بەرز بێتەوە، ئەگەر ئەو بەکاربەرەی داهاتی کەمە و نەیکڕێت ئەوا کڕیاری دیکە داهاتبەرز هەیە ئامادەیە بیکڕێت، لە بازاڕەکانی کوردستان ئەو جۆرە هەڵاوسانەی روودەدات بەبێ ئەوەی داهات گۆڕاوەکان لە سەرمایەدارو بازرگانەکان هەستی پێ بکەن، ئەوا هەڵاوسانێکی

خێـرایە و جیـاوازە لە هەڵاوسـانی خشـۆک کە دیـاردەیەکی سروشـتی و ئاسـاییە و سـاڵانە روودەدات، بەڵکـو لەو جـۆرەی کوردسـتان هەمـوو جۆرەکـانی نرخـی کـاڵاو خزمەتگـوزاری کـۆ بکەیـتەوەو تێکـڕای هەڵاوسـانی سـاڵانە زیـاتر لە 5%دایە، جـا ئەگەر بەراوردی بکەیت بە پێنج ساڵی رابـردوو تەماشـای نرخـی زەوی بکەیـت تێکـڕای هەڵاوسـان 250% نرخـی بەرز بـۆتەوە، گۆشـت زیـاتر لە 120% نرخـی بەرز بـۆتەوە، سـووتەمەنی بەتـایبەت گـازو بەنـزین 200% نرخـی بەرز بـۆتەوە، لەکاتێکـدا بەرزبوونەوەی سروشتی تێکڕای هەڵاوسانی ساڵانە لە بـازاڕی وڵاتە پێشـکەوتووەکاندا لە 0% بـۆ 3%دایە، کەچـی لە وڵاتـانی دواکەوتوو لە 5% بۆ 10%دایە، بەڵام ئەو جۆرە هەڵاوسـانەی لە بازاڕەکـانی کوردسـتان هەیە دیـاردەیەکی نـاوازەیە و لە هـیچ سیسـتمێکی ئـابووری بـاو جـێگەی نـابێتەوە، راسـتە ژمـارەی دانیشـتووانی هەر سـێ پارێزگـاکەی هەرێمـی کوردسـتان گەیشـتۆتە 5 ملیـۆن و 299 هەزارو 304 کەس، بەراورد بە سـاڵی 1997 کە 4 ملیـۆن و 320 هەزارو 604، هاوکـات لەگەڵیدا بەرهەمی خراوەڕووی هـاوردەکراویش زیـادی کـردووە، بەڵام خراوەڕوی خۆماڵی نەک زیادی نەکردووە بەڵکو کەمیشـی کـردووەو سـاڵ بە سـاڵ رووبەڕووی کورتهێنـان دەبێـتەوە، ئەمەش هەڵاوسان دروست دەکات.

شکستی زۆرینەی سیسـتمە ئـابوورییە جیهانیەکان لە رابـردوودا بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە لە پراکتیکـدا خزمەتـی بە کـۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بازاڕی ئـابووری ئـازاد بە

چەند قۆناغێکی مێژووی تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ، بەڵام ئەویش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە پەیڕەوکردنی جیاوازە، لە هەندێ وڵات بەکاردەهێنرێت بۆ بەرژەوەندی گشتی و لە وڵاتی دیکە بۆ بەرژەوەندی چەند کەسێکی باڵا دەست، لە هەرێمی کوردستان کە سیستمێکی دیموکراتی و ئازادی هەیە و کار لەسەر جێبەجێکردنی سیستمەی ئابووری بازاڕی ئازاد دەکرێت لەسەر کاغەزدا، کەچی لە کردەوە نەک باوەڕی پێناکرێت، بەڵکو کراوەتە بۆ پڕکردنی گیرفانی سەرمایەدارو بازرگانی هاوردەکار، لەکاتێکدا بازاڕی ئازاد بۆ خزمەتکردنی بەکاربەرە، نەک یاریکردن بە کڕیارو بڕینی گیرفانی داهاتی سنووردارەکان لە موچەخۆرانی حکومەت و بیداهاتەکان، بەوەی ساڵانە نرخی کاڵاو خزمەتگوزاری بە تێکڕای لە 10% بۆ 50% بەرزدەکرێتەوە، کە دواجار زیانی ئەو گرانیە، تەنها هەژارانن باجەکەی دەدەن، ئەمەش لە سێبەری نەبوونی یاسای قۆرخکاری و ئاسانکاری بۆ قۆرخکردن و کۆنترۆڵکردنی بازاڕ لەلایەن چەند کەسێکەوەو نەبوونی کێبرکێ بەرهەمهێنان و هاوردەکردن لە بازاڕدا، چونکە ئەگەر لە بازاڕی ئازادی هەرێمی کوردستان، کێبرکێی بازرگانی و بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان هەبێت، ئەوسا نرخ میکانیزمی بازاڕ دیاری دەکات و بەرهەمهێنەرو بازرگانانیش کێبرکێ لەسەر پێشکەشکردن و خستنەڕووی باشترین کوالیتی و نزمترین نرخ لە بازاڕ دەکەن، بۆئەوەی بەکاربەرو کڕیار لە خۆیان رازی بکەن، لەپای ئەوەشدا کڕیاری بەردەوام بۆ خۆیان فەراهەم دەکەن، بە پێچەوانەشەوە

متمانەی کڕیار لە دەست دەدەن، کەچی قۆرخکاری لە بازاڕی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ گەشە دەکات، بۆئەوەی دیاردەی هەڵاوسان بەرەو قۆناغێکی مەترسیدارتر ببات، وەک ئەوەی لە سالانی 1994-1995 قۆناغی هەڵاوسان گەیشتە جۆری (هەڵاوسانی سەرکێش) و هاوڵاتیانی بەرەو نەهامەتی برد.

داشکاندن لە بازاڕی هەموو وڵاتێکدا بوونی هەیە و لە قازانجی بەکاربەرە، ئەو داشکاندنی نرخی کاڵایە لە جلوبەرگەوە بیگرە تا دەگاتە خواردەمەنی، زۆربەی کات لە کۆتایی وەرزەکان، یان گۆڕینی پیشە و تەنگژە ئابووری و سیاسییەکان، یان لە بۆنەو جەژنەکان دەکرێت، بەڵام لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان پێچەوانەی وڵاتانی دیکە، دەبینرێت لە هەر چوار وەرزی ساڵ، لە هەر دوانزە مانگی ساڵ، نرخی کاڵا دادەشکێنرێت، بەڵام داشکاندنی نرخەکان جگە لە فێڵکردن لە بەکاربەر هیچی دیکە نییە، چونکە بازرگان و فرۆشیارە قۆرخکارەکان لە بازاڕدا بەهۆی ئەوی تاقە سواری مەیدانی فرۆشتن و بەرهەمهێنان و هاوردەکردنن، بۆیە بە ئارەزووی خۆیان نرخ دادەنێن، کوالیتی نرخ و ماوەی بەسەرچوون دیاری دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا نرخی کاڵا بە چەند قات بەرز دەکەنەوەو لە پڕوپاگەندەکانی ڕیکلامیشدا ڕێژەیەکی زۆر داشکاندن دەنووسن، لەکاتێکدا ئەگەر بەراوردی نرخی بازاڕی گشتی بکەیت ئەوا هێشتا دوای داشکاندنی نرخەکانیش نزمترن ئەوە زیاتر لە مۆڵ و سوپەرمارکێت و بازارە بەناو راقییەکان دەکرێت، بازاڕ هەیە نووسیویەتی پارچەک بکڕەو پارچەیەک بە خۆڕایی وەرگرە، یان

نرخی کالآیەک بە شەش دۆلارە دەنووسن 5،99 سەنتن ئەمەش فێڵێکی دیکەیە کڕیاری پێی نازانێت، چۆن دەکرێت بازاڕێکی گەورە خەرجییەکی زۆری هەبێت، کەچی 12 مانگی ساڵ داشکاندن لە کالآکانی بە ڕێژەی 75% بکات، ئەگەر فێڵ نەبێت، ئەو نرخ بەرزکردنەوەی کالآیەش لە سوپەرمارکێت و بازاڕە گەورەکانیشدا، ئەگەر کاتی بێت بەهۆی زۆری خواستی بەکاربەر بێت و دواتر نرخی دابەزێت، ئەگەر سروشتیش نەبێت، بەڵام کاریگەری کەمتر لەسەر بەکاربەر بە درێژایی ساڵ دادەنێت، ئەی ئەگەر ئەو نرخ بەرزکردنەوەیە بە پاساوی داشکاندنەوە بەردەوام بێت ئەوا دەچێتە نێو هەڵاوسان و بۆتە نەخۆشی لە بازاڕەکانی کوردستان، بەبێ ئەوەی چاودێری بکرێت.

*__لە ژمارە (25)ی ڕۆژنامەی (بازاڕ) لە__ 2012/11/25 __بڵاوکراوەتەوە.__

## دووالیزمیەتی ویژدانی بازرگانەکانی کوردستان

لە مانگی رەمەزاندا بازرگانانی کوردستان ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە، بەزەیی هاتنە بە خەڵک، لەم مانگەدا ویژدان لای بازرگانی کوردی هەڵدەفڕێت، لە بازاڕەکان ئەوەی غیاب بێت، ویژدانە، ئاخر لە هەموو شوێنێکی جیهان، بەپێی هەموو ئایینە جیاوازەکان، بە ئایینی ئاسمانی و زەمینی، لە مانگە پیرۆزەکاندا، فرۆشیارو بازرگانان، بۆ پێشوازیکردن لە جەژن و بۆنەکانیان، بۆ رێزگرتن لە جەژنەکان، کاڵایەکی زۆر بە نرخێکی هەرزان دەخەنە بازاڕ، ئەگەر کاڵاکە بەخۆڕاییش نەبەخشنەوە بە خەڵک بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ نرخەکەی دادەشکێنن تا هانی بەکاربەرو کڕیار بدەن، لەم رۆژەدا کاڵاو پێداویستییەکان بکڕن، تا بە جوانترین شێوە خۆیان بڕازێننەوە، بە قەشەنگترین شێواز خواردن دروست بکەن و پێشوازییەکی گەرم لە هاوەڵان و میوانەکانیان بکەن، هێشتا چەندین مانگ دەمێنێت، لەم وڵاتانەی ویژدان و رۆحی مرۆڤایەتییان تیایە، نرخی کەلوپەل لە داشکاندایە، بازرگان و فرۆشیاران لە هەڵپەی کێبڕکێی داشکاندنی نرخەکاندان، کەچی لەم وڵاتەی خۆمان چەندین مانگ پێش هاتنی جەژنەکان و مانگی پیرۆزی رەمەزان و تەنانەت لە جەژنی نەورۆزی نەتەوەییشدا، فرۆشیارو بازرگانان، کاڵاو پێداویستییەکانی ئەم جەژن و مانگە پیرۆزە، لە کۆگایەک هەڵیدەگرن و خەریکی قۆرخکردنی بازاڕ دەبن، تا بە نرخێکی بەرزتر بیفرۆشنەوە، ئەمەشیان بۆ چۆتە سەر، هەموو ساڵێک دووبارە دەبێتەوە، ویژدانی مرۆڤایەتی، رۆحی ئیسلامخوازی و

باوەڕی ئایینی لای بازرگانانی کوردستان بوونی نامێنی، لەکاتێکدا ئەم رەفتارە دەکەن، ئەوان سەردانی ماڵی خوایان کردووەو بوونەتە حاجی، زۆربەیان لە ریزی پێشەوەی نوێژی هەینی و تەراویحی مانگی رەمەزان بەشداری دەکەن، هەریەک لەو بازرگانانەش بۆ خۆدەرخستن لەنێو خەڵک کە وابزانرێت پاکترین و باشترین باوەڕداری ئیسلامە، لە ترسی باجدان بە حکومەتی کوردستان، دێن مزگەوت دروست دەکەن، یان لە رێگەی کۆمپانیا زەبەلاحە کارتۆنییەکانیان کە خەڵکی کوردستانیان پێ دۆشیوە، دێن لە رێگەی کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییەکان بە پێدانی برە پارەیەک یان ئامێرێکی کارەبایی یان ژەمێکی نانخواردنی بەربانگردنەوەی ئێوارەی مانگی پیرۆزی رەمەزان ریکلام بۆ کۆمپانیاکانیان دەکەن و خۆیانی پێی دەردەخەن، تا بەناوبانگبن لەوەی سوپەر موسڵمانن، ئەها ئەوان براو خوشکە موسڵمانەکانیان خۆش دەوێت و هاوکاریان دەکەن و خوانی نانخواردنیان بۆ رێکدەخەن، بەدیدی ئەوان رووتاندنەوەی براو خوشکی موسڵمان بە فرۆشتنی کاڵای گران بە رێگەی خۆی و دەرخواردانی بەربانگی مانگی رەمەزانیش بە رێگەی خۆی، ئەمە لە ئایینی ئیسلام و هەموو ئایینەکانی دیکەدا، تەنانەت لە ئایینە زەمینییەکان و بێ ئایینیەکانیشدا، رەوا نییە، ئەوە دووالیزمی ویژدانی بازرگانانە، ئەمە بێویژدانییە دەرهەق بە خەڵکی بێگوناهی کوردستان دەکرێت، کردەی ئەنفالە لەسەر دەستی بازرگانی کوردی، ئەم دیاردەیە کە بۆتە نەریت لەنێو بازرگانەکان، کردەیەکی دیکەیە لە هاوشێوەی کردەی تیرۆرو

توندوتیژی، بەڵام هەستی پێ ناکرێت، لە زانستی کۆمەڵناسی پێی دەڵێن (توندوتیژی رەمزی)، چونکە کڕیار هەستی پێناکات، مافی پێشل دەکرێت، خەڵکی کەمدەرامەت، بەبێ ویستی خۆی مافی پێشێل دەکرێت و لەپێناو پارووییەک نانی ئێوارە لە رێگەی تەلەڤزیۆنەوە لە کەسایەتی دەدەرێت، عیزەت نەفسی تاکە تاکەی ئەندامانی خێزانەکەی دەکوژرێت، شەڕی دەروونی لەگەڵ دەکرێت، تا ژەمێکی کرچوکاڵی نانی ئێوارەی پێدەدرێت، سەدان جار دەبێت هەریەک لە ئەندامانی خێزانە هەژارەکە سوپاسی کابرای بازرگان و کۆمپانیاکە بکەن، دواتر بە کۆڕس ناوی کۆمپانیاکە بهێنن، دەمێکیش بەکوڵ بگرین کە ئەو کۆمپانیاو بازرگانە نەبێت، ئەوان لە برسا مردبوون، باشە ئەگەر سەیری ئایینی ئیسلام بکەین دەبینین خێرکردن و هاوکاریکردنی کەمدەرامەت و هەژاران دەبێت بەدەستێک بێت، کە دەستەکەی دیکە نەیزانێت، بەڵام خێری وڵاتی ئێمە بە دەستێک دەکرێت، دواجار نەک دەستە ناوخۆییەکان دەیزانن، بەڵکو لە رێگەی کەناڵی ئاسمانییەوە هەموو دەستەکانی جیهان دەیزانن، ئەمە وتمان لە ئەدەبیاتی کۆمپانیا بازرگانییەکان شتێکی ئاساییە، بەهۆی ئەوەی ئامانج لە بازرگانیکردن تەنها بەدەستهێنانی قازانجە و ئەو هاوکاریانەش دەیدەن بە خەڵک، رێکلامکردنە بۆ کۆمپانیاکانیان تا زۆرترین کڕیار بۆ خۆیان کۆبکەنەوە، ئەی ئەو هاوکاریانەی لە لایەن پارت و رێکخراوە سیاسییەکان دەدرێت چ ئامانجێکی لەپشتەوەیە، کە بە رواڵەت لە میدیا باسی لێوە دەکەن، تەنها پەیڕەوکردنی ئادابەکانی پێغەمبەر(د.خ)ە و

دەیانەوێت هەژار لەم وڵاتە نەمێنێ، بەڵام بە پێچەوانەی ئادابی ئیسلام وەک کۆمپانیاکان رەفتار دەکەن، ئابڕووی هاوڵاتییە هەژارەکە ناهێڵن، دەیهێننە بەردەم شاشەی تەلەڤزیۆن و قسەی جوانی پێدەکەن و دواجار دەبێت سوپاسی پارتەکەیانی پێی بکەن، ئامانجی ئەوانیش ئەگەر قازانجی مادی نەبێت، دەبێت قازانجێکی لە پشتەوە بێت لە راکێشانی سەرنجی خەڵک و زۆرکردنی ئەندامی دەنگدەری سیاسی بۆ پارتە سیاسییەکان و زیادکردنی دەنگ لە رێگەی ئەو سواڵکردنەوە، لێرەدا جیاوازی نابینین لە ویژدانی هەندێ لە پارتە سیاسییەکان و ویژدانی بازرگانان لە کوشتنی رۆحی مرۆڤی کوردی، لە توندوتیژی رەمزی بەرانبەر ئەو کەسانەی قەدەریان وایە هەژاربن، ئەم کردارە بە شێکە بۆ لە گۆڕنانی عیزەت نەفسی تاک، تا ببێتە ژێر دەستەی سەردەستەکان، تا هەر بە ئەقڵی خۆی بیر نەکاتەوە، تا هەر بە کۆیلەیی بمێنێتەوەو ببێتە کوێلەیەکی ئازاد بە بێ ئەوەی کەلەپچەی لە دەستدابێت بە خواستی خۆی کۆیلایەتی بکات، تا هەر بە نانی بازرگان و ئەو پارتە بەناو مۆسڵمانانە بژێت، بۆئەوەی تا مردن قەرزاری ئەوان بن، کە مردیشن لافیتەیەک بە رەنگی ئاڵای ئەوانی بۆ بنووسرێت.

***لە 2013/7/27 لە هەفتەنامەی (بانگ) بڵاوبۆتەوە.**

## بازرگانیکردن بە کرێیار

یاسـای وەبەرهێنـان لە هەرێمـی کوردسـتان، رێـگەی بـۆ وەبەرهێنـانی لە بـواری خـانووبەرەو دروسـتکردنی ئەپارتمـان و شوێنی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیان لە شێوەی شوقە و خـانووبەرە کـــردەوە، ئەمەش لە دوو لایەنەوە کەڵکـــی هەبـــوو، لە لایەک ئاسانکاری بۆ هاوڵاتیان هێنایە کایەوە کە بەبێ ماندوبوون و بە فیرۆدانـی کـاتێکی زۆرو بە بـڕە پـارەیەکی قیسـتی درێژخـایەن بتـــوانن ببـــنە خـــاوەن شـــوێنی نیشـــتەجێبوون، لەبەرئەوەی لە سەرەتای ژیانی تازە هاوسەرەکانەوە رەنگە نەتوانن ببنە خاوەن خـانوو، لە لایەکـی دیـکە حکـومەت لە کێشـەی نەبـوونی یەکەی نیشتەجێبوون و دابەشکردنی زەوی بە سەر هاوڵاتیـان رزگـاری دەبێـت، ئەمە جـگە لە کێشـەی نێـوان کرێچـی و خـاوەن مـوڵکی خـــانوو.بە ئامـــانجی پشـــتگیری و پاڵشـــتیکردنی هەژاران و کەمـدەرامەتەکان، پرۆسـەی دروسـتکردنی یەکەی نیشـتەجێبوون لـــە هەمـــوو شـــارو شـــارۆچکەکانی هەرێمـــی کوردســـتان لەزیادبووندایە، ئەوەی خانوویەکی هەبێت دەیفرۆشێت و دەچێت بە قیسـتی درێژخـایەن بە دوو شـوقە یـان خـانووی دەدات تـا جێگەی دوو خـانەوادەی تیـا بێتەوە، بەتـایبەت بۆ نەوەکـانی ئەو خانەوادەیەی کوڕێکیـان دەیەوێت هاوسـەرگیری بکـات، بەنیـازی ئەوەی دووچـارو گیـرۆدەی کێرچییەتـی نەبـن، هاوکـات لە گەڵ ئەوەدا بازرگان و سەرمایەدارەکان دەستیان بە هەموو شـوێنێک داگرتووە تا زۆرترین قازانجی لێوە بە دەستبهێنن، ئەمەش دوای ئەوەی کۆمپانیـای جێبەجێکـار یەکە نیشـتەجێبووەکان دروسـت

دەکات، بە نرخێکی گران بە بیانووی قیستی درێژخایەن دەفرۆشنەوە خەڵک، کە زۆرێک لەو گوند و شارو ستی و خەون و دریم و.... بە ناو پێشکەوتووانە بەدەیان کەموکوڕییەوە رادەستی کڕیار دەکرێت، سەرەڕای ئەمانە هەندێ لە بازرگانان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج لە ماوەیەکی کورتی زەمنیدا بە شێوەیەکی راستەوخۆو بە کڕینی کاش بەکۆمەڵ یەکەی نیشتەجێبوون دەکڕنەوەو بۆ هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون زیاتر لە 10 هەزار دۆلاری دەخەنە سەرو بەنرخی گرانتر دەفرۆشنەوە هاولاتیان بە شێوەی قیست. ئەمە وایکردووە بە قۆرخکاری بازاڕی فرۆشتنی یەکەی نیشتەجێبوون و خانووبەرەو تەنانەت زەوی، نرخی شوقە و یەکەکانی دیکەی نیشتەجێبوون و زەوی نرخییان بەرەو هەڵکشان بچێت، دواجار ئەوەی زۆر سوودمەندە لەو بازارە بێخاوەن و ئازادەی بێ یاسادا، خاوەن سەرمایە و بازرگانەکانن، ئەوەی زیانمەندیش دەبێت ئەوە هاولاتی و دوایین دەستی کڕیارە کە بەنیازی نیشتەجێبوونی یەکجاری دەیکڕێت.ئایا ئەو کۆمپانیایانە جگە لە قازانجەکەیان دروستکردنی ئەو یەکە نیشتەجێبوانە بۆ خزمەتکردن و ئاسانکاری خەڵک دروست دەکەن، یان بازرگانی بە خەڵک دەکەن؟ ئەگەر وەڵامیان ئەوەی هەندێ بڕە قازانجێک و خزمەتکردنە، ئەی بۆچی بەکۆمەڵ ئەو یەکە نیشتەجێیانە بە پارەی کاش دەفرۆشنەوە هەندێ لە بازرگانی قۆرخکار، لەمەشەوە وەڵامی پرسیاری دووەمان دەست دەکەوێت کە کۆمپانیاکان و بازرگانە قۆرخکارەکانیش بازرگانی بە هاولاتییە

کڕیارەکـانەوە دەکەن، ئەگەر وانیـیە بـۆچی ڕۆژ بە ڕۆژ نرخـی شـــوقەو خانەوەکـــان بەرز دەکەنەوە، جـــاری وا هەیە دوای گرێبەستکردنیش لەگەڵ کڕیار پاش ماوەیەک ڕێژەی قیستەکەش بەرز دەکەنەوە، بەبـێ ئەوەی لێپێچینەوەیـان لەگەڵـدا بکرێـت، بازرگـانی بە خوازیـارانی زانسـت دەکەن، لە هەمـوو شـتێکدا بازرگانی دەکرێت، بەڵام چۆن دەکرێت بازرگانی بە بڕوانامە و زانستەوە بکرێت، لە هەردوو باردا بە ناوی بازاڕی ئازادی بێ یاسای کوردستان، سەرمایەدارو فرۆشیار بازرگانی بە کڕیارو بەکاربەر دەکەن، بەکاربەریش هیچ یاسایەک نییە پارێزگاری لێ بکات، بۆیە بە ناچاری ملکەچی هەموو مەرجەکانی فرۆشیار دەبێت. ئەم دیاردەیە نەک لە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووبەرەو یەکەکانی نیشتەجێبوون و کرێی خوێندنی زانکۆ ئەهلییەکان هەیە، بەڵکو بە زەقی لە تەواوی بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بەرچاو دەکەوێت، لە فرۆشتنی مارکەی کولێتی خراپ بە نرخی کوالێتی بەرزو مارکەی ئۆرجینالەوە تا دەگاتە خواردەمەنییەکان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر لایەنی دەروونی بەکاربەرو فەرهەنگی خەڵک جێدەهێڵێت، کار گەیشتۆتە ئەوەی هەندێ لە بازرگانان گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا ئێرانی و تورکی و چینییەکان مۆر بکەن خراپترین کاڵا هاوردە بکەن، بەهەرزانترین نرخ تا کێبرکێ کاڵا ناوخۆیی و مارکە ئۆرجینەڵە بیانییەکان بکات.

***لە ڕێگەوتی 2015/1/25 بڵاوبۆتەوە.**

## بزنسی مۆدێرن

دەرکەوتنی مۆدێلێکی تازەی بزنس و پەیداکردنی پارە لە هەرێمی کوردستان لە بواری پەروەردەو خوێندن و خوێندنی باڵاو کەرتی تەندروستی، فێربوون و وەرگرتنی بڕوانامەو چارەکردنی نەخۆشی و هاوردەکردنی دەرمانی کوالێتی بەرز دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لەبەرئەوەی ئێستا بەشێک لە بازرگان و سەرمایەداران بە لێشاو بۆ پەیداکردنی سەرمایەی زیاتر روویان کردۆتە کردنەوەی دایەنگە و باخچەی ساوایان و قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی تایبەت و نموونەیی و کۆلێژو زانکۆیی ئەهلی و پەیمانگەی فێربوونی زمان و پیشە بازرگانییەکان و، وەرگرتنی ئۆفەر بۆ خوێندنی باڵاو نوسینگەی ئاسانکاری لە وەرگرتنی قوتابی لە زانکۆ جیهانییەکان و، ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی پاسۆردو تۆفڵ و ئایلتس و...هتد، ئەمە مۆدێلەی بزنس لەبەرئەوەی خواستی زۆری لەسەرەو پێویستی بە سەرمایەیەکی زۆر نییە و وەبەرهێنانێکی باشی بازرگانی سەرمایەی بزنسمانەکانە، رۆژ بە رۆژ ژمارەی ئەو بزنسە بەشێوەیەکی مۆدێرنتر دەردەکەوێت و لە بازاڕ کێبرکێی لەسەرەو لە میدیا کوردییەکان رێکلامی بۆ دەکرێت، جا لە شاشەی تەلەڤزیۆنە ئاسمانی و لۆکاڵی و رۆژنامەو گۆڤارو رادیۆو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتەوە بێت یان لە دیواری شەقامەکانەوە، ئەو دامەزراوە پەروەردەییە ئەهلییە تایبەتانە ئەگەرچی بۆ کاری بزنسە، بەڵام لەلایەکی دیکە جیاکاری چینایەتی لەنێو کۆمەڵگە دروست دەکات، چونکە هەموو

هـاوڵاتییەک داهـاتی بەرز نیـیە و توانـای خەرجـی تێچووەکـان منـداڵەکەی و کرێـی سـاڵانەی خوێنـدنی نیـیە، سـاڵانە لە 1500 دۆلارەو دەست پێدەکات تا دەگاتە 10 هەزار دۆلار، جگە لەوەی دەبێتە هۆی گومان دروستکردنی شێوازی پەروەردەو خوێندنی کەرتـی گشـتی، بەهـۆی پاڵپشـتی و ئاسـانکارییەکانی حکـومەت بۆیـان و پەراوێزخسـتنی قوتابخانەکانی کەرتـی گشـتی، هەریەک لەو دامەزراوانە دروشـــمێکی ســـەرنجڕاکێش و هانـــدەریان هەڵبـژاردووە بـۆ راکێشـکردنی هاوڵاتیـان، لە هەنـدێ رێکـلام هـاتووە: (ئەگەر دەتەوێـت منـداڵەکەت ئایینـدەی رۆشـن بێـت لە قوتابخانەکەمان ناوی تۆمار بکە، یان ئەگەر دەتەوێت ئاییندەت مسـۆگەر بێـت و دوای دەرچـوون کـارت دەسـت بکەوێـت لە زانکۆکەمان ناوت تۆمار بکە...هتد)، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە بەشـێک لە گەورە بەرپرسـە بازرگانەکـان تێـوەگلاون بەوەی هەریەک پشکیان لەو دەزگایانە هەیە و هەڵسـەنگاندنی فەرمـی و میزاجی ساڵانە دەکەن کە کامەیان لە کامەیان ئاستی زانستی و کوالیتی خوێندنیان باشترە؟

ئەگەر ئەو بزنسە تاڕادەیەک بۆ پەروەردەو خوێندنی باڵا شیاو بێت، بەهـۆی کەمتەرخەمییەکانی حکومەت لە دروست نەکردنی باڵەخانە، ئەوا بزنسی تەندروستی و پزیشکی کارەساتە، چونکە ئەو کەرتە دەبێـت بەردەوام چـاودێری حکـومەتی لەسـەر بێـت بەهـــۆی پەیوەســـتبوون بە ژیـــان و گیـــانی هاوڵاتیـــانەوە، رێکلامکـردن بۆ پزیشکی نـاوخۆیی و بیانی و سـەنتەری گشـت زانستە پزیشکییەکان نیشانەی پرسیاری لەسەر میدیای کوردی

دروست کردووە، چونکە نابێت لەپێناو وەرگرتنی بڕە پارەیەکی ڕیکلام، هانی خەڵک بدرێت داهاتی خۆیان بخەنە گیرفانی بزنسمانە پزیشکە بیانی و ناوخۆییەکان، تەنانەت هەندێک لەو کەسانەی بزنس بە تەندروستی خەڵکەوە دەکەن بڕوانامەیان نییەو تەنها سەرمایەدارن، هەریەک لەو سەنتەرانە بە دروشمێک سەرنجی نەخۆش رادەکێشن، یان بۆ دەرمان و کرێمەکانیان هەمووی تەنها بازرگانی و رووتاندنەوەی خەڵکە، چونکە هەرچی دەرمان و کرێم و پزیشک هەیە بەڕێژەی زۆرینەی ناڕاست دەردەچێت.

هەندێجار کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی کوردستان لەپێناو دەرخستنی گەورە سەرمایەدارێک، نەخۆشێک دەهێنرێتە سەر شاشەو قسەی پێدەکرێت، گوایە فڵانە بزنسمان هاوکاری کردووە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکەی، ئەگەر ئەو نەبوایە گیانی لەدەست دەدا، جگە لە ڕیکلامی کەسی و دەرخستنی کەسی و کۆمپانیاکە نەبێت چیدی لێناخوێنرێتەوە، ئەوە سووکایەتییە بە نەخۆشەکە و بازرگانیکردنە بە نەخۆش.

سەبارەت بە کەرتی گەشتیاری ئەوە نوسینگەی زۆر کراونەتەوە هەم بۆ گواستنەوەی گەشتیاران لە ڕێگەی زەمینەوە یان ئاسمانی، رۆژانە و هەفتانە فڕۆکەخانەکانی سلێمانی و هەولێر جمەی دێت لەو گەشتیارانە، ئەمە جگە لە بەردەم نووسینگەی ڕێکخەرانی گەشتی زەمینی بە پاس و ئۆتۆمبێل، هەریەکێک لەو بزنسە گەشتیارایانە دروشمێکی تایبەتی بڵاوکردۆتەوە تا هانی گەشتیار بدەن سەردانی ئەوان بکەن، بەوەی باشترین

خزمەتگوزاری لە ئاسوودەیی گواستنەوەو هۆتێل و ریستورانت و خۆشترین شوێنی گەشتیاری، لەکاتێکدا لە بواری کردەییەوە دوورە.
هەرچەندە بەهۆی گرانی شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستانەوە وایلێهاتووە خەرجی گەشتێک بۆ هاوینەهەواری سۆلاف لە پارێزگای دهۆک جیاوازییەکی وای نەبێت لەگەڵ گەشتێک بۆ ئەنتالیا لە تورکیا، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە حکومەت کار نەکات بۆئەوەی بایەخ بە شوێنە گەشتیارییەکان بدات و چاودێری لە زێدەڕۆیی نرخی شتومەک لە شوێنە گەشتیارییەکان بکات، ئەگەرچی لە سەر ئاستی جیهان نرخ لە شوێنە گەشتیارییەکان بەرزترە لە شوێنی دیکەی گشتی، بەڵام نەک ئەو زێدە نرخەی لە کوردستان هەیە.
داهاتی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان (GDP) ساڵانە رێژەیەکی زۆر لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بەشێوەی دراوی قورس دەچێتە دەرەوە بۆ هاوردەکردنی کاڵاو کەلوپەل و کەرەستەو، تەنانەت هاتنی تیمە پزیشکییەکان و هێنانی دەرمان ئێکسپایەرو وەرگرتنی پارە لە نەخۆشی کوردستان لەلایەن سەنتەرە پزیشکییە بازرگانییەکان و، کرێی خوێندنی ساڵانەی قوتابخانە و زانکۆ بیانی و کارمەندەکانیان بە ناوی وەبەرهێنانی تەندروستی و پزیشکی و پەروەردەو خوێندن، ئەویش دەچێتە چوارچێوەی چوونە دەرەوەی پارەی خەڵکی کوردستان.
لە جێگەی هێنانی پزیشک و مامۆستاو ستافی کارگێڕی بیانی بۆ کوردستان و ناردنە دەرەوەی ئەو ژمارە زۆرەی خوێندکارە بۆ

زانکـۆ جیهانییەکـان کە بە هەزاران ملیـۆن دۆلار لە بـودجەی کوردسـتان بەهەدەر دەدات، بۆنمـوونە ئەگەر بـاس لە پـڕۆژەی تواناسـازی بکەیـن تەنهـا لە زانکـۆ بەریتانییەکـان خەرجـی هەر قوتـابییەک تـا ماسـتەر تەواو دەکـات 20 هەزار دۆلارە ئەگەر ژمارەی کورسی خوێندنی باڵا لە بەشـە زانستییەکانی زانکۆکـان زیـاد بکرێت و کوالیتی خوێندن باشـتر بکرێت، وای لێدێت پسـپۆڕی زۆرتـر پەروەردە بکرێـت و لە هەمـوو قۆناغەکـانی خوێنـدنیش گرفتـی پسـپۆڕو مامۆسـتا نامێنێـت بـۆ وەزارەتـی پەوەردەش کەموکـوڕی نامێنێـت، ئەو کـاتە لە دایـنگەوە تـا دەگـاتە زانکـۆو نەخۆشـخانەکانیش کـادیری کـارامەو لێهـاتوو پێدەگات، نـاڵێین لە پسـپۆڕەییە دەگمەنەکـان خوێنـدکار نەنێردرێـت، بەڵکـو بـایەخی زیاتری پێ بدرێت و کرانەوەی زیـاتر هەبێت و دەرفەتـی زۆرتـر برەخسێنرێت بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بڕوانامەی بەرزتر بەدەست بهێنن، ئەم کـاتە وەبەرهێنـانی راسـتەقینە لە بـواری پەروەردەو خوێنـدنی بـاڵاو کەرتـی تەندروسـتی دێـتە کـایەوە، بـۆ کەرتـی گەشـتیاریش بەهەمـان شـێوە لەبـری ئەوەی ئەو هەمـوو گەنـجە هەفتـانە سـەردانی وڵاتـانی لوبنـان و سـوریاو تـونس و ئێـران و تورکیـا بـکەن بـۆ وەرگرتنـی چێـژ لە شـوێنە گەشـتیارییەکان، بـا حکومەت سـوود لە دیزانـی هـاوینەهەواری وڵاتـان وەربگرێـت و شـوێنی شـیاوی زۆر هەیە لە کوردسـتان کەڵکـی لێوەربگرێـت تـا ئەو گەنجانە داهاتەکانیان نەبەنە دەرەوە خەرجی بکەن.

***لە رێگەوتی** 2011/10/17 **بڵاوبۆتەوە.**

## ڕەهەندی بزنس لە کوردستان

سەقامگیری و ئارامی هەرێمی کوردستان، هەلێکی زێڕینی بۆ گەشەپێدان لە هەموو بوارەکانی ژیان ڕەخساندووە، بەتایبەت لە بواری ئابووریدا، ئەوەش وایکردووە کە بزنس وکاری بزنسمان، بۆتە پیشەیەکی گرنگی بەشێک لە خەڵکی، هەریەک لەو خەڵکە بەپێی سەرمایەکەی کاری بزنس دەکات، لەو سونگەیەوە گەنجانی کوردستان ئەوەی لە دامەزراوەیەکی حکومەت بواری دامەزراندنی پێنەدرێت ڕاستەوخۆ دەچێتە کەناڵێکی بازرگانی یان بە کارمەند لەو کەناڵە دادەمەزرێت، بازاڕی کار لە کەرتی تایبەت لە کوردستان، ئێستا پێویستییەکی زۆری بە پسپۆڕی بزنس و شارەزایانی ئابوورییە، بە بەشە زانستییە هەمەجۆرەکانییەوە، لەبەرامبەردا هێزی کاری ئەو بوارە هەرچەندە ساڵانە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە زانکۆکانی کوردستان دەردەچن، بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستێک خواستی بازاڕ پڕبکاتەوە، ئەگەرچی زانکۆ ئەهلییە تازەکان کۆمەڵێ بەشی زانستیان کردۆتەوە، بەڵام هێشتا ئەو ژمارە ناگاتە ئەو ئاستەی بازاڕ پڕ بکاتەوە.

دەکرێت حکومەتی کوردستان لەڕێگەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە هاوکاری کەرتی تایبەت و شارەزایانی زانکۆ جیهانییە بەناوبانگەکان، جگە لەو ژمارە قوتابییەی ساڵانە لە بەشە زانستییە هەمەچەشنەکانی بواری ئابووری لە زانکۆ حکومییەکان وەردەگیرێن، ئەوە کردنەوەی بەشی زانستی لە زانکۆو پەیمانگا تایبەتەکاندا بەشەکان هاوشێوە نەبن، بەڵکە بە

پێی خواستی بازاڕی کوردستان بێت، ئەوکات دەرچووانی ئەو بەشە زانستییانە دەبنە سەرمایەیەکی مەعریفی زانستی و ئەکادیمی بواری بزنس وئابووری، واتە دەرچووانی زانستە ئابوورییەکان دەبنە شادەماری ئەجێندای سیاسی ـ ئابووری حکومەت. ئەوانەی ئێستا کاری بازرگانی دەکەن، یان نووسینگە و کۆمپانیای بازرگانیان هەیە، بە هۆی سەرمایەکانیانەوە، دەکرێت لە ئاییندەدا بازرگانیکردن جگە لە ئەزموونی کارکردن ببێتە پیشەیەکی بازرگانی ئەکادیمی، وەک ئەوەی لە وڵاتان باوە، کەسێک پیشەی بازرگانە، لەهەمان کاتدا دکتۆرای لەو زانستە هەیە و بڕوانامەو زانستەکەی دەخاتە بواری کردەییەوەو کەڵکی مادی لێوەردەگرێت، بەوەش زانستەکەی ڕێنیشاندەرێتی لە قازانج و زیان، واتە ڕەمەکی کاری بازرگانی ناکات.
پێشبردنی هەموو بوارەکانی ژیان بە ئابوورییەکی پتەو پەیوەستە، لەگەڵ بوونی دەوڵەتێکی بەهێزو خۆڕاگر کە ڕۆشنایی تیا بەدی بکرێت، ئەگەر ئابووری کوردستانیش لەسەر بنەمای زانستی دابڕێژرێتەوەو نەخشەرێگای ئەکادیمی بەپێی واقیعی کوردستان بۆ دابنرێت، لە ئاییندەیەکی نزیکدا بازدانێکی گەورە دەدات لەسەر ئاستی هەموو سێکتەرەکان و ژێرخانێکی بەهێز دێنێتە کایەوەو وڵاتێکی بچووکی لە شێوەی کۆریای باشوور دێتە بەرهەم بە ناوی کوردستان.

***لە ژمارە (3612) لە 2010/10/29 لە ڕۆژنامەی (خەبات) بڵاوبۆتەوە.**

## بەرپرسیارێتی بەکاربەر لە کڕینی کاڵای ماوە بەسەرچوو

کرانەوەی کوردستان بە رووی بازاڕەکانی جیهانی لە هاوردەکردنی هەموو جۆرە کاڵایەک، بێ ئەوەی هیچ لایەنێک خۆی بە بەرپرسیار بزانێت، بۆتە دیاریەک کە تەنگی بە کڕیارو بەکاربەرانی کوردستان هەڵچنیوەو متمانەی نەهێشتووە، بەجۆرێک بەکاربەر هەموو جۆرە کاڵایەکی خواردەمەنی و کەرەستەکانی ناوماڵ...هتد، بە چاوێکی سووک و جۆرێکی نزم سەیر دەکات، ئەمەش بۆتە یەکێک لە کێشە بەرچاوەکانی ئەمڕۆی بازاڕی کوردستان.

کۆمەڵێک هۆکار هەیە بۆ بەردەوامبوونی ئەو دیاردەیە لەوانە: کەمتەرخەمی حکومەت، بوونی کەسانی نەخۆش، کۆمەڵگەو خودی بەکاربەر...هتد، ئێمە بەردەوام گازندە لە حکومەت دەکەین بەوەی کەمتەرخەمە بەرامبەر بەم دیاردەیە و دەبێت سزای توندی کەسانە بدات کە لە پشت تەشەنەسەندنی ئەو دیاردەیەن، مافی خۆمانە و داوایەکی دروستە، بەڵام تا چەند توانیمانە کۆمەڵگا هۆشیار بکەینەوەو پەنجە لەسەر هەڵەکانی کۆمەڵگە دابنێین بەرامبەر بەو دیاردەیە؟ بەردەوام هەوڵ دراوە، بەڵام ناگات بەو رادەیەی کۆمەڵگەش یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە، بە سەرنجدانی ئەو کەسانەی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن بە کاڵای خراپ و ماوەبەسەرچوو دەکەن، دەردەکەوێت ئەوانیش تاکی ئەم کۆمەڵگەیەن، کەچی کۆمەڵگە نەیتوانیوە بەشێوەیەک پەروەردەیان بکات کە نابێت کاڵای خراپ و ماوە

بەسەرچو بێننە وڵاتەوە، چونکە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کومەڵگە، ئەمە یەکێکە لە کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگە لە رووی هۆشیاری و پەروەردەیی بەرامبەر بە تاکی خۆی، هەروەها کۆمەڵگە سزای تاوانباران نادات، راستە حکومەت دەبێت سزای یاسایی تاوانبار بدات، لەهەمان کاتدا کۆمەڵگەش دەتوانێت سزای بدات، نالێین بیکوژێت یان لێی بدات، بەڵکو دەتوانێت تاکەکان بەشێوەیەک پەروەردە بکات کە ئامادە نەبن شت لەو کەسانە بکڕن کە کاڵای خراپ و ماوە بەسەرچوو بفرۆشێت، تاکو بەخۆیدا بچێتەوە، نەک تەنها یەکلایەنە حکومەت بە هۆکاری ئەم دیاردەیە بزانرێت و تاوانباران بە دەوڵەمەندو زەنگینی ناو کۆمەڵگە ناوببرێن. لە لایەکی دیکە ئەگەر بەکاربەر هۆشیار بێت و کاڵای ماوەبەسەرچوو نەکرێت، یان کە بینی کاڵای ماوە بەسەرچوو لە لایەن فرۆشیارانەوە دەفرۆشرێت، لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بکاتەوە، ئەگەر لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەکرا، ئەوا لە دەزگاکانی راگەیاندن ناوی فرۆشیارەکە و جۆری کاڵا بەسەرچووەکە بڵاو بکاتەوە تا ببێتە پەند بۆ ئەوانی دیکە، بۆئەوەی یاری بە عەقڵی کڕیار نەکەن و لەسەر گیرفانی ئەو خەڵکە دەوڵەمەند نەبن، چەندە حکومەت بەرپرسیارە لە نەهێشتنی دیاردەی فرۆشتنی کاڵای ماوەبەسەرچوو، دوو ئەوەندەش بەکاربەر بەرپرسیارە لە بڵاوبوونەوەی ئەو دیاردەیە، چاکتر وایە رێگە بۆ حکومەت خۆش بکەین بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە کە لەئێستادا ژیانی هەموومان لە مەترسیدایە و، ساڵانە هەزاران تەن کاڵاو کەرەستەی

ماوەبەسەرچوو هاوردە دەکرێت، لە رووی تەندروستی و مادیشەوە زیانمان پێدەگات، تواناو هێزی مرۆیی و سەرمایەی کوردستان بەهەدەر دەبات، ئەمەش پێچەوانەی ستراتیژی کاری حکومەتە بۆ گەشەپێدانی ئابووری و توانی مرۆیی، کە سالآنە بۆ ئەو بەرنامەیە بودجەیەکی زەبەلاحی بۆ خەرج دەکرێت.

***لە رێگەوتی 2011/2/6 بلاوبۆتەوە.**

## هەڵکشانی نرخ لە مانگی ڕەمەزاندا

بەپێی یاساکانی زانستی ئابووری هەڵبەزو دابەزی ئاستی گشتی نرخ لە بازاڕدا دەگەڕێتەوە بۆ قەبارەی خواست و خستنەڕوو لە بازاڕدا، ئەوەش وایکردووە کاتێک خواستی بەکاربەر لە بازاڕدا روو هەڵکشان بکات ئەوا نرخی کاڵاو خزمەتگوزاری بەرز بێتەوەو بە پێچەوانەوە خواست کەم بوو ئەوا نرخ نزم دەبێتەوە، یان بە دیوێکی دیکە خستنەڕوو زۆر بێت نرخ کەم دەبێتەوە، ئەم یاسایە لە مانگی رەمەزانی پیرۆزدا لە بازاڕەکانی وڵاتانی ئیسلامی دەچەسپێت، چونکە بەکاربەری موسڵمان خواستی لەسەر کڕینی کاڵای خواردەمەنی زۆر دەبێت، لەبەرامبەردا هەرچەندە خستنەڕووی بەرهەم زۆر بێت، ناتوانێت ئەو خواستە زۆرەی بەکاربەر پڕبکاتەوە، بەتایبەت لە کوردستان کە رێژەی زۆرینەی پێداویستییە خواردەمەنییەکان لە دەرەوە هاوردە دەکرێن و بەرهەمی خۆماڵی ناتوانێت خواستی ناوخۆیی پڕکاتەوە، بەمەش نرخ لە بازاڕ بەرز دەبێتەوە، هەرچەندە ئەو زێدە خەرجییە لەلایەن بەکاربەرەوە هەم لە رووی ئایینییەوە رێگە پێنەدراوە، چونکە خوای گەورە کەسی زێدەخەرجی خۆش ناوێت، لەلایەکی دیکە لە رووی نیشتمانییەوە داهاتی نەتەوەیی بەفیڕۆ دەچێت.

ئەگەر سەیری ئاستی گشتی نرخی ئاڵتون و زەوی و خانووبەرەو ئۆتۆمبێل و موڵکەکان بەگشتی بکەین، ئەوا پێچەوانەی نرخی خواردەمەنی روو لە داکشانە و مامەڵەی بازرگانی روو لە کزییە، بە شێوەیەک بە رێژەی 20% زیاتر

نرخیـان دابەزیـوەو بەرەو نزمبـوونەوە دەچێت، بەشێکیشـی بـۆ ئەو سکهەڵگوشـینەی حکـومەت و بەشـێکی دیـکەی بـۆ دۆخـی سیاسـی عێـراق و کوردسـتان و پەیوەنـدی بەغـداو هەرێـم و قەیرانـی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان و راگرتنـی پـڕۆژە وەبەرهێنەرەکانی کوردستان.

لەو داکشان و هەڵکشانەی ئاستی گشتی نرخەدا لە بازاڕ ئەوەی زیـانی بەردەکەوێـت، هـاولاتی کەمـداهاتە، بەتـایبەت ئەوانەی داهاتیـان لە حکـومەت و دەرەوەی حکـومەت لە ئاسـتێکی زۆر نزمـدایە، بەڵام دەکرێـت لەم مـانگەدا موسـڵمانی فرۆشـیارو بازرگان ویژدانی موسڵمانێتی بیانجوڵێنێت و نرخ لە بازاڕ بەرز نەکەنەوە، سـەرباری ئەوەی خەڵکـی داوای زۆریـان هەبێـت، هەروەهـا باشـترە موسـڵمانی بەکـاربەریش خۆیـان لە کلتـووری زێـدەخەرجی دوور بگـرن، کە خۆیـان و براکانیـان زیانیـان بەردەکەوێت، کە دواجـار لەم رۆژوگـرتنەدا سـەرباری پاداشـتی رۆژی دوایـی ئەوا سـزا وەردەگـرن، چـونکە ئەو کـالاو خواردەمەنییەی لە ژەمێکی بەربانگکردنەوەو پاشێودا دەخرێتە سەر خوان، چارەگی ئەوەندەی ئامادەکراوە ناخوورێت و ئەوەی دیـکە دەخـرێتە زبڵـدانەوە، لەکاتێکـدا هەزاران موسـڵمان لەبەر برسێتی دەمرن، موسڵمانی راستەقینە ئەوەیە برای موسڵمانی لەدەسـتی بێـوەی بێـت، نەک ببێـتە هـۆی ئـازاردان و بەرزکـردنەوەی نـرخ و فرۆشـتنی خـواردنی ئێکسـپایەرو لەو کاتەشدا بە رۆژوو بێت.

*****لە 2013/7/10 لە هەفتەنامەی (بانگ) بڵاوکراوەتەوە.**

## پارەی زەکات بۆچی بەکاربهێنرێت؟

بەخشینی زەکات وەک سێیەم رایەڵەی سەرەکی ئایینی ئیسلام بە هەژاران و کەمدەرامەتەکان لە مانگی رەمەزانی هەموو ساڵێکدا، کاریگەری دەخاتە سەر بازاڕەکانی کوردستان و خواستی وەرگری زەکات بۆ کڕینی کاڵا بەرز دەکاتەوە. ئەو بڕە پارەی لە مانگی رەمەزاندا بە ناوی زەکات دەدرێت بە خەڵکی ئێجگار زۆرە، رەنگە بەخشینی بە کەسانێک وەک پێویست جێگەی خۆی نەگرێت لەسەر ئاستی گشتیدا، بەڵام دەکرێت بە شێوازێکی دیکە جێبەجێ بکرێت بۆ هەمیشەیی دیار بێت لە روانگەی جیهانبینییەوە، لە دونیاکەی دیکەش سوودی ئەو کەسەی هەبێت کە دەیبەخشێت، کە دواجار دەبێتە هۆی رازیکردنی تاکەکان و خوای گەورەو، بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان.

لە روانگەی ئابوورییەوە پێدانی زەکات بە کەسانی کەمداهات، ئەو بڕە پارەیە کە ساڵانە دەدرێت بە هەژارەکان جوڵەی بازاڕ خێراتر دەکات، هەرچەندە بڕی بەخشینەکە کەمە و بەقەد ئەوە نییە بەشێکی زۆری پێداویستییەکانی هەژارەکان پڕ بکاتەوە، بەڵام کەلێنێک پڕ دەکاتەوە، لەبەرئەوەی کەسانێک هەیە رەنگە لە مانگەکانی دیکەی ساڵ لەلایەن دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکاندا هاوکاری مادی نەکرێن، بەڵکو لە مانگی رەمەزاندا زەکات وەردەگرن و دەچنە بازاڕ پێداویستییەکانیان پێ پڕ دەکەنەوە، تەنانەت هەندێجار کەلوپەلی کەمالیشی پێ دەکڕن، بەتایبەت لە نیوەی دووەمی مانگی رەمەزاندا بەخشینی زەکات زیاتر دەبێت

و خواستی هەژاران بۆ کڕین بەرز دەبێتەوەو جوڵەی کڕین و فرۆشتن خێراتر دەبێت، بەتایبەت لە بازاڕە هەرزانفرۆشەکانی شارو شارەدێیەکان، ئەو پارەیەی لە زەکات دێتە بازاڕ زیاترینی بۆ کاڵای بەکاربردن و خواردەمەنییەکانە، بەتایبەت ئەو کاڵایەی لە دەرەوە هاوردە دەکرێت، کەوایە ئەو پارەیە بەو بڕە زۆرەوە دیسان وەک هەر بڕێکی تەرخانکراوی دیکە بە ناڕاستەوخۆ دەچێتە دەرەوەی کوردستان و لە بەرژەوەندی بازرگانانە، بۆیە تا زیاتر زەکات لە سەرمایەی راستەقینەی خۆیان بە هەژاران بدەن، قازانجی زیاتر دەکەن.

ئەو بڕە پارەیەی دەبەخشرێت بە ناوی زەکات، دەکرێت بخرێتە بواری وەبەرهێنان بۆ دروستکردنی قوتابخانە، زانکۆ، نەخۆشخانە، دایەنگە، باخچەی ساویان، پارکی گشتی سەوزایی، پڕۆژەی ئاو، پڕۆژەی کارەبا، هێڵی گواستنەوە شەمەندەفەر، میترۆ، ئەگەر لە هەندێ شوێنیش پێویست بوو مزگەوتی پێ دروست بکرێت، چونکە ئەو پڕۆژانە سوودی گشتی هەیە و خێرەکەشەی هەمیشەییە نەک کاتیی، جێگەی خۆشی دەگرێت، دەتوانرێت لەو رێگەیەوە خزمەتی گشتی هەرێمی کوردستان بکرێت، هەندێ لە سەرمایەدارو دەوڵەمەند بۆئەوەی باج لەسەر پڕۆژەو داهات و خانووەکانیان لابچێت، مزگەوت دروست دەکەن، کە لە هەندێ شوێن پێویست ناکات دروست بکرێت، راستە خەڵکی هەژار هەیە و پێویستی بە یارمەتییە بەتایبەت لە مانگی رەمەزاندا، بەڵام هێشتا نەگیشتۆتە رادەی ئەوەی لەبرسا بمرێت، دەکرێت بە ناوی یارمەتی هاوکاری مادی بکرێت نەک

بەخشینی زەکات، پێویستە شێوازی زەکاتەکان بەو شێوەیەش نەبێت بۆ شکاندنی عیزەت نەفسی خەڵکی کەمدەرامەت بێت، لە تەلەڤزیۆنەکان پیشان بدرێت، لە جێگەی ئەو یارمەتییە داراییە پێویستە خاوەنکارو پرۆژەکان کەسانی بێکار لای خۆیان بەگەڕبخەن، چ ئافرەت یان پیاو، تا فێری تەمبەڵی نەکرێن، چونکە ئەوە جۆرێکە لە سواڵکردن، بەڵام سەرمایەدارە دەوڵەمەندەکە خۆیان دەیدەنە کەسە هەژارەکە، ئەگەر وابێت لەلایەک کەسی کەمدەرامەت فێری کار دەکات و دوور دەخاتەوە لە تەمبەڵی و دەریدەهێنێت لە بازنەی بێکاری کە سوودی بۆ حکومەتیش هەیە، لەلایەکی دیکە دەتوانێت پارەی زەکاتەکە لە سندوقێک کۆبکرێتەوە بەسەرپەرشتی وەزارەتەکانی ئەوقاف و ئاوەدانکردنەو خوێندنی باڵاو پەروەردەو دەستەی وەبەرهێنان بە ناوی سندوقی زەکاتی هەرێمی کوردستان و، هەر پارێزگایەک سندوقێکی تایبەت بە خۆی هەبێت لە پڕۆژەکانی پارێزگاکە خەرجی بکەن، ئەو هەموو پارەیەی کە کۆدەکرێتەوە دوای دیراسەکردن لە بەسوودترین پڕۆژەی گشتی خەرج بکرێت، دەبێتە پڕۆژەی وەبەرهێنانیش و ژێرخانی ئابووری پێی بەهێز دەکرێت، بەڵام ئەو زەکاتەی ئێستا دەدرێت دەبێتە بەکاربردن بە کاڵای هاوردەکراوی وڵاتان و جێگەی ناگرێت تەنها سوودێکی کاتی چەند رۆژەی بۆ تاک یان خانەوادەیەک هەیە، ئەوانەی کەمئەندامیشن پێویستە هاوکاریکردنیان لە دەرەوەی زەکات بێت و حکومەت موچەی زیاتریان بۆ ببڕێتەوە.

بەو برە زۆرەی زەکات دەتوانرێت سەدان پڕۆژەی پێ بکرێت، بەتایبەت پڕۆژەی بچووکی کشتوکاڵی و پیشەسازی، کە دەبنە هـــۆی پەرەپێـــدانی کەرتە ئابوورییەکـــان و پڕکـــردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکان، دواجاریش چەند پڕۆژەیەکی بچووکی ئابووری دەبێتە هۆی پڕۆژەی تەواوکاری ئابووری زەبەلاحی لێدەربچێت، وەک ئەوەی ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هەیە.

ئەگەر کەسێکی بازرگان و سەرمایەدار زەکاتی راستەقینەی لە ماڵەکەی خۆی بدات و برەکەی ئەوەندە بێت پڕۆژەیەکی پێ بکات، با بە ناوی خۆی بکات وەک قوتابخانەی فلان کەس و زانکۆی فلان کەس و پڕۆژەی ئاو یان کارەبای فلان کەس و حکــومەت سەرپەرشــتی بکــات، یــان بیکــاتە کــارگەیەک و ســەرمایەگوزاری تیا بکات کرێکاری زۆری تیا کار بکەن و بەنرخــی خــۆی بەرهەمەکە بفرۆشــێتەوە یــا لە بــازاڕ کەمتــر بیفرۆشێتەوە، یان هەر هیچ نەبێت بیکاتە سوپەرمارکێتێک کاڵاو کەرەســتەکان بە نرخــی خــۆی بهێنێــت بفرۆشــێتەوەو کــوالێتی کاڵاکانی ئاست بەرز بێت، ئەوەش بەشێکە لە بەخشینی زەکات، بە ناڕاســـتەوخۆش بەهەشـــت مســـۆگەر دەکـــات و کرێـــارو بەکــاربەری گشــتی لە خــۆی رازی دەکــات، بــۆیە دەکرێــت بە زەکــاتی تەنهــا یەک ســـاڵ پـــڕۆژە تەواونەکـــراوە بەردەوامە ستراتیژییەکای پێ تەواو بکرێت، دەکرێت رێگا یەک سایدەکان بەو بــرە بکــرێنە جووتســاید تــا قوربانییەکــانی هــاتوچۆ کەمتــر بکرێنەوەو گیانی هاوڵاتیان پارێزراوبن.

***لە رێکەوتی** 2012/7/23 **لە رۆژنامەی (هەولێر) بڵاوبۆتەوە.**

## پەراوێزخستنی بەکاربەر لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا

زۆر جار لەکاتی پرۆسەی کڕیندا، هەندێ هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی هەیە کار دەکەنە سەر بەکاربەر تا کاڵاو کەلوپەلەکە بکڕن یان نەیکڕن، هۆکار ناوخۆیی مەبەست لە خودی بەکاربەرە لە هزرو بیرکردنەوەی خۆی لە وێناکردن بۆ ئەو کاڵایە کە تا چەند دەبێتە هۆی جێگەی ڕەزامەندی تا بیکڕێت، هۆکاری دەرەکیش واتا دەوروبەری بەکاربەرە تا چەند کاری تێدەکرێت لە کڕین و نەکڕینیدا، ئەو هۆکارانەی کار لە ڕەفتاری بەکاربەر دەکەن پەیوەستە بە خودی مرۆڤەکەوە بە هۆکاری ناوخۆیی دادەنرێن، لەوانە:

1.پێزانین: بەکاربەر ئەگەر زانیاری هەبێت لەسەر کاڵایەک، چ خواردەمەنی بێت، یان جلوبەرگ و کەلوپەلی ناوماڵ و ئامرازی گواستنەوەو هەر جۆرە کاڵایەکیتر هەبێت، بە جۆرێکی دیکە ڕەفتار دەکات کە چۆن و چی و چەند بکڕێت، پێزانینی پێشوەختە گۆڕانکاری لە ڕەفتاری بەکاربەر دەکات و لە کڕینی کاڵایەکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراو، ئەمە جگە لەوەی نرخیش تەحەکوم بە کڕینی دەکات، چونکە ئەگەر هەموو ئەو شتانە بزانێت و نرخی کاڵاکە بەرز بێت نایکڕێت.

2. کەسایەتی: کڕینی کاڵا، زیاتر دەگەڕێتەوە سەر کەسایەتی خودی مرۆڤەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە شێوەو جۆری بەکاربردنی کاڵا دەگۆڕێت، لە ڕەنگی جلوبەرگ و ئامرازەکان جیاوازی هەیە، کەسێک ڕەنگێکی بەدڵە کەسێکی دیکە ڕەنگێکیتر، هەروەها ستایل و جۆری کەلوپەلەکەش جیاوازی هەیە، کەسێک

حەز دەکات جۆرە مارکەیەک بەکاربێنیت، کەسێکی دیکە حەز دەکات جۆرێکی سادەی بازاڕی و بە نرخێکی کەم و هەرزان کاڵایەک بکڕێت.

3. هاندان: ئەم هۆکارە کار لە کڕین و بەکاربردنی کاڵا دەکات لە لایەن بەکاربەرەوە کە چۆن رەفتار بکات، بەوەی ریکلامە بازرگانییەکانی سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان و رووپەڕی رۆژنامە و گۆڤارەکان، تەنانەت رادیۆکانیش، کار دەکەنە سەر هاندانی بەکاربەر لە کڕینی کاڵادا، چونکە میدیا رەواج دەدەن بە کاڵاکان و هانی بەکاربەر دەدەن بۆ کڕینی کاڵا.

جگە لە هۆکارە ناوخۆیی و خودییەکانی رەفتاری بەکاربەر، هۆکاری دەرەکیش هەیە لە چۆنێتی رەفتارکردنی لە کاتی کڕینی شمەکدا، بەم شێویە:

1.رۆشنبیری: ئاستی رۆشنبیری بەکاربەر کاریگەری راستەوخۆی هەیە لە کڕینی کاڵادا، ئەو رۆشنبیرییە لە ئاکامی ئەزموونی بەکاربردن و کەڵەکەبوونی زانیاری گشتییەوە دروست دەبێت، جاری وا هەیە بەکاربەر ئاستی رۆشنبیری لە بەکاربردنی کاڵایەک نزمە و دوور دەکەوێتەوە لە کڕینی، لەهەمان کاتدا لە کاڵایەکی دیکە باشترەو دەچێت ئەو کاڵایە دەکڕێت.

2.خانەوادە: وەک یەکێک لە هۆکارەکانی رەفتارکردنی بەکاربەر کار دەکاتە سەر چونێتی کڕینی کاڵا، بۆ نموونە جۆرە جلوبەرگێک لە خانەوادەیەک بەکاردەهێنرێت و ئەندامانی ئەو خانەوادەیە ئەو جۆرە جلوبەرگانە دەکڕن وەک جلی مۆدە، بەڵام

خانەوادەیەكی كۆنەپارێز جۆری جلوبەرگیان جیاوازەو دەچن لە جۆری كلاسیك دەكڕن، بۆیە ئەندامانی ئەو بنەماڵە دەچنە ژێر كاریگەری خانەوادەكەیان لە كڕینی ئەو شتەدا.

3.چینە كۆمەڵایەتییەكان: لە دێرزەمانەوە رەنگ و كلتووری جیاواز هەیە، بۆیە ئارەزووی جۆراوجۆر هاتۆتە كایە، لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی دیكە شێوازی بەكاربردنیش جیاوازە، تەنانەت لە شارێكەوە بۆ شارێكی دیكە جیاوازی هەیە لە جلوبەرگ و خواردن، بۆیە ئەو كۆمەڵگەیە كار دەكەنە سەر بەكاربەر كە چ جۆرە جلوبەرگێك و خواردنێك بكڕێت تۆ بەكاری بهێنیت، رەنگە لە كۆمەڵگەیەكی دیكە ئەو جۆرە جلوبەرگ و خواردنە بە هیچ شێوەیەك بەكارناهێنرێت و لە بازاڕەكاندا ناخرێتەڕوو بۆ فرۆشتن.

بوونی بەكاربەر لە بازرگانی و بواری ئابووری خاڵی دەستپێكردنە بۆ هەنگاونان بەرەو بەرهەمهێنان پاشان بەدەستهێنانی قازانج بەپێی ئەو ستراتیژەی لایەنی بەرهەمهێن دایدەڕێژێت، بەشێوەیەكیتر لە هاوكێشەی قازانجكردن ناتوانرێت بەكاربەر پەراوێز بخرێت، بەڵكو دەبێت بەپێی ویستەكانی بەكاربەر پرۆسەی بەرهەمهێنان بخرێتەگەڕ، بەڵام ئەوەی لە كوردستاندا دەیبینین یەكێك لە خاڵە كوشندەكانی دژ بە بەكاربەر بریتییە لە پێشێلكردنی مافەكانی، هەموو بەكاربەرێك مافی خۆیەتی بزانێت لەبەرامبەر ئەو پارەیەی دەیدات چی پێدەفرۆشرێت یان چ خزمەتێك لەبەرامبەردا پێشكەشی دەكرێت، هەروەها ئەگەر ئەو كالایەی دەیكڕێت یان ئەو خزمەتەی

پێشکەشی دەکرێت لەبەرامبەر ئەو پارەیەی دەیدات فێڵی تێدا کرابێت یان لێی ئاگادار نەکرابێتەوە بووبێتە هۆکاری زیان دەبێت بۆی قەرەبوو بکرێتەوە.

لە بازاڕەکان سەرت لێدەشێوێت نازانی کامە کاڵا باشە و کامە خۆراک خراپە، فرۆشیار کێشەی نییە تۆ زیانت پێدەکەوێت و پارەکەت بەفیڕۆ دەڕوات، ئەوە گرنگە خۆی قازانج دەکات، لە هەمووی خراپتر ئەوەیە بەکاربەر وەک کوێری لێهاتووە ناتوانێت باشی و خراپی کوالیتی کاڵاکانی لێکجیا بکاتەوە، لە داهاتوودا چ کاریگەرێکیان لەسەر تەندروستی و ژینگەو...هتد دەبێت، بازاڕەکە دوورە لە بنەمای زانستی و باوەڕی ئایینی و ویژدانی مرۆڤایەتی. لایەنی حکومەتیش وەک پێویست کاری نەکردووە بۆ پاراستنی مافی بەکاربەر، یا هەندێکجار کەسانێک سزا دراون لەبەر پێشێلکردنی مافی بەکاربەر، بەڵام زۆر بەکەمی دەبینی بەکاربەر قەرەبوو کرابێتنەوە، بەوەی کاڵایەکی کوالیتی خراپیان پێ فرۆشراوە یان ئەم کاڵایە هۆکارێک بووە بۆ تێکدانی تەندروستی ئەو کەسە، بە پشتبەستن بە بنەما زانستییەکان و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو دۆخەی بازاڕی وڵاتەکەمان و پشتگوێخستنی مافی بەکاربەر، بەکاربەریش وەک کاڵا سەیر دەکرێت، چونکە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی کاڵای بیانی بۆ کوردستان گوێ بە خواست و مافەکانی بەکاربەر نادرێت، بەڵکو قازانجی بەرهەمهێنان و بازرگانان لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە.

***لە رۆژنامەی (خەبات) لە 2012/7/12 بڵاوبۆتەوە.**

## سیاسەتی کەمکردنەوەی نرخ

سیاسەتی دەستخستنەبازاڕ لە هەر وڵاتێکدا پەیوەستە بە فەلسەفە و سیستمی پەیڕەوکراوی ئابووری ئەو وڵاتە، بۆیە لە ئەگەری ڕوودانی هەر دیاردەیەکی ئابووریدا، فەلسەفە ئابوورییەکە ڕەنگدانەوەی لەسەر گرتنەبەری سیاسەتی حکومەت دەکات وەک دیاردەی هەژاری، بێبازاڕی و هەڵاوسان و داکشانەوەو قەیرانی دارایی.

سەرهەڵدانی هەر قەیرانێکی دارایی یان دیاردەی ئابووری، هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و سروشتی لەپشتەوەیە، بۆیە حکومەتەکان لە ئەگەری ڕوودانی هەر دیاردەو قەیرانێکی نەخوازراو ڕێوشوێن و سیاسەتی تایبەت بە چارەکردن دەگرنەبەر، ئەوەی لەو ساڵانەی دواییدا لە کوردستان ڕوودەدات، دیاردەی هەڵاوسان و داکشان و قەیرانی ئابووری نییە، بەڵکو قەیرانی داراییە کە لە ئەنجامی بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداو، هەروەها جەنگی نەخوازراوی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بە درێژای سەدان کیلۆمەترو دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕی وزەی جیهانی ...هتد. هەرێمی کوردستان بەرهەمی ناوخۆیی نەک کەمە، بەڵکو نزیکە لە سفرو ئاسایشی خۆراکی لە مەترسیدایە، ئەمەش وایکردووە قەیرانی دارایی دروست بێت پاشان دیاردەی داکشانەوە لە بازاڕ بێتە کایەوە، بەتایبەت لە نرخی کەرتی خانووبەرەو زەوی، ئۆتۆمبێل، بیناسازی بە گشتی، هەروەها لە نرخی کەرەستەو کاڵاو خزمەتگوزاری و کرێی خانوو فرۆشگەو کرێی کاتژمێری

ڕۆژانە و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و نزمبوونەوەی ڕێژەی وەبەرهێنـان و بەگەڕخستنی سـەرمایەگوزاری لە هەمـوو کەرتە ئابوورییەکانـدا. لەلایەکـی دیکە تـاڕادەیـەک کـاری کـردۆتە سـەر نزمبـوونەوەی ئـاڵوگۆڕی بازرگـانی و هـاوردەکردنی شـمەکی بیـــانی و کەمبـــوونەوەی بەکارهێنـــانی خزمەتگـــوزاری و کەرەســـتەکان، بەگشــتی ئەو قەیــرانەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ قــووڵ دەبێتەوە، شوێنەواری لەسەر تەواوی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردســتانی دانـاوەو خەریـکە هەنگـاو دەهـاوێژی بـۆ قەیرانـی ئابووری، بۆیە ئەگەر نەخشـەرێگەی خێراو ستراتیژی دانەنرێت ئەوا کوردستان ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی قووڵتر دەکاتەوە.

سیاســـــەتی دەستخســـــتنەبازاڕ لەو وڵاتـــــانە ڕوودەدات کە حکومەتاکانیــان سیســتمی سۆشیالیســتی (پلانــدانی ناوەنــدی) پەیـــــڕەو دەکەن، یـــــان هەنـــــدێ وڵات هەردوو سیســـــتمی ســـــەرمایەداری و سۆشیالیســـــتی پەیـــــڕەو دەکەن، بەڵام ئەو دەســتێوەردانەی حکــومەت هەنــدێجار لە سیســتمی ئــابووری تــێکەڵاودا ئەو کاتــانە ڕوودەدات کە دیــاردەیەکی ئــابووری لە شێوەی هەڵاوسان و داکشانەوەو بێبازاڕی یان قەیرانـی دارایـی ڕوودەدات، بەجۆرێـــک لە دۆخـــی داکشـــانەوەی بـــازاڕدا حکومەتەکـان دراوی تـازە دەخەنە بـازاڕو هاوکـاری دارایـی لە شێوەی بەخشش دەدەنە بەرهەمهێنەرەکان و بـاج لەسـەر کـاڵای ناوخۆیی و هاوردەکراوی بیانی کەم دەکەنەوە تا تێچووی کـاڵاو خزمەتگوزارییەکـان کەم بێـتەوەو بەکـاربەر بتوانێـت بە نرخـی کەمتر شمەک بکڕێت و هێزی کڕینی بۆ پەیدا بێت...هتد، بەڵام

ئەوەی ئێستا لە کوردستان ڕوودەدات پێچەوانەی ئەو فەلسەفە ئابوورییەیە کە بانگەشەی بۆ دەکات، چونکە حکومەت دەیەوێت ئابووری بازاڕی ئازاد پەیڕەو بکات، تا لە ڕێگەی خواست و خستنەڕووەوە بازاڕ بجولێت، لەهەمان کاتدا بەپێی ئەو یاسایە کێشە ئابوورییەکان، دیاردەکان، قەیرانەکان چارەسەربن، نەک دەستێوەردانی حکومەت، چونکە ئەو دەستتێوەردانە هێندە کاریگەری نابێت و ئەگەریش کاریگەریان هەبێت زۆر کەمە و ڕەنگدانەوەی نابێت، بۆیە داهات سنووردارەکان (فەرمانبەرانی حکومەت) بە کەمکردنەوەی ڕێژەی 10% تا 30%ی لە کرێی خانووبەرەو زەویانە و کرێی خوێندن و خزمەتگووزاری تەندروستی و نرخی دەرمان...هتد کەڵکی ئەوتۆ وەرناگرن، چونکە ئەوەی زیاتر لە شەش مانگ مووچەی وەرنەگرتبێت، یا چەند مانگ جارێک مووچە وەربگرێت، چۆن دەتوانێت کرێی شەش مانگ بە کەمکراوەیی بە ڕێژەی 30% بدات، هەرچەندە ئەو ڕێژەیە بە تەواوی لەلایەن خاوەن خانوو موڵکەکان جێبەجێ ناکرێت، ئەمە جگە لە نرخی دەرمان و کاڵاو خزمەتگوزاری بەرهەمهێنراوی هاوردەکراوی بیانی، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانە بەرهەمهێنراوی بیانین و، تێچووی بەرزەو هەمان تێچووی پێش ئەو بڕیارانەی حکومەتە، بۆیە لە ئەگەر پاڵپشتی نەکردنی حکومەت و پێنەدانی بەخشش بە بازرگانان و کەم نەکردنەوەی باج لە خاڵە سنوورییەکان کاریگەری ناکاتە سەر تێچوو، ئەمەش وا دەکات ئەو کاڵایانە بە هەمان نرخی پێشوو هاوردە بکرێت و ڕێژەیەکی

ئەوتـۆش داشـکانی بـۆ نەکرێـت، تەنهـا ئەو کـاتە دەبێـت کە بەرهەمەکـان نـاوخۆیی بـن و بەشـێوەیەکی خۆبەخـۆ نرخەکـان دادەبەزن و بەمەش لە بازاڕ بە نرخـی کەمتـر دەخرێتەڕوو، یـان لە ئەگەری کەمبـوونەوەی پـارە لە بـازاڕ، وەک ئەوەی ئێسـتا مووچەخۆرانی حکومەت دوو وەرز جارێک مووچە وەردەگرن و پـارە کەمە لە بـازاڕدا، ئەوا راسـتەوخۆ خواسـت کەم دەبێـتەوە، بەمەش خسـتنەڕوو زۆرە یـان جێگیـرە، ئەوا تێکـڕای نـرخ دادەبەزێت، بۆیە باشترین رێگە ئەوەیە حکومەت ئەگەر مووچەی پێ دابین نەکرێت و نەتوانێت پارە بخـاتە بازاڕەوە، ئەوا دەست نەخاتە بازاڕەوە، چونکە رووبەڕووی سیاسەتی دوو جەمسەری دەبێـتەوە، ئەگەر بووە دەوڵەت و ئـابووری سـەربەخۆی هەبێت دەتوانێت دراو چاپ بکات و بیخاتە بازاڕەوە، نەک ئەوەی ئێستا جێبەجێی دەکات، لەوەی لە چەندین لاوە بارگرانی دەخـاتە سـەر شانی هاوڵاتیان، لەلایەک رێـژەی بـاج و سزاکان بەرز دەکـاتەوە بە ئامـانجی زیـاترکردنی داهـات بـۆ دابینکردنـی مـووچە، لەلایەکیتـرەوە کرێـی خزمەتگـوزاری تەندروسـتی و خوێنـدن و خـانووبەرەو هۆیەکـانی گواسـتنەوەو گەیانـدن و پەیوەنـدیکردن کەم دەکـاتەوە. ئەو سیاسـەتەی گرتـوویەتیەبەر بـۆ ئەوەی کـار لەسەر کۆکردنەوەی داهاتی سەربەخۆ بکات لە داهاتی نـاوخۆیی و داهـاتی فرۆشـی نەوت کە پشت بە بەغدا نەبەستێت تـا چەنـد سـەرکەوتووە؟ هەرچەنـدە هەنـدێ کەس پێیـانوایە داهـاتی سـەربەخۆ لە رێـگەی فرۆشـتنی نەوت بە بـۆڕییەکی سـەربەخۆ، دەبێتە هۆی ئابووری سەربەخۆ بۆ کوردستان بێتەکایەوە، ئەمە

هەڵەیە، چونكە ئابووری سەربەخۆ ئەوكات دێتەدی، كە كەرتی كشتوكاڵ و پیشەسازی گەشەكردووت هەبێت و بەرهەمی ناوخۆیی هەرێمی كوردستان سەرباری پڕكردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەكان، ئەوا هەناردەی دەرەوەش بكرێت، نەك ئەوەی ئێستا بە رێژەی 90% هاوردەكراوی دەرەكییەو بەرهەمی ناوخۆیی بەشی پێداویستییە ناوخۆییەكان ناكات، هەرێمی كوردستان دەوڵەمەندە بە نەوتی ژێرو سەر زەوی، پێویستە داهاتی نەوتی ژێر زەوی لە سامانە سروشتییەكانی وزە بخرێتە خزمەت نەوتی سەر زەوی (كشتوكاڵ) كە سەرمایەیەكی هەمیشەییە و كۆتایی نایەت و، ئاسایشی خۆراك لە كوردستان لە مەترسی رزگار دەكات و دواجار دەبێتە قەڵغانی ئاسایشی نەتەوەیی كوردستان. نابێت حكومەت بەو دۆخەی تێیكەوتووەو دەسەڵاتی دارایی ئەوەشی نییە، سیاسەتێكی باوی جیهانی بۆ ئەو قەیرانە داراییە جێبەجێ بكات دەست بخاتە بازاڕو سیاسەتی كەمكردنەوەی نرخ پەیڕەو بكات، چونكە لە كۆتاییدا رەنگدانەوەی كەمی هەیە لەسەر ژیانی خەڵك جوڵەی بازاڕ.

*****لە ژمارە (5000) رۆژنامەی (خەبات) لە 2016/3/17 بڵاوبۆتەوە.**

## سکهەڵگووشین

سکهەڵگووشین زاراوەیەکی زانستی ئابوورییە، حکومەت وەک سیاسـەتێکی ئـابووری وڵات لە کـاتی کورتهێنـانی بـودجە دەیگرێتەبەر، لەو ڕێگەیەوە خەرجییەکانی خزمەتگوزاری گشتی کەم دەکاتەوە بەتایبەت خەرجییەکانی کاڵای بەکاربردن.

زۆر لە وڵاتـان کاتێک ئابوورییەکەیـان بەم قۆنـاغە تێپەڕیوە ئەم سیاسەتەیان گرتۆتەبەر، جا لە دۆخی کورتهێنانی بودجە بێت، یان کەمبوونەوەی داهاتی ساڵانە، کوردستانیش لە ساڵانی پێش 2003 چەنـد سـاڵێک ڕوبەڕووی ئەو جـۆرە قەیـرانە بـووەوە، ئەوکات سـەرچاوەی داهات وەک پێویست نەبوو. لەگەڵ ئەوەی لە ساڵانی ڕابردووشدا بەهۆی بێپلانی حکومەت لە ئامادەکردنی پڕۆژە بودجەدا، هەموو کات کورتهێنان ڕوویداوە، کەچی کاتێک بودجەی تەواوکاری هاتووە لە بەغدا ئەو کێشـەی چارە کراوە، ئەگەرچـی هەمـوو سـاڵێک گومـان لەسـەر کورتهێنـانی بـودجە هەبـووە، بەوەی ئەو کورتهێنـانە خەیـاڵی بـووە بـۆ خـۆڵکردنە چـاوی هاوڵاتیـان، زۆرجـاریش هێشـتا دوو مانـگ تێـپەڕی نەکردووە لەسەر جێبەجێکردنی یاسای بودجە، کەچی لەناکاودا حکـومەت ئاگـاداری گشـت دەزگـا حکومییەکـانی کـردووەو بە ڕاگرتنـی کڕینـی کـاڵای بەکـاربردن لە کڕینـی ئۆتۆمبێـل و گرێبەسـتی فەرمـانبەران و شـاندکردنی مامۆسـتایانی زانکـۆو کارمەنـدانی حکـومەت جـگە لە پۆسـتە بەرزەکـان و، نـاردنە دەرەوەی قوتابیـان بـۆ تەواوکردنـی خوێنـدنی بـاڵاو پێشـینەی هاوسـەرگیری و خانووبەرە...هتـد، تەنـانەت پڕۆژەکـانی

وەبەرهێنــانیش ڕاگیــراوە، کەوایە لە هەرێــمەدا بەبــێ ئەوەی کێشەی بودجەی هەبێت، هێشتا دوو نیوەی ساڵەکە تازە تێپەڕی کردووە، کەچی سیاسـەتی سکهەڵگووشین گیراوەتەبەرو بۆتە هۆی بێبازاڕییەکی زۆر، جگە هاوردەکردنی کاڵای بەکاربردنی خــواردەمەنی و کەلوپەکــانی ڕۆژانە و ئــامێرە کارەبــایی و دیجیتاڵییەکان، ئەویش زۆرینەی بە قیست لە لایەن بەکاربەرەوە دەکڕدرێـت، تەنـانەت وای لیهـاتووە بەهـۆی قیسـتەوە هەمـوو کوردستان بۆتە کەفیلی یەکتر، چونکە لە کۆی زیاتر لـە شـەش ملیۆن کەس نزیکەی ملیۆنێک و نیو مووچەخۆری حکومەتە و بوونەتە کەفیلی ئەوانەی کارمەند نین و ئەوانی دیکەش بوونەتە کەفیلــی هاوپیشــەکانیان. هەڵبــەتــە بــە ڕاوەســتانی پێشــینەی هاوسـەرگیری مـامەڵەی زێڕو مۆبیلیات بـەرەوکزی دەڕوات، بە ڕاوەستانی پێشینەی خانووبەرە بازاڕی کەرەستەی بیناسازی نامێنێت و ڕێژەی بێکاری زیاد دەبێت، بە شێوەیەکی گشتی بە ناڕاسـتەوخۆ تەقەشـوف، شـوێنەوار لەسـەر هەمـوو کایەکـانی ژیــانی هاوڵاتیــان دادەنێــت، لەکاتێکــدا ئەگەر حکــومەت خەرجییەکـانی لەسـەر بنەمـای یاسـای پەسـندکراوی سـاڵانەی بـودجە ئـەنجام بـدات، ئەوا داهـات و خەرجییەکـانی کە دیـاری کراوە، کورتهێنان بەو ڕێژەیە نابێت.( هەرچەندە لە ساڵی 2014ەوە تا 2020 هیچ یاسایەکی بوودجە کوردستان دەرنەچووە، بەهۆی ڕاگرتنی بوودجەی کرودستان لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵ)

***لە هەفتەنامەی (بانگ) لە 2013/6/23 بڵاوکراوەتەوە.**

## هەڵبەزو دابەزی بەهای دۆلارو کاریگەری لەسەر بازاڕ

هەڵبەزو دابەزینی بەهای دۆلاری ئەمەریکی لەبەرامبەر دراوە باوەکانی سەردەم لە بازاڕی دراوی جیهانیدا مێژوویەکی دێرینی هەیە و بەردەوامیش دەبێت، ئەمەش بەشێکی پەیوەستە دۆخی سیاسی جیهانی و بڕیارەکان و ناسەقامگیری پەیوەندییە نێودەوڵەتییە سیاسییەکانی جیهان، چونکە لە پشت هەر قەیرانێکی ئابووریدا بڕیارێکی سیاسی هەیە، ئەگەر سەیری کاودانی سیاسی ئەمەریکا، وڵاتانی ئەوروپا، چین و ژاپۆن بکەین، دەبینین هەر کاتێک ئەسپی ئەمەریکا لە رووی سیاسیەوە تاوی دابێت بەهای دۆلار بەرز بۆتەوە، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بووبێت، ئەوا بەهای دۆلار لەو وڵاتە دابەزیوە.بەرزبوونەوەی بەهای دراوی دۆلار لە بازاڕەکانی جیهاندا، دیاردەیەکی ئابووری بڵاوەو پەیوەستە بە هەڵبەزو دابەزی سیاسەتی ئابووری و بەرژەوەندییە رامیاریەکانی ئەمەریکا لە هەر وڵاتێکدا، هەر کاتێک هاوکێشەی سیاسەتی ئەمریکا لە جیهان بەرەو هەڵکشان بچێت، ئەوا دۆلارەکەی لە بۆڕسەی جیهانی بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دوای پەیدابوونی دۆلاری ئەمریکی، ئەو دراوە خۆی سەپاندووە بەسەر بازاڕی جیهان، ئەمەش پەیوەستە بە هەژموونگەری جیهانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە رووی سەربازی و هەواڵگری و ئابووری، چونکە لە پشت باڵادەستی ئەو دراوە وڵاتێکی زەلاح هەیە هەژموونی بەسەر بەشێکی زۆری جیهان هەیە، بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

عێـراق یەکـێکە لەو وڵاتـانەی کە مـامەڵەپێکردن بە دۆلار تیایـدا نـــیمچە فەرمیـــیە، چـــونکە هەمـــوو مـــامەڵە گەورەکـــان و ســەرمایەگوزاری و فرۆشــتنی کـاڵای هەنـاردەکراو کە ڕێـژەی 90% پێکـدەهێنێت بە دراوی دۆلارە، کەواتە لە بـازاڕی هێنـدەی دراوی دۆلار متمانە پێکراوە، دینـاری عێراقی بـاوەڕپێکراو نییە، بۆنموونە لە پاشەکەوتکردن لە بانکەکان، لە ماڵەکـان، ئـاڵوگۆڕی، حەواڵەکـردن، بازرگـانی هـاوردەو هەنـاردە هەمـووی بە دۆلارەو قەبارەی خستنەڕووی دراو لە بازاڕ بەراورد بە قەبـارەی دینـار زۆر زیــاترە، بەڵام بەهــۆی ئەوەی لەســەر ئاســتی حکــومەت و کەرتـی تـایبەت یـاری بـازاڕی ئـاڵوگۆڕی دراوی دۆلار دەکرێت. بەتــایبەت ئەو مــاددە یاســاییەی ئەنجــومەنی نــوێنەرانی عێــراق بانکی ناوەندی پابەند کردووە ڕێژەی کەمتر لە سـاڵانی ڕابردوو لە دۆلار بخـاتە بـازاڕ، ئەمە وایکـردووە بەهـای دۆلار لە بـازاڕی ئاڵوگۆڕ بەرز بێتەوەو دینار بەهای دابەزێت.

ئەو گۆڕانکـارییە لە دۆلار لە هەرێمـی کوردسـتان و بە گشـتی عێراق بە زیانی کەسانی کەمدەرامەت و مووچە ئاست نزمەکـان و داهـــات ســـنووردارەکانی وەک فەرمـــانبەرانی حکـــومەت و ئەوانەی داهاتی ڕۆژانەیان نییە، یان سنووردارە، لەبەرامبەردا بە قازانجی سەرمایەداران و ئەوانەی دراوی دۆلاریـان زۆر هەیە و بازارگانی کڕین و فرۆشـتن دەکەن تەواو دەبێت، لەلایەکـی دیکە حکومەت وەک سیاسەتێکی دارایی ئەم هەنگاوەی گرتـۆتەبەر تـا کەلێنە داراییەکـان و کورتهێنـانی خـۆی پـێ پڕ بکـاتەوە بەهـۆی

دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕی وزەی جیهانیدا، بەوەی ئەو بڕە دۆلارەی لە بانکی ناوەندی هەیە کەمتر خستوویەتیە بازاڕو ئەوەی دیکە لە بازاڕی رەش بە نرخی بەرز دەفرۆشێتەوە، ئەم هەنگاو حکومەتی کوردستانی لێ بەدەر نییە، چونکە هەمان سیاسەت بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی خۆی بەکاردەهێنێت بێ ئەوەی بە ئاشکرا خەڵک هەستی پێ بکات، بۆیە یاریکردن بە هەڵبەزو دابەزینی بەهای دراوی دۆلار بەتایبەت لە پڕۆسەی بەرزکردنەوەدا زیانی زۆر بە گشتی بۆ سەر بەکاربەر هەیە بەتایبەت بۆ ئەوانەی داهاتیان نەگۆڕە، چونکە لە بەرزبوونەوەی بەهای دۆلاردا، ئاستی گشتی نرخی کاڵاو کەرەستە و خزمەتگوزاری هەڵدەکشێت و بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت هەڵاوسان لە بازاڕ دروست دەکات، بەمەش ئەو داهاتە کەمەی کە لەبەردەست خانەوادەکانە وا دەکات روبەڕووی کورتهێنان ببنەوەو نەتوانن پێداویستییەکانی رۆژانەیان پێ پڕ بکەنەوە، دواجار واز لە هەندێ کەرەستەو کاڵای گرانبەهای ناپێویست بهێنن، یا بەدوای کاڵایەک بگەڕێن ببێتە جێگرەوەی ئەویتر بە نرخی کەمتر، یان هەر بە یەکجاری وازی لێ بهێنن و نەیکڕن، بەڵام هەرچی کەسانی دەوڵەمەندن لەم دۆخەدا سوود وەردەگرن وەک بازرگانی شەڕ ئەو دەرفەتە دەقۆزنەوەو داهاتیان بەرزتر دەبێتەوەو ناچار نین واز لە خواست و داواکانیان بێنن ئەگەرچی نرخی بەرزیش بێتەوە، چونکە لەبری ئەوەی داهاتیان کەمتر بێتەوە لەو حاڵەتە زیاتر دەبێت.هەڵبەزو دابەزی بەهای دۆلار کاریگەری نەرێنی لەسەر بازاڕو ژیانی

خەڵکی بەکاربەرو تەنانەت بازرگانانیش دادەنێت و جوڵەی بازاڕ سست دەکات، بەمەش بووژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان و عێراق لاواز دەبێت، تەنانەت گەشەی ئابووری پاشەکشە پێ دەکات و پەکی دەخات، بەجۆرێک سەرخان و ژێرخانی ئابووری هەڵدەگەڕێنێتەوە، وەک ئەوەی لە ساڵانی 1994-1995 لە سەردەمی جەنگی ناوخۆیی روویدا.

***لە ژمارە (61) لە حوزەیرانی 2015 گۆڤاری (تاوی کۆمەڵایەتی) بڵاوبۆتەوە.**

## ڕەفتاری فرۆشیار لە بازاڕدا

بـازاڕ بەهـۆی بـوونی خواسـتی کـاڵاو پێداویسـتییەکان و لەبەرامـبەردا خسـتنەڕوو ئەو کاڵایـانە گەرمتـر دەبێـت، لەنێـو بازاڕیشدا بەکاربەرو بەرهەمهێن هەریەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی مـامەڵە دەکـات، کڕیـار دەیەوێـت بە کەمتـرین نـرخ پێداویسـتییە پێویست و کەمالییەکانی دەستەبەر بکات، فرۆشـیاریش دەیەوێت زۆرتـــرین قـــازانج بەدەســـت بهێنێـــت، ئەوەی گـــرنگە بـــوونی فرۆشـیاری پڕۆفیشـناڵ و لێهـاتووە لەنێـو بـازاڕدا، کە متمـانەو دڵنیایی بۆ کڕیار زیاتر دەکات تا خواستی زۆرتـر بێت لە کڕینـی کەلـوپەل و پێداویسـتییەکانی، بەپێـی یاسـای "بـوب جۆنسـون" دەبێت فرۆشیار سێ تایبەتمەندی گرنگ لەخۆبگرێت: (زانیـاری، لێهاتوویی، ڕەفتار)، واتە دەبێت فرۆشیار زانیـاری زۆری لەسـەر جۆرو چۆنێتی و پاشخان و نرخی ئەو کاڵانەی خستوویەتیەڕوو بزانێت و، لێهـاتووانە ئەو زانیاریـانە بگەیەنێتە کڕیـار تـا بە لای خـۆی ڕایبکێشـێت،بەجۆرێک هەمیشـە فرۆشـیار لە بەرژەوەنـدی کڕیار هەنگاو بهاوێژێت و وا لە کڕیار بگەیەنێت کە هەست بکات هەمیشە قازانجی کردووە ئەو کاڵایەی کڕیوە، بەوەش سـەرنجی ڕادەکێشێت جارێکی دیکە هەمان کاڵا بکڕێتەوە، لە ڕەفتاریشدا لە کاتی مامەڵەدا هێمن و ئارام و نەرم و نیان بێت، نابێت لە کـاتی مامەڵەکردندا هەڵبچێت و بێڕێزی بەرامبەر کڕیـار بکـات، چونکە بە ڕەوشتبەرزی، ڕۆشنبیری، ڕاستگۆیی دەتوانێت کڕیـار وا لـێ بکـات کـاڵاکەی بکڕێـت، ناکرێـت فرۆشـیار ڕۆژانە لەگەڵ سـەدان کڕیـار ڕووبەڕووی کێشـەو شـەڕو پێکـدادان بێـت، دەبێـت بەپێـی

هەڵسوکەوتی کڕیارەکان مامەڵە بکات دەروونیان بخوێنێتەوەو لەگەڵ کڕیارە جۆراجۆرەکان بە لێزانی و ئەقڵانییەوە مامەڵە بکات، پێشێلی مافەکانیان نەکات، گرانفرۆش نەبێت، پێشوازی گەرم لە کڕیار بکات، دەم بە پێکەنین و خەندەوە نرخەکانیان پێ رابگەیەنێت، رەخنە و پێشنیارەکان وەربگرێت، لە کاتی گەڕانەوەی کاڵا یان بەدڵ نەبوونی کڕیار وەریبگرێتەوە بەبێ توڕەبوون و سووکایەتیکردن بە کڕیار، زانیاری تەواو بدات بە کڕیار لەسەر هەر کاڵایەک دەیفرۆشێت، سەوزەو میوە بێت یان کەلوپەلی مۆبیلیاتی ناوماڵ یان کارەبایی یان خواردەمەنی یاخود خواردن لە خواردنگەکان، یان هەر شتێکی دیکە، کاتێک رێکلام بۆ فرۆشتنی کاڵاکەی دەکات دەبێت راستگۆ بێت و فێڵ نەکات لە کڕیار، بۆ نموونە شتی خراپ و کوالێتی نزم بە مارکە و ئۆرجیناڵ بفرۆشێت، یان لە فرۆشتنی سەوزەو میوە سەرەوە جوان باش بێت لەناویشدا خراپ و بۆگەن بێت، یان وەک لە رێستورانتە بەناوبانگە گەشتیاری و میللییەکان گوشتی هیندی و بەرازیلی بە گۆشتی خۆماڵی بفرۆشرێت، هەندێجاریش گۆشتی مردوو یان گوێدرێژ دەدرێت بە کڕیار، ئەمە جگە لە کاڵای ماوەبەسەرچوو لەلایەن فرۆشیارانەوە بە نرخی کەمتر لە بازاڕ دەخرێتەڕوو بەبێ ئەوەی زانیاری بە کڕیار بدرێت، کە دواجار تووشی نەخۆشی و تەنانەت هەندێجار توشی گیان دەستدانی دەکات. هەندێ تایبەتمەندی دیکەیش هەیە دەبێت لە فرۆشیار هەبێت کەسێکی کراوەبێت رووخۆش و جلوبەرگی پاک بەپێی ئەو شێوەی فرۆشتن و پیشەکەی و لە ژمێریاری لێکدانەوەکان

زیرەک بێت، بۆ نموونە ئەو کەسەی شیرنەمەنییەکان دەفرۆشێت یان خواردنگەی هەیە یان نانەوای هەیە دەبێت دەستکێشی تایبەت لەدەست بکات، نابێت بەهەمان دەستی نان دروست دەکات، پاقلاوەی بکێشێت، کەباب ببرژێنێت یان پارەی وەربگرێت، چونکە ئەوە زۆر پیشەو میکرۆبی لەسەرەو کڕیارێکی زۆر تووشی نەخۆشی دەکات.

بازاڕی کوردستان ئەگەر لە زۆرینەی کالآ کێبڕکێی فرۆشتن نەبێت ئەوە لە هەندێکی هەیە، کڕیار بە دوای فرۆشیاری راستگۆو رەفتار جوان و هەرزانفرۆش دەگەڕێت، بۆیە دەبێت لەسەرئاستی گشتی بازاڕ کۆمپانیاکان بازرگانی و مامەڵەکاری فرۆشتن و کارگەکانی وەبەرهێنان و مۆڵەکان و رێستورانت و هۆتێلەکان شوێنە گەشتیارییەکان و شاری یارییەکان، تەنانەت مینی مارکێتی گەڕەکەکان و مۆبیلیات و دەستگێڕەکانیش بە هەموو فرۆشگەیەکەوە ئاگایان لە رەفتاری فرۆشیارەکە بێت، ئاگایان لە مافی بەکاربەر هەبێت، وەکچۆن لە هەموو وڵاتێک یاسایەک هەیە بۆ پاراستنی مافی بەکاربەر کە بەپێی ئەو یاسا داکۆکی لە مافیان دەکرێت، کەچی لە کوردستان تەنها یاسا هەموارکراوە عێراقییەکە هەیە، بەڵام لە کردار کاری پێناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا حەقە فرۆشیار رەچاوی لایەنی ویژدانی بکات، پێش ئەوەی کار بە یاسا بکات، واتە ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری فرۆشیار لەو بەرزتر بێت لە رەفتار جوانی بەرامبەر بە کڕیار.

***لە ژمارە (30) 2011/1/25 لە رۆژنامەی (بازاڕ) بڵاوکراوەتەوە.**

## کاراکتەری ڕێکلامە بازرگانییەکان

ڕێکلام لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، ئەو ئامرازو ڕێچکەیەیە کە بەرهـەمهێن یـان کۆمپانیـا فرۆشـیارییەکان بـەکاری دەهێـنن، بـۆ ڕازیکــردن و قــایلکردنی بەکاربــەر لــە ڕەواجــدان بــە کــاڵاو بەرهەمەکانیان، بەمەش چەندین شێواز دەگرنەبەر قەناعەت بە زۆرتـرین بەکاربــەر بکـەن کـە بەرهەمــەکانیان لەسـەر ئاسـتی بازاڕی گشتی باشترین و هەرزانترین جۆری کاڵایە.
کۆمپانیاو دامەزراوە بازرگانییەکان بۆ ساغکردنەوەو ڕەواجدان بە کاڵاکانیـان، تـا زۆرتـرین ڕێـژەی بگـاتە دەسـتی بەکـاربەرو قـازانجی زیـاتر بـکەن، بە فرۆشـتنی ژمـارەیەکی لەرادەبەدەر لە بازاڕەکاندا، دێن ڕێکلام بڵاو دەکەنەوە بە چەندین جۆرو شێواز، گرتنەبەری شێوەی بینراو، بیستراو یان نووسراو بێت، بەڵام لە ئەمڕۆی دونیای پێشکەوتنەکاندا ڕێکلام بۆ کاڵای بەرهەمهێنراو تاکە ئامرازی کەناڵی تەلەڤزیۆنییە، چونکە کاریگەری دەروونی ڕاستەوخۆ لە بینەر دەکات. لە کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا بازرگان و کۆمپانیا بازرگانییەکان هۆشیاری ڕێکلامکردنی کاڵاو کەلوپەلەکانیـان نەبـووە، بەڵام لەمـدوییانە خەریـکە هۆشــیاری ڕێکلامکـــردن بـــرەو دەســـێنێت، ئەگەرچـــی کڕیـــاریش ئەو هۆشیارییەی نەبووە، تا لە ڕێگەی ڕێکلامی میدیاکانەوە زانیاری لە سـەر ئەو کـاڵایە وەربگرێـت و دواجـار بیکرێـت، ئێسـتا کۆمپانیاکـان بۆ پڕفرۆشکردنی کەلـوپەل و خواردەمەنییەکـان بە نرخێکـی هەرزان چەنـد کەسـێکی نەناسـراو بەکـاردەهێنن بـۆ

ڕیکلامکـــردن کە بایەخیـــان لە لای بەکـــاربەر نیـــیە، تەنـــانەت هەندێکیان تەنها بۆ جاری یەکەمە لە ڕیکلامەکان دیار دەکەن و کەس نایانناســـــــێت، ئەمە جـــــــگە لەوەی ســـــــیناریۆی ڕیکلامکردنەکەشـیان لە ئاسـتێکی نزمـدایە، کاتێـک بەکـاربەری ڕۆشنبیرو هۆشیار تەماشـای ڕیکلامەکە دەکات، قێز لە کاڵاکە دەکـــاتەوە، بەوەی هەنـــدێ لەو کەســـانەی بـــۆ ڕیکلامکـــردن بەکـاردەهێنرێن، هێنـدە دووبـارە دەبـنەوە کڕیـار بێـزار دەبێـت، نەمـازە هـان بـدرێن بـۆئەوەی خواسـتی کڕینیـان زیـاتر بێـت، شێوازی ڕیکلامکردنیان هێندە ناشیاوو ئاست نزمە، کڕیار شەرم دەکات ئەو کاڵایە بکڕێت، جاری وا هەیە کاراکتەرێک ڕیکلام بۆ چەند جۆری کەلـوپەل دەکـات، یـان یەک جۆر خـواردەمەنی بە ناوی جیاواز، بۆ نموونە لە یەک کاتژمێردا ڕیکلام بۆ جۆرەهـا ماسـت دەکـات، گـوایە هەریەکەیـان کـوالیتی بـاش و نرخیـان هەرزانە و باشـترین جـۆرن، بەکـاربەر فریـو دەدات، چـونکە نازانێت کامەیان باشترە تا بیکڕێت، ئەمە جگە لەوەی سیناریۆی ڕیکلامەکردنەکە لە ئاستێکی نزمە بینەری کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان تووشـی دڵەڕاوکێ دەکات و وا دەکات بینەر متمـانە بەو کەنـاڵە تەلەڤزیـۆنە نەمێنێت، چـونکە زۆربەی ڕیکلامەکـان بۆ ئەو کـاڵاو کەلوپەلەکان دەکرێت ناڕاستن و ستاندار نییە، بۆیە دەبێت کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکـــانیش لیژنەیەکیـــان هەبێـــت بەمەبەســـتی بڵاوکـردنەوەی ڕیکلامەکـان و فلتەرێکیـان هەبێـت بـزانن کـامە ڕیکلام شیاوە، ئینجا بڵاوی بکەنەوە، لەبەرئەوەی ڕێژەی زۆری بیـنەرو جەمـاوەری کەنـاڵەکە گرنگتـرە لە بەدەسـتهێنانی بـڕە

داهـاتێکی کۆمپانیاکـان بـۆ کەنـاڵە تەلەڤزیۆنییەکـان، بـۆ کەنـاڵە تەلەڤزیۆنییەکـانی پـارتە سیاسـییەکانیش دووجـار گرنگتـرە ئەو فلـــتەرە، لەبەرئەوەی کەنـــاڵی حیزبـــی سیاســـین و بیـــنەر لەو کەناڵەوە سیاسـەتی پارتە سیاسییەکان دەخـوێنێتەوە، لە لایەکی دیـکە پێویسـتە کۆمپانیاکـانیش بۆئەوەی بەرهەمە هاوردەکانیـان یان کـاڵا بەرهەمهێنراوەکانیـان پڕفرۆشـتربێت و رێـژەی کڕیـاری کاڵاکانیـــان بەرز بـــکەنەوەو قـــازانجی زیـــاتر بـــکەن، ســـتایلی رێکلامەکانیـان لە میـدیا بـکەنە سـتانداردو، بەرانـبەر بەکـاربەر راسـتگۆبن و، کەسـانێکی ناسـراوو خۆشەویسـتی نێـو جەمـاوەر بەکاربهێنن بۆ رێکلامکردن باشە، تـا بە رێکلامەکانیـان سـەرنجی بەکاربەر رابکێشن نەک قێز لە کـاڵاکە بکەنەوەو لە کڕینـی دوور بکەونەوە، ئەمە لەکاتێکدایە بەکاربەر لە بازاڕەکانی جیهان سوود لە رێکـلام وەردەگرێـت بەوەی ئاسـانکاری بـۆ دەکـات لە کڕینـی کـاڵاو پێداویسـتییەکانی رۆژانە یـان مانگـانە خواسـتی لەسـەرە، تەنانەت وەک رێنیشاندەرە بەکاربەر ئاگـادار دەکـاتەوە لە جـۆرو نرخ و شوێن و کاتی کاڵاکە، کەچـی لە کوردسـتان رێکلامکردنـی زۆربەی کاڵاکـان تەنهـا بەکـاربەر لە جـۆرو شـوێنەکەی ئاگـادار دەکــاتەوە، بــێ ئەوەی نرخــی کەلــوپەل وکــاڵاکە رابگەیەنرێــت، بەوەش سەرنجی کڕیار کەمتر بە لای خۆی رادەکێشێت، چونکە ئەگەر زانیاری لەسەر نرخی هەبێت ئەوکات بەپێی داهـاتی خـۆی بیـر لە کـڕین و بەکـاربردنی ئەو کـاڵایە دەکـاتەوە، جـا کـاڵاکە پیویست یان کەمالی بێت.

*لە رۆژنامەی (خەبات) لە 2011/5/14 بڵاوکراوەتەوە.

## پاشەکەوتکردنی زێڕ

بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان وەک بەشێکی کۆمەڵگەی نەریتی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی، زێتر خواستی لەسەر زێڕە، بۆیە لەو کاتانەی خەڵکی ئاستی داهاتی بەرزتر دەبێتەوە، روو دەکەنە کڕینـی زێـڕ، بەتـایبەت ئەوانەی مانگـانە بەشـێکی داهاتەکەیـان پاشــەکەوت دەکەن، لە جیـاتی ئەوەی وەک پـارەی نەختیـنە بە دراوی نیشـتمانی یـان دراوی قـورس پاشـەکەوتی بکەن یـان لە بانک هەڵیبگرن، هەر بڕە پارەیەکی زێدە لە مووچەکەیان چەند میسقالێک زێڕ دەکڕن، ئەو دیاردەیە لە هەرێمی کوردستان سـاڵ بە ساڵ بڵاوتر دەبێت.

ئەگەر ئابووریـانە بـڕوانینە ئەوەی بـۆچی لە کوردسـتان خەڵـک متمانەیـان بە زێـڕ زیـاترە بەراورد بە دۆلار، ئەوا بەشـێکی بـۆ فەرهەنـگ و ئەوی دیـکە بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە کە دراوی دۆلار بەهای جێگیـر نییە و هەڵگرتنی قورسـترەو ئەگەر بۆ مـاوەیەکی زۆریــش هەڵبگیرێــت بەهــای بەرز نــابێتەوە بەراورد بە زێــڕ، هەرچەنـدە ئەگەر بەهـاکەی بەرز یـان نـزم بێـتەوە بە شـێوەی رێژەییە و کاریگەری کەمترە، بەڵام هەڵبەزو دابەزی نرخـی زێڕ ئەگەرچـی رێـژەکەی زۆرەو پەیوەسـتە بە بـازاڕی جیهـانییەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەو سـاڵانەی دواییدا بـەهۆی قەیرانـە یـەک لـە دوای یەکـەکانی هـەرێمی کوردسـتان کـە شـوێنەواری لەسـەر کەمبـوونەوەی خواسـتی خەڵـک لەسـەر کڕینـی زێـڕ بەراورد بە سـاڵانی پـێش 2013 هـەبووە، بـۆ نمـوونە سـاڵی 2013 (116)

تۆن زێڕ هاوردەی کوردستان کراوە، بەڵام ساڵی2014 ئەوە ڕێژەکە نزمبۆتەوە بۆ 77 تۆن و 725 کیلۆ زێڕ هاوردە کراوە.
سەرباری ئەوە فەرهەنگی پاشەکەوتکردنی زێڕ لە کوردستان ڕەگێکی مێژوویی هەیە و بۆتە بەشێک لە کلتووری خەڵک و، متمانەیەکی تەواویان بە زێڕ هەیە بەراورد بە دینارو دۆلار، لە ئاییندەشدا ئاسان نییە، خەڵک متمانە بە زێڕ لە دەست بدەن، بەڵکو وێڕای ئەوەی نرخی ئۆنسەی زێڕ پەیوەستە بە بۆڕسەی جیهانیەوەو نرخەکەی لە یەک ئاستدا نییە.

***لە** 2015/1/29 **لە ڕۆژنامەی (خەبات) بڵاوبۆتەوە.**

# کڕین و فرۆشتنی ئۆنلاین

له ئاكــامی هاتنەكــايەی تەكنۆلۆژيــای مــۆدێرن و كەڵــك لێوەرگرتنی لە بـازاڕو بازرگـانی، ژمـارەيەكی زۆر لە هاوڵاتيـان ئینتەرنێت بەكاردەهێنن بۆ كڕینی پێداويستييەكانيان، كۆمپانيـاو بەرهەمهێــنەرو فرۆشــيارانيش كــاڵاو كەلوپەلەكانيــان تێــدا دەخەنەڕوو، بەمەش ژمارەی بەكارهێنەران لە ڕێگەی ئۆنلاينەوە رووی لە هەڵكشــان كــردووە، مەگەر ئەو وڵاتــانە نەبێــت كە تائێستا سەرچاوەی داهاتيان كەمە ناتوانن سوود لـە ئامرازكانی تەكنەلۆژيا وەربگرن.

هەرچەندە ئەو مۆدێلەی كڕین و فرۆشتن لە ڕێگەی ئینتەرنێت هێشــتا لە كوردســتان زەمينەســازی بــۆ نەكــراوەو ئاســتی پێشكەوتنی تەكنۆلۆژياو بزنس و بازرگـانی و بـازاڕ نەگەيشـتۆتە ئەو ئاستەی كڕيارو فرۆشيار سوود لە ئینتەرنێت وەربگرن بۆ خواستی كڕينی هەموو جۆرە كاڵايەك و خستنەڕووی بەرهەم بـۆ فرۆشـتن، جـگە لە هەنـدێ جـۆری ڕێكـلام و پڕوپاگەنـدە بە ڕێژەيەكی كەم نەبێت، ئەوەش كاريگەری ڕاستەوخۆی نەبووە، بەڵكو تەنها ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەڤزيۆنە لۆكاڵی و ئاسمانييەكان هانی بەكاربەر دەدەن بۆ كڕينی كاڵاو شمەكەكان، لەگەڵ ئەوەی رەنگە بەكاربەری زۆريش هەبن خوازياری ئەو جۆرە مۆدێلەن، بەڵام ئاستەنگی زۆر لە بەردەم پەيڕەوكردنی ئەو ڕێگەيە لەوانە:

1.نزمی ئاستی داهـاتی تـاكە كەس و نەبـوونی ڤيـزا كـارت يـان كارتی دڵنيايی (Credit Card).

2.نەبوونی هۆشیاری و رۆشنبیری لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاو متمانە نەبوون بەو سیستمە.

3.کوالێتی هێڵی ئینتەرنێت لە ئاستێکی نزمە و بەکاربەر تووشی دڵەڕاوکێ دەکات.

4.بەشێکی زۆری خەڵک زمانی ئینگلیزی نازانن، ئەمەش لەمپەرێکی دیکە لە بەکارنەهێنانی لەلایەن فرۆشیارو کڕیارەوە.

5.لە کوردستان تا ئێستا بازاڕی ئۆنلاین بۆ بەکاربەر فەراهەم نەکراوە بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن حکومەتەوە دانی پێنرابێت.

لەگەڵ ئەوەی بازاڕکردن بە شێوەی ئۆنلاین یان بازاڕکردنی راستەوخۆ لە رێگەی ئینتەرنێتەوە کاتێکی کەمی دەوێت و هەموو کات کراوەیە و ماوەیەکی کەم دەخایەنێت و هەموو شتێک دەستەبەر دەکەیت، ئەمە جگە لەوەی زانیاری تەواو وەردەگریت لەسەر نرخی کاڵاو جۆرو کوالێتی و بوونی کەتەلۆک و بەردەوامی پەیوەندی لەنێوان کڕیارو فرۆشیارو شیوازی ستایلی دوایین مۆدێلی جلوبەرگ و مارکەی ئۆرجیناڵ و ساختەت بۆ روون دەبێتەوە، ماندووبوونی کەم و ئاسانکاری زۆرو بە نرخی نزم، بە گشتی بە دڵی خۆت هەرزانی لە نرخ و ئازادی لە هەڵبژاردنی کاڵاو کەرەستەو پێداویستەکان، سەبارەت بە فرۆشیار، ئاسانکاری زۆرتری بۆ دەکات لە رێکلامکردن و فرۆشتندا، چونکە بە نرخێکی هەرزان رێکلام دەکات و کارمەندی فرۆشیاری کەمی دەوێت، ئەوە وا دەکات تێچوونی کەمتر بێت و بە هەرزانتر بیفرۆشێت.

بەکـــاربەر دەتوانێـت سـوود لە ئینتەرنێـت وەربگرێـت، کاتێـک دەتەوێـت شـتێک بکڕیـت دەتوانیـت لە ئینتەرنێت بگەڕێیـت و زانیاری باشی لەسەر کۆبکەیتەوە، ئەو کاڵایە چەند جۆری هەیە، پێکهـاتەی چـۆنە، مۆدێلەکـانی چـین؟ بەرهەمـی کـام کۆمپانیـا باشـترینە، تەنـانەت وەرگرتنـی نرخـی کـاڵاکە لە کۆمپانیـای بەرهەمهـێن، بە بەدەسـتهێنانی ئەم زانیاریـانە لەبـارەی ئەو کـاڵایەی تـۆ دەتەوێت بیکڕیـت بـۆت دیـار دەکەوێـت چـی و چ جۆرێـک دەکڕیـت، هەروەهـا لەکـاتی چوونـت بـۆ بـازاڕ پێوسـتت بەوە نابێـت فرۆشـیار پێت بڵێـت ئەمە بـاش و ئەوە خـراپە، یـان کەمزانیاریت بقۆزێتەوە کاڵایەکی خراپ یان گرانت پێ بفرۆشێت، بەڵام بە کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەتوانیت کڕینەکەت تەندروستتر بێت و زیاتر بە دڵی تۆ بێت، بۆیە ئەگەر نەتوانین لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بکڕین، بەڵام دەتـوانین زانیـاری لەسەر کاڵای ویستراو وەربگرین، لەکاتێکدا ئامانجی سەرەکی لە کڕینی کاڵا جۆرەکەیەتی.

ئەو شـێوازەی بـازاڕی کـڕین و فرۆشـتنە لە سـەدان مـاڵپەڕی جیهانی بڵاوەو ڕیکلامی بۆ دەکرێت و زۆرینەی کۆمپانیاو مارکە ئۆرجیناڵەکـــان راســـتەوخۆ ئەو خزمەتگوزارییـــانەی خســـتۆتە بەردەست کڕیار، هەندێ پێی دەڵێن بازرگانی ئەلیکترۆنی. وێڕای ئەوەی بازاڕی ئەلیکترۆنی هەنووکە بەشێوەیەکی بەربڵاو کـاری پێـــدەکرێت و مـــامەڵەی کـــڕین و فرۆشـــتنی گەرم کـــردووە، ئەگەرچـی هێشـتا بە ڕێژەیەکـی زۆر لە وڵاتـان ئەو شـێوازە بەکارناهێنرێت، بەهۆی جیاوازی کللتوورو ئاستەنگەکانی بەردەم

تەکنۆلۆژیــاو سیســتمی سیاســی و ئــابووری و کــۆمەڵایەتی میللەتــانەوە، بەڵام لەنێــو وڵاتانــدا زۆرتــرین مــامەڵەی کــڕین فرۆشـتن لە رێـگەی ئینتەرنێـتەوە لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـان و بەریتانیاو ئەوروپای رۆژئاوایە، بە ئومێدی ئەوەی رۆژێک بێت ئاستی گەشەپێدانی ئابووری و تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان هێندە پێش بکەوێت، لە کوردستانیش ئەو شێوازەی کڕین و فرۆشتنە ببێتە کلتوورو ئاسانکاری بۆ کڕیارو فرۆشیار بکات.

*لە 2010/10/15 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە.

## ڕکابەریکردنی کاڵای بیانی

تەواوی کەرتە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت کەرتی بازرگانی گەشەی بەخۆوە بینیوەو، جوڵەی بازرگانی لەنێوان وڵاتان لەگەڵ کوردستان برەوی سەندووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جوڵە بازرگانییە تەنها بردنە دەرەوەی پارەی کوردستانە و تەرازووی بازرگانی هەرێمی کوردستانی لاسەنگ کردووە، بەوەی بازرگانی کوردستان خۆی لە هاوردەی کاڵای بیانی هەرزان بەهاو کوالیتی نزم دەبینێتەوە، ئەمە جگە لەوەی تەنانەت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکانیش کاڵای خۆماڵی لە هەموو جۆرەکان ناتوانرێت دابین بکرێت، بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی خۆراک.

ناتوانین ڕکابەری کاڵای بیانی ببینەوە بەتایبەتی لە نرخدا، ئەمە تەنها کێشەی کوردستان نییە، بەڵکو کێشەی زۆر لە وڵاتە پێشکەوتووەکانە وەک ئەمەریکا، ژاپۆن ...هتد، لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بەشێوەیەکی زەق ئەم کێشەیە هەیە، کە وڵاتێکی ئەوروپی بەرهەمێک دروست دەکات بڕی تێچووەکەی زۆر دەکەوێت و ناتوانێت ڕکابەری کاڵایەک بکات لە نرخدا لەگەڵ کاڵای وڵاتێکی وەک چین بکات، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەرزانی نرخی کەرەستەی خاوو کەمی تێچووی هێزی کار لەو وڵاتە، بە سەرنجدان لەم بابەتە ئێمە هاوشێوەی ئەو وڵاتە ئەوروپیەکانین، بۆ ڕێگرتن لەم قەیرانە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا کۆمەڵێک شێوازی بەرەنگاربوونەوەیان گرتۆتەبەر یەکێک لەوانە

بەرزکردنەوەی کوالیتی بەرهەمەکان بوو، لەکاتێکدا ئەم وڵاتە بە کوالیتی بەرز کاڵاکەی دەهێنێتە بازاڕ دەبێتە خاوەن کڕیارێکی تایبەت بەم کاڵایە و پەیداکردنی قازانجێکی بەردەوام، هەروەها رزگاربوون لە بەشێکی کێبڕکێ لە بازاڕدا، بۆیە دەتوانین بە دروستکردنی بەرهەمەکانمان لەسەر بنەمای کوالیتی چاک و بەرز، لە قەیرانی نەبوونی بەرهەمهێنان لە هەرێمەکەمان رزگاربین و رکابەری کاڵای بیانی هەرزان بەها بکەین، بۆ ئەمەش دەبێت دەیان گرێبەستی زەبەلاح لەگەڵ کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان ئەنجام بدەین، تا کوردستانیش ببێتە دەروازەیەک بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای کوالیتی بەرز بۆ خستە بازاڕەکانی عێراق بەتایبەتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی.

***لە رێکەوتی 2010/11/7 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوبۆتەوە.**

## کاڵای بەرخۆر

کـــاڵاو کەرەســـتە خـــواردەمەنی و جوانکـــاری و دەرمـــانە تەندروســـتییەکان بەپێـــی سیســـتمێکی ســـتانداردی تەندروســـتی جیهانی، لەپێناو پاراستنی مافی بەکاربەر بۆ دوورکەوتنەوە لە نەخۆشی یان مردن، چەندین ڕێنمایی بۆ دانراوە تا بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لەسەر کاڵایەکە نووسراوە لەلایەن بەرهەمهێنەوە دواجار دەگەیەنرێتە بازاڕەوە کاری لەسەر بکرێت، لە ڕوانگەی ماوەی بەسەرچوونەوە بێت، یان پلەی گەرمی و ساردی هەڵگرتنی کاڵایەکەوە بێت تاکو تێک نەچێت و بەشێوەیەکی تەندروست و کوالێتی باش بگاتە دەست بەکاربەر، بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت لە چەند ساڵی ڕابردوودا تا ئێستاش هیچ یەکێک لە مەرجە گشتگیرە جیهانییەکان پەیڕەو ناکرێت، لە سایەی نەبوونی بازاڕێکی جێگیرو سیستمێکی ئابووری دیاریکراو کە تیایدا فرۆشیارو کڕیار دڵنیابن، ئەمە جگە لە بۆشایی یاسایی لە یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر، دواجار بەکـــاربەر زیانمەنـــدترین لایەنە لەو تەنگـــژەیەدا، لەو دیـــاردە نەشیاوانەی دەبینرێت لە بازاڕدا بەوەی پێشێلکردنی هەموو یاساکان و کەمتەرخەمییەکان لە خراپی جۆری کاڵاکان و بەرزی نرخەکانیان و ماوە بەسەرچوونیان لە بەکاربردندا گشتیان زیانیان بۆ بەکاربەر هەیە، بەتایبەت ئەو کاڵاو کەرەستە خواردەمەنیـــــانەی کە ڕۆژانە لە بەردەم فرۆشـــــگەگان و ســـــەرعاربەنەکان و تەنـــانەت ســـوپەرمارکێت و مـــۆڵە هاوچەرخەکانیشەوە لەبەر تیشکی هەتاو دانراون بۆ فرۆشتن و

بەکــاربەریش بــێ ئاگایــانە دەیکرێــت، لەکاتێکــدا ئەوە لەلایەن فرۆشیارەوە سـەرپێچی یاسـایە و پێشـێلکردنی مـافی بەکاربەرە، کەچـی چـاودێری تەندروسـتی و بازرگـانیش لێـی بێدەنگن و بە رۆژی رونـاک ئەو پێشـێلکارییە بەردەوامە تـا ئێسـتا، ئەگەر ئەو کالایـانە لە ئێران یـان تورکیـا یـاخود باشـووری عێـراق هـاوردە بکرێـت، بە درێژایـی ئەو رێـگەیە لە نێـو بارهەڵگرەکـانەوە بـێ ئەوەی چــادری لەســــەر بێــت خــۆری لێــدەدات، ئەگەر لە کوردستانیش بەرهەم بهێنرێت لە شوێنی کارگەکەوە یان شوێنی بەرهەمهێنانینەوە تا شوێنی فرۆشتنەکە خۆری لێدەدات، تەنـانەت ئەگەر کـارگەکە لە هەمـان شـاری فرۆشـتنیش بێـت و بخـرێتە بازاڕی هەمان شاریشەوە.

لەلایەکی دیکە ئەو کالایانە جگە لەوەی کوالیتی کەرەستەو کـالا خواردەمەنییەکــان نــزم و مــاوە بەســەرچوون کە زیــانی بــۆ بەکـاربەر هەیە، ئەو خۆرە دووجـار زیـانی بۆ بەکـاربەر دەبێت، ماددی و مەعنەوی، بەتایبەت خواردنی وەک: ئاو، دۆ، شـەربەت، خـواردنەوە گازییەکـان، شـیرینییەکان، کیـک، چوکلێت، نەسـتەلە، لـوقم، چـپس، سـپیاییەکان، زەیتـون، تورشـیات، گـوڵەبەرۆژە، چەرەزات بەگشـتی، پـاقلە، لەفەی گەس، گۆشـت، خورمـا، رۆنـی زەیت، سابون سائل و برنج و تایت و شەکر...هتد.

دانــانی کــالا خواردەمەنییەکــان لەســـەر شۆســـتە و بەردەم فرۆشگەکان وێڕای ئەوەی پێشـێلکردنی مـافی گشـتی هاوڵاتیـانە، ئەوە خـۆری گەرمـیش پێکهـاتەی کـالاکە تێکـدەدات، جـاری واش هەیە بەشـــێک لەو خـــواردن و کالایـــانە کە پێویســـتە لەڕووی

تەندروستییەوە بە دەستکێشی تایبەت بکێشرێت بۆ کڕیار کەچی فرۆشیاری ناهۆشیار بە دەستی پیس کە جگەرەی پێوەکێشاوە یان چۆتە سەرئاو یان پارەی پێ ژماردووە. هۆکاری بەردەوامی ئەو دیاردەیە، بەڵکو بوتە فەرهەنگێکی خراپ لەنێو بازاڕی فرۆشیاران بۆ ئەو خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

1. ناهۆشیاری و نزمی ئاستی رۆشنبیری فرۆشیار.
2. هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتی لەلایەن ئەو بازرگانانەی پیشەی هاوردەکردن و خستنە بازاڕی ئەو جۆرە کاڵایانە.
3. کەمتەرخەمی چاودێری تەندروستی لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەهۆی کەمی ژمارەی تیمەکانیان و وەرگرتنی بەرتیل و خوونەکردن خاوەن لە پێشیلکارییەکان.
4. کەمتەرخەمی چاودێری بازرگانی لە پارێزگان بەهۆی کەمی ژمارەی تیمەکانیان و نەبوونی پاڵپشتی بەهێزو پێنەدانی دەسەڵات لە کاتی سزادانی سەرپێچیکاران.
5. نەبوونی یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر کە چەندین ساڵە ئەو پڕۆژەیە لە پەرلەمانی کوردستان تۆزی لەسەر نیشتووەو نەخراوتە بەرنامەی کارو دەنگدانەوە تا ئەو یاسایە هێزی جێبەجێکردنی هەبێت لە بازاڕەکانی کوردستان.
6. نەبوونی رۆشنبیری بەکاربردن لەلایەن کڕیارەوە، بە رێژەیەکی زۆر لە بەکاربەران رۆشنبیری کڕین و بەکاربردنیان نییە، لە کاتی کڕینی کاڵاندا تا هەر کاتێک زانیان مافیان پێشێل دەکرێت داکۆکی لە خۆیان بکەن و ئەو جۆرە کاڵایانە نەکڕن.

7. بـــوونی تەنگـــژە لە سیســـتمی ئـــابووری کوردســـتان، ئەوە وایکردووە ئەو دیاردەیە چاوپۆشی لێ بکرێت و بازاڕێکە هەر کەســـێک بە ئـــارەزووی خـــۆی جـــڵەوەکەی رابکێشـــێت بـــۆ بەدەستهێنانی زۆرترین قازانج بە کەمترین خەرجی و تێچوو بە ماوەیەکی خێراو کەم.

***لە ڕێکەوتی** 2011/9/28 **لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە.**

## کاڵای فرۆشراو وەرناگیرێتەوە!

بـازاڕی کوردسـتان لە هەمـوو بازاڕەکـانی جیهـان جیـاوازە، بەهـۆی ئەو بێ سـەروبەرییەی هەیەتـی، کەس نازانێت چ جۆرە بازاڕێکە، فرۆشیارو بەرهەمهێن خۆیـان بڕیـاردەری بـازاڕن و لە هەمـوو کـاڵاو کەرەسـتەیەکدا هەریەک لە فرۆشـیارو بازرگـان بازاڕیان قۆرخ کردووە لە فرۆشـتنی کـاڵایەک، بەبێ ئەوەی هیـچ چـاودێری و لێپرسـینەوە هەبێـت لە لایەن لایەنـی پەیوەندیـداری حکومەتەوە، بۆیە هەر فرۆشیارێک بە ئارەزووی خـۆی مەرج و نرخ لەسەر کاڵاکان دادەنێت، بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کڕیار مـافی هەیە و دەبێـت ئەو مـافەی پێشـێل نەکرێـت، لەکاتێکدا ئەو مـافە لە هەمـوو وڵاتکێـدا بەپێـی یاسـا رێکخـراوە، کەچـی لە کوردسـتان سـەرەڕای بوونی پڕۆژە یاسـاو یاسـای وەرگیـراوی عێراق لەوبارەیەوە هێشـتا نەخراوەتە بواری پراکتیکی تـا مـافی بەکـاربەر پێشـل نەکرێـت، یەکێـک لەو مەرجـانەی لە زۆرینـەی فرۆشـگاکانی هەمـوو شـارەکان دایاننـاوە لەسـەر کڕیـار، کاتێـک کڕیـار کـاڵایەکی کڕی ئەگەر دوای کڕینـی بـردییەوە مـاڵەوەو بە دڵـی نەبـوو، بـۆی نیـیە بیگەڕێنێـتەوە، ئەگەر جـۆری کـاڵاکەش خراپ بێت یان بووبێتە هۆی نەخۆشکەوتنی کڕیار، یاخود نرخـی لە فرۆشگای دیکەش گرانتر بێت، ئەگەر بەزۆریش بیگەڕێنێتەوە بـۆ فرۆشـیارەکە دەبێـت کـاڵایەکی دیـکە ببـات، ئەوە تەنهـا بـۆ جلـوبەرگ، بەڵام بـۆ خـواردەمەنی و کەرەسـتەی خـانووبەرەو مۆبیلیـات گەڕانەوەی نیـیە، ئەگەر لە جلوبەرگیشـدا ئەو جـۆرە جلـــوبەرگە نەبێـــت کە بە گـــۆڕینەوە کڕیـــار لە فرۆشـــیار

وەریدەگریێت، پارەکەی ناداتەوەو دەبێت جلکەش دابنێتەوە، بەبێ ئەوەی فرۆشیار رەچاوی یاسا بکات، هیچ ویژدانی ناجولێت، لەبەرامبەر کڕیار کە پارەیەکی زۆری بەو کالآیە داوەو بۆی هێناوتەوە، کەچی پارەکەی ناداتەوە. ئەوە هەم بێویژدانییە، هەمیش پێشێلکردنی مافی کڕیارە، دەبێت لایەنێک هەبێت بۆ پشتگیریکردن لە کڕیار، بۆ دەبێت هەر فرۆشیارو بەرهەمهێن لە لایەن حکومەتەوە پشتگیری بکرێن و کڕیار هەر پەراوێز بخرێت؟ ئایا لە یاساکانی سیستەمی بازاڕی ئازاد کڕیار گوێی لێناگیرێت و پەراوێز دەخرێت؟ ئەگەر وایە ئێمە ئەو سیستەمەمان ناوێت کە کالآی فرۆشراو تیایدا وەرنەگیرێتەوە.

***لە ژمارە** (3668) 2011/1/7 **لە رۆژنامەی** (**خەبات**) **بڵاوکراوەتەوە.**

## داشکاندنی نرخی کاڵا لە مۆڵەکان

بەپێی سیستمی ئابووری بازاڕ یان ئابووری ئازاد کە دوایین سیستمی ئابووری ئێستا لە ئاستی جیهانی پەیڕەو دەکرێت، کە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بەپێی واقیعی ئەو وڵاتە لە جێبەجێکردندا گونجاوە، بەڵام لە بنەڕەتدا بنەماکانی ئەو سیستمە کاری لەسەر دەکرێت، جا لە سایەی سیستمی جیهانگیرییەوە کە شادەماری ئەو سیستمە پێکانی ئامانجە ئابوورییەکانە بۆ یەک سیستمی ئابووری جیهانی، لە سێبەر ئەو سیستەمەشدا بازاڕ ئازادەو خۆی تەحەکوم بە نرخ دەکات، بەبێ دەستتێوەردانی دەوڵەت لەبازاڕ، بەڵام ئەو شێوازە لە کوردستان قاڵبی دیکەی وەرگرتووە، واتە لە بۆتەی بەرژەوەندی گەورە بازرگان و سەرمایەدارەکاندا تواوەتەوە، تا زۆرترین قازانج لە سایەی ئەو سیستمە بەدەستبهێنن، بەهۆی ئەوەش هیچ یاسایەک لە کوردستان نییە، تا مافی بەکاربەر بپارێزێت، ئەوان زیاتر قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە، بە ئارەزووی خۆیان کاڵاو کەلوپەلی کوالیتی خراپ و ماوە بەسەرچوو، هاوردە دەکەن، دواتر لە بازاڕەکانی کوردستان لەنێو جامخانەی مۆڵەکان و سوپەرمارکێت و دووکانە بەناو راقییەکان و بازاڕە گشتییەکاندا دەیفرۆشنەوە بە خەڵکی کوردستان، ئەو خەڵکەی تەنها بەکاربەری سەرگەرمە، هەر شتێکی بە رواڵەت جوانن ببینێت، یەکسەر شێت و سەرگەردانی دەبێت و دەیکڕێت، ئەگەر بە هەر بۆنەیەکەوە ئەو کەلوپەلە داشکاندنیشی بۆ کرابێت، ئەوا خزم و ناسیاویش تێدەگەیەن، تا زۆرترین کاڵا بکڕن لە هەموو

جۆرەکـانەوە، گـوایە زۆر هەرزانە و جـارێکی دیـکە بەو نـرخە دەستیان ناکەوێت، ئەو داشکاندن یان نرخ داشکاندنە، واتە هێنانە خـوارەوەی نـرخ و نزمکـردنەوەی نرخـی کـاڵاو هەرزانترکردنـی کەلــوپەل لە نرخـــی خـــۆی کەمتـــر، بەڵام ئەو داشـــکاندنەی لە بازاڕەکانی کوردستان دەکرێت، جیاوازە لەگەڵ بـازاڕی وڵاتـانی دیــکە، لە وڵاتــانی دیــکە داشــکاندن لە بــۆنە و جەژنەکــان بە ڕێــژەیەک دەکرێــت کە لە نرخـــی ڕاســـتەقینەی پێشـــتر کەمتـــر دەکـرێتەوە، تـا خەڵک جەژنەکەیـان لـێ خۆشـتر بێت، بە کڕینـی کەلوپەل و پێداویستییەکان بە نرخی هەرزانتر، یـان کۆمپانیـایەک کـاڵایەکی تـازەی بەرهەمهێنـانەوە تـا زۆرتـرین فرۆشـی هەبێت داشـکاندن دەکـات لە نرخـی ئەو کـاڵایە، یـان بـازاڕێکی گەورە لە وەرزەکانی ساڵدا کەلوپەلی وەرزێکـی دیکەی هەیە بەسـەرچووە یـان شـێوازی کـاری دەگۆڕێت بـۆ کـارێکی دیـکە دێت کاڵاکـانی هەڕاج دەکــات و نرخێکــی زۆر دادەشــکێنێت، ئەمەش لە نرخـــی بازاڕ زۆر کەمترە تا کڕیار لە بازاڕی گشـتی ئەو کـاڵایە نەکڕێت و بێـتە لای ئەوان شــت بکڕێــت، لە ڕێــگەی ڕۆژنـــامە و ڕادیــۆو تەلەڤزیۆنەوە بێت یان ئینتەرنێت و بڵاونـامەی سـەر شـەقامەکان بێــت ڕێکلامـــی بـــۆ دەکـــات، کەچـــی لای خۆمـــان هەر کـــاڵایەک داشـکاندنی بـۆ بکرێـت و ڕێکلامـی بـۆ بکرێـت لە میـدیاکان ئەوە بـزانە ئەو کـاڵایە کـوالیتی خـراپە، یـان نرخێکـی زۆری خـراوەتە سـەر ئینجـا داشـکاندنی بـۆ کـراوە، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی فریــودانی بەکــاربەر، زۆر جــار بینیومــانە لە مۆڵەکــانی هەولێــر قـاتێکی منـداڵان بە 35 هەزار دینـار فرۆشـراوە، گـوایە 51% لە

نرخەکەی داشکێنراوە، کەچی لە بازاڕی گشتیدا هەمان قات و هەمان کوالێتی بە 30 هەزار دینارە، بەگوێرەی داشکاندنی ئەو مۆڵە دەبوایە ئەو قاتە لە بازاڕی گشتی بە 75 هەزار دینار بێت، کەوایە کەی نرخی ئەو کاڵایە داشکێنراوە بەراورد لەگەڵ بازاڕدا، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی سوپەرمارکێت و مۆڵەکان رێژەیەکی خەیاڵی لە داشکاندنی نرخی کاڵا بە ریکلام بڵاو دەکەنەوە، کەچی لە راستیدا وا نییە، ئەوکاتەی شتەکە دەکڕیت پسولەی پارەدان وەردەگریت نرخەکەی کەم نەکراوەتەوە، کاتێکیش ئاگاداریان دەکەیتەوە لەم فێڵە پاساوی زۆر دەهێننەوەو دەڵێن ئەو جۆرە کاڵایە نییە، بەڵکو کاڵایەکی دیکەیە نرخی داشکێنراوە، ئەو کاڵایەش ئەگەر بتەوێت بیکڕێت لە بازاڕی لەنگە و هەڕاجییدا نرخی دەقات کەمترە لەو نرخەی ئەو بازارە خستوویەتەڕوو، یان هەندێ مۆڵ شێوازێکی دیکە لە فریودانی بەکاربەرو کڕیار بەکاردەهێنن، ئەویش دوو پارچە یان دوو دەستە و دوو دەرزەن و دوو شت و کاڵات پێ دەفرۆشن و نرخی یەک کاڵا وەردەگرن، کە لە راستەقینەدا نرخی هەردوو کاڵاکەت لە کڕیار وەردەگرێت.

***لە رێکەوتی** 2010/10/4 **لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوبۆتەوە.**

## ئابووری خەڵک لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا

لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنە گشتییەکان لەسەر ئاستی جیهان، ئەوەندەی بایەخ بە چاکسازی لە سیاسەتی ئابووری دەدرێت، هێندە گرنگی بە سیاسەت و کایە کۆمەڵایەتییەکان نادرێت، چونکە هەموو کایەکانی ژیان پەیوەستە بە ئابووری خەڵکەوە، بۆیە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا پارتە سیاسییەکانی بەشداربوو تا زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنن و نوێنەرانیان سەرکەوتووبن و حکومەتێکی سەرکەوتوو پێکبهێنن، تا لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا کارنامەکەیان بخەنە بواری کردەییەوە، بایەخ بە بە ئابووری هاوڵاتیان دەدەن و سیاسەتێکی ئابووری گشتگیر دادەڕێژن، تا زۆرینەی خەڵک کەڵکی لێوەربگرێت، بەوەش زۆرترین دەنگ بەدەست دەهێنن، بۆنموونە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکاو بەریتانیاو تەنانەت ئێران و تورکیا، رکابەرییەکان لەسەر باشترین پرۆژە بوو کە بتوانێت چاکسازی لە سیاسەتی ئابووری وڵات بکەن، بەمەش ئەو پارتە دەنگی هێنا کە لە بەرنامەی هەڵبژاردنەکاندا زۆرترین خاڵی ورووژاندبوو لە بەرژەوەندی هەموو چینەکان بوو، بەتایبەت چینی مامناوەند.

لەو روانگەوە پێویستە هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستان کە بە لیستی جیاوازەوە بەشدار دەبن لە هەڵبژاردنەکاندا، دەبێت لە نێو کارنامە ستراتیژییە چوار ساڵەییەکەی خۆیاندا لە هەر خولێکی پەرلەمانیدا زۆرترین دەستکەوت لەخۆبگرێت کە لە بەرژەوەندی و ئاستی داواکارییەکانی داهاتووی خەڵک بێت، واتە دەبێت سیاسەتێک دابڕێژن جیاواز بێت لەگەڵ سیاسەتی

کابینەکانی دیکەی حکومەت و خولەکانی دیکەی پەرلەمان، بۆ نمونە نابێت تەنها بایەخ بە کەرتی نەوت بدرێت، تاکو نەبێتە ئابووری پاشکۆی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر، بەڵکو دەبێت گرنگی بە کەرتەکانی دیکەی وەک کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار، سەرچاوەی مرۆیی....هتد بدەن، واتە دەبێت بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت بە هەموو سێکتەرەکانیەوە کاری وردی لەسەر بکرێت لەسەر بنەمای زانستی و بە راوێژ لەگەڵ پسپۆڕانی ئەو بوارە، تاکو هەنگاوە کردەییەکانی ئابووری هەرێمی کوردستان بەرەو ئابووری ئازادو بازاڕی ئازاد ببات، ئەمەش تەنها بە پلانی ستراتیژی مەودا کورت و مامناوەندی دەکرێت بۆئەوەی بە کورتترین ماوە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەلایەکی دیکە وەبەرهێنان تەنها لە کەرتی نیشتەجێکردن و بازرگانی نەکرێت، ئەگەر بەردەوامیش بوو پێویستە لەسەر حسابی کەرتەکانی دیکە نەبێت، هاوشان لەگەڵ کەرتەکانی دیکە ئەویش رێڕەوی خۆی بگرێتەبەر، هەروەها لە بودجەی ساڵانەشدا بە شێوەیەکی دیراسەکراوی ئابووری پێشینەی هاوسەرگیری و پێشینەی خانووبەرە زیاد بکرێت، بەڵام نەبێتە هۆکارێک بۆ بەرزبوونەوەی نرخی کەرەستەی بیناسازی و مۆبیلیات و پێداویستییەکانی ناوماڵ، تەنانەت وای لێ بێت ئاستی گشتی نرخ بەرز بێتەوەو سەر بکێشێت بۆ هەڵاوسانی ئابووریی. ئەگەر لە کارنامەکانیان هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی جیهان زیاتر گرنگی درا بە کارنامەی ئابووری خەڵک، ئەوا چاکسازی لە سیاسەتی ئابووری کوردستان بکرێت،

بەجۆرێک کەڵکی گشتی بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بێت، بەڵام ئەوەی بەدی کراوە لە کارنامەی هەموو لیستە جیاوازەکان لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا ئەوەی جەختی لەسەر کراوەتەوە زیاتر بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، نەک ئابووری.

***لە ڕێکەوتی** 2013/9/11 **لە ڕۆژنامەی (بازاڕ) بڵاو کراوەتەوە.**

## بەرزبوونەوەی داهات و لێکترازانی شیرازەی خێزان

کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بە هەموو نەتەوەکانیەوە لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا نەیتوانیوە پێشەنگ بێت لە داهێنانێکی تەکنۆلۆژیا، کەچی لەبەکارهێنانیشیدا بەدیوە خراپەکەی بەکاری دەهێنێت، چونکە تەکنۆلۆژیا وەک چەقۆیەکی دوو سەرە، دەتوانیت بە باشە یان خراپە بەکاری بهێنیت، ئامێرەکانی کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، سەتەلایت، ئەتۆم یان ئۆتۆمبێل بێت، ئەو ئامرازانە هەیە، کاریگەری خراپ و باشی لەسەر کۆمەڵگە و تاک هەیە، بۆنموونە وزەی ئەتۆم دەتوانرێت بۆ کۆمەڵکوژی و مرۆڤکوشتن بەکاربهێنرێت هەروەها بۆ وزەی کارەباش بۆ خزمەتی گشتی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەست دەدات، تەنانەت کارەبا بۆتە سەرچاوەی ژیان و پێشخستنی کۆمەڵگە، بە هەمان شێوە ئامێری کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت دەتوانرێت بۆ راییکردنی کاروباری رۆژانە بەکاربهێنرێت، لە پەیوەندیکردن و نزیکردنەوەی کلتوورو نەتەوەکان، یان بەمەبەستی سوودوەرگرتنی لایەنی زانستی و وەرگرتنی زانیاری نوێ، ئۆتۆمبێلیش دەتوانرێت بە خراپ و بە باش بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە لە کوردستان هەموو ئەو جۆرە ئامرازانەی تەکنۆلۆژیا سەرەڕای خراپ بەکارهێنانی، کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر کۆمەڵگە، بەهۆی بەرزبوونەوەی داهاتی تاک، کە ئاستی بژێوی ژیان باشتر بووە، ئابووری کوردستان پێشکەوتنی باشی بەخۆوە بینیوە، بەرزبوونەوەی رێژەی داهاتی تاکە کەس بۆتە هۆی ئەوەی تاکی کوردی

ئۆتۆمبێل و لاپتۆپ و هێڵێکی ئینتەرنێت بکڕێت و ئەکاونتێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بکاتەوە، یان گەشتێکی وڵاتانی دەوروبەر دەکات، لە جێگەی ئەوەی ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیا بکڕێت بۆئەوەی سوودی لێوەربگرێت، بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ هۆشیاری و رۆشنبیری یان وەدەستهێنانی بڕوانامە بە شێوەی ئۆنلاین، یاخود سەرچاوەی زانستی بە هەموو زمانەکان، کەچی بەرزبوونەوەی داهاتی تاک بۆتە هۆی لێکترازانی شیرازەی خێزانەکان، چونکە هیچ خانەوادەیەک نییە لە منداڵی 10 ساڵییەوە تا گەورەوکان مۆبایلی نەبێت، ئەمە جگە لە چەند سیمکارتێک، ئەمەش رۆژانە یەکەی دەوێت تا قسەی پێ بکرێت، خانەوادەیەک ژمارەیان زۆر بێت جگە لە خەرجی هاندی مۆبایل، رەنگە مانگانە بۆ هەر هاندێک 30 دۆلار بۆ یەکەش تەرخان بکرێت، ئەمە جگە لە کڕینی لاپتۆپ و هێڵی ئینتەرنێت یەکەی هێڵەکە، ئەویش مانگانە لە 30 دۆلار کەمتر نییە، لەلایەکی دیکە چەند تەلەڤزیۆن و سەتەلایتێکیش لەنێو ماڵ هەیە ساڵان ستایلی نوێتر دێت و دەیگۆڕن، هاندی مۆبایلیش ساڵانە دەگۆڕدرێت کە ستایلی تازە مواسەفاتی زیاتری هەیە، چەند مواسەفاتی باشتر بێت و کوالیتی بەرزتر بێت نرخیشی زیاترە، ماڵ هەیە چەندین هێڵی ئینتەرنێت و لاپتۆپیان هەیە، راستە بۆتە پێویستی ژیان و سەردەم گۆڕاوە، پەیوەندی نێوان داهات و پێداویستییەکانی تەکنۆلۆژیا پەیوەندییەکی راستەوانەیە، بەڵام رێژەی تێکچوونی پەیوەندییە شەرعی و ئاساییەکانی کۆمەڵگە و خێزانێکیشی هاوشان لەگەڵ بەرز بۆتەوە، بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئەو

ئـامرازانەوە رۆژانە خێزانــی زۆر لێـک جیـا دەبـنەوەو منـداڵی بچووک بێ باوک و دایک دەبێت، دواجار تاکی کۆمەڵگە بەرەو لاڕێــی دەبــات، ڕێــژەی تەڵاق لەبەرزبــوونەوەدایە، ڕێــژەی هاوسەرگیری لەکەمبوونەوەدایە بەراورد بە ڕێژەی دانیشتوان و تەمەنی هاوسەرگیری، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەڵشکانی داهاتی نەتەوەیی خۆشگوزەرانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئاسانکاری دەهێنێـت، کەچــی لە وڵاتــی ئــێمە بەهــۆی ناهۆشــیاری و نارۆشنبیرییەوە، قەیرانی بێکاری و ڕەفتاری خراپ و قەیرەیی و تێکچڕژانی کۆمەڵگە زیاد دەکات.

لە هەموو وڵاتێکدا ئۆتۆمبێل یەکێکە لە ئامرازەکانی ئاسانکاری گواستنەوەو ئاسوودەبوونی مرۆڤ، کەچی لای ئێمە پێچەوانەیە، لە کوردستان ڕێژەیەکی زۆری خەڵک ئۆتۆمبێلیان هەیە، لە هەر خێزانێکی مامناوەند دوو ئۆتۆمبێلیان هەیە و ڕەنگە زیاتریش، چــونکە ئێســتا تەنهــا ئەو ئۆتــۆمبێلانەی ژمارەیــان هەیە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هـاتوچۆی هەرێم زیـاتر لـە دوو ملیـۆن ئۆتۆمبێلـە، ئەو ڕێـژە زۆرەش بەهـۆی خراپـی ڕێگاوبانەکـان و جێبەجێنەکردنــی ڕێنمــایی و یاســاکانی هــاتوچۆ کارەســاتی جەرگبڕی دروست کردووە، کە ساڵانە نزیکەی 1500 کەس بە کارەســاتی ئۆتۆمبێــل گیــان لەدەســت دەدەن، ئەمە جــگە لە کەمئەندام و بریندار بوون و شیرازەی خێزانەکان تێکبچێت.

ئەمـانە بـۆتە هـۆی دروسـتبوونی کێشـە لە نێـو خێزانەکـان لە سسـتبوونی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان لەنێـوان نزیـک یەکتـر تەنـانەت لەنێـوان خوشـک و بـراو هاوسـەران و دایـک و بـاوک

بەشێکی زۆری کات بۆ نامە و قسەکردنی مۆبایل و ئەوەی دیکە بۆ ئینتەرنێت بەتایبەت ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان بکاربهێنرێت و ئاگایـان لەیەکتـر نەبێـت، بەشـەکەی دیـکە بـۆ تەلەڤزیـۆنە بە سەیرکردنی دراما بیانییەکان کە لەگەڵ کلتووری کۆمەڵگەی ئێمە ناگونجێـت، ئەگەر لەسـەر کـاریش بـن ئەوا بەشـێکی دەزگـا ئیدارییەکان تەلەڤزیۆنی هەیە یان هەر یەکێک لاپتۆپی خۆی هەیە و هێڵـی ئینتەرنێـتەکەی کـراوەیە، ئەو هەمـوو پـارەیە خەرج دەکرێت بە رێـژەی پۆینتەکـانی دوای فاریزەش بـۆ کتێب کـڕین خەرج ناکرێـت، لەکاتێکـدا کتێبـی بـاش کـۆمەڵگە بەرەو پێشـەوە دەبـات، تـاک رۆشـنبیر دەکـات، هەرچەنـدە ئامرازەکـانی تەکنۆلۆژیـاش بە باشـە بەکـاربهێنرێن، دیسـان کـۆمەڵگە بەرەو ئاقـارێکی دیـکەی باشـە دەبەن، بەڵکـو دەتوانرێـت لە رێـگەی بە باشـە بەکارهێنـانی هەمـوو ئامرازەکـانی تەکنۆلۆژیـا کلتـووری کـۆمەڵگەی کوردسـتان بگـۆڕین، بەتـایبەت ئەو دیـاردەو نەریـتە خراپـانەی نەتەوەکـانی دیـکە تـێکەڵ بە کلتـووری کـوردی بـووە، لەنێوبەرین.

***لە رێکەوتی 2012/9/5 لە گۆڤاری (تاوی کۆمەڵایەتی) بڵاوبۆتەوە.**

## داهاتی تاک و هەڵکشانی خواستی بەکاربەر

لە ساڵانی نێوان(2005-2013)، بەهۆی باشتربوونی بارودۆخی ئابووری و سەقامگیری هەرێمی کوردستان، هاوشان مووچەی کارمەندانی حکومەت لەسەر ئاستی عێراق رووی لە هەڵکشان کرد، بەجۆرێک داهاتی کارمەندانی حکومەت بۆتە هۆی ئەوەی بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان پێ بگوزەرێنن، ئەوەی دەشمێنێتەوە وەک پاشماوە هەڵیبگرن بۆئەوەی کاڵای ناپێویستی پێ بکڕن، بەڵکو بەشێکی لەوانەی داهاتیان لە حکومەت سنووردارەو بەراورد بە داهاتی پلە تایبەتەکان کەمترە، ئەوا لە دوای دەوامی فەرمی کاری دیکە دەکەن لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، یان خۆیان لە یەکێک بازارە گشتییەکان پێشەیەکی دیکەیان هەیە، ئەوەش وا دەکات رەنگ بداتەوە لە وەدەستهێنانی داهاتی زیاتر، هەموو ئەوانەش لە کۆتاییدا وا دەکات، خواستی بەکاربەر زیاتر بێت و ئارەزووی لە کاڵای پێویستەوە بگۆڕێت بۆ کاڵای جوانکاری و کەلوپەلی ناوماڵ و جلوبەرگی مارکەو زیادکردنی جۆری جلەکان و مۆدێلی تازەو ستایلی نوێتر، ئەمە جگە لە گۆڕانکاری مۆبیلیاتی ناوماڵ و گۆڕینی کەلوپەلی کۆنە بە هی تازە، یان گۆڕینی خانووەکەی بۆ گەڕەکێکی تازە، هەندێک لەو خانەوادانە ئۆتۆمبێلیان نییە، دەچن ئۆتۆمبێل دەکڕن، ئەگەر ئەو بودجەیەی بۆی تەرخان کراوە بەقەد ئەوە نەبێت خەرجی ئۆتۆمبێلەکە بێت، ئەوا بەناچاری بە قیست دەیکڕن و مانگانەش لە مووچەکەیان بۆی پاشەکەوت دەکەن،

کڕینی ئۆتۆمبێل یا هەر کاڵاو شمەکێکی دیکە بە نرخی گرانترە، لەوەی بەکاش بکڕدرێت، بە لای کەم ڕێژەی 5-10% نرخی زیادەی دێتەسەر، جگە لە پێشەکییەکەی، ئەمە بۆ هەموو کەلوپەلەکان هەمان شتە، ئەو دیاردەی فرۆشتنی بە قیستە لە بازاڕەکانی جیهان هەیە، بەڵام بەو شێوەیەی کوردستان نییە، کە نرخی زیادەی بخرێتەسەر، ئەو دیاردەیە چەند ساڵێکە سەریهەڵداوەو ئێستا تەشەنەی سەندووە، چونکە داهات سنووردارەکان وەک کرێکاران و کارمەندانی حکومەت بەهۆی ئەوەی داهاتیان هێزی کڕینی کاڵایەکی نییە لە مانگێکدا بۆ ماڵەکەیان بیکڕن، بەناچاری بە هەر نرخێک بێت دەیکڕن، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکەن، کە نرخەکەی زۆر بەرزترە لە بازاڕ، ئەمەش وایکردووە بە خواستی بەکاربەر ئاستی گشتی نرخ لە بازاڕ بەرز بێتەوە، واتە پەیوەندی ڕاستەوانە لەنێوان داهاتی تاکەکەس و خواست دروست بووە لەسەر هەموو کاڵایەک بەتایبەت کاڵای جوانکاری، لەلایەکی دیکە بوونی ئەو هەموو سوپەرمارکێت و مۆڵە گەورانەی دروست کراون، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرنجی بەکاربەر ڕادەکێشن بۆ خەرجی زیاترو بەکاربردنی کاڵای ناپێویست، واتە تاکی کوردستان بەرەو تاکێکی بەکاربەر بردووە، ئەمەش جارێکی دیکە شوێنەواری خراپی لەسەر شمەک و بەرهەمی خۆماڵی داناوە، چونکە بەرهەمی ناوخۆیی ناتوانێت پێداویستییە ناوخۆییەکان پڕبکاتەوەو، واش لە تاک دەکات ببێتە بەکاربەرو بەرهەمی بیانی بە ئاسانی و نرخێکی هەرزان بگاتە دەستی، کاتێک بەرهەمی

ناوخۆش کەم بووەوە، نرخی بەرهەمی بیانی هەڵدەکشێت، کە دیسان کەمداهاتەکان زیانیان پێدەکەوێت، ئەمە بۆ هەموو شمەکێک پەیڕەو دەکرێت.

ئەگەر بێینە سەر بڕیارەکانی حکومەتی کوردستان لەبارەی راگرتنی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بە پاساوی کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتوچۆو نەبوونی مەرجی سەلامەتی، لە بەرژەوەندی کەسانی هەژارو کەمداهات نییە، چونکە ئەو بڕیارە سەرباری بەرزبوونەوەی نرخی ئۆتۆمبێل رێژەی دیکەشی دەچێتە سەری و داهات سنووردارەکان توانای کڕینی ئۆتۆمبێلیان نامێنێت، دەوڵەمەندەکانیش بە هەر نرخێک بێت دەیکڕن، ئەوەی سەرپێچی یاساکانی هاتوچۆش دەکات، رێژەی زۆرینەی ئۆتۆمبێل مۆدێل بەرزەکانی دەوڵەمەندەکانە، نەک هەژاران، بۆیە بڕیاری راگرتنی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل، زیانێکی گەورە بە داهات سنووردارەکان دەگەیەنێت، وەک چۆن فرۆشتنی بە قیست لەلایەن کۆمپانیاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل زیانیان پێدەگەیەنێت" هەرچەندە بەرزبوونەوەی داهاتی تاک، دەبێتە هۆی زیادبوونی خواستی بەکاربەرو بە دوای خۆیدا نرخ بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر کێبرکێ لەنێوان بەرهەمهێنەکان و بازرگانان و فرۆشیاران لە بازاڕ برەخسێنرێت، ئەوا ئەمە روونادات، بەجۆرێک حکومەت کار بکات بازاڕی قۆرخکاری بە هیچ شێوەیەک شوێنەواری نەهێڵێت، تا بازاڕی ئازاد لە کوردستان لە خزمەتی هەموو تاکێکی بێت، نەک گروپێکی دیاریکراوی دەستڕۆیشتوو، بڕیاری حکومەت لەبارەی

ئۆتـۆمبێلەوە بەشـێوەیەک خوێنـدنەوەی بـۆ دەکرێت کە جۆرێک بێت لە قۆرخکردنی بازاڕ بۆ هـاوردەکردنی ئۆتۆمبێل، وەک بۆ هەنـدێ جـۆری ئۆتۆمبێـل پێشـوو کـرا، لەگەڵ چەنـدین کەلـوپەلی دیکە کە ئێستا لە لایەن کۆمپانیای دەستنیشـان کراوەوە هـاوردە دەکــرێن، بــۆیە باشــترین رێــگە ئەوەیە حکــومەت رێــگە بە هــاوردەکردنی ئۆتۆمبێــل بــدات و کــۆنترۆڵی تەواو لەســەر ســەلامەتی و کـوالێتیەکەی دابنێـت، لەهەمـان کاتـدا شـەقامەکان بکــاتە جووتســایدو بەنزینــی کــوالێتی بەرز بخــاتە بــازاڕەوە، شــەقامەکان قیرتــاو بکـات بە کەرەســتەی بـاش، یاســا لەســەر هەمـوو کەس پەیـڕەو بکـات، پـردو تۆنێـل و بەرزە پـرد دروسـت بکات، رێگەی شـەمەندەفەرو ئۆتۆبـان دروست بکـات، هۆشـیاری لە رێگەی میدیاکانەوە بۆ شۆفێران بڵاو بکاتەوە، ئینجا بڕیارێک بدات لەبەرژەوەندی زۆرینەی خەڵک و زیان بە کەس نەگەیەنێت.

***لە ژمارە (84) لە 2913/3/3 رۆژنامەی (بازاڕ) بڵاوکراوەتەوە**

## کالاّ مەرگهێنەرەکان و بەفیرۆدانی داهاتی نەتەوەیی

ماددەی هۆشبەرکە دەتوانین بە کالاّی مەرگهێن ناوی بەرین، مادەیەکی کوژەری هەڵتەکێنەری میشک و ئەقڵ و هۆشی مرۆڤە و، دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگە و دروستبوونی قەیرانی سیاسی و ئابووری و تەندروستی و دەروونی کە دواجار کۆمەڵگە و دەوڵەت لە ریشەوە هەڵدەتەکێنێت. ئەوەی دەمانەوێت باسی بکەین تەنها لایەنە ئابوورییەکەیەتی کە تا چەند کاریگەری خراپ لەسەر بە فیڕۆدانی داهاتی تاک و داهاتی نیشتمانی دادەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها ماددەی هۆشبەرە مەترسیدارە قەدەغەکراوەکان نابنە هۆی مەرگی مرۆڤ، بەڵکو جگەرەو نێرگەلەکێشانیش بەهۆی ئەو ماددەیەی لە پێکهاتەکانیاندا هەیە ئەوانیش کاریگەری خراپ لەسەر تەندروستی مرۆڤ و بەفیرۆدانی داهات دادەنێت، هاوتەریب لەگەڵ ئەوەی ساڵ بە ساڵ دوای ساڵی 2003 رێژەی بەکارهێنان و کڕین و فرۆشتن و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە روو لە هەڵشکانە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، کەچی هێشتا هەرێم بەراورد بە وڵات و شارەکانی ناوچەکە پاکترە، بەڵام جوڵەی بازرگانی لە هەندێ شوێنی سنووری هەستی پێدەکرێت و بەکارهێنەرانیش روو لە زیادبوونن، لەلایەکی دیکە حکومەت لە ئامادەباشیدایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە و رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیش بە ئامانجی بڵاوکرنەوەی هۆشیاری دامەزراون.

ماددە هۆشبەرەکان لە رووی بەرهەمهێنانەوە چەندین جۆرە لەوانە بەرهەمهێنانی سروشتی و بەرهەمهێنانی دروستکراو لەرێگەی کارگەکانەوە. لە روانگەی زانستییەوە واتای ماددەی بێهۆشکەر هەندێک ماددەی کیمیاوییە کە دەبنە هۆی ناچالاکی و نووستن و بێهۆشکردنی پەیوەست بە نەهیشتنی ئازارو ژانەکانی لەشەوە.

لە رووی یاساییەوە ماددەی بێهۆشکەر دەبنە هۆی ئاڵودەبوون و ژەهراویبوونی دەمارەکان، مافی کەس نییە بەکاری بهێنێت، بەرهەمی بهێنێت یان دروستی بکات، تەنها بو ئەو ئامانجانە نەبێت کە بە یاسا دەستنیشان دەکرێن بەمەبەستی چارەسەری پزیشکی بەکاربهێنرێت.

بەرهەمهێنانی ماددە هۆشبەرکان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستاو مرۆڤ بەمەبەستی جوارجۆر بەکاری هێناوەو، بەو شێوە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا نووسراوە کە کۆنترینیان سەرچاوە سۆمەرییەکانە، هەروەها لە (ئەلیساو ئۆدیسا)دا کە لە 800 ساڵ پێش زایین نووسراوە، هاتووە کە تلیاک بە کۆنترین ماددەی هۆشبەر نووسراوەو مرۆڤ بەکاری هێناوە.

بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان رۆژ بەرۆژ لەپەرەسەندایە و دەیان ملیۆن کەس تووشی بوونە، ئێستا 800 ملیۆن کەس ئاڵوودەی بوونە، ئێران و رووسیا زۆرترین ئالودەبووی تێدایە، بەجۆرێک ماڵەمەڵەی بازرگانی 20% دارایی جیهان بەو ماددەیە دەکرێت. لە هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا زیاتر لە 300 کەس بە تۆمەتی بازرگانیکردن و

بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی مادەی هۆشبەر دەستگیر کراون، بەپێی ئامارێکی نافەرمی رێکخراوی هۆشیاری دژی مادده هۆشبەرەکانی کوردستان، لە ماوەی ساڵانی (2011-2012) نزیکەی دوو هەزار کەس ماددەی هۆشبەریان بەکارهێناوەو زیاتر لە نیوەش لە دەرەوەی کوردستان ئاڵوودە بوونە و لە گیرۆدەبووانی سەرتایین و مەترسیدار نییە و دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەتی نەبووە بە مادده هۆشبەرکان و ئەوەی کاری پێدەکرا یاسای ژمارە 68ی ساڵی 1965ی عێراقییە(ئێستا لە پرۆژە یاسایەک لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، بەڵام هێشتا گفتوگۆی لەسەر نەکراوەو نەبۆتە یاسا).

دیاردەی رەواجدانی بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان، زۆرجار لەلایەن وڵاتانی دژبەیەک پەرەی پێدەدەرێت، بۆئەوەی روبەڕووی تەنگژەی ناوخۆییان بکەنەوە، چونکە لە رووی سیاسییەوە ئامانجی خۆی دەپێکێت لە رێگەی پووکانەوەی کۆمەڵگە و لاسەنگکردنی ئابووری و بردنە دەرەوەی داهاتی نەتەوەیی لە شێوەی دراوی قورس، چونکە بەهۆی قەدەغەبوونی ئەو ماددانە نرخی لەو وڵاتانە بەرز دەبێتەوە، بەهۆی گرانی نرخەکەشی وا دەکات بەکارهێنەر ئامادەیی هەموو شتێک بێت ئەنجام بدات لە دزی و تاوان....هتد، ئەمەش زیان بە داهاتی تاک و کۆمەڵگە دەگەیەنێت بە هۆی چوونی ئەو پارەیە بۆ گیرفانی بازرگانانی وڵاتانی دیکە، لەلایەکی دیکە داهاتی تاک بەسەر بەکابردن یان پاشکەوتکردن دابەش دەبێت، بەڵام ئاڵودەبوو

بەهـۆی هۆگربـوونی بەکارهێنـانی مـادەی هۆشـبەر داهـاتەکەی پاشکەوت ناکات یان وەبەرهێنانی پێ ناکات، بەڵکو هەمووی بۆ مـــاددەیەکی زیانبەخشـــی مرۆڤکـــوژ بەکاردەهێنێـــت، ئەمەش کاریگەری لەسەر داهاتی نیشتمانی و گەشەی ئابووری دەبێت، بەجۆرێـک کـاریگەری نەرێنـی لەسـەر بـودجەی گشـتی سـاڵانە دادەنێت و هەندێجار بودجە تووشـی کورتهێنـان دەکـات، بەهـۆی ئەوەی حکـومەت لە کـاتی زیـادبوونی دیـاردەی ئـاڵودەبووی بەکارهێنەر دەبێت بودجەی پتر تەرخان بکات، بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە ڕێگەی میدیاو دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆئەوەی لایەنە نەرێنییەکانی ڕوون بکرێتەوە، هەروەهـا دەبێت نەخۆشـخانە و دەرمانخـانە و پزیشک و کارمەندی پسپۆڕ بۆ چارەسـەری توشبووان فەراهەم بکــات، لەگەڵ دروســتکردنی لەشــکرێک لە پاســەوان لەســـەر سنوورەکان و بەندیخانەی تایبەت و کردنەوەی بەشی جیاواز لە دادگاکان. لەلایەکی دیکە حکومەت بەهۆی تەرخانکردنی بودجەی تـایبەت دەبێت ئامادەکـاری بکـات بـۆئەوەی نەهێڵێت ئاسایشـی نەتەوەی بکەوێتە مەترسییەوە، چونکە هەمـوو زیـانە ئـابووری و سیاسـی و تەندروسـتییەکان پـێکەوە دەبـنە هـۆی لەرزۆککردنـی ئاسـایش و ئـارامی وڵات، سـەرباری ئەمەش بـۆ بەدەسـتهێنانی مـاددەی هۆشـبەر، ئەگەری ئەوە هەیە گەنجـان و ئـالودەبووان تووشی خۆفرۆشتن ببن بۆ دوژمنانی وڵات، بە هـۆی وەرگرتنـی بڕێکـی لەرادەبەدەر لە پـارە بـۆئەوەی پێداویسـتییەکانیان لەو ماددەیە پڕ بکەنەوە.

هەروەها کەسی هۆگر بەو ماددەیە ناتوانێت کار بکات بەهۆی لاوازی توانای جەستەیی و عەقڵی لە کارو بەرهەمهێنان و لادانی لە رەفتــاری مرۆیــی بــاو، ئەمەش وای لێــدەکات رووبەڕووی تەمبەڵی بێتەوەو کاری پێ نەکرێت و دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی هێــزو تواناکــانی، لەئەنجامــدا بەرهەمــی گشــتی کومەڵگــا کەم دەبێتەوەو پشت بە بەرهەمی بیانی دەبەستێت، سەرباری ئەوەی بەرهەمــی نــاوخۆیی تووشــی کورتهێنــان دەبێــتەوە، ئەوا دراوی ناوخۆیی دەچێتە دەرەوەو بەهای دراوی نیشتمانی سوک دەبێت لەبەرامــبەر دروای بیــانی، بەهــۆی زۆری خســتنەڕووی دراوی نیشتمانی بە کڕینی ماددەی هۆشبەر، ئەگەر کەسێک کار نەکات ئەوا داهاتی نابێت و هەژاری دەبێت، بەمەش رێژەی بێکاری و هەژاری زیاد دەکات، ســەرەنجام بەهــۆی کورتهێنــانی بــودجەی گشــتی وڵات و زێــدە بەکارهێنــانی داهــاتی تــاک لەو بــوارەداو هەڵکشــانی رێــژەی بێکــاری و هەژاری و تێکچرژانــی کــۆمەڵگە، مــرۆڤ بە قاچەکــانی خــۆی بەرەو مەرگ هەنگــاو دەنێــت و ئاسایشی نەتەوەیی وڵات روبەڕووی مەترسی دەبێتەوە.

***لە ژمارە(**141**)تشرینی یەکەمی** 2013 **رۆژنامەی(بازرگانی سەردەم) بڵاوکراوەتەوە.**

## بەفیڕۆدانی داهاتی نەتەوەیی لە ڕێگەی تیرۆری سپییەوە

ڕووداوەکـانی هـاتوچۆ کە بە "تیـرۆری سـپی" بەناوبـانگە، شـوێنەواری نەرێنـی لەسـەر داهـاتی نەتەوەیـی و سـەرمایەی مرۆیی دادەنێت، بەڵام مانای ئەوە نییە ئەم تیرۆرە تەنها بەهۆی بوونی ژمارەی زۆری ئۆتۆمبێل بێت، بەڵکو بەشە سەرەکییەکەی نەبوونی هۆشیاری شۆفێران و فەرهەنگی ڕەوشتی لێخوڕین و نزمی کوالیتی ئۆتـۆمبێلی هـاوردەو خراپی شـەقامەکان و خێرا لێخـوڕین و بـوونی هەزاران تاسـەی ناتەندروسـتی بێپلانـی بەڕێوەبەرایەتییەکـانی هـاتوچۆو نەبـوونی هەمـاهەنگی لەنێـوان هەردوو بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆو چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی دەرەوەی شـارو ناوشـارو، نەبـوونی شـەقامی قیرتـاوی جـووت سـایدو کەمتەرخەمـی بەرپرسـانی حکـومەت لە چـاککردنەوەی شـەقامەکان و بـێ سـەروبەری دروسـتکردنی شـەقامەکان بە کـوالیتی نزمـی قیرتـاو، لەسـەروی هەمـوویەوە جـگە لە کەمتەرخەمـی میـدیا لە بڵاوکـردنەوەی رۆشـنبیری لێخـوڕینی ئۆتۆمبێـل، کارمەنـدانی هـاتوچۆش کەمـتەرخەمن لەوەی بە تەواوی یاسا بە یەکسانی و دادپەروەری جێبەجێ ناکەن لەسـەر هەمـوو شـۆفێرێک. بە دیـوێکی دیـکە بـوونی ئەو ژمـارە زۆرەی ئۆتۆمبێـل جـگە لەوەی پەیوەنـدی بە خۆشـگوزەرانی و بەرزبـوونەوەی داهـاتی تـاکی هەرێمـی کوردسـتان دەگەیەنێت، بـۆتە ئـامێرێکی پێویسـتی ژیـان و یەکـێکە لە ئـامرازە هەرە گرنگەکانی ڕۆژانە بۆ ڕاییکردنی کاروبارە کەسی و گشتییەکان،

ئەگەر حکومەتی کوردستان پلانی ستراتیژی هەبێت بۆئەوەی وەک وڵاتانی دیکە هاوڵاتیان کەمتر ئۆتۆمبێلەکانیان بەکاربهێنن بۆ ناو شارو دەوامە فەرمییەکانی دەزگاکانی حکومەت و قوتابخانە و زانکۆکان بە بەکارهێنانی میترۆ لەناو شار یان تاکسی و پاسی هاتوچۆ بە نرخی کەمتر لەوەی هاوڵاتی ئۆتۆمبێلەکەی بەکاربهێنێت، هاوڵاتیانیش ئامادە نین ئۆتۆمبێلەکانیان بەکاربهێنن کە هەم نرخی هاتوچۆی بەرزترەو هەمیش روبەڕووی کێشە و ماندوبوونی زیاتر دەبن و دووچاری پێکدادان دەبنەوە، بۆیە سەرباری کارەکانی دیکەی حکومەت دەبێت چاودێری بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کەرەستەی یەدەگی ئۆتۆمبێل و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان بکات لە کاتی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی کیلۆمەتر سفرو رێگری بکات لە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی کوالیتی نزم و کەرەستەی جۆری خراپ، زیاتر لە ملیۆنێک و 300 هەزار ئۆتۆمبێل ( لە ساڵی 2020 ئەو رێژە زۆر بەرزبۆتەوە بۆ نزیکەی دوو ملیۆن ئۆتۆمبێل) لە هەرێمی کوردستان هەیە، سەرباری ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ژمارەی کاتیان هەیە، یان ژمارەکانیان هی خواروو ناوەڕاستی عێراقن، ساڵ بە ساڵ رێژەکە لە هەڵشکاندایە، بێ ئەوەی رەچاوی ستانداردی جیهانی بکرێت لە رێگاوبان و کوالیتی ئەو ئۆتۆمبێلانە، تەنانەت جێگرەوەش بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی بدۆزرێتەوە، بۆیە هاوردەکردنی ژمارەیەکی بێشومار لە ئۆتۆمبێلی کوالیتی نزم و پڕ لە کەموڕی بۆ کوردستان، کە لە ساڵی 2012دا لەلایەن 300 کۆمپانیا

بازرگانی هاوردە دەکرێت، کاریگەری خراپی لە رووی ئابووری و کـۆمەڵایەتی و ژیـنگە و تەندروسـتی دروسـت کـردووە، لە هەمـووی خراپتـر کـاری کـردۆتە سـەر زیـادبوونی رێـژەی قوربانییەکـان لە مـردن و بریـنداربوون و کەمئەنـدامبوون، کە بە دەسـتی خۆمـان و ئاگـاداری حکـومەت ئەمە لەسـەر دەسـتی بازرگـان و بەنـاو سـەرمایەدارەکانی کوردسـتان روودەدات و حکـومەتی کوردسـتانیش رێـگە خۆشـکەرە، تـا بـڕە پـارەیەک لە گومرکی هـاوردەکردن وەربگرێت بۆئەوەی داهـاتی کوردستانی پێ بەرز بکاتەوە، بێ ئاگا لەوەی بـڕی ئێجگار لەوە زیـاتر زیـان لە داهاتی تاک و داهاتی نەتەوەیی بە فیرۆ دەدات، چـونکە ئەگەر بـۆ هەر ئۆتۆمبێلێک لە نێوان یەک ملیـۆن دینـار تـا پێنج ملیـۆن دینـار وەک گومرک وەربگـرێ ئەوا بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک لەنێوان 10 هەزار دۆلار تا 100 هەزار دۆلار زیاتریش دەچێتە گیرفانی خـاوەن کۆمپانیـا زەبەلاحەکـانی جیهـان و کوردسـتان، لەلایەکـی دیـــکە خەرجییەکـــانی تێکچـــوون و رێگەوبـــان و کەلـــوپەلی هاوردەکراو وەستای چاککردنەوەش ئەوە لەولاوە بوەستێت، کە بە لانــی کەم ســاڵانە 20 ملیــار دۆلار بــۆ چــاککردنەوە خەرج دەکرێـت، چارەسـەری ئەوەش بەوە دەکرێـت یاسـایەکی تـایبەت دابڕێژرێـت و دەسـتەیەکی کـاری کـۆنترۆڵی جـۆری دابنرێـت لەسەر سنوورەکانیش هەموو جۆرە مۆدێلێک پشکنینی بۆ بکرێت ئینجا هاوردە بکرێت، نەک پشـکنینی جۆرو سـاڵی بەرهەمهێنـانی دیـــاری بکرێـــت، چـــونکە بەپێـــی تۆژینەوەکـــان هەمـــوو ئەو ئۆتـۆمبێلانەی کە تـازە مـۆدێلن زۆر کوالیتیـان نزمتـرە لەوانەی

مۆدێلیان کۆنترە، بەتایبەت ئەوانەی بە راسپاردەی بازرگانە کوردەکان دروست دەکرێت لە ژاپۆن و کۆریاو هەندێ وڵاتی دیکە، کە تەنها لە بازاڕەکانی کوردستان ساغ دەکرێنەوەو هەناردەی بازاڕی ئەوروپاو تەنانەت وڵاتانی عەرەبیش ناکرێت، ئەو ئۆتۆمبێلانەی بە قیست لە کۆمپانیاکان دەفرۆشرێن بە فەرمانبەران خراپترین جۆرن، بۆیە ئەگەر پشکنین بۆ ئۆتۆمبێلێکی دوا مۆدێل بکرێت لە پشکنینەکان دەرناچێت، ئەو ئۆتۆمبێلەش ماوەیەک کەم دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، دواتر پێش ئەوی قیستەکەی تەواو بێت یان تووشی رووداوی هاتوچۆ دەبێت یان دەبێت لە ناوچەی پیشەسازی کەرەستەی جۆری چینی ئاست نزم بۆ بکڕێت، ئەویش پاش ماوەیەکی کەم لەکار دەکەوێت، ئەوانە هەمووی دەچێتە خانەی بەفیڕۆدانی داهاتی نەتەوەیی کە بەشێوەی دراوی قورس دەچێتە دەرەوەی کوردستان" ئەمە جگەلەوەی بەرپرسانی هاتوچۆی هەرێم بەبێ چارەسەرکردنی گرفتە سەرەکییەکان بۆ کەمکردنەوەی روداوی هاتوچۆ، ئەوا بڕیاری سەیرو سەمەرە دەدەن، ئەویش زیادکردنی نرخی تابلۆی هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبێل و نرخی سزاکانی سەرپێچیکردنە بە بێ ئەوەی یاسایی بێت و لە پەرلەمان کرابێتە یاسا، ئەمەش بە دڵنیاییەوە رووداوەکان کەم ناکەنەوە، چونکە زۆرینەی رووداوەکان لەلایەن کەسانی دەستڕۆیشتوو و خواپێداوەکانە، کە باکیان بە بەرزکردنەوەی نرخ و پارە نییە، نرخی تابلۆی ئۆتۆمبێل هەر چۆن بێت و سزاکەی هەرچەندێک بێت دەیدەن.

تەنها لە کوردستان بە لانی کەم ساڵانە زیاتر لە هەزار کەس گیان لەدەست دەدەن و هەزارانیش دەبنە کەمئەندام و زامدار دەبن، ئەمە جگە لە چوونە دەرەوەی دەیان ملیار دۆلار بۆ دەرەوە چ بە کڕینی ئۆتۆمبێلی تەواو دروستکراوو کەلوپەلە یەدەگەکانی و چ بەو کەرەستانەی کە بەهۆی رووداوەکانەوە تێکدەچن.

سەرنج: ئەو بابەتە بە چوار بیرۆکەی جیاواز کە تێکهەڵکێشراون بە یەک بابەت لەو گۆڤارو رۆژنامانە بڵاوکراونەتەوە:

***لە رێکەوتی** 2010/4/14 **لە رۆژنامەی (خەبات)،**2011/11/30 **لە رۆژنامەی (خەبات)،**2013/8/18 **هەفتەنامەی (بانگ)،ژمارە**(2)**ی گۆڤاری (کۆزان) لە هاوینی** 2014 **بڵاوکراوەتەوە.**

## له خواردنگەکان سامانی نەتەوەیی بەفیڕۆ دەڕوات

بەهۆی بەرزبوونەوەی داهاتی تاک، مانگانە ڕێژەیەکی زۆر لە داهاتەکانیان بەفیڕۆ دەچێت، بە کڕینی جلوبەرگی ناپێویست و کەلوپەل و کاڵای ناوماڵ و دروستکردنی چێشتێکی زۆر لە کاتی ژەمەکانی نانخواردندا، کە دواجار نیوەی زیاتری ناخورێت و فڕێ دەدرێتە نێو سەبەتەی زبڵەوە، لە لایەکی دیکە ئەو دیاردەیە وەک خوویەکی ڕۆژهەڵاتی خواردنگەکانی کوردستانیشی گرتۆتەوە بەتایبەت ئەو خواردنگانەی چێشتی میللی پێشکەش دەکەن، لەکاتی پێشکەشکردنی خواردن خزمەتگوزاری زۆر دەخرێتە بەردەم ئەو کەسەی داوای جۆرێک لە خواردنەکان دەکات، جاری وا هەیە داوای نەفەرێک دەکات کە نیوەی زیاتر لە سەر مێزەکە دەمێنێتەوەو فڕێ دەدرێت، ئەم خواردنەی ماوەتەوە لە خەرجییەکەی سەر گیرفانی ئەو کەسەیە خواردنەکەی نەخواردووە، بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ئەو خەرجییە بەشێک لە داهاتی کەم دەکاتەوەو چۆتە نێو زبڵەوە، وەک ئەو جگەرەکێشەی پارەی خۆی دەسووتێنێت، بۆ بەدواداچوونی ئەم دیاردەیە لە خواردنگەکانی شاری هەولێر، بۆمان دەرکەوت ئەو خواردنگانەی خواردنی بیانی پێشکەش دەکەن بە نرخێکی گران خزمەتگوزارییەکی کەم پێشکەش دەکەن، ئەمە جگە لە کەمی بڕی چێشتەکەیان، بەڵام خواردنگە میللییەکان خزمەتگوزاری زۆر بە نرخێکی کەمتر پێشکەش دەکەن، هەندێ لەو خواردنگانەیش بیریان لەوە کردۆتەوە تا ئەو بڕە خواردنەی لەسەر مێزەکان دەمێنێتەوەو فڕێ نەدرێت، بڕی

خواردنەکانیان کەم کردۆتەوەو نرخەکەیان دابەزاندووە، بەڵام سەوزەو موقەبیلاتەکانیان بەخۆڕایی پێشکەش دەکەن، لەکاتێکدا خاوەن خواردنگەکان تاوانی بەفیڕۆدانی ئەو سامانی نەتەوەییە دەخەنە ئەستۆی ئەو کەسانە کە داوای خواردنی زۆر دەکەن پاشان نایخۆن.

لە کوردستان تا ئێستا هۆشیاری خواردن و خواردنەوە بڵاو نەبۆتەوە، بۆیە خەڵکی خواردنێکی زۆر دەخوات و دەبێتە هۆی تێکچوونی باری تەندوستیان، هاوڵاتی لە وڵاتانی دیکە چەند خواردنی پێ بخورێت ئەوەندە لە خواردنگەکان داوا دەکات، تا هەم خەرجی لە سەر کەم بێتەوەو هەمیش دووچاری نەخۆشی گەدە نەبێت و، داهاتی نەتەوەیی ئەو وڵاتەش بەفیڕۆ نەڕوات.

***لە ڕێکەوتی** 2011/1/10 **لە ڕۆژنامەی (خەبات) بڵاو بۆتەوە.**

## پاشەگەردانی کەرتی گواستنەوەی کوردستان

هەرچەنـــدە جیهـــان ســـاڵ بە ســـاڵ لە پێشـــوەچووندایە، هاوشـان لەگەڵیـدا ئامرازەکـانی کەڵـک وەرگرتنـی مـرۆڤ بەرەو پـــێش چـــوون، بەتـــایبەت ئامرازەکـــانی گواســـتنەوەو زۆرو جۆرارجـۆرو باشـتر بـوونە، لە گەیانـدنی مـرۆڤ بـۆ شـوێنی مەبەست، لەهەمان کاتدا لە رووی ئابوورییەوە سوودی زیاترە، وەک گەڕانەوەی کـاتێکی زۆرو تێچـوویەک زۆر، بـۆ نمـوونە گەشتکردن و گواستنەوەی کاڵاو خزمەتگوزاری بە فڕۆکە یان کەشـــتی یـــان بە شـــەمەندەفەرو ئۆتۆبـــان، تەنـــانەت هەمـــوو جۆرەکـــانی ئۆتـــۆمبێلیش کـــاتێکی زۆر دەگەڕێنێـــتەوە کە لە مـاوەیەکی زەمەنـی کورتـدا دەتوانیـت سـەردانی وڵاتـان بکەیـت، ئەمە بەراورد بە پێشتر کە ئەو ئامرازانە نەبوون، ئێسـتا بەهـۆی گرانـی سـووتەمەنی مـرۆڤ لە زۆربەی وڵاتـان لە گواسـتنەوەی ناوخۆییـدا بەتـایبەت لە شـارێکەوە بـۆ شـارێک بە شـەمەندەفەر هـاتوچۆ دەکەن کە هەم کـات دەگەڕێنێـتەوە، هەمـیش تێچـووی کەمترەو ماندوبوونی جەستەیی و هـزری کەمترە، لە سـەرووی هەموویـان رووداوی هـاتوچۆ کەمتـر دەکـاتەوەو لەسـەر ئاسـتی نەتەوەییش داهاتی نەتەوەیی کەمتر بەفیڕۆ دەڕوات و شەقامیش دووچـاری خراپبـوون و دووبـارە چـاککردنەوەو قیرتـاوکردن نـــابنەوە، ئەمـــانە پێویســـتیان بە پـــارەیە، بەڵام لە هەرێمـــی کوردسـتان سـەرباری هەمـوو پێشـکەوتنەکان و بەرزبـوونەوەی داهـــاتی تـــاک کەچـــی رێـــک پـــێچەوانە بـــۆتەوە، بەجۆرێـــک پاشەگەردانیەکی زۆر لە کەرتی گواستنەوەدا هەیە، بەبێ ئەوەی

بەرپرسانی ئەم کەرتە و بەرپرسانی حکومەت بە جدی کاری لەسەر بکەن و پلانی دوورمەودای بۆ دابڕێژن، هەرچەندە جاروبار لە میدیا هەواڵی سەر زارەکی دڵخۆشکەر دەبیستین، بەڵام لە کرداردا مایەی بەزەیی پێداهاتنەوەیە بە دەسەڵاتدارانی نەک هەرێم، بەڵکو حکومەتی بەغداش، راستە بۆ گواستنەوەی دەرەکی ئێستا دوو گەورەترین فڕۆکەخانە لە هەولێرو سلێمانی هەیە، بەڵام ئەوانیش کرێی هاتوچۆیان بەراورد بە وڵاتانی دیکە زۆر گرانە و بارگرانی زۆر لەسەر ئابووری کوردستان و داهاتی تاک دروست کردووە، لەگەڵ ئەوانەشدا بەهۆی سەرەتایی کارەکان رەخنەکان کەمتر روبەڕووی ئەو کەرتی گواستنەوەی ئاسمانی هەرێم دەبێتەوە، چونکە کوردستان هێشتا قەوارەیەکی سەربەخۆی نییە تا بتوانرێت مامەڵەی راستەوخۆ لەگەڵ هێڵی ئاسمانی وڵاتان بکات، بەڵام حکومەتی کوردستان لە هەموو کابینەی رابردوودا وەزارەتێکی تایبەت بە گواستنەوەوگەیاندن هەبووە، دەکرا پلانی ستراتیژی دابڕێژێت بۆ کەمکردنەوەی ئۆتۆمبێل لە شەقامەکان و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی سووتەمەنی لە گازو بەنزین و غاز تەنانەت داهاتی تاکیش، چونکە ئەگەر لەئێستادا سیستمێکی نەخشە بۆ داڕێژراوی سەرکەوتوو هەبوایە بۆ هێڵی گواستنەوەی ناوەوەو دەرەوەی شار، هەموو کەسێک رۆژانە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی بەکار نەدەهێنا تاکو رووداوی هەمەجۆری لێ بکەوێتەوە کە پێی دەوترێت تیرۆری سپی، ئەویش رووداوەکانی هاتوچۆی شەقامەکانی کوردستانە، کە لەئێستادا بەپێی بۆچوونی

بەرپرسانی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان بەهۆی بوونی نزیکەی دوو ملیۆن ئۆتۆمبێل کە تۆمار کراون، جگە لەوانەی تۆمار نەکراون و ژمارەکانیان کاتی یان باشوورو ناوەڕاست و عێراقن، ئەو رووداوانە شوێنەواری نەرێنی لەسەر داهاتی نەتەوەیی و سەرمایەی مرۆیی دادەنێت، بەڵام مانای ئەوە نییە تیرۆری سپی تەنها بەهۆی بوونی ژمارەی زۆری ئۆتۆمبێل بێت، کە بەرپرسانی بالای هەرێم باسی لێوە دەکەن، بەڵکو ئەمە بەشێکە، بەشە سەرەکییەکەی نەبوونی هۆشیاری شۆفێران و فەرهەنگی رەوشتی لێخوڕین و نزمی کوالیتی ئۆتۆمبێلی هاوردەو خراپی شەقامەکان و خێرا لێخوڕین و بوونی هەزاران تاسەی ناتەندروستی بێ پلانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆو نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان هەردوو بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆو چاککردنەوەی رێگاوبانەکانی دەرەوەو ناوەوەی شارو نەبوونی شەقامی قیرتاوی جووتسایدو کەمتەرخەمی بەرپرسانی حکومەت لە چاککردنەوەی شەقامەکان و بێسەروبەری دروستکردنی شەقامەکان بە کوالیتی نزمی قیرتاو، هەروەها لە سەرووبیانەوە جگە لە نەبوونی هۆشیاری شۆفێران و کەمتەرخەمی میدیای کوردستان لە بلاوکردنەوەی رۆشنبیری لێخۆڕینی ئۆتۆمبێل، ئەوا کارمەندانی هاتوچۆش کەمتەرخەمن لەوەی بە تەواوی یاسا بە یەکسانی و دادپەروەری جێبەجێ ناکەن لەسەر هەموو شۆفێرێک.

ئەوەی ئەسڵی مەتڵەبە ئەوەیە، بەرپرسانی هاتوچۆی کوردستان بەبێ چارەسەرکردنی گرفتە سەرەکییەکان بۆ کەمکردنەوەی

ڕووداوی هـــاتوچۆ، ئەوا بڕیـــاری ســـەیر دەدەن، ئەویـــش زیادکردنی نرخی تابلۆی هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبێل و نرخی سزاکانی سەرپێچیکردن، ئەمەش بە دڵنیاییەوە ڕووداوەکان کەم ناکەنەوە، چونکە زۆرینەوەی ڕووداوەکان لەلایەن کەسانی دەستڕۆیشتووی هەرێم و خواپێداوەکانە، ئەمانەش باکیان بە بەرزکردنەوەی نرخ و پارە نییە، نرخی تابلۆی ئۆتۆمبێل هەرچۆن بێت و سزاکەی هەرچەندێک بێت دەیدەن.

بەهۆی تیرۆری سپییەوە ساڵانە لە هەرێمی کوردستان بە لای کەم زیاتر لە هەزار کەس گیان لەدەست دەدات، هەزارانیش دەبنە کەمئەندام و زامدار دەبن، ئەمە جگە لە چوونە دەرەوەی دەیان ملیار دۆلار بۆ دەرەرە چ بە کڕینی ئۆتۆمبێلی تەواو دروستکراوو کەلوپەلە یەدەگەکانی و چ بەو کەرەستانەی بەهۆی ڕووداوەکانەوە تێکدەچن، بۆئەوەی ڕووداوەکان کەمتر ببنەوەو چیتر داهاتی نەتەوەیی بەفیرۆ نەڕوات و زیانی جەستەیی و ئەقڵی بە لەدەستدانی سەرمایەی مرۆیی تەواو نەبێت، با بەرپرسانی گواستنەوە سیستمێکی گواستنەوە وا ڕێکبخەن بە دانانی هێڵی گواستنەوەی شەمەندەفەرو ئۆتۆبان و پاسی گەورە لەناوەوەو دەرەوەی شارەکان واتە لە ناوخۆی گەڕەکان و شەقامە سەرەکییەکان و گواستنەوەی نێوان شارەکانی کوردستان کە بلیتەکەشی بە نرخێکی کەمتر بێت، بەراورد بەو خەرجییەی کە خاوەنی ئۆتۆمبێل بەتایبەت هاتوچۆی پێدەکات، جگە لەوەش سیستماتیک بکرێت بەگوێرەی کات، واتە بۆ هاتوچۆ هەم لە ڕووی کاتەوە، هەمیش لە ڕووی تێچووە کەڵکی

بـۆ گەشـتیارو هاوڵاتیـان هەبێـت، نە وەک ئەوەی ئێسـتا هەیە، چونکە زۆربەی ئەوانەی ئۆتۆمبێلیان هەیە کاتێک دەچنە شوێنێک ئەوا بە ئۆتـۆمبێلی تـایبەتی خۆیـان بچـن زۆر تێچـووەکەی و کـــاتەکەی کەمتـــرە، هەرچەنـــدە هێڵـــی گواســـتنەوە لە پاشەگەردانیدایە، بۆیە تاکەی حکومەت بیری لێ نەکاتەوە.

*لە ژمارە(52)ی تشرینی 2013 گۆڤاری (تاوی کۆمەڵایەتی) بڵاوکرایەوە.

# کەرتی تایبەت

کەرتی تایبەت هێشتا لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرەتاییدایە و پێناسەی جیاوازە لەگەڵ وڵاتانی دیکە، لەبەرئەوەی هێشتا سیستمێکی ئابووری تایبەتمان نییە پەیڕەوی بکەین، بەهۆی ئەوەی ئەوانەی لەو کەرتە سەرمایەگوزاری دەکەن، هەمان ئەو کەسانەن لە نێو کەرتی گشتی پۆستیان هەیە و پۆستەکەیان بەکارهێناوە بۆئەوەی لە دەرەوەی حکومەت بە ناوی کەرتی تایبەت پرۆژە بکەن، ئەوەش ناکرێت ناوی کەرتی تایبەتی لێ بنێین. لەکاتێکدا بەرەوپێشچوونی زۆر روویداوە بەراورد بە رابردوو، چونکە پێشوو کەرتی تایبەت بوونی نەبووەو تەنها کاری بەڵێندەرایەتی و هەندێ پرۆژەی بچووک و هاوبەشی نێوان حکومەت و کەسانی سەرمایەدار بووە. بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت سەرەتا بە یاسا دەکرێت، ئینجا بە کرداری دەبێت کاری لەسەر بکرێت، پێش ئەوەی هەنگاوی بۆ بهاوێژین دەبێت سیستمێکی ئابووری سەربەخۆمان هەبێت ئایا سیستمی سەرمایەدارییە یا سۆشیالیستی یاخود ئیسلامی، ئەگەر بمانەوێت کەرتی تایبەت پێش بخەین و وڵات پەرە پێ بدەین، دەبێت رۆڵی کەرتی تایبەت چالاک بکەین لە کەرتە ئابوورییە سەرەکییەکان تەنانەت لە کەرتە خزمەتگوزارییەکان، واتە دەبێت کەرتی تەندروستی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و خوێندنی باڵاو کارەبا بدرێتە کەرتی تایبەت و حکومەت ببێتە چاودێر، نەک حکومەت خۆی بەشێک بێت و نەتوانێت رۆڵی لە پەرەپێدان هەبێت، بەوەش هەم خەرجییەکانی کەم دەبێتەوەو هەمیش ئەو

کەرتـــانە دەبـــووژێنەوەو کەرتـــی تـــایبەتیش پـــێش دەکەون، لە سەرووی ئەوانە نابێت ئەو کەسانەی پۆستیان هەیە لە حکومەت ســـەرمایەگوزاری بـــکەن، چـــونکە تـــا ئەوان بەشـــداربن لە ســـەرمایەگوزاری، ئەوە کەرتـــی تـــایبەت پـــێش ناکەوێـــت، لەبەرئەوەی هەر کۆمپانیـــایەکی بیـــانی یـــان نـــاوخۆیی یـــان ســـەرمایەدارێک بیەوێـت وەبەرهێنـــان بکـات و کەرتـی تـایبەت فـــراوان بکـــات، ئەوەی ئەو بەرپرســـانە داوای پشـــکی زۆری لێدەکەن یان دەبنە لەمپەر لەبەردەم ئەو چالاکییە ئابوورییە و وا دەکەن ئەو ســـەرمایەدارە نەک لە کوردســـتان نەمێنێـت، بەڵکـو بچێـــتە دەرەوەی وڵات. بە کـــاراکردنی رۆڵـــی کەرتـــی تـــایبەتی راســـتەقینە، لە هەرێمـــی کوردســـتان وەرچەرخـــانێکی گەورەی ئـابووری روودەدات و شـان لە شـانی وڵاتـانی نـاوچەکە دەدات، لەبەرئەوەی دەرفەتـی وەبەرهێنـــان لە هەمـوو بوارەکـان زۆرەو ژێرخانی ئابووری کوردستان دەبووژێتەوەو دەبێتە سـەرەتایەک بۆ ئـابوورییەکی سـەربەخۆو هەرێمێکی بەهێز، بەتـایبەت ئەگەر پرۆژەی زەبەلاحی رێگاوبان و هۆکارەکانی گواستنەوەو کارگە و پـرۆژەی دیکە لە سـێکتەری کشـتوکاڵی و گەشـتیاری ئەنجـام بدرێت، لە سەروویانەوە وەبەرهێنان لە بواری کشتوکاڵی بکرێت و ئەو سـێکتەرە بە تەواوی بـدرێتە دەسـت کەرتـی تـایبەت و وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سـەرچاوەکانی ئـاو تەنهـا وەک چـاودێر لەســـەر کەرتـــی تـــایبەت بێـــت، نەک بڕیـــاردەرو هۆکارەکـــانی وەبەرهێنانی لەدەست بێت.

**٭لە رێکەوتی** 2020/2/12 **بڵاوکراوەتەوە.**

## لەمپەرەکانی بەردەم گەشەکردنی کەرتی تایبەت لە کوردستان

پێشکەوتنە ئابوورییەکانی وڵاتان لەسەر دەستی کەرتی تایبەت هاتۆتە ئاراوە نەک کەرتی گشتی، بۆیە لە سایەی سیستمی ئابووری بازاڕدا ئەو کەرتە رۆژ بە رۆژ رۆڵی زیاتر دەبینێت و میکانیزمەکانی بازاڕی دەکەوێتە دەست، بەڵام ئەو کەرتە لە کوردستان لاوازەو لە سێبەری کەرتی گشتی دەژێت و کار بۆ پەرەپێدانی ئابووری کوردستان دەکات، ئەمەش رەوشی ئابووری بەو شێوەیە ناتوانێت بگۆڕێت، تا سەرمایەی راستەقینەی خۆی بە کرداری نەخاتە بواری وەبەرهێنانەوە، بۆیە ساڵانە لە گەڵ دواکەوتنی بودجە و ئاڵۆزییە سیاسییەکانی وڵات، لە بازاڕ قەیران دروست دەبێت و ئاستی گشتی نرخەکان گۆڕانکاری بەسەر دادێت.

کەرتی تایبەت لە ئابووری دەوڵەتدا بریتییە لە دامودەزگاو کۆمپانیا تایبەتییەکان کە موڵکی حکومەت نییە، کەرتی گشتیش بریتییە لە هەموو ئەو کۆمپانیاو دەزگایانەی لە شێوەی وەزارەتەکان و دەزگا پاشکۆکانی و کارگەو کارخانەکانی کە حکومەت خاوەنێتی دەگرێتەوە، هەرچەندە لە سیستمی سۆشیالیستی ئابووری لە دەست دەوڵەتەوەیە و خۆی بڕیاردەرو چاودێری و دامەزرێنەری کۆمپانیاو دانەری کارگەیە و میکانیزمی بازاڕی بەدەستەوەیە، تەنانەت لە هەندێ شوێن کردنەوەی بازاڕی گەورەو فرۆشگەش دەکاتەوە، وەک ئەوەی لە ساڵانی حەفتاکانی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت... هتد هەبووە، بەڵام

ئەو سیسـتمە ئـابووریيە لە ئێسـتادا شکسـتی هێنـاوە، بەڵام لە سیسـتمی سـەرمایەداری بـازاڕی ئـازاد دا، حکـومەت جـگە لە چاودێریکردن و ڕێکخستن هیچی دیکەی بەدەست نییە، کەرتی تایبەت میکانیزمەکانی بازاڕ بەدەست خۆیەتی، لە بازاڕی ئازاد نرخ پێوەرە، بەبێ بوونی ئازادی و دیموکراتیش هەرگیز بازاڕی ئازاد گەشـە ناکات و نـابێتە هـۆی پەرەپێدانی کـایە ئابووری و کـۆمەڵایەتی و کلتوورییەکـان، ئەو پێشـکەوتنەی لەسـەر ئاسـتی وڵاتـانی ئەوروپـاو ئەمەریکـاو چـین و ژاپـۆن روویـان داوە لە دەرەنجامی پەیرەوکردنی سیستمی بازاڕی ئازاد بووە.

لە چەند ساڵی رابردوودا حکومەتی کوردستان، لە ڕێگەی زانکۆ حکومییەکـانی کوردسـتانەوە، ژینگەیەکـی لەبـار رەخسـابوو بـۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە لە هەموو ئاستەکاندا، هەرچەندە ساڵ بە سـاڵ ژمـارەی قوتـابی لە هەڵکشـاندایە و زانکـۆو پەیمانگەکـان ناتوانن ئەو ژمارە زۆرە لە کورسی خوێندن تەرخان بکەن، بۆیە حکومەت بیری لە جێگرەوەیتر کردەوە لە زەمینەسازکردن بۆ کەرتـــی تـــایبەت بە یاســـای ژمـــارە (4)ی ســـاڵی 2006ی وەبەرهێنـــان بـــۆئەوەی هـــانی کەرتـــی تـــایبەت بـــدات لە سـەرمایەدارانی نـاوخۆیی و بیـانی تـا وەبەرهێنـان لە بـواری خوێندن بکەن، بۆ ئەمەش ژمارەیەکی بەرچاو لە زانکۆی ئەهلی کرانەوەو لە بواری پەروەردەو خوێندن لە ماوەی شەش ساڵدا 8 پـڕۆژە ئەنجـام دراوە، لەئێسـتادا 10 زانکـۆی حکـومی و 10زانکۆی ئەهلی هەیە، لەگەڵ 27 پەیمانگە و کۆلێژی تەکنیکی، نـزیکەی 120 هەزار قوتـابی لە زانکـۆو پەیمانگەکـان دەخـوێنن،

جگە لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی زیاتر لە یەک ملیۆن قوتابی هەیە، تەنها ئەمساڵ لە قۆناغی دوانزە زیاتر لە 80 هەزار قوتابی تاقیکردنەوەیان کردووە، ئەو ڕێژانە پێمان دەڵێن زەمینەیەکی شیاو رەخساوە تا تاکی کوردی بتوانێت بخوێنێت و بڕوانامە بەدەستبهێنێت، بۆئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانێت ئاییندەی خۆی مسۆگەر بکات، هەرچەندە ژینگەی هۆڵی خوێندن و پڕۆگرامی خوێندن و شێوازی وانە واتنەوەو سیستمی خوێندن کەموکوڕی هەیە و سەدان پرسیار لەو بابەتە خۆیان مەڵاس داوە، سەرەڕای هەموو ئەوانە خوێندن بەردەوامە.

بەهۆی نەبوونی پلانێکی دوورمەودای ستراتیژییەوە لە چەند ساڵی رابردوودا نەتوانراوە بە هاوکاری کەرتی تایبەت چارەی قەیرانی بێکاری بکرێت، بۆئەوەی زۆرترین دەرچووی زانکۆو پەیمانگە و ئامادەییە پیشەییەکان وەگەڕبخرێن، بۆیە لە کردنەوەی بەشی زانستی لە زانکۆکانی کوردستان جۆرە بێ ئاگاییەک هەبووە لە بازاڕ، چونکە لە کردنەوەی زانکۆی حکومی و ئەهلی زیاتر پشت بە سۆزی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەستراوە لەپێناو بەدەستهێنانی رای گشتی و منەتکردن بەوەی وەک پاداشتی قوربانیدانی دەڤەرەکان زانکۆ یان پەیمانگەیان بۆ دروستکردن، لە کاتێکدا دەبوایە بیر لەوە بکرێتەوە تا چەند ئەو زانکۆیە لەو شوێنە پێویستە و بازاڕی کاریش لەو شوێنە پێویستی بە چ پسپۆڕییەکە نەک بە منەت پێیان بفرۆشرێتەوە، کاتێک دەرچووەکانی بڕوانامە بەدەست دەهێنن لە هیچ شوێنێک لە کەرتی گشتی دانامەزرێنرێن و دەرفەتی کاریان نییە، ئەو

نەبوونی پلانە وایکردووە ساڵانە ژمارەی دەرچووان کەڵەکە بن بەبێ کار لە بازنەی بێکاری بخولێنەوەو دواتر سەربکێشن بۆ لاڕێی و کۆمەڵگە بەرەو هەڵدربچێت.
لەکاتێکدا دەبێت حکومەت لە کردنەوەی بەشی زانستی و کۆلێژو زانکۆدا رەچاوی پێویستییەکانی بازاڕ بکات، بزانێت بازاڕی کار لە چ پسپۆڕییەک کورتی هێناوەو لە چی زیادەی هەیە، کردنەوەی زانکۆکانی کەرتی تایبەتیش دوچاری هەمان نەخۆشی بوونەتەوە، کەچی حکومەت کردنەوەی ئەو زانکۆیانەی بۆ ئەوە بوو ژمارەی زیاتری دەرچووان لە دەرەوەی پلانی وەرگرتنی زانکۆکان نەمێننەوە، دواتر پسپۆڕییە دەگمەنەکان کە بازاڕی پێویستی پێیەتی ئامادە بکات، کەچی زۆرینەیان هەمان پسپۆڕی زانکۆکانیان کردۆتەوە، کە دەبوایە کەرتی تایبەت ئەو هەڵە کەرتی حکومەت دووبارە نەکاتەوە.
کەرتی تایبەتیش لە کوردستان بێ پلانە و بە دوای بازرگانی و زۆرترین قازانجە، نەک خزمەتکردن و پەرەپێدانی ژێرخان و سەرخانی ئابووری کوردستان، کەچی لە وڵاتانی دیکە جگە لە قازانج ئەوا ئامانجە راستەقینەکەش دەهێننەدی، چونکە بەپێی سیستمی ئابووری ئێستا هیچ وڵاتێک بە بێ پشکداری کەرتی تایبەت ناتوانێت پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆوە ببینێت.
دەکرێت وەزارەتەکانی پلاندانان و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردەو کەرتی تایبەت هەماهەنگی یەکتر بکەن لە وەرگرتنی قوتابی لە بەشە زانستییەکانی کۆلێژەکان و راستەوخۆش لەگەڵ سەرۆک بەشی

زانکۆکان دابنیشن، نەک بە فەرمانێکی ئەنجوومەنی وەزیران یان وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی زۆرترین یان کەمترین ژمارەی قوتابی لەسەر ئاستی دبلۆم و ماستەرو دکتۆرا یان بەکالۆریۆس وەربگیردرێت، لەکاتێکدا لە هەندێ پسپۆڕ زۆرترین رێژە وەردەگیرێت و بازاڕی کاریش پێویستی پێی نییە، بۆنموونە بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەر چوار قۆناغ بەراورد بە کیمیاو فیزیاو زیندەوەرزانی و ئینگلیزی زۆرترین ژمارەی وەرگرتووە کە 335 قوتابی تەنها لە یەک قۆناغ وەرگیراوە، کەچی پسپۆری کیمیا لە کۆلێژی پەروەردەی زانستەکان کەس وەرنەگیراوەو لە کۆلێژی زانست 121 کەس وەرگیراوەو فیزیا 151 کەس و ژینگە 41 کەس، لە کۆلێژی ئەندازیاریش لە بەشی تەلارسازی 44 کەس و رووپێوان 36 کەس و پرۆگرامسازی 62 کەس، لە بەشە زانستییەکانی کۆلێژی کشتوکاڵیش کەمتر لە 60 کەس وەرگیراون، ئەوە بێ پلانی و بێ ئاگاییە لەنێوان دەزگاکانی حکومەت و بازاڕی کار، بۆیە زۆرترین کەس لەنێو بازنەی بێکاری دەمێننەوە، لەکاتێکدا کرێکاری بیانی هاوردە دەکرێت و مامۆستای ئاست نزم لە خوارووی عێراق دەگوازنەوە بۆئەوەی وانە بڵێنەوە. لەئێستادا زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە کوردستان موچە لە حکومەت وەردەگرێت کە نزیکەی 7 ترلیۆن دینار بۆ بەکاربردن دەچێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەرتی تایبەتی رۆڵیان سستە و دەبێت رۆڵ بگێڕن لە بەکارخستنی دەرچووان و تۆپەکەی فرێدایە گۆڕپانی کەرتی تایبەت.

کەرتــی تــایبەتیش لە چــارەکردنی قەیرانــی بێکــاری و گشــت پرۆســەکانی پەرەپێــدان لە بــرینەکە قــووڵتر دەکــاتەوە، لەجیــاتی بەشــداری لە دۆزینــەوەی کــار بــۆ گەنجــان بکــات، کەچــی خــۆی بەشــێکە لە قــووڵکردنەوەی گــۆمەکە و بەرزکــردنەوەی رێــژەی بێکاری، بەوەی ژمارەیەکی زۆر کرێکاری بیانی هــاوردە دەکــات کە 8 هەزار کرێکاری بیانی لە کوردستان هەن، جگە لەو ژمــارە زۆرەی کرێکــاری عەرەبــی عێــراق کە دە بەقەد ئەو هەزارەیە لەسەر شەقامەکانی کوردستان پەرتەوازە بوون و چاوەڕی کــار دەکەن، لەکاتێکدا کوردستان خۆی بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنێت و رێژەی بێکاری 14%یە و لەسەر ئاستی عێراقیش زۆر زیاترە لەوەی کوردستان، لەبەرامبەردا کەرتی تایبەتیش پاساوی خــۆی هەیە، کە هێزی کاری ناوخۆیی کارامە و پسپۆڕی لێهــاتوو نییە، تــا پشــت بە توانــای دەرچــووانی کوردســتان ببەســتێت، بەڵام ئەو پاســاوە زۆر بــێ بنەمــایە و خــۆدزینەوەیە لە بەرپرســیارێتی کەمکردنەوەی بێکار، بەڵکو دەکرێت ئەو کەسە توانای کەمترە لە کەســێکی دیــکە هــان بــدرێت بەوەی مەشــقی پــێ بکرێــت، لە دەرەوەی کوردســـتان لەســـەر دەســـتی کەســـانی شـــارەزاو بە ئەزمــوونی وڵاتــانی دیکە، ئەو پڕۆســەیەش یەکێکە لە بنەماکــانی کارکردنی هەر دەزگایەکی کەرتی تایبەتی دونیا بۆئەوەی هێــزی کــاری نــاوخۆیی نەچێــتە دەرەوەو یــان بە مردوویــی نەمێنێــت و وەبەربهێنرێــت، مــادام ســاڵانە حکــومەتی کوردســتان رێژەیەکــی زۆر لە بــودجەی تەرخــان دەکــات بۆ وەبەرهێنــانی مرۆیــی کە لە هەردوو وەزارەتـــی پەروەردەو خوێنـــدنی بـــاڵاو تـــوێژینەوەی

زانستی بودجەیەکی زۆر تەرخانکراو لە بودجەی گشتی بۆی تەرخان کردووە، کەچی توانای ئەو دەرچووانە لە کەرتی تایبەت بەگەڕناخرێت.

هەرچەندە لەئێستادا کەرتی تایبەت رۆڵی لە ئابووری کوردستان سستە، بەڵکو لە سەرەتای گەشەکردندایە بۆئەوەی لە ئاییندەدا کار بکات و میکانیزمی بازاڕ بگرێتە دەست، ئەوەش لە خۆوە ناکرێت، پێویستە بە زەمینەسازی زیاتر هەیە، لەگەڵ ئاسانکاری زیاتری کەرتی گشتی، چونکە ئەو کەرتە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان ئەزموونی نەبووەو بە ژینگەی ئابووری عێراق نامۆ بووە، بەهۆی پەیڕەو نەکردنی سیستمێکی جێگیری ئابووری، بەڵام لە دوای ساڵی 2003 بە دواوەو کرانەوەی ئابووری عێراق و هەنگاونانی هەرێم بۆئەوەی پەیڕەوی ئابووری بازاڕ بکات، خەریکە گۆڕانکاری رووبدات، لەبەرئەوەی پەیڕەوکردنی سیستمێکی دیکەی ئابووری دەوڵەت بە درێژایی دەیان ساڵ ئەستەمە لە رۆژێک و دووان بتوانرێت بە ئاسانی سیستمێکی دیکەی بخەیتە جێگەی، بۆیە هێشتا ئەو کەرتە بە مەلولی ماوەتەوەو چاوەڕێی رەحمەتی حکومەتە، جگە لەوەش هاوڵاتیانی کوردستانیش وا بەئاسانی قبوڵی ناکەن هەموو خزمەتگوزارییەکان بخرێتە بەردەست کەرتی تایبەت و بە نرخێکی جیاوازتر خزمەتگوزاری کارەبا، ئاو، گواستنەوە، دروستکردنی شەقام...هتد بدرێتە خەڵک.

کەرتی تایبەت دەبێت رۆڵی هەبێت لە کەمکردنەوەی هەژاری لەسەر ئاستی گشتی و رێژەی چینی ناوەند بەرەو هەڵشکان

بەرێت، نەک رێژەی چینی باڵای سەرمایەداری بازرگان زیاتر بکات، لەبەرئەوەی کەرتی تایبەت قەیرانی بێکاری کەم نەکردۆتەوە، حکومەتیش ناتوانێت چارەی بکات ئێستا 17 هەزار کەس دادەمەزرێت لەکاتێکدا زیاتر لە 200 هەزار کەس بێکارەو ئەو 17 هەزارو 500 کەسە نییە کە بە گرێبەست لە حکومەت کار دەکەن، هەروەها ژمارەی ئەو دەرچووانەی لە شەش مانگی دووەمی ساڵی رابردوو 150 هەزار دینارەکەی بیمەی بێکاریان وەرگرتووە لە بودجەی ساڵی 2012 وەریناگرن، ئەوانیش دەچنە نێو بازنەی بێکارییەوە، ئەمە جگە لەوەی زیاتر لە 20 هەزار قوتابی ئەمساڵ لە زانکۆو پەمانگەکان دەرچوون، دەبێت کەرتی تایبەت بۆ پەرەپێدانی کوردستان بەکاریان بهێنێت.

لەلایەکی دیکە دەبێت بایەخ بە پرۆژەی درێژخایەنی کشتوکاڵی و پیشەسازی بدات، چونکە یەکێکە لە کارنامە گرنگەکانی کابینەی حەوتەمی حکومەتی کوردستان تا لەو کەرتەوە بتوانێت گەشەی ئابووری دروست بکات و دەرفەتی کار برەخسێنێت، چونکە زۆرترین بەرهەم بۆ کەڵکی گەشتی دەخاتەڕوو، لە هەمان کات زۆرترین دەرفەتی کاریش بەدەست دەهێنێت، کەرتی تایبەت بۆئەوەی کاراتر بێت تا رۆڵی لە بونیاتنانەوەو پرۆسەی پێشوەچوونی ئابووری هەبێت، دەبێت هەموو ئەو ئیمتیزاتەی لە کەرتی حکومەت هەیە بیداتە کارمەندانی و سەرمایەی راستەقینەی خۆی بەکاربهێنێت، نەک چاوەڕیکردنی بودجەی حکومەت و کاریگەی نەرێنی زیاتر بخاتە سەر حکومەت و بازاڕی کوردستان، دەبێت کەرتی دەبێت رۆڵی کاراو سەرەکی

ببینێت لە برەودانی ئابووری ئازادو بەشدار بێت لە گەشەپێدانی ئابووری مرۆیی و مەیسەرکردنی دەرفەتی کارو هاوکاری کەرتی گشتی بێت و، ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی داهاتی تاکە کەس و داهاتی نەتەوەیی بە گشتی، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە داهاتی تاک بەرز بکاتەوە بە ڕێژەیەکی نزیک لە سفر نەبێت، جارێ بۆ چینی ناوەند هەر کاریگەری نەبووە، جگە لە چینی باڵاو سەرمایەدار نەبێت، هەروەها هەوڵ بدرێت کەمتر پشت بە بەرهەمی دەرەکی ببەسترێت لە بەرهەمهێنانی کەرستەکان، بۆ ئەمەش کارگەی گەورەی کەرتی تایبەت دابنرێت، بۆئەوەی بۆ هیچ شتێک پشت بە دەرەوە نەبەسترێت تەنانەت هەناردەی دەرەوەش بکرێت، بەتایبەت بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، ئەمە جگە لەوەی کەرتی تایبەت دەبێت ببێتە هۆی سەقامگیری ئابووری و جێگیری نرخ لە بازاڕدا، کەچی پێچەوانەی ئەوە کەرتی تایبەت یاری بە بازاڕ دەکات و خەڵکی کەمدەرامەت و داهات سنووردارەکان زیانی گەورەیان پێدەکەوێت، بەتایبەت چینی فەرمانبەری حکومەت، هەرچەندە لەمپەری زۆریش لەبەردەم کەرتی تایبەت هەبووە لە سیاسەتی چەند ساڵەی رابردوی حکومەت کە بە هۆی شوێنەواری سیاسەتی کۆنی بەعس و داخراوی ئابووری و سیاسی هەرێمی کوردستان و، ئابلوقەی وڵاتانی تورکیاو ئێران و سوریا لەسەر کوردستان نەتوانراوە هەنگاوی جیدی بۆ بهاوێژرێت، ئەمە جگە لەوەی پشتی بە سەرچاوەی داهاتی نەوت وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بەستووە بۆ گەشەپێدان، دواجار بۆتە هۆی ئەوەی

وڵاتێکـی بەکـاربەر لەدایـک بێـت و ببێـتە هـۆی ئیفلیجبـوونی پرۆسـەی پەرەپێـدانی ئەو کەرتە ئابووریـانەی پەیوەسـتە بە ژێرخـانی ئـابووری، بۆیە باشـترە سـەقامگیری ئێسـتای هەرێمـی کوردسـتان بە دەرفەت بزانرێـت بـۆئەوەی هـانی کۆمپانیـاو سـەرمایەداری بیـانی بـدرێت، لەگەڵ دابینکردنـی خزمەتگـوزاری سـەرەکی ژێرخـان تـا یـارمەتی بەرهەمهێنـانی کـاڵا بە کەمتـرین رکـابەری بەرهەمـی بیـانی بـدات، لە نمـوونەی گـازو نەوت و کارەبا، چونکە بەشێکی گرنگە لە دوای یاسای وەبەرهێنـان تـا بتوانێـت کارەکـانی راپەڕێنێـت، دامەزرانـدنی پـڕۆژەی گەورەی کەرتی تایبەت دەبێتە هۆی پتەوکردنی ژێرخـانی ئـابووری، بۆیە باشتر پڕۆژە زەبەلاحە ستراتیژییەکان بۆ ماوەیەکی درێژخـایەن بدرێت بە کەرتی تایبەت تا وەبەرهێنانەکەی تەواو دەکات، دواتـر هەر کەرتـی تـایبەت سەرپەرشـتی بکـات، بەڵام بـاجی لـێ وەربگیرێت وەک فڕۆکەخانەو گواستنەوەو گەیاندن و کارەبـاو ئـاو لەو کـاتەدا حکـومەت ببێـتە چـاودێر لە باشـی و خراپـی خزمەتگوزارییەکان، بەمەش کێبڕکێی نرخ لە بازاڕ دێتەکایەوە لە خزمەتکردنی خەڵک و دواجار کەڵکی گشتی بۆ هاوڵاتیان دەبێت، بەمەش ئەرکێـک لەسـەر حکـومەت کەم دەبێـتەوەو گلەیـی هـاوڵاتیش نامێنێت، بە مەرجێک ئەو پڕۆژانەی دەدرێتە کەرتـی تـایبەت قـۆرخ نەکرێـت لەلایەن هەنـدێ کۆمپانیـاوە، بەمەش خەرجی حکومەت لە هەمـوو کەرتەکـان کەم دەبێتەوەو رێژەی بێکـاریش نامێنێت، بۆیە کەرتـی تـایبەت دەتوانێت رۆڵـی خـۆی

بگیرێت لە گەشـەپێدانی ئـابووری لە سـێبەری ئـابووری بـازاڕی ئازاددا.

خاڵێکی دیکە کە دەبێتە لەمپەر لە بەردەم گەشـەپێدانی ئـابووری کوردسـتان و کـاراکردنی کەرتـی تـایبەت، ئەوە بەهـۆی بەرزی تێچوونی بەروبوومی خۆماڵییە لەبەرامبەر نزمی بەرهەمی بیانی وایکردووە کەرتی تایبەت نەتوانێت بەردەوام بێت لە گەشەپێدانی بەرهەمهێنـــان، ئەمەش بەهـــۆی نزمـــی بەهـــای دراوی دینـــاری عێراقـی بەرامـبەر دراوی دۆلارو رکـابەری وڵاتـانی دەوروبەرە، کە رێگـــری دەکەن کەرەســـتەو کـــارگەی زەبەلاح لە ریـــگەی وڵاتەکەیـان بهێنـرێتە کوردسـتان، بـۆئەوەی کوردسـتان هەر بە بەکـاربەر بمێنێـتەوەو نەبێـتە وڵاتێکـی بەرهەمهـێن و بەردەوام پێویسـتی پێیـان بێت، ئەوەی بە نـاوی وەبەرهێنـانیش کـراوە لە ساڵی 2006 تا 2012 کە زیاتر لە 470 پڕۆژەی جۆراوجۆرن بە سـەرمایەی نـزیکەی 22 ملیـار دۆلار، زۆریـنەی سـەرمایەی خۆماڵییە ئەویش پڕۆژەی گەورەی بەرهەمهێنانی تیا نییە، جگە لە دروستکردنی خانوی نیشتەجێکردن نەبێت و ئەوەی دیکەش رێژەی کەمی لە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازییە، بۆیە دەکرێت حکومەت زەمینەسازی بۆ کەرتی تایبەت لە رێگەی دروستکردنی پـــڕۆژەی بچـــووک لەســـەر ئاســـتی کەرتەکـــانی کشـــتوکاڵ و پیشەسازی و بانکدا، بەمەش زۆرترین کەس تیایدا کۆدەبنەوەو هەلی کاریان بۆ دەڕەخسێت و دەبنە کەسێکی بەرهەمهێن.

***لە ژمارە (32) هاوینی 2012 لە گۆڤاری (ئابووری سیاسی) بڵاو کراوەتەوە**

## زانكۆو كەرتی تایبەت

کەرتی تایبەت لە سیستمی سەرمایەداریدا بایەخێکی زۆری هەیە لە پەرەپێدانی سەرخان و ژێرخانی وڵات، لە دوای راپەرینەوە بەتایبەت دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و ناساندنی حکومەتی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵ لەسەر ئاستی عێراق و جیهان، کوردستان لە هەوڵی هەنگاوناندایە بۆ پەیڕەوکردنی سیستمی سەرمایەداری، ئەگەرچی هێشتا خۆی بە هیچ سیستەمێک نەناساندووە، بەڵام ئینتیماو گوتارەکانی وا دەردەکەوێت بە لای سەرمایەداری لیبڕالیدا لە قاڵبێکی کوردستانیانە و لە بۆتەی عێراقی فیدڕاڵ بە گونجاندنی واقیعی ئەمڕۆی جیهان ئەو سستەمە پەیڕەو بکات، ئەوەش وایکردووە حکومەتی کوردستان بڕیاری وەستانی دامەزراندنی فەرمانبەرانی بدات لە دامەزراوەکانیدا، لەلایەکیتر کار بە یاسای وەبەرهێنان دەکات بۆ هاندانی کەرتی تایبەت لەپێناو گەشەپێدانی کوردستان لە روانگەی (ئابووری، کۆمەڵایەتی، زانستی، پەروەردەیی، پزیشکی...هتد)، یان لە کردنەوەی زانکۆی تایبەت و قوتابخانە و نەخۆشخانە و سوپەرمارکێت و شوقە و خواردنگە و هۆتێل و هۆڵ و دەزگای میدیایی تەنانەت کارەباو خزمەتگوزارییەکانی هاوڵاتیان لە پاککردنەوەی شارو دروستکردنی شەقام و خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەرو گواستنەوەی ئاسمانی و زەمینی و تەلەفۆن و مۆبایل و بەنزین و کارگەی ئاوو چیمەنتۆ...هتد.

ئەوەش ڕێگـای لەبەردەم کۆمپانیاکـانی بیـانی و نـاوخۆیی واڵا کردووە لە کوردستان سەرمایەکانیان بخەنەگەڕو زۆرتر پشت بە دەستی کاری بیانی ببەستن و، کارمەندو کرێکاری ناوخۆیی فەرامـۆش بـکەن، تـا دواجـار دەرچـوویەکی زانکـۆ سـەرەڕای ماندووبوونێکی زۆر هەلی کاری بۆ نەڕەخسێت و نەتوانێت لە بـواری پسـپۆڕی خـۆی سـوود وەربگرێـت بـۆ کـارکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیانی.

پێویستە کەرتی تایبەت بە سەرجەم کۆمپانیاکانی ناوخۆیی و دەرەکی هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان بکەن بۆئەوەی سوود لە شـارەزاو هێـزی کـاری نـاوخۆیی وەربگـرن تـا تێچـوونی خەرجییەکانی ڕۆژانەی کرێکار لەسەریان کەمتر بێتەوە، بەوەی هەر لە قۆناغی یەکەمی زانکۆدا ئەو کۆمپانیایەی کارەکەی نزیکە لە هەر بەشێکی زانستی زانکۆکان ناونووسی ئەو قوتابیانە بکەن لە قۆنـاغی یەکەم تـا چـوارەم واتە: تـا زانکـۆ تەواو دەکـات ئەو قوتـابییە ڕۆژانە لە بـواری تیـۆری لە زانکـۆ بخوێنێت دواتـر لە بواری کرداری لەو کۆمپانیایە کار بکات لەبەرامبەر بڕە پارەیەک کە سـوودی بـۆ کۆمپانیـاکە هەبێـت، دوای دەرچـوونیش لەو کۆمپانیـایە دابمەزرێـت و سیسـتمی خانەنشینیشـی هەبێـت و بتوانێت لە باری پێویستیدا پارە رابکێشێت، لەلایەکیتر سوودی بۆ حکومەتیش هەیە لە کەمکردنەوەی تێچوونی خەرجییەکانی سـاڵانە بـۆ هەر قوتـابیەک و کەمبـوونەوەی ڕێـژەی کارمەنـدو گرفتی هەڵاوسانی فەرمانبەر، بەدڵنیاییەوە بۆ قوتابیش سوودی هەیە کە دەبێتە پاڵپشتی بەهێزی دارایی بۆ تەواوکردنی خوێندن

و مسۆگەرکردنی دامەزراندنی لەو کۆمپانیایە لە دوای دەرچوون و بەدەستهێنانی داهاتێکی باش بۆ دروستکردنی خێزان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لە کاتی تاقیکردنەوەکانیدا، چونکە لە بواری پراکتیکی زانیاری باش وەردەگرێت و ئەزموونێکی بە ئەرزش فێر دەبێت، دواجار زانکۆش ئەو بارە قورسەی سەر شانی کەم دەبێتەوە لە پێدانی دەرماڵە و شوێنی نیشتەجێبوون و بەخشش و نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی بەش و کۆلێژەکان و دروستکردنی کۆلێژو بەشی نوێ، ئەوانەش بە هەماهەنگی ئەو کۆمپانیایەی سوود لەو قوتابیانە وەردەگرێت دەکرێت دروست بکرێن یان بەپێی پێداویستییەکانی هەر کۆمپانیایەک دەکرێ زانکۆ شارەزاو دەرچووی بە ئەزموون پێ بگەیەنێت بۆ هەڵسووڕانی کۆمپانیاو بەڕێوەبردنی بە فۆڕمێکی ئەکادیمی و زانستی، بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵەی یاسایی و ئابووری و کارکردن لەسەر بەڕێوەبردنی بازاڕ.

دەخوازین زوو بۆ خزمەتکردنی کوردستان و پێشوەچوونی داهاتی نەتەوەیی و پەرەپێدانی ئابووری کوردستان کەرتی تایبەت هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان بکەن لە پێگەیاندنی کادیری لێهاتوو و کارامە و، رەخساندنی دەرفەتی کار بۆ ئەوانەی دانامەزرێن لە دوای دەرچوون، ئەوەش دەبێتە هۆی نەمانی دیاردەی بێکاری لە کوردستان و پیادەکردنی یەکسانی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان و رزگاربوون لە هەژاری و بەدبەختی.

**لە ژمارە** (3073) **رۆژنامەی** (**خەبات**) **لە** 2008/5/2 **بڵاوکراوەتەوە.**

## کارگە بازرگانییە بەرهەمهێنەکان

لە سالآنی هەشتاکاندا بەرهەمی کارگەکانی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی تارادایەک دەیانتوانی پێداویستییەکانی بەکاربەری عێـراق و هــەرێمی کوردســتان پــڕ بــکەنەوە، جــگە لەمەش بەرهەمەکانیـان بە نرخێکـی کەم و کـوالیێتییەکی بەرز دەخسـتە بـازاڕ، بەلآم لە سـالآنی نەوەدەکان بەهـۆی جەنگە یەک بە دوای یەکەکـانی عێـراق و راپەرینــی بەهــاری 1991ی کوردســتان بەشێک لە کارگە بەرهەمهێنەکانی هەر سێ پاریزگاکانی(هـەولێر، دهۆک، سلێمانی) لەکارکەوتوون و ژمارەکیان هەناردەی ولآتانی دەوروبەر کــران، ئەمەش بــۆ کۆمەڵێــک هۆکــاری سیاســی و ئـابووری دەگەڕێتەوە، لەوانە ئـابلۆقەی ئـابووری ولآتـان لەسـەر عێراق و ئابلۆقەی ئـابووری حکـومەتی عێراقیش بۆ کوردستان، کە ئەوسـا نەدەکـرا کەرەسـتەی خـاو بـۆ بەرهەمهێنـان هـاوردە بکرێـت، هەروەهـا بەشـێکیان بە بـڕە پـارەیەک فرۆشـت بەهـۆی مەترســی و خراپــی رەوشــی سیاســی ئەوکــات، هەرچەنــدە حکـومەتی هەرێـم سیاسـەتێکی سـتراتیژی نەبـوو بـۆ ژێرخـانی ئــابووری تــا کارگەکــان بەکــاربخرێن و بەرهەمەکانیــان بــخەنە بــازارەوە، بەڵکــو زۆریــنەی کــارگە حکومییەکانیشــی فرۆشــت، بەمەش نەک هانی کەرتی تایبەتی نەدا تا کارگەکانیان بەردەوام بێـت، بەڵکـو ئەوانـیش کارگەکانیــان فرۆشــت و بە دوای کــاری جێگرەوی بازرگانی دیکە رۆیشتن، ئەمەش وایکرد رۆژ بە رۆژ پشت بە بەرهەمی بیانی ببەستێت تەنانەت لە بەرهەمی سـەوزەو میوەش پشـت بە دەرەوە بەسـترا، ئێسـتا هەرێمی کوردسـتان لە

خراپتـــرین دۆخـــی ئابووریـــدایە، بەوەی زۆرتـــرین ڕێـــژەی کەرەستەو کاڵای بیناسازی و خواردەمەنی لە دەرەوە هاوردە دەکات، پرۆسەی بەرهەمهێنان لە خاڵێکی نزمدایە، دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدامیش پلانی حکومەت گۆڕانکاری بەسەردا نەهات، بەڵکو سیاسەتی حکومەت بە ئاشکرا پاڵپشتی لە ئابووری ئازادو کەرتی تایبەت کرد، ئەمەش بە ڕوانگە ڕۆژئاواییەکەی کارێکی باشە و ئابووری کوردستان برەو پێ دەدات، ئەمە نەک برەوی پێ نەدا، کەچی بەرهەمی ناوخۆیی بردە پاشەوە، هەموو ئەو جـــوڵە بازرگـــانی و وەبەرهێنـــانەی دەکرێـــت زیـــاتر بەرەو بازرگـــانیکردن بە نیشـــتەجێکردن و هـــاوردەکردن ڕۆیشـــتووە، ئەوەی هەشبێت ڕێژەکەی زۆر کەمەو شیاوی باس نییە.
ئەو کۆمپانیایانەی کارگەی بەرهەمهێنانیشان لەم ساڵانەی دوایی دامەزرانـدووە خۆیـان لە کـارگەی چپسـی منـداڵان و ماسـت و مەعجونی تەمـاتەو دۆنـدرمە و سـاردەمەنییەکانی دیـکە و...هتـد بینیـــوەتەوە، ئەمـــانەش بە کـــوالێتی نـــزم و بە نرخێکـــی بەرز خراوەتە بازاڕ، سەبارەت بە کەرەستەکانی بیناسازیش بەهەمان چەشـــن خـــراوتەوە بـــازاڕ، بەرهەمـــی ئەو کـــارگە و کۆمپانیـــا بازرگانیـانە دەبـوایە بەپێـی ڕێکلامەکانیـان باشـترین کـوالێتی بەرهەم پێشکەش بکەن.

***لە ڕێکەوتی** 2012/2/23 **بڵاوکراوەتەوە.**

## سێکتەری گەشتیاری وەک سەرچاوەی داهاتی نەتەوەیی

هەرچەندە لە رووی سروشتییەوە بەشێکی زۆری هەرێمی کوردستان شیاوی شوێنی گەشتیارییە و ئەو شوێنانە خۆڕسکە و پێویستی بە هەندێ بایەخدانی زیاتر هەیە تا ببێتە شوێنێکی گەشــتیاری، چ لە لایەن حکــومەتی کوردســتانەوە بێــت، یــان کۆمپانیا گەشتیارییە بیانی و ناوخۆییەکانی بواری گەشتیاری، دەکرێــت لەپــاڵ کەرتــی نەوت وەک ســەرچاوەیەکی ســەرەکی داهــاتی نەتەوەیــی و کەرتــی کشــتوکاڵ و کەرتــی پیشەســازی، سێکتەری گەشتیاری ببێتە سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگی داهاتی نەتەوەیین، بە بەڵگەی ئەوەی رێژەیەکی زۆر لە گەشتیاری بیانی و ناوخۆیی سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان دەکەن، بەتایبەت گەشتیاری خوارو ناوەڕاستی عێراق، ئەمەش جوڵەی بازاڕ زیاتر دەکات و کلتووری کوردیش بە جیهان دەناسێنێت و، پرســی نەتەوەیــی بەرەو پــێش دەبــات، بەهــۆی پێشکەشــکردنی خزمەتگوزاری زیاترو پێشوازی باشتر لەو گەشتیارانە، لە دوا ئامــاری (ناشــناڵ جوگرافیــک)دا بــۆ ئەو وڵاتــانەی لە رووی سروشــتی و ئــارامی و ئاسایشــەوە ئەنجــام دراوە، هەرێمــی کوردســـتان وەک یەکێــک لەو 20 وڵاتــانە دەستنیشــان کــرا بۆئەوەی گەشتیار لەسەر ئاستی جیهان رووی تێبکەن،(شاری هەولێری پایتەختی کوردستانیش پاشان لە ساڵی 2014 بووە پــایتەختی گەشــتیاری وڵاتــانی عەرەبــی)، بــۆیە باشــتر وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی زۆرتر بۆ ئەو کەرتە

تەرخـان بكـات و هـانی کەرتـی تـایبەتیش بـدات بـۆئەوەی زێتـر ببـــووژێتەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەو کەرتە کەموکـــوڕی زۆرەو پێویســتی بەوەیە دەســتەی گشــتی گەشــتوگوزاری کوردســتان پێداچوونەوەی پیا بکات و چاودێری زیاتر بخاتە سەر شوێنە گەشـــتیارییەکان، چـــونکە لەئێســـتادا ئەو کەرتە لەمـــپەری زۆر لەبەردەمدایە بـۆئەوەی کـوالیتی شـوێنە گەشـتیارییەکان بەرزتـر بکـــرێنەوەو نرخـــی خـــواردن و خـــواردنەوەو نووســـتن و حەســانەوەی ئەو شــوێنانە کەمتــر بکــرێتەوە، تــاکو بتوانێــت رکـابەری شـوێنی گەشـتیاری وڵاتـانی دیـکەی دەوروبەر بکـات، هەروەهــا پێویســـتی بەوەیە لە رووی ئەکــادیمییەوە کــادیری خزمەتگـــوزاری گەشـــتیاری ئاســـتبەرز پەروەردە بکرێـــت، لەبەرئەوەی وەک پێویست نییە و تەنها چەند بەشێکی گەشتیاری لە پەیمانگەکان هەیە و خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەر نەبووە، بۆیە باشترە لەو قەزاو شـارو شـارۆچکانەی شـوێنی گەشـتیاری خۆرسـکیان تێـدایە پەیمـانگە و کـۆلێژی گەشـتیاری بکـرێنەوە، ئەمەش وا دەکات دەرفەتی خوێندن زیاتر بێت و دواجار هەلی کـاری مسـۆگەر لەو کەرتە زیـاتر بێـت و کاروبارەکـانیش لە روانـگەی زانسـتییەوە بەڕێـوەبچن و گونـدو شـارۆچکەکانیش ئـاوەدانی زیـاتر بەخـۆوە ببیـنن و، کـۆچی پـێچەوانە لە شـارەوە بەرەو شـارۆچکەو گونـدەکان بـڕوات، ئەمەش سـوودی گشـتی هاوڵاتیان و حکومەتی کوردستان و کەرتی تایبەتی هەیە، بەوەی جوڵەی بـازاڕ لەو شـوێنانە زیـاتر دەبێـت و دەرفەتـی کـار پەیـدا دەبێـــت لە کـــردنەوەی رێســـتورانت و هۆتێـــل و فرۆشـــگەی

جۆراوجۆرو کەرتی تایبەتیش دەتوانێت پڕۆژەی جۆراوجۆر لەو کەرتە ئەنجام بدات، سەرنجڕاکێشانی گەشتیاری بیانی بۆ ئەو شوێنانە و راکێشانی پارەی دەرەکی بۆ کوردستان، داهاتی تاک بەرز دەکاتەوە هەم داهاتی نەتەوەیی زیاتر دەکات.
بە زیادبوونی رێژەی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان، بەپێی لێدوانی بەرپرسانی گەشتیاری کوردستان بەراورد بە ساڵی 2011 ئەمساڵ 75% ئەو رێژەیە هەڵکشاوە، لێرەدا دەکرێت پشت بە ئامارە فەرمییە بڵاونەکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگای هەولێر ببەستین لە بەرزبوونەوەی رێژەی گەشتیار لە شەش ساڵی رابردوودا، لە ساڵی 2007 ژمارەی گەشتیار 153571 بووەو ساڵی 2008 بۆ 211780 گەشتیار بەرز بۆتەوە، ساڵی 2009 بۆ 426398 گەشتیار بەرز بۆتەوە، ساڵی 2010 بۆ 615479 گەشتیار بەرز بۆتەوە، ساڵی 2011 بۆ 1168174 گەشتیار بەرز بۆتەوە، لە شەش مانگی یەکەمی 2012 ژمارەی گەشتیار 640673 بووە، ئەگەر سەیری رێژەی گەشتیاری ناوخۆیی بکەیت لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی هەولێریان کردبێت تەنها لە ساڵی رێژەی 15% بووەو گەشتیاری بیانی لە دەرەوەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان سەردانی هەولێریان کردبێت رێژەی 14%بووە، بەڵام رێژەی گەشتیارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق سەردانی هەولێریان کردبێت رێژەیەکی پێوانەیی تۆمار کردووە بە 71%، ئەمەش لە ئەنجامی سەقامگیری ئارامی و ئاسایشی

هەرێمی کوردستان بووە، بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق و شوێنە گەشتیارییەکانی هەولێریش سەرنجی زیاتری ئەو گەشتیارانەی راکێشاوە، بە گشتی زیاتر لە دوو ملیۆن و 555 هەزارو 914 گەشتیار لە ماوەی شەش ساڵدا هاتوونەتە هەولێر، رێژەی شوێنە گەشتیارییەکانیش هەڵکشاوە، کە لە ساڵی 2007دا 61 هۆتێل و رێستۆرانت و گوندی گەشتیاری هەبووە، بەڵام ساڵی 2008 بۆتە 102 و ساڵی 2009 بۆتە 157 و ساڵی 2010 بۆتە 458 و ساڵی 2011 بۆتە 603 و ساڵی 2012 بۆتە 714، بەرزبوونەوەی ئەو رێژەیە لە 2010 بەراورد بە 2009 زۆر بووە، ئەمەش بەهۆی هەڵکشانی کێرڤی ژمارەی گەشتیارانی ئەو ساڵە بووە.

ئەگەر سەیری ژمارەی گەشتیاری هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بکەین و، بزانین ئەو رێژەیە چەندە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی داهاتی تاکە کەس لە هەولێر، ئەوا بۆ هەر گەشتیارێک 60$ دابنرێت کە لە بازاڕەکانی کوردستان خەرجی دەکات و بۆ کرێی خەوتن و خواردن و خواردنەوە بەکاری دەهێنێت، ساڵانە داهاتی شاری هەولێر دەکاتە زیاتر لە 38 ملیۆن دۆلار، ئەگەر شارەکانی دیکەش وەربگرین ژمارەکە زۆر زیاتر دەکات، بەم شێوەیە کەرتی گەشتیاری دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لەپاڵ سێکتەرە ئابوورییەکانی دیکە، بەڵام هێشتا کەموکوڕی زۆرەو پێویستە چاوی پێدا بخشێنرێتەوەو پەرە بەو کەرتە بدرێت، ئەگەر کوالیتی خزمەتگوزاری و نرخی شوێنە گەشتیارییەکان وەک ئێستا بێت

له چەنـد سـاڵی داهـاتوودا، ئەوا ڕێـژەکە بەرەو کەمبـوونەوە دەچێت بەهـۆی خراپی کوالێتی خزمەتگوزاری و بەرزی نرخی خـواردن و خـواردنەوەو هۆتێل و پێداویسـتییەکانی گەشـتیاری، نرخـی ژووری هۆتێلێـک و ژەمێکـی خـواردنێکی ئاسـایی و خـواردنەوە لە شـوێنە گەشـتیارییەکان، جیـاوازی نیـیە، لەگەڵ ئەمەریکاو ئوردن و دوبەی و لوبنـان، تەنانەت هەندێجار لەوێ هەرزانتـرە، بـۆیە باشـترە حکـومەتی هـەرێمی کوردسـتان ئاسـانکاری زیـاتر بـۆ کەرتـی گەشـتیاری بکـات و هـانی وەبەرهێنەری گەشتیاری بکات، سـەرمایەگوزاری باشـتر بکەن، بۆئەوەی ئاییندەیەکی روونتـرو ئاسـۆیەکی دیکە بـۆ سـێکتەری گەشـتیاری لەدایـک بێـت و ببێـتە هـۆی سـەرچاوەی سـەرەکی داهاتی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان.

***لە رۆژنامەی (بازرگانی سەردەم) لە 2012/11/8 بڵاوکراوەتەوە.**

## مۆدێلێکی نوێی گەشتیاری

لەم چەند ساڵەی دواییدا، لە دەرەنجامی کرانەوەی هەرێمی کوردستان بە رووی وڵاتان و نەمانی لەمپەرەکانی گواستنەوەو هاتوچۆکردنی زەمینی و ئاسمانی و ئاسانکاری ئامرازەکانی گواستنەوە لە ئۆتۆمبێل و فڕۆکە بۆ دەرەوەی وڵات، هانی تاکی کوردی داوە سەردانی دەرەوەی کوردستان بکات، چ بە کاری فەرمی یان نەخۆشی و خوێندن یاخود سەردانی خانەوادەکانیانی نیشتەجێی دەرەوەیان، بەمەش کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی راکێش کردووە کە کاری بازرگانی پێوە بکەن و خزمەتگوزاری گواستنەوە بە هاوڵاتیان پێشکەش بکەن، بۆیە ئەو کۆمپانیایانە کێبڕکێ لە نێوان خۆیان دەکەن لە پێشکەشکردنی هەرزانترین نرخ و باشترین خزمەتگوزاری بە گەشتیاران، دواجار زۆر لەو کەسانەی داهاتی مانگانەیان بەرزە گەشتی وەرزی و مانگانە بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی وڵاتانی دەوروبەرو ئەورووپا ساز دەکەن، بەڵام بەشێکی دیکەی هاوڵاتیان لە کارمەندانی حکومەت و کەرتی تایبەت ئەوانەی داهاتی مانگانەیان مامناوەندییە خواستی گەشتکردنیان هەیە و ئەو داهاتەی مانگانە وەریدەگرن لە ئاست پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی رۆژانەیان ناکات و، ناتوانن بەشێکی داهاتی مانگانەیان پاشکەت پێ بکەن و گەشتێکی پێ ئەنجام بدەن، ناچار ئێستا بە مۆدێلێکی دیکە دەیانەوێت گەشت بۆ دەرەوەی کوردستان ئەنجام بدەن، چ لە رێگەی فڕۆکەخانە بێت یان رێگەی زەمینی، بۆیە مانگانە بڕێکی کەم لە داهاتەکانیان

پاشـــەکەوت دەکەن تـــا ئەو پاشـــەکەوتە دەگـــاتە ئەو ئاســـتەی گەشتەکەی پێ ئەنجام بدرێت، یان لەنێوان کەسە نزیکەکان و هاوڕێیـان و کارمەنـدانی فەرمانگەکانیـان پـارە کـۆدەکەنەوەو بە شـێوەی تیروپشـک هەر مانگێـک بـۆ کەسـێک ئەنجـامی دەدەن دەدرێت، بە یەکێک لەوانەی هاوبەشـی ئەو پاشـەکەوتکردنی ئەو پارەیەی کردووە، بەم بڕە پارەیەی کە کۆی گشتی ساڵێک یان کەمتـــرە لە پاشـــەکەوتی مانگـــانەکەی گەشـــتێک بـــۆ یەکێـــک لە هـاوینەهەوارو شـوێنە سەرنجڕاکێشـە دڵڕفێنەکـانی پـێ دەکـات، بەشـــێکیش لەو کەســـانەی ئەو جـــۆرە گەشـــتە ســـاز دەکەن بە ڕێگەی ئاسمانی بە فڕۆکە دەڕۆن، بۆئەوەی بۆ تەنها جارێکیش بێت سواری فڕۆکەبن و بە گەشتی ئاسمانی ئاشنابن.

ئەو جـۆرە مـۆدێلەی گەشـتکردن بەشـێکی بـۆ گۆڕانکـاری لە خواستی بەکاربەر دەگەڕێتەوە کە پێداویستییەکانی ڕۆژانەی بە داهـاتەکەی لە ڕێگەی قیستی مانگـانەوە پڕکـردۆتەوە، بەتـایبەت کەلوپەلەکـانی نـاو مـاڵ و، بەشـەکەی دیکەش لە بەرزبـوونەوەی داهـاتی تـاک دەگەڕێـتەوە لە مـاوەی مانگێکـدا، چـونکە زۆر لەو کەسانەی توانای کـارکردن و خواسـتی راسـتەقینەی کارکردنیـان هەیە ئەگەر ئەو کارەی دەیکات شیاوی پێگە کۆمەڵایەتییەکەشـی نەبێـت هەر ئەو کـارە دەکـات بـۆئەوەی دانەبڕێـت لە ژیـان و پێشکەوتنەکانی سەردەم، ئەو کەسانە داهاتی مانگانەیان بەشێکی بـۆ خەرجـی بەکـاربردن لە کـاڵاو خزمەتگـوزاری بەکـاردەبەن و ئەوی دیـــکە دەمێنێـــتەوە کە پێـــی دەوترێـــت زێـــدە داهـــات لە بەکاربردن پاش پڕکردنەوەی پێداویستییەکان پاشەکەوتی دەکات

به ئامانجی خەرجکردن لە بواری بەکاربردندا لە داهاتوودا، چ بۆ رۆژانـی رەش بێـت یـان بـۆ مەبەسـتی گەشـتکردن پاشـەکەوتی دەکـات. زۆربـوونی ئەو ژمـارەی کۆمپانیاکـانی گواسـتنەوەی زەمینی و ئاسمانی لە بواری گەشتیاری دەیسەلمێنێت لە وەرزە گونجاوەکـانی گەشـتکردن ژمـارەیەکی لەڕادەبەدەر لە تـاکی کوردسـتان بە هەمـوو رەگەزەکـانەوە بەتـایبەت گەنجـان گەشـت دەکەن بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی وڵاتـانی وەک تورکیا، ئێران، سوریا، لوبنان، میسر، مالیزیا، تونس، روسـیا، وڵاتـانی ئەوروپـاو ئەسـکەندەنافیا تەنـانەت ئەمەریکـاش، ئەگەر بە وردی ئەو بـڕە پارەیەی کە بەمەبەسـتی گەشـتکردن گەشـتیارانی کوردسـتان لە داهـاتی مانگانەیـان پاشـەکەتی دەکەن کـۆی بکەیـنەوە ئەوە بـڕە پـارەیەکی خەیـاڵی دەکـات، ئەو پـارەیەش بە شـێوەی دراوی قـورس دەگـوزارێتەوە بـۆ وڵاتـان و بەشێکیشـی دەچێـتە سـەر ژمـارە حسـابی کۆمپانیـا بازرگانییەکـانی گەشـتیاری، دواجـار لە داهاتی ساڵانەی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان کەم دەکات و ئەو پـارەیە سـوورِ نـاخوات لە بازاڕەکـانی کوردسـتان تـا جـوڵەی بازرگانی زیاترو خێرایی بەخۆوە ببینێت، هەرچەندە بەراورد بە ژمارەی گەشتیاری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان و ئەو داهـاتەی لە گەشـتیاری بیـانی هەرێمـی کوردسـتان دەسـتیدەکەوێت ئەوە رێژەیەکـی زۆر کەمە و شـیاوی وتـن نیـیە، چـونکە گەشـتیاری هەرێـم و بـۆ دەرەوە زۆر زیـاترەو خەرجییەکانیشـی پتـرە بەتایبەت لە بۆنە و جەژنەکاندا.

***لە رۆژنامەی (بازرگانی سەردەم) لە** 2011/9/25 **بڵاوکراوەتەوە.**

## گەشتیکردنیش بووە بە قیست

پاش ئەوەی سالانی دوای 2003، جۆرە بووژاندنەوەیەک لە هەرێمی کوردستان هاتە کایەوە،ئەمەش گۆڕانکاری لە رەفتاری تاک دروستکرد، بەمەش دیاردەی کڕین و فرۆشتن پەیدا بوو، لە شێوەی قیست، ئەو جۆرە سەرەتا لە کەلوپەلی ئەلیکترۆنی و کارەبایی ناومال بوو، پاشان ئەو جۆرە مامەڵەیە گەیشتە پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل و بەدوای ئەودا کەرەستەی بیناسازی و زەوی و خانووبەرەو شوقەو ئالتون و کرێی خوێندنی زانکۆکان و دەزگا پەروەردەییەکان و خولەکانی فێربوونی زمان و کۆمپیوتەرو مۆبایل و جلوبەرگ و...هتد، هاوشان لەگەڵیدا ئەو دیاردەیە بالی کێشا بۆ زۆرینەی مامەڵە بازرگانییەکان و مامەڵەی دیکەی کڕین و فرۆشتن تەنانەت کۆمپانیاکانی جوانکاری و هەندێ کۆمپانیای پزیشکی جوانکاری و چارەسەری پزیشکی لە دەرەوەی کوردستان، تا وا لێهات گەیشتە کەرتی گەشتیاریش، لەبەرئەوەی گەشتکردن بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی ولاتان بۆتە پێویستییەک لەنێو خانەوادەکان بەتایبەت گەنجانی کوردستان، وێڕای ئەوەش کەمداهاتەکان و کارمەندانی حکومەت و بەشێکی زۆری قوتابیانی گەنجیش توانای ئەو بڕە خەرجییەیان نییە لەئەستۆی بگرن بۆ گەشتکردن تا بە شێوەی کاش پارەکە بدەن، بۆیە بە ناچاری مل بۆ داخوازییەکانی کۆمپانیا گەشتیارییەکان دەدەن، ئەو کۆمپانیایانەش لەبەرئەوەی رۆژ بە رۆژ ژمارەیان لە زۆربووندایە و بازاڕیان لە کزی بووە، هاتن بیرۆکەی

گەشتکردن بە قیستیان داهێنا، تا کڕیاری زیاتر پەیدا بکەن و کێبڕکێی یەکتر لە نێوخودا پێ بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا گەشتکردن بە قیست نرخەکەی بەرزترە بەراورد بە شێوەی کاش، کە دیسان کاریگەی ناڕاستەوخۆ لە داهاتی نەتەوەیی دەکات و دەچێتە گیرفانی بازرگانانی وڵاتانی دیکە، بەڵام داهات سنووردارەکان بێ گوێدانە ئەمە گەشتەکەی خۆیان ئەنجام دەدەن، ئەو دیاردەیە تەشەنەی کردووەو کۆمپانیاکانی بازرگانی گەشتیاری بۆ گەرمکردنی بازاڕەکانیان زۆرینەیان ئۆفەری قیست نمایش دەکەن بۆ شکاندنی بازاڕی یەکترو کێبڕکێکردن، بەمەش هانی گەنجە کەمداهاتەکان دەدەن نۆرەی گەشتکردن بگرن، چ لە بۆنە و جەژنە تایبەتییەکان بێت یان لە ڕۆژانی ئاساییدا. هەرچەندە ئەو جۆرە گەشتکردنە بۆ وڵاتان لەلایەن گەنجان و خانەوادەکانەوە، شتێکی باشە کە دەبێتە هۆی ئەوەی تاکی کوردی چاوکراوەتر بێت و کەڵک لە کلتوورو فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکە وەربگرێت، بەڵام لەهەمان کاتدا جۆرێکە لە بەفیڕۆدانی سەرمایەی نیشتمانی و بەهەدەردانی داهاتی نەتەوەیی، کە ڕەنگە ساڵانە بەقەد بودجەی هەرێمی کوردستان پارەی تاکی کوردی لە شێوەی دراوی قورس بچێتە دەرەوە، کە هەندێک لە گەنجان بەشێک لە داهاتەکانیشیان بۆ خۆ بەتاڵکردنەوە لەم وڵاتە گەشتیاریانە بە فیڕۆ دەدەن، کە دواجار شوێنەواری نەرێنی لەسەر تەندروستی خودی گەشتیارەکەو ئاییندەی کۆمەڵگە جێدەهێڵێت.

***لە ژمارە (36)ی 2013/6/16 لە هەفتەنامەی (بانگ) بڵاوکراوەتەوە**

## بازاڕی دراوی کاغەزی دارایی

ئەگەرچـــی چەنـــدان ســـاڵە وڵات و نەتەوەکـــان، دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی سیاسی و بوونی قەوارەیەکی سیاسی، لە وڵاتەکەیانـدا سیسـتمێکی ئـابووری تـایبەت پەیـڕەو دەکەن، هاوشـــان لەگەڵ گونجانـــدنی سیســـتمی ئـــابووری جیهـــانی وڵاتەکەیـان پەرەی پـێ دەدەن، وێـڕای ئەمە هەریەکە بـازاڕێکی تایبەت بە دروی کاغەزی داراییان هەیە، بە نـاوی بۆڕسـە، دوای هەوڵێکـی زۆریـش بەمەبەسـتی پەرەپێـدانی ئـابووری هەرێمـی کوردســتان و ڕێچکەگرتنــی لەگەڵ عێــراق و جیهــان، دواجــار بۆڕسەی کوردستان ڕاگەیانرا.

بۆڕســە واتــای بــازاڕێکی تــایبەتی دەبەخشــێت، لە پڕۆســەیەکی تایبەتی و لە شوێنێکی تایبەتدا فرۆشتن و کڕینی تیا دەکرێت لە ڕێــگەی میــانگیرییەوە، ئەو دامەزراوەیە کە کــرداری تەکنیکــی ڕێکدەخات لە کردەی ئاڵوێریدا. ئامانج لە دامەزراندنی بۆڕسـەدا ڕێــگەدانە بە کەرتــی تــایبەت و کەرتــی گشــتی لە ڕێکخــراوو کۆمپانیاکـــــان، ئەوانەی پشـــــکیان هەیە و ســـــەرمایەکانیان دەخەنەڕوو بۆ جەماوەر.

(Bourse) وشـەیەکی فرەنسـییە، بـۆ نـاوی (ڤانـدی بـۆرس) کە یەکێک بووە لە گەورە بازرگانان و لەماڵەکەی یان میوانخانەکەی بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1460 مـامەڵەی دراوی کـاغەزی کراوە، بەڵام هەندێ لە مێژوونوسانی ئابووری مامەڵەکردن لە بازاڕی دراوی کــاغەزی بــۆ ســاڵی 1339 دەگێــڕنەوە، ئەو بــازاڕە لە شارەکانی ئەمستردام و لەندەن و نیویۆرک بەپێی قۆنـاغ هـاتنە

کایەوە، دواتر لە وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵات بڵاوبۆوە، لەم کاتەدا بۆرسە رۆڵی گرنگی بینی لە گەشەپێدان و پێشخستنی ئابووری وڵاتان، لە گواستنەوەی ئابووری وڵات لە قۆناغی کشتوکاڵییەوە بۆ قۆناغی پیشەسازی، لەکاتێکدا لەم سەردەمی جیهانگیری و تەکنۆلۆژیایەدا لە وڵاتانی دواکەوتوو بۆرسە وەک پێویست چالاک نییە و پەراوێز خراوەو سەرمایەی خەڵک دوورە لە ئاڵوێری بۆرسە، بەهۆی نەبوونی متمانەی خەڵک بە بۆرسە و بوونی بیروڕای جیا لەبارەی حەڵاڵ و حەرامی (سوو)ی بانکەکان، بێ ئەوەی رەچاوی ئەوە بکەن ئەنجامدانی کۆمپانیاو چالاکییە ئابوورییەکان پێویستیان بە پارەیەکی زۆرە، بەڵام سەرمایەداران و هاوڵاتیان زۆرتر بیر لە پاشەکەوت دەکەن و پارەکانیان دەمرێنن، بە بیانووی ئەوەی پارەی سپی بۆ رۆژی رەش پاشەکەوت دەکەن و، بۆ بواری پێشکەوتن و ئاڵوێری لە بۆرسەدا بەکاری ناهێنن، کە خۆیان قازانجی تیا دەکەن، هەم داهاتی وڵاتەکەی پێ بەرز دەبێتەوەو ئابووریش بە قۆناغی گەشەپێدان دەبات.

لەگەڵ زۆربوونی جۆراوجۆری دراو لە جیهان، بیر لە پیشەی بانکداری کرایەوە، سەرەتا لە ئیتاڵیا وەک جەنەواو ڤینیسیا، لە دەرئەنجامی بازرگانیکردن لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو پیشەیە پەرەی سەند، بەڵام مێژووی بۆرسەی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 17 لەم بازاڕەدا پێشبینییەکانی نرخ کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لە دیاریکردنی نرخی کۆتایی.

جۆرەکانی بۆڕسە:
1. بۆڕسەی کار: کرێکارەکان تیایدا یەکتر دەبینن و کۆدەبنەوە، بۆ پێشنیازکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر.
2. بۆڕسەی کاڵا (بازرگانی): تیایدا کاڵاو شمەکی ستراتیژی دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت، یان بەروبوومە سەرەکییەکان بە کۆ دەفرۆشرێت و دەکڕدرێت وەک لۆکە، گەنم، مس و ئاسن، زۆر بڵاوو ئاشکرایە، مێژووەکەی لە بۆڕسەی پشک و قەواڵە کۆنترە.
3. بۆڕسەی (کاغەزی دارایی) پشک و قەواڵە: هەروەک لە هەموو بازاڕە داراییەکانی جیهان باوە و تا ئێستاش لە هەموو جیهان پەیڕەو دەکرێت و یەکێکە لەو بۆرسانەی ئابووری وڵات بەرەو پێشەوە دەبات بەپێی میکانیزمی ئابووری بەڕێوەدەچێت.
4. بۆڕسەی کانزایی بەهادار: وەک زێڕ، ئەڵماس و پلاتین.
5. بازاڕی فۆرکس: دراوە بیانییەکانی تێدا ئاڵوێر دەکرێت لە دەرەوەی بۆڕسەدا.
بەوپێیەی بۆڕسەکانی (نیۆرک یار، تۆکیۆ، هۆنگ کۆنگ، لەندەن، پاریس، فرانکفۆرت، قاهیرە) رەفتار و قەبارەیان کاریگەری زۆر لە ئابووری و بازرگانی و بازاڕی ئاڵوێری دەکەن لەسەر ئاستی بۆڕسەکان جیهان. بۆڕسە بەبێ بەهای ئاڵوگۆڕی ناکرێت، ئاڵوگۆڕیش بێ پشک و قەواڵە ناکرێت، پشک ئەو کاغەزە داراییەیە لە بۆڕسەدا ئاڵوێری پێدەکرێت و، بەڕێوەبەرانی بۆڕسە بە نرخێکی فەرمی پەسندی دەکەن، ئەو کاغەزە داراییە لەلایەن کۆمپانیایەک دەردەچێت کە نوێنەرایەتی سەرمایەکەی دەکات، زۆر جۆری هەیە بەپێی خاوەنداری کۆمپانیاکان دەبێت، واتە

سەرمایەی کۆمپانیایەکی هاوبەش دەکرێت بە چەند بەشێکەوە، هەر بەشێک لە سەرمایەکە پێی دەوترێت پشک. قەواڵەش کاغەزێکی داراییەو لەلایەن حکومەتەوە دەردەچێت و ئەویش چەند جۆرێکی هەیە. بازاڕی دراوی کاغەزی دارایی ڕەنگدانەوەی بەڕێوەچوونی سیستمی ئابووری دەوڵەتە، ئەگەر ئەو وڵاتە ئابوورییە بەرهەمهێن بێت و ناردنە دەرەوەیان زۆر بێت ئەو وڵاتە بە خۆشگوزەرانی دەژێت، لە هەمان کاتدا ئابووری وڵات بەرەو گەشەکردن و بووژاندنەوەی سەرجەم سێکتەرەکان دەچێت. دەکرێت ئێمەش لە کوردستان بە سوودوەرگرتن لەم بازاڕە، خەرجی و مامەڵە بازارگانییەکانمان لە خزمەتی وەبەرهێنان بێت و، ئەوانەی یاری بە بۆڕسە دەکەن لە بەرزکردنەوەو دابەزینی نرخی پشک و قەواڵەکان و دەست بەسەر بازاڕیشدا دەگرن، وەک ئەوەی لە زۆربەی وڵاتان بەدی هەیە، ڕێگەیان پێ نەدرێت بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئابووری کوردستان بکەنە قوربانی، هەروەها قەیرانی ئابووری ئێستای جیهانی لە ئاکامی غیابی حکومەت و هەرەسهێنانی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنەکان بووە، بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەمە بکرێت حکومەتیش چاودێری ئەم بازاڕە بکات و ئەم دوو خاڵەش بایەخی پێ بدرێت:

1. لەپێناو گەشەپێدانی بۆڕسەی ئابووری و پاڵپشتیکردنی ئابووری کوردستان و ڕاکێشانی سەرنجی وەبەرهێنەرە جیهانییەکان بۆ پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە حکومەت هەموو هەنگاوێک بگرێتەبەر.

2. پێویستە پلانێکی دوورمەودا هەبێت بۆ سیستمی ئابووری کوردستان ئایا سیستمێکی لیبڕاڵی ئازاد پەیڕەو دەکەین یان سیستمێکی ئابووری ئاڕاستەکراوی حکومی پەیڕەو دەکەین یا سیستمی ئابووری تێکەڵ لە هەردوو سیستم پەیڕەو دەکات، دەکرێت بۆ پێشخستنی ئابووری کوردستان چاوەڕێی خەرجییەکانی حکومەت بکەین یان لەرێگەی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەتەوە ئەو پەرەپێدانە ئەنجام بدرێت، بەتایبەت وەبەرهێنان لە بواری بەرهەمهێنان بێت، واتە زیاتر هانی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان بدرێت، باشترە لەوەی مۆڵەت بدرێت بە کۆمپانیای بازرگانی بەکاربەر، رەنگە لە بواری پێشخستنەوە ئەوەندە کاریگەرەی نەبێت وەک ئەوەی پارە لە هاوڵاتیان بکێشنەوەو وەبەرهێنانیشیان تەنها بۆ زۆرترین قازانج بێت.

***لە 2010/2/16 لە رۆژنامەی (خەبات) بڵاوکراوەتەوە.**

## خەرجی بانگەشەی کاندیدەکان

لە هەڵبژاردنەکانـدا پـارتە سیاسـییەکان بـۆئەوەی زۆرتـرین دەنگ بەدەستبهێنن تا کاندیدەکانیان دەربچوێنن و رکابەرەکانیان دەنـگ نەهێـنن، زۆرتـرین پـارە خەرج دەکەن بـۆ راکێشـانی دەنگەکـان، بـۆ ئەم مەبەسـتە بانگەشـەکانیان زیـاتر لە رێـگەی رێکلامـی میـدیاییەوە چڕ دەکەنەوە، وەک چـاپکردنی نـامیلەکە و کـارتی تـایبەت و پۆسـتەرو لافیـتەی فلـێکس تـا لە کـوچە و کۆلانەکـان بـڵاو بکـرێنەوە، ئەمە جـگە لەوەی لە دەزگاکـانی راگەیاندن بانگەشەی خۆیان دەکەن، کە بەشێکی بە پارە رێکلام دەکرێـت، بـۆیە پـارتە سیاسـییەکان بـودجەی تـایبەت تەرخـان دەکەن و مەکیـنەی میـدیایی تـایبەت بە خۆیـان دەخەنەگەڕ، سەرباری ئەوە کاندیدەکان لەسـەر گیرفـانی خۆیـان خـەرجی بۆ ئەو بانگەشەیە دەکەن.

هەرچەندە ستایلی بانگەشـەکە لە کوردستان و عێراق جیاوازە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا لە رووی جۆرو چەندێتی و چۆنێتییەوە، بەڵام لە رووی خەرجییەکانەوە زیاتر پشت بە داهاتی تاکەکەسی و پارتەکانیان دەبەستن بەراورد بە وڵاتانی دیکە پشت بە کەرتی تـایبەتی دەبەسـتن. هەنـدێ لە پارتەکـانی کوردسـتان لە رێـگەی دەزگاکانی وەبەرهێنانی حیزبی خۆیانەوە دەیان دەزگای میدیایی و چاپەمەنیان هێناوەتە کوردستان و، زۆرینەی چاپەمەنییەکانی خۆیان لەو چاپخانانە چاپ دەکەن کە خەرجی کەمتری تێدەچێت، ئەوەش زۆرجـار نیگەرانـی لای چاپخـانە ئەهلییەکـان دروسـت دەکات، بەڵام ئەمەش نابێتەهۆی ئەوەی بازاڕی چاپخانەکان کز

بێت، بەڵکو لە یەکەم ڕۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بازاڕی چاپخانە ئەهلییەکانیش گەرم دەبێت کە تەنها لە شاری هەولێر زیاتر لە 50 چاپخانە هەیە، سەرباری ئەو 10 چاپخانە حیزبییەی کە بۆ کاندیدانی هەندێ لایەنی سیاسی ئیشیان دەکەن، ئەوا بەشێکی زۆری کاندیدی ئەو قەوارەی سیاسیانە چاپکردنی ڕێکلامەکانیان بە وتەی خۆیان تا باشترین کوالیتی بێت لە چاپخانەکانی تورکیاو لوبنان چاپ دەکەن.
لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2014 لەسەر ئاستی عێراق، بۆ ئەنجومەنی نوێنەران 107 لیست کێبڕکێیان دەکرد بە 9040 کاندید، بۆ بەدەستهێنانی 328 کورسی ئەنجوومەنی نوێنەران، 21 ملیۆن و 592 هەزارو 887 کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، لە کۆی زیاتر لە 32 ملیۆن کەس، لەکاتێکدا 21 ملیۆن کارتی ئەلکترۆنی دابەش کرا، بەڵام ڕێژەی بەشداری لە عێراق 60% بووەو لە هەرێمی کوردستان 70% بووە، تێچووی کارتی ئەلیکترۆنی بڕی 126 ملیۆن دۆلار بوو کە بە بوجەیەکی زەبەلاح دادەنرێت بەراورد بە تێچووی هەڵبژاردنی وڵاتانی ناوچەکە. پشکی پارێزگاکانی سنووری ئیدارەی هەرێمی کوردستان جگە لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم 44 کورسییە لە کۆی 328 کورسی، کە زیاتر لە 2 ملیۆن دەنگدەر دەنگیان بۆ ئەم کورسییانە دا، پارێزگای سلێمانی 18 کورسی و پارێزگای هەولێر 15 کورسی و پارێزگای دهۆک 11 کورسی بوو، پشکی مەسیحی و سابیئە و شەبەکیش 8 کورسی، بەڵام بەگشتی خەرجی هەر کاندیدێک لە هەموو عێراق ئەگەر کەمترین تێچوو

دیاری بکەین بە 50 هەزار دۆلار نەک ئەوەشی باس دەکرێت کاندید هەیە لە نێوان 150 دەفتەر دۆلار تا 250 دەفتەر دۆلاری خەرج کردووە، ئەوە سەرباری خەرجی سەرۆک لیستەکان.
کەوایە(9040) کاندید، جارانی 50 هەزار دۆلاری بکەیت دەکاتە 45 ملیارو 200 ملیۆن دۆلار.
لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگای سنووری ئیدارەی هەرێم، دوو ملیۆن و 785 هەزار کەس دەنگدەر هەبووە بۆ بەدەستهێنانی 90 کورسی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک)، لەکاتێکدا 713 کاندید لە تەواوی لیستە جیاوازەکان کێبڕکێی یەکتریان دەکرد بۆ ئەو 90 کورسییە کە پارێزگای سلێمانی 32 کورسی و پارێزگای هەولێر 30 کورسی و پارێزگای دهۆک 28 کورسی بوو، ئەگەر دیسان هەمان هاوکێشە بنووسینەوە 713 کاندید، جارانی 50 هەزار دۆلار ئەوا دەکاتە 35 ملیۆن و 650 هەزار دۆلار.
لەلایەکی دیکە لەم هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پارێزگاکانی کوردستان کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، خەرجی بۆ هەر دەنگدەرێک دیاری کرد بە 250 دینار بۆ لیست و کاندیدەکانی هەڵبژاردن بەجۆرێک بۆ هەر سێ پارێزگاکەی کوردستان بڕی 713 ملیۆن دیناری تەرخان کردبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی پارتەکانی دەسەڵات داهاتی زیاتریان هەیە و بانگەشەی هەڵبژاردن بەرفراوانتر دەکەن بە هەموو جۆرێک، قەبارەی زیاتر لە داهاتیان تەرخان کردبوو بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، بە جۆرێک تەنها لە بواری چاپەمەنی دە هێندەی

پـارتە بچوکەکـان دەبێـت، ئەمە جـگە لە بەخشـینەوەی پـارەو ڕێکلامـی کاندیـدەکان لە میـدیا، ئەمەش قەبـارەی خـەرجییـەکەی چوار هێندە زیاترە، هەرچەندە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بـۆ هەر دەنگـدەرێک بـڕی 250 دینـاری تەرخـان کردبـوو، لە دەرەوەی ئەوە ڕێگە نادات لەو بڕە بۆ بانگەشـەکانی هەڵبژاردن خەرجی زیاتر بکات. لەگەڵ ئەوەشـدا بزووتنەوەی ئیسـلامی بە شـــەفافی ڕایگەیانــد کە 20 هەزار دۆلاری بــۆ بانگەشـــە خەرج کـــردووەو هـــیچ پـــارەیەکی بە کاندیـــدەکانی نەداوە، کـــۆمەڵی ئیسلامیش ڕایگەیاند زیاتر لە 200 هەزار دۆلاری بۆ بانگەشەکە تەرخان کردووەو پارەش بۆ کاندیدەکانی تەرخان دەکات، بەڵام خەرجـی هەریەکە لە یەکێتـی نیشـتمانی و پـارتی دیمـوکرات و بـــزووتنەوەی گـــۆڕان و یەکگرتـــووی ئیســـلامی ئاشـــکرایان نەکردووە، ئەگەر خەرجی کۆمەڵی ئیسـلامی 200 هەزار دۆلار بێت ئەوا هەردوو پارتە زلهێزەکەی کوردستان خۆی لە ملیاران دۆلار دەدات.

بـۆئەوەی ئەو بـودجە زۆرە بەفیـڕۆ نەڕۆیشـتایە، ڕێـگەی دیـکە هەبــوو بــۆئەوەی کاندیـــدەکان بانگەشـــە بــکەن، بەوەی لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانییەکان ڕێککەوتبان لەسەر بودجەی کۆمپانیاکـان لەپاڵ ڕێکلامکردن بۆ کۆمپانیاکە بانگەشە بۆ کاندیدەکان دەکرا، بەمەش نە ئەو بــودجە زەبەلاحە بەفیــڕۆ دەچــوو کە بەشــێکی بەمەبەســتی چــاپکردن چــۆتە گیرفــانی بازرگانــانی وڵاتــانی دەوروبەریـش، نە ئەو زێـدە خەرجییەش ڕووی دەدا، لەم دۆخە قەیرانـــاویە کە ڕوبەڕووی سکهەڵگوشـــینی خەرجییەکـــان و

نەبوونی بودجەی گشتی بۆتەوە کە بەهۆی ململانێیەکانی بەغدا لەگەڵ هەولێر لە ساڵی 2014 بودجە بڕاوە، لەلایەکی دیکە نەدەبووە هۆی پیسبونی ژینگە و ناشیرینکردنی شارستانێتی کوردەواری و سەرهەڵدانی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی کە لەلایەن هەندێ کاندیدی کاربەدەستەوە سەریهەڵداوە، کە لەسەر بودجەی حکومەت لە سەردەمی نەبوونی مووچەدا بۆ بەدەستهێنانی دەنگ بەفیڕۆی دەدا، لەسەروویانەوە خەرجی یارییە ئاگرینییەکان زیانی تەندروستی هەیە و دڵەڕاوکێی و نائارامیشی دروست کرد، لەلایەک بازاڕی بۆ چاپخانەکان گەرم کردو لەلایەکی دیکە بێکاری کاتی دەهێنێتەکایەوە، ئەمە جگە لە خەرجی ئاڵاو لەزگە لە رەنگی لیستە جیاوازەکان.

دەبوایە پارەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان جوڵەی بازاڕی خێرا بکردایەوەو دەرفەتی کاری دروست بکردایە، کەچی لە کوردستان و عێراق بێکاری دەهێنێتە کایەوەو بێبازاڕی دروست دەکات و بەشێکی زۆری داهاتی نەتەوەیی لە شێوەی دراوی قورس دەباتە دەرەوەو پیسکردنی ژینگە، کە پاککردنەوەو لابردنی پۆستەرەکانیش دیسان پێویستی بە بودجەی تایبەتە، ئەگەر لیستەکان خۆیان لای ببەن پارەی تێدەچێت، ئەگەر حکومەت لای ببات پارە لە بری پێبژاردن لە پارتەکان وەردەگرێت، ئەوەش زێدە خەرجییە و لەسەر شانی خەڵکە.

لە کۆی خەرجییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان، چارەکی زیاتری لە بودجەی پەسند نەکراوی عێراق بردووەو دەیان

جۆری گەندەڵی تێدا کراوەو پارەیەکی زۆری تێدا خەرج کراوە، تەنها کاندیدە دەرچووەکان و هەڵسوڕانی لیستەکان تێیدا سوودمەندن بەوەی لەسەر شانی خەڵک دەچنە دەسەڵات و، ئەوەی ئیدارەی کارەکانیش دەکات سەرمایە نایاسایی و ناشەرعییەکەی روو لە هەڵکشان دەکات.

***لە ژمارە(59)ی گۆڤاری (تاوی کۆمەڵایەتی) لە حوزەیرانی 2014 بڵاوکراوەتەوە.**

## نەخشە ڕێگەیەک بۆ کەڵک وەرگرتن لە سەرمایەی مرۆیی

لە هەرێمـــی کوردســـتان رێـــژەی خوێنـــدەواری روو لە هەڵکشـانە و ژمـارەی خوازیـارانی زانکۆکـان بـۆ بەدەسـتهێنانی بڕوانـامە روو لە زیـادبوونە، کە زۆربەی دەیانەوێـت لە رێـگەی بڕوانـامەوە کـاری بـاش بەدەسـت بهێـنن و لە کەرتـی گشـتی دابمەزرێن، حکومەتیش بۆ ئەم مەبەسـتە بودجەیەکی زەبەلاحـی تەرخـان کـردووە، کەچـی ئەو ژمـارە زۆرە لە دوای دەرچـوون نـاتوانن لە کەرتـی گشـتی و تـایبەت دابمەزرێـن، لەو نێوەنـدەدا حکومەت بەو قەبارە زۆرە تێچووەی کردوویەتـی بۆ پێگەیاندنی سەرمایەی مرۆیی بە زانستی تازەو پسپۆڕی هەمەجۆرە کەچـی دەچنە نێو بازنەی بێکاری و کەڵک لە تواناکانیان وەرناگیرێت.

وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانسـتی نزیکەی 19 هەزار فەرمانبەرو شەش هەزار مامۆستاو نزیکەی 100 هەزار قوتـابی بەکـالۆریۆس و سـەدان قوتـابی ماسـتەرو دکتـۆرای لە نـاوخۆی کوردستان هەیە، لە 12 زانکـۆو 24 پەیمـانگەی پێکهـاتووە کە لە 70 کـۆلێژو 550 بەشـــی زانســـتی پێکهـــاتووە، نـــزیکەی 400 بەشەناوخۆیی لە باڵەخانەی ئەهلی بە کرێ گیراون، بۆ زیـاتر لە 40 هەزار قوتـــابی بە بـــڕی 43 ملیـــار دینـــار، لە ســـاڵی 2013 بـودجەی گشـتی وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاو تـوێژینەوەی زانسـتی 457 ملیار دیناربووە، لەو بڕەدا مانگانە بڕی زیاتر لە پێنج ملیار دینـاری بـۆ دەرمـاڵەی قوتابیـان خەرجکـراوە، لە سـاڵی 2011 رێـــژەی 4،66% و، ســـاڵی 2012 رێـــژەی 4،11% و، ســـاڵی 2013 رێـــژەی 4.34% لەســـەر ئاســـتی بـــودجەی گشـــتی

کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە بۆی تەرخان کراوە، ئەگەر لە چاو ئەم بودجەی هەرێم بەراوردی بکەیت بە بودجەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو تویژینەوەی زانستی وڵاتانی پێشکەوتوو بە نموونە ئیسرائیل، ئەوا کەمترین بودجە بۆ ئەم وەزارەتە گرنگە تەرخان کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەم بودجەیە بۆ بواری بەکاربردنە لە مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەران و دەرماڵەی قوتابیان و کرێی باڵەخانەکان و پێداویستییە سەرەتاییەکان و خەرجی جۆراوجۆر، بەشێکی کەمی بۆ تۆژینەوەی زانستی و کۆنفرانس و وۆرکشۆپەکان تەرخان دەکرێت.

ئەگەر حەوت ساڵی دەرچوون لە زانکۆکانی کوردستان وەربگرین، ساڵ بە ساڵ روو لە هەڵکشانە، لە ساڵی 2007 ژمارەی دەرچوون 11300 قوتابی بووە، ساڵی 2008 ژمارەی دەرچوون 14 هەزار بووە، ساڵی 2009 گەیشتۆتە 20450 دەرچوو، ساڵی دواتر بۆتە 21520 دەرچوو، ساڵی 2011 بۆتە 26250 دەرچوو، ساڵی دواتر بۆتە 30 هەزار دەرچوو، لە ساڵی 2013ش بۆتە 31 هەزار دەرچوو، واتە لەماوەی ئەم حەوت ساڵەدا 154 هەزارو 520 قوتابی دەرچوون، ئەگەر سەیری ژمارەی وەرگرتن بکەین لە گشت زانکۆ حکومییەکان بەراورد بە دەرچوو زیاترە بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی پەروەردە، بەڵام ئێستا لە هەموو زانکۆ حکومییەکان زیاتر لە 100 هەزار قوتابی هەیە.

دوای کۆکردنەوەو لێکدانەوەی گشت خەرجییەکانی قوتابی لە زانکۆ حکومییەکاندا، هەر قوتابییەک مانگانە بڕی 450 دۆلار تێچووی لەسەر حکومەت دەکەوێت، بە پشتبەستن بە ژمارەی دەرچووان دەبینین لە ساڵی 2007 قەبارەی تێچووی مانگانەی 11 هەزار قوتابی بڕی زیاتر لە پێنج ملیۆن دۆلار بووەو قەبارەی تێچووی مانگانەی دەرچووانی 2008 بڕی شەش ملیۆن و 300 هەزار دۆلار بووە، بەڵام ساڵی 2009 بڕی 9 ملیۆن و 202 هەزارو 500 دۆلار بووە، ساڵی 2010 بڕی 9 ملیۆن و 684 هەزار دۆلار بووە، ساڵی 2011 بڕی 11 ملیۆن و 812 هەزار و 500 دۆلار بووە، ساڵی 2013 بڕی 13 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار بووە، ساڵی 2013 بڕی 13 ملیۆن و 950 هەزار دۆلار بووە، واتە لە ماوەی حەوت ساڵدا بڕی 69 ملیۆن و 534 هەزار دۆلار تێچووی مانگانەی 154 هەزارو 520 قوتابی دەرچوو بووە.

هەر قوتابییەک تا بڕوانامەکەی بەدەست دەهێنێت بڕی 21،600 دۆلار تێچوونێتی، واتە زیاتر لە دوو دەفتەر دۆلار، دەرچووانی ساڵی 2007 لە ماوەی چوار ساڵدا بڕی 244 ملیۆن و 80 هەزار دۆلاریان تێچووە، بەڵام دەرچووانی ساڵی 2008 بڕی 302 ملیۆن و 400 هەزار دۆلاریان لێ خەرج کراوە، ساڵی 2009 بڕی 441 ملیۆن و 720 هەزار دۆلار لە ماوەی چوار ساڵدا لێیان خەرج کراوە، دەرچووانی 2010 بڕی 464 ملیۆن و 832 هەزار دۆلاری تێچوونیان بووە، ساڵی 2011 بڕی 567 ملیۆن دۆلار تێچوو بووە، بەڵام ساڵی 2012 بڕی 648 ملیۆن

دۆلار خەرجی بووە، ساڵی 2013 بڕی 669 ملیۆن دۆلار خەرجی چوار ساڵی 31 هەزار قوتابی دەرچووی زانکۆکانی کوردستان بووە.

جا ئەگەر خەرجییەکان بەمشێوەیەبێت وەک ئەوەی لە ساڵی 2013 کراوە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دەرچووان لە چوار ساڵی دیکە، ساڵانە بەهۆی زێتربونی ژمارەی قوتابیان پتر لە 43 ملیۆن دۆلار قەبارەی خەرجی قوتابیان روو لە هەڵکشان دەکات و، بارگرانی لەسەر بودجەی گشتی حکومەت زیاتر دەبێت، بەوپێیەی خەرجی قوتابی لە زانکۆ حکومییەکان لەسەر قوتابییە، لە ساڵی 2014 ژمارەی دەرچووان بۆتە 32 هەزارو بڕی خەرجییەکەیان بۆتە 384 هەزار دۆلار، بەڵام هەرچی خەرجی ساڵانی دواترە بەهۆی قەیرانی داراییەوە خەملاندنەکە نەتوانراوە ئەنجام بدرێت.

حکومەتی کوردستان ئەو لەشکرە زۆرە لە ماوەی چوار ساڵدا پێدەگەیەنێت و تێچووی زۆری دەکەوێتە ئەستۆ، بە ئامانجی پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی و بەهێزکردنی هێزی کاری کوردستان بە گەنجان و خوێنی تازە، کە پڕ هەگبەی زانست و زانیاری بن لە رێگەی زانکۆکانەوە بە پسپۆڕی جیاواز، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پلانی وەرگرتنی قوتابیان لەگەڵ بازاڕی کار گونجاو نییە بە هۆی ئەو کەلێنە لەنێوانیدا هەیە، بەجۆرێک رێژەی وەرگرتن لەو پسپۆڕیانە پێویستن لە بازاڕ کەمتر وەردەگیرێن بەراورد بەو پسپۆڕیانەی پێویست نین، هاوکات ژمارەی دەرچووان زۆر زیاترە بە بەراورد بەوانەی لە کەرتی

گشـــتی و تــایبەت دادەمەزرێــن، ئەوەش وایکــردووە حکــومەت نەتوانێ دەرفەتی دامەزراندن لە کەرتی گشتی بڕەخسێنێت، ئەمە ســەرباری قەیرانــی دارایــی کوردســتان کە بــۆتە هــۆی ئەوەی حکـومەت لە مـاوەی سـاڵانی(2014-2020)یاسـای بوودجـەی نــەبێت و نــەتوانێت کــەس دابمــەزرێنێت، بەڵکــو حکــومەت نەشیتوانیوە بە هەماهەنگی کەرتی تایبەت ئەو سەرمایە مرۆییە بخـاتەگەڕ، بەجۆرێـک ئەو هەزاران کۆمپانیـا بیـانی و نـاوخۆییە لەگەڵ سـەدان کـارگە و دەیـان مۆڵ و بـازاڕی گەورەو پڕۆژەی نیشـتەجێکردن هەیە و، زیـاتر لە 50 کۆمپانیـای گەورەی بـواری وزە هەیە، دەرفەتــی کــار بــدەن بە دەرچــووانی زانکــۆ نەک کرێکـاری دەرەکـی کە سـاڵانە ڕێژیەکـی زۆر کرێکـاری بیـانی دەهێنرێتە کوردستان بە بیانووی پسپۆڕی دەگمەن، هەرچەندە بە وتەی بەرپرسـانی حکومەت تەنها لە کارگەکـان زیـاتر لە 30 هەزار کرێکار کار دەکەن و 71% هێزی کاری نـاوخۆیی کـار لە کــێڵگە نەوتییەکــان دەکەن، کــۆی گشـــتی زیــاتر لە 10 هەزار کرێکــاری نــاوخۆیی دەبێــت، بەڵام هێشــتا نەبــۆتە هــۆی کەمکردنەوەی قەیرانی بێکاری، نابێت حکومەت کەلێن دروست بکات لەنێوان بازاڕی کاری و پێگەیاندنی قوتابیان لە زانکۆکاندا، بەڵکو دەبێت هاوسەنگی هەبێت تا ئەو هێزی کارە کە سامانێکی مرۆیــی بەهــادارەو بــودجەی کوردســتانیش ســاڵانە بە هەدەر نەچێت، چونکە بۆتە هۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی دیاردەی بێکاری لە کوردستان.

بۆیە ئەی باشە حکومەت چی بکات؟ چۆن بتوانێت چارەسەری ئەو دیاردەیە بکات؟ گرینگترین هەنگاو بیگرێتەبەر ئەوەیە کە چەند ساڵێکە بەپێی یاسای وەبەرهێنان، دەرفەتێکی زێڕین بۆ وەبەرهێنەرە بیانی و نێوخۆییەکان رەخساوە تا لە هەموو کەرتە ئابوورییەکاندا سەرمایەکانیان بخەنەگەڕ، ئەمە سەرباری ئاستەنگی زۆر و نەگونجاندنی ئەو یاسایە لەگەڵ واقیعی ئێستای وەبەرهێنان لە کوردستان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو نەخشەڕێیەی بۆ هاتنەدی خەونەکان دانراوە، هێشتا ئەو بەرنامە بێپلانی پێوە دیارە لە بواری پراکتیکیدا، چونکە ساڵ بە ساڵ جگە لە بەرزکردنەوەی تەلاری زەبەلاح و کردنەوەی مۆڵ و بازاڕی گەورەو ستایلی تازەی میوانخانە و خواردنگەی رووکەشی هاوچەرخ هیچی دیکە بەدی ناکراوە، دەبوایە ئەو پرۆژە وەبەرهێنەرانە جگە لەوەی ببوونایە پرۆژەی تەواوکاری ئابووری، گەنجانیان رزگار بکردایە لە بێکاری و هانی نەهێشتنی بێکاری شاراوەشیان لە دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت بدایە، ئەمە جگە لە بەرزکردنەوەی داهاتی تاک و زیادبوونی چینی مامناوەند نەک کێرڤی داهاتی چینی زور دەوڵەمەندیان بەرز بکردایەتەوەو داهاتی چینی زۆر هەژاریشیان لە ئاستی نزمتر بهێڵدرایەتەوە، ئەوەش وایکردووە چینی هێزو بازوو ببێتە چینە پەراوێزخراوەکە و رێژەی بێکاری زۆرتر بێت، بەهۆی هێنانی رێژەی زۆری کرێکاری بیانی و گواستنەوەی قازانجە دیارینەکراوەکانیان بە شێوەی دراوی قورس بۆ وڵاتان، کە دواجار خەڵکی کوردستان زەرەرمەند بوون.

کرێکـــاری کوردســـتان بەهـــۆی باڵادەســـتی خاوەنکارەکانیـــان هەمیشە مافخوراو بووە، هەموو کاتیش لە ریزی پێشـەوە بوون بۆ قوربانیدان تێکۆشان بۆ ژیانی باشتری کۆمەڵگە، کەچی دوای هەمـوو گۆڕانکـارییەک ژیـان و گوزەرانیـان وەک خـۆی بـووە، تەنانەت جار هەبووە خراپتر بووە، لە ئێستای کوردستانیش رۆژ بە رۆژ هەمـوو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە تـا رادەیەک ژیانیـان باشـتر دەبێت کەچـی کرێکـار هەر لە مـافە سـەرەتاییەکانی بـێ بەشـــە، ئەوان هێشـــتا رازیـــن بەو دۆخە کەچـــی خاوەنکـــارو سەرمایەدارەکان لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان کرێکاری بیانی لە دەرەوە دەهێـنن بـۆ کـارکردن بە کرێـی کەمتـرو کـاری زیـاتر، کرێکاری ناوخۆیش بێ کار دەهێڵنەوە.

حکومەت لە هەموو کابینەکاندا بەرنامەی دانـاوە بۆ چارەکردنی بێکـــــاری، بەڵام ئەو بەرنـــــامەیە تەنهـــــا لە چوارچێـــــوەی دامەزراوەکـانی خۆیـدا خـولاوەتەوەو هێشـتا رێـژەی بێکـاری لە بەرزبـوونەوەدایە و سـاڵانە جـگە لەوانەی لە خوێنـدن بەردەوام نـابن و وازدەهێـنن، بە هەزاران قوتـابی لە زانکـۆو پەیمانگەکـان دەردەچن، بێ ئەوەی دابمەزرێن و سـاڵ بە سـاڵ ئەو رێژەیە لە بەرزبـــوونەوەدایە، بـــێ ئەوەی بیـــر لە چـــارەیەکی بنەڕەتـــی بکرێتەوە، وەبەرهێنەرە بیانی و ناوخۆییەکان بە بیانووی ئەوەی کرێکاری ناوخۆیی شارەزایی کەمە لە کارکردن و وەک پێویست ئەرکەکانی جێبەجێ ناکات، کرێکاری بیانی دەهێنێت، بە نرخـی کەمتـر کاریـان پێـدەکەن و کـاتی کارکردنیـان زیـاترەو زۆرتـر ماندوویان دەکەن، لەبەرامبەردا کرێکاری نـاوخۆیی بەپێی یاسا

کار دەکەن ئامادە نین مافیان پێشێل بکرێت، هەرچەندە زۆر لەو کرێکارە ناوخۆییانە لەپێناو منداڵەکانیان ناچارن ملکەچ بن بۆ خاوەنکارەکانیان و بە کاتی زیاترو بە کرێی کەمتر کار بکەن.

هاوردەکردنی کرێکاری بیانی وێڕای ئەوەی پەراوێزخستنی کرێکاری ناوخۆییە، زەبرێکی کوشندەش لە داهاتی نیشتمانی دەدات، بەوەی ئەو خەرجییەی لە بودجەی گشتی پڕۆژەکان دەکرێت بۆ کرێی کارکردن هەمووی دەچێتە دەرەوەی کوردستان و نابێتە هۆی بەرزکردنەوەی داهاتی تاک و باشترکردنی خۆشگوزەرانی هێزی کاری کوردستان و راهێنانیان بە تەکنەلۆژیای سەردەم و کارکردنیان بە ئامرازی تازەی بەرهەمهێنان تا بە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بتوانن بەرهەمی زیاتر بەرهەم بهێنن، ئەو پڕۆژانە نەک بێکاری کەم نەکردۆتەوە، بەڵکو بونەتە هۆکارێک بۆ زیاتربوونی رێژەی بێکاری، چونکە جگە لەو ژمارە زۆرەی بێکاری ناوخۆیی کە زۆرجار داتاو زانیاری هەڵە لە دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان بڵاو دەکرێتەوە لە رێژەی بێکارانی کوردستان و بەراوردی دەکەن بە وڵات و شوێنی دیکەی عێراق، ئەو رێژەیە زۆر لەوە زیاتر، لە لایەک بێکاری ناوخۆیی و لە لایەکی دیکە بەشێک لە بازرگانان کرێکاری بیانیان هێناوەتە کوردستان کاریان پێنادرێت، ئەوانیش لە کوردستان نیشتەجێ بوونە و ئێستا بێکارن، کەوایە هاوکات لەگەڵ زیانە ئابوورییەکانی ئەو پڕۆژانەی وەبەرهێنان لە کوردستان جگە لە قازانجە مادییەکانی خۆیان و سوودە رووکەشە هەنووکەییەکانیان زیانی

زمانەوانیشیان لە هەستی نیشتمانی فەرهەنگی رەسەنی کوردی داوە، ئەمەش لە سەردانیکردنی هەر کەسێک بەرچاو دەکەوێت بۆ سوپەرمارکێت و بازاڕە گەورەکان و کۆمپانیاو میوانخانە و زۆربەی خواردنگەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەبینین 80%یان بە کوردی قسە ناکەن، کڕیاریش بە ناچاری دەبێت خۆی فێری ئەو زمانانە بکات تاکو بتوانێت کالایەک خزمەتگوزارییەک بکڕێت، ئەمە جگە لە ئەنفالێکی دیکە ناڕاستەوخۆی کورد هیچی دیکەی لێ بەدی ناکرێت، ئەگەر کوردستان خاک و خەڵکەکەی تەنها بۆ رووتاندنەوەی سەرمایەدارو وەبەرهێنەری ناوخۆیی و دەرەکییە، بۆچی بازرگان و سەرمایەدارەکان لافی خزمەتکردنمان پێ دەفرۆشنەوە؟ کارێکی دیکەی کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان ئەوەیە بەهۆی نەبوونی پلانی راستەقینەیان لە ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی ئابووری کوردستان، بڵاوکردنەوەی ئەو کرێکارە بیانیانە لە هەموو جۆرەکان لەنێو شەقام و تڕافیکەکان کە بوونەتە دەستگێڕو جگەی دەستگیرە هەژارەکانی خۆمانیان لەق کردووە، زۆر لەوانە کالا هاوردە کراوە ماوەبەسەرچووەکان بە کالای کوالیتی بەرز دەفرۆشنەوە کڕیار، ئەمەش دیاردەیەکی نەرێنییە و کەسێکی بیانی سەردانی کوردستان بکات بە یەکێک لە خسەڵەت و نەریتە دزێوەکانی ئێمەی هەژمار دەکەن، ئەمە جگە لە ناشیرین بوونی شەقام و هەندێکیان فێری سواڵکردنیش بوونە.

بێ پلانی بەشێک لە پڕۆژە وەبەرهێنەرەکان جگە لەوەی نەبۆتە هۆی کەمکردنەوەی بێکاری و بەکارخستنی گەنجە بێکارەکان لە پڕۆژەکانیاندا، داهاتی پڕۆژەکانیش بە شێوەی دراوی قورس دەگوازنەوە دەرەوەی کوردستان، چونکە ئەگەر کرێکار بیانییەکان دەرفەتی کاری زیاتریان پێ بدرێت بەهۆی ماوەی کارکردنی زیاترو کرێی کەمترەوە، ئەوا کرێییەکەیان دەنێرنەوە وڵاتەکەیان، لەلایەکی دیکە قازانجی سەرمایەگوزارەکانیش بەهەمان شێوە دەچێتەوە وڵاتەکانیان، کەوایە جگە تەلارەکان و ئەو کارگانەی کەرەستەی ماوەبەسەرچووی تیا بەکاردەهێنرێت وەکو کەرەستەی سەرەتایی لە پیشەسازی خۆراک هیچی دیکە نامێنیتەوە لە کوردستان، نە دەبنە هۆی ئەوەی داهاتی تاک زیاد بکەن و نە لە ریگەی باجدانەوە بەشداری دەکەن لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، هەرچەندە زۆر لەو کۆمپانیاو بازرگانانە سەرمایەکانیان لە پڕۆژەی ستراتیژی ماوەی درێژ بەگەڕناخەن تا ببێتە هۆی ئەوەی ژێرخانی کوردستان گەشەی پێ بدات، بەڵکو زۆرینەیان سەرمایەکانیان لە پڕۆژەی بازرگانی قازانج زۆر بەکاردەهێنن، لە شێوەی میوانخانە و سوپەرمارکێت و خواردنگە و بازاڕی جلوبەرگ و پێشانگای ئۆتۆمبێل و کەرەستەکانی ناوماڵ، زۆرێک لەوانەش کەرەستە و کاڵای مارکەی ساختە بە مارکەی ئۆرجیناڵ بە نرخی بەرز دەفرۆشنەوە، بۆیە دووجار پارەی بەکاربەری کوردستان دەگوازرێتە دەرەوە، لە هەردوو لاوە هاوڵاتی زیانمەندەو داهاتی راستەقینەی تاک بەرەو نزمی دەبات، چونکە رۆژ بەرۆژ

مـــووچەکەی هێــزی کرێنـــی نـــزم دەبێـــتەوە، لەبەرامـــبەر بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاو کەرەستەکان، بەبێ ئەوەی داهاتی بەرز بێتەوە، بەڵکو داهاتی دیاری کراوەو جێگیرە.
باشترین رێگە ئەوەیە کە بە هەماهەنگی کەرتی تایبەت چارەیەک بدۆزرێتەوە تا چیتر ئەو چینە فەرامۆش نەکرێت، بەوەی کاتێک مۆڵەت دەدرێت بە پڕۆژەو کارگە و کۆمپانیاکان مەرج دابنرێت کرێکاری ناوخۆیی بخرێتەگەڕ بە کرێی بەرز کە بگونجێت لەگەڵ سیستمی نرخی بازاڕو دڵنیاییان هەبێت و سیستمی خانەنشینی و بیمەی تەندروستی و کۆمەڵاتییان هەبێت و هەموو مافێکیان هەبێت وەکو کارمەندانی دیکەی حکومەت، ئەمە جگە لە راهێنان و ئاشناکردنیان بە سیستمی تەکنۆلۆژیای تازە، هەروەها بە هەموو شێوەیەک رێگری بکات لە هێنانی کرێکاری بیانی، لە هەمووی گرنگتر کارابوونی سەندیکاکانی کرێکارانە، کە تا ئێستا کەمتەرخەم بوونە لە داکۆکیکردن لە مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران، دەبێت ببنە سەکۆی گەیاندنی داواو خواستەکانی کرێکار لە پەرلەمان و لە حکومەتی کوردستان و کەرتی تایبەت، ئەگەر پڕۆژە وەبەرهێنەرەکان نەیانتوانیبێت دەرفەتی کاری زیاتر بڕەخسێنن و مافی کرێکار دابین بکەن، ئەوا دەبێت حکومەت و سەندیکا بەرگریان لێ بکەن و نەهێڵن مافیان پێشێل بکرێت، لەبەرئەوەی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری لەسەر شانی هێزو بازووی کرێکاران دەبێت.

بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی لە ماوەی سالانی دوای 2005 ەوە دامەزرێنراون لە کەرتی گشتی و لەو ژمارەیەش ژمارەیەکی زۆر بێکاری شاراوەن و لە سەردەمی ململانێی شەڕی ناوخۆدا بۆ بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر دامەزرێنراون، ئەگەر موچەی ئەو ڕێژەیە زۆرە سەیر بکەیت لەگەڵ موچەخۆرانی پلە تایبەت کە لەلایەن هەردوو حیزبی فەرمانڕەوای کوردستان بۆ دڵڕازیکردنی کەسانی حیزبی و نزیک لە خۆیان خانەنشینکراون، ئەوا بە ڕێژەی زیاتر لە 60% بودجەی گشتی بۆ مووچە تەرخان کراوە، کەچی تا ئێستا حکومەت پلانێکی ستراتیژی نەبووە بۆ کەمکردنەوەی بێکاری. لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت ڕێژەی دەرفەتی کار سنووردارەو گەنجانیش بە بێکار وەک سەرمایەکی وا بە بەهای مرۆیی بە ئیفلیجی دەمێننەوە، بەوەش گەنجێک لە هەڕەتی لاویەتی و زۆرترین وزەی هەبێت دەرفەتی کاری بۆ نەڕەخسێت، دوچاری شکستی دەروونی و جەستەیی دەبێتەوە، کە دواجار کەڵکی بۆ کۆمەڵگە نابێت، ئەو گەنجە دڵی بە چی بە کوردستان خۆش بێت لەکاتێکدا دەرفەتی کار بۆ کەسێکی بە ڕەگەز هیندی و بەنگلادیشی و فلیپینی و عەرەبێکی باشوورو ئێرانییەک و تورکێک هەبێت، گەنجێک بە ئاواتێکی زۆرەوە زیاتر لە 16 ساڵ کۆشش، شەونخوونی، نەبوونی و ئازارچەشتن دەبینێت، کەچی دەبینێت هاوپۆلێکی کە نمرەکەی نزمتر بووە، بۆتە(پەرلەمانتار، وەزیر، بەڕێوەبەری گشتی، قائیمقام، بەڕێوەبەری ناحیە) پلەی وەزیفی بە یەک چەقەنە دەبڕێت و بۆتە( شارەزا، بەڕێوەبەری پێشکەوتوو،

بەڕێوەبەر....هتد)، ئاخر وڵاتێک ئەم هەموو نادادپەروەریەی تێدا بێــت و گەنجــانی دوای دەرچــوون کەڵــک لە توانــا هــزری و جەســتەییەکانیان وەرنەگیرێــت، کەچــی ئینتیمــای نیشــتمانیان لە هەموو ئەو بەڕێزانە باشتر بێت کە باسمان کرد، کەچی تووشی ڤایرۆســی بێکــاری دەبــنەوە، ئەو دیــاردە ئــابوورییەی کە نەخۆشییەکی درێژخایەنە، ئێستا بۆتەی مۆتەکەی دەرچووانی زانکۆ!.

ئەی پلان و نەخشەرێگە چییە بۆ ئەو دیاردەیە؟ ئەگەرچی لە کوردســـتان دەرکردنـــی بڕیـــارو ئەنجامـــدانی پـــڕۆژەو هەنگاوهاوێشتن بۆ هەموو کارێک بەبێ توێژینەوەو وەرگرتنی داتاو زانیاری دەکرێت، لە بەر ئەوە هەموو کارو بڕیارو پڕۆژەو بەرنامەکــان دووچــاری شکســت دەبــن، هەر هەنگاوێــک دەهاوێژرێت لە نیوەی ڕێگا شکستخواردوو دەبێت، نەبوونی پــلان و نەخشــەڕێگای کــار لە ژیــانەی ڕۆژانەی هەموومــان ڕەنگیداوەتەوەو حکومەتیش تووشی ئەو نەخۆشییە بووە، بە تەماشاکردنمان بۆ سیستمی دامەزراندن و بەکارخستنی هاوڵاتی لە ساڵانی ڕابردوودا، بۆمان روون دەبێتەوە کە بێپلان هێزی کار لە دەرچووانی زانکو پەیمانگەکان خراونەتە نێو بواری کارکردنەوە لە کەرتی گشتیدا، حکومەتی کوردستان بەهۆی ئەمری واقیع و ململانێیە سیاسییەکانەوە لە هەموو کابینەکانی حکومەتدا، شیوازی بەکارخستن و دامەزراندن بێپلان کردووە، بەڵام لەهەر کابینەیەکی تازەدا گوایە نەخشەڕێگایەکی ستراتیژی دادەنرێت بۆئەوەی بودجەی بەکارخستنیش کە ڕێژەیەکی زۆری

بۆ مووچەی فەرمانبەران تەرخان کراوە کەمتر دەکرێتەوە، کەچی ئێستا حکومەت خۆی بە دەست زیادەی کارمەندەوە دەناڵێنێت و زیاتر لە ملیۆنێک و 350 هەزار مووچەخۆری هەیە. ئەگەر ئەو نەخۆشییە درێژخایەنەی بێکاری نەشتەرگەری بۆ نەکرێت، بە دەرمان و چارەسەری سرووشتی و دەرزی بەنجکەر، نەخۆشییەکە ساڵانە لەکاتی خۆیەوە سەرهەڵدەداتەوە، لەهەمان کاتدا حکومەت لەگەڵ کۆمپانیا بیانی و ناخۆییەکان و سەرمایەدارو خاوەن پڕۆژە بازرگانی و وەبەرهێنەرەکان هەماهەنگی بکات بۆ کەمکردنەوەی بێکاری، بەوەی ساڵانە هەر کۆمپانیاو دامەزراوەیەکی خاوەن پڕۆژە پێویستی بە کارمەند بێت بەپێی پسپۆڕی کۆلێژەکان سەردانی کۆلێژەکە بکەن و ۆورکشۆپ بکەن، تا هانی قوتابیان بدەن کار بکەن لە کەرتی تایبەت، بۆئەوەی هەر قوتابییەک پێش دەرچوونی لە کۆلێژ بتوانێت بە حەزی خۆی کارێک بدۆزێتەوە، جگە لەوەش بەشە زانستییەکانی زانکۆو پەیمانگەکان بەپێی خواستی بازاڕی کار کورسی خوێندن بۆ قوتابی دابین بکەن، لە لایەکی دیکە پڕۆژە ئابوورییەکانی کوردستان تەنها لە یەک سێکتەردا خۆی نەبینێتەوە، بەڵکو هەموو سێکتەرەکان بگرێتەوەو جەخت لەسەر سێکتەرە ئابوورییەکانیش بەگشتی بکرێتەوە، حکومەت بە کرداری بەیەک چاو سەیری کارمەندی دامەزراوەکای کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت وەک یەک بکات و مەرجیش بخرێتە سەر کەرتی تایبەت لە زیادکردنی مووچەی کارمەندانی کەرتی تایبەت بەراورد بە مووچەی کارمەندانی حکومەت تا ئەوانەی لە

زانکۆ دەردەچن بچن لە کەرتی تایبەت کار بکەن، بەوەش ئەرک و مافەکـانی کارمەنـدی حکـومەت و کارمەنـدی کەرتـی تـایبەت یەکسان بن و هانی دەرچووان دەدات، بیر لە کارکردن لە کەرتی تایبەت بکەنەوە، نەک حکومەت.

بە پێی پلانی حکومەتی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکـاری لە سـاڵی 2012 کـار لەسـەر پێـدانی قەرزی بچـووک کـراوە، کـە تـەنها لـە سـاڵی 2012 لە شـاری سـلێمانی بەپێـی ئامـاری سندوقی قەرزی بچووک 825 گەنج سوود مەندبوونە لەو پـڕۆژەیە، لـە کاتێکدا سـاڵی 2011 زیـاتر لـە 2287 گەنـج سـوودمەند بـوونە لە وەرگرتنـی قەرزی بچـووک لە هەمـان پارێزگـا، بەڵام ئایـا ئەو بـڕە پـارەیەی وەک قەرزی بچـووک درابوو بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان بووە یان پڕۆژەی بازرگانی؟، هەرچەنـدە چـوونە بـازاڕی هەر بـڕە پـارەیەک جـوڵە دەخـاتە بازاڕەوەو سوڕی دراو زیاتر دەکات، بەڵام قازانجەکەی بەشێکی کەمی بۆ گەنـجە فرۆشـیارەکە دەبێت و ئەوەی دیکە لە شـێوەی دراوی بچـووک دەچێـتە دەرەوەی وڵات و کـاریگەری لەسـەر داهـاتی نەتەوەیـی دەکـات، بـۆیە ئەو قەرزە هـیچ کـاریگەری لە ئابووری نەتەوەیی نەبووە و کەڵکی گشتی نابێت، جگە لە کەڵکی تـایبەتی کـاتی تـاکە کەسـی نەبێت، بەڵکو دەبێت بـڕی قەرزەکە زیاتر بکرێت تا پڕۆژەی بچوکی پێ دابمەزرێت و بەشدار بێت لە گەشەپێدانی ئـابووری و بەهێزبونی ژێرخـانی ئـابووری هەرێمـی کوردستان، نەک پڕۆژەی بازرگانی بەکاربردن و کۆمەڵگە بەرەو کـــۆمەڵگەیەکی بەکـــاربردن بەرێـــت، ئەمەش دەکرێـــت هەر

دەرچوویەک لە پسپۆڕی خۆی قەرزی بچووکی پێ بدرێت تا پڕۆژەی وەبەرهێنانی پێ بکرێت و بەرهەمداری کوردستان زیاد بێت، تا بە کۆمەڵێ پڕۆژەی بەرهەمداری، پڕۆژەیەکی گەورەی تەواوکاری ئابووری لە دایک بێت، نموونەی دەرچووانی کشتوکاڵ برە پارەیەکیان پێ بدرێت بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنانی کشتوکاڵ، ئەوکاتەش بەرهەمی خۆماڵی کشتوکاڵی روو لەهەڵکشان دەکات و پێداویستییە ناوخۆییەکان پڕ دەکاتەوەو پارەکەش دەگەڕێتەوە بازاڕە ناوخۆییەکان و سەرجەمی داهاتی نەتەوەیی کێرڤی بەرز دەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی لۆدی دامەزراندن لەسەر کەرتی حکومەت کەم دەکاتەوە. هاوکات بەبێ هاوکاری کەرتی تایبەت هەرگیز رێژەی بێکاری کەمتر نابێتەوە، لەهەمان کاتدا دەبێت حکومەتی کوردستان لەمپەرەکانی بەردەم کارکردنی کەرتی تایبەت کەمتر بکاتەوەو پلانی ستراتیژی دابڕێژێت، لەو پلانەش گرنگترین کار بیکات، دروستکردنی پڕۆژەی بچووکە لەلایەن گەنجانەوە بە قەرزی بچووک و بە پاڵپشتی کەرتی تایبەت ئەنجام بدرێت.

لەگەڵ ئەوەی سالانە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێژەیەک لە بودجەی تەرخان کردبوو بۆ دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگان بەتایبەت لە سالانی (2005– 2013)، بەلام هێشتا رێژەیەکی زۆر دەچوونە نێو بازنەی بێکارییەوە، ئەوەش وایکرد رێژەکە سالانە بە کەڵەکەبوونی ژمارەی دەرچووە دانەمەزراوەکان روو لە هەڵکشان بکات. بەهۆی ئارەزووی خوێندن و خواستی زۆر لەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامە، ساڵ بە

ساڵ ڕێژەی دەرچووان لە هەموو ئاستەکانی خوێندن زیاتر بووە، ئەمەش جگە لە هۆکارێک بۆ باشترکردنی گوزەرانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی بڕوانامەوە، هۆکارێکی دیکە بەردەوامیدانە بە پڕۆسەی دروستکردنەوەو بونیادنانەوەی تاکی کوردی و نوێبوونەوەی ئەقڵیەتی تازەی گەنجان، لەوێوە ئاستی رۆشنبیری و زانستی کۆمەڵگە بەرز دەبێتەوەو لەسەر گشت کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان رەنگدەداتەوە، بەڵام ئەو ڕێژە زۆرەش ساڵانە بەبێ کار بمێننەوە ئەوا ئایندەیەکی باشی نابێت و قەیرانی بۆ حکومەت دروست کردووە، لە ساڵی 2012 لە گشت زانکو پەیمانگە کوردستانییەکاندا بە زانکۆ حکومی و ئەهلییەکانەوە زیاتر لە 20 هەزار قوتابی بڕوانامەی دەرچوونیان وەرگرت،کەچی لەو ساڵەدا حکومەت پلانی تەنها بۆ 17 هەزار بێکار هەبووە بۆ دامەزراندن، ئەمە سەرباری کەسانی بێکاری بێبڕوانامەش لەو پلانەدا هەبوە، تەنها لە کۆی 140 هەزار کەس ساڵی2011 فۆڕمیان پڕکردەوە بۆ ئەوەی کاریان دەستکەوێت، کەچی 25 هەزار کەس دامەزرێنران و ئەوانەی دیکە کە 115 هەزار کەس بوون بە بێکاری مانەوە.

هەرچەندە لە کۆبوونەوەی 2012/6/25 ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان سیاسەتی بەکارخستنی پەسند کردووە کە لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییەوە ئامادەکرابوو، بەوتەی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی پێشووتر، بوونی سیاسەتی بەکارخستن لەو قەیرانەی ئەو کاتەی بێکاری گەنجان بۆ کوردستان کاریگەری و رەنگدانەوەی راستەوخۆی دەبوایە ببێت

لەسەر بازاڕی کاری کوردستان و دۆزینەوەی هەلی کارو کەمکردنەوەی بێکاری و پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و رەخساندنی دەرفەتی زیاتری کارکردن. بەڵام ئەو سیاسەتە تەنها پلانێکی سەر کاغەز بوو نەبووە کردار، لەبەرئەوەی ئەو سیاسەتە وەک بیمەی بێکاری و قەرزی بچووکی گەنجان بووە، بۆیەشە بە مردوویی لەدایکبوو، چونکە رێک پاشان هەرێمی کوردستان رووبەرووی قەیرانی دارایی بوویەوە، سیاسەتی لەو شێوەیە سەرکەوتوو نابێت ئەگەر کە گشت وەزارەتەکان و کەرتی تایبەتیش بەشداری تیا نەکەن، چونکە ساڵی 2011 ژمارەیەکی کەم لە قەرزی بچووک سوودمەند بوون کە 23 هەزار گەنج بوون، 2012ش تەنها لە شەش مانگی یەکەمدا 22 هەزار گەنج بۆ وەرگرتنی قەرزی بچووک مامەڵەیان کردبوو، بەشێکی زۆری قەرزەش بۆ پرۆژەی بازرگانی بوو نەک پرۆژەی بچووکی وەبەرهێنانی بەرهەمداری، کە دیسان زیانی بۆ داهاتی نەتەوەیی هەبووەو قازانجەکەی بە دراوی قورس چۆتە دەرەوە. چەند ساڵێکیشە ئەو ژمارە زۆرە کۆمپانیایەی لە کوردستان کار دەکەن بە خۆماڵی و بیانییەوە، نەیانتوانیوە دەرفەتی کار بۆ گەنجان برەخسێنن، بەڵکو ئەو جاڕدانەی بڵاویشی دەکەنەوە مەرجی قورسی تیایە، ئەو کۆمپانیایانە گوایە هەلی کار بۆ گەنجانی تازە دەرچوو دەرەخسێنن، کەچی لە جاڕدانەکەیاندا مەرجی ئەو کەسەی لایان کار بکات ئەوەیە: "دەبێت چەند زمانێک بزانێت و، ئەزموونی تەواوی پسپۆڕییەکەی لە رووی کردەییەوە چەند ساڵێک بێت و، هەموو بەرنامەکانی

زانستی کۆمپیوتەر بزانێت و تەمەنی زۆر گەنج بێت و کوڕێکی قۆز بێت و کچێکی جوان، باشتروایە کچ بێت و شووی نەکردبێت و سەرپۆشی لەسەر نەبێت، شارەزا بێت لە هەموو پسپۆڕییەکان و خزمەتی لە کەرتی گشتی یان حکومەت هەبێت"، کەچی ئەو هەموو مەرجە تەنها مافی ئەو کەسە مووچەیەکی سنوورداره، باشە گەنجێکی زانکۆ تازە بڕوانامەی بەدەستهێنابێت ئەو هەموو تایبەتمەندیەی لەکوێیە، چۆن دەکرێت کەسێک زانکۆ تەواو بکات زمانەکانی کوردی و توركی و ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی بە باشی بزانێت و زانستی کۆمپیوتەرو بەڕێوەبردن و ژمێریاریش بە باشی بزانێت، ئەی ئەگەر کەسێک ئەو مەرجانەی تیابوو، بەڵام خزمەتی نەبێت و جوانیش نەبێت چی؟. هەموو ئەو وڵاتانەی رێگە بە هاوردەکردنی کرێکاری بیانی دەدەن، کرێکاری ناوخۆییان کەمە، یان دەستی کاری کارامەی دەگمەنیان کەمە بە ناچاری کرێکاری بیانی دەهێنن تا ئەو کورتهێنانە پڕبکاتەوە، بۆئەوەی بە هێزی کاری دەرەکی پەرە بە ئابووری وڵات بدات، کەچی کوردستان رێژەی بێکاری تێدا رۆژ بە رۆژ لە بەرزبوونەوەدایە، کەچی کرێکار لە وڵاتانی بەنگلادیش و فلیپین و تورکیاو ئێران و سوریاو لوبنان و خوارووی عێراق دەهێنێت، باجی سەرەکی تەنها هاوڵاتیان دەیدەن، ئەو دیاردەیەش بیرۆکە و کاری بازرگانانی کوردستان و کۆمپانیاکانی وڵاتانە، چونکە بازرگان و سەرمایەداری ناوخۆیی بۆئەوەی زۆرترین قازانج بکات دەچێت کرێکار لە دەرەوە بە کەمترین نرخ دەهێنێت تا کاری بۆ بکات،

سـەرمایەدارو بازرگـانی بیـانیش کاتێـک پـڕۆژەیەک جێبەجـێ دەکـات، بـۆئەوەی دوو جـار قـازانج بکـات دەچێـت کرێکـاری وڵاتەکەی دەهێنێـت، بەوەش خـۆی تێچـووی کەم دەبێـتەوەو ڕێژەی بێکاریش لە وڵاتەکەی کەم دەکاتەوەو بەشداری دەکات لە بەرزبـوونەوەی داهـاتی نەتەوەیـی و پەرەپێـدانی ئـابووری وڵاتەکەی. لە چەنـد سـاڵی رابردووشـدا ئەگەرچـی حکـومەت و پەرلەمـان پڕۆژەیەکـی درێژخایەنییـان نەبـووە بـۆ چـارەکردنی کێشـەی بێکـاری، لەهەمـان کاتـدا ڕێکخـراوە قوتـابی و خوێندکارییـەکان و گەنجـانیش جگە لە پێشـنیاری داوکـارکردنی گەنجان، هیچ میکانیزمی گونجاویان نەخستۆتە بەردەم حکومەت بۆئەوەی زۆرترین دەرچووی زانکۆو گەنجی بێکار هەلی کاریان بـۆ بڕەخسـێنرێت، بەڵکـو کەسـانی نێـو ئەو ڕێکخراوانـە جگە لە داوکـاردنی ئیمتیـازو دەسـتکەوت بـۆ خۆیـان و دامەزرانـدنی کەسـانی نزیـک لە خۆیـان هیچـی دیکەیـان نەکـردووە، بەڵکـو زۆرینەیـان پـێش ئەوەی لە زانکـۆ بڕوانـامە وەربگـرن بە پـلەی تـایبەت لە حکـومەت دامەزراون و لە هەنـدێ کاتـدا دوو مووچەشیان هەبووەو تا هەنووکەش ئەو دیاردەیە بەردەوامی هەیە.ئەگەر حکومەت پلانەکەی ژیرانە و لـۆژیکی نەبێت لە 10 ساڵی داهاتوودا ڕێژەی بێکاری لە نێو دەرچووان هەڵدەکشێت و وەک بۆمبێـک بە ڕووی حکـومەت دەتەقێـتەوە، لە دیـاردەو قەیـرانەوە دەبێـتە جەنگێـک کە نەتوانێـت چارەسـەری بـۆ بدۆزێتەوە.

**سەرنج: ئەو بابەتە پوختەی کۆکراوەی ئەو بابەتانەی خوارەوەیە کە بڵاومکردونەتەوە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا:**

1.بازاڕەکانی کوردستان لە چاوەڕوانی دەرچووانی زانکۆکاندا ژمارە(3519) رۆژنامەی خەبات 2010/7/9.

2.نەبوونی نەخشەڕێگەی رەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان، 2011/8/1.

3.پلانی بەکارخستنی دەرچووانی زانکۆ،رۆژنامەی بازاڕ،ژمارە(16) 2011/8/28.

4..پڕۆژە وەبەرهێنەرەکان و رێژەی بێکاری و داهاتی نەتەوەیی،رۆژنامەی خەبات، ژمارە(3765) 2011/5/1.

5.پڕۆژەی بچووک و کەمکردنەوەی بێکاری گەنجان، رۆژنامەی بازرگانی سەردەم، ژمارە (117) ئەیلولی 2012.

6. قەیرانی بێکاری و هەڵکشانی رێژەی دەرچووان،رۆژنامەی بازاڕ، ژمارە (55) 8ی تەمووزی 2012.

7.بێکاری، مۆتەکەی دەرچووانی زانکۆ، هەفتەنامەی بانگ،2013/7/21.

8. نەخشەرێگەی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی بێکاری،رۆژنامەی بازرگانی سەردەم، ژمارە(144) کانونی یەکەمی 2013.

**٭لە ژمارە(36)ی زستانی 2013لە گۆڤاری (ئابووری سیاسی) بڵاو کراوەتەوە.**

## کارگە حکومییەکان و کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری

سەردەمانێک کارگە حکومییەکان لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕۆڵی کارایان لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی ناوخۆو بەکارخستنی هێزی کاری ناوخۆ هەبوو، هاوڵاتیان کەمتر پشتیان بە بەرهەمی بیانی دەبەست و توانای پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خواستیان لە بازاڕ هەبوو، بەمەش حکومەت دوو جار ئامانجی خۆی دەپێکا، ئابووری ناوخۆیی دەبووژاندەوەو ڕێژەی بێکاریشی کەم دەکردەوە، بەڵام جەنگە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەموو ئەو کارگانەی پەکخست، دوای ڕاپەرینیش بارودۆخی سیاسی کوردستان جارێکی دیکە هەنگاوێک بەرەو دواوەی برد، هاوکات دوای ڕووخانی ڕژێمیش بەهۆی کرانەوەی بازاڕی کوردستان بە ڕووی جیهان دیسان کارگە حکومییەکانی بەرەو مایەپوچی برد، کارگەکانی کەرتی تایبەتیش نەیانتوانی ڕکابەری بەرهەمی هاوردەکراوی بیانی بکەن.بوونی کارگەی بچووک لە کوردستان لەئێستادا دوای چەندین سەدە کە زۆر دەرنگیشە پێویستە، بۆئەوەی پشت بە بەرهەمی بیانی لە کەرەستەی بیناسازی و خواردەمەنی و تەنانەت لە سەوزەو میوە نەبەسترێت، ئەمەش وا دەکات خۆبەڕێوەبردنی ئابووری بکرێت و ڕێژەی بێکاری کەم بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دراوی کوردستان ناچێتە دەرەوەو جوڵەی بازاڕ زۆرتر دەکات و تێکڕای داهاتی تاک بەرز دەبێتەوە. هەرچەندە لە ئێستادا ڕۆڵی کارگە پیشەسازییە حکومییەکان زۆر سستە و تەنانەت نییە، بەڵام لە پێش ڕاپەڕین

ئەگەرچی حکومەتی عێراق بە هۆی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی پلانێکی وای نەبوو لە دروستکردنی کارگەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی، کەچی بارودۆخی کارگەکان و کوالیتی بەرهەم و ڕێژەی بەرهەمەکانیان باشتر بوو، لە ساڵی 1970 ژمارەی کارگەکان گەیشتۆتە 3962 کارگە و لە ساڵی 1980 گەیشتۆتە 8166 کارگە، داهاتی گشتی عێراق لە هەشتاکاندا کارگە گەورەکان لە سەرجەم عێراق بە ڕێژەی 60% بەشداریان لە داهاتی نەتەوەیی کردەوەو کارگە بچوکەکانیش بە ڕێژەی 40%، لە کۆتایی ساڵی 1988دا 640 کارگەی گەورەو 39 هەزار کارگەی بچوک هەبووە، بەڵام لە ساڵی 1990 ئەو کارگانە لە کار وەستاون، تەنها لە شاری هەولێر لە ساڵی 1990دا 600 کارگە هەبووە، کە زۆرینەیان کارگەی بچوکی ئاسنگەری و دارتاشی و درووومان بووە، بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووری کوردستان دیسان بەشێکی زۆریان داخراون، تا ساڵی 1997 چواردە کارگەی نوێ و لە ساڵی 1998دا 22 کارگە و لە ساڵی 2000دا 55 کارگە دامەزراون، لەو کاتەوە تا 2003 زیاتر لە 122 کارگەی پیشەسازی تایبەت لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک دامەزراون، ئەمە جگە لەو کارگە بچوکانەی لە ساڵی 1996 بەدواوە دەستیان بە کار کردۆتەوە. ئەو ژمارە زۆرەی کارگە لە پێش ڕاپەڕین بۆتە هۆی ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری کرێکار لەو کارگانە کار بکەن، بۆ نموونە لە پارێزگای سلێمانی کارگەکانی (شەکر، چیمەنتۆ، جلوبەرگی ئامادەکراو، جگەرە) هەبوو، لە پارێزگای هەولێریش کارگەکانی (جگەرە،

رستن چنین، مەڕمەڕ، قوتوبەندی هەریر، بنکەکانی مافور) هەبوو، ئەگەر تا ئێستا کاریان بکردایە و بەرهەمیان بخرایە بازاڕ، ئابووری ناوخۆیی باشتر دەبوو سالآنەش گەشەی زیاتری بەخۆوە دەبینی، بە مەرجێک نەدرابوایە کەرتی تایبەت و ئامرازی دیکەی تەکنەلۆژیای تازەیان لە دەرەوە بۆ بهێنایە.

بۆ پێشکەوتنی کەرتی پیشەسازی خالّی هەرە گرنگ بوونی سامانی سروشتی و کەرەستەی خاوە، هەرێمی کوردستان دەولّەمەندە بە کەرەستەی خاو وەک (نەوت، ئاسن، مس، جبسۆم، بەردە، کلس، گۆگرد، مەڕمەڕ، زێڕ، زیو، قورقوشم، نیکل، ئەسبێستۆن، پەمۆ، توتن، ئاژەڵ)، بۆ گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی و بووژانەوەو دامەزراندنی کارگەکان دەبێت کەرەستە و بەرهەمی خۆمالّی لەو کارگانە بەکاربهێنرێت نەک هاوردەکراو، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو کەرەستانەمان لە بەردەستدایە.

ئەگەرچی لە یاسای وەبەرهێنانی کوردستان باس لە بەکارهێنانی کەرەستە خۆمالّییەکان کراوە، بەڵام لە پەیڕەوکردندا وا نییە، بەپێی لێدوانی بەرپرسانی دەستەی وەبەرهێنان ڕێنمایی وەبەرهێنەرە پیشەسازییەکان کراوە لە بەکارهێنانی کەرەستەی ناوخۆیی لە پیشەسازیدا بەوەی لە گومرک دەبەخشرێن، بەڵام زۆرینەی کارگەکانی کەرتی تایبەت کەرەستەی سروشتی خۆمالّی فەرامۆش دەکەن و داهاتی بیانی هاوردە دەکەن و بەکاری دەهێنن لە پڕۆژەکانی بەرهەمهێناندا، ئەمەش وا دەکات تێچوونی بەرهەمەکانیان زیاتر بێت، هەم کرێی زیاترو هەمیش

نرخـــی بەرزتـــرە کەرەســـتەکان، دواجـــار ئەو کارگـــانە نـــاتوانن بەردەوام بـــن لە پرۆســـەی بەرهەمهێنانـــدا، چـــونکە نرخـــی بەرهەمەکانیـــان لە بـــازاڕ گـــرانە و نـــاتوانن رکـــابەری نرخـــی بەرهەمی هـاوردەکراو بکەن لە رووی نـرخ و کـوالیتییەوە، بۆیە مـــایەپوچ دەبـــن و کارگەکانیـــان دادەخەن، مەگەر ئەو کـــارگە بازرگانیـانە نەبێـت کە بەکـاربەری کوردسـتان فریـو دەدەن لە رێگەی رێکلامە فریودەرەکانیانەوە. لە سالّی 2012 سێ هەزار کۆمپانیـــای نـــاوخۆیی و 800 کۆمپانیـــای بیـــانی مۆڵەتیـــان لە حکــومەت وەرگرتــووەو 4044 کــارگەی پیشەســازی مــۆڵەتی کارکردنیـان وەرگرتـووە لەنێـو ئەو ژمـارەیەدا 2428 کـارگەی ئەهلی (تـایبەت) مۆڵەتیان پێدراوە، کە 1616یـان وەسـتاون یـان مۆڵەتەکانیـان مەرجدارە، تەنهـا 20 کـارگەی حکـومیش هەیە، کە پێنجیان کێشەی یاسـاییانە هەیە، پێنجی دیکەش دراوەتە کەرتـی تـــایبەت و بە خەسخەســـە کـــراوە، لەنێـــو ئەو بیســـت کـــارگە حکــومییەدا پێنجیـــان کـــار دەکەن ئەویـــش بە بەرهەمـــی کەم و فرۆشـیان لە بـازاڕ لە ئاسـتێکی نزمـدایە، هەرچەنـدە لـە سـاڵی 2012وە 300 کارگە دامەزراون بەتایبەت لە بواری کەرەستەی بیناسازی، بەرهەمە خۆراکییەکان، کانزای فلزی و نافلزی، رستن و چنین کە تێکڕای سـەرمایەی ئەو کارگـانە (159) ملیـار دینـار بووە، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونەتە هۆی ئەوەی بەکاربەری نـاوخۆ لەسـەر هەموو ئاستەکان پشت بە بەرهەمی ئەو کارگانە ببەسـتن و خواستی هاوڵاتیـان پڕ بکەنەوە، بەڵکو بەرهەمـی ئەو کارگـانە لەبەر لێشـاوی بەرهەمـــی هـــاوردەکراوی بیـــانی لە بـــازاڕ هـــیچ

پێگەیەکی نەبووە، جا ئەوە باس لە بەرهەمی کارگەکانی ئەهلی بوو، ئەی پێگەی بەرهەمی کارگە حکومییەکان دەبێت چ شوێنێک لە بازاڕ پڕ بکاتەوە هەر باسی لێ ناکرێت، مایەپووچبوونی کارگە حکومییەکان وەنەبێت لەبەرئەوە بێت کوالیتی بەرهەمەکانیان خراپە و نەیانتوانیوە رکابەری بەرهەمی بیانی بکەن، بەڵکو ئەوە یەکێک بووە لە هۆکارەکان، بەڵام ئەوەی گرنگە نەبوونی پلانێکی ستراتیژی ئابووری بووە، چونکە بێسەروبەری زۆر هەبووە سیستمی کارکردنیان دواکەوتووە، ئامرازەکانی کارکردنیان لەگەڵ ئێستا ناگونجێت، بەڕێوەبردنیان لەسەر سیستمێکی کلاسیکی کۆن بووە، بەڵام ئەگەر گەورە بەرپرسان بیریان لە ئایندەی کەرتی پیشەسازی و سێکتەرە ئابوورییەکان بکردایەتەوەو پلانیان بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری دابڕشتایە تا لە چەندساڵێکدا لە رێگەی بەرهەمی کارگە حکومییەکانەوە دەتوانرا کۆنترۆڵی نرخ و بازاڕی کوردستان لە هەموو جۆرە کاڵاو کەرەستەکان بکات. لە ئاکامی نەبوونی نەخشەرێگەیەکی ئابووریانە لە لایەن حکومەتەوە، کارگەی مافوورو مەڕمەڕ لە ساڵی 2002 و کارگەی جگەرەی هەولێر لە ساڵی 2001، پاشتر رستن و چنینیش درایە کەرتی تایبەت و حکومەت نەیتوانی بەڕێوەی بەرێت، لە ساڵی 2001 ئەو پێنج کارگەیەی پارێزگای هەولێر داهاتیان 19 ملیۆن و 380 هەزارو 459 دینار بووە کەچی خەرجییەکەیان 16 ملیۆن و 659 هەزارو 615 دینار بووە، جگە لە کارگەی قوتوبەندی هەریر هەموویان زیانیان هەبووە، بێبازاڕی بەرهەمی کارگە

حکومییەکـان و خراپـی کـوالێتی بەرهەمەکانیـان دەگەڕێـتەوە کە توانـای رکـابەری بەرهەمـی کـاڵای بیـانی نەبـووە، جـگە لەوەی نرخی کاڵای هاوردەکراو هەرزانتر بووە بەراورد بە کەرەستەی نـاوخۆ، بـازاڕی ئـابووری کوردسـتان بـازاڕێکی بێسـەروبەرەیە هـیچ سیسـتمیکی تیـا پەیـڕەو ناکرێـت، بۆیە پێویسـتە حکـومەت دەسـت لە کاروبـاری بـازاڕ وەربـدات، بەوەی هەوڵ بـدات بە دامەزرانـدنی کـارگەی پیشەسـازی کشـتوکاڵی و گۆڕانکـاری لە بەرهەمهێنـانی خـۆراکی و کەرەسـتەی بیناسـازی و رسـتن و چنـین.لەگەڵ ئەوەی کـارگە حکومییەکـان بەرەو مـایەپووچی رۆیشـتن، بەڵام لەبـری ئەوە کـارگە ئەهلییەکـانیش نەبـوونە جێگرەوەی راستەقینە لە بەرهەمهێناندا لـە ساڵی 2012 بەهۆی کارابوونی بانکی پیشەسازی کە پێنج ملیۆن دینار وەک پێشینە دەدرایـە پیشـەوەران و هاوڵاتیـان بـۆ دامەزرانـدنی کـارگە و پـڕۆژەی پیشەسـازی، کەچـی بەرهەمـی ناوخۆییـان کاریگەریـان لەسەر بازاڕ نییە.(ئەو پێشینەیە دوای قەیرانی دارایی کوردستان راگیرا)،بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کارگە و کۆمپانیا لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی کوردستان تۆمار کراون، جگە لە ژمـارە شـوێنەواری ئەرێنیـان لە بـازاڕدا نیـیە، ئەگەر حکـومەت بە هاوکـاری کەرتـی تـایبەت بیەوێـت بـازاڕی کوردسـتان پشـت بە بەرهەمی ناوخۆیی ببەستێت، دەبێت کـار بۆ پـڕۆژەی ئـابووری تەواوکاری بدات، ئەمەش سەرەتا بە پڕۆژەی بچوک دەست پـێ بکـات، هاوشـێوەی ئەو وڵاتـانەی کە لە سـەرەتاوە بە پـرۆژەی بچـوک دەسـتیان پێکـردو ئێسـتا بـوونەتە گەورەتـرین وڵاتـی

زلهێـزی ئـابووری وەک ژاپـۆن و چـین تەنـانەت کۆریـای باشووریش، ئەگەر حکومەتی کوردستان کار لەسەر سیستمی تەواوکاری ئابووری بکات، لە جێگەی پێدانی پێنج ملیۆنییەکەی پێشینەی پڕۆژە پیشەسازییەکان کارگەی بچوکی پیشەسازی دابمەزرێنێت و، ئەوانەی کاری تیا دەکەن پشکیان هەبێت بەپێی رێژەی ماندووبون و بەرهەمی کاری رۆژانەیان، بەمەش هەم رادەی بەرهەمـی رۆژانە روو لە هەڵکشـان دەکـات و هەمـیش کـارگەکە دەبێـتە پڕۆژەیەکـی هاوبەشـی حکـومی و هـاوڵاتی و هەموو لایەکیش هەوڵـی سـەرکەوتنی کـارگەکە دەدەن، دواجـار ئابووری کوردستان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە هەنگاو دەهاوێژێت. لە کوردستان ئەو کارگە حکومی و ئەهلیانەی کار دەکەن و بەرهەم دەنێـرنە بـازاڕەوە ژمارەیـەکی زۆر کرێکـار کـاری تیـا دەکەن، بەڵام نە ئەو رێـژەیە و، نە قەرزی بچـووکی گەنجان نەبوونەتە هۆی کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری، تەنانەت کارگەکانی کەرتی تایبەتیش نەیتوانیوە کێشەی بێکاری چارە بکەن بەهۆی مەرجە قورسەکان و کاتژمێری کارو کەمی کرێی کارکردنیان، بۆیە حکومەت دەبێت خۆی کارگەی گەورەو بچوک دروست بکات تا بێکاران کاری تیا بکەن، بەڵکو ئەو بڕیارانەی حکـومەت دەیـدات بـۆ کەمکـردنەوەی قەیرانـی بێکـاری تەنهـا رازیکردنی رێژەیەکی کەمی سنووورداری خەڵکە و دروستکردنی بێکـاری شـاراوەیە لە کەرتـی گشـتی و بەهەدەردانـی بـودجەی حکومەتە بۆ بازرگانی بەکاربردن نەک پڕۆسەی وەبەرهێنان،بە دروستکردنی سەدان کارگـای بچـوک و گەورە دەتوانرێت ئەو

ڕێـژەیە کەم بکـرێتەوە، بەمەرجێـک ئەو کارگـانە حکـومی بـن، چونکە ئەگەر کەرتـی تـایبەت بێت، ئەوا خـاوەن کـارگەی ئەهلـی بیر لە کەمترین تێچوو و زۆرترین قازانج دەکاتەوە، بۆیە کـار بە کرێکاری ناوخۆیی ناکات و کرێکاری بیانی و عەرەبی عێراق بە نرخـی کەمتـر دەخـاتە سـەر کـار، کرێکـاری نـاوخۆییش بەهـۆی خەرجی زۆری ڕۆژانەیەوە ناتوانێت بە کرێی کەمتر کـار بکـات، دەبێت باج بە حکومەت بدات و بژێوی خانەوادەکەی پەیدا بکـات، ئەگەر کارگەکـانی کەرتـی تـایبەتیش کـار بە کرێکـاری نـاوخۆیی بکەن سوودی بۆ ئابووری کوردستان هەیە، چونکە ئەو پارەیەی دەدرێـتە کرێـی ڕۆژانەیـان لە کوردســتان دەمێنێـتەوەو نـاچێتە دەرەوە، بەڵام حکــومەت کــارگەی هەمەجــۆر دابمەزرێنێــت و کرێکارەکـانیش هـاوبەش بکـات لە زیـان و قـازانج، ئەوا تەنهـا کرێکــاری نــاوخۆیی کــار دەکەن و گەنجـی بێکــارو دەرچــوانی زانکۆکـانیش ڕوو لە کەرتـی حکومەت نـاکەن، بەڵکو ڕوو دەکەن ئەو کارگـانەی حکـومەت بە هاوبەشـی لەگەڵ ئەوان دایـدەنێت و داهاتیـان بەرزتـر دەبێت، ئەوکـات لێهاتوویی و ئەزمـوون دەبێتە پێوەری پێدانی کار زیادبوونی داهاتی تاک.

**سەرچاوە**


1.گۆڤاری ئابووری سیاسی، ژمارە(3)ی ساڵی 2003 سەندیکای ئابورناسی کوردستان دەریدەکات.

2.وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

3.پرۆگرامی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە وەزارەتی پەروەردە.



***لە ژمارە (34)ی ئاداری 2012 گۆڤاری (تاوی کۆمەڵایەتی) بڵاوبۆتەوە.**

## لێکەوتەکانی بێکاری داپۆشراو لەسەر کەسێتی بەرهەمهێن

دیاردەی بێکاری بۆتە نەخۆشییەکی کوشندەو رووبەڕووی هەموو وڵاتێک دەبێتەوە، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە رێژەی جیاوازی هەیە، بەڵام ئەو جۆرە بێکارییەی شوێنەواری خراپتر لەسەر ئابووری وڵات دادەنێت و دەبێتە بارگرانی بۆ سەر بودجەی گشتی حکومەت، بێکاری شاراوەیە، کە دەمامکدراو یان داپۆشراو یاخود روپۆشکراویشی پێ دەڵێن، کە رێژەکەی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بەتایبەت وڵاتە نەوتییەکان زۆرە، ئەم جۆرە بێکارییە مانای ئەوەیە لە دەزگایەکی حکومی یان کەرتی تایبەت ژمارەی کرێکار یان کارمەند زیاتر بێت لە پێویستی ئەو دەزگایە بۆ بەرهەمهێنان یان بەڕێوەچونی کارەکان و راییکردنی کاروباری خەڵک و خزمەتگوزارییەکان، بەجۆرێک هەموو کات و تواناو لێهاتوویی بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان نەخاتەگەڕ، ئەو ژمارە زێدەیە کاریگەری دەکاتە سەر کەمکردنەوەی بەرهەمداری سنووردار لە کاردا، لەم بارەدا بەرهەمداری سنوورەکی بۆ هەر یەکەیەکی کار دەبێتە نەرێنی، واتە کارمەند لەگەڵ ئەوەی دەوامی فەرمی خۆی دەکات، بەڵام تواناکانی خۆی ناخاتەگەڕو بەرهەمی نییە، کەچی مووچە وەردەگرێت لە حکومەت یان کەرتی تایبەت.

بێکاری شاراوە سێ جۆر هەیە: (بێکاری داپۆشراوی وەرزی، بێکاری داپۆشراوی خولدار، بێکاری داپۆشراوی کاتی)، هەرێمی کوردستان بەدەر نییە لەو نەخۆشییە ئابوورییە و ساڵ بە ساڵ روو لە هەڵکشان دەکات، بە هۆی دامەزراندنی زیاتری ژمارەی

دەرچــووانی زانکـۆو پەیمانگاکـان لە دامودەزگاکـانی حکـومەت، هاوکات هەنگاونانی کوردستان بەرەو هەرێمێکی نەوتی کە تەنها پشتبەســتوو بە داهــاتی نەوت، کە ئــابووری هەرێــم بــۆتە ئابوورییەکی بەرخۆر، هاوشان لەگەڵیدا رێژەی بێکاری شـاراوە روو لە هەڵکشـان کـردووە، ئەمەش شـوێنەواری خـراپ لەسـەر کەرتە ئابوورییەکـانی دیکەدا دانـاوە. هەرچەنـدە بەشـێکی رەگـی ئەم دیــاردەیە دەگەڕێــتەوە بــۆ ســەردەمی شــەڕی نــاوخۆی کوردســــتان، کە لە دەرەنجــــامی ململانێــــی هەردوو هێــــزە ســــەرەکییەکە لەســــەر دامەزرانــــدنی کەســــانی بەرهەمهــێن لە دەزگاکـانی حکـومەت و مووچەخـۆری حیزبـی و کردنیـان بە کەســی بەکــاربەری بەرخــۆر ســەریهەڵداوە، وای لە کەســانی بەرهەمهێن و لێهاتوو کردووە نەتوانن کار بکەن و تەمبەڵ بن و دەزگاکانی حکومەت پڕ بکەن لە کەسی بێ توانـاو ناشایستە کە تەنها مووچە وەربگرن. هەنووکە 672 هەزارو 114 کارمەنـدی کـارا لە حکـومەت دەوام دەکەن، لە کـۆی ئەو ژمارەیـەی دەوام دەکات زیاتر لە نیوەی لە نێو بازنەی بێکاری شاراوەیە و ئاستی بەرهەمهێنانیــان لەوپەڕی نــزمییە، ئەگەر گشــت دەزگاکــانی حکـومەتی کوردسـتان بـدرێت بە کۆمپانیـایەکی کەرتـی تـایبەت، لەوانەیە بە کەمتـر لە 200 هەزار کارمەنـد بەڕێوەبچێت، کەوایە ئەوەی دیکە کارمەنـدی زیـادەیە و بەهـۆی ململانێـی سیاسـی و واسیتە دامەزراوە بێ ئەوەی کـاریش بکەن، تەنـانەت هەنـدێکیان بە پـلەی وەزیفـی زۆر بەرز دامەزراون کە مـووچەی زیـاتر لە 100 کارمەندی ئاسایی وەردەگرن. بە هۆی سیاسـەتی چەوتـی

دامەزراندن و بێ پلانی حکومەت لە ساڵانی رابردوودا بە ئامانجی کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری. حکومەت رێژەیەکی بەرچاوی لە دەرچووان و بێکاران دامەزراندووە، لە ساڵی 2011دا 25 هەزارو ساڵی دواتر 17 هەزارو ساڵی 2013 بووە 15 هەزار کەس کە دامەزرێنراون، ئەوەش بارگرانی خستە سەر بودجەی گشتی کوردستان، لە پڕۆژە بودجەی 2013ی هەرێم روون بۆتەوە رێژەی فەرمانبەران لەچاو ئەوانەی عێراق 23،6% زیاترە، لەکاتێکدا پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا 10،4%بووە، ئەمە جگە لەوەی هەندێ دەرماڵەی فەرمانبەرانی کوردستان لە هی بەغدا زیاتربووە.بەهۆی ئەوەی حکومەتی کوردستان دەرفەتی کاری زیاتر لە کەرتی گشتی رەخساندووەو زەمینەسازی نەکردووە دەرچووان روو بکەنە کەرتی تایبەت و ئیمتیازی زۆرتری داوەتە کارمەندانی حکومەت، ئەوە وایکردووە دەرچووانی زانکۆ هەمیشە لە کێبڕکێدابن لە کەرتی گشتی دابمەزرێن، کە هەم ئەرکی سووکە و مووچەی مسۆگەرەو کاتژمێری دەوامی کەمترە، لە هەفتەیەکدا دوو رۆژ پشووەو درەنگ دەچن بۆ سەر کار یان هەر ناچن، دەیکەنە مۆڵەت، لەهەمان کاتدا زوو دەگەڕێنەوەماڵەوە، هەندێک لە کاتی دەوامی فەرمی دەخەوێت یان کاری تایبەتی خۆی لە دەزگاکانی دیکەی حکومەت دەکات، یاخود دەوامی دیکە لە کەرتی تایبەت دەکات، بەشێکیش لە ژوورێکدا زیاتر لە 10 کارمەندی تێدایە جگە لە خواردن و خواردنەوە چیتر ناکەن، بەڵکو ئێستا هەریەک لاپتۆپ لەگەڵ خۆی دەهێنێتە دەزگاکە و لەسەر ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان

چات دەکات تا دەوام تەواو دەبێت، یان بەیانی تا کاتژمێر 10 لە کافتریای دەزگاکەیە، کاتژمێر 12 دەگەڕێتەوە کافتریا تا دەوام تەواو دەبێت، بەشێکیتر لە سێبەری پارتە سیاسییەکان دەوام ناکەن یان هەفتەی دو رۆژ یان کەمتر دەوام دەکەن، بەمەش مووچەیەکی زۆرو بەرهەمێکی کەم بۆ حکومەت پێشکەش دەکەن، ئەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی قازانجی دەزگاکە و نزمبوونەوەی رۆحی مەعنەوی لەنێوان فەرمانبەران و زیادبوونی قورسایی تێچوونی کارگێڕی لەسەر ئەو دەزگایە و کۆچکردنی تواناو عەقڵی شارەزاو نەبوونی کێبڕکێ لە کارکردن و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی و کۆمەڵایەتی، کە دواجار رەنگدانەوەی خراپ لەسەر ئابووری کۆمەڵگە جێدەهێڵێت، تەواوی جومگەکانی دەزگاکانی حکومەت لە ماوەیەکی درێژخایەن ئیفلیج دەبێت و زیانی دارایی زۆر لە حکومەت دەدات کە بە تێچووی زۆریش چارسەری بۆ نادۆزرێتەوە، بەجۆرێک رۆژ بە رۆژ گلەیی هاوڵاتیان زیاتر دەبێت کە هۆکارە سەرەکییەکەی گەندەڵی کارگێڕی زۆری بێکاری شاراوەی کارمەندانی حکومەتە، کە هەم بارگرانی بۆ سەر خەڵک و هەم بۆ سەر بودجەی گشتی حکومەت دروست کردووەو، کەسانی بێکەڵک و بێتوانان، شوێنەوارە کۆمەڵاتییەکانیشیان زۆر زیانی زیاترە لە زیانە دارایی و ئابوورییەکان.

**لە ژمارە(58) ئایاری** 2014 **گۆڤاری(تاوی کۆمەڵایەتی)بڵاوکراوەتەوە.**

## زمان و بەدەستهێنانی دەرفەتی کار

خەڵک لەپێناو بەردەوامیدان بە ژیان بە دوای کاردا دەگەڕێن، تا لە دامەزراوەیەکی کەرتی گشتی یان تایبەت جێگیربن، بۆئەوەی مووچە وەربگرن، بۆ ئەمەش هەموو ڕێگایەک دەگرنەبەر، بەتایبەت ئەوانەی دەیانەوێت باشتر بژین و خۆشگوزەرانتر دونیا بەسەربەرن، هەیە چەندین ساڵ دەخوێنێت تاکو بە بڕوانامەکەی هەلی کاری باشتری دەستکەوێت و داهاتی زۆرتر بێت، هەندێ کەسی دیکەش هەن بە ئەزموون و لێزانی و نموونەییان لە دەستڕەنگینی پیشەیەکی دیاریکراوی دەگمەن داهاتێکی زۆرتر بەدەست دەهێنن، لەم سەردەمی پێشکەوتنە خێرایەدا، وێڕای بوونی بڕوانامەی بەرزو زانینی پیشەی دەگمەن، شارەزابوون لە ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیا لە کۆمپیوتەرو پڕۆگرامسازی و ئینتەرنێت بەشێکە لە لەو مەرجانەی دەبێت لە کەسێکدا هەبێت تا کاری دەست بکەوێت، بەڵام هەر ئەویش تەواو نابێت، بەڵکو ئەمڕۆ لە کوردستان دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە بیانییەکان و کونسوڵخانە و پاشکۆی باڵوێزخانەکان کرانەوە، ئەمە جگە لە کردنەوەی لقی کۆمپانیا بەناوبانگەکانی بەرهەمهێنان، پێویستییەکی دیکەی حەتمی هێنایە کایەوە، تا دەلیڤەی باشتری کارکردن بدۆزنەوە، ئەوەش فێربوون و زانینی زمانی دیکەیە جگە لە کوردی، بەتایبەت ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و تورکی، ئەوەش وایکرد زانکۆکان لەسەر خواستی زۆری بازاڕی کار لە کوردستان بەشی زانستی زمانە جیاوازەکان بکەنەوە لە

(فەڕەنسی و ئینگلیزی و فارسی و عەرەبی و تورکی و ئەڵمانی و چینی)، گەنجانی کوردستانیش تا لە کۆمپانیایەکی بیانی کار بکەن بۆئەوەی داهاتی زۆر بەدەست بهێنن، دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئامادەیی یەکسەر دەچوونە کۆلێژەکانی زمان بەتایبەت بەشی زمانی ئینگلیزی، یان هەندێ لەوان بەشداری کۆڕسەکانی زمانی ئینگلیزیان دەکرد، تا ئێستاش ئەم دیاردەیە بەردەوامە، گەنجان فێربوونی زمان بەتایبەت ئینگلیزی بە شاڕێگەی وەدەستهێنانی کار دەزانن، بۆیە لە کوردستان هەر گەنجێک سەردانی دامەزراوەیەکی حکومی یان ئەهلی بکات تا کاری پێ بدەن، سەرەتا پرسیاری ئەوەی لێ دەکەن، زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەزانیت یان نا، هەروەها لە شارەزایی لە ئای تی و پڕۆگرامسازی و ئینتەرنێت هەیە، پاش ئەو پرسیارانە پێی دەڵێن پسپۆڕیت چییە و بڕوانامەی زانکۆیی هەیە یان نا، کەوایە فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەتایبەت ئەوانەی بەدوای کار دەگەڕێن و کاریان دەست ناکەوێت و بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان وەدەستهێناوە شتێکی پێویستە، بۆئەوەی کاری باش و ماندووبوونی کەمی بوێت و داهاتی زۆر لەو ڕێگەوە وەدەست بهێنن، ئەمەش وا دەکات لە سەرتای ژیانیانەوە بڕە پارەیەکی تاڕادەیەک گونجاو هەڵبگرن بۆئەوەی پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان پێ مەیسەر بکەن، لەکاتێکدا زمان دەبێتە میکانیزمێک بۆ کارکردن و ڕزگارکردنی دەرچووانی زانکۆکان لە بێکاریدا، ئەوە ئێستا ڕێژەیەکی زۆر گەنج هەیە بڕوانامەی زانکۆیی هەیە و بێکارە، کەوایە ئەگەر لە چەند ساڵی داهاتوودا حکومەت بەپێی

پێویستی خۆی کەسانی پسپۆڕی دەگمەن دابمەزرێنێت و بڕیاری دامەزراندنی گشتیش لە هەموو ئاستەکاندا بوەستێت، ڕێژەی بێکاری بەرز دەبێتەوە، بەمەش ئەو کەسەی بێکار دانیشتووە دەبێت بە دوای کەناڵی دیکەی کارکردن بگەڕێت، تاکە ڕێگەش کە بتوانێت لە کەرتی تایبەت کار بکات، زانینی زمانی ئینگلیزییە لە سەرووی زمانەکانی دیکەدا، ، بەمەش ئەو کەسەی بڕوانامەی زانکۆییش بەدەست دەهێنێت، دەبێت زمان بزانێت، ئەگینا کاری لە کەرتی تایبەتدا دەست ناکەوێت، بەتایبەت لە کۆمپانیاو ڕێکخراوو دامەزراوە بیانی و ناوخۆییەکان، چونکە سیاسەتی حکومەتیش ئێستا ئاشکرایە، دوای زمانی کوردی بایەخ بە زمانی ئینگلیزی دەدات، کەوایە لە کوردستان زمانی ئینگلیزی دەبێتە زمانی دووەم و زمانەکانی دیکەش بەپێی پێویست گرنگی پێ دەدرێت، چونکە کرانەوەی کوردستان بە رووی جیهان وا دەکات خەڵکی بیانی سەردانی کوردستان بکەن و خەڵکی کوردستانیش بچنە دەرەوەو ئاڵوگۆڕی و پەیوەندییە بازرگانی رۆشنبیرییەکان پەرە دەسێنێت و گەشەپێدانی خێراتر لە کوردستان پەیدا دەبێت، بۆ ئەمەش تا لە یەکتر بگەین و پەیوەندییەکە بەهێزتر بێت لەپێناو بەرژەوەندی و قازانجی هاوبەش، پێویستمان بە زمانێکە لەسەر ئاستی جیهان گفتوگۆی پێ بکرێت، ئەو زمانەش ئینگلیزییە، دەتوانین لە کوردستان بە زمانی پەیداکردنی کارو پیشەی هاوچەرخی ناوبنێن.

***لە ڕێکەوتی 2010/10/12 لە ڕۆژنامەی (خەبات)بڵاوکراوەتەوە.**

## گەڕان بە دوای وزەی جێگرەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا

لە سـالآنی دوای راپەریـن، هەرێمـی کوردسـتان روبەڕووی قەیرانـی سـووتەمەنی و نەبـوونی کارەبا بـۆتەوە، ئەگەرچـی لە زەمەنێـک بـۆ زەمەنێکی دیـکە کێشـەکە کەمتـر یـان زیـاتر بـووە، ساڵ بەساڵ درێژی هەیە و هەر جارە لە وەرزەکانی ساڵ زیـاتر بێت و رێـژەی سـووتەمەنی و کارەبا بەکاربهێنرێت بە پاسـاوی نالۆژیکی هاولاتی رازی دەکەن، جارێـک هۆکـار نەبوونی کارەبا بۆ نەبـارین بـاران و ئـاوی رووبـارو بەنداوەکان دەگەڕێنـرێتەوە، جـارێکی دیـکە ئۆباڵەکـەی دەخرێتـە ئەسـتۆی بەغـدا، جـارێکیش گرفتـی نەبـوونی بـودجە بـۆ راکێشـانی هێڵەکـان و چـاککردنی ستوونەکانی کارەبا، دوایین پاساویش نەبوونی رێژەی پێویسـتی گازوایلـە بـۆ بەرهەمهێنـانی کاربـا، ئەو جۆرە پاسـاوانە پێشـبینی دەکرێـت بەردەوام بێـت، ئیـدی لـە هـەردوو وەرزەی سـەرمای زسـتان و گـەرمای هـاوین جـارێکی دیـکە ئەو دیاردەیـە سـەرهەڵدەداتەوەو بۆتـە شـانۆی هەمیشـەیی کوردسـتان، کە تـا سەرهەڵنەداتەوە حکومەت خەمی لێ نـاخوات، ئەگەر دوای چەند رۆژێکـیش بیەوێـت بەدواداچـوون بـۆ ئەو کێشـە بکـاتە روونکردنەوەیەکی کورت لە میدیا بلاو دەکاتەوە.

بە وتەی بەرپرسـانی کارەبـای کوردسـتان هاولاتیـان لە وەرزی زستان وزەی کارەبا زیاتر بەکاردەهێنن بەراورد بە وەرزەکانی دیکە، بۆیە لەم وەرزەدا رێژەی کارەبا لەدابەزیندایە، ئەمە جگە لە کەمبـوونی گازوایـل، بەلام ئەو بۆچـوونە بە هەڵە دەزانـین،

چونکه له وەرزی هاوین هاوڵاتیان ژمارەی فێنککەرەوەیان زیاترە بەراورد بە سپلیت، ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت کارەبا لە وەرزی هاوین حاڵی باشترە، گریمان لە وەرزی سەرما ڕێژەی بەکارهێنان بەرز دەبێتەوە بەهۆی بوونی هیتەرو سپلیت، بۆ ئەمەش حکومەت دەتوانێت ڕێژەی دابەشکردنی بەشە نەوت بە سەر هاوڵاتیان زۆرتر بکات تا بارگرانی لەسەر بەکارهێنانی کارەبا کەمتر بێتەوە، چونکە ئەو بڕە نەوتەی کە دەدرێت کە لە ساڵێکدا تەنها بە ناوچە شاخاوییەکانەو ناو شارەکانی لێبەدەرە ئەویش لە وەرزی هاوین یان بەهار دەدرێت و دوای ئەوەی سێ تا چوار مانگ بەرمیلە بەتاڵەکانی هاوڵاتیان لەسەر شەقام و بەردەم دەرگای ماڵی بریکارەکان دەکەوێت و بە نرخێکی بەرز دابەش دەکرێت، لەکاتێکدا کوردستان و عێراق لە سەر دەریایەکی نەوتن و، خاوەن ڕێژەیەکی زۆر لە یەدەگی نەوتن، ئەمە تەنها ئەو کێڵگە نەوتیانە دەگرێتەوە کە ئێستا دۆزراونەتەوە، ڕێژەیەکی زۆریش هێشتا پەی پێ نەبردراوە، بۆ ئەمەش هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی زۆری بەردەکەوێت لەم یەدەگە، هەرچەندە گەورە بەرپرسان دەستی پێوەناگرن و تا لە توانایان دابێت دەریدەهێنن و هەناردەی دەرەوەی دەکەن، بێ ئەوەی بیر لە نەوەی داهاتوو بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی پڕۆژەی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان پڕۆژەیەکی سراتیژی گرنگە لە ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، کە دەبێتە هۆی پێشخستنی دۆزی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی پشتگیری وڵاتانی زلهێز، بەڵام مانای ئەوە نییە بکرێت بۆ

دەرەوە هەرزانفرۆش، لەکاتێکدا هاوڵاتیان پێویستیان بە نەوت و وزەی کارەبایە و بە نرخی زۆر دەیکڕن، کەچی ڕۆژانە هەزاران بەرمیل دەنێردرێتە دەرەوە، کەچی ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی ڕێژەی گازی پێویست بۆ وێستگەی یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا دابین بکەن، هەر هەشت وێستگەکەی بەرهەمهێنانی کارەبای دهۆک و هەولێر بە گازوایل کار دەکەن.

لە ئێستادا وڵاتان بە دوای وزەی جێگرەوە دەگەڕێن بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، هەرچەندە چەندین ساڵە بەشێک لە وڵاتانی پێشکەوتو وزەی جۆراجۆر بەکاردەهێنن بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا وەک (خۆر، با، گاز، شلەکان، پاشماوەی بەکارهێنراو، ئەتۆم، ئاو).

گرینگترین سەرچاوەی وزەی جێگرەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە جیهان ئەمانەی خوارەوەن:

1. وزەی کارەبا بەهۆی با: 80 وڵات وزەی (با) بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردەهێنن، دانیمارک 19%ی کارەبای وڵاتەکەی بەهۆی وزەی (با)یە، ئیسپانیا 11%، ئەڵمانیا 7%، هەرچەندە تێچوونی زۆرو دژاورە بۆ شوێنی نیشتەجێکردنی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی با، بەڵام بەکاردەهێنرێت، کوردستان بە هۆی کەشوهەواو جوگرافیای ناوچەکەی دەتوانێت لەسەر شوێنە بەرزو چیاکان ئەو ئامێرانە دابنێت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا وەک وزەیەکی جێگرەوەی ئاوو گاز.

2. کارەبا بەهۆی ئاو: هەرچەندە لە چەند ساڵی رابردوو ڕێژەی زۆری بەرهەمهێنانی کارەبای هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی

ئاوی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان بووە، بەڵام هەندێجار بەهۆی کەمبارینەوە ڕێژەی پێویست وزەی کارەبا نەتوانراوە لەو ڕێگەوە بدرێتە هاوڵاتیان، ئەگەرچی ئێستا بەشێک لە وڵاتان ئاو بەکاردەهێنن بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا.

3. پاشماوە بەکارهێنراوەکان: بەکارهێنانی پاشماوە بەکارهێنراوەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا ڕێگەیەکی لۆژیکییە، هەندێ وڵات ئەو وزەیە بەکاردەهێنن و کەڵکی لێ وەردەگرن.

4. وزەی ئەتۆم بۆ کارەبا: هەندێ وڵات وزەی ئەتۆم بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردەهێنن، ئەمەریکا 20%، بەریتانیا 20%، فەڕەنسا 75%، سوید 50%، کەنەدا 15%، هیند پلانی هەیە تا 2050 بیکاتە 25%.

5. کارەبا بەهۆی خۆر: زۆر وڵات بەهۆی لەباری کەشوهەواو بوونی ڕێژەی زۆری وزەی خۆر، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا خۆر بەکاردەهێنن، ئیسپانیا 624 ئاوێنەی جوڵاوی داناوە.

بەپێی توێژینەوەکان لە هەرێمی کوردستان وزەی خۆر (2500) کاتژمێرە، بەڵام لە نەمسا (1000) کاتژمێرە، ئەوەش دەرفەتێکی زێڕین بۆ کوردستان دەڕەخسێنێت کار بکات بۆ وزەی جێگرەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا تا ڕزگاری بێت لە قەیرانی نەبوونی کارەبا، لە لایەکی دیکە زەمینەسازی بکات بۆئەوەی کۆمپانیاکانی شارەزا لەو بوارە لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، ئەمە نەک تەنها بۆ کارەبا، بەڵکو بۆ ئاوگەرمکردن و ساردکردنیش کاری لەسەر بکرێت، چونکە دەبێتە هۆی کەم بەکارهێنانی وزەی

کارەباو پاکڕاگرتنی ژینگە، ئەمە جگە لەوەی بەکارهێنانی وزەی خۆر بەراورد بە وزەکانی دیکە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا نرخی کەمترەو تێچوونی نزمە، لەئێستاشدا حکومەت ئەزموونی لەو بوارە هەیە، بەهۆی دانانی گڵۆپی بەشێک لە شەقامە سەرەکییەکانی شارەکانی کوردستان.

جگە لە لایەنی تەکنیکی لەمپەر لە بەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی بەکارهێنانی وزەی جێگرەوە نییە، چونکە دەکرێت بەشێک لە داهاتی نەوتی کوردستان تەرخان بکرێت بۆ ئەو جۆرە پڕۆژانە تا کوردستان چی دیکە ڕووبەڕووی قەیرانی نەبوونی کارەبا نەبێتەوە، بەتایبەت وزەی خۆرو با، چونکە کەشوهەوایەکی لەباری هەیە بۆئەوەی چەندین پڕۆژە دابمەزرێت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، ئەو بودجەیەی ساڵانە تەرخان دەکرێتت بۆ کڕینی گاز، دەتوانرێت بۆ وەبەرهێنان لە بواری دیکەی وزە بەکاربهێنرێت، بەڵام بەرپرسانی حکومەت تەنها بیر لە پڕۆژەی کاتی بەنجکراو بۆ رازیکردنی هاوڵاتیان دەکەنەوە، ئەوەش سەرکەوتوو نەبووەو نابێت، چونکە قەیرانەکە بەردەوامە و بێ چارە ماوەتەوەو بەوشێوەیە بڕوات هەر بەردەوامیش دەبێت.

***لە ژمارە(36)ی ڕۆژنامەی (بازاڕ) 12ی شوباتی 2012 بڵاوبۆتەوە.**

## کاریگەرییەکانی نەوت لەسەر ئابووری کوردستان

نەوت یەکێکە لە کەرتە گرنگە ئابوورییەکانی جیهانی و بایەخی تەواوی پێدەدرێت بەتایبەت لە وڵاتە بەرهەمهێنەرە نەوتییەکان، چونکە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی نیشتمانی پێکدەهێنێت، لەسەر ئاستی جیهان و کوردستان بۆتە پرسێکی گرنگی کۆمەڵگە و یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی پیشەسازی و تەنانەت ئامرازەکانی پێشکەوتن و ژیانی مرۆڤایەتیش، بەتایبەت لە هەلومەرجی هەنوکەیی هەرێمی کوردستان و گرژییەکانی نێوان بەغداو هەولێر، ئەم خاڵانەش هاندەر بوون لە نووسینی ئەم بابەتە:

1. پرسی نەوت و غاز بۆتە پرسێکی جیهانی و هەموو جیهان ململانێی لەسەر دەکات.

2. بۆتە سەرچاوەی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان کە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی دەهێنرێنە کایەوە وەک کارەبا، ئۆتۆمبێل، فڕۆکە و هۆکارەکانی دیکەی گواستنەوە، پەرەپێدانی ئابووری و ژێرخانی وڵاتان، پێشەوەبردنی زانست.

3. قەیرانی تەواوبوونی نەوت و ئاگاداربوون لە یەدەگی نەوت و دوورکەوتنەوە لە زۆر بەکارهێنان و هێشتنەوەی بۆ نەوەی ئایندە.

4. متمانەی دەوڵەتە بەرهەمهێنەرە نەوتییەکان بە داهاتی نەوت و فەرامۆشکردنی کەرتە ئابوورییەکانی دیکە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەرتە لە کاتی هەر تەنگژەیەکدا.

5. قەیرانی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر واژووکردنی گرێبەستە نەوتییەکان لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان.
6. بایەخی نەوت و غاز بۆ پتەوکردنی ژێرخان و هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی.

نەوت Petroleum زاراوەیەکی لاتینییە، پێکهاتووە لە (Petra) کە بە مانای بەرد Rock دێت، (Oleum)یش بە مانای رۆن (Oil)دێت، هەندێجار نەوت بە زێڕی رەش ناوزەد دەکرێت، کە شلەیەکی قوڕسی بەهێزە، چڕی بەرزە، رەنگی رەشە و نزیکە لە قاوەیی و سەوز، لە سەردەمی کۆندا بۆ رۆناکی و بیناکردن و بۆیەی کەشتی و چارەسەری نەخۆشی و پیشەسازی سادە بەکارهێنراوە، لەهەمان کاتدا سەرچاوەیەکی سەرەکی وزەیە و دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی پێکهاتە و بەروبوومی کیمیایی، وەک توێنەرەوەکان، چیمەنتۆ، پلاستیک ...هتد.

نەوت پێکهاتووە لە تێکەڵەیەکی قوڕس لە هایدرۆکاربۆنات Hydrocarbons و پێکهاتەی دیکەی ئەندامی وەک کاربۆن، هایدرۆجین، ئۆکسجین، نایترۆجین، کبریت، هەروەها هەندێ توخمی دیکەی ئاسنی وەک ئاسن، فانادیۆم، نیکل، $CH_4$، $C_2H_6$ ،$C_3H_8$ ،$C_4H_{10}$ تێدایە.

لەگەڵ ئەوەی زانایان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام دوو بیردۆزی هەیە:

1. بیردۆزی ئەندامی: زانایانی جیۆلۆجی (ژێرزەوی) پێیانوایە بنەڕەتی نەوت و خەڵوزی بەردی و غازی سروشتی پاشماوەی گیانەوەرە زیندووە کۆنەکانن لە رووەک و ئاژەڵی دارایی

بچووک، دواتر لەژێر کاریگەری و فشاری گەرمی و هۆکارەکانی زەمەنــی ئەو پاشــماوانە بە چەنــدین گۆڕانکــاری و کارلێکیــدا تێپەڕیوەو لە ئاکامدا نەوتی لێ دروست بووە.

2. بیردۆزی نائەندامی: زۆر لە زانایان پێیانوایە نەوت لە توخمی کــاربۆن و هەنــدێ پێکهــاتەی نائەنــدامی وەک کالیســیۆم و ســیل...هتد کە پێشــتر لەســەر زەوی هەبــووە، بە گۆڕانکــاری کیماییــدا تێپەڕیــوەو نەوتــی تیــا دروســت بــووە وەک لەم هاوکێشەیدا هاتووە:

$$CaC_2 + 2H_2O = C_2H_2 + Ca(OH)_2$$

یەکەم بیر لە نـاوچەی شـوش لە باشـووری ئێـران پێـنج هەزار ســاڵ پــێش زایــین لێــدراوە، هەنــدێکی دیــکە دەڵــێن لە ســەدەی چوارەمی زایینیدا یەکەم بیرە نەوت لە وڵاتی چین هەڵکەندراوە، بەڵام مێـژووی نـوێی نەوت پێمـان دەڵێـت یەکەم بیـری نەوت لە نزیک چارلستۆن لە رۆژئاوای فێرجینیا لە ساڵی 1806 لێدراوە، پاشان لە ساڵی 1853 لە پۆڵندا پرۆسەی گەڕان بە دوای نەوتی خاو دەستپێکردووە.

سەرەتاکانی پیشەسازی نەوت لە ئەمەریکا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1859 کە "ئیــدوین درایــک" لە نزیــک تیتۆســفیل لە ولایەتــی بەنسلڤانیا دۆزییەوە، هەرچی لە کوردستانی گەورەشدا بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان بوونی نەوت پێنج هەزار ساڵ پێش زاین هەبووە، کە لە کتێبە مێژووییەکانی عەرەب بە (باشووری ئێران) ناســراوە، کەوایە دوو بەڵــگەی راســتەقینە هەیە یەکەم کتێــبە فارسی و عەرەبییەکان و دووەم سەرجەلەی دانیاڵ پێغەمبەر،

ئەویش بە روونی باسی کردووە، بەتایبەت لە بابەگوڕگوڕو خانەقین، لەگەڵ ئەوەشدا تا سەدەی نۆزدەهەم بایەخی پێ نەدراوە، ئەوەش وایکردبوو عوسمانی و سەفەوییەکان ململانێ لەسەر خاکی کوردستان بکەن، بەهۆی بە هێزی ئابووری ئەو خاکەوە لە هەموو روویەکەوە، بەتایبەت لە کەرتی نەوت و کشتوکاڵدا، بۆیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی 1881 بەدواوە بە سالآنی گەڕان و دۆزینەوەی نەوت دادەنرێت و لە رۆژئاواو باکوورو باشووری کوردستانیش سەرەتای سەدەی بیستەم بە سالآنی دۆزینەوەو گەڕانی نەوت دادەنرێت، هەرچی دۆزینەوەی یەکەم چاڵە نەوتی رۆژهەڵاتیشە بۆ ساڵی 1908 دەگەڕێتەوە بە ناوی مەسجد سلێمان، کە تا ساڵی 1974 زیاتر لە 24 چاڵی نەوت دۆزراوەتەوە، لە رۆژئاوای کوردستانیش بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1956 چاڵە نەوتی کاراچوک دۆزراوەتەوە تا ساڵی 1976 زیاتر لە حەوت چاڵ دۆزراوەتەوە کە هەندێکیان 250 بیری تیا بووە، دۆزینەوەی یەکەم چاڵە نەوتیش لە باکووری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1960 بە ناوی بولگورداغ، تا ساڵی 1999 زیاتر لە 70 چاڵە نەوت دۆزراوەتەوە، باشووری کوردستان (هەرێمی کوردستان) لە ساڵی 1927 یەکەم کێڵگەی نەوتی لەسەر ئاستی عێراق بە ناوی بابەگوڕگوڕ لە کەرکوک دۆزرایەوەو 71 بیری نەوتی تێدایە و بە سێیەم کێڵگەی نەوتی جیهانی دادەنرێت، لە دوای کێڵگەی بەرمەقانی کوێتی و غەواری سعودی، هەرچەندە چاڵی نەوتی

(نەفت شا) ساڵی 1909 دۆزراوەتەوە، بەڵام وەک بابەگوڕگوڕ کاری بەرهەمهێنانی بە خێرایی تیا نەکراوە.
بەشێکی زۆری کێڵگەی دیکەی نەوتی لە ساڵانی رابردوو لە هەموو شوێنەکانی کوردستان دۆزراوەتەوە، بەڵام وەبەرهێنانی تیا نەکراوە، دوای رووخانی رژێمی بەعس، حکومەتی هەرێم بە پشتبەستن بە مادەی 111و 112و 115ی دەستووری نوێی عێراق و یاسای نەوت و غازی ساڵی 2007ی کوردستان، لە رێگەی کۆمپانیاکانی بواری وزەی جیهانی کاری بۆ دۆزینەوەی چاڵی نەوتی دیکە کردووەو تا ئێستا بەردەوامە کە زیاتر لە 50 کۆمپانیا لە کێڵگەکانی تاوگی، تەقتەق، بنەباوێ، دهۆک، هەولێر، کەلار، شەنگال، ئێنسفنی، میران، شێخان، سەنگاوی باکوور، شاکەل، خەلەکان، سارتا، روفیا، ئاکرێ، مەلائۆمەرو شۆڕش، ئامێدی، کۆرمۆری غازی، ئەتروش، بازیان، سەرسەنگ، چەمچەماڵ، بەربەهار، بەردەڕەش، زەوی 39، شێخ عەلی، زەوی 44، خەلەکان، زەوی 42، قوشتەپە، ئەلقوش، سەنگاوی باشوور، چیای سورخ، زەوی 9، پولخانە، قەرەداغ، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت لە پارێزگای هەولێرو دهۆکیش رێژەیەکی زۆر نەوت هەیە و هەرێمی کوردستان کەوتۆتە سەر دەریای نەوت، بەپێی قسەی وەزیری پێشووی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان، پشتێنەی زاگرۆس بە نەوت و غازی سروشتی زەنگینە.

پڕۆسەی گەڕان بەدوای نەوت، ڕۆژ بە ڕۆژ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ئامرازی تازەتر دێتەکایەوە، بەڵام بەگشتی دوو ڕێگەی سەرەکی هەیە:
1.جیۆلۆجی (ژێر زەوی): زەویناس چەند بەردێک وردوخاش دەکات و لە تاقیگە دایدەنێت تا بزانێت چەور دەبێت یان نا، بەمە دەزانرێت نەوت لەو ڕووبەرە زەوییە هەیە یان نا.
2.جیۆفیزیاوی: بە ڕووپێوکردنی لەرزاندن، ڕووپێکردنی موگناتیسی، ڕووپێوکردنی کێشان، ڕووپێوکردنی جیۆکیمیاوی، ڕووپێوکردنی کارەبایی دەکرێت، کە زانرا نەوت لەو شوێنە هەیە هەوڵ دەدرێت لە ژێر زەوی لە ڕێگەی بیرهەڵکەندنەوە دەربهێنرێت، لە زۆر کاتدا نەوتەکە لە ژێر زەوییەوە ڕاستەوخۆ بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت بەهۆی بوونی غازی سروشتی، چینی نەوتەکە هەمیشە لە نێوان غاز کە لە سەرەوەیەتی و ئاوەکە لە ژێریەوەیەتی، ئەندازیارانی نەوت بۆئەوەی نەوتەکە بێتە دەرەوە فشار دەخەنەسەر ئاوەکە تا بەرزی بکاتەوە بۆ دەرەوە. خەزینەی ناڵچی، تەپاو، چینی بۆ ئەمبارکردن هەیە، ڕێگای زەویناسی و جیۆفیزیاوی بۆ دۆزینەوەی نەوت ئەوەیە تا بزانرێت لە زەوییەک چۆن دەسەلمێنرێت ئەگەر P90 بێت ئەوا دڵنیایە 90% نەوت هەیە، بەڵام ئەگەر P50 بێت واتە گریمانەی 50%ی هەیە تێدایە، هەرچی P10یە لەنێوان 10%تا 50% گریمانەیە و جێی باوەڕ نییە و نەسەلەمێنراوە نەوتی تیا بێت. سەبارەت بە پێوانەیی نەوت بە بەرمیل BARRELS دەپێورێت

و غازیش به مەتر سێجا CUBIC METERES یان پێ سێجا FEET CUBIC دەپێورێت.

نەوت به شـــێوەی خـــاو بەکارناهێنرێـــت، بـــۆئەوەی ســـوودی لێوەربگیرێـــت پێویســـتی بە کـــرداری دیـــکە هەیە، ئەمەش پێـــی دەوترێـــت پـــاڵاوتن، کە لەو پرۆســـەیەدا مـــادەی بە ســـوودی لێوەردەگیرێت بەم شێویە:

1.لە ئـــاوو خـــوێ پـــاک دەکـــرێتەوە تـــا نەبێـــتە هـــۆی کێشـــەی مەترسیدار بۆ ئامرازی دەرهێنان.

2.پرۆســـەی تکەکـــردن: لەم قۆنـــاغەدا نەوت لە پێکهاتەکـــانی دیـــکە جیا دەکرێتەوە وەک غاز، شلە سوکەکانی لە شێوەی غـازۆلین و بەنـزین، بەنزینـی سـوک و قـورس بـۆ ئۆتۆمبێل بەکاردەهێنرێت، کیروسینی سووک Kerosene بۆ سووتەمەنی ماڵان بەکاردێت و کیرۆسینی ئاسایی بزوێنەری فڕۆکە بەکاردێت، دیزل Diesel یـــان ســـولار کە شـــلەیەکی قورســـە بـــۆ ســـووتەمەنی هەنـــدێ پیشەســـازی زەبەلاح بەکاردێـــت، شـــلە قورســـەکان، قیـــر کە پاشـــماوەی پێکهـــاتە ئەنـــدامییەکانە وەک هایـــدۆکاربونات کە بـــۆ رەنگکردنـــی کەشـــتی و شۆســـتەی شـــەقام بەکاردێـــت. لەگەڵ پاشـــماوەی دیـــکە وەک مـــۆم و ئەســـفەڵت بـــۆ ســـوودی تـــایبەتی بەکاردێـــت، پـــاش ئەوەی کـــوالێتییەکەی باشـــتر دەکرێـــت و دەنێردرێتە بازاڕەکانەوە، بۆ نموونە غاز راستەوخۆ بۆ ئۆتۆمبێل بەکاربهێنرێت دەبێتە هـۆی لە کـارکەوتنی مەکینەکەی، کیرۆسـین بۆ فڕۆکە بەکاربهێنرێت دەبێتە هۆی کەوتنی لە ئاسمانەوە.

پـۆلێنکردنی نەوت بەپێـی چـڕییەکەی دوو جـۆرە: قـورس و سووک، بەڵام تایبەتمەندی جیاوازی چڕی نەوت دەگەڕێتەوە بۆ رێژەی بوونی هایدرۆکاربۆناتی قورس، کاتێک رێژەکەی زیاتر بێـت قورسـتر دەبێـت، نەوتـی سـووک لە ئاسـتی گشـتی لە بازاڕەکاندا خواستی زۆرتری لەسەرەو نرخی بەرزترە، بەهۆی بوونی برێکی زۆر لە موشتەقاتی نەوتی بەتایبەت گازوایل کە یەکێکە لە موشتەقە نەوتییەکانی زۆرترین خواستی جیهانی لەسەرە. پۆلێنی دیکەش هەیە وەک نەوتی شیرین کە رێژەی گۆگردی کەمە و، نەوتی ترش رێژەی گۆگردی بەرزە، بەڵام نەوتی شیرین زۆرترین خواستی لەسەرە.

نەوتی هەرێمی کوردستان پلەی جۆری چڕییەکەی باشە و رێژەی گۆگردو پیسی کەمترەو نەوتی رەشی زۆرە، ئەمەش وایکردووە تێچووی دەرهێنانی کەمتر بێت بەراورد بە کێڵگە نەوتییەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق.

بەهای نەوتی خاو پشت بە چڕی، ناوەڕۆکی گۆگردی، پێکهاتەی مۆمی، خواست و خستنەڕوو دەبەستێت، بەڵام غاز پشت بە سووتەمەنی، هایدرۆجینی گۆگردی، ئاو، توانای شکانی کۆگاکان دەبەستێت.

نەوت یەکێکە لەو ماددانەی دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگەی ئاسمان و زەوی، بەتایبەت لە کاتی دەرهێنانیدا، نەمازە لە کاتی دەرهێنانی لە قوڵایی دەریادا، کاریگەری بۆ زیندەوەرەکانی ئەو ناوچە هەیە لێوەی دەژین، ئەمە جگە لە رووداوەکانی لۆری بارهەڵگرەکان لە کاتی گواستنەوەدا وەک ئەوەی هەندێجار لە

ڕێگە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق ڕوودەدات لە دەربەندیخان، پێنجوێن، کەرکوک...هتد، نابێ ئەوەش لە بیر بکەین پیسبوونی ژینگە لە ڕێگەی نەوتەوە لە ئاکامی جەنگەکان ڕوودەدات وەک ئەوەی لە جەنگی کەنداو لە ساڵی 1991 لە کوێت ڕوویدا.
نەوت یەکێکە لەو کاڵایانەی لە جیهاندا زۆرترین ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت، نرخەکەشی بەپێی جۆرەکەی جیاوازە، نەوتی سوکی شیرین گرانترین نرخی هەیە لە بازاڕ، گەورەترین بازاڕی نەوتی جیهانی بازاڕی لەندەن لە بەریتانیاو نیۆرک و شیکاگۆ لە ئەمەریکاو سەنگافۆرەیە، چەند جۆرێکی نەوت دیاریکراون بۆئەوەی نرخەکەی لە بەرزی و نزمی لەسەر ئاستی بازاڕەکان ڕابگەیەنرێت وەک نەوتی خاوی برینت Brent کە سەرچاوەیەکی جیهانییە لە دانانی نرخ، لە کەنداوی عەرەبی نەوتی خاوی دوبەی وەک پێوەری نرخ، بەڵام ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەی نەوت (OPEC) سیستمێکی تایبەتیان داناوە، کە تێکڕای ناوەندی حەوت جۆری نەوتی خاوە وەک: خاوی عەرەبی سعودی سوک، خاوی دوبەی ئیماراتی، خاوی سوکی نەیجیری، خاوی ژاپۆنی جەزائیری، خاوی میناسی ئەندەنۆسی، خاوی تیاخواناى سوکی فەنزویلی، خاوی ئیتموسی مەکسیکی، بە گشتی نرخی نەوت ناجێگیرە بە هۆکاری سیاسی، ئابووری، کارەساتی سروشتی، جەنگ.
لەسەر ئاستی جیهان ڕێکخراوی هەناردەی نەوتی هەیە وەک (ئۆپێک) کە لە ساڵی 1960 دامەزراوەو هەژمونی بەسەر

بازاڕی خستنەڕووی جیهانی هەیە و 75%ی یەدەگی جیهانی نەوت لەو وڵاتانەی ئەندامن لەو ڕێکخراوە، سێ بەشی بەرهەمهێنانی جیهانیش لەوێدایە کە بریتین لە ئەنگۆلا، ئیکوادۆر، ئێران، عێراق، کوێت، لیبیا، نێجیریا، قەتەر، سعودیا، ئیمارات، فەنزویلا، جەزائیر. ئەمانەش گەورە وڵاتن لە بەرهەمهێنانی نەوت کە هەندێکیان ئەندامی ڕێکخراوی ئۆپیک نین: سعودیە، ئەمەریکا، روسیا، ئێران، مەکسیک، چین، نەرویج، کەندا، ئیمارات، فەنزیلا، کوێت، بەریتانیا، نێجیریا.

یەدەگی نەوتیش لەسەر ئاستی جیهان بایەخی خۆی هەیە، چونکە شارەزایانی بواری وزەی جیهانی پێشبینی دەکەن نەوت لە ئایندەدا نامێنێت، ئەوەش وایکردووە وڵاتان تا ئابوورییەکی بەهێزیان هەبێت، پەیوەندی ئابووری و سیاسی لەگەڵ وڵاتی دیکەی دەوڵەمەند بە نەوت دەبەستن کە لە خۆیان زێتر یەدەگی نەوتیان هەیە، زانای نەوتی بەناوبانگ "هوتلێنک" دەڵێ: "ئەگەر 10 بەرمیل نەوت هەبێت پێویستە یەک بەرمیل بەرهەم بهێنرێت، چونکە ئەوەی دیکە موڵکی نەوەی داهاتووە".

هەرێمی کوردستان بە یەدەگێکی زۆری نەوت دەوڵەمەندەو زیاتر لە یەک لەسەر سێی یەدەگی کۆی نەوتی عێراقی تێدایە، یەکێکە لەو شوێنانەی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ریزبەندی یەکەمەکانە، نزیکەی 50 کێڵگەی نەوتی لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمە جگە لە ژمارەیەکی نەزانراو لەو شوێنانەی تا ئێستا کاری گەڕانیان تێدا نەکراوە، وێڕای ئەوەش ئەو نەوتەی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی

هەرێمـــی کوردســـتان( بەزۆر داگیرکـــراو لەلایەن حکـــومەتی زۆرینەی شیعی و بە دڵخۆشی زۆرینەی سوونەکان) تا ئێستا کێشـــەکانیان لەگەڵ حکـــومەتی بەغـــدا یەکـــلا نەبـــۆتەوە، ئەمە سەربارەی ئەوەی ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشـــە، گرفتـــی دەرهێنـــان و فرۆشتنیشـــی هەیە لەگەڵ بەغدا.

بەپێـی هەنـدێ پێشـبینی رەنـگە دوا بەرمیلـی نەوت لە کـێڵگە نەوتییەکـانی هەرێمـی کوردسـتان دەربهێنرێـت، بەهـۆی بـوونی خـــاکی کوردســـتان لەســـەر دەریـــای نەوت، ئەمەش رەهەنـــدی ئـابووری زیـاتر کـردووە، ئەو رەهەنـدە ئابوورییەشـە ئەو خـاکە بۆتە مەیدانی ململانێی وڵات زلهێزەکان بە درێژایی مێژوو، کە تا ئێستاش درێژەی هەیە، هاتنی کۆمپانیا نەوتییە جیهانییەکانیش لە چوارچێوەی ئەو روانگە ستراتیژیەی وڵاتاندایە، بەڵام باشترە دەســـتی پێـــوە بگیرێـــت و هەمـــووی بەرهەم نەهێنرێـــت، تـــاکو روبەڕووی (نەخۆشـی هۆڵەنـدی) نەبێـتەوە، وەک ئەو وڵاتـانەی زۆر پشـت بە داهـاتی نەوت دەبەسـتن و لە کـاتی نزمبوونەوەی نرخـی نەوت دووچـاری کارەسـات دەبنەوە، چونکە هـیچ کەرتـی دیکە نییە قەرەبووی بکاتەوە، لەبەرئەوەی دەبێتەهۆی کوشتن و لە باربردن و هەرەسهێنانی چالاکییە ئابوورییەکان و لەناوبردنی پیشەســـازی کلاســـیکی، ئـــابووری بەرەو بێبـــازاڕی دەڕوات و داکشانەوەو بەرزبوونەوەی نرخی دراوی ناوخۆیی و زیادبوونی هەنـاردەی زیـاتری نەوت و کڕینـی یەکـلایەنەی بە دوای خـۆی دەهێنێت، ئەزموونی وڵاتانی کەنداویش باشترین بەڵگەیە زیاتر لە

95% داهاتی وڵاتانی سعودیا، بەحرێن، ئیمارات، عەمان، کوێت، قەتەڕ، لیبیا، عێراق لەسەر نەوتە، بەپێی راپۆرتێکی بریتیش پیترۆلیوم هەرێمی کوردستان خاوەنی 45 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگە، لە تێکڕای 147 ملیار بەرمیل لە عێراقدا، واتە بە رێژەی کۆی 30،6% لەسەر ئاستی عێراق. هەروەها عێراق خاوەنی رێژەی 12% نەوتی جیهانە، هەرچی یەدەگی غازی سرووشتییە لە هەرێمی کوردستان بە 3 تا 6 ترلیۆن مەتر سێجا مەزندە دەکرێت، بەڵام بە وتەی وەزیری پێشووی سامان سروشتییەکان 100 بۆ 200 ترلیۆن چوار گۆشە گاز هەیە.
لە سەدەی نۆزدەهەمەوە کێبڕکێ لەسەر گەڕان بە دوای نەوت وەک زێڕ بایەخی پێ دراوە، بۆ نموونە نێجیریا پێش دەرهێنانی نەوت لە ساڵی 1960 کەرتی کشتوکاڵ رایەڵەی سەرەکی ئابووری بوو، ئاڵوگۆڕی دەرەکیشی دەکرد، لە خۆراکیشدا سیاستی خۆبەڕێوبردنی هەبوو، ئەوەی دەمایەوە هەناردەی دەرەوەی دەکرد، بەڵام پاش نەوت لە ساڵی 1970 خۆراکی بە ملیۆنان دۆلار هاوردە دەکرد، یەکێک بوو لە لیستی یەکەمی هاوردەکردنی خۆراک، کەرتی کشتوکاڵی پشتگوێ خست.
لەسەر ئاستی وڵاتانی ئۆپێک، بەپێی ئاماری 2010، فەنزویلا 25%ی یەدەگی نەوتی هەیە، سعودیە 22%، ئێران 12%، عێراق 12%، کوێت 8%، ئیمارات 8%، لیبیا 4%، نێجیریا 3%، قەتەر 2%، جەزائیر 1%، ئەنگۆلا 0.8%، ئیکوادۆر 0،6%. سەلمێنراوە 1.383 ترلیۆن بەرمیل نەوت هەیە لە جیهاندا، لەکاتێکدا رۆژانە خواست لەسەر 82 ملیۆن بەرمیل هەیە،

هەرچی یەدەگی غازە 190 ترلیۆن مەتر سێجای هەیە، کەچی ساڵانە 3،17 ترلیۆن مەتر سێجا بەکاردەهێنرێت.
گرێبەستە نەوتییەکانیش چەند جۆرێکن: "گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنـــان، گرێبەســـتی خزمەتگـوزاری، گرێبەســـتی کرێـــی، گرێبەستی هاوبەشی لە زیان و قازانج". گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لە هی یەکەم نزیکە زۆرجار ناودەنرێت بە گرێبەستی پاداشـــتکردنەوەی مەترســـییەکان، جـگە لە گرێبەســـتی کـێڵگەی کۆرمۆر کە گرێبەستی خزمەتگوزارییە وەک هی وڵاتانی کەنداو، گرێبەستەکانی بەغداش زیاتر گرێبەستی کرێیە، بەڵام گرێبەستی پـێش 2003 لە عێـراق لە جـۆری وەبەرهێنـانی داگیرکـردن و تـاڵانکردنی نەوتـی خـاوی هەرێمـی کوردسـتان بـووە، بـۆ بەکارهێنـــانی مەبەســـتی سیاســـی و فراوانکردنـــی قەڵەمـــڕەوی دەســـەڵات و قڕکـردن و پاکتـاوکردنی نەتەوەی کـورد، لەســەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان تا ساڵی 1991 شانزە جۆری ئیمتیاز بە کۆمپانیا بیانییەکانەوە دراوە تا نەوتی گەلی کورد بۆ خۆیان بەرن، لەلایەک هاوکاری هەر چوار دەسەڵاتی فەرمـانڕەوای (تورکیـا، سـوریا، عێـراق، ئێـران) بـکەن، لەلایەکی دیکە قازانجی زۆری خۆیان و بەکارهێنانی بۆ خۆشگوزەرانی و پەرەپێدانی کەرتە ئابوورییەکانیان، ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردســـتانەوە هەبـــوو کە لە رێـــگەی کۆمپانیـــای (ســـۆمۆ)وە دەنێردرایەوە دەرەوە، تەنها ئەوەی پەیوەندی بە بڕیاری 986ی دوای راپەریـن نەبێـت، ئەویـش بەشـێکی زۆر کەمـی لە داهـاتی نەوت بـۆ خەڵکـی عێـراق و کوردسـتان بـووە، ئەوەی دیـکە بـۆ

دانەوەی قەرزی وڵاتـان بـووە، لە خەرجـی کەرەسـتەی شـەڕو وێرانکارییەکانی کوێت. لە هەرێمی کوردستان چەند کۆمپانیایەک بۆ گەڕان و دەرهێنـانی نەوت کـار دەکەن، کە ئەمـانەن: تۆتـاڵ و پێرینکـۆی فەڕەنسـی، دنـۆی نەرویجـی، جینێـڵ ئینێرجـی و پێـت ئۆیڵ و دۆگانی تورکی، ئەسپێکت ئینێرجی و تاکساس کەی ئێس و هێڵ ود و هیکس و هۆنت پرایم و ئیکسۆن مۆبێل و چیڤرۆنـی ئەمەریکی، گۆڵف کیستۆن و ستێرلینگ ئینگرجی بەریتانی، مۆڵی هەنگاری، نۆربێست و غازپرۆمی روسی، ئۆ ئێم ڤی نەمساوی، کۆمێت گروپـی مالـدۆڤی، ریلانسـی هینـدی، ئـاددێکس و نیکـۆو هێرتەیگ و تالیسمانی کەنەدی، ئۆیل سێرچی ئۆسترالی، کنـۆکی کۆری، دانا غازی ئیماراتی، پێت ئۆڤەرسەیسی سویدی...هتد.

دەسـت بەسـەراگرتنی نەوت و داهـاتەکەی لەلایەن حکومەتەکانەوە وا دەکات چەندین دیـاردەو کێشـە سـەرهەڵبدەن، وەک تەنگوچەڵەمەی ئابووری نیشتمانی، بەمەش خواست لەسەر دراوی وڵاتە بەرهەمهێنەرە نەوتییەکان زیاد دەبن و بەهای بەرز دەبێـتەوە، لەبەرامـبەردا نرخـی کـاڵای بیـانی هەرزان دەبـن، لەئاکامدا بەرهەمهێنەری نـاوخۆیی نـاتوانن بە بەرهەمەکانیان لە بـازاڕی جیهـانی کێبڕکـێ بـکەن، تەنـانەت لە بـازاڕی ناوخۆشـدا وەک ئەوەی ئێسـتا لە عێـراق و کوردسـتان هەیە، هـیچ وەبەرهێنەرێـک ناتوانێـت کـاڵا بەرهەم بهێنێـت تـا کێبڕکێـی بەرهەمهێـنەری جیهـانی تەنـانەت وڵاتـانی دەوروبەریـش بکـات، بۆیە کەرتی تایبەت بایەخ بە وەبەرهێنانی ئەو کەرتانە دەدات کە نـزیکە لە نەوت و، ئەوانـی دیـکە فەرامـۆش دەکـات، دەرەنجـام

چینـی ناوەڕاسـت و کەرتـی تـایبەت رۆڵیـان نامێنێت، ئەوانەش بەردی بناغەی تەلاری دیموکراسی و ئابووری ئازادن.

خاڵێکی دیکە دەبێتە هۆی نەهێشتن و لەناوبردنی لێهاتوویی و داهێنـان و زیـادبوونی مەرکەزیەتـی دەسـەڵات، تـا دەگـاتە رادەی گەندەڵییەکی زۆر لە خەرجکردن و بەکارهێنـانی بۆ لەنـاوبردنی دەنگی نـاڕەزایی و ئۆپۆزسیۆنیش، لە سـاڵانی 1968 تـا 2003 سەدان ملیار دۆلار بۆ لەناوبردن و کاولکاری خەرج کرا لەسـەر داهـاتی نەوتـی عێـراق و 2% کەمتـری بـۆ هاوڵاتیـان تەرخـان کرابـوو، ئێسـتاش لە رێـگەی مـوچە، چـاودێری کـۆمەڵایەتی، پڕۆژەکـانی بیناسـازی دەکرێـت، بەڵام نمـوونەی دابەشـکردنی داهـاتی نەوتـی ئەزمـوونی ویلایەتـی ئەلاسـکای ئەمەریکـیە لە دروسـتکردنی سـندوقێکی وەبەرهێنـان و دابەشـکردنی نەوتە بە شـێوەی راسـتەوخۆ بەسـەر ویـلایەتەکە، بەمەش هەمـوو تاکێـک هەست دەکات خۆی خاوەنی نەوتەکەیە و مافی ناخورێت.

وڵاتـانی خـاوەن نەوت دوو جـۆرن: یەکەمیـان، وەک وڵاتـانی کەنداو ژمارەی دانیشتوانیان کەمە و سەرچاوەی وزەی زۆریـان هەیە و بوونەتە وڵاتێکی بەکاربەری زێدە زۆر، لەهەمان کاتدا بە داهاتە زۆرەکەیـان بەشـداری بـازاڕ دراوی نێودەوڵەتی دەکەن و وەبەرهێنـانی تیـا دەکەن، دەیانەوێـت ژێرخـانی ئـابووری بە بیناسازی و خزمەتگوزاری پتەو بکەن، بەڵام نەیـانتوانیوە پشـت بە جۆراجۆری داهاتی نەتەوەیی ببەستن.

دووەمیـان، ئەو وڵاتـانەن هەمـان سـەرچاوەی وزەی غـازو نەوت یان هەیە، وڵاتێک بوون بە هەندێ بیری ئایـدۆلۆژی رۆیشـتن کە

ئەو ئایـدۆلۆژیایە زیـانی بەو وڵاتـانە گەیانـد، لەوانە نەتەوەیـی عەرەبی و دژایەتـی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و خۆپڕچەککردن و لەبـارەی داهـاتی نەوت وا هەسـتیان دەکـرد بەهێزتـرین وڵاتـن، دەتـــوانن دژایەتـــی وڵاتـــی زلهێـــزیش بـــکەن، پارەیـــان بـــۆ هەنـــاردەکردنی ئایـــدۆلۆژیای خۆیـــان کـــرد لەســـەر حســـابی وەبەرهێنان و ئاوەدانی وڵاتەکەیان، لەئاکامدا لە جێگەی ئاوەدانی و گـۆڕینی پەیـکەری ئابووریـدا لە وڵاتێکی پابەنـد بە سـەرچاوە سروشـــتییەکان بـــۆ خزمەتکردنـــی هاوڵاتیـــان، بەرەو وڵاتێکـــی ســـەربازی و تـــاکڕەوی ڕۆیشـــتن، زەمینەســـازیان نەکـــرد بـــۆ پڕۆســـەی دیموکراســـی سیاســـی و ئـــابووری و کـــۆمەڵایەتی و بایەخدان بە سیستمی خوێندن، تا ببێتە هـۆی گـۆڕینی میللەتێکی پاشـــکەوتووی ڕێـــژەی نەخوێنـــدەواری زۆر بـــۆ پێشـــکەوتوو شارسـتانی، نمـوونەی ئەو وڵاتـانەش: عێـراق و لیبیـاو جەزائیـرو هەندێ شوێنی ئەمەریکای لاتینی.

لەگەڵ ئەوەی نەوت بـۆ میللەتـان، مـایەی خـۆشـی و گەیشـتنە بە خۆشگوزەرانی و دابینکردنـی ژیـانێکی ڕەفاهە بۆیـان و ئایندەی گەش بـۆ ئەو خەڵـکە دەنەخشـینێت، کەچـی لە سـەردەمی ڕژێمـی بەعس ئەوە پێچەوانە بووەوە، چونکە خراپ بەکارهێنانی سامانی نەوت وەک سـامانێکی نەتەوەیـی بـووە هـۆکارێک بـۆ دواکەوتنـی دیموکراســـی لە عێراقـــدا، بەوەی داهـــاتی نەوت نەک داهـــاتی نەتەوەیـی نەبـوو، تـا بەشـێوەیەکی دادپەروانە دابەش بکرێـت بـۆ پـڕۆژە وەبەرهێـنەرە ئابوورییەکـان و گەشـەپێدانی ژێرخـان و سـەرخانی عێـراق، کەچـی داهـاتی نەوت ڕێژەیەکـی ڕەهـای بـۆ

کەرەستەی شەڕو چەک و تەقەمەنی و مادەی کیمیایی بۆ لەناوبردن تەرخان کرابوو، بەشێکی زۆری لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە راستەوخۆ تاڵان دەکراو رژێمیش چاوپۆشی لێدەکرد، واتە داهاتی نەوت تەنها بەشێکی بۆ بودجەی گشتی هاوڵاتیان دەڕۆیشت، کە مووچەی کەم بە کارمەند دەدرا، رەوشی ژیانی هاوڵاتیان زۆر ناهەموار بوو، شەقامەکان وێرانە بوون، گوندەکان لە جیاتی ئەوەی ببنە سەرچاوەی داهات کەچی بە داهاتی نەوت وێران دەکران، لە جێگەی پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی، بە پارەی نەوت بە زۆر سەربازکردن راگەیەنرابوو بۆ شەڕو ئەوەی سەرپێچی بکردایە لە سێدارەی دەدا یان لە زیندانی هەتاهەتایی بەندی دەکرد، واتە بە پارەی نەوت هەوڵی ئیفلیجکردنی سەرمایەی مرۆیی دەدا، حکومەتی باش یا حکومەت خەڵک، داهاتی نەوت بۆ گەشەپێدانی ئابووری بەکار دەهێنێت، کەچی رژێمی سەدام بۆ نابوتکردن و پووکانەوە بەکاری دەهێنا، سەبارەت بە میللەتی کوردیش وێڕای هەموو نەهامەتییەکان، بووە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی و کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوان و ئاوارەبوون و پەناهەندەبوون لە وڵاتان و، هەزارانیشی ئەنفال و کیمیابیباران کران و پارچە پارچەبوونی وڵاتەکەی، کە تا ئێستاش شوێنەواری ماوە، ئەگەر نەوت نەبوایە تا ئێستا حکومەتی نوێی عێراقیش نکۆڵی لە جیاکردنەوەی کەرکوک و خانەقین و زوممار نەدەکرد کە خاکی کوردستانین.

لە چوارچێوەی دەستوری عێراقی ساڵی 2005 لە ماددەی 117برگەی یەکەمی دەستووردا دان نراوە بە هەرێمی

کوردســـتان، لە مـــاددەی 111دا هـــاتووە (نەوت وغـــاز مـــوڵکی هەموو گەلی عێراقە لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا)، لە ماددەی 112 بڕگەی یەکەمدا هاتووە (حکومەتی فیدڕاڵ لەگەڵ حکومەتە هەرێم و پارێزگاکاندا هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی نەوت غازی دەرهێنـراو لە کێڵگە هەنوکەییەکانـدا بە مەرجێک داهاتەکـانی بە شـــێوەی دادپەروەرانە دابەش بکرێـــت کە بگونجێـــت لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوان لە هەموو ناوچەکانی وڵاتداو سـەرەڕای دیاریکردنی بەشێک بۆ هەرێمە زیانلێکەوتووەکان لەلایەن رژێمی پێشووەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، یان ئەوانەی بە نادپەروەرانە بێبەشـــکراون و زیانیـــان لێکەوتـــووە، دوای ئەوە بەجۆرێـــک پەرەپێدانی هاوسـەنگ بۆ هەمـوو ناوچەکانی وڵات دابین بکات، ئەمەش بە یاسا رێک دەخرێت). لە ژێر رۆشنایی ئەوە پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی رۆژی 2007/8/6 یاسایەکی تایبەت بە نەوت و غـــاز بە ژمـــارەی 22 دەرکـــرد، کە لە 61 مـــاددە پێکهاتووە. پاشان حکومەتی کوردستان دەستی بە واژووکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان کرد، کە گەیشتە زیاتر لە 50 شەســـت گرێبەســـت، هەمـــوو گرێبەســـتەکانی هەرێمـــی کوردســـتان لەگەڵ کۆمپانیـــا نەوتییەکـــانی جیهـــان لە دوای چەسپاندنی دەستووری عێراقە کە بەپێی ئەو دەستوورە ماف بە هەرێمەکـان دەدات سـامانی سروشـتی خۆیـان بەکـاربهێنن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی، جگە لە سێ گرێبەسـت نەبێت لە سـاڵی 2004 بەســتراوە، ئەوانــیش DNOی نەرویجــی و Genel Energyی تورکی لە تەقتەق و گرێبەستێکی دیکە لەگەڵ DNO

نەرویجی لە تاوگی، گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لە شێوەی بەرهەمهێنانی هاوبەشە، کە رێگە دەدەن بە ماوەی گەڕان و دۆزینەوە بۆ پێنج ساڵ و دەتوانرێت درێژ بکرێتەوەو ماوەی پەرەپێدانی بەرهەمی نەوت بۆ 20 ساڵ و دەتوانرێت درێژ بکرێتەوە بۆ پێنج ساڵی دیکە و 25% پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، بوونی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی یەکێکە لە هۆکارەکانی دڵنیابوونی کۆمپانیاکان لە ئاییندەی وەبەرهێنان و قازانجی زۆر لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەکانی بەغدا بۆ رێگرتن لە هاتنی کۆمپانیا جیهانییەکان، ئەگەرچی نەبووە لەمپەر لەبەردەم کاری کۆمپانیاکان، بەڵکو زێتر هانیدان تا پشکی زۆرترو گرێبەستی دیکە واژوو بکەن، لەپاڵ ئەمانە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ تەواوکردنی هێڵی بۆڕی نەوتی تورکیا- هەرێمی کوردستان دەکات، بایەخی بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە دەبێتە یەکێک لە هاوبەشە گرنگەکانی ئەوروپاو بەشدار دەبێت لە دارشتنی پلان و سیاسەتی ئابووری و بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان لەگەڵ تورکیاو ئەوروپا، هاوکات هێڵی نابۆکۆی غازیش ئەگەر بە کوردستان تێپەڕ بێت، ئەویش رۆڵی هەیە لە پەرەپێدانی ئابووری کوردستان و پشتبەستن بە داهاتێکی سەربەخۆو پێشەوەبردنی پرسی سیاسی و نەتەوەیی کورد، چونکە خواست لەسەر غازو نەوت رۆژ بە رۆژ لە هەڵکشانە، ململانێ نێودەوڵەتییەکان لەسەر دۆزینەوەی کێڵگەی نوێی غازو نەوت دامەزراندنی هێڵی نوێی غاز بەتایبەتی

لەنێوان ئەوروپاو روسیاو چەند وڵاتێکی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و کوردستانیش دەتوانێت ببێتە یاریکەرێکی سەرەکی و بۆ بەرژەوەندی خۆی بیقۆزێتەوە، چونکە جگە لە دەستکەوتە ئابوورییەکان، کوردستان بەرەو قۆناغێکی دیکەی سیاسی دەبات و پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمی و ناوخۆیی بەتایبەت لەبەرامبەر بەغدا بەهێز دەکات.(ئەو بیرۆکەیە پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم و رووداوەکانی 16ی ئۆکتەری 2017 راست بوون،بەڵام ئێستا بارودخەکە جۆرێکی دیکەو کورد لە شانۆی سیاسی عێراق و ناوچەکە لاواز بوە)بەشێک لە شارەزایانی ئابووری هاتنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان لە خوارووی عێراقەوە بۆ کوردستان، بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە ئیمتیازی ئەو کۆمپانیایانە رێژەکەی لە کوردستان لە نێوان 25% بۆ 35% لە کێڵگە نەوتییەکانی باشووریش 15%-18%یە، ئەمەش مافی هەر کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتە بە دوای قازانجی زیاتردا بگەڕێت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەگەر رکابەری لەگەڵ بەغدا نەکردایە لەسەر زیادکردنی ئیمتیازاتەکان، رەنگە بەرەو کوردستان نەهاتبانایە، ئەمە جگە لەوەی لە ناوچەکانی خوارووی بارودۆخی ئاسایش خراپ بووە و کۆمپانیاکان دڵنیاییان کەمترە بووە. شتێکی دیکە هەیە بۆچی ئێستا وڵاتان لە رێگەی کۆمپانیاکانی وزەوە پشتگیری لە هەرێمی کوردستان؟ لەکاتێکدا پێش راپەرین تەنانەت تا 2003یش پشتیان لە نەتەوەی کورد کردبوو، ئێستا کاودانەکە پێچەوانە بۆتەوەو چی دیکە پشت لە

کورد ناکەن، تا لە پێناو لیترێک نەوتی خاو، دەیان تەن مافی مرۆڤی کوردی بە بەغدا بفرۆشن.
ئەگەری ئەوە هەیە ڕێژەی یەدەگی نەوت بەرەو کەمبوونەوە بڕوات لەسەر ئاستی جیهان و ڕەنگە بەشێکی زۆری کێڵگە نەوتییەکان وشک بکەن، ئەمە جگە لەوەی لە بۆڕسەی جیهانی ڕۆژانە نرخی نەوت لە هەڵبەزو دابەزدایە، بۆیە ناکرێت لەگەڵ ئەو هەموو قەیرانە جیهانییە و گەڕانی وڵاتان بە دوای وزەی جێگرەوە بۆ پیشەسازی و گشت چالاکییەکانی کایەی ئابووری جیهانی پشت بە داهاتی نەوت ببەسترێت، هاوکات نەوت سەرچاوەیەکی دەگمەنی جیهانی و بایەخی خۆی لە زێڕ کەمتر نییە، بەڵام ناکرێت کوردستان بەهۆی بوونی سەرچاوەی گرەنتی داهاتی نەوتەوە بکرێتە وڵاتیکی بەکاربەری بیانی لە هەموو کەلوپەل و بەرهەمەکاندا، دەکرێت کەڵک لە ئەزموونی وڵاتانی کۆلۆمبیاو ڤێتنام وەربگرێت، بەوەی وەبەرهێنان لە هەموو کەرتەکانی دیکە بکات، بەتایبەت کشتوکاڵی و پیشەسازی گواستراوەو گەشتیاری و پەروەردەو خوێندنی باڵاو تەندروستی...هتد، لەگەڵیدا بایەخ بە وەبەرهێنانی مرۆیی و بەرزکردنەوەی توانای هێزی کاری ناوخۆیی گەنجان بدات، ئەمەش وا دەکات ئەو وزەو توانا لەبن نەهاتوەی گەنجان ببێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ پێشخستنی گشت سێکتەرەکان و کەرتی نەوتیش ڕێچکەی خۆی بگرێت، واتە کەرتی نەوت نەبێتە هۆی قوتدانی کەرتەکانی دیکە و پەرەپێدان لەو کەرتە لەسەر حسابی کەرتە ئابوورییەکان نەبێت، بەڵکو کەرتی نەوت ببێتە

داینەمۆو خوێنی کەرتە ئابوورییەکانی دیکە، ئەمەش وا دەکات هەرێمی کوردستان وێڕای بایەخدانی بە کەرتی نەوت و کارکردن بۆ سەرکەوتنی لە یاری وزەی جیهانی وەک یاریزانێکی لێهاتوو، ئەوا لە نەخۆشی هۆڵەندی دوور بکەیتەوەو ئابوورییەکی پتەو لە سایەی سیاسەتێکی لۆژیکی ئاقڵانە فەراهەم بکات و گشت ئاستەنگە دەرەکی و ناوخۆییەکان لەنێوبەرێت.

راسپاردە:

1. دووبارە رێکخستنەوەی پیشەسازی نەوت لەسەر بنەمای فیدراڵی و، دابەشکردنی داهاتەکان بۆ سەر هەرێمەکان.

2. چەند کۆمپانیایەکی خۆماڵی کار بکەن نەک تەنها (سۆمۆ) لە عێراق و لە کوردستانیش هەنگاو لەسەر دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی KNOC کە پێکهاتووە لە چوار کۆمپانیا نەوتییە نیشتمانییەکە (کەپکۆ، کەی ئێن ئۆ سی کۆمۆ، کۆدۆ) و سندووقی داهاتی نەوت بکرێت.

3. داهاتی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان شەفافتر بێت و هاوڵاتیان هەست بکەن موڵکی خۆیانە.

4.هاوڵاتی رابهێنرێت بەوەی سەرچاوە سروشتییەکان موڵکی خۆیەتی نەک موڵکی دەستەبژێری کۆمەڵگەو حکومەت، ئەوەش بەوە دەکرێت کە هاووڵاتیان هەمیشە کەڵک لە بەرهەمە نەوتییەکان وەربگرن و ببێتە سەرچاوەی خۆشگوزەرانیان.

5.ڕێژەیەکی کەم لە نەوت و غاز بەرهەم بهێنرێت و ئەوەی دیکە بۆ نەوەی ئایندە جێ بهێڵدرێت تا ڕووبەڕووی قەیرانی "نەخۆشی هۆڵەندی" نەبێتەوە چ کوردستان و چ عێراق.
6.سوود لە گشت موشتەقاتەکانی نەوت وەربگیرێت و، بۆ پەرەپێدانی ئابووری عێراق و کوردستان بەکاربهێنرێت.
7.جارێکی دیکە نەوت نەبێتەوە هۆی ماڵوێرانی و سەرگەردانی گەلانی عێراق و، بۆ مەبەستی تایەفەیەک یا نەتەوەیەکی دیاریکراو بەکارنەهێنرێت.
8.ژمارەیەکی زۆر پاڵاوگەی دیکەی نەوت دابمەزرێت لە عێراق بەتایبەت هەرێمی کوردستان، چونکە نرخی نەوت و موشتەقاتەکانی بەراورد بەوەی عێراق لەسەر دەریای نەوتە، نرخی بەرزە.
9.ئەگەرچی زۆرینەی وڵاتە نەوتییەکان 95%ی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن، بەڵام باشترە کوردستان و عێراق ئەزموون لەو وڵاتە وەربگرن و بە داهاتی نەوت بایەخ بە کەرتەکانی دیکەی ئابووری وەک گەشتیاری، کشتوکاڵ، پیشەسازی گۆڕانکاری...هتد بدەن، تا لە ئەگەری کەمبوونەوەی نەوت و دابەزینی نرخدا قەرەبووی بکەنەوە.
10.پێویستە بە داهاتی نەوت ژێرخانی ئابووری پتەو بکرێت و سەدان کارگە دابمەزرێت بۆئەوی چیتر خواردن و کەرەستەی لە رادەبەدەر هاوردە نەکرێت، ئەوەش وایکردووە بەرهەمهێنەری ناوخۆیی نەتوانێت بەرهەمهێنان بکات و بەرەو کەرتی بازرگانی بڕوات، دواجار وڵاتێکی بەکاربەر بێتە کایەوە.

11.هەردو حكومەتی كوردستان و عێراق لەسەر گرێبەستەكان رێكبكەون و، چیتر كێشە دروست نەكەن و هاولاتی باجەكەی بدات، كە هەمیشە لەسەر نەوت هاوولاتیانی كوردستان باجەكەیان داوەو و قوربانی سەرەكی بوونە.
12.بە زوورترین كات یاسای نەوت و غازی عێراق لە ئەنجومەنی نوێنەران پەسند بكرێت، كە خواستی هەموو پێكهاتەكان فەراهەم بكات و لەژێر رۆشنایی دەستووری عێراقی دابرێژرێتەوە كە چەندین ساڵە بە هۆی ناكۆی لایەنە عێراقییەكان پەسەند ناكرێت.
13.لە هەموو كێڵگە نەوتییەكاندا بەوانەی دۆزراونەتەوە یان خەریكی دۆزینەوەن، بەرهەمهێنانی نەوت نەكرێت و رێژەیەكی كەمی لێبەرهەم بهێنرێت كە ببێتە مایەی پڕكردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەكان، ئەوەی دیكە بودجەی عێراقی پێ دابین بكرێت.
14.پێویستە كوردستان سوود لە ئەزموونی باشووری سوودان وەربگرێت و، بەوپەڕی دووربینییەوە بڕیار لەسەر گرێبەستە نەوتییەكان بدات، جۆرەكەشی هەمەچەشن بكات نەك تەنها یەك جۆری گرێبەست بە دوانوستاندن واژوو بكات.

**سەرچاوەكان**

1. سیروان ئەبوبەكر عەزیز، ساڵیانەی نەوت وغاز لە هەرێمی كوردستان- عێراق 2009، چاپخانەی ئاراس هەولێر، ساڵی 2009.
2. د.عبدالرحمن عبدالسلام جامل، طرق التدريس العامة ومهارات تنفيذ وتخطيط عملية التدريس، طبعة دار المناهج الاردن للنشر والتوزيع.
3. د.عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای ئابوری، نەوت لە كوردستاندا، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی دووەم سلێمانی ، ساڵی 2002.

4. د.محمد رؤوف سعيد، احتياطيات النفط والكأفات المتجددة، مجلة االاقتصاد السياسي، عدد 17، سنة 2007

5. اسماعيل مجيد اسماعيل، لعنة النفط الاقتصاد السياسي للدولة الريعية التجربة العراقية نموذجا، مجلة االاقتصاد السياسى، عدد 25، سنه 2009.

6. د.محمد أزهر سعيد السماك، الاقتصاد والنفط والسياسات النفطية، سنة 1987.

7. د. سەلاحەدین عوسمان پیرەبابی، کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهانیدا، رۆژنامەی خەبات، ژمارە4152, ساڵی 2012/9/10.

8. د. بەختیار سابیر، سیاسەتێکی سەرکەوتوو لە بواری وزەدا، رۆژنامەی خەبات، ژمارە4149, ساڵی 2012/9/5.

9.د. دلێر حەقی ئسماعیل شاوەیش، واژووکردنی گرێبەست نەوتیەکانی کوردستان بیرکردنەوەیە لە نەوەی ئێستاو داهاتوو، رۆژنامەی خەبات، ژمارە4157، ساڵی 2012/9/17.

10. The OIL & GAZ Industry , The PRODUCT part 1, Thomson Reuters Foundation, seminart –Erbil, 2010.

11.The OIL & GAZ Industry, The PRODUCT part 2, Thomson Reuters Foundation, seminart –Erbil, 2010.

12.ECONOMIC RISKS, Thomson Reuters Foundation, seminar, 2010.

13. The Players & the Game, Thomson Reuters Foundation, seminar, 2010.

سەرنج//

ئەو بابەتە پوختەی ئەو بابەتانەی خوارەوەیە کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوبۆتەوە:

1. زێڕی رەش هەرێمی کوردستان بەرەو کوێ دەبات؟، رۆژنامەی خەبات، ژمارە4137، 2012/8/13.

2. نەوت دەتوانێت کوردستان لە دەوڵەتبوون نزیک بکاتەوە؟، گۆڤاری تاوی کۆمەڵایەتی، ژمارە(44)، شوباتی 2013.

3.نەوت رایەڵەی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانە، رۆژنامەی خەبات، ژمارە(4113) 2012/12/10.

4.نەوتی کوردی، لۆتۆی تورکی، رۆژنامەی خەبات، شوباتی 2014.

5.هۆکاری ئابووری لە پشت پێکەوەژیانی کوردو عەرەبەوەیە، گۆڤاری تاوی کۆمەڵایەتی،ژمارەکانی(60-61) لە تەموزو ئابی 2014.

6.ئەزموونی وەبەرهێنانی نەوت و دوورکەوتنەوە لە نەخۆشی هۆڵندی، رۆژنامەی بازاڕ، ژمارە(72) 2012/1/2.

7. کاریگەرییەکانی نەوت لەسەر ئابووری کوردستان، ژمارە(34)ی هاوینی 2013 گۆڤاری( ئابووری سیاسی).

## داهاتی نەوتی عێراق و بەکارهێنانی لە خزمەتی سەربازیدا

هەرچەندە نەوت رۆڵی گرنگی لە دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و مانەوەی تا ئێستا بەیەکپارچەیی بینیوە، بەڵام ئایا لە ئایندەدا ئەم سیاسەتە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە بە جێگیری دەمێنێتەوە؟ یان گۆڕانکاری بەسەردادێت کە تیایدا گەلانی عێراق بە ئایین و مەزهەب و نەتەوە جیاوازەکان لە ژێر یەک ئالادا بژین، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی سەرچاوەی سروشتی بەتایبەت نەوت لە خاکی عێراق خاڵی بەهێزو نهێنی پشت بە هێزبوون و مانەوەی دەسەلاتدارانی عێراق بووە بەتایبەت لە دوای هاتنەسەر کورسی سەدام حسێن، بەڵام لەمڕۆی جیهانگیری و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا، ئەوە باوی نەماوە، نەمازە لە دوای بەهاری عەرەبیدا کە سیستەمە کۆمارییە دیکتاتۆرەکانی سەرلەبەری هەڵوەشاندەوەو واقیعی سیاسی نێودەوڵەتیش هاوئاهەنگ نییە بۆ بەردەوامبونی دەسەلاتداران بەهۆی بوونی کانزای سروشتی وەک نەوت، بۆیە هەر کەسێک یان سەرکردەیەکی هەر ولاتێک خەون بەوە ببینێت دەتوانێت سەرکەوتوو بێت ئەوا مەحاڵە، هەروەک چۆن لە دوای 2005ەوە زۆر سەرکردەی هێزی سیاسی لە سەر کورسی سەرۆک وەزیران خەون بەوە دەبینێت، هیچ لە هەنگاوەکان تەنانەت بە خەونیش بۆیان نەهاتەدی و ناتوانن پێگەی سیاسی و پارتەکەیان لە نێو شیعە و سونەکان بەهێز بکەن بۆ لێدانی کورد.. ئەمجارە نەوت نەک نابێتە هۆی بەهێزبونی، بەڵکو دەبێتە

هـۆی کەوتنـــی، ئەمەش دەبێــتە پەنــد بــۆ هەمــوو ســـەرکردە عەرەبەکان بە شیعە و سوونەوە کە نابێت هیچی دیکە داهاتی نەوت بۆ شەڕی ناوخۆیی و پڕچەککردنی سوپا خەرج بکەن.
لە سەرەتاکانی هەڵگیرساندنی شەڕی عێراق - ئێران تا دەگاتە ســـاڵی 2003 و کەوتنـــی بەعـــس کەرتـــی پیشەســـازی نەوت هۆکـارێکی سـەرەکی بـووە لە پاشخسـتنی کەرتە ئابووریەکـانی دیکە و بە خراپترین دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و رۆشنبیری دادەنرێت لە مێژووی عێراقدا، بەوەی رێژەیەکی زۆری داهاتی نەوت بۆ بواری سەربازی خەرج دەکرا لەپێنـاو بەردەوامـی و مـانەوەی لە دەسـەڵات، لەوکـاتەدا عێـراق بووە یەکێک لە گەورەترین وڵات لە هاوردەکردن و کڕینی چەک و بــودجەیەکی زەبەلاحــی بــۆ دروســتکردنی چەکــی ئەتــۆم و کیمیـاوی تەرخـان کردبـوو، ئەمەش قورسـایی زۆری خسـتبووە ســـەر ئاســـتی گـــوزەرانی هاوڵاتیـــان لەســـەر حســـابی داهـــاتی نەتەوەیی و کـاریگەری و شـوێنەواری نەرێنـی لەسـەر ئـابووری عێـراق دانـا، ئەمە جـگە لەوەی لە کـاتی شـەڕدا هەنـاردەکردنی نەوت بـۆ دەرەوە بەشـێوەیەکی بەشـەکی راوەسـتاو کـاریگەری خستەسـەر داهـاتی نەوت لە سـاڵی 1980 زیـاتر لە 26 ملیـار دۆلار لە کەمیدا، بەڵام ساڵی پاشتر بۆ 10 ملیار دۆلار کەمـی کرد، بەمشێوەیە حکومەت داهاتی وڵاتێکی نەوتـی گواسـتەوە بۆ خەرجییەکـانی شـەڕ، تەنهـا لە سـاڵی 1980 زیـاتر لە 20 ملیـار دۆلاری لە داهاتی نەتەوەیی کە نزیکەی 40%ی بودجەی عێراق بوو بۆ شەڕ خەرجی کردوە، لەکاتێکدا کۆی گشتی داهاتی نەوت

48 ملیار دۆلار بووە، لەنێوان ساڵانی 1981 تا 1985 زیاتر لە 120 ملیار دۆلاری بۆ بواری سەربازی خەرج کردووە کە بە ڕێژەی 245% زیادی کردووە. هەرچەندە بە هۆی گرژییەکانی ئەوسای لەگەڵ سوریا هەندێ لە هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت راگیران، بۆیە لەگەڵ کەمبوونەوەی هەناردەکردنی نەوت، ئەوا خەرجییە سەربازییەکانی رووی لە هەڵکشان کرد، ئەمەش وایکرد بە ناچاری دەستی بە قەرزی دەرەکی کرد، بە زۆر پارەی بە ناوی بەخشین بۆ جەنگ لە هاوڵاتیان دەسەند، عێراقی لە دەوڵەتێکی زێدە دارایی بە 36 ملیار دۆلار بۆ دەوڵەتێکی کورتهێنەری دارایی بە سەدان ملیار دۆلار برد، دوای جەنگەکەش هەر شوێنەوارە خراپەکانی چارە نەکراو پاشان جەنگی کەنداوی دووەم هەڵگیرسا، بە هۆی کڕینی چەکی قورس و تەرخانکردنی ڕێژەیەکی زۆر لە داهاتی عێراق بۆ سوپا، دوای 2005یش زۆرینەی سەرۆک وەزیرەکانی هاوشێوەی(جەعفەری، مالیکی، عەبادی) وەک فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق رێچکەی سەدامیان گرت، ماوە ماوەش قەیرانێک دەهێننە کایەوەو بە لۆژیک ناتوانن چارەی کێشەکان بکەن، دەیانەوێت بەو سوپا شکست خواردووە خۆیان تاقی بکەنەوە لەسەر کورد، ئەوەش لە لەشکرکێشییەکانیان بۆ کوردستان لە باسکی موسڵە و تا دەگاتە باسکی خانەقین و کەرکوک بیگرە تا دەگاتە دوا نووسراوی فەرمی لەبارەی شەڕ فرۆشتنی بە هەرێم لە ڕێگرتنی ئۆتۆمبێلی هەر سێ شارەکەی کوردستان بۆ بەغدا و پاشان دوای تەواوبوونی جەنگی داعش و

سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕەکەدا دیسان لەشکرکێشییەکانیان دەستپێکردەوە بە ئاگاداری وڵاتانی زلهێز لە ڕێگەی حەشدی شەعبیەوە هاتن ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان دووبارە داگیرکردەوەو دەستیانگرتەوە بەسەر ناوچە نەوتییەکانیانەوە.
لە ساڵی 1990 تا 1995 نەوت بە کەمی لەلایەن عێراقەوە هەناردەی دەرەوە دەکرا، بەڵام دوای بڕیاری 986 و بە بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک ناسراو لە ساڵی 1996 جێبەجێکرا نەوت بە شێوەیەک هەناردە دەکرا، کە بژێوی خەڵکی پێ فەراهەم بکرێت و پێداویستی تەندروستی و پەروەردەشی لەگەڵ دابین دەکرا. کەچی لە ساڵانی سەرەتای هەشتاکانەوە ڕۆژانە سێ ملیۆن و 200 هەزار بەرمیل هەناردەی دەرەوە دەکرا بە نرخی 35 دۆلار، دواتر کەمی کرد، کەچی لە ساڵی 2012دا دوو ملیۆن و 900 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بە نرخی 90 دۆلار هەناردەی دەرەوە دەکرا، ئەگەرچی نرخی هەر بەرمیلێک نەوت ببوە سێ بەرامبەر، بەڵام قەبارەی هەناردەکردن نەگەیشتۆتە ساڵانی سەرەتای هەشتاکان کە 300 هەزار بەرمیل لە کورتی داوە، لە ساڵانی 1980 تا 1990 عێراق نزیکەی دووسەد ملیار دۆلاری بۆ کڕینی چەک تەرخان کردووە، لەکاتێکدا لە سەرتای ساڵانی 1931وە تا 1990 کۆی داهاتی نەوتی عێراق 196 ملیار دۆلار بووە، کەوایە کۆی خەرجییەکانی جەنگی عێراق زۆر زیاتر بووە لە ماوەی 10 ساڵدا بەراورد بە کۆی داهاتی 60 ساڵی نەوت، ئەوەش لەسەر حسابی کەرتەکانی

دیکەو وەبەرهێنـان بـووە، بەتـایبەت کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و سەرمایەیی مرۆیی، دوای سـاڵانی2005یش بە هـەمان شـێوەیە دەیان گرێبەستی چەککڕین واژووکراوە لەگەڵ وڵاتانی جیهان کە دیارترینیان بە بڕی 165ملیار دۆلار بوو کە بە شـێوەی قیسـت دەدرێت بە کۆمپانیاکانی رووسیاو ئەمەریکا کە نزیکەی بودجەی دوو سـاڵی عێراقە، سـەدام رێـژەی بەرهەمێنـانی بەهـۆی بەزۆر سـەربازکردن کەمکـردەوە زۆریـنەی گەنجـانی بەرەو سەنگەرەکانی شـەڕ دەبرد، کەرتـی بەرهەمێنانی ئیفلیج کرد، بە مەزەندەی پسـپۆڕان زیانەکانی داهـاتی نەتەوەیـی زیـاتر لە 400 ملیار دۆلار بووە، داهاتی نەوتی عێراق لە ساڵی 1980 زیاتر لە 26 ملیار دۆلار بـووە، کەچـی سـاڵی 1985 دابەزیـوە بە رێژەی 52% و 1986 بـۆ 73% کەمـی کەمـی کـردووە، پـاش ئەوەی عێـراق کـوێتی داگیرکـردو ئەو وڵاتەی وێـران کـرد، لە سـاڵی 1996 بەدواوە داهاتی نەوتی عێراق لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو، بەشێکی بۆ خۆراکی عێراقییەکان ئەوەی دیکە بۆ قەرەبووکردنەوەی کوێت تەرخـان دەکرا کە تـا ئێسـتاش ئەو قەرەبووە بەردەوامە کە ساڵانە دەبێت 5% بوودجەی عێراق بۆ کوێت بڕوات.

لە ساڵانی 1990-1995 حکومەتی عێراق تووشی کورتهێنانی دارایی بووەوە بە بڕی 600 ملیۆن دینار، بۆیە دراوێکی تـازەی دەرکردو بازاڕی رووبەروی قەیرانێکی گەورەی هەڵاوسانی نرخ کـردەوە کە پێشـوو لە سـاڵانی 1980 تـا 1990 تێکـڕای هەڵاوسـان 12% بـوو کەچـی لە 1990 تـا 1995 بـۆ 251%

بەرز بووەوەو تەنها لە ساڵی 1995 تێکڕای هەڵاوسان گەیشتە 4320%، ڕێژەی خاپووربوونی عێراق گەیشتە 77%، تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکان لە ریزبەندی 174 وڵاتدا لە گەشەپێدانی مرۆیی عێراق 107 مین وڵاتی داناوە، عێراق لە ئێستا یەکێکە لە وڵاتە گەندەڵەکان و هەموو جومگەیەکی ئەو وڵاتەی گرتۆتەوەو وڵاتێکی شکستخواردووە، نەبوونی سەقامگیری ئاسایش و ئارامی وایکردووە ئابوورییەکەی لە وەبەرهێنان لەپاشەکشەدا بێت لە دوای 2003شەوە پێشکەوتنی بەخۆوە نەبینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵ بە ساڵ ڕێژەی خەرجییەکان بۆ هێزەکان لەزیادبووندایە لە ساڵی 2004 بڕی پێنج ملیار دۆلار بووەو تا ساڵی 2008 بۆتە 9 ملیار دۆلارو ساڵی 2012 بۆتە 17ملیار دۆلار، قەرزەکانی عێراق ساڵ بە ساڵ بەرەو سەرەوە دەچن، ئەمە جگە لە قەرەبووی شەڕی کەنداو بۆ کوێت، کە هەندێک پێیانوایە 44 ملیار دۆلارە، لە ساڵی 2006وە تا 2011 زیاتر لە 64 ملیار دۆلار خەرجی هێزە چەکدارەکان بووە، کەچی لە ساڵی 2003 تا 2008 داهاتی نەوتی عێراق زیاتر لە 150 ملیار دۆلار بووە هاوکات بەهۆی کردەی تیرۆریستییە و عێراق بە ملیارەها دۆلار زیانی بەرکەوتووە لە تەقاندنەوەی بۆڕی و پاڵاوگەکان و جگە لە دزینی بە نهێنی لە خوارووی عێراق، لە سەردەمی سەدام حسێن ژمێرێکی تایبەتی بانکی لە دەرەوە هەبووە کە 5%ی دەڕۆیشتە ناویەوە تا ساڵی 1989 بۆتە 10 ملیار دۆلار بۆ سوودوەرگرتنی لە کاتی نائاسایی و کودەتا لە وڵاتدا.

ئەو بودجە زۆرەی لە بواری ئاسایش و بەرگری و سوپاو چەک خەرج دەکرێت، هاوکات بڕی 18 ملیار دۆلار لە ساڵی 2013 و زیاتر لە 17 ملیار دۆلار لە ساڵی 2012 و بڕی زیاتر لە 17 ملیارو 200 ملیۆن دۆلار لە ساڵی 2011 و زیاترو لە سالآنی 2014شەوە ئەو ڕێژەیە زۆر زۆر زیادی کرد بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی جەنگی دژ بە داعش، ئەمە جگە لەوەی خەرجییەکانی سیادیش بۆی تەرخان دەکرێت و لە زیادەی نەوت و بودجەی بەکاربردنی وەزارتەکانیش کەم دەکرێتەوە یان بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان خەرج ناکرێت و دەخرێتە سەر خەرجییەکانی سوپا، هەموو ئەوانە بایەخدانی عێراقە بۆ لایەنی سەربازی لەکاتێکدا لە رووی ئابوورییەوە کەوتۆتە جەنگەڵستانی هەڵاوسانی نرخ و قەرزێکی زۆری دەرەکی جەنگەکانی پێشووی سەدام و ئاستی خزمەتگوزاری لەوپەڕی خراپیدایە و، گوزەرانی هاوڵاتی باش نییە و ڕێژەی بێکاری 23% و ڕێژەی نەخوێندەواری بەرزەو ڕێگەوبانەکان خراپ و بەرهەمی ناوخۆیی لە سالآنی سەردەمی جەنگەکانی سەدام و پێش رووخانی هێشتا باشتر بوو.

***لە رۆژنامەی (خەبات) لە رۆژانی 11-2012/2/12 بڵاوبۆتەوە.**

## ئابووری مەعریفی لە پۆست کۆرۆنادا

لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، سەرباری پاکتاوی نەژادی نەتەوەیی، ئەوا تیرۆری ئابووری هەموو ناوچەکان بە بێ جیاوازی کراوە، بە داخەوە لە ماوەی زیاتر لە چارەگە سەدەیەکیشە هەم ناوەندی بڕیار لە هەرێمی کوردستان و هەمیش تاکی کورد، بەشێوەیەکی خۆنەویستانە هەنگاویان هاوێشتووە بۆ تیرۆری ئابووری کوردستان، بە جۆرێک هەنگاوی کرداری نەنراوە بۆ جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی لە گەشەپێدانی کەرتە ئابوورییە چالاکەکان کە دەبنە بنەمایەکی بەهێز بۆ ژێرخانێکی ئابووری پتەو، تا کوردستانێکی بەهێزی لێ بێبتەبەرهەم، کەچی بێئاگایانە ئیش لەسەر ئابووری بەرخۆر کراوەو کۆمەڵگای کوردی لە کۆمەڵگای بەرهەمهێنەوە بەرەو کۆمەڵگای بەکاربەر بردووەو کردویانەتە میوانی هەمیشەیی خوانی رازاوەی بەرهەمی هاوردەکاری بیانی، ئەمەش یا لە نەزانییەوە بوە، یا بەمەبەست کراوە، میدیای هەرێمی کوردستان بە هەموو جۆرەکانیشەوە کراوەتە ئامرازێکی ساکار و کاریگەر بۆ بە کلتوورکردنی بەکارهێنانی کاڵاو بەرهەمی بیانی.

بۆیە دەبێت دوای قۆناغی پۆست کۆرۆنا، کار لەسەر پێداچوونەوە بە هۆشیاری ئابووری تاک– خەڵک، دواتر هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی بکرێت، بە جۆرێک ئیتر واز لە قۆناغی چالاکییە ئابووریە کلاسیکییەکان بهێنین و هەنگاو بهاوێژرێ بۆ ئابووریەکی تازە، ئابووری مەعریفی(Knowledge Economy)

پشت بەستوو بە (تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاری، پەروەردە، توێژینەوەی زانستی) تا مەعریفەو زانست هاندەرو بزوێنەری گەشەی کەرتە ئابوورییەکان بێت، واتە ئەفراندن و داهێنانی زانستی ببێتە هۆی ئەنجامدانی چالاکییەکانی بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزاری،نەوەک سەرمایەیی سروشتی، سەرەنجام هیچ کات دۆش دانامێنین لە پێشهات و قەیرانە ئابووری و دارایی و سیاسییەکان، بە جۆرێک رزگار دەبین لە هەژاری خراپ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان لە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی، بە تایبەت لە خراپ بەڕێوەبردنی کەرتە ئابوورییەکان و دارِشتنی نەخشەڕێگای گەشەی ئابووری هەرێمی کوردستان، واتە ئەگەر قۆناغی دوای کۆڕۆنا کار لەسەر ئابووری مەعریفی بکەین، دەبێتە هۆی ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا زێدەخەرجی لە حکومەت نەهێڵدرێت و فرە سەرچاوەی داهاتیش ببێتە هەنگاوی کرداری، ئاکامی ئەمەش دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی کلتووری گەندەڵی لەسەر ئاستی تاک و دامەزراوەکان، چونکە لە سەردەمی پێش کۆڕۆنا هەرێمی کوردستان کێشەی سەرمایەی سروشتی نەبووە، بەڵکو کێشەی سەرمایەی مرۆیی هەبووە لە خراپ بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی سەرمایەی سروشتیدا.

# هۆشمەند رەفیق ئیبراهیم



- له 22ی ئابی 1979 له گوندی بیستانەی گەورە- پارێزگای هەولێر له دایک بووه.
- له سالانی 2004-2008 نوێنەری قوتابیانی زانکۆکانی (سەلاحەدین- هەولێر، هەولێری پزیشکی)بووه.
- سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نوسینی ژمارەیەک رۆژنامەو گۆڤار بووەو خاوەنی دەیان وتارو شیکاری ئابوورییە.
- نوسەری ژمارەیەک کتێب و نامیلەکەیە:

1. نامیلکەی ( بە جیهانیکردن) له ساڵی 2005.
2. کتێبی (ئازادی رۆحی زانکۆیە) له ساڵی 2005.
3. نامیلکەی (رۆژی شەهیدی زانکۆیی) 2013.
4. کتێبی (رۆژی ئالای کوردستان) له ساڵی 2019.
5. کتێبی ( پ.د.احمد انور دزەیی، قوتابییەکی ژیر، مامۆستایەکی پەروەردەیی لێهاتوو، سەرکردەیەکی ئەکادیمی سەرکەوتوو) له ساڵی 2020.
6. کتێبی شیعری(فرمێسکی زووخاو)ی رەفیق ئیبراهیم بیستانەیی(هۆشکار)، له ساڵی 2020.
7. کتێبی( زانکۆ و کۆمەڵگای مەدەنی) له ساڵی 2020.